گەلاوێژی نوێ

ژمارە (30)
نەجلولی 2002

گۆڤارێکی نەدەبی و رووناکبیریی بنکەی نەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژە

عباس عبدالرزاق

محەمەد حەمە باقی

سەحەر رەسایی



عەبدولموتەلیب عەبدوللا



- دەقەکانی شەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ
- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئەحمەدی مەلادا
- بۆشاییەکانی گەلاوێژی نوێ
- چەند دیمەنێک
- تێڕوانین و وردبوونەوە

محەمەد حەمە باقی	
خوێندنەوەیەکی تازەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی	١٢٢
فوئاد رەشید	
نووسەر و کێشەی ناسنامەی دەق	١٤١
محەمەد کوردۆ	
گەڕان بەدوای جیاوازیدا	١٥٢
کەمال غەمبار	
شانامەی هاروون ئەلڕەشید	١٦٢
د. مستەفا زەنگەنە	
وشە رەنگینەکانی	١٧٧
د. کەمال مەعروف	
چەمکی نامۆبوون	١٨٨
مەلا بەختیار	
ئازادی عەقڵ و سەرخستنی دیموکراسی	٢٠٧
محەمەد سالار عەلی	
ئازادی و دیموکراسی	٢٢٧
کامیل قەرەداغی	
ئاوەزو ڕەوای دەسەلات	٢٥٢
عەبدوڵڵا تامیر بەرزنجی	
چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەحمەدی مەلادا	٢٦٨
و/ جەمال جامی	
هاواری سەرەمەرگی زەمەن	٢٧٦
گەلاوێژی نوێ	
چالاکیەکان	٢٨٥
چاپکراوی نوێ	٢٨٧
کۆچی دوایی مامۆستایان ئازاد شەوقی و حەمەسالح گەلاڵی	٢٨٩

پێشەکی

ڕەئوف عوسمان

بەڕێز نوێنەری هەڤاڵ مام جەلال کاك. د. کەمال فوئاد

میوانە دلۆڤانو دڵسۆزەکان، خوشکان برایان، بەخێرهاتنە بان دیدەی هەمیشە گەشی بنکەی ئەدەبیو ڕوناکبیریی گەلاوێژ، کە هیوادارین لەژێر ڕەشمالی وشەی ڕەسەنو بیری نوێو داهێناندا هەستو نەستان ئاسوودەترکەین، بەڕێزینە ئێستاو لەحزووری ئێوەی ئازیزدا جەمیل سائیب بەسەرچڵی ڕووداوێکەوە هەڵگورماوەو پاڵەوانەکانی چی دەکات، ڕەفیق حیلمی مرواریە هەڵوەریوەکانی ئەقڵو ڕۆح کۆدەکاتەوە، ئەحمەدی خانی لەبەر ئاوێنەی هۆنراوەیەکدا کەزێو بسکی خاتوزین شانە ئەکات، ئامادەبوونی هێژا..

ئێمەی ڕوناکبیرو ئەدیب مەگەر هەر خۆمان بزانین کە ئەم قەوارە نەتەوەییەی ئێستامان چ ئەکسیرێکی بەخشیوە بەجەستەی شەکەتی مێژوومان، دیارە ئەم دەسکەوتەش بەری ڕەنجو تەقەللای لەبن نەهاتووی گەلو خوێنی ئاڵی شەهیدانمانە، هەربۆیە بەهەندگرتنی ئەم قەوارەیە ئەرکێکی نەتەوایەتیو نیشتمانی هەموو قەڵەمە دڵسۆزەکانە.

بەڕێزینە دواخستنی فێستیڤاڵ لەبەرهەندێك هۆکاربوو لەسەروو هەمووشیانەوە داوای نووسەرانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتو زۆری بەرهەمەکان، ئەدیبو ڕوناکبیر لەشارەکانی سنەو بانەو سەقزو بۆکانو شنۆو مەهابادو سلێمانیو کەرکوکو هەولێرو دهۆکو ئەڵمانیاو سوید، بەجیاوازی تەمەنو بیرو بابەت، هاوبەشی جیدیانکردووەو بەدەم بانگەوازی بنکەکەمانەوە هاتوون، دیارە ئامادەبوونی ئەم هەموو نووسەرە لەپایتەختی ڕۆشنبیریو لانکی مەردایەتیو شێخ مەحموددا، خۆی لەخۆیدا هەستی یەکپارچەیی کوردستانو پەڕۆشییە بۆ ڕاژەندنی خەمە گەورەکانی ولاتی ماددو بەهاکانی ئازادی بیر، نەك هەر ئەمەش بەڵکو وەستانەوەیەکی هۆشیارانەیە بەرامبەر بەو چەقۆ ژەنگاویانەی کە بەفیتی بێگانە دەیانەوێت جەستەی مێژووی هاوچەرخمان خڵتانی خوێن بکەنو بەرەنگاری تیشکی خۆرو تەوژمی روباری مەدەنیەت ببنەوە.

بەڕێزان لەم فێستیڤاڵەماندا جارێکی دی وشە باڵ نەخشینەکان ئەدەن لەشەقەی باڵو ڕووەو سایەقەی سامالی داهێنان باڵ تیژانە ڕەو دەکەن، دیارە چەندان شاعیرو نووسەرو ناوی تازە پەیامی داهێنانەکانیان ڕادەگەێنو کەسایەتی ئەدەبیان پێ دەدرەوشێتەوەو ئاشناترەبن بە جەماوەری پەڕۆشی ئەدەبو شبعرو ڕوناکبیریی.

ئازیزان لیژنەی بالای فێستڤاڵ بەهەوڵو ماندووبوون پلانی وردی رەنگ رشتوە بۆ نرخاندنی بەرهەمەکانو سێ لیژنەی پسپۆڕو لێهاتووی دەست نیشان کردووە بەپێی رێوشوێنی گونجاو، تەنانەت بێئەوەی ئەندامانی لێژنەکانیش تادوای تەواوکردنی کارەکە یەکتری بناسن، ئەمە جگە لەوە کە ناوی نووسەر لەسەر بابەتەکە لابراوەو ژمارەی نهێنیو تایبەتی بۆ دانراوەو بەوپەڕی سەربەستی بیرو بۆچوونی جیاجیا لیژنەکان کارەکانیان ئەنجام داوە، هەربۆیە داوا لەهاوبەشیکەران دەکەم کە بەدڵێکی فراوانو بڕوایەکی پتەو بە پێشبڕکێ کە ئەنجامەکان وەربگرنو دڵنیابن لەدەستێوەردانی کەسو بێگەردی کارەکە، جێگای خۆشیەتی کە پیرۆزبایی لەسەرکەوتووەکان بکەمو بڵێم کە ئەم فێستیڤاڵە ویستگەیەکی تایبەتمەندی دنیای داهێنانەو دەشێت دەیان تاقیکردنەوەی تریان لەبەردەمدا بێتو ناشکرێ پشتی لێبکەنەوەو ئەمە بەدوا قۆناغی داهێنان بزانن، نابێت ئەو ئەدیبو شاعیرانەی کە خەڵاتی فێستیڤاڵیان نەبردۆتەوە رەش بین بن بەرامبەر بە بەهرەکانیان، چونکە ژیان زۆری بەدەمەوە ماوەو هیچ سەرکەوتنێکیش بەبێ ئارەقەو ماندووبوون نایەتەبەر. دیارە ئاواتە گەشەکانی ئێمەو فێستیڤاڵیش بەرەو پێشبردنی دنیای داهێنانەو گەیاندنی کاروانی ئەدەبی کوردییە لەناوچەیەتیەوە بۆ بازنەیەکی فراوانترو تەنانەت ئەگەر بشکرێت جیهانی، کە ئەوەش دەبێت هەر بەتەنیا ئازارو ستەمە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیو داستانە کەم وێنەکانی پێشمەرگەکانمان هەوێنی ئەو بەرهەمە گەورانە بن، واتە لەم پەنجەرەیەوە دەتوانرێت ئەدەبی کوردی هاوچەرخ بەگەلانی دراوسێو جیهان بناسرێتو ببێتە فاکتەرێکی کارا بۆ بەرەو پێش بردنی کێشەی رەوای گەلەکەمان، جێی خۆیەتی کە لەبەردەم ئێوەی ئازیزیشدا سوپاسو پێزانینم دووبارەبکەمەوە بۆ کاك شۆڕش محمد رەشید لەسوید کە ئەمە سێ ساڵە هەر ساڵەی (٥٠) هەزار دینار پێشکەش بەفێستیڤاڵ دەکات، با ئەوەش نەبوترم کە دەبێت سەری رێزو وەفا بۆ سێ ئەندامی دڵسۆزو خاوەن قەڵەم و هەڵوێستی بنکەی گەلاوێژ دانەوێنم کە ئەوانیش خوالێخۆشبووان ع.ح. ب و رەئوف ئالانیو ئومێد ئاشنان.

ئێمە بەپەرۆشەوە دەخوازین کە هەوری ئازادی عەقڵو نووری تەباییو ئاشتبوونەوەی گشتیو یەک حکوومەتی بەخوڕ داکاتە سەر باخچەی تینووی دڵمانو زەردەخەنەی تەریو بگەڕێتەوە سەرلێوی کوردستانو گیانی نەمرو پڕ میهری شەهیدانیش ئاسوودەترکەین. بەو هیوایەی کە لەم قەڵەمڕەوە چاو نەترسو بوێرەدا جارێکی دی بەهرە بەدرشتو نەوازەکانی کوردستانی باشوورو خۆرهەڵات بانگهێشت بۆ دنیایەك بکەن کە مژدەی داهێنانو جوانیو کۆمەڵگەی مەدەنیمان بۆ دێنێ.

تێبینی: ئەمە وتاری سەرۆکی بنکەی ئەدەبیو رووناکبیریی گەلاوێژە لەشەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا.

راپۆرتێک دەربارەی شەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ

ئازادی عەقڵ

گەوهەری رۆشنگەرییە

ئامادەکردنی سەلاح محەمەد

بەم دروشمەو لەکەشوهەوایەکی ئازاددا کەرنەڤاڵی شەشەمین فێستیڤاڵی سالانەی بنکەی ئەدەبیو رووناکبیریی گەلاوێژ لە رۆژانی ١٥-٢٠/ئایاری/٢٠٠٢دا دەستپێکرد، ئەم فێستیڤاڵە چەندین لەشاعیرانو نووسەرانی کوردستانی رۆژهەلاتو دەرەوەو کەرکوکو هەولێرو سلێمانیو بەغداد بەشداربیان تێداکرد.

بەرنامەی کاری رۆژانەی فێستیڤاڵەکە کات ١٠ی بەیانی رۆژی ٢٠٠٢/٥/١٥ بەمشێوەیەی لای خوارەوە ئەنجامدرا.

*ئاهەنگی کردنەوەی فێستیڤاڵ.

*وتاری سەرپەرشتیاری گشتی فێستیڤاڵ لەلایەن بەڕێز (مەلا بەختیار)ەوە.

*وتاری بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ لەلایەن بەڕێز (رەئوف عوسمان)ەوە.

*بەڕێز د. کەمال فوئاد نوێنەری بەڕێز مام جەلال وتارێکی خوێندەوە.

*بروسکەی پیرۆزبایی:

چەندین بروسکەی پیرۆزبایی گەیشتە دەست لیژنەی ئامادەکاری فێستیڤاڵ ئەمەش ناوی ئەو لایەن و کەسایەتییە بەڕێزانەیە کە بروسکەیان بۆ ناردین.

بروسکەی بەڕێز د. بەرهەم ئەحمەد سالح سەرۆکوەزیرانی هەرێم.

بروسکەی بەڕێز ئازاد جندیانی لێپرسراوی ناوەندی راگەیاندنی (ی.ن.ک).

بروسکەی بەڕێز فەتاح زاخۆیی وەزیری روناکبیری.

٤- بروسکەی بەڕێز حاکم قادر سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی.

٥-بروسکەی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی.

٦-بروسکەی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی دهۆك.

٧-بروسکەی مەکتەبی سکرتاریەتی رێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان.

٨-بروسکەی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی.

٩-بروسکەی مەڵبەندی رێکخستنی (٤)ی بادینان.

١٠-بروسکەی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی.

١١-بروسکەی یەکێتی ژنانی کوردستان.

١٢-بروسکەی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان.

١٣-بروسکەی کۆمەڵەی رۆژنامەڵبەندی گشتی سلێمانی.

١٤-بروسکەی بنەماڵەی شەهیدی نووسەرو رۆژنامەنووس (حەیدەر سالح بابان).

١٥-بروسکەی گۆڤاری کریڤ.

١٦-بروسکەی ناوەندی روناکبیریی و کۆمەڵایەتی موسڵ.

١٧-بروسکەی کۆلێژی پزیشکی ددان، زانکۆی سلێمانی.

١٨-بروسکەی مەکتەبی سکرتاریەتی رێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان سەنتەری سلێمانی.

١٩-بروسکەیەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان.

لـەدوای ئـەم مەراسـیمە یەکـەمین دیـداری فێستیڤاڵەکە کە تایبەت بوو بەشیعر بەناوی (دیداری ع.ع.شەوقی) بۆ شیعر سازکرا کـە تیایـا چـەندین شاعیری میوان و بەشداربوو شیعری خۆیانیان تێدا خوێندەوە کە بریتیبوون لەم شاعیرە بەڕێزانە

١-قوبادی جەلی زادە
٢-دڵشاد عەبدوڵڵا
٣-ناهید حوسێنی
٤-دایکی دالیا
٥-عیرفان ئەحمەد
٦-سۆزان مامە
٧-عەبدوڵڵا ئەحمەد

ئـەم کـۆڕە لەلایـەن شاعیرو چـیرۆکنووس خـاتوو (ئەرخەوان)ەوە بەڕێوەچوو.

هەمان رۆژ کات ٤ی پاشنیوەڕۆ، لە هۆڵی سلێمانی دووەمین دیداری ع.ع.شەوقی بـۆ شیعر دەستپێکرد کە ئەم شاعیرە بەڕێزانە بەشداریان تێداکرد.

١-محەمەد ئیبراهیم حەمۆ
٢-د.عارف حیتۆ
٣- هەمزە گوڵانی
٤-رۆژ هەڵەبجەیی
٥-موحسین قوچان
٦-موحسین ئاوارە
٧-ئیدریس عەلی

ئـەم کـۆڕە لەلایـەن شاعیرو چـیرۆکنووس خـاتوو (ئەرخەوان)ەوە بەڕێوەچوو.

١-عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا
٢-ئیسـماعیل ئیسـماعیل زادە کەبـەهۆی ئامادەنەبوونیـەوە شـاعیر ئامـانج شـیعرەکەی بۆخوێندەوە
٣-دڵزار حەسەن
٤-رەزای عـەلی پـوور کەلـەبری ئـەم شـاعیرە هونەرمەندە گۆران عەلی شیعرەکەی خوێندەوە
٥-میوان د.نەجم ئەڵوەنی
٦-شێخ صدیق
٧-عەبدولرەحمان عەلی
٨-محەمەد ئەحمەد سامان
٩-شێروان حەیدەری

ئـەم کـۆڕە لەلایـەن شـاعیر (سـەلاح محەمـەد)ەوە بەڕێوەچوو.

هـەمان رۆژ ٢٠٠٢/٥/١٦ کـات ٤ی پاشـنیوەڕۆ هـەر لەهۆڵی دیالۆگ یەکەم دیداری چیرۆک (دیداری حسین عارف بۆ چیرۆک) دەستپێکرد کـە دوو چـیرۆکی تیـا خوێندرایەوە.

رۆژی پێنج شەممە، ٢٠٠٢/٥/١٦ کـات ١٠ی بـەیانی لەهۆڵی دیالۆگـی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، سێیەم دیداری ع.ع.شـەوقی بـۆ شـیعر سازکرا ئـەم شـاعیرە بەڕێزانە تیایدا بەشداربوون.

*یەکەم چیرۆك چیرۆکی (یادەوەری سێبەرێکی کوژراو)ی چیرۆکنووس عەباس عەبدولڕەزاق.

*دووەم چیرۆك چیرۆکی (چفە چارەنووس)ی چیرۆکنووس عەلی غولام عەلی.

لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ئەم دوو چیرۆکە لەلایەن ڕۆماننوس (محەمەد موکری)ەوە پێشکەشکراو ئەم کۆڕە لەلایەن خاتوو (ئەرخەوان)ەوە بەڕێوەچوو.

*ڕۆژی هەینی ٢٠٠٢/٥/١٧ کات ١٠ی بەیانی هەر لەهۆڵی دیالۆگ دووەمین دیداری حسین عارف بۆ چیرۆك دەستپێکرد کە تیایدا دوو چیرۆك خوێندرایەوە.

-یەکەم چیرۆك چیرۆکی (پارکی بۆقەکان)ی چیرۆکنووس ئاکۆ کەریم مەعروف.

-دووەم چیرۆك چیرۆکی (بۆنە میهرەبانەکەی ئەو)ی چیرۆکنووس کاروان عەلی.

لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ئەم دوو چیرۆکە لەلایەن چیرۆکنووس غەفوور سالّحەوە پێشکەشکرا.

ئەم کۆڕە لەلایەن نووسەر (مەجید سالّح)ەوە بەڕێوەچوو.

*ڕۆژی شەممە ٢٠٠٢/٥/١٨ کات ١٠ی بەیانی لەهۆڵی دیالۆگ سێیەمین دیداری حسین عارف بۆ چیرۆك دەستپێکردو سێ چیرۆکی تیاخوێندرایەوە.

یەکەم: چیرۆکی (قەتارێك بێژەدا دەڕوات)ی چیرۆکنووس محەمەد ئەمین شا محەمەدی.

دووەم: چیرۆکی (فڕێ یەعنی فریشتە)ی چیرۆکنووس سەحەر ڕەسایی

سێیەم: چیرۆکی (کەرکەدەن)ی د. موحسین عومەر ئەحمەد

هەروەها لێکۆڵینەوەیەکیش لەلایەن نووسەر (ئاوات محەمەد)ەوە پێشکەشکرا ئەم کۆڕە لەلایەن خاتوو (زەینەب یوسفی)یەوە بەڕێوەچوو.

*ڕۆژی شەممە ٢٠٠٢/٥/١٨کات ٤ی پاشنیوەڕۆ هەر لەهۆڵی دیالۆگ یەکەمین دیداری (عەبدولڕەحمان مەزوری) بۆ لێکۆڵینەوە دەستپێکرد کە دوو لێکۆڵینەوەی تیا پێشکەشکرا.

یەکەمیان: (جێ پەنجەی شیعری مەولانا خالید لەسەر شیعری دیالیکتی سلێمانی) لەلایەن شاعیرو نووسەر (محەمەد حەمەباقی)ەوە پێشکەشکرا.

دووەمیان: (گەڕان بەدوای جیاوازیدا، هەوڵێك بۆ خوێندنەوەی بەرگی (٢)ی دیوانی لەتیف هەلّمەت) کە لەلایەن نووسەرو شاعیر (محەمەد کوردێ)وە پێشکەشکرا.

-ئەم کۆڕە لەلایەن نووسەر (پێشڕەو حسێن)ەوە بەڕێوەچوو.

*ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٢/٥/١٩ کات ١٠ی بەیانی لەهۆڵی دیالۆگ دووەمین دیداری (عەبدولڕەحمان

مزوری) بۆ لێکۆڵینەوە دەستپێکرد کە پێکهاتبوو لەسێ لێکۆڵینەوە بەزمانی عەرەبی نووسرابوون و پێشکەشکران.



یەکەم: (فضيحة الوجه الاخر واسطرة التأريخ/ هارون الرشيد لموكري) لەنووسینی نووسەر ئەحمەد شەوکەت.

دووەم: (مدخل لقراءة قصة النباح للروائي محمد موكري) کە لەنووسینی نووسەر عەدنان (تۆفیق عەبدوڵڵا) بوو

سێیەم: (قراءة نقدية في قصيدتين للمهرجان السادس) لە نووسینی د. حامد ئەلراوی.

ئەم کۆڕە لەلایەن خاتوو ئەرخەوانەوە بەڕێوەچوو.

*ڕۆژی یەکشەممە ١٩/٥/٢٠٠٢ کات ٤ی ئێوارە لەهۆڵی دیالۆگ سێیەمین دیداری (عەبدولڕەحمان مزوری) بۆ لێکۆڵینەوە دەستپێکرد کە تیایدا سێ لێکۆڵینەوە خوێندرانەوە.

یەکەم: (ئازادی‌و دیموکراسی لەنێوان ڕۆشنبیری جیهانی‌و سیاسەتدا) لەلایەن نووسەر (محەمەد سالار شێخ عەلی)ەوە پێشکەشکرا.

دووەمیان: لێکۆڵینەوەیەک بەناونیشانی ئازادی عەقڵ‌و سەرخستنی دیموکراسی لەلایەن نووسەر (مەلا بەختیار)ەوە پێشکەشکرا

سێیەمیان: (نووسەرو کێشەی دەق) نووسەر فوئاد ڕەشید.

ئەم کۆڕە لەلایەن نووسەر (کاوەی حاجی عەزیز)ەوە بەڕێوەچوو.

*ڕۆژی دووشەممە ٢٠/٥/٢٠٠٢ کات ١٠ی بەیانی لەهۆڵی دیالۆگ چوارەمین دیداری (عەبدولڕەحمان مزوری) بۆ لێکۆڵینەوە دەستپێکرد کە دوو لێکۆڵینەوەی تیا خوێندرایەوە.

-یەکەم: (چەمکی نامۆبوون لەئەدەبیاتی ئەوروپی‌و شیعری نوێدا) لەلایەن نووسەر (د.کەمال مەعروف)ەوە خوێندرایەوە.

دووەم: (شانۆنامەی هارون ئەلڕەشید، خوێندنەوەیەکی نوێی ڕەهەندی دەسەلاتی ڕەهای سوکراتی)ی لەلایەن نووسەرو ڕەخنەگر (کەمال غەمبار)ەوە خوێندرایەوە.

هەر هەمان ڕۆژ ٢٠/٥/٢٠٠٢ کات ٤ی ئێوارە پاشنیوەڕۆ دوابابەت کە بریتی بوو لە لێکۆڵینەوەیەک بەناوی (وشە ڕەنگییەکان لە دیوانی هەمیشەپوو لەخودا هەمیشە مەستی قوبادی جەلی زادە) لەلایەن نووسەر د. مستەفا زەنگەنەوە پێشکەشکرا.

بەمجۆرە بابەتەکانی تایبەت بەفێستیڤاڵەکە سەرجەم پێشکەشکران‌و لەدوای تەواو بوونی خوێندنەوەی بابەتەکان لەکەش‌و هەوایەکی ئازاددا کاتی تەواو بۆ ڕەخنەو بۆچوون‌و بەدواداچوون ڕەخساو، بەسەربەستی گفتوگۆ لەسەر تێکستەکان

کراو، هەموان بەئازادی توانیان پاو بۆچوونی خۆیان دەربڕن.

هەرهەمان رۆژ واتا رۆژی ٢٠٠٢/٥/٢٠ ئاهەنگی کۆتایی فێستیڤاڵ سازکراو بەشێوەیەکی ئاشکرا خەڵاتەکان دیاری کرانو دابەشکران.

خەڵاتی شیعر

١خەڵاتی یەکەمی شیعر بەهاوبەشی بەخشرایە هەردوو شاعیر (رەزا عەلی پوور، عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا).

٢-خەڵاتی دووەمی شیعر بەهاوبەشی بەخشرایە شاعیران (شیروان حەیدەری، د. عارف حیتۆ، هەمزە گوڵانی)

٣-خەڵاتی سێیەمی شیعر بەهاوبەشی بەخشرایە شاعیران (موحسین قوچان، ئیسماعیل ئیسماعیل زادە، رۆژ هەڵەبجەیی، نەوزاد ئەحمەد حسین)

-لیژنەی شیعر لەم شاعیرانە پێکهاتبوو:

(لەتیف هەڵمەت، قوبادی جەلی زادە، دڵشاد عەبدوڵڵاوە عەبدوڵڵا)

وتاری لێژنەکەش لەلایەن شاعیر دڵشاد عەبدوڵڵاوە پێشکەشکرا.

خەڵاتی چیرۆک

١-خەڵاتی یەکەمی چیرۆک بەهاوبەشی بەخشرایە هەردوو چیرۆکنووس (عەباس عەبدولڕەزاق، سەحەر رەسایی).

٢-خەڵاتی دووەمی چیرۆک بەهاوبەشی بەخشرایە هەردوو چیرۆکنووس (ئاکۆ کەریم مەعروف، عەلی غوڵام عەلی)

٣-خەڵاتی سێیەمی چیرۆک بەهاوبەشی بەخشرایە هەردوو چیرۆکنووس (محەمەد ئەمین شا موحەمەدی، کاروان عەلی).

-خەڵاتی رێزلێنان بەخشرایە چیرۆکنووسی نابینا (غالب کەریم مەحمود).

لیژنەی چیرۆک لەم نووسەرانە پێکهاتبوو

(عەبدولڵا تاهیر بەرزنجی، ئازاد بەرزنجی، شاهۆ سەعید) وتاری لیژنەکەش لەلایەن نووسەر (شاهۆ سەعید)ەوە پێشکەشکرا.

خەڵاتی لێکۆڵینەوە:

١-خەڵاتی یەکەمی لێکۆڵینەوە بەهاوبەشی بەخشرایە نووسەران (محەمەد حەمە باقی، فوئاد رەشید).

٢-خەڵاتی دووەمی لێکۆڵینەوە بەهاوبەشی بەخشرایە نووسەران (محەمەد کوردۆ، کەمال غەمبار).

٣-خەڵاتی سێیەمی لێکۆڵینەوە بەهاوبەشی بەخشرایە نووسەران (د. مستەفا زەنگەنە، د. کەمال مەعروف).

هەروەها چوار خەڵاتی رێزلێنان بەخشرایە نووسەران (ئەحمەد شەوکەت، د. حامد ئەلراوی، عەدنان تۆفیق،محەمەد سالار شێخ عەلی).

لیژنەی لێکۆڵینەوە لەم نووسرانە پێکهاتبوو:

(مەلا بەختیار، سامی هادی، د. محەمەد دلێر ئەمین)

وتاری لیژنەی لێکۆڵینەوە لەلایەن (د. محەمەد دلێر ئەمین)ەوە پێشکەشکرا.

فێستیڤاڵی شەشەمی گەلاوێژ بڕیاریدا کە خەڵاتی رێزلێنان ببەخشێتە هەندێک کەسایەتیو نووسەرو رۆشنبیر کە بەشداری کاریگەریان هەبووە لەڕەوتی بەرەو پێشەوەچوونی رۆڵی نووسینو رۆژنامەگەریو فەرهەنگی کوردیدا، کە بریتین لەم بەڕێزانە:

١-بەڕێز مام جەلال.

٢-د. عزەددین مستەفا رەسوڵ.

٣–شانۆنامەنووس محیّدین زەنگەنە.
٤–نووسەر محەمەدی مەلا کەریم.
٥–چیرۆکنووس حسین عارف.
٦–شاعیر ع.ع.شەونم.
٧–شاعیر عەبدولرەحمان مزوری.
٨–فەرهەنگنووس فازیل نیزامەدین
٩–یەکێتی نووسەران لقی دهۆك
١٠–یەکێتی نووسەران لقی هەولێر
١١–وەفدێکی ئەدیبانی کوردستانی ئێران.
هەروەها چەند خەلاتێك بەخشرا بەلایەنە بەڕێزانە:
١–تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان.
٢–رۆژنامەی کوردستانی نوێ.
٣–ئەنجوومەنی ئەدیبانی کوردستانی ئێران.

ئاماریّك دەربارەی بەشداربووان

١–شیعر

بەشداربوو	ژمارە	ڕێژەی سەدی
کۆی بەشداربووان	٨٨	
نێر	٨٠	٪٩٠,٩٠
مێ	٨	٪٠٩,٩٠
کوردستانی باشوور	٧٣	٪٨٢,٩٥
کوردستانی خۆرهەلات	١٥	٪١٧,٠٤
سلێمانی	٤٩	٪٥٥,٥٦
هەولێر	١١	٪١٢,٥
دهۆك	٧	٪٧,٩٥
کەرکوك	٦	٪٤,٥٤

٢–چیرۆك

کۆی بەشداربووان	٥٣	
نێر	٤٧	٪٨٨,٦٧
مێ	٠٦	٪١١,٠٣
کوردستانی باشوور	٣٦	٪٦٦,٠٣
کوردستانی خۆرهەلات	١٧	٪٣٢,٠٧
سلێمانی	٢٥	٪٤٧,١٦
کەرکوك	٤	٪٧,٥٤
هەولێر	٣	٪٥,٦٦
دهۆك	٢	٪٣,٧٧
هەندەران	٢	٪٣,٧٧

٣ـ ئێكۆڵینەوە

کۆی بەشداربووان	٢٦	
نێر	٢٦	٪١٠٠
کوردستانی باشوور	٢٢	٪٨٢,٦١
کوردستانی خۆرهەلات	٤	٪١٥,٣٨
سلێمانی	١٥	٪٥٧,٦٩
هەولێر	٤	٪١٥,٣٨
کەرکوک	٢	٪٧,٦
دهۆک	١	٪٣,٨٤

خشتەی هەموو بابەتەکان

کۆی بەشداربووان	١٦٧	
نێر	١٥٣	٪٩١,٦١٦
مێ	١٤	٨,٣٨
کوردستانی باشوور	١٣١	٪٧٨,٤٤
کوردستانی خۆرهەلات	٣٦	٪٢١,٥٥
سلێمانی	٨٩	٪٥٣,٢٩
هەولێر	١٨	٪١٠,٧٧
کەرکوک	١٢	٪٧,١٨
دهۆک	١٠	٪٥,٨٩
هەندەران	٢	٪١,١٩

لیستێک بەناوی میوانە بەڕێزەکانی فێستیڤاڵی شەشەمی بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ

هەولێر

١ـ رۆژنامەنووس عومەر فەرهادی

٢ـ نووسەر حەمە کەریم هەورامی

٣ـ نووسەر عەبدولڕەحمان فەرهادی

٤ـ نووسەر کەمال غەمبار

٥ـ نووسەر عەبدولکەریم شێخانی

٦ـ نووسەر د. مستەفا زەنگەنە

٧ـ د. شوکریە رەسوڵ

٨نووسەر د. کەمال مەعروف

٩ـ شاعیر عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

١٠ـ نووسەر ئەحمەد شەوکەت

١١ـ نووسەر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

١٢ـ چیرۆکنووس جەلیل کاکەوەیس

١٣ـ چیرۆکنووس ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

١٤ـ نووسەر زیرەک کەمال

١٥–نووسەر رێبوار سیوەیلی
١٦–نووسەر مومتاز حەیدەری
١٧–نووسەر دیار عەزیز
١٨–نووسەر سەدرەدین خۆشناو
١٩–نووسەر عەلی بەختەوەر
٢٠–نووسەر سمکۆ عەبدولکەریم
٢١–نووسەر زیرەك عەبدوڵڵا
٢٢–نووسەر ئیسماعیل کوردە
٢٣–شاعیر رۆستەم باجەلان
٢٤–شاعیر ئیسماعیل گەیلانی
٢٥–نووسەر رێبین رەسوڵ
٢٦–نووسەر د. موحسین ئەحمەد
٢٧–شاعیر شێروان حەیدەری
٢٨–شاعیر دڵزار حەسەن
٢٩–چیرۆکنووس سابیر رەشید
٣٠– چیرۆکنووس سەلاح عومەر
٣١–شاعیر عەبدولقەهاری شێخ
٣٢–شاعیر هاشم سەراج
٣٣–چیرۆکنووس جەبار جەمال غەریب
٣٤–چیرۆکنووس ئەسکەندەر جەلال
٣٥–نووسەر ئازاد سوبحی
٣٦–شاعیر موحسین ئاواره
٣٧–شاعیر قاسم شێروانی
٣٨–شاعیر فەرەیدون سامان

دهۆك

١–نووسەر عەبدولکەریم فەندی
٢–شاعیر حەسەن سلیڤانی
٣–چیرۆکنووس ئەنوەر محەمەد تاهیر
٤–شاعیر موحسین قوچان
٥–چیرۆکنووس عیسمەت محەمەد بەدەل
٦–شاعیر د.عارف حیتو
٧– شاعیر ناجی تەها بەرواری
٨–شاعیر دایکی دالیا
٩–شاعیر عەلی تەتەر

بەغداد

١–شانۆنامەنووس محێدین زەنگەنە
٢–نووسەر حسین جاف
٣–رۆماننووس خەسرەو جاف
٤–شاعیر محەمەد بەدری
٥–د.عادل گەرمیانی

کوردستانی رۆژهەڵات

١–ناهید حوسێنی
٢–زەینەب یوسفی
٣–شیلان گەیلانی
٤–شەهرام قوامی
٥–محەمەد حەمەباقی

لیژنەی ئامادەکار

سەرپەرشتیاری گشتی فێستیڤاڵ: مەلا بەختیار
رێکخەرو سەرپەرشتیاری لیژنەکان: رەئوف عوسمان.

لیژنەی ئامادەکاری فێستیڤاڵ:

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
لەتیف هەڵمەت
کاوە حاجی عەزیز
سەلاح محەمەد
ئەرخەوان
د. محەمەد دلێر ئەمین

یەگیانێکی دۆستانەو رۆشنبیرانەو بەمجۆرە کۆتایی بەشەشەمین فێستیڤاڵ هاتو ئەو تێکەڵاویە قەشەنگەی کە لەشاری سلێمانی سازدرا هیوای بۆ خوازرا کە حەوتەمین فێستیڤاڵ لەشارە ئازیزەکەی دهۆك سازبدرێ، بەبڕشت بێت وشەی کوردیو سەرفرازیو سەرکەوتن بۆ داهێنەرانی هەموو بوارەکانی ئەدەبو هونەری نەتەوەکەمان.

ئەلبومی شەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ





بمگرن، نەگینا حەوت و حەوت دەرگاتە ٧٧



ڕەحزای عەلی پور

کەچی هێشتا بەشانمدا

-هیچاو هیچ سەیر ئەبم-

بەشانمدا ئەڵێی زەوین نیگەران دێت.

ڕاننده خەمێکی لەدڵدا هاشووره:

تا غارەتی جاده ئەبم.

"تو لەبەرگی ڕۆژنامەدا

ماتڵی کەسێکەو مچۆڵە کراوتر

تا دەستی پیاوی پارك

ئەی دەستی پیاوی پارك

زەوی هێشتا ئەستێرەیەو

ڕۆژنامە نەینووسی).

ئەوەی پەنجەرەی خوڵقاند

دڵتەنگە،

ئەوانەی هەناریان داهێنا

وەکو ڕێ

شاعیربوون!

لەتێکم جادەیەو
رازی مسافرانی دواسەفەر
کەسێك ئەمبا تا ئاقیبەت؟
:پێ–کانم لەخاڵی کۆتایی ئەم شیعرا
لەخاڵی کۆتایی ئەم شیعرا نوقم ئەبم
کە نیگای قەرەجێك
بەحەرفی مێخناکی ناو لەپما
دەبڕێیت::
تا ئەبەد لەخۆتا ماتڵ بە..
–خۆرنشین بەخوێنمدا دەتلێتەوە
میوەفرۆش
چەن هەناریك
نیگەرانە.

مزگێنی بۆ هەرچی ماعیرە
ئەم رۆژانە
بێ شاعیریی خۆم تەی ئەکەم،
مامۆستا پێیمیەوت:
"چی چەنو چی چییەی دنیایە لەبەرکە".
خەڵکینە دوو سێ جار خۆرگەرمەو
سپاسی پێ ئەدەین!
بەداخەوە حەوتو حەوت دەکاتە حەفتاو حەوت
گەلاوێژ هەر ئەگریو هەمیشە
منیش پڕ بە نیگەرانو مرۆڤ ماندووم.

چی تامی تۆی ماوە؟ هیچ
ئەگەر شتێك هەناوە

ئەگەر شتێك پرتەقاڵە

سەد دەرسەد خۆشترى!

دایکیشمان: درەختو باران و تا سەدى کتێبت لەبەربێت!

:حەیاحەى!!

یەك، چەنێ سەختە

دوو؛ چەنێ دژوار

بگەمە ١٠٠هیچ نابێتو

دەگەمە سەد!

ئێستا کەهەر تەنیا کچێکم لەبەرە؛ بیستى بیست!

"دێت

پەنجەرەکان وەکو مردن پێوەئەدا

وەکو مردن شەوە.

گەلاوێژ

لەناخما ئەستێرە دەکەوێ

گەلاوێژ

کچێکەو ماڵیشیان

لەسەر خەمى زەویناپە.

من پێى ئەڵێم: هاو ئەستێرە

-ئاخر زەوى ئەستێرەیە!-

راست ئەکەن کە سەوزەو عەزەمەت

بەڵام نا هاوسێمان نە نییە.

من سەیزادەى هاوسێمان

دە ساڵە مردووەو

هەناسەو جێگاکەى هەر سەوزە".

(لەگەڵ مردووى هەموولایەك.).

ئاقیبەت

لێواری جیهانە

عاشق بووینو

جووتێك هەتاو،

عومرێك بەسەر شەوەکاندا

خێڕا مردین.

شەو هەتا دەگاتە نوقمی من

تەمرینی تۆ دەکەم

ئێستا کە ئەفسوسم سەرانسەر.

رانندە تێکەڵی پەپوولەو

هاشووری کاکەشان...

پیاو ئەڵێ درێژایی بمکوژێ

نەك رێکی ئەگەرو موکەعەب.

—کە جادە نەمێنێ

زەوی لەناو باخی دنیا

بەناچار هەنارێك میهرەبان

پێی ئەڵێن سەرگەردان.

:نەزرێبار لەمەرگا رێگەی برد

نەزەوی لەخۆیا تلی داو

نەزرێبار لە مەرگا رێگەی برد

رۆژنامە نەینووسی

زرێبار لەدەستی کورێکا

—نەگەییە هەنارێك—

کە خنکا

یان هەموو خواردەوە.

بە سڵامەتی خنکاوەکان!

رۆژنامە نەینووسی

لەبەرچی نەینووسی

دایکی من هەناسەی پڕ دەبێت

لەرەنگی پرتەقاڵ؟

براکەم لەوپەڕی دێڕێکدا ماتڵە

منالّیی براکەم

تۆپێکەو

ئێستاکەش تێی هەڵبا؟

رۆژنامە هەر مردن ئەزانێو..

نەینووسی

دەسمالّێك خوشکەکەم پیاگریا

گوڵێکی لێ دەرهات

پێی ئەڵێن دەریاچە

یان شەهید.

(لەگەڵ مردووی هەموو لایەك).

دەستم پڕە لەجووتێك شیر

جووتێك شیری پڕ لەنەرمو

پڕ لەئیمان

خوایە گیان ئیمانداری چەنێ سەختەو چ پڕ لەخۆش

ئێمە، پەنجەکانی ئەم دەیە،

پەنجە رازیو رازداریيەکانی هەتا بڵێن،

تەوافمان بۆ لەززەتی پڕ لەجەستەو

ئیمانمان بەمابەینی

جووتێك شیری

پڕ لە بەرجەستە هێناوە.

خوایەگیان بێ ئیمان نەمکوژی.

—یا قاوەچی!
لەفیکری خۆتابە!
لێوانە شیرەکەت
تامی کازیوەو ئیمانی
تاسەرلێو فەوتاوە
خوایەگیان بێ ئیمان نەمکوژی!
(لەگەڵ مردووی هەموولایەك).

ئاقیبەت
زەوینەو
دەبارێ
ئەو شەوەی لەخۆما نوقم ئەبم
رەنگێکمان لێ جێما
خەجاڵەتی پایزو هەرچی زەرد
پێم ئەڵێی پیاوێکم لەبەرە
—شاعیرتر—
کەهەرتۆی
یان سێوی ئەم باخە فێرئەبم.
میوەفرۆش!
بمبەخشە بەهەوری جارێکدا
کە نەمبەی
تا ئەبەد لەخۆما چاڵ ئەبم.
—لەحاشیەی خۆشێکدا
میوەفرۆش سێوێکی پێداوین
تاوێ مانگو تاوێ لیمۆ
کتوپڕ لێواری جیهانم!

چاوم سپاردۆته پاییز
ڕۆژێکی ترو جلەکانم
لەکومید دەردێنم
حەقیقەت پێم دەڵێ:
فرسەتێك تا ئەبەد بۆی ئەمری
خولاسەی هیچاو هیچ.
ئەبێ ئەوپەڕی ئەم ئاوێنەیە
چۆڵ...
من ئەڵێم زەویمان لەکوێوە چۆڵ ئەبین
ناگەهان
خۆرو
مانگ
بەسەرما بەڵایەك
دەهاتن؛
فنجانێك پڕ دەکەم
لەنیگاو ڕەنگی تاڵ
ئەلەرزم
-لەخۆما بەڵایەك پیرئەبم-
نەمزانی من دەبوا
تۆ دەبوا
ئەودەبوا
گیرفانم پڕ دەبوو لەڕۆژێ مچۆڵەو
پەککەوتە،
ڕۆژنامە لەدەستما
تا دەردی پیاوی پارك
ئاوێنە پێم دەڵێ:
تۆ دەبوا.

کومیدەکەم، ڕۆژەکانو
جلەکانم
چ زوو چۆڵ بووم

فنجانێك دەورێکتر دەگەڕێو
پێم دەڵێ:
ئەوەی پەنجەرەو
هەنارت داهێنا
کتوپڕ لەخۆتا..
(لەگەڵ مردووی هەموو لایەك)
بەهەراسانەوە دەڕوا
دایکم ئێوارەکان بەهەراسانەوە دەڕوا
کۆڵوانەی هەمیشە پاییزەو
بەردەرکەی ماڵەکەی عاشق بووم
هەمیشە
هەراسان
هەمیشە پاییزە
لەبیرتە لەتۆدا گوم دەبووم
لەبیرتە لەخۆمدا گوم دەبووم
لەشانما جانتایەك پڕدەبوو
لەسێو و زنجیرەی زاگرۆسو ئەشکانی
پڕدەبوو لەقورسو
یەکو یەك کوێ دەبێو مندااڵی
لەبیرتە لەخۆمدا گوم دەبووم
-بەجانتاو بێ جانتا-
کۆڵوانەی هەمیشە پاییزبوو
هەراسان دەگەڕاو

لەلێواری کچێکا
یان خەمی کۆڵانێك ماتڵ بووم،
لەتێکم ئێستا کە جادەیەو
ئەوانەی جارێکیتر هەنارمان داهێنا
وەکوو ڕێ شاعیر بووین.

حەقیقەت : لە خاڵی کۆتایی ئەم شیعرا
بەخۆتو چی میوەو چی دەنگە...
کە نیگای قەرەجێك بە حەرفی مێخناکی
ناو لەپما داکوتراو پێم دەڵێ:
لەخاڵی کۆتایی ئەم شیعرا
نوقم ئەبم...

:بمبەخشن من غارەتی جادە دەبم
ئەم هەموو رازانە
لەکوێدا ڕۆژنامە دەتوانین
پیاو هێشتا ڕۆژنامەی لەدەستا
من دەبم ماتڵو مچۆڵە.

ناوی عاشقان رەنگە یان ئێوارە.
غەریقی بەحری ئیمانم
خوایەگیان
لەشەفاعەتی کازیوەدا
جیهان ئەڕوێ
لەرەحمەتی ساتەکاندا
دەستم پڕ ئەبێ لەگوڵەشیر.
تۆ بڵێی لەکۆتایی خۆما

بەرامەی باخچەیەك فێربیم؟
ئەمەوێ تێکەڵبم
تێکەڵی ئەو ئایەتەی
کە من مەعزوورم..
ئەمەوێ تیاتا پیاو بم پیاو
ئەمەوێ تیاتا نوێژکەم
نە، تیاتا نوێژبم.
خوایەگیان بێ ئیمان نەمکوژی.

تۆ غارەتی جادە دەبی
ترسی سەفەر لەتاقەکەدا دائەنێین
بەڵام چاومان سپاردۆتە هەرچی
تەنیا بە باڵندەوە فێر ئەبین
چارەنووس پڕیەتی
پڕیەتی لەزەوین.
ترسی سەفەر
لەجانتاکەماندا
پایزێك جارییە.
—تۆدەبێ رووسەرییەکەت بسپێریتەوا
من دەبێ خۆم بسپێرمە دنیا
من دەبێ نەخەوم
بەڵام خۆمان سپاردۆتە یەکتر
ئەگەرچی چارەنووس
نەرووسەرییەکی هەیە نەئاسمانێك
خۆ وتم چارەنووس
پڕیەتی لەقەدەر.

عەیبە؟

لەکەیەوە بەخۆتان عادەتو هین ناگرن

خەریکیت بەسەر ئەم خیابانەدا

کە ئێمەیان واچنیوە

خەڵکیش لەوێ

کتووپڕ

کەسێك تەواو ئەڕژێت.

خوشکەکانیان بیانوویەك ئەزریکێنن

مزگەوت پڕە لە پرسەو ئەو پیاوانەی ناگەهان..

ئەزانم ئەزانیت

ئەم شیعرە ناهێڵێ

من لە خیابانا کچێك پڕکەم

لەکووچە یان تاکسییەك

ئاغا دەربەست!

کتوپڕ خەڵکیش لێرە...

:تەسادف.

تکایە

ئەو کچەم

تادەرگای ماڵەکەمان

هەڵنەگرتووەو

سەیری ئەم پارکە دەکەین

پێم سەیرە

پارك یانی چی؟

ئەگەر ژووری دەربەستم بێت

پارك یانی چی؟

تکایە هەڵبگرم ئەو کچ دەرگانەی

شاعیر نەبم
ئەگەر هەنار نەڕژێتە ناو ئەم شیعرەم
شاعیر نەبم
ئەگەر کەسێك و لەم دێڕەدا ئەلفوبێ
وەربگرین.

شاعیر نەبم
ئەگەر شاعیر نەبم.
ڕاوەستن
دەنگی ئەم شیعرە
درێژەی مانگە !
بۆ زەوینت ئەوەندە لەمنەوە ئازیزە
هەرچیم خۆشویستووە
لەتێکی هەنارەو لەتێکی تۆ
تەنانەت بەسەربەفرا
زەوینیش
درەخت هەر درەختە.
ئەتوانن
خۆتان لەپشت دیوارێکدا
یان جلەکانتانا
منیش خۆم ڕووت ئەبینم.
ڕاوەستن
دەنگی ئەم شیعرە درێژەی مانگە.

"ناخوێنێ
قوربان گیان ناخوێنێ
دەرسەکەی ناخوێنێ".

:راس ئەکا ناخوێنێ

ناوەڵڵا ئەو کچە لەخوێنما درەختیش ناخوێنێ

ناخوێنی دەستی من دەستی ئەو ناخوێنێ.

چی لێبکەم باڵندە هەروایە

ناکامی پەنجەرەی دونیایە :سەلەفی!

پەنجەرە کاتژمێری هەشتە بەکاتی چنار

چنار کاتژمێری درێژە بەکاتی ٩٩

کێ نەیبیست لەرەنگی سەرمادا قاپ ئەبم

من حەزم لەقژی وائەبوو

تۆ بەردت لەناخما ئەپاراست

خۆ وتم کاتژمێر ژنێکم ئەوێ بۆ دوومناڵ،

موکەعەب بە فریای ماڵ ئەکەوت،

درێژایی بەفریای جادەکان،

ئەگینا حەوتو حەوت دەکاتە حەفتاو حەوت،

پێبکەنە مەسخەرە!

بمبورن نەمتوانی لەخۆما کاولتر قاڵتان کەم

ئێوەبنو خوا

ئێوەبنو پرچۆڵم کەن!

:سێویشیان داهێنا

هێشتا هەر ئاو خۆشە،

بە سڵامەتی هەرچی ئێوە

ئاو خۆشە بەهەر دوو ماناکەی لەناخی ئاوابێت یا بڕوات

سەفەر سڵامەت!

:پیاوەکە دووسێ جار یان هینم کە

یان رەنگم کە!

کاتژمێر ئەڵێ

ژنێکم ماوە بۆ منالێك.

کێ ئیمانی بەئاو هەیە !

کێ ئیمانی بەغەیب شەوانەیە ؟

لەم سارا

لەشکرێك لەدرێژ

لەوبەرەوە

لەشکرێك لەپیاو

پیاو سەفحەیەکە

ژن دوو سەفحە

پیاو بەرەو خوار ئەنووسرێت

ژن نانووسرێت

پیاو ناخوێنرێتەوە

کەچی ژن بەرەو ژوور..

تۆ باوەڕت بە حەوت هەیە؟

بەهەشت چی؟

گرنگ نییە چەنێك سیانزە لەخۆیا ماتڵەو

لەخۆما دەگەمە پیاوی پارك

ئەبێ بیسپێرمە زەوێ!

گەلاوێژ هەر ئەگریو هەمیشە

(لەگەڵ مردووی هەموو لایەك).

ترسی سەفەر لەجانتاکەماندا

زنجیرەی زاگرۆسو ئەشکانی

رانندە خەمێکی لەدڵدا هاشوورە

ئەم شیعرە پڕیەتی لەهەرچی پێم خۆشە

شتێکم لێ ئەوە

شتێکم عاشقی کەسێکە

ئێجگار بەخۆمەوە غەرقم

لامەسەب گەلاوێژ

تاکوو هەر تەمرینی تۆ دەکەم.

ئەوانەی وەکو من دەکشێنە کاتژمێرەوە

ئەوانەی وەکوو من پێی عەیبە کە منە تاکوو هیچ هەر منە !

کێ دەڵێت شوورەیی ئەم شیعرە رەزایە؛

یان گەوجە یا خۆگەوج!

کاتژمێر پەنجەرەیە بەکاتی دیوار

کاتژمێر دیوارە بەکاتی قورسایی

کاتژمێر...

بمگرن خەریکم چی ئەڵێم

توبیتو خواتوبیتو پڕ چۆڵم کە

:بسم الله

بیسمیلا

یا خەنناس یا جەنناس چۆڵی کەن

کورەکەم خەریکە شێت..

-خۆتی شێت!

"رۆژێك مووسا بەشوانی وت:

خوا وانییە

شوانە وتی: یا مووسا وانییە

مووسا وتی.

شوانە وتی.

مووسا وتی.

شوانە وتی.

رۆژێك مووسا بەشوانی وت: خوا وانییە

شوانە وتی: یامووسا خاسی شوکور!"

پێبکەنە مەسخەرە!
ئەم داستانە کوجا مەرحەبایە
ناشۆخیم کرد
من نابێ لەشیعرا..
سەندەڵیی ئەمرۆکە پڕپەتی
لەشیعری ڕێکو خەم
من خەمی باڵندەم لەناخا فڕینە
تۆ ڕەنگی جگەرەت لەدڵدا
کاول بووی
لەبیرت بێ کەمێك لەخۆتا بخەوە
دووسێ هەنگاویش ڕێگایە
من هەر ئاوەها دانیشتبووم
خیابان بۆ خۆی ئەڕوات‌و دێتەوە
سەفەر سڵامەت
ئەم شیعرەش ماویەتی!

پاییزی ۱۳۸۰

تێبینی:
ئەم شیعرە لە شەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا
خەڵاتی یەکەمی پێ بەخشراوە.

ئاوی مەزن

تکایە کەس لەماڵ نییە

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

تۆ لەخەیاڵی دڵۆپە ئاوێ
وەرە ژوورەوە
دڵۆپە ئاوێ کە پڕە لەخەون
پڕە لەترپەی تەنیایی
ئارام.. ئارام
لەسەر ریتمی پیربوون دێ
لەدەرگای نیشتمان دەدا
چەشنی شیعر.
دڵۆپە ئاوێ کە پڕە لەوەهم
دوای منالّبوونەوەی بە دوعای بەرزی
گریان
دوای بەندکردنی مەلەکانی یادەوەری
لەبەر دڵی کزی مێژوو
دوای کردنەوەی لاپەڕەکانی خۆشبەختی
بە ئومێدی فڕین
دوای ئومێدە کوژراوەکانی نیشتمان
لەبێهوودەیی گفتوگۆ

دوای گیانکێشانی جوگرافیای
خزمایەتی
فەرهەنگی منالّی و شیعر
لەبەر دڵی راستی دەریا
دوای داگیرسانی ئاوێنە
غەریبەکانی عەشقبوون
دێ وەک چۆلەکە لە پەنجەرەی وڵات دەداو
لەژێر لێوانەوە دەڵێ:
ئاو لێڵ مەکەن..
ئاوی مەزن.

دڵۆپە ئاوێ کە پڕە لەوزەی شێتبوون
پڕە لە ئاژاوەو دوودڵی
ئێوارەیەک لەسەر تەرمی لاری پێکەنین دێ
تەنیا.. تەنیا
وەک سێبەری شیعرێکی مات.

دڵۆپە ئاوێ کە پڕە لەنامەی خۆکوشتن
پڕە لەغەریزەی سەفەر
دێ وەک دەنگی باڵندەیەکی سەرگەردان
لەشوێنێکی نادیارو
دوور..
شوێنێک بەنیگەرانی لەدەرەوەی زەمەن
دەڕوا..
دەڕوا.. تا هێزی نیشتمان
شوێنێک پێش گفتوگۆکردن
بەدڵ دەڵێ:
شەڵاڵم لە رەچەڵەکە رەش و سپییەکانی زمان

جمەم دێ لەپەشیمانی
بەچرپە بە جەستە دەڵێ:
بەنێو رۆژنامەکاندا دێم
خەریکە لەخۆم دەبمەوە
دڵۆپە ئاوێکی
شکاو..
لە
تە
مە
ن..
نزیك لەرەگەکانی رۆح.

دڵۆپە ئاوێ کە دەڵێی
سەر قاڵییە حونجە ناکرێ
دەڵێی تێنوێتییە قسەناکا
بەچرپەدێ
چەشنی وێنە جێماوەکانی
دوای عەشق
بەجەستە دەڵێ پەلەکە
خەریکە دڵ لەدڵ بدەم
بەشیعر دەڵێ ئارام بە
خەریکە دڵ لەئاو بگرم.

تۆ لە رەشبینی دڵۆپە ئاوێ
وەرە ژوورەوە
بەر لە پیاسە ساردەکانی باخچەی ژیان
بەر لە گرەوی خۆکوشتن
بەگاڵتە لەدەفتەری یادگاری نووسی

نامۆ

دڵۆپە ئاوێ

کە لە دەفتەری خەونەکانی نووسراوە:

پڕبووم لەهێلکاری ساختەی

چیرۆکەکانی خۆشبەختی

بەر لەوەی عەشق بمکوژێ.

دڵۆپە ئاوێ بەدڵ دەڵێ:

بەر لەوەی ترس لەکۆلانەکانی نووسین

راوم بنێ

من لەستایشی ئاوێنە

ژیانم بەهەتاو ناسان.

دڵۆپە ئاوێ

لەدەفتەری پەناهەندەیی نووسراوە

پڕم لەجەنگی شکاوی سەربردەی (با)

سەربردەکانی یاخیبوون

پڕم لەخۆم

پڕتر لەکڵپەی تەنیایی

بەر لەوەی نیشتمان لەکۆلانەکانی ژیان

راوم بنێ

کچانی ئاو شکۆفە بکەن.

تۆ لەیادەوەری دڵۆپە ئاوێ

وەرە ژوورەوە

دڵۆپە ئاوێ کە پڕە لەسادەیی ئەوین

لەکوچەکانی وەڕسبوون

لەشەقامە ماتەکانی هیچ نەگوتن
لە گۆرانیە داگیرساوەکانی مەحاڵ
باران.. باران
بەو نەختەی هەناسە گەرمەی
لەمردن بۆی بەجێماوە
بەو روخسارە راونراوەی
لەئەفسانەکان کەوتووە
بەو هەموو غەمە وردەوە
کە لە هەنیەی گەرما دەتکێ
دێ لە پەنجەرەی دڵ دەدا
وەک پەپوڵە
دەگەڕێتەوە چەشنی (با).

دڵۆپە ئاوێ تۆ سەیرکە
وەک ئەوەی پڕ کرابێ
لەلاپەڕە بێ ژمارەکانی بەدبەختی
پڕ کرابێ لەوەی بەیەکجاری
لەگەڵ مەرگ بڕوا
پڕکرابێ لەوەی بەیەکجاری
بێهوودەیی لەگەڵ نیشتمان
دابەشکا
لەدڵی پەنجەرەدەدا
چەشنی باران
هەڵدەوەرێ وەکو گەڵا.

دڵۆپە ئاوێ
کە دەبوو بە دیار شەو دانیشێو
کەنالّی نائومێدی بکاتەوە

لەسوێی سەفەر

دڵۆپە ئاوێ

کە دەبوو لەنزیک رۆژ لەسەرەخۆ

سەمابکاو

رستە هەتیوەکانی خۆی لە بۆشایی

دابهێنێ

وەکو ئەوەی بڵێ چۆنن.

دڵۆپە ئاوێ

کە دەبوو لە گۆشەیەک بنووسێ

دڵم تەنگە

وەکو ئەوەی بڵێ تینووم

دڵۆپە ئاوێ ماندوو.. ماندوو

چەشنی تەمەن

لەدەرگای نیشتمان دەدا

وەکو ئەوەی بڵێ دەمرم

ئێوەش دەڵێن:

تکایە کەس لەماڵ نییە؟

تۆ لەپیاسەی دڵۆپە ئاوێکی سەر شێت

وەرە ژوورێ

پەلە بکە

بەر لەوەی یەکتر ببینن

تۆ سەیرکە

باران رۆشنایی پیاوێکی قەدەغەیە

لەنیشتمان

تۆ سەیرکە

باران هەناسەی پیاوێکی راونراوە



لەنیشتمان

ئاسمان دەڵێی بیابانە

نیشتمان پیاوێکی نامۆ.

تۆ لەسکێچی غەمباری دڵۆپە ئاوێ

رامێنە

بەر لەوەی بەدەریا بگەیت

هەر لەتەنیشت بارانەوە پرسیار بکە

ماڵەکەم لەدوودڵی شەو هەڵچنیووە

بێتاقەتترین ئەستێرە لەبری

ئەدرێس بدۆزەوە

بێتاقەتترین ئەستێرە لەبری چرا

دەفتەری سوتانەکانی

وەک یادگاری جێهێشتووە.

بەشەقامی دڕدۆنگیدا وەرە خوارێ

لەدوای پێکی دڵدانەوە

بەر لەوەی خەیاڵی هەڵم

دەستت بگرێ بەرەو مەنفا

وێنە رووتەکانی وڵات

لەپێشانگای خۆکوشتندا کۆکەرەوە

بەر لەوەی ببێ بە باران

بەر لەوەی نیگات تەڕببێ

روخساری لەت لەت کراوم لە گومڕایی

چەشنی شیعر

رابهێنە.

تێبینی: ئەم شیعرە لەشەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتی یەکەمی پێ بەخشراوە.

نەی دۆزەخی

شێروان ئیبراهیم حەیدەری

نەغمەی ئەو پێکەنینە لەسروودی چاوی هەڵۆ دەچوو
هەژانەوەی ئەو لێوانە لەجەزبەی دڵی چەمێکی بێگەرد دەچوو
ئەو هەموو زەنگی سەر کڵاسە پێکەنینی هیلاکی خەون بوو یا کوژانەوەی
ڕۆحیانەتی ئەمەل بوو..
من لە ڕوئیای ئەو فریادڕەسەوە پێت دەڵێم: ئەی دۆزەخی
ئێرە پۆلە ئەی گوڵپەری؟ یاخود ژوورێکە لەماڵی بورجەکان دەچێ؟
ئێرە کوخە ئەی گوڵپەری؟ یاخود بورکانێکە لەتەرککردنی تیمساڵە گەورەکان دەچێ؟
ئێرە قەفەسی خەونە؟ یاخود حوجرەی پەڕەسێلکەکانی هاوینە..؟
دەترسم ئەمجارەیان پەڕەسێلکەکان لەسەر دڵی تۆ کەونێکی کۆچەری چێ بکەن
پەراسووەکانی تۆ بەهانای ئەو پەڕەسێلکانە دێن کە ئومێدی گەشت دەکەن
دۆزەخی.. ئەوە گۆزەی پێکەنینە؟ یاخود کڕکردنەوەی ئەو بارانەیە کە لەگەڵ
پەنجەرەکان دەدوێ؟
ئەوە گەوزدانی تەنیایی ڕۆژەکانە؟ یاخود کرانەوەی بوخچەی پەپولەکانە؟

ئەوە رەشکردنەوەی رەنگەکانە؟ یاخود کاروانسەرای حەرفەکانە؟
ئەوە لێڵبوونی شەونمی خونچەی لێوەکانە؟ یاخود وێنەگرتنی ئەوکوختیانەیە
کە شەو لەنێو وەهمی سنەوبەرەکاندا خۆیان بزردەکەن؟
ئەوە پێکەنینی ئاوێنەی ناختە؟ یاخود واژی بوونەوەی وەهمەکانی ئاورینگە لەسەر
گۆنانی گەلاکاندا؟
ئەوە چەمانەوەی نازی هەلهەلەکانە؟ یاخود شوشتنەوەی تەختی شیعرە لەروئیای
نەرمەبارانی رەنگەکاندا..؟
گومان دەبەم ئەمشەو پەنجەرەکان لەخاچ بەر ببنەوەو لەخوناوی ئەو پێکەنینانە نێو چاوانیان بشۆن
ئەو گومانە رەشکردنەوەی ئامێزی ڕاڕایی عەشقە؟ یاخود جوولەکردنی پێڵاوەکانە
لەمەنفاوە بەرەو دۆزەخ؟
مامۆستای جوگرافیا لەواری پرسیارەکاندا جۆگەیەک لەپێکەنینی دزی وتی:
ئێرە چۆلەوانییە، هەست غەیبە،.. نەستیش سەنتووری برگەکانی وەستان دەژەنێ
مامۆستای دەروونزانی.. پەرداغێکی قەوزەیی لەو شەڕابی پێکەنینە فڕکرد وتی:
(بەغەمزەی چاوی مەخموری سیاهی مەستی مەی کردین
بەماچی لێوی موستغنی لەئەنواعی مەزەی کردین)
مامۆستای بیرکاری لەنیوە بازنەی ئەو پێکەنینەدا وتی: سەرێك بەنێو ترسنۆکی دەنگت
بگێڕە ئەی قورگ شمشاڵی ئێرە ژووری موعجیزە قەدیمەکانە قومێك لەئاوی
خلود فڕکە ئەی دوژمنی بۆشاییەکان...
مامۆستای کیمیا لەسووتاندنی شریتی مەگنسیۆمی ئەو پێکەنینەدا وتی: ئەی کافوور بۆ ئەو لابووڕە جێ
ناهێڵیت:
ئەویش لەجیاتی من وتی: (من خۆم بێ لانەم کەچی ئەو دڵەم لانەو جێتە)
ئەوە گوناهی شۆخی کردنی کانییەکانی منە؟ یاخود داگیرسانی مۆمی پرسیارەکانە
لەچاوی تۆدا؟
ئەوە سادەبوونەوەی مراویەکانە؟ یاخود یاریکردنی شەپۆلەکانە لەچاوە مەنگەکانی تۆدا؟
ئەوە چەمەنی بەرباغی ئەو دیومانگە؟ یاخود شۆڕبوونەوەی شووڕکەکانی دەستی جەلادە؟
ئەوە هەڵاوسانی تەمەنەکانی منە؟ یاخود بەهەواداچوونی واژی بوونەوەی فەرهەنگی بۆقەکانە؟
لاربوونەوەی کڵاوی ئەو پێکەنینە منالّی چ بێستانێکی چەتوونە؟

ئاوێنەی خەیاڵم دەپرووێنێ‌و یادگارییەکان دەفڕێنێ‌و دووبارە دەیانکات بەئاو
ئەوە ڕاوەستانی منە لەسەر بەردە بازەکانی تۆدا؟ یاخود لاربوونەوەی کۆشکەکانی تۆیە
لەژێر پێی تاقگەکانی مندا؟
ئەی دۆزەخی.. ژیان چ نەشئەیەکم پێدەبەخشێ ئەگەر بەنێو تاسی مەستیدا
تێنەپەڕم؟
ئەوە جۆلانەی پێکەنینە لەنێو دارستانی پیاسەکاندا فاتۆسی هەستم دەدزێ‌و لەوێندەر
بەتای پەنجەیەکی سارد برژانگم دەخەوێنێ تا دەخەوم ئەودێڕە شیعرە وەکو دوعا
لەسەر چاوەکانم دەخەوێنێ‌و دەڵێ "منالەکان بەفشە بەردیان دەگرتە بۆقەکان‌و بۆقەکانیش بەڕاستی
دەمردن"

* * *

ئەی دۆزەخی پولەکەیەك لەو ماسییە سەر ئاو کەوتووە بکەرەوە بۆنی ژیانی منی لێدێت
گوێ بۆ ئەو تۆڕە شل بکە کەماسییە وردەکانی برژانگم دەگرێ
ئەی دۆزەخی.. خەم قوت مەدە گوێ بۆ شەقامی خەیاڵ شل کە..
کێ دەڵێ: بەو هەموو پێکەنینەوە ناچیتە بەهەشت؟
کێ دەڵێ: بەو هەموو بەخشندەیەی خۆتەوە دەچیتە دۆزەخ؟!
کە شەو داهات زەمەنی بورجەکان لەنگەر ناگرێ
کەشتی قەدەر دەجوواڵێ
دایکم دەڵێ: ئەگەر بەنێو ئەو کۆشکە زێڕەدا تێپەڕبووایت بانگم مەکە من لە
دەرەوەی ئەو دۆزەخەدا قیامەت ئەبینم
باوکم لەسەر ئەو کەپرە خۆی دەجووڵێنێ‌و دەڵێ:
چیتر جۆلانەی ئەفسانەکان مەهەژێنە، کێ هەیە لەژێر باران خەون نەبینێ؟
خوشکەکانم دەڵێن: کەسواری پایسکلی دۆزەخ بووایت، پەیکەری ئێمە لەبەهەشت ئاگر
تێبەرمەدە
ئەی گەڵا تووڵانییەکانی بەهەشت ڕاڕایی چ چاڵێکە لە دۆزەخی ئێستای من؟
ئەی ئەوەی سیمات لەهێشووە ترێیەکی کشمیشی دەچێت: روباری پێکەنین

چ گیان دەرچوونێکە لەسیلەی غەیبدا؟
ئەی خاتووزینی پەرچەم رەشی نێو رەنگەکان رێناسێك پێی وتم:
ئێسك سووکی گەلای ئەنەناسەکان چیاکان دەجوڵێنن..
ئەی سادەتر لەچۆڕانەوەی ژیان دەرگاوانەکانی دۆزەخ پێیان وتم: بەو پێکەنینە کلیلەکانی فیردەوس لەمل دەکەیت
ئەی سوێر تر لەفرمێسك ئاویارێك پێی وتم: ئاو لە گۆنای ماکەکانی ئەو پێکەنینە بخۆوە تاکو لەدۆزەخ تینوو نەبیت..
منێك لەنێو ئاشوبەکانی وەهمەوە پێی وتم: هەڵکردنی ئەو گەلاڕێزانە هەڵوەرینی فرمێسکە لەکەڤاڵەکانی فیراقدا
چیتر دەرگای ئەشکەوتەکان بەسەختی پێوەمەدەن
با ئەو دۆن کیشۆتانە لێمان زویر نەبن
شەوکە لەسەربان یاریم لەگەڵ لاولاوە بەهەشتییەکان دەکرد مانگ چاوی لەئەستێرەکان دەنووقاند... ئەستێرەیەك پێی وتم.. ئەو دۆزەخییە فەلەکناسە گەر لەو هێشووە ترێیە بخۆیت تا ئەبەد لەدۆزەخ دەمێنیتەوە...
پەپولەیەکی نارنجی لەبەلەکۆنەی ژووری "زەینەبی کوێستانی" پێی وتم:
خەفەت مەخۆ ئەو دۆزەخە شیرنترە لەباخچەکانی بەهەشت
پشیلەیەك لەنێو قەفەسی کۆشکێکی هەناریدا لاواز ببوو دەیوت:
ئەی ئەو کەسەی چاویلکەکەت تەمێکە لە لم کەمێك سەیری گوڵە مۆرەکانی ئاسمان بکە
ئەو باغەوانەی کە لەنەفیکردنی من نەدەگەیشت دەیوت: حیکمەتی بێدەنگیت چییە؟
منیش پێم دەوت: پەرداغێك لەشەربەتی لێوەکانی ئەنەناسم بۆببێنە..
ئەی دۆزەخی/ بەو هەموو پێکەنینە قوواڵەوە تۆچی دەکەیت لەنێو غوباری لەوحەکانی جەهەنمدا؟
تۆبەو هەموو دڵەیاخییەوە چۆن لۆگاریتمی پیاسەکان لەسارای بەردەم مالّتان نادزی؟
ئەی دۆزەخی/ ماسییەکی گەردن زێڕی نێو چاوان شوشە پێی وتم:
تۆ بەسۆزتری بەسۆزی پەرکەمێ تەختی پرسیارەکانی وجود نشێوەکەی
یەکێك لە کۆشکە شیرییەکانی ئەشراف دەرکەوتو پێی وتم:
ئەو راهیبە کەی لە کەنیسەکانی تەنیایی دەردەچێتو کەشتییەك بۆ دۆستە نزیکەکانی دەگرێ؟
ئەی ئەو پەپولەیەی کەزیەکانت لای لایەی جۆلانەکانی بەهەشتە

مانتۆ زەیتونییەکەت بگۆشە
پڕە لەقەتماغی برینەکانی من
مەترسە ئێرە حەرامستانی دونیانییە، لەنێو کەوانەکانی فیراق پەنجەیەک بڵندکە بەسە
لەنێو هاڵاوی فرمێسکەکانتدا چیتر بە برۆیەکانت ژیان ئاودیوی سێگۆشەی عەدەم مەکە
مەترسە لەمن من لەتۆ بەخشندەترو لەتۆ ڕاڕاترم
مەترسە لەمن کە سامگرتووی نێو پێچی کەزیەکانم
هەمووی خەتای بۆنی ڕەیحانی ئەو کەزیانەیە کە مەستترم دەکەن لەشەودا
هەموو خەتای مەکری ئەو چاوانەیە کە مەستترم دەکەن لەخەوندا
هەموو خەتای ئەو گۆنانەیە کە فێرم دەکەن دەستی شەیتان بگرمو باس لەباغەکانی تەئویل بکەم
وەرە.. ئەی حەوا پەراسوویێکم هەناسە سارد‌ەو جۆلانەی ڕوحیشم کەوکەبێکی بەتاڵ
وەرە.. وێنەی ئەو کەزیانە لەئاقاری خەمگرتووی پەراسووەکانم دووبارە بنەخشێنە
تۆچیت داوە لەیوسفێکدا کە ماڵی خوا پێ دەزانێ؟
وەرە ئەو ساباتە چۆڵە دیمەنی تۆیە.. ئەو بەهەشتە حەزینە جێگای خەزنەکانی تۆیە
من لە شوێنی تۆدا سواری شەمەندەفەرەکانی دۆزەخ دەبم
لەپێناوی جوگرافیای هاڵاوی ئەو گۆشانەی شەهید دەبم
تۆچیت داوە لە بەهەشتێك کە ماڵەکەت سێ سەدو شەستو پێنج کانی تیایە
لەژێر هەرکانییەك قۆدیلەی ڕۆحت ڕاگری وەستانی پایزی منی تیا ئەچۆڕێ
لەژێر هەر سووژدەیەك هەست ڕاگری دەنگی نزاکانی من دەبیستی
لەژێر هەر سنەوبەرێکدا رابکشێی نەست رابگری هەست بەبۆنی ڕەیحانی من دەکەیت
لەسەر هەر تاقگەیەکدا بوەستی هەست بەومنانە دەکەیت کە دووبارە لەبەهەشت دەرکران
لەسەر لێوی دیواری هەر مەعبەدێکا دانیشی هەست بەدوعاکانی خۆت دەکەیت کە من دەیکەم
ئەی ئارامتر لەخەوی درەختەکان
چیتر بەچاوی کچی فیرعەون وێنەی کەشتیم بۆ مەکێشە
زویر مەبە دایکم دەڵێ: کە گەڵاکان دەوەرن ڕۆحێکی سارد وێنەیان دەنەخشێنێ
پوورم لەنێو لقێك لەغوربەتدا دەڵێ: خەڵکی سواری بووڕاق بوون بەپەلە بوون
کەچی تۆ ئەی ساقی بەهەشت تازە بەدوای نەعلەکاندا دەگەڕێی
پوورم ئەوە نازانێ کە من لەنێو پەنجەکانی ئەودا دەبم

بەئاردە نانی رەنگێك
لەنێو گەلاّ ناسكەكانی ئەودا دەبم بەبۆنی نانێك
ئەی گەرمتر لەسینەكانی دۆزەخ خۆتۆ قوتابی (دیزنی) نیت
بۆچی هەمیشە بەزمانی منداڵ لەگەڵم دەدوێی؟
خۆ دڵی من دەمی جۆگەنییە تا نەخشەی خوێنی جوگرافیای گۆناتی پێ ئاوبدەی
ئەی ئەو كەشتییەی كە ناوت لەبەندەرەكانی بەهەشت دایە
گوێ لەبانگی بەیانیانی من مەگرە دەنگی من لەئەعرافەوە دێ
گوێ لە داگیرسانی پیتەكانی نوێژی من مەگرە لەبێئەمەلییەوە دەنگی دێ
كە تۆ دەستێكت لەبەهەشتە چاوت لەپەنجەرەكانی دۆزەخ نەبێ
كە تۆ هەرزنی بولبولت پێیە كراسی درێژی شازادەكان رامەكێشە
تا ئەو هەرزنەت لێ نەڕژێ

* * *

ژووری دەفەكان جێ مەهێڵە ئەی میوانی هاوینم
زیزبوون مەستبوونێكە رۆحی هەموو پیاڵەیەك كەشفی ناكا
زیزبوون وەستانێكە هەموو فلوتێك سەری لێ دەرناچێ
زیزبوون زریزەیەكە هەموو گەردنێكی خوناوی وەریناگرێ
فو لە گوێچكەكانی من بكە
تا بەردە نوێژی كەڤاڵەكان بكەونە سەما
فوو لەچاوەكانی من بكە
تا ئایەتی وەهمەكان ببنە خەونو ببنە قسە
سەیر كە بەهار لەكۆشكی پێكەنینی چاوەكانتا وەكو مەل دەفڕێ
چاوت دەنوقێنێ ئاسمان نەخشی بروسك دەنەخشێنێو لێو دەنووشتێنێ
باوەشی تەزووە ساردەكانی دەنگت لەسەر كەمانی ئەو دۆزەخە دامنێ
با دەنگ نەمرێ
باڕۆح نەتۆرێ

چاولێك مەنێ ئەو هەموو پێكەنینە مەكۆژە كەبۆنی مەلەكۆتی لێدێ
ژیان لەنێو شاگەشكەبوونی ئەو پێكەنینانە خاڵییە لەگومان
پێڵوی چاوە قەترانییەكانت لەسوژدەدا بڵند مەكە
مەكری ئەو زەمبیلانە بۆنی سێوی لێ دەباڕێ
ڕۆح ئاودیوی ماڵی شیعر مەكە.. ئەو بەرزەخە بۆنی شمشاڵی ئیسرافیلی لێ دێت
هەویری ئەو كێكە لەقولابی سروەی ئەو پێكەنینە مەئاڵێنە
ئەی سادەتر لەگەڵاكانی پایز لەنێو كۆشی ئەو هەموو سیحرەدا مەلەرزە
ئەوەی دەیبینیت كێو نییە، تاقگەیە، كۆترێكی كێوێیی بەناویدا ڕەت دەبێ
كۆشكی هەناریت پێ نازانێ شەڕ لەگەڵ سێبەرەكانی خۆی دەكا
قافیەی ئەو شیعرانە مەپرۆێنە كە ئاهەكانی بۆنی سێوی لێ دەباڕێ
با هەڵهەڵەكانی پێكەنینت نەبێتە غوبار لەو سەرابستانی مەجنونەدا
مۆتیفی ئەو شیعرانە لەسەر كیبۆردی دڵت راخە
گوێت لەواوەیلاكانی مەجنوون دەبێ كە دەڵێ
ئێرە ژووری سێوە... سێوەخان.. دەستنوێژ لەبۆنی سێو بشۆ
ئێرە ژووری سێوە... سێوەخان.. دەست لەڕوباری شیر بشۆ
ئێرە ژووری سێوە... سێوەخان.. دەست لەدۆزەخ بشۆ

تێبینی: ئەم شیعرە لەشەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتی دووەمی پێ بەخشراوە.

تانەو تەشەری هەستە وروژاوەکانی جەستەیەکی لەژیان بەجێماو

هەمزە گولانی

هەستی یەکەم:

لەدوورەوە ژیان دەبینم،
ژیان دەکەوێتە ئەودیوی مردن...
لەژێر سێبەری تینووی درەختێك پاڵكەوتووە
گۆشەگیر لەبن گابەردی وەجاخزادەیەك
تەسبیحاتی خۆر دەكات‌و
بەمەزەندەی گوڵە گەنم دەچێتە سەردانی زەوی
بەلێكدانەوەی بەهار، كانیاوەكان بەسەر دەكاتەوە
ژیان كە دەڕوا خەون و خولیای تاجیرەكانی زمان دەبات‌و
لەهەر خاڵێكدا درۆیەك بەجێدەهێڵێ.
ژیان خۆر كەوتنی سپێدەیەكە، لەباران بەجێماوە
ئێوارەیەكی نیگەرانە، لەسەرەمەرگدا وەستاوە.
ژیان،
كانیاوێكە بۆ بەهار
گوڵێكە بۆ پشكوتن
باڵندەیەكە بۆ فڕین و ماڵێكە بۆ دەرگاو

پەنجەرەیەکە بۆ ڕوانین...
ژیان وڵاتێکی کۆیلەیە، ڕێگا بەڕێگای مێژوو
بۆئازادی دەگەڕێ!

هەستی دووەم:
لەدوورەوە ژیان دەبیستم
گوێم لە ڕەنگیەتی
گوێم لە بۆنیەتی
گوێم لە ونبوونو لەدەرکەوتن و
قەدو قیافەتی خەڵەتاندن و
لە هەست وخوستی کۆڕو کۆمەڵی شەوو ڕۆژیەتی..
بەئاماژە قسە لەگەڵ خشڵی باخچەیەکدا دەکا
بۆ چەند میتاڵێکی درەوشاوە، دەچێتە توحفەکانی جیهانی دزراو
ژووان لە ئەستێرەیەکی مێیینە دەخوازێ
کەنازانێ لە مێژ نییە نەیزەکێ کچێنی بردووە.
ژیان خەیاڵێکی پەناهەندەیە، گەردەلولێکی گەڕیدەیە،
شەماڵێکی بێ سانسۆرو ڕەشەبایەکی دزێوە.
ژیان درەختێکە لەسەر بەدڕەوشتی،
ڕەوشتی باخچەیەکە لەسەر زۆڵێتی،
زۆڵێکی خوا پەرستە لەسەرجوانی،
لە مانگ وئەستێرەکانی دیکە دەرکراوە.
ژیان قەسیدەیەکی ڕۆمانسییە،
خوا بەقەڵەمی وەرزەکانی ساڵی نووسیوە:
(نالی) هاتووە بەوێنە،
(مەحوی) هاتووە بەعیشقی ئیلاهی،
(حاجی)هاتووە بە هەستی قەومی،
(شێخ ڕەزا) بەجنێو، بەشداری تێدا کردووە!

ژیان چرایەکە پڕ لە میهر شەوق ئەدات و
بریندارەسووتێ.
لەپەراوێزی ژیان، ژنێکی نووڕانی دانیشتووە
سەرنجم ڕاەکێشێتە ناو دوو کەوانەی ئارام:
((لە قوتابخانەیەکی نەخوێندەواری ساڵی١٩٦٨دا
منداڵێك حەفتەیەکە(دارا) بەشەرم دەنووسێ
لەدەرەوەش هاروهاج، دوای دەستبازیکردن لەگەڵ کانیدا
ئاوێنە فێرە تیشك هاویشتن و
تیشك فێرە زمان درێژی
سەربەردو
لا کۆڵان و
ڕێگا دەکات))!

هەستی سێیەم:

که دەرگای شەرمم کردەوە تارماییەکی خەمسارد
پاشە مەلە باسی پووناکی دەکردو تروسکەیەکی بێوەژن
لاسایی مۆمە داگیرساوەکانی تەمەنی منی دەکردەوە.
ویستم لەبازنەی دیلی بێمەدەر _با_ بخەسێنم
تاهیچی دیکە درەختەکانی _پایز_بەڕووتی لە ژیان ناوس نەبن
زریان، لەشەڕی وەرزەکان هاتەوە
بەردی سارد و بەردی گەرم شەیتانی بوون..
بینین و بیستن بەجووتە چیرۆکی ئاویان
بۆدارو درەخت و گژوگیا گێڕایەوە.
نیگا بەر نیگا کەوت و ڕەنگ لە ڕەنگ خشا
هەتاو بەزاوزێ گەرم بوو.
خەیاڵم بەلەنجە دێ
دڵم لە لێدان دەڕفێنێت و ناگەڕێتەوە





تەنیایی ئەباتو من هەر لە شوێنی خۆم
بێدەنگی دەباتو من هەر لە جێگەی خۆم
بەخێرایی تیشك هەموو نیشتمانی وەهم دەگەڕێ
هەموو دوورگە دوورەکانی سەراب بەسەر دەکاتەوە.
دایکم کەلله شەکرێکی تەورێزی
بەچەند وشەیەکی سپی دەهێنێتە ئاخافتن.
خەیاڵم بەلەنجە دێتەوە
هەواڵی هونەرمەندێکی پێیە
بەعیشقی فەرهاد من لەبەرد هەڵدەکۆڵێ
دەستی ڕاستم دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ژیان
دەستی چەپم دەکەوێتە خۆرئاوای ژیان
هەرپەنجەیەکم بەزمانی زەمەنی خۆی ئەدوێت و
هەر ئاماژەیەکم نهێنی سەردەمی خۆی ئەدرکێنێ!
من و حەیرانێکی(هەولێر)یی
من ومەقامێکی (بابە گورگور)یی
من و هەناسەیەکی (ئەنفال)یی
بەیەکەوە دەخاتە ناو گوزارشتی بەردو
ئاوەڵناوێکمان لە گوناە بۆ ئەدۆزێتەوە!

هەستی چوارەم:

بۆندێ بۆنی ژیان، بۆنی قسەی زەردو سوور
بۆنی درەوشانەوەی کۆشك و تەلار، بۆنی شەپۆ
بۆنی ئاشتی، بۆنی رق و تانە و تۆران
ڕەنگێك پلار دەهاوێژێ
دەنگێك زمانی خۆی گۆڕیوە
زەوی مەستی ژیانەوەیە، زەوی سەرخۆشی مردنە.
منداڵێك بەگریانم فێربوو



ژیان ڕایکێشام، لەپێشدا چاو دواتر دەست و
ئینجا دەمی خەڵەتاندم
ژیان بەخەیاڵی پەنجەیەك دەنووسم
ژیان بەنەغمەی بولبول و بەگمەی کۆترو
بەقاسپەی کەو ڕاڤە دەکەم
لەرێگەی بۆنەوە زانیم
سەگێکی مەنکوب حەپەی هاوڕێکانی ونکردووە
پشیلەیەکی چڵێس بەدوای ئێسکو پروسکدا
وێڵبووە
١٩٨٨/٣/١٦ لەڕێگای بۆنەوە زانیم
سێویێك پڕ لە غەدری بینین
سێویێك پڕ لە زوڵمی بیستن
سێویێك پڕ لە خەتا
بۆنی مەرگی هەڵگرتووە...
بۆنی مەرگ مالٌ بەمالّی(هەڵەبجە) دەگەڕێ!

هەستی پێنجەم:

ئەستێرەیەك لە بەیانی ژیانیدا،
گوڵە لاولاوێ هەتاوی ڕاگەیاند،
ئەو زەردە تامی سەوزی لێدێ،
ئەو سوورە تامی ئاڵ و،
ئەوشینە تامی کاڵ و،
ئەو نارنجەش تامی بەربانگ.
دەی منالاّن
وەرن بێ دەنگی من بشکێنن
وەرن تەنیایی من قاش قاش کەن
وەرن غوربەتی هاوڕێکانم بلێسنەوە

تاڕەواقی هەنگوین حەزم لەماچی ئێوەیە..
تاگزنگی سپێدە حەزم لە زەردەخەنەی ئێوەیە
ئارامی لەبەینی خۆتاندا بەشکەن،
من ئەمڕۆکە هیچ ناخۆم
ژیان تامی زەبوونی لێدێ...

من بە ویردی گوڵە گەنم
ئێوارە باش لەسەوسەنی ڕۆحم دەکەم
من بە خوێندنەوەی زەردەپەڕ
لای ئێوە بەجێدەهێڵم!!



تێبینی:
ئەم شیعرە لەشەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا
خەڵاتی دووەمی پێ بەخشراوە.

سەما ساکار

د. عارف حیتو

سپێدەهییان...
چاڤێن من هێشتاب خەوێڤە گرێدانەو، زوی بەرنادەت
نەژبەر هەندێ کو کەسەکێ خەوتەییمە
لێ...،
داکو ژیان بو دەمەك دی _ یێ کورت وبلەز_
یا هشیار و تەنابیتن
دڤێ پاپورا لسەر دەستێ پێلێن کەربگرتی و دژواردا
چ قولاچێن تەنانە بوون ژیان تێدا ئەڤینیێ بکەت
چاڤێن من یێن خاڤ تێ نەبن
دێ بەرەف سپێدەهییان زڤرم، هەکو لەشێ من یێ گران
هەکو دوهی سادە و بێگەرد_ مەیاری ل کولانێ د کرن_
ئو... پەیڤێن من هەمی ستران
ئەزێ کەنیا خوە دبینم و دناڤ کەنیێ راکتێبەکە،
لێدخوینم
بێزاری دگەل من دئاخڤیت وژ منڤە نابیت
ل پشت من بوهارەك رەنگینە
ل پێش من دەشتەکان بێ سەروشوینە
ئەز دوودلم

جارێ فرسەتەکا دی ب دەنە من

دا... جگارەکا دی ب لەخرینی ب کێشم و،

هندەك پێناسەیان ژ برمیتێ کیسکێ رویبارا ب هەلکێشم

روندکێن بەلگا... دبێژنێ خوناف

خوینا نێرگزان... دبێژنێ گولاف

هەناسا ڤیانێ... دبیژنێ سلاف

چ کامیرە من ڤێ نینن، رەسمێ ئیلهاما من بگریت

ئاڤا بەستورەی

دلێ من کرە جوکەکا سەنحاریبی و....[1]

دمزگەفتەکا خانزادیڤە نڤێژا ژێیاتیێ کر

تفەنگەکا ئینتیدابی ژ پشت دەریا هات... نڤێژتێکدا

لێڤا سەری و لێڤا خواری

دندکێن ئاخێ وقورمێ داری

ژێك بژاندن وجێژڤانێن مەیێن عشقێ کرنە ئێتوین

ئەزێ لتە دگەریێم وناڤێ تەهێژددلێ مندا پیر نەبوویە

تیرێژێن رۆژێ.. قامچیەکا کەل و بریسقەدارە

لەش و دێمێ ڤی باژێری... نکراندن وخەریییەکا دژوار،

ددەستێن مندا کرە هێلین

دبەر دەرگەهێ مزگەفتەکێ را بوریم ومن گوھ لێبوو.....،

گەنجەکێ ب ریھ دگوتە ئێکی

گەنم سوتن.... چویچك مرن

هندی من کر کوببینم

ئەوێ دووێ من نەدیت ودەنگێ چویچکا...،

چاڤێن من سەر ئەڤراز کرن

گرنژینەکا بێی من، لێڤێن من یێن زەر سوورکرن

مشتی چاڤێن ئەوێ ب ریھ گومانکرن

نەدوێرییا

هاوڕێ ژیان

نەء

نەدڤیا

چویچکا ب بینیت یێ زاوزێ دکەن

ئەڤ شەهرێ مەزن ب روتینا دەزگەهێن میری ئاڤزە

ماتو بێژی..!؟

لەشێ ڤی شەهرێ مەزن و مشتی لەززەت

مینا پایتەختەك ڤەدەر بیت ژ خەریتێن سەر دیواری

ماتو بێژی...!؟

ئەڤ شەهرێ مەزن

نەپەیڤەکا ڤەشارتییا سحری بیت و...،

دناڤ پشێن گوندەکیدا زاوزێ بکەت

ئەوێن گوندی...

ئێکو_ ئێکو بەرەف زەڤیێن کێلای مەشین

زەلامەك دگەل هەڤژینا خوە

لاوەك دگەل دەزگرا خوە

سنێلەیەك... دناڤ بەلگێن دارهەژیرەك کال وپیردا

ب نەفەسەکا ئەیوبانە سەح دکرە کەنیا رویباری

نەلەرزیناچق و بەلگا

نە بانگێن مەلا

نەتابوویێن پر ترسناکێن شەهوەتێ

چاڤێن وی بو دەققەیەکێ _ بتنێ بتنێ دەقیقەکێ_ ددانە سەرێك

ناڤێ تەیێ ل بیرا منەو...،

هێشتا توزێ نە دادایە سەر دێمێ تە د هزرا مندا

زەنگلا حەدیابێ[2] لێدا و میترا داسی[3]

ب چریسەت و کوباریڤە دێمێ کولانان ماچ دکر

ماچیکرن... پاسەپورتا نڤێژیێە د گوهێ تەیێ حیجاب داپوشیدا.

من نوتێن ئێشانا هشیاربوونێ راگەهاندن
عشق ... نەمێقانەکێ دارگرانێ درەنگ وەختە
کو بەرنامێ هەڤدیتنێ بکەتە لەیلان
دفەرهەنگەکا نەچاپکریدا توزبگریت
تو... ئەوا بەرزە وەك هەناسێ_ بایەکە ژ سینگی دەردکەڤی_
تو.... ئەوا خەمگین
وەکو پەلێن کوچکەکێ باران لێکری
وەکو پەرێن ژێکڤەقەتیایێن گولەکا ئاڤێ بری
ژنشکاڤە د چاڤێن مندا سەرمایێ دکەی
سەمایەکا بارکری ب لەرزین و تایێ
لێ....چاڤێن من حیلال من دکەن
هەلوەسەیێن دیتنێ.....،
بوهارێ دئێخنە لێڤا و گەرم دکەن سەمایێ
من تو دناڤ بەلگێن دارچنارێن بەرلێڤا جاددێ دا ددیتی و،
گرنژینا تە
ئاداروك ل بیابانا هەستا گەرما من شین کرن
توتمەیی بووم
هندی من قەهوەیێن تەحلێن مەچکوی[4] ڤەخوارن
لبەردەرگەهی، من هاجەری [5]دیت دنالی
نڤیسەران تاولە دکر
ئاشۆپەکا پەرڤەکری دجەمەدێ را ل چیایێ قاف ئاسێ ببوو.
من تەیمورلەنگ دیت لبن خیڤەتێ
بلەز دەرکەفت و گوت (چی کونەم؟)[6]
لڤی باژێری
هەمی دوێرن تشتا بێژن
کەس نەوێریت تشتا بێژیت
ئەڤ باژێرە، وەکو خوەیە

سیمەرخەکێ یا ژقولاچێن دیروکەکا دێرین گرتی و،
لسەر شاپەرێن خوە دنڤینیت
نەحەوی لسەر دیوارێن کەڤن ڤێ دکەڤن و،
نەدیوارەکێ نوی پال ددەتە سینگێ قەلاتێ
هۆزانێن گەهشتی یێن نەکەرکری لبەر دەرگەهێ شانەدەرێ[7]
بەلگ پێڤە شین بوون و چ عاشقان نەدانانە سەر بریان
سوورگولێن خویناوی پێڤە هاتن و کوکمیلا[8]گرنژی
ئەسکەندەری[9] ... ئێخسیر نە کوشتن
گوندێن ئاڤا....وێران نەکرن
زێر وزینەت ئۆل و باوەری، دگەل خوە نەبرن
سەرکەفتن، ژبو سەرکەفتنێ کرە بەر خوە و بوری
تەنویرا ژینێ هێلا هل.
کچکەکە هەڤالا من ل رۆژا ئەینی
لبەر دەرگەهێ دادگەها گرت_ ئەڤە چەندین دەمژمێرە
ل هیڤیا من..
کچکەکە ... ب شەڤێ نویرمە ژێ دباریت و،
ب رۆژێ بێهنا بخویرێ ژێدفڕیت
کچکەکە... ب نیگایەکێ دبیت و ب ئافرویەکا بلەز دمریت
نەوێریت چاڤزلکانێ دگەل من بکەت
نەوێریت پەیمانا هاتنەڤێ بدەیت
کچکەکە... پڕ دترسیت
ژپستە پستێن روینشتنا گازینوییێن بەرقەلاتێ
ژپیاسەییێن ناڤ بازارێ مشتی پەیڤێن هات و باتێ
ژ موغامەرەییێن سنێلەیان
ژهێلێن نەبڕی یێن تێلەفونان
ژچاڤێن زیقێن سێنتەر پولیسان... دترسیت
ژدیتنێ

ژژڤانی

کچکەکە.. ترسا گونەهێ پڕبویە جانی

هەکو دلقرتکا ئەڤینێ، ددلێ وێدا دبیتە میڤان

ب بژیێن وێ ییێ تەڕڤەشین دبن گول و لیلاقێن ژیانێ

لەشێ وێ تەف دبیتە گونەم

گونەها عشقێ

گونەها وێرانێ

گوناها دلپاقژیێ.. راسگوییێو هەسپێکرنێ

گونەها کەنینێ../خوە شرکرنێ و شرینکرنێ

گونەها ژیانێ

دناڤ ڤی باژێرێ بچویکێ... سەر مەزن و بێ پاوان و

پەیڤ نەرمەیە

گونەها نەمانێ

دناڤ ڤی باژێرێ مەزنێ سەر بچویك و گرێدایو،

پەیڤ قەبەیە

گونەها هزرکرنێ

گوناها پەیڤگوتنێ

گوناها وێنەگرتنێ

خوئەگەر یێ رەشو سپیش بیت

کاروانەکێ درێژ ژتەرمێن گونەهان کەفتنە بەر پێلاو،

پێل مرن

پەیڤێن من دێ لبەر لێڤا دەریایێن دویرە سنوور سەمایێ کەن

پەیڤێن من دێ لبەر خودیکا بیری ییێن مۆر فەنایێ کەن

ژمالبچویکێ فەنایێ... دیتن دێ زێن

وەردەکێن ئاڤا بەستورەی مەشکا ژڤانێن بێت دێ کێن

توبەلگەك بوی... ب دارا خەونێن منڤە

تو خالەك بوی... ب بەرچەما پەیڤێن منڤە

مه... سەمایەکا ساکار، دقویچکا عەشتار ئەربێلاڤە[10] کر

لێ[9]...

ئەرمەنی[11] هاتن و تەکرانێ ئێکێ[12] سەما تێکدا

مەغولی[13] هاتن

تەیمورلەنگی[14] هاتن

قەرەقوینلی[15] هاتن

ئالاق قوینلی[16] هاتن و سەفەوی[17] هاتن

سولتان سەلیمێ ئوسمانلی[18]

خێر و بێرێن دەشتا هەولێرێ کراندن

توڤێ شەڤێ د زەڤیێن بەرگرتیدا چاندن

ئو.. منارە هەریالکارە

نە گەرما هاڤینێ... تال ئەنیێ باراند

نە بارۆڤێن زڤستانێ ... بەژنا وێ _یا زراڤ _ چەماند

منژی...

وەك منارێ شەل و شەپك کرنە بەرخوەو،

ئالایێ عشقەکا شەیدا و پەڕڤەکری دا دەستێ خوە

عشق.... ل حەزرەتا پرچا تەیا حیجابکریدا ئێخسیر بوو

ئەی ئەو کچا موحەجەبە و نەرم ونازك

من هەمبێزکە

ژنشکە کێڤە وەکو مرنێ

دا سپێدەکا دی یا تەنا دپاخلا تەیا بەفر گرتیدا ببورینم.

ئەڤ باژێرێ کەڤن و دێرینێ پێنگاڤێن تەیێن گران

ب لەرزوکی د هەلگریتن

دێمێ وەستیایێ مشەختان.. دئالیسیت

ئەز _ئەوێ خەندقی _ نڤێژان بو بارانێ دکەم

دا پرچاتە... ژ زیندانێ و چاڤ خەوتەییێ تەعمید کەم

شەڤا دبوریت... رۆژ دێ هەلێت

بهێله.. چاڤ چەرینێ ل گولیا گەنمێ گەهشتیێ پرچا تەبکەم
عەفر مینا گوریيەکا پەنجە شێر گرتییەو،
باران ژی مینا سەمایەکا لالەشی یا[19] ساکارە
جانێ من وەکو گەرمایەکا تەموزییەو،
بشکورینا تەژی... بوهارە،
دەرگەهی عەفران یێ ل تاقە و باران دێ هێت
ئەز _ ئەوێ بەرزە _ د وەلاتێ پەیڤستانێدا
شەمالکێن من د ڤە مریاینە
لێ... ئەلند دێ زێت
تۆ _ ئەو کچکا سنێلە _ ل رۆژا ئەینی
لبەر دەرگەهێ شینوارێن دادگەها گرتی
ژڤانداری و ژچاڤەرێیا بێزار نابی
سەمایەکا تەبگرتییا هێشتا ساکار
دچاڤێن مەدا گازی ستێر و ئاسمانان دکەت
گازی سوبە و وێرانان دکەت
—شەڤبوهێرکێن خەوخاندی
—سترانێن تەیسوکێن ژ دلینیێ فیرهاندی
—پەردەیەکا هەلاندی
پەردەیەکا دی یال شوێنێ چاندی
دی حالەتەکێ نەدیارێ... ژێ ڤەژینم
حالەتەکێ نوی...
حالەتەکێ سوریلانکێ ژ هەبوونێ بی
چونکو...
ئەز وەکو پەیڤێ یێ هاتیم
وەکو پەیڤێ ژی دێ مینم...

*٢٠٠١

دەهمەن:

١) سەرنحاریب: ئیشارەتە بو سەنحاریبێ ئاشووری(٧٠٤–٦٨١ ب.ن)، ئافا بەستوورەی ب رێکا (گەهاریزان) دبن عەردیڤە گەهاندە هەولێرێ، ئەڤەژی دهێتە هژمارتن کو پروژەیەکێ خزمەتگوزاریێ گرنگە بو هەولێرێ هاتییە کرن دسەردەمێ ئاشورییاندا.

٢) حەدیاب: ناڤێ هەولێرێ بویە لسەردەمێ فەرسییان(١٤٨ ب.ن)، ب سەردەمێ زێرینیێ هەولێرێ هاتییە نیاسین.

٣) میتراداس: دەستەلاتدارێ سەردەمێ فەرسییان بوو، گەلەک پێشکەفتن د_ حەدیابێ _ هەولێرێ دا دابونە کرن و ببوو چاخێ زێرین.

٤) مەچکو: چایخانەکە ل هەولێرێ جهێ خربوونا ئەدیبو نڤیسەرانە، نهوژی مایە.

٥) هاجەری: هورانڤانەکێ هەولێریێ سەردەمێ مەلك موزەفەرەدینە، ناڤێ وی(عیسی بن سنجر الاربلی _ المعروف بالحاجری) د خزمەتا مەلکیدا کار دکرو هەتا سالا (٦٣٢ك/١٢٢٤ن) ژیایە و پاشی چویە بەر دلوڤانیا خودێ.

٦) چی کونەم: ئانکوب رامانا(چ بکەم)، مستر ریتش دبێژیت دەمێ تەیمورلەنگی هێرشا خوە ئینایە سەرهەولێرێ و باژێر حیساردای، ئولدارەکێ هەولێری ب رێکا ئایینی ترسەکا کوژەك ئێخستە ددڵی لەشکەرێ تەیمورلەنگیدا و ئینا ژبن خیڤەتا خوە دەرکەفت و ل لەشکەرێ خوە کرە گازی (چی کونەم). دبێژن هەتا نهوژی ئەڤ ناڤە لسەر جهێ خیڤەتا تەیمورلەنگی مایە و ل دەوروبەرێن هەولێرێ.

٧) شانەدەر: شکەفتەکا دێرینە دکەڤیتە دناڤ چیایێ برادوست دا، درێژیاوێ نێزیکی(١٣٠)پێیانەو شینوارێن وێ ڤەدگەر نەڤە بوبەری (٥٠_٧٠)هزار سالان. دکەڤیتە دناڤ سنووریێ پارێزگاها هەولێرێدا.

٨) کوکمیلا: ناڤێ وی شەریە ئەوێ ل سالا(٣٣١ ب.ن).دناڤبەرا دارایێ سیێ و ئەسکەندەرێ مەقدونیدا هاتییە کرن و ئەسکەندەر تێدا ب سەرکەفت، هەروەسا ژبلی ناڤێ کوکمیلا دبێژنێ شەرێ ئەربیلێ.

٩) ئەسکەندەر: ئەسکەندەرێ مەقدونی ئەوێ د شەرێ کوکمیلادا ب سەرکەفتی(٣٣١ب.ن).

١٠) عەشتار ئەربێلا: ناڤێ قویچکەکا عیبادەتیە لسەردەمێ ئاشورییان ل هەولێرێ هات بوو دانان.

١١) ئەرمەنی: ل سالا ٨٣ب. ز ئەرمەنییان هێرش کرە میرگەها حەدیابێ و حەدیاب _هەولێر _ ستاند.

١٢) تەکرانێ ئێکێ: بوماوێ دەه سالان مەلکێ ئەرمەنییان بوو، ب سەروکاتیاوی حەدیاب هاتەستاندن (٨٣ ب.ن).

١٣) مەغول: ل سالا (٦٥٦ك/ ١٢٥٨)ز مەغولی هاتنە د هەولێرێدا و داگیرکرپشتی هەولێرییان بو ماوێ شەش هەیڤان بەرخودانکری.

١٤) تەیمورلەنگی: لەشکەرێ تەیمورلەنگی ل سالا (٧٩٦ك/ ١٣٩٣) ز شیا هەولێرێ داگیرکەت.

١٥) قەرەقوینلی: ئیشارەتە بو چاخێ قەرەقوینلییان حوکم ل هەولێرێ دکر(١٤١٠ _١٤٧٠ن).

١٦) ئالاق قوینلی : ئیشارەتە بوچاخێ ئالاق قوینلییان حوکم ل هەولێرێ دکر(١٤٧٠_١٥٠٨ن).

١٧) سەفەوی: ل سالا (١٥٠٧)ز سەفەوییان هێرش کرنە سەرمرادێ ئیمپراتورێ ئالاق قوینلییان و سەفەوی ب سەرکەوتن.

١٨) سولتان سەلیمێ ئوسمانلی: سولتانەکێ ئوسمانلییە ول سالا (١٥١٤)ز دشەرێ چالدێران دا دژی سەفەوییان سەرکەفت.

١٩) لالش: ئیشارەتە بو پەرسگەها لالش کوپەرسگەهەکا ئولێ ئیزدییانە و ئێك ژ ئایپردەیێن ڤێ پەرسگەهێ دبێژنێ(سەما).

د. عارف حیتو عەبدولڕەحمان/ هۆزانڤان

- ژدایکبوینێ سالا ١٩٦٦ ل باژێرێ دهوکێ
- نوشداره و کارێ نوشداریێ دکەت
- ئەندامێ دەستەکا ڕێڤەبەریا ئێکەتیا نڤیسەرێن کوردە/تایبێ دهۆکێ
- ئەندامێ سەندیکا ڕۆژنامەڤانێن کوردستانییە/ لقێ دهۆکێ
- بەرهەمێن چاپکری:

أ. دواڕێ هوزانێ دا

١. نان و برین و بشکورین/١٩٩٤
٢. ناوازێن سمفونیەکا گرچن/١٩٩٦
٣. مەرهەبا/١٩٩٩
٤. پەستێن بازنەیی/٢٠٠١

ب. دواڕێ وەرگێڕانێ و بیاڤێن دی دا :

١. دارا و نەسرین/ کومەلە چیروکێن پەروەردەیینە ژ FACTS FOR LIFE)هاتینە وەرگێران ب هەڤکاری دگەل حسن سلیڤانەیی/١٩٩٣
٢. قورتال بوینێن ژئەشکە نجێ/ چەند پێزانین و شیرەتێن نوشدارینە دەربارەی ئەشکە نجەدانێ ژ (Torture survivors)هاتییە وەرگێران/١٩٩٦.
٣. بوچی شێرڤێن یێ خەمگینە/ چیروکەکا درێژا وەرگێرایە ژ ئینگلیزی/١٩٩٧.
٤. روستەمێ زالی/ چیروکەکا فولکلوریە-فارسییە (ڤەگێڕانا کوردی) ١٩٩٨
٥. چەند پێزانینەك دەربارەی خوارنێ/ ڕەوشەنبیریا نوشداریە ژ ئینگلیزی هاتییە وەرگێران/ پشکانێکێ_٢٠٠٠/ پشکا دووێ _٢٠٠١/ پشکا سیێ _٢٠٠٢ .

بەرهەمێن بەرهەڤ بوچاپکرنێ :

أ) سەما/هوزان.

ب) زارۆك هەتا ژێ نێك سالیێ _ وەرگێرانە.

ت) زارۆك د ژێ (٢-٣) سالیێ دا _وەرگێرانە.

تێبینی:

ئەم شیعرە لەشەشەمین فێستیڤالّی گەلاوێژدا خەلاتی دووەمی پێ بەخشراوە.

سەرهاتیەکا پیر

موحسین قۆچان

دەستێ منێ بملێ تەفە رێنجی دبیت و
ئێزمك یاکەونی ڤەدگریت
دەرزینا گیانێ مەقمارێ بدەمێ مەدکەتن
شارەستینا خوینا مە یاخاڤ و خەلیای
پێناوەستیت
ئەڤ هەبونا ژەنگا دەمی کری سەچمە
خرڤەکەتن یان بهەلگریت
بایێ گەلتێ بپرچا تە دکەت
پرچا تە و بێهنا خەنایێ
دکەتن ئالا دەولەتەکێ ژنوی دێبیت
((کەرنەڤالەکا رەنگایە))
ئەڤ ئاهەنگە هەستێ ددەت من
هێژ ئەزێ مایم و
هەبونا من وپرچاتە ددەڤێ بای داموعجزەکە
ب بارانا شل نەتافیل دبیت نە دتەمریت



هەبویەکا لسەر گاڤێن پەیدابونێ
ئەزێ وەستیای لبەر دەرگەهێ ژورا بونێ
ئالوزی من دکەتن مویچرك و
چاڤێن من بدەشتێ دا دبنە ئاسك
خەونا وان سترك

* * * * * *

ئەف دەشتا هە د بیردانکا دەستگێرانا پیراتە دا
جنیکەکا بەهەشتێ بو
فریشتە لێ دبونە سڤیانك و
مێهڤانیا شەڤبا لێ د دا
ئەگەر مێشتا لبیرا تە بیت
ل دانگێ مالا
کانیەکا کەوسەرێ لێبو
لڤی دەشتا هەتاڤ خوەرا
هنجار ودەیمێ رێنجبەرا
رەنگێ زێرئافێ ژێ ددزی
کاب سیلاڤا کەنبێ ڤە دبو گەنم
هەکو مرۆڤایا بچویك
هەلامەتێن لبەر کوتانا ئەم نە دناسین
نیاسین دگەوریان را خرتە دبو
چونکە
ئەوی کەسێ جارا ئیکێ ئاسن سمتی
جهنیکێن وی بتوزا رەژیێ بویاغ کربون
گرنژین بخاڤی دخوارن
پێ ل پێچولکا کەنیێ ددانا
هەکو مالا مەلڤێ دەشتێ
ژتوز کەڤزکا بەرماکا هەلما بەهەشتێ

مه نەدزانی
خوین کاروانێ برپەزوکەو
روندکێن خوێنێ
ژبێهنا ئاخ و بارانێ دزێن
بەرەف گەشبونا برینێ
ژساکاری مه نەدزانیو
ستێر نیاسا زوی نه گوت مه
شوین پێن بەفرێ ئاگر دمالیت و
هەمی ئاگر
دەستین جوتیارێن گەنمی
دکەن جەھ داسی
لسینگێ بەروکا درینێ
ماکێ دزانی کو ئاخ هەبویەکا مێیەو؟
هەکو مێ دهێتە داگرتن
گەهێن بای دبنە پەنجە شێر
تا لمروڤا دبیتە مێهڤان
برین ژنوی سنێلە دبن
ئاشق دبن
بلڤێن یەك دو ڤە دین بەستی
برین دنالن
بکوم دنالن و
برین شەرم دکەت ژبرینێ

* * * * * * * * *

خەونێن رۆژێ
بسێی کەڤرا ڤە دبن هەلم و
بیرهاتنێن مەو ئاخێ
عشق ژێ درێت



دمینن گەرم
یادبیردا نکا من وتەدا
جارا ئیکێ مە ئاخ ڤیای
دهچکێن مەدا غەوارە بوی عشقا چیای
کەون ژ خەما مە سارتر بو
هەکو ژ نوی روژ بویە روژ و دەرکەتی
ئەف پنیکا دخوینا من دا خو ڤەشارتی
بوی دارستان وبچیایێن ئاسێ بتشت کەتی
ئاسو مژ بو
بن هنگلێن دایکێن ستێرا
ئاگرەکێ سەرڤەچڕی و قژاقژ بو
هێشتا دەریا بێهنائاڤێ تام نە کربو تێکدا خوێ بو
خوییەکا سپی پا پاقژ بو
دپەحنکا دەستێ مەدا
ڤولکان بەهی
دگەردونا خوینا مە دا
ئاڤ بو ژیان و ئانەهی
ڤیانا ئاخێ کەنیا عشقەکا مەزن بو
د بشکورینا مە دا دمەهی
ئاخ هەی ماکا ڤیانێ
هەی رەنگڤەدانا کەنی و گرێی
ئەو داڵەها هەمی گەهێن من حەژێدکر
دبێنڤەدانا دەولەتێ دا
باروڤەیا سەلیقا ژیارا ئەبەدی
دەستگرتیا هەمی پەیڤێن سترانێن من
هەکو مروڤایا بچویك
ژساکاری

مه نه دزانی

ژ بێ دەولەتی

دەشت دبن هەلم و مرۆڤ دمرن

فریشتە داد دەنە ئاخێ

دەولەت نەبیت

نەشێن ووجێ ژ خوبگرن

ئەڤە ژ رۆژا ماد تەمری

چەرمێ سەرێ مە دەهولە

بیڤە لەرزا چاڤێ مە دخوت

خەونێن نازك لێمشت دبەت

هوگرا مە دبیت ماشوت

ژهنگی وەرە

ئەڤ سررا عشقا سەرمەدی

دهزرا مە داییّن بوینە جوت

*　　*　　*

تێبینی:

ئەم شیعرە لەشەشەمین فێستیڤالّی گەلاوێژدا

خەلاتی سێهەمی پی بەخشراوە.



ویژایی سێ جاری تر داگیرکرانی خۆم...

ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

... ئەم پەنجەرە دڵدارەی ئێرە
بۆماچێکت
هەموو خەڵکی لە ئینتیزار دا ئاوالا کرد!
منیش هاتم تۆ ژیام و
لە تۆدا قەت کۆتاییم پێ نەهات.
چیها سااڵی گەش _مان بۆ نانی پێکەوەبوونێکی تا هەتایی شێاڵ.
ئێمە هەر پێکەوە
بیری هەمە چەشنە قاتیەکی دنیامان پەروەردە کردووە:
–لە تۆێ خاکێکدا کە خووی هەموو رادیۆیەکی چاوچنۆکی پێوە دیارە.
لە جەرگەی دوولایانەبوونی ئاگرێکدا کە هەموو دەمارێکی ناتەواو تەواو دەکا.
لە داوێنی بارانیی ئەو مرۆڤانەی کە الاقێکیان چێویەو
بیر لە سەمای شەرابی هیچ زەماوەندێك ناکەنەوە،
نەکا تاوانبار بن!_
بەاڵم دەترسم با_
هەمووی بوونت لە گیرفانی خۆی رۆبکاو
گوڵی سووری کراسەکەمان بەشەهیدبوون بخەڵەتێنێ.
–بەهەڵوەرینی جاویدان گەییشتن_

وشیاربە لەم مەرگەدەست تەنگەدا گۆرانی ساکار بڵێی

بەچەشنێ تەنیا بۆ نێو وشەیەکی لێزانی بالای خۆمان بچوك بکرێتەوە.

—بەسلوول[1]_ی ئازادی گەیشتن_

... ئیتر لەتەك پەنجەرە راهاتووەکانی ئێرە ئەرخەیان بە

لەمەوبەدوا ئاوالایی کچ بوون بەدم با_وە

سوارو[2]_ی دەسەلاتی بێ سەلتەنەتی هەنووکەنیە.

ئیتر ناخەڵەتێم و

پێی دەڵێم کەس وەکو تۆ مەیلی داڕشتنی بارانەڕۆیەکی بێکەلێنی نییە

—لەو چاوانەی کەجمەیان دێ بۆ پاراستنی رێگا دانیشە—

پێی دەڵێم هەڵاڵو بگری ئەو سێبەرانەی خەون نابینن

بەهەنگاوەکانی تۆ

ئاهەنگ بۆ سااڵڕۆژی خوێن دادەنێن.

—تۆ هەر دانیشە خەونی گەیبوی میوەکانی هەڵەبجە لێکدەوە

هەتا.... ئەگەر

بۆخۆم بچمەبەر باران

بەتەمەنترم لە تووڕەبوونی هەموتان

بەماچێکیش تێپەڕین تەواوبوونی بۆنییە دەبا خۆش بین کە

تۆ پەنجەرەی لە نێوان خۆت ومندا

گەر بیر لەهەر چەشنە گەڕانەوە بکەم

لە کاغەزە رەش کراوەکانمت دەگرم!

ئەرێ...

ئەرێ... ئاوا هاسانترە.

ئەم باسەبا لە_( )_ی بێدەنگیی خەڵکێکی ریسوای شەقامدانەبێ کە

هیچ کات خۆیان لەشاردنەوەی جێ پێ ئیفلیجەکان نەبوارد!

بەبێ ئەوانیش رۆژی جیهانی شەقامە یەکڕەنگەکان

جێژن دەگرن!

من فایلێك لەبارەی خەونی تێل دڕووکراوی باوکم دەکەمەوە:



ئەم شەقامە داگیرساوەی ئێرەیە
تێیدا حووکمی پڕش و بڵاوی شاعیرێکی بەخەبەر درا کە
ئێستاش حەق بەوە
—بەلێوی داچۆڕاوی مزگەوتێکی تەواو کراوەوە هەڵبەستراوە_
کاتێ ئەو ژیانی بەئازادی وەکوو خۆی هەڕاج دەکرد،
هەموو دەوڵەمەندە دووتوێکان دەیانفامی!
هەر ئەوکاتە باوکم لەم ناچاریەدا جگەرەیەکی بەکاتی من داگیرساند،
سەری هەڵێناو
عاشق بوو!
ئێستا تامن ئەو هەتاوە رستەوێرانە
هیچ دەرفەتێکی نەیخوێندوومەتەوە
دەژیم،
ئەم چەند شیعرە بێ ژوومارەیەم
کاتژمێری هیچ تریبوونێك دەقەیەکی بێدەنگی بۆ تۆمار ناکا
پڕدەبن لە گیرفانی قوواڵی بێ خۆییم و
ئەوانەی کە دەفامن
ماچ لە هەزاران تۆپی موقەددەسیان رۆدەکەن!
لەماڵێ...
دادم هەر کەئاوێنە پیرەکەی سەرەتای لە دایکبوونی لێ دڕدۆنگ بوو
لە پەنجەرەی تەریکبووی رەنگی باوکم دادەنیشێ کە
تەمەنەنیازێکی ژوومارەنەکراوی تێدا قەتیس ماوە!
ئەمە پێش ئەوە بوو.....
دایکم خەونی بە بەیانی شەپوورەی مەرگێکی نوێ_وەدی:
ئەستێرەکان فریو درابوون،
گوومان لەچاوە بێ مێردەکراکە
باوەڕی بە تۆبەفێگرتووەکانی من نەبوو.
هەر ئەو کات..



دراوسێکەمان لە کەنار پەڵەیەکی راپەڕیوی هەتاو کە بەجێمابوو
لە حەوشەی عازەبی خۆیان بەحەوشەی ناشتراوی ئێمەوە
بەقەد دەستەواژەیەک کە نیشتمان دامێنی دەگرێ
شەیتانی بوو.
بۆیە لە نێوان دەست کورتی خاکداو
دوور و درێژیی شێتانەی ژیان
لەوەی رۆژژمێری موسافیرێک
ئاوەڕۆی لە و سێبەرە تۆفانیاوەی خۆی دەکرد کە
حەرفێک لە هەموو بالاکانی تر کەمتر بوو!
رەنگە بستێک کەمتر درەختەکەی بەردەرکەی ئێمە
بەزاراوەی ئەو هێلانەیە بدوێ کە
من چاوەڕوان بووم پەنجەرەی تێدا بکەمەوە و
ئەتوانێ خەونی سێویەنی
لەقەڕتاڵەی ژنێکی ئاوس لەنێو ئاخافتنێکی تاوانباردا
بەش بکا !
لە ژێر هەمان درەختە شەشدانگەکەی جاران
ئێستا کەوەکوو خاک سێبەری لەبەر دەڕوا
کتێبی ((هەنووکە لەوێستگەی با_دا دەبارێ تۆ لەنسێیەکی لاشووڕاوە خاک_یش))دەڕێم
لەپێشەکیەکدا...
باوکم دەیگوت ئەفلاتوون رەنگدانی تەمەنێک لەشارە بێزمانەکەی
بەکاسێتێکی (زیرەک)گۆڕیەوە ! !
نەمزانی دڵدانەوەی چ خەمێکی دەستکورت بووکە
لەسەڵتەنەتی داهاتوویەکی دووردا بمانخافڵێنن.
کەچی غوربەتم بەنسێیەکەوە لکاند کە
تاهەتایی لەکەنار تۆدا هەڵکۆڵرا بوو.
گەربمویستبوایە...
لەئارشیڤی ئەو پەنجەرانەی کەبەرەورێیەکی ناتەواو چاوەڕوانن



بەحەرفێك زیاتر لە نیشانە ئاساییەکانی نێوان

خۆم و خۆت بگەم،

دەستی ساکارم بەدەستێکی چڕوی–یەوە کەلەبچە دەکرا!

وشە رەنجەڕۆکانی دەپاراست

هەرچەند دەگووترا:

شەهیدەکانت بەشمان ناکا

بێجگە لەخۆت.

برینەکانیش بەشێوازی ژانی عاشقێك کەلەخۆی تێپەڕ نابێ

هەرپێکەوە خەتم دەکەین!

رەنگە ئەمە چەند دەنگی ئەو وڵاتە نێژراوەی نێو زمان بێ کە

لە رەهەندێکی بێ نیشاندا غەریب دەژی.

هەنووکە لەوێستگەی با_،

هەرچی دەکەم لە ژێرباراندا ناخووسێم

غەیری خاك نەبێ.

لەتوێی هیچ دەنگێکدا بالای تۆ ناکەم

غەیری زمان نەبێ.

کەچی ئێستاش دایکم زمانی منی نەگرتووە!

_ باکووریترین تەمەنی ئەم جیهانەیە_

بۆیە غەریبگرە سەفەرو

ئاوێتە دەبێ

زمانگرە سەفەر و

تا لووتکەی بالایەکی فەتح نەکراو تەمەن بەراورد دەکا.

ئەم گەڕانە ناوەکییە گەیشتنە بەتۆ!

منیش لەژێرئەو چەترانەی کە دانادرێنەوە

دەمەوێ عاشق بم بۆ گەورەبوون.

_ یانی فێربوونی وشەیەك کە قازانجی تۆیە_

واتە دیسان..



لەهەر کوێ بم غەیری تۆ بۆ هیچ سێبەرێکی چاوەڕوان نادرکێم
نەکا قات بم.
لەوشەیەکی تۆمارنەکراو نیشتمان هەرگیز بەر تەسك نییە_
ئێستاکە رەنگە کاغەز لە نووسینەوەی هەژارانەی منداڕەشداگیرسابێ
نەتوانم بستێك لە حەوشەو حەرفێك لەو درەختەی کەلەمندا رادەژێن
بەنێوی خۆمانەوە بۆ هەموو جیهانی پۆست بکەم.
دەترسم لەئالۆزی گەڕەکەکانمدا
جیا لەهەموو وەختێکی دەرەوەی خۆم_
ئەم چەند دەنگییەم لێ کپ بێ.
بەڵام هێندەش دەمرم
لەم رێگە دوورودرێژەدا هەست بەپیری دەکەم
لێرەکانە زۆر دەمێکە دووکەڵی جگەرە رەمزاویەکان قاچاخ کراوە،
_ تابزەتان بخۆنەوە _
ئەمانە هەموو بیری ئەم خەڵکەیە کە
لەپەنجەرە کووڕاوەکاندا ناخەون؛
رەنگە ئەو وشە بەرتەسکانەی کە هەرگیز داوێنپاك نین
بشنێنەوە !
هەرچەند خەمی گەورەتر
دڵخۆشی من بەومستە خاکە یەکڕەنگەی نێو گیرفانی با _بوو کە
لەپەنجەرەی ناچاری سنووردا
بۆی دادەچۆڕام.
_ هەرئاوا _
هەرچەند تاقە مەرگێکی ئاشناش پێی رازی نەبوو
دەسکەوتەکانی تێدا حەشاربدا.
_ هەرئاوا_
یانی تۆ.....!؟
تۆ دەتوانی؛



سێ جار قەڕتاڵەی ئاوازی چۆڵی شەقامەکان پڕبکەی
لەسێوی سووری ماچێکی شەرابی
لە ئاوێنەی ئەو ڕۆژانەی کەهی خۆمە و
تێیدا دانیشتووین و
دەدوێین.
لەگوڵی ژێر پێستی ساڵێکی بەتاڵ کە
ڕەنگە شەونمی تەوێڵی سپی پەنجەرەیەک میوانی بێ!!
لێرەکانە من ناچاریی پیتەکان دەبم کە
گێرفانی هەمور شەوێکم پڕبکەم لە تریێی گۆنای مانگێک لە هەرزانیدا.
هەرگیز بیرم لە شاردنەوەی سبەی لە توێی نووزەی دوا هەنگاوی
خەون بیچکۆلەکاندا نەکردۆتەوە.
_ خاک لەمن گۆڕاوە _
ئێستاکە
ئاگادارببە خەڵکی سەروو ئاوازە پیرەکان هەر گەورەتر دەبن،
لەلێڵی کورتەباڵایی خەنجەرەکاندا چاوەڕوان نەمێنیەوە.
حەزێکی ئاسمانڕێژ بە گوندێکی چاو ڕژاو دەسپێردرێ:
_ ژوورێی پڕە لە پەپوولەی غەریب کە خوێن بۆی لاڵ بووە.
لە رستەیەکی بێ گیرفان کەتا ئێوارە هیچ عەشقێکی بۆناحاوێتەوە.
لەبۆرەتاری بارانێکی نۆت شکاو کە هیچ سترانێکی پێ ناژی._
لەم لاشەوە عاشقیی پیاوەتی من بەراورد دەکا!
(دەتوانێ گوڵە بەڕۆژەیەکی کەڕو لاڵ بێ کە
نیهانخانەی چاوی پڕە لە نەتەوەی زمانەکان و
لە ئاوێتە بووندا
سەربەخۆبێ.
دەتوانێ نۆتی کەسکی سەوڵ بەدەستی کاتژمێرێکەوە بێ و
لەسەر تەلی خۆڵاوی گیتاری خوێندا
هەڵنەخلیسکێ.



دەتوانێ.....)
لەم چرکە ساتە بێخەوشەدا
تۆڕی هەڵمی ماچێکیش دەمگرێ!
لەسوورو سپی سەرمژۆڵی چێژێکدا
دامدەنیشێنن.
دەبینم لێوی کانی
بۆتە کەژاوەی پەپوولە پاییزەی بزەی دایکم کە،
رەنگی نەناسراوی منالێم لەباوەشی کوڕەدۆمێکی تازەزاوادا
دەخواتەوە!
بەدم سالۆڕۆژی دەسەلاتێك لە ئەوین؛
لەنێو جۆگەلەی برینە شەهید هەڵگەڕاومداو
لەسەرشێتی داگیربوونی کاتژمێری چاوەکانت
_ پڕە لەگەرای تەمەن بەکاتی من_
وشەکان خوماری منێتین
بۆ گوێزتنەوەی خەونەقەرەجەکان و
بەژوومارەی(١،٢،١)ی نێوان نێرینە و
مێیینەی ژانە نەدۆڕاوەکانمدا
تێپەڕ دەبێ.
(من هەست دەکەم تۆ هەست دەکەی من)
ئێمە لە هەنووکەی خواردنەوەی ئاسمانێك
لە نێو ئاوێنەیەکی یەکڕەنگ و
لەژێر شۆڕەبی ئەوینێکی نەمەییودا
ئاوێتەی خولیای زەماوەندی
مانگ و نانێکی نێو نەتەوەیی دەبین
هەنگاوێك نزیکتر بزەمان دێتێ:
سالۆفرۆشراوەکان بەدارەمەیتێکی دەنگ بەتاڵ
ئاوەدانیی بەمانای منالانی بەسالاچوو



چاوڕێڕ دەکەن

لەو کاتەوە، ئەگەر پۆلێك مرۆڤی رۆژهەلاتی لە دەرەوەی باران

لە لێوی تەڕی مانگ دەدوێن،

هەتا کەنار سەدان پیتی پف لێکراو تاریك داگیرسابوون.

ئەگەر هەنووکە ئەوان سێوێکی لە سێ بەشدا داگیرنەکراو

لە ئاوێنەی باڵای پێنەگەییشتووی رۆژەکان ئاوەدان دەکەنەوە

سەردەمایەك لە نۆتی قەڕتاڵەی شەقام گەلێك کە

لە تەنیاییدا خوێنیان لەبەر دەڕۆییشت،

هەتا نێو خاکدانی زمان

_ ئازادترین خوداوەندی خۆیی بوون _

بۆنی برشی خۆکوژی داکرابوو.

ئەم ساتانە هەتا... ئەگەر

تۆش پەنجەرە ئەوێندارەکەی ئەو گۆنایە لەمن تەواو دەکەی کە

چاوی سەدان خەڵکی شەقام تێپەڕبووی تێدا قەتیس ماوە.

هەتا... ئەگەر؟

تێبینی:

ئەم شیعرە لەشەشەمین فێستیڤاڵی

گەلاوێژدا خەڵاتی سێهەمی پێ بەخشراوە.

---

[1] دیوێکی تاکەکەسی لەزیندانداا بۆحەبس.

[2])ئەوشتەی کەلەدەریا یان رووباردا نووقم نابێ.

فەقیانەی پێڕاو

نەوزاد ئەحمەد حسێن

تۆ لەناو کەلاوەی عومرا...
خەونت بەکۆشکی مەڕمەڕۆ
کۆشی شازادەوە.... نەدی..
خەونت بەئالای خۆتان و....
خاکی ئازادەوە...دەدی..
کێ جارێکی تر، ئەبێتەوە بەباران و...
ئەڕژێتەوە ناو بیابان؟.
چ رۆژگارێ، ئەبێتەوە بە جاران و....
ئەڕۆیتەوە
بۆ کۆلانە ماتەکانی.... سابونکەران؟.
گەلاکانی... کە هەڵوەرین
ڕەنگە ببنە ئیلهامێ بۆ شاعیرێکی بێ نیشتمان...
ڕەنگە ببن بەئاوازی تار ژەنێکی دوورە وڵات...
بەڵام مەحاڵە جارێ تر...
چڵێ باوەشیان پیا بکا...
مەڵێ لانەیان تیا بچنێ و
هێلکەی کونج کونجیان تیا بکا
تاڵەکانی قژت تێکڕا...
هەر لە بەهارەوە تێکەڵ
بەزستان بوون....
کاتێ شیعر بوو بەمیوان...



ئەوێ زەمان تەنها سێگۆشەی برمۆدا
دەیترساندی..
هێشتا پێت وابوو گوڵسورخی نەمردووە.
هێشتا پێت وابوو سالێکیان
نۆبل دەدەنە یەشار کەمال
هێشتا پێت وابوو رۆژێکیان
داوای لێبوردن دەکەن
هەرچوار پارچەکەی کوردستان
بەیەکەوە دەدروونەوەو
ئەیکەنەوە بەری خۆمان....
کێ هەمدیسان ئەبێتەوە بەباران و...
چ رۆژگارێ ئەبێتەوە بەجاران و....
(گۆران لەکرەملین
بەڕێژنە فرمێسکی باراند
ئەمین فەیزی لەخانەی پەککەوتەکانا..
نالی، لەو سەحرای حیجازە)...
ئێستایش کەمانچەکەی دڵشاد
لەئورکێستراکانا، ئەگری...
من ئەزانم ئەم چرکەیە...
زۆر شاعیر هەن
لەناو کەمپەکانا ئەگرین..
پەڵە هەورێ
بۆنی پونگەی چوارتای لێ دێ و
لەئاسمانی وڵاتێکی ئەسکەندنافی
بەخوڕ ئەگری...
چۆلەکەیەک ڕەنگی هەروەک شارەزوورەو...
لەشەقامی شانزیلیزیە
جوکە ـ جوکێتی، ئەسوتێ...
٣/١٦ لە ڤاتیکان...
پیاوێکی خنکاو بەشەقامەکانا



نابینایە...
هەر ڕادەکا و... هەر ڕادەکا...
کۆرپەیەکی ساردو سڕیش لەباوەشیا...
ئەڵێ: ئەوە باوکمە..
ناوی عومەری خاوەرە...
لێی تێناگەن...و
پێی ئەڵێن ئەو ناوەمان نەبیستووە..
زاڕۆکێ لەستۆکهۆڵم،
شەوی بەرات
بەتورەکەیەکەوە
ئەچێتە بەردەم ماڵەکان
کەس دەرگای لێناکاتەوە...
باوکیشی دوای نانی جەژن
ستار خانی لەبەر دەکاو....
بۆ گەردن ئازادی ئەڕوا...
بۆ لای تازە دراوسێکان.
دەستی بە زەنگی دەرگاوە سەوز دەبێ و...
کەس دەرگای لێناکاتەوە...
شەمالێ، بۆنی مێخەکی
قەیسەری نەقیبی لێدێ و..
لە دورگەی دۆمینیکان، ون بووەو...
جەندرمەکان، نازانن بە چ زمانێ
بیدوێنن و..
بۆ کوێی سنووورداش کەنەوە؟
دەمەیەك بۆنی گەلای
گوێزەکانی بیارەی لێدێ و...
لەچیای ئەڵپ..
زمانی لە گۆدەکەوێ و...
ئەبێ بە پارچەیەك شەختە و..
بزر دەبێ ... و

سەر لێ شێواو ..
لوتکەکان گاڵتەی پێ دەکەن...
مۆمێك ڕەنگی منااڵە چڵمنەکانی
شەوی میعراجی پیر مەسووری گرتووەو
لە مۆمدانی کەنیسەی سانتا ماریا..
باوێشك ئەداو.. ئەتوێتەوە..
تیشکی سەر روخساری عیسا..
ئەژاکێتێ و...
ڕاهیبەکان لێی تێناگەن...
نازانن بۆ
ئاوا خێرا ئەکوژێتەوە؟
ساوایەك بۆنی دار کاژەکانی
مامە یارەی لێ دێ و..
لەباخچەیەکی ساوایانی بەرلین
ناتوانێ بەبەرد بڵێ(شتاین)..
منااڵەکان دەورەی دەدەن..
وەك کۆمەڵێ بێچوە هێتلەر
وەك سابونێکی خوساوە...
سەیری دەکەن..
سیاسەتمەدارێکی دیل،
لە تاریکە کۆاڵنێکی شاری دبلن
پەساپۆرتەکەی ون دەکا..
چوار وەرەقەی سەد دۆاڵری بۆ گڕدەداو..
هێشتا هەر نایدۆزێتەوە..
کفتەیەکی سلێمانی
لەناو پیتزا و ماکدۆناڵدو کنتاکیدا
ڕەق هەڵدێت و
کەس نییە دەستی بۆ بەرێ...
ترخێنەیەك قوڵبەست دەکرێ و..
دەخرێتە ژێر میکرۆسکۆب و...





دەدرێتە دادگاو...
بەتیرۆریست ناوزەد دەکرێ..
ئەم تەسبیحە سی ملیۆن دەنکە...
ئەم گەردانە سی ملیۆن موروو... نقێمە..
ئەم فەقیانە سی ملیۆن سیم و..
سی ملیۆن نەخش و نیگارە..
چۆن واپچرا؟
تۆ مەڕۆ.. مە...
کۆڵەکەیەک بخەرە بن میچێکەوە..
دەستت بخەرە ژێرسەری کیژێکەوە..
پێشان دونیا وادروست بوو..
پاشان دونیا وا وێران بوو..
هەموو مانگێ...
سی دۆلارت بۆ دەنێرین
بابە نوئێل و...
نیو شوشە عەتری هیوگۆو..
یەک فەردە، جلە کۆنەی
کەنیسەکانت
بەئێکسپریس بۆ دەنێرین...
بۆت ئەخەینە ناو پاکەتی زۆر جوانەوە...
تۆبە تەنیا، بۆ خۆت بخۆ...
بۆخۆت بژی..
بۆخۆت بنوو
لەتەنیشت کوردستانەوە.

تێبینی: ئەم شیعرە لەشەشەمین فێستیڤاڵی
گەلاوێژدا خەڵاتی سێهەمی وەرگرتووە.

فەجرە لۆچەکانی کچێک

رۆژ هەڵەبجەیی

من کچێك گەرەکمە لەهجەی قەفەز،
لەهۆشی بااڵندە بتەکێنم و
لەزەتی گۆچان لەپاشکۆی عومرو
کڕێوەی چاوەڕوانی ،
لەهۆرژنی فیراق و
ڕێژنەی (با) لەلۆژیکی وەرین و
بژوێنی رۆژنامەی باران، لەقەڵەمی باڕێزە....
گەرەکمە.....پەرژینی تریفەو لاولاوی تەملیلە
لەپێدەشتی فەجرەکانی خەڵوەتا بچێنم و
رستێك پێکەنینیش بکەمە ملی ئەو
ئێوارە قاژرانەی تروسکەی فەجرێك نەبوو
لەدوو ڕکات بااڵدا،
بگەنە عەرشی خوا.....!
من کچی فەجرو هەردەم قولپی سپێدە
لە کارێزی پەنجەکانما خرمەی دێ...
خولیامە خوێنی ئەو خەمە چراوگیانە
لەناوچەوانی ئاسماندا پۆست کەم و
لەبناری شەوێکی لەرزیوەوە،



بیان دەمە دەست تەتەری قژی،
ئەو ئاسۆیانە کە پڕن لەمەعریفەکەسکەکانی
شەوی هەموو ئەو پێغەمبەرانەی
ڕەوانبێژییان تەڵخ کرا،
بەموتاڵای هەڵمی خۆڵەمێش و
بەتەم نوسی راست و چەپی،
عورفی غەدرو...
بەئایدیای هەڵاوی ڕەقی،
ئەو هەمیشە عەقیدانەی لە هیچا،
چوونەوە سەرزیکری هیچ...
لەچ قوژبنێکی ئازارەوە بدوێم ئەی خەتا...
دیسان بانەچمەوە سەر
فەجرەکانی ئەفسونگەری
درۆی دوو بورجی ڕیاو
شەریعەتی دوو خەیاڵ خەم ئێشە..!
دەستنووسی ئەم فەجرە لۆچانە،
چۆن پۆست کەم ئەی خەتا..
لۆچێ لەو دەستنووسانە
جیلوەی هەتاوێکی کەنەفتە لە فەلسەفەی جەورا
دوێنێ ئەو هەتاوەشەکەتە،
ئەسپەژنێك بوو..
نەگۆچان دەستی دەخوێندەوە،
لەفنجانی سەفەراو
نەپیرێتی لە پایتەختی عومرا،
مامەڵەی دەکرا..!
دوێنێ ئەو ڕێژنە ژنێك بوو..!
جەستەی لەئاوێنەی ئاوو هەواو هەتاودا

قەد ئەکردو جانتاکەشی پردەکرد
لەداگیرسانی دڵۆپێك ئاوو
ژەمێك هەناسەو
سەخاوەتێك ستیانی هەتاو!!
ئەی خەتا ئەو ژنێك بوو
کاتێك لێوەکانی فەجر دائەگیرسا..
پرمەی پەنجەکانی پرئەبوو،
لەپەشمەکی پێکەنینو دەچووە
ئاستانەی ئاتەشگەی شەهید
وەڵێ هیچ شتێك نەیبردەوە سەر
قاپی شەهادەت..
نەتقوسی بارانێکی گوولله،
لەپێکی پێکەنینێکی شەڕاو
نەقسەی تەرزەیەکی لۆمە،
لە لێوی لاولاوێکی لاژگاو
نەئیمامی تەزبێحە ترشەکان،
لەخوێنی خەتاییەکی خەڵوەتاو
نەگڤەی عەزابە کوێرەکانی نزا،
لەقامی قەترەیەك مشایەخاو
نەدوکەڵکێشانی گەڵایەکی چرا،
لەپاپی شەواو
نەنەزیفی سەحرا بەرینەکانی حەوسەڵەی مانگ،
لەراچڵەکینی برینو
نەسکوتی ئەو پەڕەسێلکانەی،
لەغروری کۆچا چەقینو
نەبەقانامەی ئەو کۆترانەی باڵەکانیان دڕان،
بەدەستی بوختانو



نەقەرسیلی ئەو گوڵە گەنمانەی،
خنکان هەر بە منالّیەوە چووبووە رەحمیان..
نەسیحری هەموو شەڕەکانی سوتماك
دارلاسیك پێش ئەوەی دەنوك بکا،
چۆڕەی بەردێ هەڵدا
درەخت سجیلی خۆی سوتاند..!! ئەی خەتا
ئەیخەتا ئەو ژنێك بوو هیچ شتێك
نەیبردەوە سەرقاپی شەهادەت..
هەرچەندە دەیزانی لەکێڵگەکانی پرچیا، چەکەرەی
زوڵمەت سەوزبووە..
هەرچەندە دەیزانی تەژنەی تیرۆر
زەنگوڵ، زەنگوڵ لەجەستەی دەخۆنەوە..
ئەو ژنێك بوو هیچ شتێك نەیکوشت
تەنها فڕینی چاوەکانی نەبێ ئاشنا،
بەڕاڤەی ئاسمانێك باڵی هەور گرمژن،
بەخەستی خیانەت..
تەنها فڕینی پەنجەکانی نەبێ یەقین،
بەقوڵفی دەرگایەك سوچی لێوەکانی
گرمۆڵەبوون بە راموسانی ئەو خشتانەی
مودمین بەخیانەت..
تەنها فڕینی هەنگاوەکانی نەبێ ئینتما،
بەنەعرەتەی قیامەتێك،
زەمهەریر تیایا دەکوڵاو
قوڵپی دەدا لەخیانەت..!

* * *

من کچێك لە لۆچی ئەم فەجرانەدا
ئیمارەتی ئۆقرەم لەدەست داوە..

چ شەهادەتێك چاوەکانم دەخوا

ئەی خودا.. ئەمە چ فەجری خەزەڵوەری خاچێکە؟

ملوانکە تیایا پەتی عومری دەخنکێ‌و

قیژەی هەر مورویەکیش دەکەوێتە

تەڵانی تەڵاقێك‌و

دەچێتە خولی خورافە‌و

جوگرافیای دیوارێك..

ئەمە چ فەجری فەنتازیای راهیبەیەکە؟

قەیرەیی بۆشکێ ترێ لەگۆزەیەکی شەرابا

رۆژووی دەشکێ‌و

رووسوریەکەشی دەپێچێ بەشەرەفی

تاڵێك لەگسک‌و

بەچرچی ناوچەوانی ئاگردانێك..!

ئەمە چ فەجری فەهۆی تەجریدێکە؟

وەرزی رووتبوونەوەی کانییەك..

لەپاڵتۆی ساڵ خوردەیەکا

ئاویلکەی ئاو دەشێلێ..

چ مەخسەرەیەکە پاڵتۆ؟!

خاڵی لەباڵای خواو

ساددییەت بەلەزەتەکانی کوفرو

مزەوەر بەفتوای تەبا

ئەمە چ فەجرێکە ئەی خودا..

* * *

من کچێك لەدوا فرسەخی ئەم فەجرانەدا..

زەینم دەچێتەوە سەر تنۆکێك خەو

وەلێ ناخەوم.. خەو دەنێرم بۆ منالێك

بالۆرەی شەڕ لەهێڵنجی هەڕاجێکی ئەنفالدا



چەپەکی لم چاندی.. مانگ دەبینم
لەناو پێخەفی لمیا باوێشك ئەداو
بەنوری باوەشێنێك،
گەرمی سەحرا دەوەرێنێو
لەدێرێکی ئەم فەجرەدا دەڵێم:
چەند مەلوولە مانگ
چەند کەڤاڵێکی کەسەر، کەسەرە
پروشەی پێکەنین لەلێوەکانی بادا رادەخاو
زەوقی نور دەباتەوە سەر فەنەری نالێن! !
چۆن بخەوم عاشقێك بێدارە..
پەرداخێك نسێ لەناوپەرجۆی
پەنجەکانیا دەلەرزێو
هزرەکانی رەشەبایش پڕ دەکا،
لەقولاّیی تورپەبوونو
لەودیو غەریزەکانی دیواریشەوە
تۆخ بەتەنهایەکی ڕەها..
لەکسپەیەکی ئەم فەجرەدا دەڵێم:
درەنگ کەوتمو عیشق ئینشایەکی پێنەنوسیم
لەسەر هەودایەکی ئەم فەجرەدا..
ریشۆڵەی خەیاڵم دەچرپێنێو خەبەردەدا:
کەی کات لە عیشقا رەواجی بووە؟!
بەعیشق بانگی تەجەللا بەپیاسەی شنیانی
سنەوبەرەکانی بەیانەوە دەپۆشینو
دڵیشمان پڕ دەکەین لەنەسیمی خوا!
لەپێچی ئەم فەجرانەدا.. چەند درێژە حوزن
تەرجەمەی ئەڵهای ئەم بەیانیەم،
پێ تەلەفوز ناکرێ..

پەنجەکانی بەرد کەی ئاو دەگرێو
کەی دەبێتە نەشئەی ساباتێك؟
ئەبێ گەیشتن لەبەرد بۆ مەحاڵبێ؟!
بەردیش خەڵکی ئەم نیشتمانەی منە
رۆژانە دەچێتە مەزراو
کەرۆێشکەی گوڵە گەنم ڕاو ئەکا..
دەچێتە خوازبێنی ئاسمانو
فڕینی باڵندە لەت دەکا..
ئیمزای سێ خڕکە تەڵاقیش دەچێتە،
دەفتەرە زراڤەکانی سەمای پەپوولەو
فامیدەی گوڵیش لەفوارەیەکی هەژمەتا
دەچێتە فۆرمی بێوەژن!
ئەبێ گەیشتن لەبەرد بۆ مەحاڵبێ؟!
لەسەر سفرەی باخچەیەك داوەت دەکرێو
کە دەستەکانیشی بەفڕین دەشوا
ئەوکاتە باخچە دەبێتە باوبژو باوێزە
هەناسەی خوێنی هەنارو
هەوری چەتری هەنجیرو
هانەی مەمکی هەڵوژەو
هەژانی هەرمێی دڵ دەچنێو
دەیانپێچێ بەپێچی سەودای سەبەتەیەك..!!
ئەبێ گەیشتن لەبەرد بۆ مەحاڵبێ؟!
بەردیش هاونیشتمانیەو، خەڵکی وڵاتی منە
وڵاتی من پڕە لەپێچی فەجرو فاتیحەکانی فەنا..
پڕە لەپێچی خوێنو حیکایەتەکانی خەم..
پڕە لەپێچی شەوو گریانەکانی شەم..
پڕە لەپێچی ئەو ئاوە وشکانەی

چۆڕەیان دێ لەتکەی تاریکییا..!

من،من،من کچێك دەچمەوە سەر رەگەزی

عادەتی درەختێك

هۆشی بەهێشوە ترس دەپێچێو

قەدو هەڵماقۆکانی سنگی،

بەموتوربەی قومێك خەمو تاڵێك لەخوێن

چڵی قژی قەفەس دەچنێو

گەلای دڵی بۆڵ، بۆڵ گریان..!

من،من،من کچێك دەچمەوە سەر قیژەی ژنێك

ئالودە بەئارشیفی قەرەبووتو

مەعشوق بە هەتاوێکی کەنەفتو

دیوانە بە دۆعاکانی موناجاتو

شەهید بەخەتاکانی خیانەت..!!

من،من،من هاڕەی هاواری

فەجرە لۆچەکانی کچێك..

تێبینی:

قاژر: گرینۆك

گرمژن: دەنگی ناڵە، تەقینەوە

هۆرژن: دەنگی گریان، شەپۆڕ

پەرجۆ: معجزە

ساڵخوردە:پیر، بەتەمەن

فەهۆ: شەرم

هانە: کانی، سەرچاوە

سلێمانی – ٠٠١/٦/١٦

تێبینی: ئەم شیعرە لەشەشەمین فێستیڤاڵی

گەلاوێژدا خەڵاتی سێهەمی پێ بەخشراوە.

ئەلبومی شەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ





گەلاوێژی ژمارە (٣٠)

یادەوەری سێبەرێکی کۆڕاو

عەباس عەبدولڕەزاق

سەردەمێکە لەپێش ئەم دەرگایە دام، بەدرێژایی تەمەنم ترسم لێی بووەو چاوەچاوی کرانەوەی بووم. تەقەی گوللەیەک، هەموو چاوەڕوانییەکانمی ڕەواندەوە. دەرگاکە جیرەی جیرەی پێکەوت.. وردە وردە کرایەوە، لەپشتی سەرمەوە، ڕووناکییەکی تیژ بەدرێژایی تەمەنم جێدێڵم، وردە وردە لەناودرزی ئەم دەرگایەوە ونیدەکەم. قوڵاییەکەی ئەودیو دەرگاکە هەڵێئەلوشیو ناهێڵێ بەئاستەمێکیش بڕکا.

هەمیشە سێبەرەکەم بەپێچەوانەی ڕووناکییەوە لەگەڵمدایەو پێشمدەکەوێ؛ بەڵام ئەمجارەیان، بەتەنیا هەرخۆم لەم دەرگایەوە دەچمە ژوورەوەو سێبەرەکەم جێدێڵم. هێندەی پێناچێ دەرگاکە دادەخرێ، منیش نوقمی تاریکی دەبم، ئیدی هیچ سێبەرێ هاودەمم نابێ، دەبێ لەودیوی دەرگاکەوە سەرگەردانی بیرەوەریەکانم بێو بەدرێژایی تەمەنمدا بچێتەوە.

لەیەکەم گڕوگاڵمدا، سێبەرەکەم لەسەر دیواری تەنیشتی لانکەکەمدا بەدەستڕازەیەک دەبەستڕایەوە، یان هەندێ جار سێبەری مەمکی دایکم بەگەورەیی لەتەنیشت سێبەری لانکەکەمەوە بوو، منیش ئەو شەهوەتەم دەچێشت. بە بچووکی دوورتر لەچراکە، سەرگۆی مەمکیم دەمژیو شەهوەتەکانم پێی دادەمرکاندەوە.

ژۆرجار لەم شەقامو کۆڵانە تەنگەبەرانەدا، کراسێکی کودەری کورتیان لەبەر دەکردین. قاچە باریکەکانمان لەئەژنۆ بەرەوخوار، وەک دوو لولە شمشاڵ، بەڕاکردن ئەمسەرو ئەوسەرمان دەکرد، سێبەرەکەم بەدارو دیوارو دەرگاو پەنجەرەو شۆستەو جامخانەی دوکانەکاندا دەکێشا، ژۆرجاریش لەدەرگاکانی سااڵنی مێژوومدا جێگیردەبوو، دەنگوباسی شێخێک لە دووتوێی سێبەرەکەمدا تۆماردەکرا. ژۆرجاری تر دەنگی زرمەی پۆستاڵە بەکۆمەڵەکان، تێکەڵ بەزرمەی سمی ئەسپی تەتەرە ڕوسەکان دەبوو، هەندێ جاریش تیشکی چاوی شینی ئەڵمانیەکانم لەخۆ هەڵدەکێشا. لەنێو ئەو هەموو ئاڵۆزییەدا، سەری سێبەرەکەم لەناو نوشتە خورافییەکانی ئاڵی عوسماندا دەپێچرایەوە، کە تا ئێستاش بۆم نادۆزرێتەوە.

کەمێک هەراسان بووم، سێبەرەکەم پێش خۆم لە ئەلفوبێی خوێندندا جێی خۆی کردەوە. لەنێو کلاسەکەمدا فێردەبوو، لاسایی منی دەکردەوەو ئێستا بەبێ سێبەر لەم دەرگایەوە چوومەتە

ژوورەوە، ئارەزوویەکی زۆر لەلام پەرەدەسێنێ، دەمەوێ سێبەرەکەشم لەگەڵمدا بێو هیچ شتێکم لەو تەمەنە بەجێنەمێنێ، هەمووی لەناو ئەو تاریکییەدا نغرۆببێ.

هیچ سێبەرێ لەپشتی ئەم دەرگایەوە نییەو پێش منیش نەبووە، هیچ کەسێ پێش من پیایدا تێنەپەڕیوە، جگە لەم جارە، هیچ جارێ نەکراوەتەوە، بەدرێژایی تەمەنم هەوڵمداوە نەکرێتەوەو لێی نزیک نەبمەوە. ئەوەتا بەسێبەرێ دەمانچەیەکو دەنگی تەقەی گوللەیەک دەکرێتەوە، ئەودیو دەرگاکە بەشێوەی سێبەرەکەم رەش و تاریکە.

واهەستدەکەم سێبەرەکەم بەدەروازەی تەمەنمدا تێدەپەڕێت. پێم سەیرە ئەم شەقامو کۆڵانە تەنگەبەرانە، بەشێکی زۆری نەهامەتیەکانی سێبەرەکەم لەئامێز دەگرن. هەندێ جار سێبەرەکەم ئەوەندە بچووکو بێ بەها دەبوو، تا دەگەیشتە ئاستی پێڵاوەکانم، هەندێ جاریش لەچرای کۆڵانەکان دوور دەکەوتمەوە، تا سەرەکەم بەدیوارەکاندا هەڵدەکێشا، لەچاوم ون دەبوو بێ سەردەمامەوە.

کاتێ بەشەقامەکاندا تێدەپەڕیمو سێبەرەکەی دەستم هەندێ نامەی (چوکلێتیی) تیادابوو، بەخێرایی رامدەکرد، ئەویش ئۆقرەی لێدەبڕاو بەچواردەورمدا دەخولایەوە، جارێک بەدیوارێکدا، جارێک بە شۆستەیەکدا پاندەبووەوەو هەندێ جاریش درێژ درێژ بەشەقامەکاندا رادەکشا. کاتێک رووناکی تیژی چراکان بەرمدەکەوت، سێبەرەکەم رەنگی کاڵدەبووەوە تا لە خۆڵەمێشێ دەچوو. کە رووناکییەکی کز بەردەمدەکەوت، ئەودەبوو بەرەشێکی قەترانی، وەک بڵێیت لەکاتی ژواندا لەکلی چاو بەنازێک هەڵیگرتبێ.

کاتێک دڵم بەخورپەی خۆشەویستیی هەڵدەفڕی. ئەو لەنێویدا چەکەرەیدەکردو بەقەوارەی خۆمدا هەڵدەزناو گوێبیستی ترپەترپی دڵم دەبوو، سەرمەستو بێئاگای دەکرد. ئەبووایە لەقرچەی گەرما، لەکاتی خورما گەیندا، بۆ چاو بازییەک کۆڵانەکان تەیبکەم، ئەو رەنگی قاوەی سوتاوی دەگرتو خەڵک بەسەریا تێدەپەڕین، نەخشەی ژمارەی پێڵاوەکانیان، بەنێو چاوانیا دەنەخشرا. کاتێ رادەوەستامو مەستی سەیرکردنی ئەو کچە چاو خورماییە دەبووم.. سێبەرەکەم بەهێمنی ژمارەی شوێن پێکانی پاکدەکردەوە، کە سەیریدەکردم، وردە وردە رەنگی رەشێکی مۆر هەڵگەڕاوی دەگرتەخۆ، وەک ناخی ئەوسای من تێرادەما. کاتێ دەمم لە لێوەکان نزیکدەبووەوە، ئەو شاگەشکە دەبوو دەمی لەسێبەرەی مێینەیەک نزیکدەبێتەوە، تێکەڵدەبوونو ئێمەیان فەرامۆشدەکرد، ئەو عەشقە لە کەللەی سێبەرەکەمی دەداو بەڕاکردن لەنێو کۆچەو باخەکاندا تێدەپەڕی، بەر هەنارو تریێو خورما دەکەوت. هەرکە لەو عەشقە تێپەڕبوو، بۆنی خاک بەلوتما هات، سێبەرەکەم بینی لەسەر تەختەی شانۆکان بەتەنیشتمەوەیە، بە کەوالیسەکانەوە بوو، منیش گۆرانی رێگای ئازادیم دەچڕی. ئەو بە جولەکانی خۆم دەجولایەوە، پێی دەوتم:

—ئاگات لێبێ؛ گەر لێرەوە رێ هەڵگریت، زیندانو ئەشکەنجەی لەدواوەیە، هێندەی نەبرد، کەلەپچەیەک بەدەستی سێبەرەکەمەوە بوو، دوو سێبەری پۆستاڵ لەملاو لەولایەوە دەڕۆیشتن. سێبەری شیشەکانی دەرگای زیندان بەرامبەری کرایەوەو بەرەو سەرەوە هەڵکشان. سێبەری قفڵێکی گەورە، بەئەندازەی هەموو مێشکم، بەسەر زەویەکەدا پانبووەوە، پاش کەمێکی دی، سێبەرەکەم لەنێوان دوو ستووندا بە پەتێک هەڵواسرا.



ئیدی بەیەکجاری لەسێبەرەکەم دادەبڕێم، بە تەنیشتمەوە نابێو بە پرسیارەکانی بۆ ژۆم ناکا.

چیدی پێم نالێ:

—ئاگات لێبوو چەند لەو دەرگایە دەترسایتو دەتویست ببینی بکرێتەوە. بەڵام پڕبەدڵ حەزتدەکرد هەر بەداخراوی بمێنێتەوە؟.

ئێستا سەرو ریشت سپیبووە، دەموچاوت چرچو لۆچ، منیش هەر وەکو خۆم سێبەرێکی سافولوسو رەشی قەترانی. بەپێی گۆڕانی قەوارەی تۆ دەگۆڕێم، تۆ روونا کی هەر رەنگێکت بەرکەوێ ئەو رەنگە دەگریت، من هەمیشە ئەو رەنگە رەشەم، یەک مەودام هەیە، لەقەوارە بەدەرمو قەوارەکانی تەمەنی تۆ لە خۆدەگرم.

لەپڕ لەودیوو دەرگاکەوە هاوارم کرد:

—کوا سێبەرەکەم، کوا سێبەرەکەم، سێبەرەکەم؟

تەنیا لەتاریکیدا سێبەرەکەم نابینم. بەڵام هەمیشە لەخاڵێکەوە تەواوکەری من دەبێ، بەپێچەوانەی روونا کییەوە لەبەرچاومدا بەرجەستە دەبێ.

ئێستا لەپشت ئەو دەرگایەدایە، هەستمپێناکاو لەناو زەلکاوی تەمەنمدا مەلە دەکا.

پێش ئەوەی دەرگاکە بکرێتەوە، لەمشتومڕی ژیانی خۆمدا بووم، هەستمدەکرد چیدی ئەم ژیانە مانای نییەو نەبووە. هەموو تەمەنم لەپشتی ئەم دەرگایەوە وێڵی پرسیارێك بوو، وەڵامی دەستنەکەوت. لەقوڵایی بێزاریمدا سێبەرەکەم بینی، بەلاچاوێك سەیرمکرد دەمانچەیەکی بەدەستەوەیە.

سێبەرەکەم لەتەنیشتمەوە کڵاوو جامانەیەکی سفتو تۆندی لەسەرکردووە، تفەنگێك بەشانیەوەیەتیو سێبەرەکانی تر بەدوایدا رێچکەیان بەستووە، لەژێر تیشکی مانگەشەودا، بەقەد پاڵی شاخەکانەوە، بەتەنیشتمەوە دەڕۆن. ئەوترسو دڵەڕاوکێیەی لای من هەبوو لەسێبەرەکەشمدا

بەدیدەکرا، بەر بەردو دارو دەوەنەکان دەکەوت. لەپڕا بە مەتەرێزێکدا تێدەپەڕیو پەلاماریدەدا. هەندێ جار بەئەندازەی چاوتروکانێك لەبەر تیشکی گوللەی تفەنگەکەم دیارنەدەما. جار جارەیش کە دەگەڕاینەوە، سێبەرێك بەسەر شانمانەوە لار دەبووەوەو لەگەڵ مردنی جەستەکەدا، ئەو قەوارەی مردنەکەی وەردەگرت.

ئەوەتا لەودیوی دەرگاکەوە بێسێبەرم، سالانێکی دوورو درێژ لەبەردەم ئەو دەرگایەدا چاوەڕوان بووم. تەنیا سێبەرەکەم نەبێ، هەموویان بەجێیان هێشتم، هەرچۆنێك بجوڵامایەوە چاودێری دەکردم، هەمیشە وەك دەرگاوانەکەی (کاف)[1] راوەستابوو، بەزمانێکی شیرین بەقەوارەی خۆمدا هەڵدەکشاو تێیدەگەیاندم؛ دەبێ چاوەڕوانبم تاوەکو ئەم دەرگایە دەکرێتەوە.

تەمەن دەمگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمانی قەدەغەبوونی سێبەرەکانمانو نەبوونی رووناکی، ئەو کاتانەی لەنێو (سپیری) ئەڵمانەکان، سمێڵی بادراوی روسەکان، پۆستاڵی سیخەکانو پێی ئینگلیزەکاندا وندەبووین. هەندێ جار رەوی بەکۆمەڵ بەناوی (سەفەربەلەك)[2]، یان (ئەو چاوانەی سەردەمێکە خەریکن بیانکوژن)[3]. شەبەقێك لەروناکی لەو کەللە سێبەرەدا بەدەردەخا، کە بەدرێژایی مێژوو بۆیان ناشاردرێتەوە. شۆڕشە سێبەرێك بەرپا دەبێ، پۆستەرە سێبەرێك بۆ شێخی مەلیك دەکری. لەو سێبەرەوە گوێم لەبانگی حەق بوو.

هەرکە سێبەرەکەم لەدەرگاکە نزیکدەبووەوە، ئارەزوویەکی قوڵ بۆ کردنەوەی لەلام دروستدەبوو. بەڵام لەپڕ دەستە سێبەرەکان بەرزدەبوونەوە، زۆرتر دەبوونو بەدیوارەکانی مێژووی تەمەنمدا هەڵدەواسران. ئەبووین بەدەسەڵات، بەڵام دەسەڵاتێکی قێزەون، لەزەتمان لەچەپۆك پیادانی یەکدی وەردەگرت، هەر خۆشمان جوانی سێبەرەکانمان ناشیرین دەکرد، سێبەرەکەم کوا.. کوا سێبەرەکەم؟

من بزانم سێبەرەکەم لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکاندایە، سەرگەردانی نێو بەرنامەکانی ژیانی دۆڕاو، مێژووی دۆڕاو ئارەزووی دۆڕاو..دۆڕاو....

ئەوەتا، سێبەرەکەم دەمانچەیەکی ڕووەو سەری ڕاگرتووە، دەستی سێبەرەکەمو پەنجەی لەسەر پەلەپیتکەی دەمانچەکەیە، وردە وردە بەترسەوە دەیچرکێنێ.. گڕێکی سور لەسەر دەرگاکە دەرکەوت. لەسەر دیوارەکەی تەنیشتمەوە سێبەری پەرژەی خوێنو پرزوڵە گۆشتی مێشکی سەرم دیاربوو.

دەنگی جیرەی دەرگاکە بەگوێما هات، وردە وردە کرایەوە. ئەودیوی دەرگاکە تاریکییەکی ئێجگار قوواڵە، بۆ یەکەم جارە سێبەرەکەم وەك پاسەوانەکەی (ك)، لەبەردەم دەرگاکەدا ڕانەوەستاوەو بەناو خوێنی سەرمدا پان دەبێتەوە.

دەرگاکە دادەخرێت، بۆ یەکەمجار من لەسێبەرەکەم جیادەبمەوە.

تێبینی: ئەم چیرۆکە لەشەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتی یەکەمی پێ بەخشراوە.

١- (ك) : قارەمانی ڕۆمانی، دادگاییەکەی کافکا.

٢- ئەو کوشتارو ئەو زوڵمەی لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا بەسەر کوردەکاندا هات.

٣- بەپێی ڕاپۆرتی مافی مرۆڤی جیهانی سەر بە (UN)، لەزیندانەکانی بەعسدا، چاوەڵکۆڵین یەکێك بووە لەشێوازەکانی ئەشکەنجەدان کە شەهید سەلام لەو زیندانیانە بوو چاوی هەڵکۆڵرا. لەمێژووشدا چەند جارێك داگیرکەرانی کوردستان بەرامبەر کورد بەکاریانهێناوەو بەکۆمەڵ چاویان هەڵکۆڵیون..

فرێ یەعنی فریشتە

سەحەر رەسایی

فرێ تۆ کەوتیتە دوای تامی هەنارو من کەوتمە دوای رەنگو ماناکەی. دەنگی زکری دەرۆیشەکان، نایەڵن گوێم لەهەناسەکانت بێ. جاران باش هەناسەکانتم ئەناسی. لەبیرتە فرێ وتمان دانیشە بەلای منالەکانتەوە، چەند بەویقارەوە توتنەکەت پێچایەوەو سەرت هێنایە پێشەوە، وتت "دەنگی زیکری دەرۆیشەکانو لورەی سەگەکانو هەناسە رەشەکانی عەبە لە کاتی جوت بوونا، خەریکە ئەمکوژێ، لێم گەڕێن." کە سەیری بریقەی چاوەکانتم کردی زانیم ئەکەویتە داوی خولیاکانت. لەو رۆژەوە کە بۆ یەکەم جار لەو ژێرزەمینەدا تۆم بینی فرێ، کە پڕبوو لە کاکلە گوێز، پڕبوو لەڕەنگ، پڕبوو لەنهێنیو بنی هەر بەردێکی هەزار یادگارو نامەی تۆی تیا بوو، ئەمزانی ئەکەویتە دوای تامی هەنار. بەپیز دائەنیشتینو گوێزمان پاك ئەکرد، دایکت هەموو شەوێ لەبەشی خۆمان گوێزێکی لێ ئەبڕین. جوان لەبیرمە تازە مەمکت کردبوو، تۆ تاکە کچێك بوویت نەشەرمت لەرووانی مەمکت کردو نە لەسووری دەرپێکەت. لەناو دوانزە کچدا تەنیا تۆ لێوت بەتوێکڵی گوێز سوور ئەکرد. تۆ هەمیشە بێ ترس لەسەمین لێوت سووربوو، سوور وەك رەنگی هەنار، دڵت بەهەموو شتێ خۆش بوو، خۆش وەك تامی هەنار. گۆرانی وتنو قاقای پێکەنینت، بریقەی چاوە پڕ لەکلەکانت، سەیریچاوت ئەکەم، وەك ئەو شەوانەی تۆم لێ دێت کە لەگەڵ عەبە ئەخەوتیو لووڕەی سەگو دەنگی دەف پڕیان ئەکردی لەتەنیایی‌و مەرگ. ئەم چاوە زەردانەو رەشیی ئەوچاوانە لەکوێ، خۆزگە پێکەوە جارێکی تریش بەدزی دایکتو سەمینەوە گەنمەکانت ئەگۆڕیەوە بەهەنار. ئەو رۆژەت لەبیرە کە سەمین جامە گەنمەکەی بینی؟ وەی وەی چی پێ کردی، قیژاندی:"تازە گەورە بووی، ژنو نەوسیان نەوتووە، تۆ عاقیبەت قەحبەیەکت لێ دەرئەچێ خۆم ئەزانم! قەحبەی چاوباشقاڵ." بەیانی دیسان داوێنت پڕ کرد لەگەنمو گۆڕیتەوە بەهەنار. ئاھ ئەمە کەی ئەو دەستانەن کە جگەرەت پێ ئەپێچایەوە. بۆنی ئەلکول ئەمباتەوە بۆ تامی ترشی هەڵۆژەکانی باخەکەی کەڕە، چەند چڕ بوو سێبەری دار گوێزەکان، چەند ساردبوو مەلەی ناو هەسێڵەکە. تەنیا تۆ بەڕووتی مەلەت ئەکرد، فرێ تۆبوویت بە دایکو پڕبوویت لەنهێنی ژانو تەڕی شیری مەمکەکانتو لە منالەکەت زیاتر بۆنی ساوایەتیت لێ



ئەهات. عەبەی داماو هەمیشە غەمگین بـوو، ئـەیزانی تۆ لە تاو تامی هەنارو خولیـای ژنێتـی خـۆت لـەبیری ئەکەیت. فرێ تۆ هەموو پیاوەکانت لـەبیرکرد ئـەگینا ئاوات نەئەکرد. تۆ منالّیەکانت لەژێرزەمینەکەی مالّی بـاوکتدا جێهێشـت، ئـەگینا دەسـتەکانت ئاوایـان بەسەرنەئەهات.فرێ چۆن بوو توانیـت تـەپی شـیری مەمکت لەیادکەی، بیرتە کـە مـەمکت ئـەجولاّ شـیرت بەمنالّەکەت نەئەدا تا ئەخوسای تاشیر بەلارانـەکانتدا ئەهاتە خـوارەوە. تـا دیسـان گوناهـەکانت وەك کـالّ بوونـەوەی رەنگی لێوت کـالّ ئـەبۆوە تـا دلّـت وەك زەمیلـەی هـەنار فرۆشـەکە خـالّی ئـەبۆوە، خـالّی لـە لـووڕەی سـەگو دەنگـی زیکـری دەرویـشو هەناسەکانی عەبە، خالّی لە قیژەی سـەمین، تاکاتـێ کە بۆنی منالّێکی بۆدرە کراوت لێ ئەهات. هەر لە ژێر زەمینەکەدا پێم وتی:"تۆ لەو ژنانەیت گـەر مالّەکـەت لـە سوتوە جگـەرەی پیاوەکـان خـالّی بـێ، تووشـی سەرئێشە ئەبیتو ئیتر تا ماویت تـامی هیـچ هـەنارێ ناکەیت" سەیری قژت ئەکەم، هەمیشە ئەتوت بەقژی دریژەوە چێژ لەخەوتن نابینم. لـەو رۆژەوە کـە قـژت دریژکردەوە زانیم ئاوات بەسـەردێ. زانیـم بەتـەمای برۆیتەوەو بەپووتی تا ئەبەد لەهەسێلّەکەی باخەکەی کـەڕەدا مەلـە بکـەیت، تاهـەموو ئـەو پیاوانـەی کـە خۆشیان ئەویستی ئەوەندە جگـەرە ئەکێشن کـە لـە دووکـەلّی جگـەرەکانیاندا ئـەخنکێنو وەك هـەنار ئەکەونە سەر هەسێلّەکە. ئەوکاتە تۆ هەموو شتەکان دادوەرانـە بـەش ئەکـەیت. ئـەوە بریـنێکی تـر تـەقی فرێ، ئەم ئاوە زەردەو فرمێسکە گەشـەکانت کـەی لەیەك ئەچن؟ ژوورەکە تابێت بۆنی ناخۆش ترئەبێت. بەدەست خۆم نییە، هەموو شتە ناشرینەکانی ئێستا ئەمبەنـەوە بـۆ جوانیـەکانی رابـردووی تـۆ. بۆنـی رێحانەی لەچکە ناسـکەکانتو بۆگـەنی ئـەم بریانـە لـەکوێ، نـارنجێتی ئـەو لێوانـەو رەشـی ئـەم لێوانـە لەکوێ، دادوەری ئەو دەستانەو زالّمی ئەم دەسـتانە لـەکوێ، میـهرەبانیو مەعصومیـەتی ئـەو دلّـەو تووڕەیـیو ناپاکی ئـەم دلّـە لـەکوێ، ئا ئا، ناپـاك، ناپاك وەك زەمیلەی هەنار فرۆشەکە ئەو رۆژانەی کـە

هەنارەکانی لەباخی بێوەژنــە بــێ خولیاکــان ئــەدزی، که غــەدری لێ ئــەکردی‌و گــەنمی زۆری لێ ئەســەندی‌و هەنارێکی تەپیوی ئەدایتێ، ناپاك وەك ئەو پیاوانــەی بەپاکی ئەچوویتە باوەشیان‌و ناپاك ماچیان ئەکردی، فرێ ناپاك وەك بۆگەنی شەهوەتی پیاوێکی ناشــرین. دەنگــی دەفەکــە تــابێت زۆرتــر دێتــە گوێــم، لــووڕەی ســەگەکان تــا بێت زیــاتر لــەرزم لێ دێنێت، بیســتنی هەناســە ڕەشــەکانی کــاتی جــووت بــوون زیــاتر پــڕم ئەکات لەقورسی‌و بێ دەنگی مەرگ. بۆ وات کرد بــۆ، بۆ بــەڵێنت دا خیانــەت لــەتامی هــەنارو قــژی کــورت‌و نارنجێتی ڕەنگی گوێزو تــەڕو بڕی شــیر بکــەیت. بــۆ خیانەتت لە پیاوە هــەنار فرۆشــەکانی دنیــا کــرد، بــۆ وەڵام نادەیتەوە، بۆ دیفاع لە دەســتەکانت ناکــەیت‌و نــاڵێیت دەســتی تــۆو دەســتی کــابرای هــەنار فــرۆش لەیەك ناچن، بۆنی ڕێحانەکانی تۆو شــەهوەتی پیــاوە ناشرینەکانی دنیــا لەیــەك نــاچن، ئــاوی هەســێڵەکەی باخەکەی کەڕەو ئاوی ئەم بریانە لەیەك نــاچن، ئــەو شقارتانەی دات ئەگیرســاندو ماڵەکــەت پــڕ ئــەکرد لەروناکی مۆمــە بەنەوشــەکان‌و گــەرمای ژیــان‌و ئــەم شقارتە مەرگاویە، لەیــەك نــاچن، بــۆ شــتێ نــاڵێی بــۆ زووتر نارۆیت‌و خۆت فرێ نادەیتە هەســێڵەکە‌و لــەژێر دار گوێزێکدا، بــۆ ئەبــەد حەکایــەتی پــڕ لــە گونــاهو خیانــەتی پیاوەکــان بــۆ ماســیەکان بگێڕیتــەوە، حەکایــەتی غــەدرەکانی دایکت‌و بڕینــی هەرشــەوەی گوێزێ لەئێمە، حەکایــەتی یەکــەم ڕۆژی گۆڕینــەوەی گەنم بەهــەنارو تــامی موقەدەســی هــەنار، حەکایــەتی خەڵــەتاندنی کــابرای هــــەنار فــــرۆش‌و جوانــــی زەمیلەکەی، حەکایەتی ماچە نەرم‌و نیانەکانی خۆت‌و زبــری سمێڵــی پیاوەکــان، حەکایــەتی جــێ هێشــتنی عەبەو هەناسە ڕەشــەکانی‌و دەنگــی دەفــو لــووڕەی سەگ. حەکایەتی نامەکانت لە درزی ژێر زەمینەکەدا، حەکایــەتی بینینــی یەکــەم خوێــن، بیســتنی یەکــەم قەحبە، ئازاری یەکەم شەق، گەرمای یەکەم شقارتە، زریکــەی یەکــەم منــاڵ، یەکــەم مەلــەو یەکــەم جــامی ســاڕێژ لەگــەنم. دیســان لــووڕەی ســەگەکان‌و دەنگــی دەفەکان‌و زکــری دەرونێشــەکانی ســەر نژمــار. وازم لاّ نــاهێنن دیســان چــاوی حەپەســاوی مـــن‌و بریـــنــە زەردەکانی تــۆ. مــەمکت لــەبری شــیر کێمــی لێ دێتــە دەڕەوە. دکتۆرەکــە دێــت. وام بیســت کــە گوایــە دەمێکە مــردووی. ســەگەکان پــەلامارم ئــەدەن‌و وەك ئەوان ئەلوورێنم. نــازانم ئــەگریم یــان نــا، بــەڵام بــاش ئەزانم کە ئەڵێی لەسەهۆڵ بەندانێکا، خۆم کردووە بە هەسێڵەکەی باخەکــەی کــەڕەدا، بــاش ئــەزانم لەشــم بریــنــارە، بریــناری جــێ دیــانی ســەگەکان، هەناســــەم ســوارە وەك شــەوانی جــووت بوونــت لەگــەڵ عەبــەدا. حــاڵم لێ هــاتووەو ڕۆحـــم پـــڕە لـــەزریزەی دەف. ئەیانەوێ بتشۆن، دوای چی کــەوتوون؟ چــی ئەشــۆن ئەیانــەوێت داتپۆشــن، ســەیرە ناتناســن نــازانن جلــی دنیات لەبەرکەن هەر ڕووتی، ڕوت وەك ئەو منالاّنــەی لەداوێنت ئەکەوتنە خوارو پڕبوون لەتازەیی‌و تڕپــەی دڵیان ڕۆژە ڕێیەك ئەڕۆشــت. ئــاھ فــرێ چــەند حــەزت لەیەکــەم گریــانی منــاڵ بــوو، ئــەتوت "هیــچ شــتێ ئــەوەندە ڕۆحــم پڕناکا لەمۆسیقای ڕەهــایی" بــۆت بکرایە هەموو ڕۆژێ منالێکت ئەبوو. تۆ کەی هــەرگیز بەجلــەوە مەلــەت کــردووە؟ نایــەلّم، ئــەلّێم ئــەبێ بەڕووتی هەلّیدەینە هەسێڵەکەوە. پێ ئەکــەنن. فــرێ ئەمانــە کێــن؟ ئەمانــە لەنـــەژادی پیــاوە سمێــڵ زبرەکان‌و من‌و تۆش نەرم وەك لێو، ڕوون وەك ئــاو، سپی وەك شیری مــەمك، ســوور وەك هــەنار، بــۆن خــۆش وەك گــەڵای گوێزیــن. بیرتــە ئــەتووت:"هــەر پیاوێ ماچ ئەکەم، ئەڵێ ئــەزانی تــۆ یەکــەم ئافرەتــێ بووی دەمی تامی گەڵا گوێزی تــەڕی ئــەدا. نــازانم بــۆ عەبە هەرگیز بەم نهێنییەی نەزانی؟".

با هەر بڵێن. با سەمین هەربڵێ بەمردوویش قەحبەیت. لێیان گەڕێ باهەر دەنگیان لە لورەی سەگ بچێ، گوێی منو تۆ پڕە لەمۆسیقای رەهایی. دکتۆرەکە ئەڵێ:"ئەبێ بەپارە بیبەنەوە" ئای لەم بەدبەختیە، فرێ مەرگیش بەپارەیە، منو تۆ هەرگیز ئارام نابینەوە، منو تۆ ئاوین، هەر ئەڕۆین، سی رۆژە مەیتەکەت لێرەیە، سەمین هەڵئەسێتو دائەنیشێ:" ئەڵێ قەحبە لەکوێم بوو. هەموو باخەکەی کەڕەش بفرۆشن، بەشی ئەوە ناکا تۆ لەم مەیتخانەیە ببەمە دەرەوە." هەر ئەتبەمو ئەتخەمە هەسێڵەکەوە، لەوێش نائارام، تا ئەبەد حەکایەتی یەکەم ئۆرگازم، یەکەم سەگو یەکەم دەف، یەکەم پیاوو یەکەم عەشق، یەکەم سووراو، یەکەم رووت بوونەوە لەبەردەم ئاوێنەکاندا، حەکایەتی ئاخرین خەمێ وای بەسەرهێنای، حەکایەتی ئاخرین خیانەتێ دڵو دەستت لێیان کردی، حەکایەتی ئاخرین شقارتەی کە کردتی بە خەڵوز، حەکایەتی ئاخرین هەناسەو ئاخرین روانین، حەکایەتی بینینی یەکەم تەپڵەکە جگەرەی خاڵیو یەکەم تەنیایی ماڵەکەت، حەکایەتی ئەو هەنارانەی تامیان نەبوو، حەکایەتی لەبیرکردنی پیاوەکانو سووتانی دڵت. دەی فرێ، ئەمەش هەسێڵەکەو سێبەری چڕی دارگوێزەکان، دەی وەك پەریەکی دەریایی ببە بەدایکی ماسیەکانو لێرە بەئارامی، حەکایەتی خوێنو پیاوو مەرگ بۆ ماسییەکان بگێڕەوە، فریشتە.

۲۰۰۲/۱/۲

تێبینی: ئەم چیرۆکە لەشەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتی یەکەمی پێ بەخشراوە.

گەلاوێژی نوێ

(سەید خمیس)ی دانەری کتێبی (القصص الديني بين التراث والتأريخ) ئەم کتێبەی پێشکەش بە باوکی کردووە لەو رووەوەی کە ئەمی فێرکردووە کە هەموو ئاینەکان رێگای پیرۆز جۆراو جۆرن بەرەو خودا. دادپەروەری، خۆشەویستی و بەزەیی بۆ بەشەر هەر بۆیە سەید بەوەوە نەوەستاوە بەجۆرێکی تر تەنها هەندێك لایەنی ئیسلام بەدیدێکی نوێوەو هەموویخوێنێتەوە بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ موساو عیساو ئایزو پێغەمبەرو بتپەرستی لای عەرەبی پێش سەردەمی ئیسلام. زۆر بەوردی لەسەر چەند شتێك دەدوێو بەمەبەستی دۆزینەوەی لایەنی کپبوو لەمێژووی ئاینەکاندا خوێندنەوەی جیاتر پێشکەشدەکات. رەخنە دەگرێت بەڵام تۆ هەستناکەیت کە لەڕەخنەگرتنەکەیدا ئەو شتە پیرۆزانە رەتبکاتەوە کە لە ئایینەکاندا هاتوون بەڵکو بەپشتبەستن بەسەرچاوە مێژووییەکان بۆ دۆزینەوەی رووپەکی تر چالکاریی زانستی خۆی دەکات. سەید ئامازە بۆ ناوی پێغەمبەرێك دەکات کە پێش ئیسلام لەناو عەرەبدا دەرکەوتووە ئەویش (خالد بن سنان العبسی)یە کە هەندێك لەسەرچاوەکان دەڵێن لەو سەردەمەدا ژیاوە کە دەکەوێتە نێوان داگیرکردنی ئێران لەلایەن ئەسکەندەرو دروستبونی دەوڵەتی ساسانییەوە. هەندێکی تریش بۆ سەردەمی تر دەیگەڕێننەوە موعجیزەیەك لەو پێغەمبەرە دەگێڕنەوە کە گوایە ئاگرێکی تووشی سەرسووڕمانبوون وایان لێهاتبوو وەك مەجوس بیپەرستن خالد بەدارعاساکەی ئاگرەکەی شەقکرد. هەر سەید خمیس دەڵێ چەند سەرچاوەیەك ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کچەکەی خالد سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامی بینیوەو باوەڕی پێکردووە. هەروەها دانەر ئاماژە بۆ پێغەمبەرێکی تری عەرەب دەدات پێش ئیسلام ئەویش (حنظلة بن صفوان)ە. ئەگەرچی ئەم کتێبە لەهەندێك شوێندا بەخێرایی بەسەر شتەکاندا تێئەپەڕی بەڵام خوێندنەوەیەکە لەدەرەوەی خوێندنەوەی چوارچێوەدارە باوەکاندایە.

پارکی بۆقەکان

ئاکۆ کەریم مەعروف

پاشان لەدوای چاوەڕوانییەکی زۆر لەگەڵ یەکتریدا دانیشتین‌و دەستمان کرد بەگێڕانەوەی حیکایەتەکە، بەرلەوەی بۆ یەکەمین جار ببینم، چەند جارێك دەماودەم حیکایەتەکەم بیستبوو، یان باشتر وایە بڵێم بۆیان گێڕابوومەوە، هەڵبەت ئەوانەی رووداوەکەیان بۆ دەگێڕامەوە.. دەیانووسیت وەکو خۆی، وەکو ئەوەی کەڕووبداوە بۆمبگێڕنەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زۆرباش دەمزانی، چ ئەو پیرێژنانەی سەردەمی گرانییەکەو، چ ئەو پیرەمێردانەی لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا لەچیاکانی قەفقاس گەڕابوونەوە، کەدەیانووسیت رووداوەکەم بۆ بگێڕنەوە، نەئاگاداری رووداوەکە بوون‌و، نەدەشیانزانی سەرچاوەی گێڕانەوەکە چۆنەو لەکوێیە. زۆرجار کە بەوردی گوێم لێدەگرتن لەوە تێدەگەیشتم کە ئەوانە دەیانەوێت، هەموو شتەکانم زۆر بەوردی بخەنە بەردەست، تاوەکو بۆم بسەلمێنن کە چەندە راستگۆن لەگێڕانەوەی حیکایەتەکەدا، ئەوان کە قسەیان بۆ دەکردم هەستم بەوە دەکرد بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن دەکەوتنە هەڵەیەکی کوشندەوە، چونکە مەبەستی من ئەوەنەبوو بەشوێن حەقیقەتێکدا بگەڕێم کە لەبیرکراوە، بەڵکو دەمویست بزانم.. لەودیوی گێڕانەوەکانەوە خەون‌و خەیاڵ چ بوونێك بەحەقیقەت دەبەخشن، ئەوانیش لەبەر ئەوەی هیچ حەقیقەتێکیان لەلا نەبوو کاتێك حیکایەتەکەیان بۆ دەگێڕامەوە میوەیەکی بێتام‌و بێبۆنم دەهاتە بەرچاو، وەك ئەوەی لەژێر خاك‌و خۆڵێکی کۆندا جارێکیتر چاوەڕوانی سەوزبوونەوە بکات. یان وەك ئەوەی زۆرم تینوو و برسی بێ هیچ نەمابێتەوە، تەنها خواردنی خۆڵ نەبێ.

بۆ یەکەم جار کە بینیم، لەناوەڕاستی باخچەیەکدا.. کە پێیان دەگوت "پارکی بەهەشت" دانیشتبوو. هەروەکو دەگێڕنەوە.. بەر لەهاتنی ئینگلیزەکان، ئەو پارکە گۆڕستانی ئەو کەسانە بووە کە گیراوەی هەموو جۆرە میوەیەك‌و روومەك‌و گیای سرووشتییان بەکاردەهێنا بۆ چاککردنەوەی پەتای نەخۆشییەکان، تەنانەت ئەو نەخۆشانەش کە بای مەرگ‌و پیری رووی تێدەکردن. رۆژانی چوارشەموان لەهەموو شوێنێکەوە خەڵکی دەهاتنە ئەوێ‌و زۆرجار وازێدەکەوت لەناو حەشاماتی خەڵکەکەدا، پاشایەك هاواری دەکردو دەیگووت: ئەی گیانە پیرۆزەکان..، رۆحێکی تازەم پێ ببەخشن.

وەکو دەڵێن "سەردەمانێك بەر لەوەی ئەو گیانە پیرۆزانە بەرلەعنەتی خوداوەند بکەون، قەهرو غەزەبی مێروولە وەکو بارانی رەش بەسەریاندا ببارێ، بازرگانێکی عەرەب کە بەڕێکەوت لێرەوە تێپەڕیوەو بەرەو ولاتی فارس کەوتۆتەڕێ، پاش گەڕانەوەی بەچەندین ساڵ سەری لەوە سوڕمابوو، کە بەرلەهاتنی پارکەکە چۆن بووە؟ بێ ئەوەی هیچ شتێك لەتوخمەکانی ژیان گۆڕابێ لەدوای گەڕانەوەشی بەهەمان شێوە بووە، وەکو ئەوەی زەمەن دەرکی بەوە نەکردبێ کە هێشتا لەجێگەیەکی ئەم دنیایەدا خەونێك هەیە کەمەرگو پیری زەفەری پێ نەبردووە". وەکو دەڵێن: بازرگانە عەرەبەکە کە رووخساری پیرێکی نوورانی بووە لەبەر خۆیەوە وتبێتی: "ئای چ بەهەشتێکی خۆشە.. ئای لەم خەونە سەیرە...؟!" ئەوەندە لەو دیمەنە وردەبێتەوە تاوەکو لەشوێنی خۆیدا دەبێتە درەخت. دەڵێن: "لەخوار باخچەکەوە، کەمێك لەولاترەوە کە دەکەوێتە سەر ئەو کۆڵانەی کە ئێواران تەنها کوێرەکانی پیا تێپەڕ دەبن، درەختێك هەیە کە نەك تەنها بەگۆڕانی وەرزەکانی ساڵ، بەڵکو لەشەوو رۆژێکدا بۆ چەندین جار رەنگی گەڵاکانی دەگۆڕێ، بەتایبەتی لەنیوەشەواندا زەرد دەچێتەوە وەکو ئەوەی لەجیاتی گەڵا ئەستێرەی گرتبێ..". تاوەکو ئێستا تەنانەت گیانە پیرۆزەکانیش نەیاندەزانیو نازانن رەچەڵەکی ئەم درەختە هی چ ئاسمانو سەرزەمینێکە، هەروەك پیاوەکەش پێی وتم: "ناوی ئەم درەختە لەهیچ کتێبێکی مێژووییدا نەهێنراوەو "ئیبن نەفیس"یش باسی نەکردووە". پیاوەکە پێی سەیربوو کەمن لەژێر جوانترین درەختی دنیادا چاوەڕوانی دەکەم، درەختێك بێ ئەوەی هیچ بەرهەمێکی هەبێت، من لەژێر ئەو درەختەدا بووم کە پیاوەکە ناوی نابوو "درەختی عەرەبەکە".



ئەوکات کە بینیم لەسەر کورسییەك دانیشتبوو، پێدەچوو ماندووبێ، ماندووی ئەو رۆژگارەی کە بەسەد ساڵ خەون، ئارامی بۆ رۆحی شکستی ناگەڕێنێتەوە، کە گەیشتمە لای.. مانشێتی ئەو رۆژنامانەی دەخوێندەوە کە باسیان لەشەڕی ناوخۆ دەکرد، بەوردی لەودیوی چاویلکە رەشەکەیەوە رستەو وشەکانی دەخوێندەوەو یەك لەدوای یەك لاپەڕەکانی هەڵئەدایەوە، بەدانیشتنو چاوەڕوانییەکەیدا لەوە دەچوو کە تەنها بۆ ئەوە مابێتەوە کە حیکایەتەکەم بۆ بگێڕێتەوە، تەنها ئەویش و کەسی ترنا، ئەگەرچی بەر لەویش کەسانی تر هەبوون بێ ئەوەی تەنها یەك دێڕی حیکایەتەکە بزانن بە بێدەنگی مردوونو وەك ئەوەی هەر لەسەرەتاشەوە نەبووبن، هەروابوون، "سەیرە ئەوانە چۆن دەمرن بێ ئەوەی حیکایەتێك ریوایەت بکەن، تەنها حیکایەتێكو هیچی ترنا"...!.

بێ سڵاوکردن چوومە لایەوە، بۆ چەند ساتێك بە بێدەنگی دانیشتم، بێ ئەوەی بزانێت من کێمو بۆچی بەشوێنیا دەگەڕێم، بەدەم هەڵدانەوەی لاپەڕەی رۆژنامەکانەوە بێ ئەوەی سەیرم بکات، لەبەرخۆیەوە وتی: کوردەکان شەڕیانە..، جارانیش هەروابوون..!".

لەم کاتەدا بەهەڵێکی باشم زانی پێی بڵێم: "من ئەو منداڵەم کە چواردە رۆژ بەمردوویی لەسکی دایکما بووم، کە هەموتان پێتان وابوو مردووم..".

سەیرێکی کردم.. وەك ئەوەی بۆ دواجار لەمردوویەك بڕوانێت، یان باوەڕ بەوە نەکات لەدوای چارەکە سەدەیەك، کەسێك لەمەرگ گەڕابێتەوەو پرسیاربکات.

هەستم بەوەکرد ترسێکی شاراوە رووخساری داپۆشیوە، دەمزانی پرسیاری ئەوە دەکات کە چۆنو بەچ نیشانەیەك دۆزیومەتەوە، بۆیە پێمووت: "تەنها بۆ ئەوە گەڕاومەتەوە کە پێت بڵێم من نەمردووم، دایکم هەموو شتێکی پێ وتووم..؟".

دووبارە بەچاوی گومانەوە سەیرێکی کردم، جارێکی تر پێم وت:

"من ئەو منداڵەم کە بەتەنها بەجێتهێشتم..".

پاشان لەبەرخۆمەوە وتم:

"دایکم خۆشی ئەویستی.. نەدەبوو بەجێی بێڵی..".

لەدوای بێدەنگییەکی زۆر، وەك ئەوەی گومان لەقسەکانم بکات، پێی وتم:

"هەموو ئەو شتانە دەزانم..، بەڵام چۆن منت دۆزییەوە لەکاتێکدا کە..".

هەستم بەوە کرد جۆری قسەکردنی گۆڕاوە، قسەکردنێك وەك ئەوەی رووبەڕوو لەگەڵ مەرگی خۆیدا بدوێ. ویستی دووبارە قسەکەی تەواو بکات، بەڵام من لەناوەختا پێم وت:

"لەڕێگەی حیکایەتەکانەوە..، حیکایەتەکان ڕێگەی دۆزینەوەی تۆیان نیشان دام..".

لەژێر ئەو درەختە رووتەڵانەی کە بەڕیقنەی باڵندەکان گەورەببوون، چەند باڵندەیەکم هاتە بەرچاو کە پێدەچوو بەڕێکەوت گوللەی شەڕی کوردەکان پێکابنی، بەباڵی شکاوەوە لەناو خوێنی گەرمی لەبەر رۆیشتووياندا پەڕو باڵیان لەوردە بەردو خۆڵی سووتاوو پووشو پەڵاشی دڕکاوی هەڵدەکێشا، پیاوەکە لەبەرخۆیەوە وتی:

"ئەو رۆژانەش هەروا بوو، بۆ ئەوەی ئازارێکمان لەبیربچێتەوە، خۆمان لەبرینێکی تەوە دەئاڵاند..".

هەستم بەوەکرد دەیەوێت بەدەم ئەم قسانەوە بگەڕێتەوە بۆ گەڕانەوەیەکی کتوپڕ، نیشانەیەك بدۆزێتەوە بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی یادەوەرییەکانو ئەو رۆژانەی کەوەك تاریکاییەکی

قورسی وەحشەستان سواری هەناسەی بووەو خەونەکانی تاڵ کردووە.

* * *

لەو مانگەدا کە پێشبینی هەڵکردنی گێژەڵووکە نەدەکرا، لەناوەختا –با– یەکی تووند هەڵیگرد، – با–یەکی گەرم کە بۆنی سووتانی درەختو هاڵاوی گەرمی دەریا دووڕەکانی لێدەهات، بایەك کە گڕی لەچاوەکان بەرئەداو هەموو وێنەکانی دەوروبەری لەشێوەی سەرابێکی دووردا وەك خەونێکی پڕ.. پڕی ناوەختە کە هیچ جیاوازییەك نەهێڵێ لەنێوان شوێنو رەنگەکاندا، لە وێنەی هەڵمێك بەدەم –با–وە دەهێناو دەبرد.

لەو شوێنەدا، کەسێبەری قورسی تەنیایی.. تەنها درەختێك بەسەرماندا رژابوو، پیاوەکە لەبەرچاومدا وەك پارچە کاغەزێك کە بەدەم گەردەلوولەوە باڵی گرتبێ، بەخێرایی خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕە کۆنەکانی رابردوو بوو، ناوبەناو کە چاوەکانم لەنێوان ڕووناکیو تاریکیدا گەمەی دەکرد، پیاوەکەم دەبینی خەریکی خوێندنەوەی ئەو نامانەبوو، کە سەردەمانێك.. ئەو کاتەی بەرلەوەی شەڕی کوردەکان هەڵگیرسێو یەکەمین "پوول" کە وێنەی دوو خەنجەری خوێناویی لەسەر دروستکرابوو بگاتە لایان، تەنها پۆستچییەکی شارەکە بوو کە بەخۆیی و کامێرا سندوقییەکەیەوە کۆڵانو کۆڵانو گەڕەك بەگەڕەكو دێ بەدێو شار بەشار ناونیشانی هەموو ئەو کەسانەی دەزانی کە لەشوێنە دوورەدەستەکانەوە نامەیان بۆ دەهات. سروشتی پیاوەکە بەو جۆرەبوو، لەگەڵ گەیاندنی هەرنامەیەکدا، وێنەیەکی لەگەڵ خاوەن نامەکەدا دەگرت، هەربۆیە بەدرێژایی ئەو ساڵانە، لەلای خۆی بێ ئەوەی هیچ کەسێك هەستی پێ بکات، بەشێکی زۆری وێنەو نامەکان.. لەناو جانتا ڕەشەکەیدا وەك بەشێك لەیادگارییە پیرۆزەکانی پارێزگاریی مانەوەی لێکردبوون، لەماوەیەکی زۆر کورتدا سەیرێکی وێنەکانم کرد، لەگەڵ لابردنی هەر وێنەیەکدا خێرا.. خێرا پێی دەگووتم "وریابە.. بەدەستتەوە نەبن بەخۆڵ". لەپاش ماوەیەك لێم پرسی: "سەیرە .. تەنها وێنەی دایکمی تیا نییە !".

بێ ئەوەی سەیرم بکات، لەناو جانتا ڕەشەکەیدا کامێراکەی دەرهێناو بەساردییەکەوە وتی:

"کەوتمە ناو شەڕە بەردی منااڵکانەوە، ئەمەیان دوا وێنەیە، دوای ئەوە دووربینی کامێراکەم شکا !".

جارێکی تر لەبەر خۆیەوە وتی:"لەدوای شکاندنی دووربینەکە، چاوەکانیشم کوێر بوون". لەوبەرمانەوە حەوزێکی بازنەیی هەبوو، پێدەچوو ساڵانێکی زۆربێت ئاوێکی پاکی لەبەر نەڕۆیشتبێت، وەکو دەڵێن:"بارانا پڕی کردۆتەوە" لەناو ئەو زەلکاوە بچووکەدا، هەندێك لەو منااڵنەی کە دوورخرابوونەوە لەشەڕی کوردەکان، لەنزیکەوە بەردیان تێ فڕێ ئەداو چێژیان لەو پەیوەندییە وەردەگرت کە لەنێوان بەردو ئاودا هەیە، پێیان سەیر بوو بەرد بەو ڕەقییە، ئاوی پێ بریندار ناکرێ. ئەو کاتەی کە یەك.. دووانێکیان خۆیان فڕێ ئەدایە ناوی، وەك دوو سەرەمێکووتە مەلەیان دەکرد، لەژێر خۆری ئەو دوای نیوەڕۆیەدا پێستی لەشیانو چاوە قەوزەییەکەیان وەك ئاوێنەیەك ئەدرەوشانەوە. جار جارە کە ژێر ئاوەکە دەکەوتن، منااڵکانی تر دەیانکردە هەراو، دوورو نزیك بەردبارانیان دەکردن، لەم کاتو ساتەدا.. هەموو شتێك لەبەختی ئێمە لەناو دنیایەك لەبێدەنگیو پرسیارو تێڕامانداو دەسووڕایەوە، تەنها ئەو دەنگە جادوویییە نەبێت، کە جار جارە لە دوورەوە، بێدەنگی ئاوی قەتیسماوی حەوزەکەیان دەشکاند، دەنگی بۆقەکان..، وەکو دەڵێن، "لەوەتەی شەڕی کوردەکان هەڵگیرساوە،

شەوانە بۆقەکان بۆ ئێرە دەگەڕێنەوە"، ئەوانەی خۆیان لەو شەڕەدا بێلایەن گرتبوو، باخچەکەیان ناونابوو، "باخی بۆقەکان".

* * *

لەدوای هێمنبوونەوەی هەراو هوریای منالەکان، هێشتا چۆلەوانی و ترس و گومان لە هەموو گۆشەو پەنایەکدا هەستی پێدەکرا، خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو، کە سێبەری کاڵی پەلە هەورێك بەسەر باخچەکەدا راکشاو، ئەو راستە شەقامەی کە بە ناوەڕاستی شاردا تێپەڕدەبوو.. رۆژانە هاتو چۆی تێدا قەدەغە کرابوو بۆ ئەو ئامبولانسانەی کە بریندارو کوژراوەکانیان تیا دەگواستەوە، هێشتا شوێنەواری خوێنی لەبەر رۆیشتووی بریندارەکانو پەلە خوێنی وشکبووەی کوژراوەکانو شوێن کەوتنی گوللە دوورهاوێژەکانی پێوە دیاربوو، لەم سەروبەندەدا کە شەڕی کوردەکان کەوتبووە پەنا بەردو تاوێری کێوە بەرزەکان، زۆرێك لەو درەختانەی لەناو باخچەکەدا بە بێدەنگی دەسووتان، لەبیرچوونەوە کە بەشێکن لەیادەوەری و بەڵگەنامەی ئەو رووداوە چاوەڕوان نەکراوانەی، کە نەك ئێستا، کە بۆ یەکەمین جارە رووبەڕووی شەڕی کوردەکان بوونەتەوە، بەڵکو هەر درەختەو لەناخی خۆیدا لەسەر توێی روناکی بەدەستی ئاگرینەوە حیکایەتەکانی خۆیان دەنووسییەوە. جادووگەرێك دەیگوت: بۆقێك لەدرەختێکی پرسی بۆچی بەتەنهای..!

درەختەکە کە لقو چڵەکانی ببوونە کۆڵو، وەڵامی دایەوە:

"حیکایەتی کوردەکان.. تەواو نابێ..!".

لێرەو لەوێ.. جار بەجارێ لەدوورەوە دەنگی دەستڕێژ دەهات، دەمەو ئێوارە نزیك بۆتەوە، گوللە گڕدارەکان وەك ئەستێرەیەکی لەناوەختا کشاو بەئاسمانی دەشتە دوورەکانی کەنار شاردا تێپەڕ دەبێو لەناو کێڵگە گەنمەکاندا وەك جەستەیەکی ساردو سڕ دەکەوتنو دەکوژانەوە.

* * *

ئەو کات کە بینیم جەستەی لاوازی لەناو پاڵتۆیەکی رەشدا شاردبۆوە، لەولاترەوە جانتا رەشەکەیم بینی کە پێدەچوو بەر لەهاتنی "من" بەچەند وەختێك بۆ شتێك گەڕابێو زنجیرەکەی بەکراوەیی بەجێهێشتبوو.. لەبیری چووە دایبخاتەوە، لەولاترەوە بەسەر لێواری کورسییەکەوە چەترێك کە دەسکەکەی لەشێوەی گۆچاندا دروست کرابوو هەڵواسرابوو، ئەو دەمەو ئێوارەیە هەموو شتێك لەبەرچاوم رەش دەچوونەوە، تەنانەت رەنگی ئەو گوللانەش کە بەرەو مەودایەکی دووری نادیار دەڕۆیشتن. بۆ چەند ساتێك دەمویست بگەڕێمەوە بۆ رۆژانی منالی و خەیاڵە سەرکێشەکانم، هەڵبەت چارەنووسم هەرواش بووە، "زۆرجار لەڕووبەڕووبوونەوەی ناشرینترین دیمەندا، جوانترین وێنەی منالیم لەخەیاڵی خۆمدا نەخشاندووە، رێك وەکو ئێستا، کەبێ ئەوەی هیچ بڕیارێکی پێشینە لای خۆم هەبێ، خەیاڵ بردمییەوە بۆ ئەو کاتەی لەناو کێڵگەی گەنمەکاندا بەشوێن کوللەدا دەگەڕام، کە دەمدۆزینەوە لەقوتوویەکی ژەنگاویدا هەڵمدەگرتنو پاشان لە پەنایەکدا بێ ئەوەی هیچ کەسێك ئاگاداربێت دەمسوتاندنو چێژم لەو دەنگە وەردەگرت کە قرچە قرچ هەناوی دەسوتاندن، ئای چ ئیشتیاقێك بوو کاتێك دەتەقینو رەش..رەش دادەگەڕان". لەدوای تێپەڕبوونی چارەکە سەدەیەك ئێستاکە بەرامبەر هەمان ئەو ساتە وەستاوم، کە پێم وایە تەنها جیاوازییەك هەبێ ئەوەیە، کە هەرگیز بەخەیاڵمدا نەدەهات رۆژێك لەرۆژان رووبەڕووی

کوللەیەکی ئاوا گەورە ببمەوە، کە تۆڵەی هەموو ڕۆژەکانی منالّیم بکاتەوە، ئەویش باوکمە..؟!.

ئێوارە درەنگانێك هیچ شتێك نەمابۆوە، باخچەکە لەناو چۆڵەوانییەکی کوشندەدا کەسیف ببوو، هەست بەهیچ دەنگێك نەدەکرا، ناوبەناو لەو بەرمانەوە.. لەو کۆڵانەی کە دەچووە سەر ڕێگە دوورەدەستەکان، دەنگی پێو گڕچانی ئەو کوێرانە دەهات کە بەڕێکەوت لەکارەساتی هەڵبجە ڕزگاریان ببوو، کە لەترسی دەستڕێژی شەڕی کوردەکان بەپەنا دیوارەکاندا دەڕۆیشتن، هەر هەموویان وەك کاروانێك لەدوای یەك کە بەدوای چارەنووسی ونبووی خۆیاندا بگەڕێن، دەستە ساردەکانی یەکیان گرتبوو، لەپێشیانەوە کیژۆڵەیەك لەترساندا، وەك ئەو دەنکە گەنمە ڕۆشنە دەهاتە بەرچاو کە بەئاگرێکی ناوەخت کڵپەی کردبێو ڕەش داگەڕابێ، کیژۆڵەکە کە هەمان ڕیتمی ڕێو ڕۆیشتنی ئەوانی وەرگرتبوو، جارجارە لەو ئاوێنە شکاوە ورد دەبووەوە کە لەناو دەستە بچکۆلەکانیدا هەڵیگرتبوو، "وەك دوایی بۆیان گێڕابوومەوە یەکەمین کەس ئەو کیژۆڵەیە بوو کە لە ئاوێنە بچکۆلەکەیەوە هاتنی فڕۆکەکانی بەچاوی خۆی بینیبوو، بەڵام کەس بڕوای پێنەکردبوو..!". لە ئاوێنەکەوە ڕووبەڕووی دوا زەردەی خۆرئاوابوون راگیرابوو، تیشکێکی کاڵ لە گلێنەی چاوی ئەدامو هەستم بەوە دەکرد ئاوێکی سارد تێکەڵ بەگڕەی دەروون بەچاوەکانما دێتە خوارێ، لەتاوا چاوەکانم نووقاند، کەوتمە هەمان هەستی ئەو کوێرانەی کە لەدوای ڕێو ڕۆیشتنی کیژۆڵەکەوە بەرەو جێگەیەکی نادیار دەڕۆیشتن.

کاروانی کوێرەکان تاوەکو دوورتر دەکەوتنەوە شەوقی ئاوێنە بچکۆلەکە زیاتر تیژ دەبوو، ئەوان دوور دەڕۆیشتنو تاوەکو لەپێچی کۆڵانێکدا ئاوابوون..، ئیدی نەمبینیەوە، لەدوای ئەوان هیچ شتێك نەمابۆوە کە ببێتە هێمایەك بۆ جوڵاندنی خەونو خەیاڵم. پیاوەکە لەبەرخۆیەوە وتی: "نازانم..!".

پێم گووت: "نازانم.. دەبێ لەدوای ئەوان چ شتێك بمێنێتەوە!".

هیچ نەمابۆوە.. تەنها پاشماوەی شەوقی ڕووناکییەکی سوور نەبێ، لەسەر ڕووخساری پیاوەکە وەکو خۆرێکی بچکۆلانە دەدرەوشایەوە.

* * *

پێدەچوو خەیاڵو بیرکردنەوەی لای من نەبێ، یاخود بەهەموو شتێکی دەزانیو نەیدەویست هیچ بڵێت، یان هەموو شتێکی دەزانیو ڕۆژگار وایلێکردبێ کە لەو دیوی گێڕانەوەکانەوە گەمەیەکی زمانەوانی بکات..؛ تاوەکو خۆی لەو پرسیارانە "بدزێتەوە" یان "گێل" بکات، کە پەیوەندی بە ڕابردوویەوە هەیە، لەسەرخۆ وەك ئەوەی حەز بەوە نەکات کەس گوێی لە قسەکانی بێت، بەهێواشی پێی گووتم:

"دڵنیام دەگەڕێنەوە..".

بەدوودڵییەوە پێم گووت:

"ڕەنگە ئەمەش جادوویەکی تربێت..".

لەگەڵ قسەکردندا بە ئاماژەیەکی خێرا دەستی بۆلای کوێرەکان درێژکرد، ئاماژەیەك کە پێدەچوو لەوە ئاگاداریان بکاتەوە کە دوورو نزیك ڕێگەی خۆیان نەگۆڕنو نزیکی شەڕی کوردەکان نەکەونەوە، دواجار بەدەم هەناسە هەڵکێشانەوە گووتی:

"ئاوێنە دوژمنی کوردەکانە..".

لەوەدابوو بۆ جارێکی تر پێی بڵێمەوە، یاخود بیری بخەمەوە، "کە "من".. ئەو منالّەم چواردە ڕۆژ بەمردوێتی لەسکی دایکما بووم کە هەموو کەسێك وایاندەزانی مردووم"، دەستێکی خستە سەر شانمو پێی گووتم: هەستە بابڕۆین...

ئەو کات کە وای پێ گووتم، خەریکی کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانی بوو..؛ پێم خۆشبوو جارێکی تر دەستەکانی بخاتەوە سەرشانم، چونکە بۆیەکەمین جاربوو هەست بەبوونی باوکایەتی بکەم. پێم گووت: "با جانتاکەت بۆ هەلگرم..، تۆ ماندوویت.." شەو داهاتبوو، لەناو باخچەکەدا کە درەختەکان بۆنی رۆژگارێکی کۆنیان لێدەهات، دەنگی هیچ شتێك نەدەهات، تەنها لەدوورەوە نەبێ کە جارجارە گوێمان لەشەڕە جنێوی کوردەکان دەبوو، پیاوەکە وەك ئەوەی گوێی لەشتێکی چاوەڕوان نەکراو بێ، پێی گووتم:

"لێگەڕێ..، با حیکایەتەکان بە کۆڵی خۆمەوە بن..".

زۆرمان نەمابوو، کە باخچەکە بەجێ بێڵێنو بگەینە ئەو کۆڵانەی کە بەرەو ماڵەوە دەمانباتەوە، لەنزیکەوە گوێمان لەدەنگێك بوو کە بێدەنگی شەوی دەشکاند، هەردووکمان بە ترسو شڵەژاوییەوە ئاوڕمان دایەوە، کاتێ کە کوێرەکانمان بینی هاوارمان لێدەن.."بە کۆڵانەکەی ئەودیودا، شەڕی کوردەکان نزیك بۆتەوە.."

بەر لەوەی هەر یەکەمان بەلایەکدا رابکەینو بۆ جارێکی تر ونبینەوە، لەدوامانەوە، گوێمان لەقیرەی بۆقەکان بوو، کە لەترسی شەڕی کوردەکان وەکو باوەشێ ئەستێرەی رژاو لەژێر رۆشنایی مانگی ئابدا ئەدرەوشانەوە.

تێبینی: ئەم چیرۆکە لەشەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتی دووەمی پێ بەخشراوە.

گەلاوێژی نوێ

(ميرال الطحاوي) رۆمانnووسێکی ئافرەتی گەنجی میسرییە سالّی ١٩٦٨ لەمیسر لەدایکبووە. میرال لە باوەشی خێزانێکی خێڵەکی بیاباندا ژیاوەو خوێندنی بالاّیشی تا ماجستێر تەواو کردووەو ئێستاش بەتەمایە دکتۆرا لەسەر بابەتێك بەناونیشانی (جماليات التشكيل الأدبي في رواية الصحراء العربية) بهێنێ.

ئەوەی جێی سەرنجە کە لەمیسردا خەلاتێکی سالاّنە هەیە دەولّەت دەیدا بەیەکێك لەنووسەرە خاوەن ئەزموونەکانی میسر. خەلاّتی دەولّەت تا ئێستا هەر بەوانە دراوە کە تەمەنیان لە ٣٠سالّ کەمتر نییە بەلاّم بەخشینی ئەم خەلاّتە بە میرال تەحاوی وەرچەرخانێکە لەمێژووی ئەو خەلاّتەدا چونکە تا ئێستا نەدراوە بەگەنج بەتایبەتی بەکەسێك کە سی سالّی پرنەکردبێتەوە. میرال خۆی دەڵێ خەلاّتی دەولّەت رێزلێنانێکی ئەدەبیی گەورەیە لەلایەن لێژنەیەکەوە کە لە رەخنەگرە بەتواناکان پێکهاتووە. بێگومان زۆربەی زۆری خەلاّتە جیهانییە گەورەکان لە رەخنەگرانێك پێکهاتوون کە جەخت لەسەر ئەوانە دەکەن کە تاقیکردنەوەیەکی دوورو درێژیان هەیە ئەگەرچی تەمەن زۆرجار لە داهێناندا دەخرێتە لاوە.. ئەمەش جورئەتێکی گەورەیە کە لیژنەی دادوەریی خەلاّتی دەولّەتی میسری نواندوویەتی ئەویش بەلاکردنەوە لە رۆمانnووسێکی گەنج تەمەنی لەسی سالّ کەمترە. دیارە ئەدەبی میرالیش لە ئاستێکی ئێجگار بەرزایەو پڕە لە مەرجەکانی داهێنانو لیژنەیەکیش لەرەخنەگری وەك: (سەبری حافیزو مەحمود ئەمین عالمو نەبیل سلیمانو فەخری سالحو عزالدین ئیسماعیل پێکبێت بەخۆڕایی خەلاّت بە کەس نادات. ئەدەبی میرال ئەدەبێکە مۆرکی ژیانی بیابانو خێڵە گەڕۆکەکانی پێوەیە دیارە میرال خۆی لەو جۆرە دەوروبەرانەدا پەروەردە بووە بۆیە بەوردی روخساری مادیو مانەوی ژیانی بیابان دەنەخشێنێ.

میرال لەوەلاّمی پرسیارێکدا دەڵێ: لەسەر هەموو نووسەرێکە کار بۆ خولقاندنی جیهانی خۆی بکات جا ئەو جیهانە کۆمەلاّیەتی بێت یا ئەنتروپۆلۆجی، لەکونەبەبوی سادقی هیدایەتدا ناوی چی لەجیهانی سادق هیدایەت دەنێی یا جیهانی مارکیزو کافکاو کۆندێرا؟.

چ.. چغه ..... چارەنووس

عەلی غولام عەلی

چ ... چاوم کار لە ئاور دەکا. شوومی هەزار گوندم بە نێو چاوانەوەیە.((کوندە کوێرم!))

دایکم کە چاوم لێدەکا مات دەبێ. "ئەستەغفیروللا!" لە سەرتووی من لە خەونێکی شەیتانیدا تێکەڵاو سەگی "مچەی پاسەبان" ببوو. دەڵێ لەسەر من ئیشتیای گۆشتی قەلەڕەشەی سەردار قەیسی ک... کردووە. "قەلەڕەشەم!" باوکم هەموو جارێ کە چاوم لێدەکا، چاوی بار هەڵدەگرێ د..... دووشکە باوکم بێ!

دەبی گچ بم، بەڵام نەنکم کە ڕقی لێم هەڵدەستێ، پێم دەڵێ:" کا حەمە ساڵە!".

کاکم نامدوێنێ.

باپیرەم ز..... زۆری دڵ پێوە بووە زیندە بەچاڵم کات، نەیوێرا دەنا خراپتری بەسەر دەهات. هەمیشە دەڵێ:"لەگەڵ لەدایك ب..... بوونی ئەو دێڵەیان سەد وێەك دەنکی تەسبێحە قەزوانەکەم بە هەورە تریشقە بژارد. لەدایکبوو، ئاسمان کپبوو. خوا بمان پارێزێ لەچاوی ئەو مەیموونە!"

بەهەزارم گ..... گەرمژەی منداڵی بەدەمو چاوەوەیە. "سووری چاومارم!".

دەڵێن من مانگی خۆمانمم کاول کرد.

دەڵێن لە لەدایکبوونی منەوە ئیدی گوڵە باخ و پاسەکانی ح.... حەوشەمان گوڵیان نەدا.

دەڵێن شەوی بوونی من، هەموو... مانگی ئێمە خەونێکیان دی و کەس ن... نەیوێرا بۆ کەسی بگێڕێتەوە ونەنکم مریشکە ڕەشەیەکی سەربڕی و لەگەڵ تۆزێك مەندێ و بەنێکی شەش گرێ لەچاڵی نا.

دەڵێن بۆنی خۆڵە م..... مێشم لێدێ.

****

ب.... باوکم باپیرەی بلیمەتمی زۆر جێگایان بردە ح... حەوزی گوناحانی خانەقای" کاکە شێخ"، سەر ئاوی حەوزی خەونی "کابرا" نێو جەزبەی د.... دەروێشانی سەیدی بێ نێو، سەر گۆڕی شەهیدە کێل درێژەکان...ن.... نەیدەگرت.. نەیدەگرت. بەردەبوونەوە بەردەکان!

لەبیرمە س.... سالێکیان کە ر... رەفیقە سمێڵ زەردەکەی باپیرە لە پڕدا شێتبوو، کە هاتەوە فەرمووی: " ئەو هەتیوە خەونی دیوە وئاشقی خەونەکەی بووە. پیاو دەبێ وشیار بێ خەونەکەی گەوجی نەکا ! " و... وشیار نەبوو باپیرەم، گ... گەوجی کرد خەونەکەی! رۆژی یازدەی مانگی حەرام، باپیرە کەلە حەمام هاتەوە بە رۆنی زەنگەوە، ش... شەش هـ.... هێڕەماسی سەر تەندووری هەڵشێلا و بەسێ هێشوو تڕێ ر.... رەشەوە خواردی_ د... دەنکی بەشی من نەدا _ و دەرجا خ..... خەوی لێکەوت. کەلە خەو هەستا _ڕ.... راچەنی _ هەموو گیانی ئا.... ئارەقە بوو و دەلەرزی، باپیرە بۆ دووهەم جار خەونی دیبوو کە بۆتە سەگەکەی و بووکەکەی _ دایکی من _ خۆی تێهەڵدەسوێ. {سەگی پاسەبان سالەها پێش لەدایکبوونی من مردبوو.} باپیرە کە راچەنی، شەش جار بەئاوی سارد دەستنوێژی گرت و پشمی بە ت.... تاق. نوێژی کرد بەڵام د..... دەستی نەگرت، دەستی هـ .... هەر بە بەرخۆیەوە بوو و چاوی هەر لەدایکم _یانی بووکەکەی!.

****

دایکی هەراسی بە باوکی هەڵگرت:

" دوجارە ئەومەشاك بە دەستە نوورانیە دێتە خەونمەوە و دەفەرمێ مەبالەکەمان لەسەر گۆڕی ئەوە . ئەم جارەیان فەرمووی بێتو ئەو نەورۆزە لێرە بنووین واووا..."

سێزدەبەدەری ئەو سالە هەموو بنەماڵەکەیان تاپۆی سەگێکیان لە خەونیاندا بینی کە گاز لەبەختیان دەگرێ و باپیرەشیان لە خەونەکەیدا گوێی تێوە بوو کە یەکێك پێی گوت لە قیامەت حەشری بەڕەنگی سەگە سوورەکەی دەکرێ چونکێ خەونی وای بە بووکەکەیەوە دیوە.

باپیرەیان ئەو خەونە لاڵی کرد.

لەمانگی حەرامی ئەو سالەدا، کۆترە باریکەیەك لەنێوەڕاست حەوشەیان منداربۆو، کچی قەیرەیان ئاوێنەیەکی شکاند، پێڵاوەکانیان بە پێیان تەنگ بۆوە، پارچەکەیان کەوت بەسەر پێمەڕەکەیاندا، پشیلە میزی کردە سەر ورکەنانیان، باپیرەیان خەونی قاچاغی بینی و دروست ئێوارێی سێزدە رۆژ داوی یازدەی مانگی حەرام، لاقێکی هەڵێنا و عەینی سەگەکەی لە بن دارە بێبەرەکەی حەوشەیان خۆی هەڵداشت.

****

ب.... باپیرە پاش خەونەکانی هەوەڵ مات بوو. پاشان ورتەی هات. رۆژی سێهەم قوڕی شێلا، ر... رۆژی چوارەم سەگێکی س... سووری بێ کلك و چ... چاوی دروستکرد. رۆژی حەوتەم قسەی لەگەڵدا کرد. رۆژی نۆهەم ڕوخاندی و رۆژی یازدەهەم دروستی کردەوە ئاشقانە چ... چاوی تێبڕی.ب.... باوکم هێندەی گوێ نەدایە تاکوو باپیرە وردە وردە لە جیات پرخە پرخ کەوتە ق... قروسکە قورسك. لە مێژ بوو باپیرەم ئیدی ق... قسەی نەدەکرد. بەرامبەر بەسەگەکەی دادەنیشت و فکری د... دەڕۆیی. باوکم دایمە دەیکوت لێپگەڕێن وە بیر سەگەکەی کەوتۆتەوە. ك... کۆنە پاسەوانی شار ئاشقی سەگەکەی ببوو. چمان نەزانی لەگەڵ نوێژی نێوەڕۆی یازدە رۆژدوای حەمامی مێژوویی باپیرەم، باپیرم س... سوجدەی بردە بەر سەگەکەی. باوکم چاوی بووە ق... قاشولکە. هەموو ئەشهەدوومان هێناوە و لێومان گاز لێگرت. باپیرەم ئێدی لەبەردەم سەگەکەی نەجوڵاوە. باوکم هەرتۆبە، گۆ.... گۆمان خواردیەتی و نەنکیشم هەر فووی بەسەردا دەکا. ب... بەڵام هیچ کام لەوانە دەرەقەتی

چ... چارەنووس و غەزەبی خودا نەهات و یەك دابە دوو نەدامەتی بەسەر م... مالێماندا باری.

خ... خوشكم لە حەمامەوە داوای* رشێولێ كردبوو*. كە دایكم لە * مالێ نەبوو بۆ برای ش... شیرینم لە درز و كەلێنی دەرگای ح.... حەمامەوە دابوویە دەستی. هەڵمی حەمام كردبە سێویكی لاشین لاسووڕو لەخەونی دوای نیوەڕۆدا_ پ.... پێش نوێژی عەسر_ شەیتان هەموو ئاوی لەشی گرت. خەونی حەرام كردبە دڵۆپە شەرم. كەهاتە نێوەڕاست حەوشە هەموو دیتمان دەچۆڕاوە. دەگریا، دەیقیژاند و د... دەپاڕاوە. بن پێی وەك حەوزی گوناحانی لێ هاتبوو. كون و درزی ح... حەوشەمان هەمووی گرت. رۆدەچوو وبەدەم باوە ویشك دەبوو. دەست بەجێ كەللە سەرێكی زەلامی لێماوەو پێستەیەك. كراسێكی یەخەدار و ئیدی هیچی كە. بە ن.... نێوەشەو و بە شەهیدی وبێ غووس... سڵ ناشتمان. ئالایەكی سەوزمان لەسەر قەبرەكەی چەقاند. شەهیدی ش.... شەرم هەمووی بەهەشتین ئای كە دادم چیی كرد. ۷ رۆژ و۷ شەو ژێر نەبۆوە. ن... ناعیلاج دوعا نووسێكمان بۆ بانگ كرد. دەمانهەویست ش.... شێت نەبێ كوا دەمانزانی هەڵدەگیرێ.

دادم هێندەی خۆی لە لێفە و دۆشەكەكەی هەڵسوو، دایمە بۆنی ل ..... لێفە و دۆشەگی م... میزاوی لێ دەدات. هێندە دەستی پ....پیاوانی نێو خەونەكانی مەمكیان هەلگلۆفیبوو مەمكی دەتگوت گوانی مانگایە و هێندەش لە خ.... خەونە عەیبەكانیدا لەترسی ئەوەی ك.... كەس گوێی لە ئاە و نالەی نەبێ، لێوی رۆژی وابوو س.... سێزدە جار تۆخی بەردەدا.

ك... كابرا تالێك_ دووتال– لە قژی دادمی بڕی، خستیە پەڕۆیەكی سەوزەوە، فووپەكی بە س.... سەردا كرد وبە دەرزی لەسەر د... دڵی چەقاند _باوكم مۆڕە مۆڕی بوو، دەستی بێگانە هەرچەن كابرایەكی پاكی وەك ئەو، هاتبۆ سەر س.... سینگی ئافرەتی مالی ئێمە، بەڵام هیچی نەگووت. شێت نەبوونی خ... خوشكم گ... گرینگتر بوو _ خوشكم كەهاتە دەرێ، پۆلوویەك ئاگربوو. هەزاران قاز و قوڕینگ لە ب.... بن چارشێوەكەیەوە هەڵفڕین. پۆلوویەك ئاگربوو و دەرجا خەوی لێ كەوت_ ئەو شەوە نە لێوی گەست و نەخۆی لە دۆشەكەكەی هەڵسوو!_

سبحەینێ كە دایكم بەخۆڕنین و ن.... نەنكم بەقوڕ لەسەر هەڵسوون وب... باوكم بە چ قۆكەیەكەوە لە ح... حەوشە دی، تازە زانیم چی بووە. لە هەموو خ... خوشكم و بیرەوەری و شەرم و حەیاكانی تەنیا نووشتەیەك و دووتالێ لە قژی بەجێ مابۆوە. من زانیم كە دۆنێ شەو، تین و گەرمای لەشی هەموو پیاوی خەونەكانی خڕ ببۆوە نێو گەرمای دەستی ئەو دوعانووسەكە دەرزی لەسەردڵی سنجاق كرد و هەر ئەو بوو كە س... سووری هەڵگەڕاند و هێمنی پێدا و ه... هێزی لێ چنی و بێ هەست وخووست بەلایداخست. باوكم هەموو كۆلانەكانی لگەرا. بەدزیەوە كە ب... باسی دوعانووسێكی وای لای خەڵكی دەكرد، زۆریان سوێندیان د.... دەخوارد بەعومریان _ كەه... هەمووی لەو شارەدا بوون_ قەڵافەتێكی وەك ئەوەی باوكم باسی دەكردیان نەدیوە.

****

دەڵێن گەڕەكی مچەی پاسەوان لە قەدیمەوە ژێر دەسەڵاتی جندۆكان بووە، بۆیە لە هەر مالێك دە تەسبێحی بزڕك هەڵواسراوە. گۆیا یازدەی هەموو مانگێكی حەرام، جندۆكان دێنە تەنیا حەمامی گەورەی گەڕەك و چڵكی سالێك لە خۆیان دەكەنەوە.

دەڵێن هەر کەس کەئەم بەیانیە بچێتە حەمام جندۆکان دەبینێ کەلە نێو حەوزی گەشتی یان لەقەراخی ئەوە ئاو بەیەکتری دادەکەن و لاوێژ دەچڕن ولفکە دەکێشن و چلك بەردەدەن.

دەڵێن هەووی یەك جۆرن، ژن و پیاویان لە نێودانییە. دەنگیان وەك هاژەی "با" وایە.

دەڵێن هەر کەس بەیانی زووی ئەو رۆژە بچێتە حەمام، جندۆکان بەقەڵافەتێکەوە خۆی پێنیشان دەدەن، کە هەموو عومری بەئاواتیەوە بووە ولەبیری دا. دەڵێن هەر ئەو خۆشەویستییە و نەناخافڵە، دەیانکاتە ئاشقی جندۆکان و ئەگەر هەزار دووکەڵی ئەسپەندەر و چل نووشتەشی لێدەی تازە بێ فایدەیە. گۆیا لەو رۆژەوە هەتا مەرگ لەسەر سفرەی ئەو کەس و ماڵە، دەبێ قاپێکی فافۆن داندرێ کە گەنمی تێکراوە. لای خەڵکی گەڕەك واباوە کە ئەگەر وانەکەی ، جندۆکە گۆشتی مردووی ئازیزت دەجاوێ.

گۆیا تاك بەتاکی خەڵکی ئەو گەڕەکەیان ئاشقی خەونێکیانن یان بەدەست خەونێکیانەوە هەڵگیراون.

دەڵێن لەو رۆژەدا هەموو خەونە حەرامەکانی خەڵکی گەڕەك، لەسەر سیمای خەو بینەرەکانیان دەنیشن.

دەڵێن لەو رۆژە هەر کەس لەهەر خەونێکی حەرامی ، ترسی لە دڵدابێ، جندۆکەکان قەپاڵ لە چارەنووسی دەگرن وتا ئاخری عومری دەیکەنە دیلی ترسەکەی.

دەڵێن پاش ئەوەی نیوەشەوی ئەو رۆژە جندۆکان وڵاتیان چۆڵکرد، هەموو ماڵەکان بن پێی زارۆك و ساواکانیان ختیلکە دەدەن تا بەڵکوو بەڕێ و شوێنی ترسەنۆکەکانیاندا نەڕۆن.

دەڵێن دوای سەعات دوازدەی شەوێ، جندۆکان وڵات چۆڵدەکەن، گەڕەك هێمن دەبێتەوە، بەڵام بەختی یازدە جاری واشە یەك ماڵ ورد وخاش دەبێ و نەدامەتی دایان دەگرێ.



هەتا ئەو ... رۆژەی باپیرە بەقاپێکی فافۆنی پڕ لە گەنم و جیقنەوە کەوتە کۆڵانان، خەڵک هەر پێیان دەکوتین: ((مااڵی سەگ... پەرەستە... کان)). لەو رۆژە بووینە: (مااڵی سەگ پەرەستی ج.... جیقنە خۆر!)) " باوکت لە جیاتی قورئان و تەرحییات، جیقنە دەرخواردی خەڵکی گەڕەك دەدا!... دەرتان دەکەین بە خودا...." خەڵکی گەڕەك بە باوکمیان کوتبوو.

ب... باوکم لە بن دارە گەورە بێبەرەکەی حەوشە_ کەسەگەکەی لە ژێر بوو_ قاپی فافۆنی لە باپیرەم س.... ساند.

—(ئەو چێیە بابە !؟)

—(حاجین ... وع....ع...ع ... لەمەکەوە هاتوون... ناردراوە ....ع...ع...م... متفەڕکە !)

باوکم بە دوو خرکە بەرد ح... حاجی لەقەلەقەکانی سەرداڕە گەورەکەی هەڵفڕاند.

لەونی لێ گۆڕابوو باپیرە ! دانیشتە بەردەم سەگەکەی و سوێندی خوارد هەتا نان و ئاوی بۆ تێکەڵاو ئەو متفەڕکە نەکەین، دەم لە هیچ شتێ نەدا....!

د... دەمی لە هیچ نەدا. مااڵی ئێمە هەمووی هەروا یەکدەندەن، تەنانەت یەکمان تێدا نییە لەسەر الشان بخەوێ، هەموو لەسەر گازی پشت دەنوون.

پاش سێ رۆژ نان نەخواردن،سێ قاپی شۆرباو هێڵکە و جیقنە خوارد. هێندەی خوارد تا ئار... رەقەی کرد. باوکم ئەوسێ رۆژە هەر پیسی خواردەوە و نەچووە دەرێ. باپیرە هەر گوێشی لێ نەبوو، ئاو و جیقنەی دەخوارد و لەگەڵ سەگەکەی ق... قسەی دەکرد. دروست ئەو ئێوارێی سێ شەمۆیە وا باوکم نیتۆکی کرد_ نەنکم زۆر گریا کە بەسێ شەممۆ نیتۆکی الا... الاقی نەکا_ من زانیم شتێك دەقەومێ. ح... حورمەتی گەورەی مااڵی ئێمە شکا.

باوکم دوای خ.. خواردنی چ... چاییەکی پڕ ڕەنگ بووە ئاور، و دوو جاری ژێر پاتۆڵەکەی هەڵکێشا و چووە بەردەم باپیرە و دەستی ر.. ڕەپ کرد و کوتی:

—(ب.. بەسە بابە... لەتامت دەرکردووە !)

ئەوقسەیەی بەتەواوی کرد و نەکرد و بەق... قەد بەحری ڕەزایەی عارەق دەردا. لەو رۆژەوە کونی میزی گیرا و دایمە لە مستەڕاح ئاە و ناڵەیەتی.

باپیرەم تاساو_ قوروسکاندی! _ سەری دەنا بەگوێی سەگەکەیەوە، بەملچە ملچ نان و جیقنەی د... دەخوارد، ورتەی لێوی نەدەهات، ئێسکی نێو چێشتەکانی د... دەکروساندەوە و لەبن دارەکە دەچوو دەست بەئاو. هەرچی هەرامان لێدەکرد، سەری هـ.. هەڵنەدێنا هەتا ئەو رۆژەی لەپڕدا من لە خ... خۆوە کوتم _ بەسەگەکەی! _"چ..چ... چفە چفە !" ئەو سەری هەڵبڕی، ملی خوار کردەوە و بەرەو من وەڕی _ بە خ.... خودا وەڕی!_

باوکم هێندەی خەم خوارد و بیری لە ك... کارەکەی کردەوە_ مااڵی ئێمە هەموو هەروان، کارێك دەکەن، جا بیری لێ دەکەنەوە !_ خەمەکەی رۆژی لەگەڵ رۆژ لێ گەورەتر بۆوە و لە پ.. پڕدا پیری کرد. ب.. بەیانییەك کە لەخەو هەستا، ق.. قژی تاڵی ڕەشی تێدانەمابوو.. دەمو چاوی چینی تێکەوتو پشتی چەماوە وەك ئەوەی سەد ساڵی هەبێ. دایکم کە چاوی پ... پێی کەوت لە خۆبۆوە، نەنکم گریا و دەستی کرد بە ت... تۆبە و هاوار هاوار!

باپیرە د... دوای ئەو هەموو ماوە بێدەنگیە کوتی :" ب... بابەگیان .....ع....ع...)

باوکم چی بیست و باپیرە چی کوت. چۆن دەبێ باوك کوڕی خ... خۆی لێ ببێتە بابە؟ خۆدایە ت..

تۆبە ... هەموو دیتمان دەست بەجێ بە چوار دەست و لاق_ لەمێژبووئاوا بەڕێدا دەڕۆیی_ هەڵاتە دیوە گەورەکە. ق... قورئانە بەرگ سوورەکەی هەڵگرت و چووە مدبەق. هەموو ٧ شەو و رۆژ گوێمان لە خوێندنەوەی سورەی تۆبەبوو، ح.... حاشا لە بیسمیللایەك... نەنکم هەر دەگریا و دەیگوت: ((خ... خودایە گوممان خوارد... دەزانی ... ئە ... ئەوەی بێ دەستنوێژ بچێتە پاڵ ژنەکەی، تووو و تەرەکەی لەوە باشتر نابێ!) کەلە درزی دەرگا و پەنجەرەی مدبەقەوە چ... چاومان لێدەکرد، هەموو گیانی ه... هەر خۆڵەمێش بوو و لە قورئانەکە تەنیا ب.. بەرگە سوورەکەی بەدەستەوە مابوو.

هیچمان نەمانزانی کە باپیرەك... کەی ون بوو. هێندە لەبیری باوکماندابووین ئەومان لەبیر چ... چووبۆوە. هەموو دیتمان کەسبحەینێ رۆژی پێنج شەممۆ جێگای سەگە سوور لە ب... بن دارەکە خاڵی بوو

دایکم بەدزیەوە لەو ولەوی پرسیار کرد_ نەمان ه.. هێشت باوکم بچێتە دەرێ_ سێ چواریك سوێندمان خواردبوو کە کابرایەکیان دیوە کە سەگێکی ق.. قۆڕی بەسەرشانیدادابوو و خۆی خستبوو نێو چۆمییە و س... سوێندیان دەخوارد کە نەیان د... دیوە بێتەوە دەرێ. نەمان وێرا بە باوکم بڵێین. کوتمان هەموتابووە.

****

لەوەتی باپیرە مردبوو، نەنکم رۆژی لێ شێوا ب... بوو. بەچ... چوار شەممۆ دەچووە حەمام. سەد و یەك نوشتەی بە خ... خۆیەوە هەڵواسیبوو. هەر فوو وبیسمیللای بوو. سەگێکی لەپەڕۆساز کردبوو و رۆژی سەد جاری دەرزی ئاژن دەکرد. ئێوارەییەکی چوارشەممۆ گوێیا ئەوان گەل دەستیان لێ وەشاند. ئیدی هەتا مرد نەچووە حەمام. بۆگەنی کردبوو کە م... مرد. سەگە پەڕۆکەی لە نێوەڕاستی ح.. حەوشە کەوتبوو... باران دەباری و ئەو رەنگی دەداوە.... س... سوور...س...سوور. کەواکەی لەبەریدا رزیبوو... کەس نەیتوانی بیشوا. نەیانشوت... زێوانەکە بە خێری خۆی لەقەبرێك لەو ب... بەری زبڵەکانی گۆڕستانەوە ناشتی.

"خ... خودایە لەوە خراپتری نەکەی..." دایکم دەڵێ.

لەوەتی دایك و بابی مردن و ون بوون، باوکم دەچێتە بن دارە گەورەکە و چاو دەبڕێتە باپیرە و سەگەکەی. جار جارەش س... سەرهەڵدێنێ و چاو لە مدبەق دەکا، لە جێگای حاجی لەق لەقەکان. ما.. ماڵێکی چۆڵ وهۆڵە.کەس دەرگامان ناکوتێ.

کەباران دەباڕێ جێگای س.... سەگەکەی باپیرە دەبێتە قوڕاوێکی س.. سوور.

وەڕز بووم. خ... خۆزگە قەتم دوعا لە کەس ن.... نەکردبایە.

****

خ... خۆی وەردابوو لەقوڕە س... سوورە، وەك سەگ دەوەڕێ.

باوکم ببووە عەینی باپیرەم.

تابەهەڵبەز هەڵبەزی من، دایکم بە خ... خەبەر هات باوکم کەوتبووە سەر پشت و هەناسکە هەناسکی بوو.

قووڕەس... سوورە باوکمی خنکاند.

ب... بۆ باوکم وای کرد؟ نازانم.

دایکم مریشکێکی سەر بڕی و خوێنەکەی لە خۆڵی قەبرەکەی هەڵسوو و سەری مریشکەکەی لەگەڵ تەرمی باوکم لە حەوشە چاڵ کرد. ب.. باوکم نا ... باپیرە... لەبن دارە گەورەی ح... حەوشە نێژراوە.

ئێستا س... سااڵەهایە من و دایکم دەرگامان لەسەر خۆمان پ... پێوەداوە.

دایکم عەینی سەگەکەی باپیرە_ ب... بەقەلافەتی باوکم_ سەگێکی سازکردووە. لەپەڕۆ کۆنەکانمان.

دەڵێ ئاوا، ئاو و ب.. باران نایشواتەوە. چاو و برۆی عەینی باوکم وایە. دایکم دەڵێ رۆژێك_ رەنگە یازدەی مانگی حەرامی سااڵێکیان _ روحانەتی جندۆکەکان لە لەشسی باوکم دێتە دەرێ و بەهیوایە بچێتە نێو ئەو س... سەگە پەڕۆیەوە. من ئەو س... سەگەکەم زۆر خۆش دەوێ. هەمیشە کایەی لەگەڵ دەکەم. پێی ناڵێم چ... چغە و ئەویش پێم ناوەڕێ. کە شەوانە من دەنووم _ و وڵات بێدەنگە_ دایکم دەچێتە پەنای، دەست لە ملی دەکا، قسەی بۆ دەکا و بەدزیەوە ماچی دەکا و لە ئامێزی دەگرێ....

من دەزانم خودا خۆشی دەوێین، دەنا بێتوو ئەو سەگە نەبایە من و دایکم بێ باب و باپیرە چمان کردبایە!

تێبینی: ئەم چیرۆکە لەشەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتی دووەمی پێ بەخشراوە.

گەلاوێژی نوێ

(سەمیح القاسم)ی شاعیری فەڵەستینی وەك شاعیرەکانی تری فەڵەستین، فەڵەستینی بەجێنەهێشتو و گۆرانی بەرهەڵستی بەئاشکرا لەناو فەڵەستینی داگیرکراودا دەوتەوەو وەك چەپڕەوێکیش یەهودی وەك مرۆڤ نەدەخستە پەراوێزەوە.

یەکێك لەو شیعرانەی کە تازە نووسیویەتی لەژێر ناونیشانی (سەڵاحەدین لەدڵدایە) رەخنە لە عەرەبو رژێمی عەرەبی دەگرێت لەوەدا کە شانازی بە رۆڵی کورد لە مێژووی ئەم ناوچانەدا دەکرێتو جەخت لەسەر قارەمانییان دەکرێ لە داستانە خوێناویەکاندا کەچی لەمێژووی تازەداو بەردەوام تا ئێستا دەچەوسێنرێنەوە. واتا میللەتانی ناوچەکە

لەلایەکەوە گۆرانی بە قارەمانیی سەڵاحەدیندا دەچڕنو لەهەمان کاتدا لە لایەکی تریشەوە ملی کوردەکان لەنێوان پەتو چەقۆدایە لەئەستەنبولەوە تا بەغدا. ئەمەیش بەشێکە لەو شیعرەی: "سەڵاحەدین لەدڵدایە سەڵاحەدین لە دڵدایە/گۆرانیمان وت گۆرانی بە سەروەرێکاندا دەڵێین/ گۆرانی بەو شمشێرەدا دەڵێین کە لە تەمەڵیی کیفەکان دەرئەپەڕێ/ بە (بیت المقدس وحطین وصلاح الدین)دا دەچڕین/ دەچڕینو گەردنی کوردانیش هەر لە ئەستەمبولەوە تا بەغدا لەنێوان پەتو چەقۆدایەو دەچڕینو دەچڕین "یا لیلی یاعینی فی القلب صلاح الدین". لەم شیعرەدا سەمیح پەنایبردۆتە بەر دووشێوازی هونەری، ئەوانیش پارادۆکسو دژایەتی نێوان وتەو کردارن، هەروەها گاڵتەکردن بەخودو هەڵوێستی ناڕێك دژی کورد بەتایبەتی لەڕێگای دواڕستەوە (یالیلی یاعینی فی القلب، صلاح الدین).

قەتارێک بێرەدا دەڕوات!

محەمەد ئەمین شامحەمەدی

خۆیەتی و جانتایێکی سەفەر، وێستگەیێکی خوت و خاڵی؛ خاڵی لەدەنگ و لەمرۆڤ؟ پێی وابوو ئەوێ دەبێ جمەی بێت،بریقە بریقی ئاسن، تروسکە لەچاوی خەواڵوان بگرێ، دەنگو هەرامەی بریانی، کەبابی و جگەرەفرۆشو... سەرلەئاسمان بکوتێ. بەدڵیداهات، رەنگە راسپاردەبێ، فریشتەیێ، جندۆکەیێ، لەرزی خستبێتە جەستەی، کەڵکەڵەی نابێتەوە دڵیەوە و خەوی مەرگاوی ساڵەهای ساڵی پێ بڕیبێتەوە، کوتیبێتی، ئەو نەبێ کەس نەچێ، بەو نەبێ بەکەس نەکرێ، ئەرێ دڵنیابوو وایە، دەنا . ئەو ولە خەو رابووون، ئەو وبیستنی بانگ، ئەو و بوومەڵێڵ!

ئەمە بەخەبەری چل ساڵ تەمەنە، کەڵەکەیێك لەئاواتی چوون، ئاسمانێك لە چرکە، خۆیەتی و جانتایێکی سەفەرو کورسیێکی چاوەڕێ، جانتاکەی دادەنێ و بەسەر سەنگ فەڕشەکەدا دێ ودەچێت. دیسان چرکەی سەعاتەکەی لەسەری دەکوتێ.((پێنج دەقیقە بۆ حەوت)).

پێنج دەقیقەی دیکە، چل ساڵ تەمەنی بەفیڕۆ بەجێ دێڵێ، چاوەڕوانی داروبەرد، کورسی، تەلەفۆن، وێستگە و خۆی قوتار دەکا.((دێ و دەڕوا و پاڵ دەداتەوە، دێو دەچێ و چاو لەسەریەك دادەنێ. دێ و هێدی هێدی لە تەقەتەقدا ون دەبێ ودەڕوا)).

ئەمە ئاواتێکی لە مێژینەیە، هەرپێنج ئەمسەراوسەری دەوێ. خۆبەگەرووی کزەبادا دەکا، بوومەڵێڵ دەڕەوێنێتەوەو هەواییێکی پێش باران هەڵدەمژێت. بێ بەزەییانە ئاوڕ لەکورسی رەق هەڵاتوو، دار و بەردی زوقماوی ، تەلەفوونی زمان بەستە ناداتەوە، تەنیا و تەنیا لەگەڵ سەنگ فەڕشەکەدا دەڕوات. بیردەکاتەوە، دەگەڕێتەوە پێش وێستگە، لەماڵ دێتە دەرێ، زوو زوو بەسەرخۆیدا دەبۆڵێنی((لاق هەڵێنەوە مردوو، لاق هەڵێنەوە))

بەڵام ئێستە هەموو ئەوانە رابردوون، ئەوەی لەبەر چاویەتی تەنیایی، بێدەنگی و چاوەڕوانییە، لای چەپەی فەلەکەیێکی داتەپاوی تەپلۆسو لای راستەی دوو ریزە هێڵی دوور ودرێژ لەقانا و دارو ئاسن ، لە

درێژایـی هێڵـەکاندا دووکـەڵێك بـەرەو هـەوران هەڵدەکشێ، دووکەڵی حەمامی شار، نێو چـاوانی پـێ گرژ دەکـا و ئاسمانی ئـەو بـەری هێڵـەکان لـەچاویدا دەبنە ئاوات ((پەیتا پەیتا دووکـەڵ دەردەدا، گـەورە و گـەورەتردەبێ، فیتـووی دێ و شـار دادەچڵـەکێ و چاوەڕوانەکان وەخۆ دەخات و.....))

{ئـەی بۆ نـەهات؟ ئـەوە سـەعات لـە حـەوتیش تێپەڕی، بۆچی لەخەت لایدابێ؟ بۆچی جەردە لێیدابێ؟ تـف لـەم نێـو چاوانـە،لـەم ئاواتـە، لـەم بـێرە، لـەم رابوونـە، رابـوون! رابوونـی چـی؟ هیـچ دوورنییـە خـەورەوت کردبـێ، لەوڕێنـە دابـی‌و شـێت بووبێتـی} نازانـێ چـڵ سـاڵە و تاقـە بـەیانێکی دیـوە، جـارێك بەمتمانـەوە دەسـتی داوەتـە جانتاکـەی و بـەرەو وێسـتگە چـۆوە، جـارێك وێستوویەسـەفەر بکـات، لەخوای دەوێ ئـەم پێنـج دەقیقەیـە کۆتـایی نـەیێ و نابـێ. دەسـت دەکاتـەوە بـەهاتوچۆ، کەسـێك لـە پەنایـەوە تێدەپـەڕێ، دەیـەوێ بچێتـەوە ئیـدارەی تەلەفوونخانەو، پێشی دەگرێ، وەری دەسووڕێنێ:

{تەماشـا، هـۆوە جانتاکەمـە، ئـەوەی لەسـەر کورسیەکەیە، دەمەوێ بچمە سـەفەر، هـەوەڵ جارە تەما دەگرم بـڕۆم، یـانی هەمیشـە کوتوومـە بەقـەتار نـەبێ نـاڕۆم، ئێستا لـە مێـژە چـاوەڕێم، وەك بزانـی هـەموو ڕۆژێـك سـەری وادە دەگاتـێ؟ قـەت بـووە وەدەرەنگ کەوێ؟

وەك ئەوەی هیچ لە قسەکانی حاڵی نەبووبێ سەری راوەشاند، بزەیێکـی تـاڵی هاتـێ و بـەجێی هێشـت، دەسـتبەجێ قەڵافـەتێکی سـاردی وەك زوقـم، پێکەنینێك وەك قەڵەشـتی نێـوان سـەنگ فەڕشـەکان دنیای داگرت،((یانی ئەم بزەیە هێنـدە جـەرگبڕبوو)) نەیدەزانی بەڵام هەرچی کرد نـەیتوانی بەشـێك زیـاتر لە کورسی، قاناو، یان بەردی پێیانە ڕێیەکەی دانـێ.

نەو

لـەم بـەراوەردەش پەشـیمانبۆوە پێـی وابـوو سـەد بەپیاوی وا دەشـێن، ئەوەنییـە هـەموو ڕۆژێـك ئـازای گیانیان بەتەقە تەقی قەتار دەلەرێتـەوە، ئـەوە نییـە هـەزار هـەزار کـەس بەسـەر لـەرە لـەری جەسـتەیاندا بەڕێ دەکەن. لەداخان نێوی بنیـادەمی لـە ژێرددانـە چێرەیدادەڕەقاندەوە و دەیجنـی. تەقـەی کرانـەوەی پەنجێرەێیك سەری پێ بەرزکردەوە، ئەو شتە و چەن دانـەی دیکـەی ئێدارەکـە بـوون، قەڵەشـتی زاریـان ڕەوابۆوە، بە بارانەکە پێدەکەنین یان ئەو، هـەردووك خووسـابوون، بـاران خـەریکبوو قەڵەشـتەکانی لیپاولیپ دەکرد. ڕێژنەبەتاو لە عەرزی دەکوتـا، یـەك لەدوای یەك دەبوو بە تۆقلە؟ هەزار تۆقلـە ڕێچکەیان دەبەست و بـەرەو هێڵـەکان دەڕۆیشـتن، جانتاکـەی کـردە چـەترو بـەرەو چاوەیێك هـەلینگی دا، سـەری کردبە پەرژینی تەلەفووندا و یەکە یەکـە ژمارەکانی ناو مێشـکی گرت: "ڕێ وبـان؟ مـن! مـن سـەفەریم، زیادە لە هەموو ڕۆژی خودائەم بەیانـەم دیـوە،ئـەڕێ هەوەڵ جارمە، کەیفخۆشم؟ نا ! نـا !هـەموو کـاتێکی دی ناسـازترم، گـوێ ڕاگـرە (*سـەعاتەکەی نـا بـە بیستۆکەوە*) بیسـتت؟ حـەوت و نیـوە ئەمـە دەزانـی یـانی چـی؟ یـانی تێکشـکان! یـانی مـردن!... بـۆ؟ ئاخر دەترسم بمـرم و بـەم سەفەرەشـاد نـەبم. ئـەوە بوو کوتم ڕەنگـە ئێـوە ئاگـادار بـن. ئێـوەش نـەزانن خـودا دەزانـێ چـل سـاڵی تـەواوە دەرنەکـەوتووم، کوتوومە بەقەتار نەبێ ناڕۆم، دەی ئێستە پـاش ئـەو گشتە ساڵە کە دەمەوێ برۆم بـۆ نایـێ؟.... ئاگـادار نین؟ ئەی کێ؟ ئەمە کاری ئێوە نییـە؟ باوەڕناکـەم، دەتانەوێ ئازارم دەن، دەنا بۆ زیادە لە هەموو ڕۆژێك ڕاست دەبـێ ئـەمڕۆ، هـەر ئـەو وەختـەی دەمـەوێ سەفەر بکـەم نەگاتـە شـار، هـا؟بـۆ نـەهاتووە؟!... قـەت نـەهاتووە؟!... قـەت نـەهاتووە؟!.... هەرنییـەتی ؟چۆن نییـەتی؟!... چۆن ئـەم خاکـە

قەتاری بەخۆیەوە نەدیوە؟بۆ من چیم؟... بەقسەیکێ؟... تۆ؟ من ئەوەی چاوەڕوانم و ئاخریش...)) بیستۆکەکەی دانا و تووڕە و تۆسن بەنێو کەپرەکەدا هات و چوو.

بریقە بریقی هێڵەکان لە تێکەڵاوی باران و خۆردا بەر چاوی روون دەکردەوە، حەشیمەتێکی زەرد هەڵگەڕاو دەوری کورسیەکەیان دابوو، هەرگەیشتێکابرایەکی بەیانی بەدەم هاوکارەکانیەوە پێکەنی و گوتی: ئێمەش سەفەرین! یەکی کەڵەگەتی چوارشانە کە بالاّ پیاوێك وەسەر حەشیمەتەکە کەوتبوو، گوتی تۆی بەقەتار دەڕۆی؟

-لەوە ناچێ لەسەر سەفەرەکەی سووربێ. مەگین نەتانبیست کابرا دەیگوت ئێرە قەتی قەتار بەخۆیەوە نەدیوە، رەنگە ئەویش دوای چلّ سالّ حاڵی بووبێ.

-لەوەش چاکتر دەیگوت تۆ بێجا دەکەی بەقەتار دەڕۆی.

** ئەوەوەنییە هەموو ڕۆژێك ئازاە گیانیان بەتەقە تەقی قەتار دەلەرێتەوە،

کارداەکانی تەلەفوونخانە وگشت دوکاندارو کاسبی دەور وبەرکۆوەببوون، حەشیمەت هەر دەهات و زیادی دەکرد، ماشێنەکان ناعیلاج بە شەقامێکی سەرتەوەدا دەڕۆیشتن.

لەو ئاپۆڕەدا گوم ببوو، گوێی بۆ هەرلایێ هەڵدەخست لەسەفەری دەبیست، لەقەتار و هێڵ، لە پیاوێکی شێت و وریا،عاقلّ و کەر. دەستیان رادەداشت، سەریان وەردەسووڕاند یەکتریان لادەدا و چاویان دەگێڕا" بۆئێرەش وێستگەیە، کوا؟کامەتا؟" پێی سەیر بوو، یانی ئەو عالەمە نەیاندەدیت، کوێراییان داهاتبوو؟ گوێیان کپ بوو؟ نەیاندەزانی، بەڵام لە ناکاو وەك ئەوەی شتێکی وەبیر هاتبێتەوە، خۆی کێشا لای قاناوەکە، لاقی چەپەی خستە ناوەوەو لەتەخشتێکی هەڵگرت،بەر بووە هەرا هەرا، خۆی و جانتاکەی جەماوەریان شێواند و ڕێگایان کردەوە، لەنێوان هێڵەکان راوەستان و بەرز نەڕاندی:

"جوان چاو لێبکەن، گوێ بکەنەوە" هەستی کرد تەواوی حەشیمەت هەناسەیان راگرتوو، چاویان خورد کردۆتەوە و زرینکەزرینکی هێڵەکان دەبیستن.

"دەی ئەمجار دەڵێن چی، تۆ بیستت، ئەدی ئێوە زانیتان ئێرە وێستگەیە و هێڵی بۆ راکێشراوە" کەچی لەجیات ئەوەی باوەڕی پێبکەن دایانە پڕمەی پێکەنین: "زرینگە لەئیستفالتەوە دێنێ - قا...قا...قا.."

زاری ویشك ببو، گەرووی جار لەگەڵ جاریەك دەهاتەوە. خەریکبوو فجبەبکا، کاتێك خۆی گەیاندە سەر کورسی ئەو بەرخیابانەکە، روالّەتی وەك پەڕە کاغەزی لێهاتبوو، خەڵك قاقاکەیان بڕیەوە و کز و مات تێیان روانی:

{دڵم بۆتان دەسوتێ، دڵم بۆتان پڕدەبێ، ئاخر ئەمنیش وەك ئێوە، گوێم، چاوم،دڵم لەکارکەوتبوو؛ نەمدەتوانی خەڵکێکی دی و دنیایێکی دی ببینم، وردبنەوە !بەم تەمەنەوە هەلم بۆ هەڵنەکەوتووە بڕۆم و ببینم، ئەمە یەکەم جارمە، ئێوە چی؟ بەیانێك زوو هەڵدەستم، دەچمە وێستگە، چاوەڕێی قەتاری سەعات حەوت دەبم، نازانم لە کوێوە دێ و بۆ کوێ دەچێ ئەمە دەزانم ئێرە وێستگەیە، هەر تاوێك دەبێ هێڵەکانم کوتاوە، بۆ هێندە بێڕەحمن نایبیستن، بۆ هێندە بێڕەحمن نایبینن}.

هەموو عالەم وەك کورسیەکەی ژێر پای، وەك بەربەرۆچکە و دیوارەکان بێدەنگن.دەڵێی لە تاریکی ئەنگوستە چاو داگیریان کردووە و ڕێگای بەرو دوایان لێگیراوە. لاوێك لە بەرامبەریەوە لێوی خۆی دەکرۆژێ و بێدەنگ فرمێسك هەڵدەڕێژێ. یەکێك زاری ئاوەڵەی بۆ قاقایێك ساز کردووە، لەم

جەنگەیەدا بێدەنگی دەشکێ، هەوەڵ مل و دواتر جەستەکان وەردەسووڕێن، لەو بەرەوە بەرانبەر بەخۆی پیاوە چوارشانەکە چۆتە سەرکورسییەك: "راوەستێ! قسەکانی ئەم برادەرەتان بیست لەوە دەچێ هەرئەو تەمای سەفەری گرتبێ، هەر ئەو ببینێ، هەر ئەو ببیستێ بەتاق ئەو توانایە، ئەمە یانی چی؟ یانی ئەوانی دی کوێرن! نابینن، تێناگەن و عاقڵ نین؟"

ئێمە هەربەیانی ئەو کاتەی بە تەلەفوون قسەی دەکرد بیستمان، کابرا دەیگوت و ئەم حاڵی نەدەبوو: " ئەی هاوار بۆ حاڵی نابێ، ئەم زەویە قەتی قەتار بەخۆیەوە نەدیوە، شتێك کە نییە بێجا دەکەی ، بێجا، بێجا، بەقەتاردەڕۆی" کەچی وەك ئێستای هەردووك پێی لە کەوشێك کردبوو و بە ئامان و زامان پاشگەز نەدەبۆوە، ئەمە دەیەوێ لەئاوی لێڵ ماسی بگرێ. ئەی کەڵەگایی چۆنە؟ دەباشە دەبابزانین لە نێو ئێمەدا یەك نەفەر، تاقە یەك کەس بڵێت، لەتەواوی ژیانیدا، هێڵ ئاسنی دیبێ نەك لێرە لەتەواوی ئەم زەویەدا. دەی ئەگەر هەیە بڵاوەی دەکەین، دەنا ئەم کارە یانی شێواندی شار، یانی ئاور هەڵایساندن _لێرەدا بە سەفەری ناو دەبا و هەڵگری و بگەڕێیەوە مااڵی خۆت."



ئەمەی بۆ قەبووڵ نەدەکرا، نەیدەتوانی بچێتەوە رێزەی نەبووان، پێی وابوو ئیتر ناتوانێ لە بەیان و بوومە لێڵ و سەفەر دەس هەڵگرێ، ناتوانێ نەڕوا، چل ساڵ بەس نەبوو؟ ئەمەی بە مێشکداهات و گوتی ((لێرە ناڕۆم هەتا نەڕۆم)) بەرز گوتبووی، رواڵەتەکان وەرسووڕابوون چاوی بەدانە دانەیاندا گێڕابوو، بەزمانی هاواری کردبوو، خاوببۆوەو

نووزاندبووی که لێیگەڕێن، هێڵەکانی بۆ ئازاد کەن بـا بڕوا، چ دەبوو، سەفەرێك دەکرا، ئاواتێك دەهاتە دی، پێی خۆشبوو بەلانکە لانکی قەتارەکە راژێت، دەنگی گریان و پێکەنینەکەی لە فیتـووی ئـەودا گـوم کـات. مەیتەکەی بەو بچێ، لە نەکاو هاتە زمان:

((من حەزی پێدەکەم، ئەی هاوار حـەزی پێدەکـەم بـۆ لێـم ناگەڕێن، چرکـە چرکـی سـەعاتەکەم هـەروا دەڕوا و نایێت، تۆ ناهێڵیت، تۆ، تۆ لە کۆڵم نابیەوە، تـۆ بـە شـێتم دەزانـی، مـن بەقـەتار دەڕۆم، تـۆ ناهێڵی...)).

—وەرە بڕۆ، وەرە بڕۆ و ئەم خێر و بێرەت بەرە بۆ شوێنێکی دی، وەرە بڕۆ هەی....

باینجانەکەی نێو دەستی حەواڵە کرد و دواتر ئەوی لەزگی قاناوەکەدا بوو بە سەریدا باری، هەر جـارەی لایێکی دەتۆزاوە، وردە وردە بـەچۆکداهات، دنیـایێك مستە کۆڵە لەسەر و گوێلاکی کوتراو رەوەیێ کـەوش بە بریقە بریق لێی نزیك بۆوە و هەسـتی کـرد خـۆ بـە ناومێشـــك ودڵ و هەســـتیدادەکەن. ئیـــدارەی تەلەفوونخانە، ریزەماڵ و دوکانی ئەم سەراوسـەر بـە کەللەی دادران، هێڵەکان چۆکیان دا سەر پەراسـووی و ورد و خاشـــیان کـــرد، پێـــی وابـــوو خـــەون دەبینێ،هەرچەندە قـەدەڕێ دواتـر زانـی قـەتاری بـە راستییە و سـەری سـەعات حـەوت، لەگـەڵ حـەوت زەنگی بەرزی وێستگە گەیشتوتە بەرەوە و بەفیشکە فیشك راوەستاوە.

میواندار چـایێکی گـەرمی بۆدانـا، ئـاخر قومـی چاییەکەی بەگـەرووداکرد، گوتـی: ((پیـاوەتیت...! تـۆ نەبایـەی فڕێدەدرامـە دەرێ و دەبوومـە خـۆڵ، لەگـەڵ دارو بـەرد، گـوڵ و دڕوو تێکـەڵاو دەبـووم)). گوتـــی و دەنگـــی نـــەهات، میوانـــدار نەیبیســـت، کڵاوەکـەی لەســەر داگـرت، کەمـەکێك نووشـــتاوە وەدەرگای هۆدەکەی لێ پێوەدا. پێـش ئـەوەی بڕواتـە دەرێ پەردەکەی لادابوو، گوتبووی چاولێکـە، چـاوی لێکردبوو، هەموو شتێك هەر ئەوەبوو لە ئاواتـەکانیدا دیبووی. مەزرای زێڕینی گەنم کەرۆیشـکەیان دەکـرد، وەك زەریایێکی زەرد بچێتـە ناوتـەنوورەیێك، تـەپ و خڕودەشتان بەپاشـەوەی قەتارەکـە هەڵدەلووشـران، کێـو لـە حەیبـەتان زاری دەکـردەوە و ئـەوانی لـەو دیـوەوە دەهاویشتە دەرێ. لەبـەر خۆیـەوە((باهـەر بڵێـن ئـەم زەوییـە...)هـەرچی کـرد قسـەکەی وەبـیر نەهاتەوە، یەك ناگا هێڵەکان بڕانـەوە، نووکـی قـەتار وەك تـیر لەنـەرمایی هەڵچـەقی، هۆدەکـان گوڵۆڵـە بوون، راست بوونەوە، یەکەیەکە لێکهەڵوەشان، کوتە کوتـی ئاسـن و مـرۆڤ تێکـەڵاو بـوون. دیتـی خـوڵ دەخوا، بە حەواوەیە، دەنیشێتەوە، دەپـەڕێ، خلۆر بۆتەوە، ژێرپای چۆڵ و هـۆڵ، هـەر دەڕوا و ناگاتـێ. کاتێ وەخەبـەرهات لەکـەپری تەلەفوونخانەکـەدابوو. ئازاری گیانی ژانی دەکـرد، پـاڵی دابـە دیوارەکـەوە، دیسـان وێستگە خـوت و خاڵییـە. هێڵـەکان لەبـەر رووناکی گڵۆپ دەدرەوشـانەوە، جانتـا و شـتەکانی پڕژو بڵاوبوونەتەوە، پەڕە پەڕەی کتێبەکەی لەپەنا و پەسێودا دەلەرزن، بەلارە لار هەستا، لەتێك لەبەرگی کتێبەکەی دیتەوە، نووسـرابوو((... لـێرەوە دەڕوا)) خسـتیە گیرفـانی جانتاکـەی، لەســەعاتەکەی سەرمەچەکی روانی. دە دەقیقـە بـۆ حـەوت. دیسـان هەموو شتەکان وەك ئەو، بێدەنگ وچاوەڕێن.

تێبینـی: ئـەم چیرۆکـە لەشەشـەمین فێسـتیڤاڵی گـەلاوێژدا خەڵاتی سێیەمی پێ بەخشراوە.

کاروان عەلی

بۆنە میهرەبانەکەی نەو

لە چی پاك بێتەوە کە ئەو خۆی هیچ تاوانێکی‌نەبوو، ئەو وایئەزانی کە هۆی نەهامەتیەکانی ئەوەیە کە مرۆڤێکی ناخ پیس و بێ بەرنامەو بێ سەروبەرە، بۆیە ئەیویست تا بارانەکە بەردەوام بێ؛ئەویش لە رۆیشتن بەردەوام بێ و بۆنەوەش هەستی بەنەرمە خۆشییەك ئەکرد. ئەو خۆی لەبەهاری پارەوە چاوەڕێی ئەم زستانەبوو، چاوەڕێی بارانە بەخوڕو بەلێزمەکانی ئەکرد؛ بۆئەوەی خۆی پاك بکاتەوە،لەبەرئەوە هەر ئەبوایە بەبارانەکە خۆی بشواتەوە... لەژێر باراندا خۆی ماندوویکا....

وەکو مەڕێکی تەڕ؛ جار جار سەری رائەوەشاندو بڕێکی زۆر ئاوی لێ جیائەبۆوە، دڵۆپی فرمێسکی بێ ئومێدییەکەشی؛ لەگەڵ دڵۆپی زۆری بارانەکە؛ بەگۆنایدا ئەهاتە خوارێ... خۆیشی نەیئەزانی فرمێسك ئەڕژێ یان تەنها دڵۆپی بارانەکەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەرخۆو هێمن، زوو زوو سەیرێکی سەرچاوەی ئاوەکەی ئەکرد، بەڵام لەبەر لێزمەی باران؛ زوو چاوی ئەنوقاندو وەکو جاران سەری نزم ئەکردەوە:

-سودی‌نییە، ئەو نازانێ چەندم خۆش ئەوێ، ناشزانێ چەندم بیر ئەکرد، کەچی رێگە نادا سەریشم هەڵبڕم و نیگام بەرنیگای بکەوێت!

"ئەوە هەڵوێستی ئەو بوو لەباران"

وابوو..... سەرجەم ئەو قسانەی کەلەگەڵ خودیدا ئەیکرد، بێ سەروبەربوون، ماناشیان نەبوو، بۆیە بڕیاریدا دوای ئەوەی بەبارانەکە پاك ئەبێتەوە، ئینجا ئەوەی هەیە بەخۆی بڵێ؛ تا بەقسەکانیش خۆی بشواتەوە...

وایئەزانی تەنیا هەر خۆی بەو شەقامە چۆڵاوییە دوورو درێژەدا ئەڕوا، هەرگیز نەیئەویست کەس چارەی ببینێ... چارەی کەسیش ببینێ، حەزی ئەکرد بەتەنیا خۆی و باران، وەکو جاران، بکەونەوە گفتوگۆ لەگەڵ یەکتریدا، بەڵام ئەو رێبوارەی کە بەپەلەپەل لە پشتییەوە ئەهات، ئەو هەستانەی لاڕەواندەوە.

–باشە بۆ واپائەکات؟ ئەبێ بەدوای منەوە نەبێ؟! ئەی ئەگەر وابوو چی بکەم؟ خۆ هێشتا بارانەکەش بەتەواوی تەپی نەکردووم... هێشتا پاك نەبوومەتەوە، ئەو کابرایە چی لەمن ئەوێ؟ ئەی ئەگەر بەدوای منەوە نەبێ، بەو شەوە ساردوبارانناوییەو لە شەقامێکی واچڵپاوی چی ئەکا؟

ڕێبوارەکە کەلەبەر چەترەکەی و لەبەر تاریکی، سەرو ڕوخساری دیارنەبوو، تائەهات لێی نزیك ئەبۆوە، ئەویش زیاتر نیگەران و دڵەڕاوکێکەشی زیاتر ئەبوو.

ڕێبوار بەتەواوی بەسەر گفتوگۆی نێوان ئەووباراندا زاڵبوو، ئەو تەنها لە خەمی ئەوەدا بوو کە پاك نەبۆتەوە، چونکە چاوەڕوانیی کارەساتێك بوو... کارەساتێکی وا کە بەیەکجاری لەدایك و بارانی دابڕێ، لەخەمخواردن و یادگارییە تاڵو ئازار بەخش و پڕ ماناکانی دابڕێ...

لە چاوەڕوانیی کارەساتداو لەخەمخواردنی لەوەی پاك نەبۆتەوە، ڕێبوارەکە بە هەناسە بڕکێوە گەیشتەلای:

*ئێوارە باش کاکە.

–سەرچاو... ئێوارە باش.

*وەرە ژێر چەترەکە، دیارە بارانەکە وازوو خۆش ناکاتەوە.

ئاهێکی بەبەراهاتەوە، چاوەڕێی چیی ئەکردو چی ڕوویدا، زۆر مەمنون بوو بەم حاڵەتە،بەڵام مەمنوونترئەبوو ئەگەر کاکی ڕێبوار لێی بگەڕێ و بەتەنیایی لەگەڵ بارانەکەدا؛ جێی بهێڵێ؟، چونکە پاك نەبۆتەوە.

–زۆر سوپاس؛ بارانەکە ناخۆش نییە، هەست ئەکەم پێویستم بەپاکبوونەوە هەیە .

*هەموو گیانت تەڕبووە، بانەخۆشیش نەکەوی، پاکبوونەوەی چی و خۆشیی چی؟!

"سەیرە؛ ئەم ڕێبوارە نازانێ من و باران چیمان بەیەکەوە هەیە، نازانێ من بارانم چەندە خۆشئەوێ و بەتەڕبوونەکەشی شادمانم، ئەم خەڵکە زۆر لەباران ئەترسن، باشە ئەم ڕێبوارە بۆ وازم لێناهێنێ؟!"

–قەینا؛ ماڵەکەشمان دوورنییەو دواییش چەترەکە بچوکەو هەرجێگای یەکێك ئەبێتەوە، سوپاس.

*باشە میوانی ئێمەبە، ئەم دەرگایەی ئەوسەرماڵی ئێمەیە.

–ماڵی ئێمەش نزیکە، سوپاس.

*باشە خواحافیز.

ڕێبوارەکە ڕۆیشت، کارەساتەکەش ڕووی نەدا... بەڵام خۆ تەنیاییەکە ڕەوییەوە، گفتوگۆی نێوان ئەوو بارانیش پچڕا، ئەی ئەگەر ئەوە کارەسات نەبێ چی هەوە؟!

ئەو؛ لەژیانیدا چەتری هەڵنەگرتبوو، بەمندالّی هەردەم نیو سەعات ڕێی ئەکردتا ئەگەیشتە مەکتەب، بارانی وەرزە باراناوییەکان کە ئەباری؛ بەردەوام و تەواو تەپی ئەکرد؛ئەوەندە نەخۆشی دەستی باران بوو، کە گەورەبوو وای لێهات بەرگریی دژی نەخۆشییەکانی باران پەیداکرد... وای لێهات بێ باران هەستی بەنائارامی ئەکرد، دژی وەرزە بێ بارانەکان بوو، دژی بیابان و هەموو شتە وشکەکان بوو. پەیوەندییەکی ڕۆحییان پەیداکرد، بووە خۆشەویستی... خۆشەویستییەك کەلە هی عاشقان؛ لەهی کوڕبۆ دایك و کچ بۆباوك زۆر مەزنتربوو.

تاکە هاوڕێی هەمیشەیی بوو، جگە لە باران؛ ئەو هیچ کەسێکی نەناسی هاوڕێیەتی تاسەری لەگەڵدا بکا، هیچ مەکتەبێك، گەڕەکێك و تەنانەت شارێکیش؛ وەك باران بۆ ئەو بەوەفا نەبوون، چونکە ئەوان بێ ئەوەی سڵ لە فرمێسکەکانی بکەنەوە زوو دائەبڕان.بۆیە ئەبوایە ئەویش بەوەفا بێ؛ جا چۆن وانابێ؟! خۆتەنها باران تێی ئەگا، کەئەو باسی

خەمەکانی بۆ ئەکا، باران لەدەستی راناکا، بەپێچەوانەوە؛ بەردەوام تەپی ئەکاو لەگەڵ دڵۆپە فرمێسکەکانی؛ خەمەکان بەیەکەوە ئەخۆن.

باران و فرمێسك باران نەیئەهێشت فرمێسکەکانی ئەو تەنها بن، زووتێکەڵ بەیەکتر ئەبوون و بەیەکەوە لە گۆناکانیەوە بەرەو چەناگەی و دواتریش بۆ ئەرزەکە ئەڕۆیشتن... هەستێکی مەزن بوو، ئای لەو دیمەنە... ئەبێ کەسی تر ئەوەندە بەختەوەر بێ؟ ئەبێ کەسی تر ئاوا ئاشنایەتیی لەگەڵ باراندا هەبێت؟! یاتەنها ئەو وایە؟

هەردەم سوپاسی هەورەکانی ئەکرد، قسەکانی دایکی بیرئەهاتەوەو شانازیی بە خۆیەوە ئەکرد... کاتی منداڵێتی؛ کەباران ئەبوو؛ دایکی باسی هەورەکانی بۆ ئەکردو بەسەرهاتی دروستبوونی هەورو بارانی بۆ ئەگێڕایەوە.

دایکی ئەیووت ئەو هەورانە پارچەیەکن لەو؛ لەجەستەو رۆحی ئەو.. ئەیووت هەرجارەی کە باوکم بەقامچییەکەی لێی ئەدا،پارچەیەك لە جەستەی و پارچەیەك لە رۆحی لێ جیا ئەبنەوەو بەرزئەبنەوە بۆ ئاسمان... لەبەرئەوە لێدانەکانیش زۆر بوون، هەورەکانیش لەئەژمار نە ئەهاتن، زۆر جار دنیایان تاریك ئەکرد و هەندێ جاریش سپی سپی... بەمجۆرە هەورە سپییەکان پارچەی جیابۆوەی رۆحی دایکی بوون و رەشەکانیش پارچەی جەستەی.

بارانەکان، فرمێسکی هەورەکان بوون، ئەو هەورانەی لەجەستەی دایکی جیابوونەوە... بەفریش؛ لەعنەتیی ئەو هەورە سپیانەبوو کەلە پارچەی رۆحی دایکی دروست بووبوون. لەعنەتییەك بوو بۆ ئەو مێردە زاڵمانە ئەهاتە خوارێ؛ کە دڵیان بە لێدانی ژنەکانیان ئاوی ئەخواردەوە... بۆ ئەو پیاوانەی کەبەلێدانی ژنەکانیان؛ منداڵەکانیان خەمبارئەکردو خەندەی لێوانیان بۆ هەتاهەتایی ئەسڕییەوە.

هەرلەبەرئەوەبوو؛ ئەو هەورەی خۆشئەویست و بەدایکی خۆی دائەنا، پەیوەندییە رۆحییەکەش لەوەوە لەگەڵ باراندا دروست بووبوو.

خۆ ئەو جگە لەدایکی؛ ئەوینێکیشی هەبوو، کچێکی بەوەفا؛ وەك وەفای ئەو بۆ باران و هی باران بۆ ئەو ....

خەمەکەش ئالێرەدابوو، چونکە ئەو پەیوەندییەکی تریشی لەگەڵ باراندا هەبوو، ئەی

چۆن؟... ئەو بەدەستی خۆی ئەوینەکەی کردە قوربانیی باران.. وایئەزانی خەڵکانی تریش؛ بە تایبەتیش خۆشەویستانی؛ بەتەپبوونی ژێر باران پاك ئەبنەوەو شادمان ئەبن، واتێئەگەیشت ئەوانیش بەو تەپبوونە نەخۆش ناکەون.

ئەو وابوو.. هەمیشە زستانان ئەوینەکەی لا مەزنتر ئەبوو، هەستی ئەکرد لەزستانان، بەتایبەتیش کەباران ئەبارێ؛ خۆشەویستەکەی و دایکیو باران ئەبنە یەك کوتلە لە ئاو... ئاوێکی بۆندار کەتەنها لەیەکگرتنی ئەوان، ئەم بۆنە ئەگاتە دلّو دەروونی... دوای مردنی باوکی؛ دوای دوورکەوتنەوەی لە دایکی و کۆچی یەکجارەکیی ئەوینەکەی؛ تەنها بەم بۆنە ئاسوودە ئەبوو... ئاسوودەییەك کە هەردەم ئاوێتەی خەمەکانی بوو..

بۆیە چێژوانی ئەو ئەوینەکەی؛ ئەبوایە هەردەم لەژێر لێزمەی باراندا بووایە، ئەبوایە کە یەکتر ئەبینن؛ بۆنەکە دروست بێت چونکە بەوە ئاسوودە ئەبوو... ئیتر ئەوەبوو؛ هەورەکان خۆشەویستەکەیان دووچاری نەخۆشییە رەشەکان کرد، ئەو نەخۆشییانەی کەتا سەری پێنایەوە؛ بەدەستییەوە ئەتووایەوە.. کێ ئەڵێ هەورەکان؛ لەجەستە و رۆحی ئەویش دروست نەبوونە؟ کێ ئەڵێ باران و فرمێسکی خۆشەویستەکەشی تێکەڵ نەبوون؟ خۆ ئەویش عاشقی باران ببوو...

ئەمە بەسەرهاتی ئەوو بارانە؛ ئەو هەمیشە هەستی بەتاوانێك ئەکرد؛ هەستی بەوەئەکرد کەبەدەستی خۆی و بەباران ئەوینەکەی کوشتووە، بۆیە هەردەم ئەیویست خۆی پێ بشواتەوە؛ تاگەردنی ئازابکاو رۆحیان ئاوێتەی یەکتر بێتەوە... دەمێکیش بوو بۆنە میهرەبانەکەی هەڵنەمژیبوو، ئەیویست ئەوەشی بۆ بچێتەسەر.

لەرۆیشتن بەردەوام بوو، خۆیشی نەیئەزانی بۆکوێ ملئەنێ؛ بیرو هۆشی لای خۆی نەبوو.. هەموو شتەکانی لاتازەببۆوە؛ هەموو هاتبوونە میوانی و ترسێکی گەورەیان لا دروست کردبوو... قامچییەکانی باوکی و ئازارەکانی دایکی؛ ئاهی خۆشەویستەکەی و مەینەتییەکانی خۆی... گلییەکانی خوشکە بچوکەکەی کەقەدەر ناوی نابوو سکالاّ...

سکالاّ.. سکالاّ لەژیان؛ لەباران؛ لەقەدەرو لەهەموو شتێك.. کەچاوەکانی ئەوی ئەهاتەوە یاد؛ قسەکانی سکالاّی بیرئەهاتەوە:

-کاکە... بۆ ئەوەندە ئەچیە ژێر بارانەکە؟ حەزناکەم تەپبیت.. حەز ناکەم تۆش جێم بهێڵی.. توخوا چەتر هەڵگرە؛ ها ئەوەی من بەرە...

ئەوانە بۆ ئەو کەمەرشکێن بوون؛ مایەی خەمێکی قوولّبوون.. چی بکا؛ ئاهەکانیش دادی نادەن... بۆیە لە رۆیشتن بەردەوام بوو؛ لەتەپبوون و گریان بەردەوام بوو... گۆناکانی گۆڕەپانی ململانێی فرمێسك و باران بوو... کامیان سەرئەکەون؛ باران یان فرمێسك.... فرمێسك یا باران؟ کامیان...؟

لەوشەوە تاریك و ساردەدا؛ لەو ئاسمانە پان و بەرین و قەدەرە سامناکەدا؛ هەموو شتێك وەستابوو؛ جوولّە نەمابوو، هەموو شتێ وەپس؛ دەرگاکان هەموو داخرابوون.....

تەنها باران و رۆیشتن و فرمێسکەکانی ئەو ماندوونەدەبوون.. خەمەکان و خەمەکان... بەردەوام بوون... بەردەوام...

تێبینی: ئەم چیرۆکە لەشەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتی سێهەمی پێ بەخشراوە.

ئەلبومی شەش مین فێستیڤاڵی گەلاوێژ



خوێندنەوەیەکی تازەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی

(١٧٧٦-١٨٢٧)

محەمەد حەمە باقی

سەرنجێکی پێویست:

ئەگەر چی مەولانا خالید، لەژیانی خۆیدا ژمارەی (١٨)کتێبی نووسیون[1] و لەدوای خۆیشی ژمارەی (١٩) کتێبی لەبارەوە نوسراوە[2] و لەدووتوێی چەندین کتێبی تریشدا باسی چەندین لایەنی ژیانی مەولانا خالیدکراوە[3]، کەسەرومڕیان دەربارەی کاوربارى ئایینن؛ بەڵام هێشتا خوێندنەوەیەکی تازە، لەبارەی رۆڵی رووناکبیرانەی مەولانا خالید نەکراوە و نەخشەی ئەم رووناکبیرە لە جوگرافیای بزووتنەوەی شیعریی و رووناکبیریی کوردیدا بەسەرنەکراوەتەوە. بۆیە ئەم چەند لاپەڕەیە(کە گوشراوەی کتێبێکی تازەی نووسەری ئەم چەند لاپەڕەیەیە)؛ تەقەللایەکە بۆ دەستنیشانکردنی جێپەنجەو رۆڵی رووناکبیرانەی مەولانا خالید، لەسەر شیعری دیالیکتی سلێمانی و بزووتنەوەی فیکریی سەدەی نۆزدە لە کوردستانی خواروودا، کە بریتیدەبێ لە دووبەش:

١- جێپەنجەی شیعری مەولانا خالیدلەسەر شیعری دیالیکتی سلێمانی.

٢- رۆڵی رابەرانەو رووناکبیرانەی مەولانا خالید، لەخستنە ڕێی بزووتنەوەی فیکریی کوردیدا.

بەشی یەکەم:

((جێپەنجەی شیعری مەولانا خالیدلەسەر شیعری دیالیکتی سلێمانی))

مێژووی تەریقەتی نەقشبەندی، بۆ چەند سەدەیەکی زۆر دێرینەتری پێش سەرهەڵدانی مەولانا خالید دەگەڕێتەوە، وەك بەڵگەی مێژوویی پێمان دەڵێن لەپێش پێکهێنانی دەوڵەتی سەفەوییەوە(١٥٠١ز)پەلوپۆی لە کوردستاندا بڵاوبۆتەوەو لەهەندێ قۆناغیشدا، رووناکبیرانی کورد،لەرابەرە درەوشاوەکانی ئەم تەریقەتە بوون،

وەك نموونەی: (شێخ عەلی کوردی_ئامێدی) کە لەسەرەتای پێکهێنانی دەوڵەتی سەفەوییدا، لە دەوروبەری ((قەزوین))، وەك مریدێکی چالاکی عوبەیدوڵڵای ئەحرار(؟_١٤٩٠ز) رابەرایەتیی ئەم تەریقەتەی کردووە و نەیارێکی نەترسی دژی‌سەفەوییەکان بووە و هەرئەوانیش لەکاتی هێرشی رەشەکوژیانەدا بۆسەر((سوننی))و نەیارەکانیان، گرتوویانە و کوشتوویانەو ئەم کاری رەشەکوژییەی سوننیش، کەسەفەوییەکان لەسەرەتای دەسەڵات گرتنە دەستیانەوە، دەستیان پێکرد، زەنگی قەلاچۆکردنی مەزهەبی سوننی بووە لە باکورو خۆرئاوای ئێراندا، کەلەم شالاوەدا تەریقەتی نەقشبەندی، کەوتە سەنگەری هاوهەڵوێستیی لەگەڵ مەزهەبی سوننی، لەدژی سەفەوییەکان و هەر ئەم هۆیەش خودی تەریقەتی نەقشبەندی خستە بەر شالاوی راستەوخۆی سەفەوییەکان و جێگەی لە مەڵبەندە دێرینەکاندا پێ لێژکردن و ناچاری کردن مەڵبەندەکانیان بەرەوداوە بۆتەورێز و ورمێ بگوێزنەوەو لەورمێشەوە بەهەموو ناوچەکانی کورستاندا بڵاوببنەوەو لەئاکامدا بەوهۆیەوە کە سوڵتانەکانی عوسمانی، سوننی مەزهەبی بوون و شەڕی بەردەوامی سەفەویان کردووە، شاری ئەستەمبوولّ و هەندێ شوێنی قەڵەمڕەوی عوسمانی بکەنە پەناگەو مەڵبەندی چالاکی و دواتریش لەژێر جێگەی ئاسیای ناوەڕاست و هیندستاندا بڵاوببنەوەو چالاکییان تێدا بنوێنن، کەدوای چەند قۆناغ و ئاڵوگۆڕێکی فیکری بەردەوام بەسەر ئەم تەریقەتەدا، یەکێك لە شێوازە سەرەکییەکانی ئەم گۆڕانکارییانە، لەهیندستان، لەسەردەستی شێخ ئەحمەدی‌سەرهیندی (؟_١٦٢٤ز)، ناسراوەبە: (المجدد)دا، شەقڵ بگرێ و پەلوپۆی تری بۆ (مەککە)وشوێنانی تری لێببێتەوە.



ئەم شەقڵە(مجدد)ەی لەسەردەستی ئەم رابەرەدا گەڵاڵەبوو، ئایدیۆلۆژیایەکی جیاواز و خوێنێکی تازەی بەبەرئەم تەریقەتەدا کردەوەو ئەو تیۆری (وحدە الوجود)ەش کەپێشتر ئەم تەریقەتەی پێدەناسرا، کردییە(وحدە الشهود)و ئەمەش پێچەوانەی بیروباوەڕەکانی: محێدینی عەرەبی(١١٦٥_١٢٤٠ز)بووەوە؛ کەلەدەمێکەوە ئەم رێبازەی بەچەقبەستوویی هێشتبۆوەو لەهەمان کاتیشدا ئەو گیانی گۆشەگیریی و تەریکییەی لەخۆی دامالّی، کەلە دنیا دابڕێ و بەتەنگ کێشەکانی ڕۆژانەو خەم و خۆزگەکانی مرۆڤەوە نەبێ. چونکە ئەم رابەرە پێی وابوو بۆ کارکردنە سەر بیروباوەڕی دەسەلاتداران و فرمانڕەوایان، ڕێنوێنی و ئامۆژگاریی و رازیکردنیان، بۆ چاکە و خزمەتی خەڵک، دەبێ پردێک لەگەڵیاندا هەڵبەستێ و لەم پێناوەشدا نامەیەکی زۆری بۆ ئەو فرمانڕەوا مەغۆلانە ناردووە، کەلەوکاتەدا حوکمی هیندستانیان کردووەو لەئاکامدا بەباری سەرنجی خۆی قایلی کردوون و بەم هۆیەوە، لەسەردەمی ئەمدا، ئەم تەریقەتە زۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی بەخۆیەوە دیوەو گەشانەوە و کاملّبوون وەرگداکوتان و خۆ ڕزگارکردن لەسێبەرو جێپەنجەی ڕێبازەکانی تر، هەنگاوی هەڵگرتووەو بەردەوام جەماوەری زۆرتری لێ ئالاوە، کەدواتر لەسەردەمی (شاغولام عەلی)ی ناسراو بەشێخ عەبدولاڵای دەهلەوی(١٧٤٥_١٨٢٤ز)، خانەقاکەی لە هیندستان بۆتە مەڵبەندێکی دەروشاوە و بەهەزاران ئەویندار، لەوڵاتانی ئاسیاو وئەفەریقاوە زیارەتیان کردووەو بوونەتە شاگردی، کەمەولانا خالیدی شارەزووری، یەکێك بووە لەو ئەویندارانەی لەسالّی (١٨٠٨ز)دا، بۆماوەی (٢)ساڵ بۆتە شاگردیو ئیجازەی تەریقەتی تازەی نەقشبەندی: (المجدد)ی لێوەرگرتووەو سالّی (١٨١١ز)بۆ کوردستان گەڕاوەتەوە.

کە بۆکوردستانیش گەڕاوەتەوە، لەدوای ماوەیەکی کورت، زۆرخێرا و لەبەرچەند هۆیەکی گرنگ پێشوازیی بەرفراوانی لەلایەن سەرومڕی خەڵکی ناوچەکەو دەرەوەی ناوچەکەشەوە لێکراوە:

١-مەولانا خالید بەرلەوەی لە کوردستانەوە بچێتە هیندستان و دوای ئەوەش بۆی گەڕاوەتەوە؛ کوردستان بەگشتی و قەڵەمڕەوی بابان وپێتەختەکەیان (سلێمانی) بەتایبەتی، لەوپەڕی پشێوی و داپڕژان و دواکەوتووییدا بووە. چونکە شەڕی چەندین سەدەی شیعە و سوننی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی و شەڕی ئەم دووانەش لەگەڵ دەوڵەتی ڕووس لەلایەك و شەڕی خوێناوی وبەردەوامی میرنشینەکانی: بابان، سۆران و ئەردەڵان وئاژاوەو ناکۆکی نەپساوی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی فرمانڕەوایی بابان لەسەردەسەڵات لەلایەکی تردەوە، ببوونە مایەی تێکدانی باری ژیانی کۆمەڵایەتی و داتەپینی ئابووری و بارێکی گران بەسەر ئەستۆی دانیشتوانەوە وخەڵکەکەی بەجۆرێك وەڕس وبێزارو شپرزەکردبوو، کەبەدوای دەرەتان و چارەسەرێکدادەگەڕان، بۆیە هەر کەمەولانا خالید گەڕایەوەو بانگەوازی بۆ ڕێبازەتازەکەی بەناوخەڵکدا باڵاوکردەوە، خەڵکەکە وەك بانگەوازێکی ڕزگارکەر بەپیرییەوە چوون و پێشوازییان لێکرد؛ بەتایبەتیش چینی جوتیارو توێژی بازاڕیی، کەشەڕی خوێناوی و بەردەوامی ناوچەکە، ژیانی لێ شێواندبوون و زیانی لەبەرژەوەندییەکانیان دەدا.

٢-سەرباری ئەو هەموو شەڕو ملمانێو ناکۆکییەی لەناوچەکەدا بوون، بەڵام مێملّێکی سەرسەختو بەربەستێکی تری پتەوی بەردەم تەریقەتی نەقشبەندی، کەپێشتر لەناوچەکەدابوو، تەریقەتی(قادری)بوو. ئەم تەریقەتەش زانای گەورەو ناودار: شێخ مارفی نۆدێ (١٧٥٣_١٨٣٨ز)

رابەرایەتی دەکرد وبەوهۆیەشەوەکە ئەم تەریقەتە زۆر دەمێك بوو رەگو ڕیشەی لە هەرێمەکەدا بووەو لەگەڵ سەران‌و کاربەدەستانی بابانی و عوسمانیدا سەروپێوەندی بەهێزی هەبووە و هاوکاتیش گەڕانەوەی مەولانا خالید و بڵاوبوونەوەی خێراو بەرفراوانی تەریقەتی نەقشبەندی، بەمەترسییەکی گەورە و راستەوخۆ بۆسەر خۆی زانیوە. بۆیە هەر زوو تەریقەتی (قادری) کەوتۆتە دوژمنایەتی و زمان لێدان و راپۆرت نووسین، لای میرانی بابان و سەرانی عوسمانی و تەنگپێهەڵچنینی مەولانا و هەڕەشە و تەقەللای تاڕادەی تیرۆر کردنی... هەموو ئەمانەش بوونە هاندەری ئەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لەلایەن جەماوەری دژ بەو سیستەمە وەك تاقانە ئەلتەرناتیڤ و هەڵوێستێکی‌دژ بە زوڵم و بێدادی وەربگرێ، بەتایبەتیش کە مەولانا خالید، پەیڕەوکارانی خۆی بەوە پەروەردە دەکرد، تاراستەوخۆ نەبنە پاشکۆی‌هیچ یەکێك لەو دوو دەوڵەتەی ئێران و عوسمانی.

٣-مەولانا خالید هەر لەسەرەتاوەگەڕانەوەی بۆ کوردستان وبڵاوکردنەوەی پەیامەکەی، بەپەیڕەویی لەرابەرانی(المجدد)ی نەقشبەندی و بەزیندوو راگرتنی تەریقەتەکە، کەبەمەبەستی کەمکردنەوەو لابردنی زوڵم و بێدادی لەسەر ئەستۆی خەڵك، نامەیان لەگەڵ فرمانڕەوایان و دەسەلاتداراندا دەگۆڕییەوەو پردی دیالۆگیان لەگەڵدا دادەمەزراندن؛ مەولاناش لە رێگەی نووسینەوە بۆ سەرانی بابانی وعوسمانی وقاجاری و تەنانەت بۆ خودی شێخ مارفیش، بەگیانی رەخنەی ئایینی و ریفۆرمخوازیی واقیع بینانەی کۆمەڵگەی کوردستانەوە، کەوتۆتە سەرکۆنەو رەخنەلێگرتنی توندوتیژ،لەرابەرانی لەڕێ لادەری ئایینی ئیسلام و فرمانڕەوایانی ملهوڕو سیستەمە سیاسییە گەندەڵبووە سەپاوەکەو هۆشیارکردنەوەی سەرلەبەری خەڵك....کەبەم کارەی مەولانا خالید، بۆیەکەم جار لە مێژووی گوتاری روناکبیریی کوردیدا، جوولانەوەیەکی شاریی‌و شارستانییانە؛ دیالۆگ‌و مشتومڕێکی فەرهەنگی و نیشتمانییانە، لەناو روناکبیرانی ئەو ڕۆژگارەدا دێنێتە ئاراوەو زەمینەیەکی بەپیت و بەبڕشت، بۆ هێنانەکایەی قۆناغێکی نوێی روناکبیریی دەڕەخسێنێ.

٤-هەڵبژاردنی شاری ((سلێمانی))، لەلایەن مەولانا خالیدەوە، بۆ ئەوەی بیکاتە بنکە و مەڵبەند، بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی، کارێکی ئەوپەڕی هۆشیارانە بووە؛ کە ئەگەر چی شاری سلێمانی (لەو کاتەدا) تازەترین پێتەختی نێوان سەرلەبەری میرنشینەکانی بووە؛ بەڵام هەر لەبنەڕەت و مەبەستیش لە دروستکردنی، بۆ ئەوەبووە ببێتە پێتەختێکی بەمانای وشەی ئەو ڕۆژگارە : هاوچەرخ ... چونکە لە پاڵ ئەوەدا، کە هەر زوو ناودارترین زانایان و روناکبیرانی ئەو سەردەمەیان لە هەموو قەڵەمڕەوی کوردستانەوە بۆ بانگهێشتن کردووە و خانەقاو مەدرەسەیان بۆ کردوونەتەوە و لەهەمان کاتیشدا خاوەن پیشە وجوتیارو سەربازی هەموو ناوچە جیاجیاکانی کوردستانیشیان تێدا نیشتە جێکردووە، کەلەم جەماوەرە فەرهەنگ ودیالیکت و جیاوازو تێکەڵەیەش، فەرهەنگ و دیالیکتێکی نوێیش هاتۆتە بەرهەم و بەخێراییش شەقڵی هاتووەو لە بەرامبەر دیالیکتی (گۆران)دا، هاتۆتە مەیدان، کە دیالیکتی (گۆران) لەوکاتەدا، تاقانە دیالیکتی رەگو ریشە داکوتراو وبەرفراوانی زمانی کوردی بووە، کەلە چەندین سەدەی پێشترەوە، تائەوکاتەو دواتریش، لە مەڵبەندی ئەردەڵان و دەرەوەی قەڵەمڕەوی ئەردەڵانیش، ئەدەبی پێ نووسراوە.

کەچی ئەم دیالیکتە تازەیەی ناو پێتەختەتازەکەی قەڵەمڕەوی بابان، کە دواتر هەر بەدیالیکتی (سلێمانی)ش ناسرا؛ بووە زیندووترین دیالیکتی زمانی کوردی، کەلەمەدا مەولانا خالید لەتەك شێخ حسێنی قازی و شێخ مارفی نۆدێیدا، [٤] شەرەفی ئەوەیان پێدەبڕێ؛ ببنە پێشەنگ و سەرباشقەی ئەو یەکەمین دەستە رووناکبیرەی هەریەکەیان لای خۆیەوەو بۆ یەکەمجار، بەردی بناغەی ئەم دیالیکتەیان بەچەند تەقەڵلو بەهرەیەکی جیاواز هەڵچنی... کە ئەگەر بەشی شێخ حسێنی قازی و شێخ مارفی نۆدی،لەم دەستپێشخەرییەدا، نووسینی ((پەخشان)) و قامووسی((ئەحمەدی)) بێت، ئەوا بەشی مەولانا خالید، نووسینی شیعری عەروز و((عەقیدەنامە))بووە. [٥] ئەگەر چی مەولانا خالید بەرلەوەی بۆ خوێندنی دوو ساڵەی بۆ هیندستان بچێت، شیعری نووسیوە و هەندێ لەم شیعرانەیشی بۆ ستایشی هەڵوێستی جوامێرانە و نیشتمانپەروەرانەی میرانی بابانی نووسیوە. بەڵام لەماوەی دوو ساڵ مانەوەی لە هیندستان و دوورکەوتنەوەی لە نیشتمان، ئەم خەم و پەرۆش و هەستەی ئەویندارانەتر هاتۆتە کوڵ و هەڵچووەو لەهیندستانەوە شیعری هەسرەتی دیدارو فرمێسکاویی و دیتنەوەی کوردستانی نووسیوەو لەگەڵ هاتنەوەی خۆیدا، ئەم شیعرانەیشی هێناوەتەوە... کەئەم شیعرانە سەرەڕای ئەوەش بەزمانی فارسی نووسرابوون[٦]، بەڵام پەیام و جیهانبینیو داهێنانێکی تازەیان لە چاوشیعری ئەو رۆژگارەی کوردستاندا بۆ رووناکبیرانی ئەو سەردەمە هێناوەتەوە. چونکە (وەك وتمان) ئەدەبی باوی ئەو رۆژگارە، کە ئەدەبی دیالیکتی ((گۆران)) و چەندین سەدەبوو بەرفراوانترین رووبەری جوگرافیایی کوردستانی گرتبۆوە. بەڵام ئەم ئەدەبە، بەچاوێکەریی لە ئەدەبی عیرفانی ئێرانی، نوقمی گۆشەگیریی و خۆنەبان کردن ببوو... لەخەم و خۆزگەی ڕۆژانەی خەڵك و دوورکەوتنەوە لەکێشەو چارەنووسی نیشتمان، کەشەڕو ململانێی سەختی نێوان میرنشینەکانی کورد لەناو خۆیانداو لەگەڵ ناوەندی هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی، چارەنووسی جەماوەرو نیشتمانی بەرەو هەڵدێرو مەترسییەکی نادیار دەبرد.

بەڵام بەو بۆنەیەوە کە رووانگەو جیهانبینی شیعرەکانی مەولانا خالید، چڕۆکردنەوەیەکی تازە و سەرلە نوێی هەستی خۆشەویستیی نیشتمان و بانگەوازی شیعرەکانی ئەحمەدی خانی(١٦٥٠–١٧٠٧ز)، بەشێوەیەکی هونەرییانەتر، بەبیر رووناکبیراندا دەهێنایەوە، بۆیە شیعرەکانی مەولانا خالید، لای رووناکبیرانی پەرۆشی نیشتمان، باوەشێکی گەرمیان بۆ کرایەوەو دواتریش هەر ئەم هەوێنی جیهانبینی و رووانگەیە، بەجۆرێك بۆ شاعیرانی وەك (نالی)و(سالم) و هاوڕێکانیان بووە سەرمەشق و چاولێکەریی، کەسیما گشتییەکانی ڕەنگدانەوەی شیعرەکانی مەولانا خالید، لەشیعری تازە لەدایکبووی دیالیکتی (سلێمانی) دا، لەم چەند لایەنەدا بەرچاو دەکەون:

١–ئەو هەستە میژینەیەی لەسەردەمی شەرەفخانی بتلیسی (١٥٤٣–١٦٠٤ز)و دواتریش لەسەردەمی ئەحمەدی خانییەوە، بەپێشخواردوویی لە دەروون وبیری رووناکبیرانی کورددا مابۆوە؛ بریتی بوو لەوەی: رووناکبیرانیکورد، لەبەردەم شەڕو ململانێی بەردەوامی ڕۆم و عەجەمدا، خۆیان بەنامۆ دەزانی. چونکە شەڕو ململانێی ڕۆم و عەجەم، کەبەروخسار لەژێر پەردەی ئایین و مەزهەبدابوو، بەڵام لەناوەڕۆکدا بۆ پێکهێنانی قەوارەی نەتەوایەتی و پاراستنی زمانو ئەدەبی خۆیان بوو.کەلەمەشدا

لەلایەکەوە ئاکامی شەڕوپێکدادان و جەنگەکانیان هەمیشە بەزیان بۆکورد دەگەڕایەوە و لەلایەکی تریشەوە زوڵم‌و بێدادی بێ سنووریان بەرامبەربەگەلی کورد، هەر لە هەڵگشاندابوو... بۆیە پێچووانەوە و شوبهاندنی بێوەفایی و جەوروستەم‌و بێمتمانەیی (یار)و(دڵدار)، لەشیعری قوتابخانەکەی نالی و هاوڕێکانیداندا، بەجەوروستەم و بێوەفایی و بێمتمانەیی ((ڕۆم)) و ((عەجەم))، دەرئەنجامی ئەو هەڵوێستو بانگەوازەیە، کە مەولانا خالید زیندوویکردەوەو تەقلای دەدا جەماوەری کوردستان و سیاسەتمەدارانی بابانی، خۆیان لە پاشکۆیەتی هەریەکە لەودوو دەوڵەتەی ڕۆم و عەجەم جیابکەنەوەو مشووری پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان بخۆن.

١–دەڵێی "بارامی‌گور"ە تورکی چاوت
لەدڵ نەمدیوە قەت، تیری خەتەرکار[٧]

٢–تورکی پڕئەفسوونی چاوی ،کاری سەدجادوو دەکا
ساعەتەن تەسخیر دەبێ، بۆ هەرمەکانێ روودەکا[٨]

٣–هەرچی ((نادر))قەبزو بەسطی کرد بەشمشێر و سوپا
ئەم بەتیغی‌جەور، ئالوودەیی خەمی ئەبروو دەکا[٩]

٤–بۆ ئەدای تەعزیەی من، تورکی چاوی مەستی یار
پڕتەرەب هەردەم لەبەزمی عیشوە، مەی نۆشیی دەکا[١٠]

٥– مەیانەت بەستووە، تورکانە بۆ قەتڵم لەمەسیی‌دا
تەحەمول کە، زەمانێ بابێوسم دەستی شمشێرت[١١]

٢–بۆن و بەرامەی ئەوین و هەستی نیشتمانییانەی شیعری مەولانا خالید بەگشتی بەتایبەتیش ئەو شیعرانەی کەلە دەرەوەی کوردستاندا نووسیونی وتیایاندا بەهەنسك و خورپەوە ناوی گوندوشاروروبار و چیا و ناوچەکانی کوردستانی بەیادکردوونەتەوەو خۆزگەو خەون و حەسرەتی دیتنەوەو لە ئامێزگرتنەوەیان دەخوازێ؛ وەرسووڕانێکی بنەڕەتییان لە هۆشیارکردنەوەی ڕووناکبیران و شاعیراندا هێنایەکایەوە؛ کەئەم ڕەگەزە(لەو کاتەدا)نەك هەر لە شیعری دراوسێکانی کورد دا نەبوو، بەڵکو لە دوای کپبوونەوەی دەنگی (ئەحمەدی خانی)یەوە، لەشیعری پێش سەردەمی مەولانا خالیدیشدا زایەڵە و ئاوازەیەکی نەمابوو. ئەگەریش بووبێ، ئەوا لە "بەیت" و بەتاییەتیش لەبەیتەکانی(عەلی بەردەشانی)دا بووە، نەك لە شیعری هونەرییدا... بۆیە زەبری ئەم ئەوین و هەستەی مەولانا خالید بۆ نیشتمان، بووە نموونەی بەرجەستەترین و بەرچاوترین ڕەگەزەکانی شیعری‌قوتابخانەکەی (نالی)و هاوڕێکانی و لای هەموشیان بۆن و بەرامەی نیشتمان، بەشێوەیەکی سروشتیی و هونەریی‌و هەڵکشاوتریش لەچاو ڕەنگی نیشتمان، لە هونەری شیعری ئەحمەدی خانیدا، ڕەنگی دایەوە و نیشتمانیان درەوشاندەوە... کەئەم حەقیقەتە، نهێنییەك نییە ئێستا دەرکی‌پێبکرێ، بەڵکو هەر لەسەرەتای بناغە هەڵچنینی قوتابخانە شیعرییەکەی نالی وسالم وهاوڕێکانیانەوە، سالم دان بەوەدا دەنێ، کە خۆی و هەموو هاوڕێکانی، دەستەچیلەی هونەری شیعریان لە (مەولانا خالید)خواستووە:

لەعەرسەی ئەوجی عەشقت، بازی دڵ هەڵسا،
لەدەورانا
بەبەرقی‌پرتەوی حوسنت ،پەڕی سووتا لەطەیرانا

لەڕۆژی ئیمتیحانا دیم بەرابەر طالب و مەعشووق
کەمەربەستەی هونەرهاتن ، لەتیپی عیشقبازانا

له‌لایه‌ك (نالی)و(مه‌شوی)، له‌لایی(سالم)و(كوردی)
له‌هه‌نگامه‌ی هونه‌ر گه‌رمیی،تكاجۆبوون له
(مه‌ولانا)
له مه‌یدانی به‌لاغه‌تدا به‌سواری مه‌ركه‌بی مه‌ضموون
به‌كوردی هه‌ریه‌كه تازی سواریّ بوون له(بابان)ا
كه(نالی)ته‌وسه‌نی تابعی به‌ته‌رزی گه‌رم و جوسته‌ن
بوو
به‌چه‌وگانی خیره ء ، گۆی دانشی ده‌ركرد
له‌مه‌یدانا
كه‌ره‌ختی رامی هاته‌سه‌ر میقرازه‌كه‌ی ته‌علیم
ریكابی پایی بۆسی (سالم)و (مه‌شوی) له‌ده‌ورانا[12]

له نموونه به‌رچاوه‌كانی ئه‌و جۆره شیعرانه‌ی كه مه‌ولانا خالید له‌ده‌ره‌وه‌ی كوردستاندا نووسیونی و پرشنگی تاسه‌ی نیشتمانیان تێدا ده‌بریسكێته‌وه، ئه‌م چه‌ند شیعره به‌سه‌ر ده‌كه‌ینه‌وه‌و له‌ته‌كیشیاندا نموونه‌ی ره‌نگدانه‌وه‌كانیان لای نالی و هاوڕێكانی ده‌خه‌ینه به‌رچاو، كه‌له رۆژانی ئاواره‌یی و دووره ولاتییدا، ده‌مو ده‌ست، هه‌ست و وێنه‌ی شیعریی مه‌ولانا خالیدیان كردۆته سه‌رمه‌شق:

١–خون شددلم، نسیم صبا غمگسار شو
بر دشت "شهرزور" كمی رهگذار شو
رفت آنكه مابعیش در آن بوم بگذریم
زینهار تو وكیل من دلفگار شو
غم بر دلم نشست چو"گدرون" ز داغ هجر
ای چشمه سار چشم تو، هم (سرچنار)شو[13]

٢– دڵ بوو به‌خوێن، شه‌ماڵ وه‌ره تۆ بۆم بخۆ مشوور
توخوا له‌باتی من، بگه‌ره ده‌شتی((شاره‌زوور)
رووێی نه‌ما، به‌خۆشیی تێیدا بژین

تۆ په‌یكی گیانی من به، له‌وێدا به‌جێنشین
خه‌م بوو به‌كێوی ((پیره‌مه‌گروون)) به‌ئاهی زار
چاو، جۆگه‌ێیكه، بۆم بۆته ئاوی (سه‌رچنار)[14]

نالی:

قوربانی تۆزی ڕێگه‌تم، ئه‌ی بادی خۆش مروور
ئه‌ی په‌یكی شاره‌زا به‌هه‌موو شاری
((شاره‌زوور))[15]

٢–هرچند دل ز محنت ایام داغ یافت
رمزی ز داغهای "قره‌چداغ"یافت
اما چو دیده‌راه وصال است، وصل را
وهم أن خیال كرد وزداغش فراغ یافت[16]
–هه‌رچه‌ند له میحنه‌تی زه‌مانه دڵم داخه
زۆرتر به‌خه‌یاڵی"قه‌ره‌داخ"ه، داخه
ئه‌مویست كه دیسان بچمه‌وه، داخم ناچێ
دنیا سه‌ری داخ كرێ، به‌شی من: داخه[17]

نالی:

دڵ سیاسه‌نگ نه‌بێ، مائیلی خاكی وه‌ته‌نه
خاڵی له‌علت حه‌به‌شه، ساكینی بوردی یه‌مه‌نه
دڵی نالی كه ئه‌نیسی" قه‌ره‌داخ"ه ئێسته‌یش
داخی"سه‌رچاوه"و "دێوانه"یی داروده‌وه‌نه[18]

٣–
واله‌شوق جمال دوستان
بی نصیب از گشت باغ وبوستان
بنده‌ء وامانده از وصل حبیب
خالد درمانده در هندوستان[19]
بێ نسیبی دیده‌نی رووی دۆستان
داخ له‌جه‌رگی باخ وبه‌فری كوێستان
زۆر ره‌هه‌نده‌و دوور له‌ده‌شتی شاره‌زوور

خالیدی گیرۆدەیی هیندستان[20]

نالی؛

دَروُني لدارِ ال(الشاّرَنُور)وبَردِو
كفرميسك كَرِم الى أو سردِو[21]

٤—

موسم عيداست وما نوميد از ديدار يار
عالمی درعيش ونوش ومادو چشم اشكبار[22]

—جەژنە،من وا نائومێد و بێبەشی دیداری یار
خەڵکی خوڕەم، من بەخوڕەم ئاو لەچاوم دێتە خوار
گشت لە گشتی دەشتەداوێن، پڕ گوڵاڵەی ئاڵ و من
ئەشکی سووری داخی دووریی، دەوری کردمە لاڵەزار
بێ نەواو و دڵ لەخەم کەیلو غەریبو بێ نسیب
دەست لەسەردڵ، سەرلەئەژنۆ، چاولە رێگەی پرسیار
دڵسووتاو جەرگ بڕاو و کۆڵان کۆڵان، دەربەدەر
کەس بەدەردی من نەچێ، دوورکەوتەیی یار ودیار
خوێنی دڵ واهات بەچاوما، بوو بەجۆگەی ((بەکرەجۆ))
هەردوو سەرچاوەی چەمێکن، کردمە تاسەی((سەرچنار))
باوەمردەی"باوەمردە"م،((ئاڵ بولاغ))ی چاوەکەم
خۆزگە ئەمدی پێم بڵێن وا: {باوە گلێڵدی}گەییە شار
پێم بڵێ"خالید"ئەگەر تۆ، وا رەهەندە و شێت نەبی
تۆ لەکوێ وکابوول و غەزنەین و وڵاتی قەندەهار[23]
ئەم شیعرە بەسۆزەی مەولانا خالید، چەند سۆزوبۆن و بەرامەی بەشیعری دووەم وڵاتیی((نالی)) بەخشیبێ، ئەوەندەش هاوڕێ و هاوخەمی رۆژان و شەوانی دوور وڵاتیی(سالم)بووە و قوڵپی گریان فرمێسکە درشتەکانی (سالم)ی هەڵچواندووە. شیعری بۆدوورە وڵاتیی پێ نوسیوەو لەئاکامیشدا تێکەڵ گینگڵەکانی خۆی کردووەو کردوویە بەبناوان بۆشیعرێکی پێنج خشتەکی:

دڵ لەمیحنەت کەیلە رێم کەن، بەڵکو زوو دەرچم لەشار
ئیمڕۆ رۆژێکە لەجەمعی مەردومان بگرم کەنار
دەستەو ئەژنۆ دانیشم، بێچارەو زار ونزار
جەژنە من وا نائومێد و بێبەشی دیداری یار
خەڵکیخوڕەم، من بەخوڕەم ئاو لەچاوم دێتەخوار
ئەی رەفیقان، بێنە فریام چاری ئەم بێچارەکەن
غەرقی لیتەی دەردی مەحرووەمی بووە، سەرتابەدەن
نەونیهالی شادمانیم بانەکا((با))ریشەکەن
گشت لەگەشتی دەشتە داوێن پڕگوڵاڵەی ئاڵو من
ئەشکی سووری داخی دووری، دەوری کردمە لاڵەزار
لەودەمەی دەوران لەداوی دووری یا خستوومیە بەند
نەبووە ئارامم بەئانێ، قەت لەئافاتو گەزەند
رۆژۆ شەو کەوتوومە واوەیلا بەئاوازی بوڵەند
بێ نەواو و دڵ لەغەم کەیل و غەریب و دەردمەند
دەست لەسەردڵ، سەرلەئەژنۆ، چاو لەرێگەی پرسیار
ئەم جیهانە جەننەتە بۆهەرکەسێ، بۆمن سەقەر
عومری شیرینم بەتاڵیی چوو، لەبەرئەرکی سەفەر
قەت لەموددەی عومری خۆمدا هەفتەیێ نەمدی حەزەر
دڵسووتاو و جەرگ بڕاو، کۆڵان بەکۆڵان دەربەدەر
کەس بەدەردی من نەچێ دوورکەوتەیی یارو دیار

چەند بەسۆزە ئەی دڵـەی سـووتاو، کـزەی هـاواری تۆ
دیـدە ! ئـەی تـۆ، ئـەم هـەموو ئـاوە، کـە کردووتـە بەجۆ
ئاوی "زەڵم" و "تانجەرۆ" وشکن لەچاوتا، بێدرۆ
خوێنی دڵ واهات بەچاوما ،بوو بە جۆگەی {بەکرەجۆ}
هەردوو سەرچاوەی چەمێکن، کردمە تاسەی "سەرچنار"
کەس نەبێ "سالم" لەدونیادا وەکـو مـن ، تووشـی دەرد
دوو رەفیقی غوربەتن، ڕۆژی سیاهی و ڕەنگی زەرد
شـیعری "مـەولانا" دەخوێنـم ، هەڵدەکێشم ئـاهی سەرد
پێم بڵێ "خالید" ئەگەر تۆ شێت نەبێ وسەحرا نەوەرد
تۆڵە کوێ و کابوول و غەزنەین، خاکی هیند و قەندەهار[24]
هـەر لـەناو پرشـنگ و کـەش و هـەوای ئـەمجۆرە شیعرانەی مـەولانا خـالیددا، ڕەنگدانـەوەی زۆری لای شاعیرانی دوای خۆی دەبینرێن، وەک:

نالی:

١– دەموت دووچاوی خۆمە، ئەگەر
(بەکرەجۆ)ی ئەشک
نەبوایە تیژ و بێ ئەمەر وگەرم و سوێر و سوور[25]

٢–یادی(کانی دمدم) و سەرچاوەکەی (مێگور)دەکا
(بەکرەجۆ)ی چاوم،کە شێوەی (سەرچنار)ی
گرتووە[26]

سالم:

١–(سەرچنار)ی چەشمەیی چاوم ئەگەر وا هەڵقوڵێ
مەوجی گەردابی دەگاتە کۆهی گەردوون،
عاقیبەت[27]

٢–وەک (زەڵم)ە ئەشکی دیدەیی تارم لە زوڵمی
چەرخ
هەردەم دەکەم لەکونجی سینەما،
یادی(شارەزوور)[28]

٣–شنۆی ئۆردووی بەهەشتی وەسڵی یار، ئەربێ
بەسەرمندا
لەلام (قەندیل) و (لاجان)ە، بەهاوین گەر لە
مەسقەتت بم[29]

مەولەوی تاوە گۆزی:

١–(تانجەرۆ)ی ئـەی چـەم،(سـیروان) ئەوچـەم جۆشاوێ وەهەم ئەی چەم تا ئەو چەم[30]

٢– دیـدەم (ڕێـژاو)ە، ڕووخسـارم (زەردە)ن جەدان(یـاران)، (پیران)م کـەردەنهی[31]

٣– گێـچ مـەدا سـەبوون، (شـارەزوور)دڵ (سیروان) هوونـاو، دەرونیش گوڵ گوڵ[32]

٤– دەی سـا شـو بویـەر نەوسـوب سـەحەردا چون دووی هەناسەم وە (ئاویدەر)دا[33]

٥– گێـچ (زرێـوار)هەرسـم مـەوج وەردەن سارای (مەریوان)تەمام هەڕ کەردەن[34]

بـەڵام ئەگـەر ئـەم پرشـنگ و ڕەنگدانـەوەو جێپەنجانەی شیعری مەولانا خالید، لەسەر شاعیرانی دوای خـۆی، نیشـانەی سەراسـیمەبوونی شـاعیرانی سـەردەمان و دواتـری مـەولانا خـالید بێـت،بەشـیعری مەولانا خالیدەوە، ئەوا شێوەیەکی هەڵکشاوتری ئەم سەراسیمە بوون و کارتێکردنە، بە ئەندازەیەک بـووە؛ هـەندێ شـاعیر لەگەرمـە و قوڵپـی ئیلـهام و داهێنانەکانیاندا بێ ئەوەی بتوانن خۆیان لەدەست شەپۆلە بـێ کـەنارەکانی شـیعری مـەولانا خـالید بسـێننەوە، نوقمـی شـیعری مـەولاناو نوقمـی دووبارەکردنـەوەی هـەندێ بەیتـە شـیعری مـەولانا خالیدبوون، کەیەکسەرو ڕاستەوخۆ، لەفارسییەوە بـۆ کوردی وەریانگێڕاون و هەندێکیشیان لەجارێک زیـاتر،

هـەمان دووبارەکردنـەوەیان بەشـێوەی جیـا جیـا کردووە، وەك نموونەی بەیتەشیعری ئەم شاعیرانە:

١–زادە رە بردن بدرگاە کریمان ناسزا است
شادم ار روبر درت بی زاد راە اوردەام[٣٥]

مەولەوی تـاوە گۆزی:

–یاخەلیل دەخیل، کێ عادەت کەردەن
تۆشە بەدەرگای کەریمان بەردەن؟[٣٦]

٢– گل رخسار تو نقش است چنان در دیدە
أب چشمم همگی عین گلاب است امشب[٣٧]

سالم:

گوڵی رووت عەکسی واداوە لە دیدەم
هەموو قەترەی سروشکم وەك گوڵاوە[٣٨]

٣–بگاەگریە ام صد خندە أید
بە اشك و اە ابر نوبهاری[٣٩]

نالی:_

گریانی من وخەندەی تۆ، ئێستە دەشوبهێ
بەو موسمی بارانە، کەوا خونچە دەپشکووت[٤٠]

–خەندەت بووەتە باعیثی گریانی دەما دەم
بەرقە سەبەبی باشی بارانی بەهاری[٤١]

–شەرەر و تابش و بارش لەدەمی رەعدی بەهار
ئەسەری سۆزشی گریانمە لە ئەفغانمدا[٤٢]

–برسرکوی خود أز گریە مکن منع مرا
زانکە گلهای چمن منتظر بارانند[٤٣]

مەحوی:_

بەگریانم، وەکو گوڵ پێکەنی یار
لەباخی من ، بەبارش خونچە دەپشکووت[٤٤]

٣–مهر منیر باهمه خوبی ومنزلت
هرشب کند ز شرم رخت درنقاب رخ[٤٥]

–مە همەتن روشدە، چون نکردە بر رخت
نیست ورا چارەە غیر ز بگریختن[٤٦]

نالی:_

لە خەوفی طەلعەتی، رۆژ هەروەکو شێت
بەڕوو زەردیی هەڵاتو کەوتە کێوان[٤٧]

٥–أبرویم ز أتش رخسار او برباد شد
آری آری باوجود خور، چە جای شبنم است![٤٨]

مەحوی:-

لەهەر جێیەك هەڵێ خورشیدی عیشقی گوڵڕوخان
((مەحوی))
ئەگەر عەقڵی ببێ، لەوجێیە ئاونگی عەقڵ چیبکا؟[٤٩]

–وتی : مەحوی. من وتۆ ئافتاب و سایە ئیمثالین
جەنابی من کە دەرکەوتم، دەبێ تەشریفی تۆ بڕوا[٥٠]

–دەپرسی: بۆچی من دەرکەوتم ودڵ بۆ لە تۆغایب؟
کەوەختێ رۆژهەڵات، ئەڵبەت دەبێ شەونم لە تۆغایب[٥١]

–تۆ، کە دەرکەوتی، مەپرسە چی بەسەر دێ جان ودڵ
حاڵەتی شەونم تەماشاکە، بەوەختی ڕۆژهەڵات[٥٢]

٦–ئایدم خواب مبادا کە بخوابت بینم
دیدە بخت مرا بین چەبخواب است امشب[٥٣]

مەحوی:-

–خەو دەزانێ نییە، دەیوت: دەبنوو بێمە خەوت
نیك بەختم، بەوەنەوزێ بکە، ئەی بەختە مەدەد[٥٤]

٧–درین موسم زمام اختیار أن کس بکف دارد
کەنبود فرق پیش اهل دل بانقش دیوارش[٥٥]

مەحوی:-

-بەدەردی خۆمەوە، گەر گۆشەیەك دەگرم
بەبێدەنگیی
بەلامـــا دێ، بەخەشـــم وڕق، دەڵـــێ:
خۆنەقشی دیوارە[٥٦]

٨-ز رشك سرو قدت پای سرو درخاك است
كتان پیرهن گل ز روت صد چاك است[٥٧]

مەحوی:-

-پرتەوی عارزی یـارو دڵی سـەد پـارەیی
من
قسەیی شەوقی مەهو چاكی كەتانە بەعومەر[٥٨]

مەولەوی تـاوەگوزێ:-

-بەڵام كون تاقەت دین دڵدارم
ئەو مەهـ چیهرەسان، من كەتان وارم[٥٩]

پیرەمێرد:-

بەشەدەی لارو كراسی كەتان
وەك مانگ كەتانی جەرگیان ئەسووتان[٦٠]
٩-بیمارئ كو موجب دیدار تو شد
صد بار ز صحت جوانی بهتر[٦١]

نالی/

هەربە ئومێدی عیادەت، بەڵكە جارێك بێیتە لام
من ئەگەر چی بشمرم، پێم خۆشە ئەم بیماریە[٦٢]
١٠- گویند چوب ز أب بود پرورش پزیر
اورا ازان فرو نبرد أب خوشگوار[٦٣]

پیرەمێرد:-

-كە ئاو داری لەسەرسەر راگرتووە، ئەیزانی چی
تیایە

لەلای نەنگـە كـە پـەروەردەی نقـوم كـا، گـەورەیی
وایە[٦٤]

١١- گر بینم از وفات ببالین پس از زفات
مقصودم از حذای بخیر از وفات نیست[٦٥]

مەحوی:-

ئەو نەونەمامە، كەی بەری میهر و وەفادەدا
بۆمن، لەدەستی جەورو جەفادا، كەمن نەمام[٦٦]

﴿ بەشی دووەم ﴾

((ڕۆڵی رابەرانەو ڕووناكبیرانەی مەولانا خالید لەخستنە ڕێی بزووتنەوەی فیكریی كوردیدا))

پێدەچێ مـەولانا خـالید لـەدوای گەڕانـەوەی لـە هیندسـتانەوە بـۆ كوردسـتان، كـەمتر خـەریكی نووسینی شیعر بووبێ و زۆرتـر سـەرگەرم وسـەرقاڵی ڕاگەیاندنی ئەو پەیامەی بووبێ، كە ئیتر بەتایبەتی و بەیـەكجاریی، خـۆی بـۆ تـەرخانكردو دواتریـش سەرومڕی ناوبانگ وزایەڵەی مـەولانا خـالید، هەربـەم پەیامە ناسرا.

ئـەم پەیامـەش ئەگـەر چـی بەڕواڵـەت، وەك یـەك بابـەت خـۆی دەنوانـد، بـەڵام لـەناوەڕۆكدا وەك پێشتریش ڕاگوزارییانە ئاماژەمان پێكرد، بریتیی بوو لەچەند بابەت وئامانجێك:_

١-كۆكردنـەوەی خـەڵكێكی زۆر لـەدەوری پەیامەكەی ،بۆ دروستكردنی بنكەیـەكی جـەماوەریی بـەرفراوان، تـا پشـتیوانیی لـە بانگەوازەكـەی بكـەن، كەلەم بـوارەدا لەماوەیـەكی زۆر كـورت و لـەناو تـازە شارێكی وەك (سـلێمانی)دا، وەك كلودیـوس جێمـس ریـچ(١٧٨٧_١٨٢١)، كـە خـۆی لـەكاتی هـەڕەتی هەڵكشـانی ناوبـانگی مـەولانا خـالید دا

لەناوواقیعەکەوشاری سلێمانی دابووەو دەیگێڕێتەوە، ئامـــــاری مریدولایـــــــەنگرانی مـــــــەولانا خالیدگەیشـــتوونەتە(١٠)هـــەزارو لـــــەدەرەوەی کوردســـــتانیش گەیشـــــتوونەتە(٢٠)هـــــەزار مریـــدو(٣٤)خەلیفـــەی کـــوردو(٢٣) خەلیفـــەی ســەربەنەتەوەکانی تر[٦٧] ....کـە ئـــەم ژمـــارە زۆر و جوگرافیابەرینـــەی سەرتاســـــەری قەڵـــــەمڕەوی ئیمـــپراتۆری عوسمـــانیو ئاســـیای ناوەڕاســـتی گرتۆتەوە؛ بۆ ئەو ماوە کورتەی کە مـەولانا خالیدبۆ کوردســتان گەڕاوەتـــەوە(١٨١١)، تـــا کوردســـتانی جێهێشتووە(١٨٢٠)، جێی لێڕامان و بەڵگەی ئـەوەن، ئـەم رابـەرە بەتوانایـە، چـەند زیرەکانـە کۆمەڵگـــەی کوردستان دەناسێ و چەند دەتوانێ لەهەستی خەڵک نزیکببێتەوەو کاریان تێبکات و گوێڕایەڵی بن.

٢-هۆشیارکردنەوەی خەڵک، تا لەململانێی ســەخت و خوێنـاوی و دێرینـەی نێـوان شیعەو سـوننی، واتـا قاجاریو عوسمانیدا، نەبنە پاشـکۆ و لایـەنگری هیـچ لایـــەکیان و بەتـــەنگ پاراســـتنی دەســـکەوتەکانی نیشتمان و دەسـەڵاتی سیاسـی خۆمالێیانـەوە بـن کەڵـەو رۆژگـــارەداو لـــە دیـدی مـەولانا خـالیدەوە، لەقـــەوارەی سیاسیمیرنشـینی بابانـــەوە دەســـتی پێدەکرد.

٢-ئـەو شـەڕ وململانـێ خوێنـاوی ومێژوویـیـەی لـە نێـوان شـیعەو سـوننی (ئـێران وعوسمـانی)لەلایـەک و لەلایـەکی تریشـەوەلە نێـوان میرنشـینەکانی کـوردو خودی ئەندامانو سەرانی بنەماڵەی بابانیدا هـەبوون، هەمیشـە پێویسـتیان بـەزۆرترین ژمـارەو کۆمـەڵی چـەکدار بـووە؛ کـە ئـەم ژمـارەزۆرە چـەکدارەش، هەمیشـە بریتـی بـــوون لـــە ســـەرانی عەشـــایەرو دەســـتوپێوەندانی نـــەخوێندەوار،و هەرئـــەمانیش لەئاکامدا بڕیاریان لەسـەر چارەنووسـی شـەڕەکانی و تـــەرازووی هێزەکـــانی شـــەڕکەران دەدا و بەمـــەش هەمیشە رۆڵی خوێندەواران و رووناکبیران، لەخانـەی لەبیرچوونەوەو پاشکۆیەتیدا بووە.

بـــەڵام مـــەولانا خـــالید، دوای ئـــەوەی بنکەیـــەکی بەرفراوانی جەماوەریی کردە پشتیوانی خۆی، ئەوسا وەک رووناکبیرێکی شارەیی وشارسـتانییانە، لەڕێگـەی (نووسـین)ەوە، دیـالۆگی لـە نێـوان خـۆی و سـەرانی قاجاریو عوسمانی و بابانی ونەیارەکانیدا دامەزراندو توانـی ببێتـە حەقیقـەت و گوشارێکی تـازە بابـەت و رەخنـەی بابـەتییان لەشـێوەی بەڕێوەبردنـەکانیان ودیدیـان بگرێـتو پێشـنیارو هەڵوێسـتو دیـدی رووناکبیرانەیان بخاتە بەردەم و بەمەش بۆ یەکەمجار لە مێژووی رووناکبیریی کوردیدا، رۆڵی (رووناکبـیر)ی هێنایە کایەوەو سیاسەتمەداران و دەسـەڵاتدارانی ئەو رۆژگارەی والێکرد، بـەچاوی رێـزو گوێلێگرتنـەوە، حساب بـۆ دیدو هەڵوێست و پێشنیاری خوێندەوار بکەن، کە گەڕیدە و شایەتێکی ئەو سـەردەمەی وەک (کلودیـوس جێمـس ریـچ)،ئـەم راسـتییە لـە زمـانی (عوسمـــان پاشـــا)ی بـــرای مـــەحموود پاشـــای فـەرمانڕەوای بابانـــەوە، لەیادداشـتی رۆژی (٢٤ی حوزەیرانـی ١٨٢٠)دا دەگێڕێتـــەوەو دەڵـێ: مـیرانی بابانو لەسەرویانەوە مەحموودپاشا، بۆ ڕێز لێنان لـە مەولانا خالید، هـەموویان بوونەتـە مریدیو وتـەکانی بە(فەرموودە)دەزانن و مەحموود پاشا لە حوزووریـدا بـە پێـوە رادەوەسـتێو قەننەکـەی بـۆ پڕدەکاتـەوەو هـــەر خۆیشـــی بـــۆی دادەگیرســـێنێ و لـــەژیانی میرنیشنەکەشـــدا، بـــۆ زۆر کاروبـــاری گرنـــگو چارەنووسی میرنشینەکە، هەڕپرس و ڕاوێژ و سـوێند خواردن، لای مەولانا خـالید دەبڕێننـەوە.[٦٨] کـە ئـەم ڕێزلێنانە، لە پلەو پایەی مەولانا خالید، ڕێزلێنانە لـە پلەو پایەی رووناکبیرانەو نیشتمانپەروەرانەی مەولانا خالید، نەک بەتەنـها ڕێزلێنـان لەپلـەو پایـەی رووتـی رابـەرێکی ئـاییـنی... ئـەگینا هەرلـەو کاتـەدا کـە

مەحموود پاشای فرمانڕەوای بابانی، ئەم ڕێزە بێ سنوورە لە مەولانا خالید دەگرێت، لەهەمان کاتدا ڕابەڕێکی گەورەی ئایینی و هاوشانی مەولانا خالید، وەک شێخ مارفی نۆدێ، لە سلێمانیدا دەژی... کەچی بۆ ئەو کارە گرنگانەی کە پێوەندییان بە پاراستن و چارەنووسی میرنشینی بابانەوە هەبێت، مەحموود پاشاو براکانیو عەبدوڵڵا پاشای مامیان، بەکۆمەڵ دەچنە لای مەولانا خالید و هەر لای ئەویش سوێند بە قورئان و شمشێرو تەڵاق دەخۆن: کە خیانەت لە یەکتری ؛ واتە: خیانەت لە بەتەنگەوە هاتن و پاراستنی میرنشینی بابان نەکەن.[٦٩]

ئەم وەرسووڕانە گرنگەش کە مەولانا خالید لەدیدو هەڵوێستی ڕابەران و سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمە و لەژیانی خۆیدا،بەرامبەر بە ڕووناکبیریی و ڕووناکبیران بەدەستی هێنا و ئاستی ڕووناکبیرانی گەیاندە ئەو خانە شیاوەی، کە دەسەڵاتدارانی خاوەن لەشکری چەکدارو سامانو دەوڵەت، سڵ لەدەسەڵاتی ڕووناکبیران بکەنەوەو ڕێز لەدیدو هەڵوێست و پێشنیاریان بگرن، سەروەرییەکی تازەبوو لە مێژووی گوتاری ڕووناکبیریی کوردیدا، کە ئەگەرچی ڕووناکبیران، دەسەڵاتێکی بێ پشتیوانن، واتە: دەسەڵاتێکی بێ لەشکری چەکدارو بێ سامان و بێ دەوڵەتیشن؛ بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەسەڵاتی ڕاستەقینە و خاوەنی مێژوون و بناغەو داروپەردووی ژیارو شارستانی و ئایینده، لەسەر دەستی ئەواندا دادەمەزرێ، نەک لەسەر دەستی فرمانڕەوایان و سیاسەتمەدارانداء، کە میوانی مێژوون.

ئەم وەرسووڕانە مێژوویەی کە مەولانا خالید بووە ڕابەری، زەمینەیەکی وای بۆ خستنەڕێی بزووتنەوەی فەرهەنگیی ئامادەکرد، کە ڕووناکبیرانی هاوسەردەم و دوای مەولانا خالیدیش، لەبەرامبەر کێشەکانی خەڵکو چارەنووسی نیشتمانداء، خۆیان بە بەرپرس بزانن و بێنەدەنگ و هەڵوێست وەربگرن... واتە: زەمینەیبۆ ئازادی دەربڕینی ڕووناکبیران خۆشکرد، تا دەنگیان تێکەڵ ئەو کارەسات و ڕووداوانە بکەن، کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بەئازادی و سەروەریی خۆیان و نیشتمانەکەیانەوە هەیە،.. بۆیە بەو هۆیەشەوەکە ئەم بزووتنەوە فەرهەنگییە،لەناو کەش و هەوایەکی جەنجاڵو هەڵاڵو بگرەی توندوکرژی ناوکۆمەڵگەیەکی ستەمدیدەو چەوساوەدا چاو هەڵدێنێ، دەبینین ڕەنگدانەوەی هەڵوێستو هاتنە دەنگی ڕووناکبیرانیش، لە بەرامبەر کێشەکانی ئەو ڕۆژگارەدا، ئەگەر وەک بەڵگەی مێژوویی، لە نموونەی شیعری(نالی)و (سالم)و هاوڕێکانیاندا بۆیان بگەڕێین، هەست دەکەین کەش و هەوای شیعرەکانیان پڕن لەڕەنگدانەوەی ڕووداوە کرژو توندەکانی ئەو ڕۆژگارەو ڕەخنەی توندوتیژ لەسیستەمە سەپاوەکەو ڕابەرانی لەڕێلادەری ئایینی.

بەڵام مەولانا خالید لەناو ئەو هەلومەرجە کرژو تێکچڕژاوەشدا، دیالۆگێکی ئارامی دامەزراند، کەسەرەڕای ئەوەی شەڕو ململانێو دووبەرەکی و دوژمنایەتی دێرینە؛ مەودای زۆری خستبۆوە نێوان چین و دەستەدژبەیەکەکانی دانیشتووانەوە؛ کەچی مەولانا خالید جەمسەری هەموو مەودا و هەموو پردە پساوەکانی، لەڕێگەی دیالۆگی خوێندەوارانەوە دامەزراندو هەڤپەیڤینێکی شارستانییانەی هێنایە کایەوە.

لەبەرئەوە، ئەم دیالۆگە شارستانییانەی کە مەولانا خالید، لەسەرەتای سەدەی نۆزدە و نزیکەی دووسەد ساڵێك بەر لەئێستا دەستی پێکرد، بانگەوازێك بوو بۆ دەستنیشانکردنی ئەرك وپەیامی ڕووناکبیران لەبەرامبەر قەیرانەکانی کۆمەڵ ونیشتماندا، نەک خۆنزیکخستنەوەی ڕووناکبیران لەفەرمانڕەوایان و چاوبڕینە پلەوپایەی دەسەڵات و خۆخستنە گێژاوی

لایەنێکی قەیرانەکەوە... بۆیە کە لەدەرفەتی هەڵایسانی ئەو دیالۆگە بەربڵاوەی مەولانا خالیددا، کەسێکی وەک(سەیید عەبدولوەهاب سوسێی)ی و خەلیفەی سەربەدەرەوەی مەولانا خالید لەشاری ئەستەمووڵ، بەناوی دیالۆگەوە، خۆی لەگەورە بەرپرسان وپیاوانی دەربار وخودی سوڵتانی عوسمانی نزیک دەخاتەوە ودەکەوێتە قۆستنەوەی دەسکەوت و بەرژەوەندی خۆی، مەولانا خالید بەخێرایی رێی لێدەگرێ و هەر خێراش چەندین بەیاننامە و بانگەوازی توند بەو بۆنەیەوەبۆ هەموو خەلیفە و لایەنگرانی لەسەرتاسەری قەڵەمڕەوی عوسمانیدا بڵاودەکاتەوەو ئاگاداریان دەکاتەوە، کەناوبراوی بۆ یەکجاریی وبۆ هەمیشە لەتەریقەت دەرکردووە.[70]

ئەگەر چی مەولانا خالید هەرتەنیا (۹) ساڵی پڕلە ململانێ و رووبەڕووبوونەوەو دەستەویەخەبوونی ئەو واقیعە سەپاوە پێمەودا دراو لەو(۹)ساڵەشدا، یەک دووجار رەنجاندیان و گوشاریان بۆ هێنا، تاپێتەختی بابان(سلێمانی)بەجێبهێڵێ، بەڵام لەماوەی ئەو(۹)ساڵەدا، ئەو واقیعەی بەجۆرێك هێنایە جووڵە وجۆشوخرۆش، کەپەیام و بانگەوازەکەی لەناو ئەو واقیعە سەرکوت وبێدەنگکراوەدا، ئەو بزووتنەوە فیکریی و رووناکبیرییە شارییە هەڵایسێنێ و لەناو گوشارو تەنگ پێهەڵچنینێکی ناجوامێرانەو بەردەوامدا، مشتومڕ و ململانێیەکە بەخرۆشاویی بۆ دوای خۆی بەجێ بهێڵێ و بەیەکجاریی کوردستان بەجێ بهێڵێ... کەخودی بڕیارو سەرهەڵگرتن وجێهێشتنەکەی کوردستانیشی، هەڵوێستێکی تری رووناکبیرانەو شارییانەی مەولانا خالیدە و کاتێ دەبینێ ئاستی ململانێو رووبەڕووبوونەوەکە، خەریکە بگاتە سنوورو ئاستی بەکارهێنانی زمانێکی تری جیا لە نووسین و مشتومڕ، کە زمانی باوی چەك و یەکتر کوشتنە؛ ئەوسا بەو بڕیاری سەرهەڵگرتن و جیهێشتنەی کوردستانی دەیسەلمێنێ کە ئەو بڕوای بەدیالۆگی شارییی و شارستانییانە هەیە، نەك خرۆشاندنی کۆمەڵگەی کوردەواریی، بۆ مەبەستی ئاژاوەنانەوەو دەست خستنە خوێنی یەکترییەوە...بۆیە دوای بڕیاری سەرهەڵگرتن و جێهێشتنی کوردستانیشی، بەتکاوە نامە بۆ خەلیفە و لایەنگرانی خۆی لەناوەوەی وڵات دەنێرێ، تا نیشتمان جێنەهێڵن و خەریکی ئاوەدانکردنەوە وپێشخستنی نیشتمان بن... چونکە (ئەم) لە پێناوی ئەوەدا بڕیاری جێهێشتنی کوردستانی داوە، تا نەبێتە مایەی هەڵایسانی پشێویی و ئاژاوەو تێکدانی باری ژیانی خەڵکی کوردستان...[71]

کە ئەم هەڵوێستەی مەولانا خالید، نیشانەی ئەوپەڕی بەتەنگەوە هاتنی بەئارام و ئاسایش هێشتنەوەی وڵات و پاراستنی سەروماڵی خەڵکە، لەبەردەم ئەو جۆرە کارەساتانەدا، کە دەتوانرێ پێشیان پێ بگیرێ... چونکە ئەگەر مەولانا خالید مەبەستی ئەوە بووایە بۆ سەرخستنی پەیامەکەی خۆی، سەنگەرێکی تری جیا لەسەنگەری گفتوگۆو دیالۆگ هەڵببژێرێ، ئەوا لەلایەکەوە بەئاسانی دەیتوانی ئەو بنکە جەماوەرییە بەرفراوانەی لایەنگرانی خۆی، بۆشەڕو رووبەڕووبوونەوەی نەیارەکانی بەکاربهێنێو لەلایەکی تریشەوە دەیتوانی داوا لەو لێشاوە لایەنگرەی بکات، کەبەسەروماڵ لەگەڵیدا بوون، تابەلێشاو شۆڕ کۆچەکەی بکەون، وەك نەریتی ئەوفرمانڕەوایانەی بابانی، کەلەکاتی شەڕو تێهەڵچوون وتێکشکانەکانیاندا لەگەڵ یەکتری، هەمیشە دارو دەستەو لایەنگرانی خۆیانیان شۆڕ خۆیان خستووەو چونەتەپاڵ یەکێك لەدوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانیو والییەکانی بەغداو دووبارە لەشکریان بۆسەریەکتری کردۆتەوە... بەتایبەتیش

ئەگەر لەم بوارەدا ئەوەمان لەیاد بێت، کە مەولانا خالید، جگە لەو لێشاوە لایەنگرەی هەیبووە، خۆیشی لەئێڵی (جاف)بووەو لەزۆر لە نامەکانیشیدا شانازیی بەوەوە دەکات، کە(خالید کوردی جافی شارەزووری)یە[٧٢] و ئیڵی جافیش لەو سەردەمەدا جگە لەوەی بڕبڕەی لەشکری میرنشینی بابان و لەهەمان کاتیشدا بەهێزترین و بەدەسەڵاتترین ئێڵی ئەو رۆژگارەی کوردستان بووە...

بەڵام وەك بەڵگەکان و نامەکانی مەولانا خالیدیش دەیسەلمێنن، مەولانا خالید لەهەموو قووڵایی ناخییەوە، بەڕوای بەگفتوگۆی روناکبیرانەو شارستانییانە هەبووە؛ بۆیە دوای ئەوەش کە بەڕەنجاویی و لەژێرئەو گوشارە ناجوامێرانەدا ناچاری دەکەن کوردستان بەجێ بهێڵێ ودوای رۆیشتنیشی لەلایەن نەیارەکانییەوە، چەندان جۆر قسەی ناڕەواو تاوان و گومان دەدەنە پاڵی و مەولاناش هەموویان دەبیستێتەوە؛ کەچی مەولانا لەبەرامبەریاندا رق وکینە هەڵناگرێو دیسانەوەش لەناخی دڵییەوە دەیەوێ هەمان ئەو گفتوگۆیەی لەناوەوەی لەگەڵیاندا دایمەزراندبوو، درێژەی پێبدات و دیالۆگیان بەئەنجام بگات...

لەم رووەوە، دوای ئەوەش کەلەبەرەبەیانی رۆژی(٢٠ی تشرینی یەکەمی١٨٢٠)و لەناو گێژاوی هەلومەرجێکی تەماوی و زۆر نەهێنی بۆ دواجار و بەیەکجاری (سلێمانی)جێدەهێڵێ؛[٧٣] کەچی لەسەردانەوەیەکی چاوەنواڕنەکراویدا، لەبەغداوە بۆ هەورامان(سەرگەت)، نامەیکی دوورو درێژیی بۆ عوسمان پاشای برای مەحموود پاشای فرمانڕەوای بابان نووسیوە و تیایدا داوای لێدەکات، تابۆ هێورکردنەوەی بارودۆخە کرژو خرۆشاوەکەی ناو قەڵەمڕەوی بابانی وبەتایبەتیش ناوشاری سلێمانی، بەڵکو تەقەللا بدات دیدارێکیان لەگەڵ (شێخ مارفی نۆدێ و مەلا سالح وشێخ عەبدولڕەحیم)دا بۆسازبکات و لەگەڵ خۆیدا بۆگوندی(سەرگەت)یان ببات ودیدارو گفتوگۆی راستەوخۆو رووبەڕوویان لەگەڵدا دابمەزرێنێتەوە... کە هەر لەهەمان نامەدا، مەولانا خالید ئەوەندە پەرۆش و بەتەنگ ئەم دیدارەوەیە، بەجەختەوە داوا لە عوسمان پاشا دەکات، کە ئەگەر شێخ مارف و هاوڕێکانی، ئەوەیان بەشانی خۆیان پێکەم بێت، سەردانی گوندی(سەرگەت)بکەن، کەلەوکاتەدا مەولانا خالیدبە میوانی تێدایە، بادیدارەکە لە شارۆچکەی(خورمال)سازبکەن، کە هەردوو لایەنەکە لە دەرەوەی (خورمال)ن وبەنیازی ئەو دیدارە، سەردانی (خورمال)دەکەن، نەك گوندی(سەرگەت)، کە مەولانا خالیدی تێدایە.[٧٤]

ئەم هەڵوێستە نەلەقیوەی مەولانا خالید، ئەوەندەی بڕوا پێیەتی، کە لەدواییدا و بەرلەوەی لە بەغداوە بچێتە(شام)، سەروپێوەندی گفتوگۆی لەگەڵ شێخ مارفی نۆدێدا دامەزراندۆتەوەو لەئاکامدا هەردووکیان گەردن ئازاییان بۆ یەکتر نووسیوەتەوە....[٧٥] هەرئەم هۆی بەتەنگەوە هاتنەی مەولانا خالیدبۆ پاراستنی یەکێتی ریزەکانیروناکبیران و میرانی بابانی بەگشتی و بەتایبەتیش تەقەللادان بۆ بەئارام و ئاسایش راگرتنی نیشتمان، وای لەمەولانا خالید کرد، سەرەڕای ئەوەش کە خۆی دڵنیابوو لەوەی لە ململانێیەکی ناجوامێرانەدا ناچاری دەکەن پەیامەکەی بەناکامی و سلێمانی بەجێ بهێڵێ، بەڵام دیسان بەوپەڕی خۆنەویستییەوە سەری خۆی هەڵگرت و لەئاوارەییدا سەری نایەوە.. کە ئەم بڕیاری سەرهەڵگرتنەی مەولانا، لەدەمێکەوە لای روناکبیرانی کورد،وەك نموونە و رەمزێکی مەزنی قوربانیی روناکبیرانە، بەیادکراوەتەوە، کە شاعیرێکی وەك حاجی قادری کۆیی(١٨٣٥–١٨٩٧)، لەئاوارە بوونی خۆیدا، وێنەی

مەولانا خالید دەبینێ و دەڵێ : ((قوتبی زەمانە خالید، ئاوارەبوو وەکو من....))[٧٦].

مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) یش لەبارەی بڕیاری مەولاناوە بۆ جێهێشتنی سلێمانی،دەڵێ:"کە دواجار بڕیاری سەفەری شام دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا کەلەکوردستاندا مرید و مەسوبێکی زۆری بووەو مەحموود پاشای بابانیش زۆری لەگەڵ هەوڵداوە کە بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و زۆری دڵ داوەتەوەو هەموو هۆیەکی ڕەحەتیی دڵ و دەروون و ژیانی باشی بۆ ئامادە دەکا، بەڵام مەولانا بۆئەوەی بەهۆی (ئەو)ەوە هەراو ئاشووبە لە سلێمانیدا نەبێ و نێوانی موسڵمانان تێک نەچێ، هەموو داواکانی پاشا ڕەت دەکاتەوەو بڕیاری سەفەر دەداو ولات بەجێدەهێڵێ..."[٧٧]

هەروەها ئەنوەر قادر محەمەد دەڵێ:{لەبەرئەوەی سلێمانی نەبێ بەگۆمی خوێن وخەڵکی بێتاوان تێدانەچن، مەولانا خالید کوردستانی بەجێهێشت و ڕێی غەریبایەتی گرتە بەر نەیانهێڵا پەیامەکەی بباتە سەر... مەولانا بەڕوانینی تازە، ڕابەری پەیامێکی غەدرلێکراوە...}[٧٨]

نەوشیروان مستەفا_ش هەر لەبارەی مەولانا خالیدەوە نووسیوێتی: ((مەولانا خالید لەناو تێگەیشتووانی کورد، بەتایبەتی تێگەیشتوانی سلێمانی‌دا، وەکو قوربانیی چەوسانەوەی بیروباوەڕو ململانێی ناجوامێرانەو ڕەمزی ئاوارەیی و غوربەت تەماشای کراوە...))[٧٩]

****

هەرچەندە مەولانا خالید لەدوای ساڵی(١٨٢٠)ەوە، کەکوردستانی جێهێشت، تالە شام کۆچی دوایی کرد(١٨٢٧)،ئیتر کوردستانی نەدییەوە... بەڵام نامەکانی ڕۆژانە ئاوارەیی و وەسیەتی سەرەمەرگی‌مەولانا خالید دەیسەلمێنن، کەمەولانا خالید ئەوینی خەڵک و نیشتمانەکەی لەهەناویدا هەڵگرتووە.... بۆیە لەسەرە مەرگیشیدا، بێپەروا و دوور لەهەموو دابونەریتی ڕابەرێکی ئایینی و عارفێکی گەورە،کە عەشقێکی بێ سنوورو بێ کەنار لە گیانیدا شەپۆل دەدات؛ بەڵام دیسانیش لەناولیستی (٧٧)خەلیفەیدا، کەلەسەرتاسەری قەڵەمڕەوی عوسمانیدا ئیرشاد دەکەن؛کەچی وەسیەت دەکات کە تەنیا(٣)خەلیفەی بەڕەگەز کورد،لەجێی خۆی بۆ ئیرشادی هەموو قەڵەمڕەوی عوسمانی دەستنیشاندەکات!

هەموو ئەو دارایی و سامانەش، کەلەکاتی بەهەڵداوان دەربازبوونیدا، لەسلێمانییەوەبۆ بەغداد،نەیتوانیبوو لەگەڵ خۆیدا بیانبات و جێی هێشتبوون و لەچەند نامەیەکیدا لەبەغدادەوە بۆ کەسوکارەکەی نووسیون وتکایان لێدەکات بۆی بنێرن، هەر کتێبەکانی بوون[٨٠]؛ کەوەک خۆی باسی خۆشەویستی خۆی‌و کتێب دەکات، ئاوا دەڵێ: ((لەبەرئەوەی ئەم هەژارە، لەهەموو دنیادا و ئەوەی لەدنیادا هەیە،دڵی بەکتێبەوەیە، بۆیە ئەم غیرەتە خۆشەویستی، هەموو ڕۆژێك، یان کتێبەکان بەتالان دەدات،یان بەئاویاندا دەدات...))[٨١]

سەرچاوە:

١-یادی مەردان_بەرگی یەکەم_ مەولانا خالیدی نەقشبەندی _مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد١٩٧٩.

٢-ڕۆحی مەولانا خالیدی نەقشبەندی ، گۆڕینی بۆ کوردی: پیرەمێرد، ئامادەکردن ولێکۆڵینەوەی/ مەحموود ئەحمەد محەمەد، چاپخانەی (الزمان)،بەغداد١٩٨٧.

٣-میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی رۆم و عەجەم دا، نەوشیروان مستەفا ئەمین، چاپەمەنی خاك، چاپی دووەم، سلێمانی _حوزەیرانی١٩٩٨

٤-گەشتی ریچ بۆ کوردستان (١٨٢٠)وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە بۆ کوردی :محەمەد حەمە باقی، چاپی دووەم، تەورێز١٩٩٥

٥-پیرەمێردی نەمر / ئامادەکردنی: محەمەد رەسوولّ هاوار

٦-دیوانی سالم،ئامادەکردنی گیوموکریانی، هەولێر١٩٦٢

٧-دیوانی نالی، ئامادەکردنی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس وفاتح عەبدولکەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد١٩٧٦

٨- دیوانی مەولەوی، ئامادەکردنی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد١٩٧٧.

٩-دیوانی مەحوی، ئامادەکردنی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپخانەی (النجاح)،بەغداد ١٩٦١

١٠-دیوانی حاجی قادری کۆیی، ئامادەکردنی: سەردار میران و کەریم شارەزا

تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە لەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتی یەکەمی پێ بەخشراوە.

پەراوێزەکان:

١- یادی مەردان، لاپەڕە(٧٠-٧٢)

٢- هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە(٧٢-٧٥)

٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە(٧٥)

٤- دەبێ لەم بوارەدا ناوی دوو ژانای تریش ببرێن، کە دەستپێشخەرییان لەبەکارهێنانی دیالێکتی بایاندا بووە. ئەو دوو ژانایەش ئیبنو الحاج (محەمەدی کوڕی حاجی حەسەنی ئالانی)و مەلا محەمەدی سیوەحی بوون، کە یەکەمیان (مەهدی نامە)و دووەمیشیان (تذکرة العوام)یان بەهەڵبەست نووسیوە.

٥-سەرەتای شیعرێکی عەرووزی مەولانا خالید، کە بە دیالیکتی (سلێمانی) نووسیوێتی، بەم بەیتە دەست پێدەکات:

دیسان دیاری دلبەری وەك مەشعەلستان دا دیار

نوورببوون لەسەر کێوی ئوحود، تۆمار بەتۆمار ئاشکار (یادی مەردان-لاپەڕە ٦٢١)

٦-ئەم شیعرانەی مەولانا خالید، بۆ یەکەم جار لە شێوەی دیواندا لەسالّی (١٢٦٠ك-١٨٤٤ز)دا لەئەستەموولّ چاپکراوەو ناوی چاپخانەکەی لێ نەنووسراوەو دووبارە سالّی ١٩٧٧ چاپی لاتینیو عەرەبی هەر لە ئەستەموولّو لە چاپخانەی (سەبیل) لەچاپدراوەتەوەو مامۆستای زانا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، لەگەڵ "یادی مەردان"دا سالّی ١٩٧٩، وەك چاپەمەنی کۆڕی زانیاری کورد، لەچاپی داوەتەوە.. شاعیری گەورەش (پیرەمێرد) لەکۆتایی سییەکانی سەدەی رابووردودا (زۆربەی) شیعرەکانی ئەم دیوانەی مەولانا خالیدی بۆ کوردی وەرگێڕاوەو بەزنجیرە لەرۆژنامەی (ژین)دا لەژمارە (٧٧٤)ەوە تا (٨٨٨) ناو بەناو باڵاوی کردووونەتەوە، لەسالّی ١٩٧٨یشدا مامۆستا مەحموود ئەحمەد محەمەد کۆی کردووونەتەوەو لە دروتوێی دیوانێکدا لەچاپخانەی (الزمان)ی بەغداچاپی کردووونەتەوە.

٧-دیوانی سالم-لاپەڕە (٣٠).

٨-دیوانی سالم، لاپەڕە-(٣٠).

٩-دیوانی سالم، لاپەڕە (٣٠).

١٠-هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٣١).

١١-هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٧٤).

١٢-دیوانی سالم، لاپەڕە (٣٥).

[12]–یادی مەردان، ل (٥٦٠). ئەم شیعرە (٨) بەیتە، بەڵام لەبەر ئەوەی کاتی خۆی پیرەمێرد، تەنیا (٣) بەیتی بۆ کوردی تەرجەمە کردووە، بۆیە ئێمەش هەر ئەو (٣) بەیتەی دەنووسین کە بۆ کوردی وەرگێڕدراون.

[14]–رۆحی مەولانا خالید–لاپەڕە ٤٨.

[15]–دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسو فاتیح عەبدولکەریم–لاپەڕە (١٧٤). بەڵام ئێمە تەنیا ئەم بەیتەی نالی لەو قەسیدە بەناوبانگە دەنووسین، چونکە سەرجەمی قەسیدەکە، کە ٤٢ بەیتە، هەمان بۆنو بەرامەیان لێ دێت.

[16]–یادی مەردان، لاپەڕە ٦١٠.

[17])رۆحی مەولانا خالید، لاپەڕە٨٣.

[18])دیوانی نالی ،لاپەڕە٥٢٤–٥٢٧.

[19])یادی مەردان، لاپەڕە٦١٢.

[20]–هەروەها رۆحی مەولانا خالید، لاپەڕە ٨٣.

[21]–دیوانی نالی، لاپەڕە (٤٠١). ئەم شیعرەی نالی (٩) بەیتە. بەڵام هەمووی هەر تاسەی نیشتمانە.

[22]–یادی مەردان، لاپەڕە (٥١٥). بەڵام پیرەمێرد لەتەرجەمەکردندا بەیتی (٣)ی تەرجەمەکردووە، کە ئەمەیە:

جان نثار مقدم جانان نکرده دم بدم
چیست بهره از تفرجهای تخت جان نثار!

[23]–رۆحی مەولانا خالید، لاپەڕە (٥٠).

[24]–دیوانی سالم، لاپەڕە(٦١–٦٢).

[24]–دیوانی نالی، ل١٨٠.

[25]–هەمان سەرچاوە،ل٥٤٢

[26]–هەمان سەرچاوە،ل٥٤٢

[27]–دیوانی سالم، ل٥٣

[28]– هەمان سەرچاوە،ل٦٤

[29]– هەمان سەرچاوە،ل٧٩

[30]– هەمان سەرچاوە،ل١٣١

[31]– هەمان سەرچاوە،ل٢٥٤

[32]– هەمان سەرچاوە،ل٤١٨

[33]– هەمان سەرچاوە،ل٤٩٣

[34]– هەمان سەرچاوە،ل٥٠٠

[35]–یادی مەردان، لاپەڕە٥٨١. هەروەها: رۆحی مەولانا خالید،لاپەڕە١٢٥

٣٦–دیوانی مەولەوی، ل٣٥٨

٣٧–یادی مەردان، ل٤٧٦. هەروەها: رۆحی مەولانا خالید، لاپەڕە ٩٥

٣٨–دیوانی سالم، ل١٣٢

٣٩–یادی مەردان، ل ٥٦٥. هەروەها: رۆحی مەولانا خالید، لاپەڕە ١٣٨

٤٠–دیوانی نالی، ل١٥٣

٤١–دیوانی نالی، لاپەڕە ٦٤٧

٤٢–هەمان سەرچاوە، لاپەڕە: ٩٠

٤٣–هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ١٦٨

٤٤–دیوانی مەحوی، لاپەڕە: ٨٠

٤٥–یادی مەردان، لاپەڕە: ٤٩٢

٤٦–هەمان سەرچاوە، لاپەڕە: ٥٥٢. هەروەها: رۆحی مەولانا خالید، لاپەڕە ١٤٩.

٤٧–دیوانی نالی، لاپەڕە ٣٢١

٤٨–یادی مەردان، لاپەڕە: ٤٨٦. هەروەها: رۆحی مەولانا خالید، لاپەڕە ١٠٩

٤٩–دیوانی مەحوی، لاپەڕە ١٦

٥٠–دیوانی مەحوی، لاپەڕە ٣٦

٥١–هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٥٢٣

٥٢–هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٥٧

٥٣–یادی مەردان، لاپەڕە ٤٧٦. هەروەها: رۆحی مەولانا خالیدو لاپەڕە ٩٥

٥٤–دیوانی مەحوی، لاپەڕە ١١٣

٥٥–یادی مەردان، لاپەڕە ٥٣١. هەروەها: رۆحی مەولانا خالید، لاپەڕە١٣٧

٥٦–دیوانی مەحوی، لاپەڕە ٤٦٣

٥٧–یادی مەردان، لاپەڕە: ٤٨٥. هەروەها ڕۆحی مەولانا خالید، لاپەڕە ١٠٤.

٥٨–دیوانی سالم، لاپەڕە ٧٠

٥٩–دیوانی مەولەوی، لاپەڕە: ٢٥٢.

٦٠–دیوانی پیرەمێرد (هاوار)، لاپەڕە ٤٨٤

٦١–یادی مەردان، لاپەڕە: ٥٢٤ هەروەها: ڕۆحی مەولانا خالید، لاپەڕە ٦٣

٦٢–دیوانی نالی، لاپەڕە ٥٨٤

٦٣–یادی مەردان، لاپەڕە ٥٢١. هەروەها: ڕۆحی مەولانا خالید، لاپەڕە ٥٥

٦٤–دیوانی پیرەمێرد. لاپەڕە ٧٢

٦٥–یادی مەردان، لاپەڕە ٤٨٨. هەروەها ڕۆحی مەولانا خالید، لاپەڕە ١١٨

٦٦–دیوانی مەحوی، لاپەڕە ٢١٤

٦٧–یادی مەردان، لاپەڕە (٨٣–٨٦)

٦٨–بۆ زیاتر ئاگاداریی، بنواڕە: گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان، یادداشتی ڕۆژی (٢٠تشرینی یەکەمی ١٨٢٠)، لاپەڕە ٣٢٢. هەروەها: یادی مەردان، نامەی ژمارە (٩)ی عەرەبی، لاپەڕە ٣٥٣.

٦٩–بۆ زیاتر ئاگاداریی، بنواڕە، یادی مەردان نامەی ژمارە (٩)ی عەرەبی، لاپەڕە ٣٥٣.

٧٠–بۆ زیاتر ئاگاداریی، بنواڕە: یادی مەردان، نامەی ژمارە (١٧٨)ی فارسی، لاپەڕە ٣٠٧، نامەی ژمارە (١٥)ی عەرەبی، لاپەڕە (٣٦٢)، نامەی ژمارە (١٧)ی عەرەبی، لاپەڕە ٣٦٣، نامەی ژمارە (١٨)ی عەرەبی، لاپەڕە ٣٦٤، نامەی ژمارە (١٩)ی عەربی، لاپەڕە (٣٦٥)و....

٧١–بۆ زیاتر ئاگاداریی، بنواڕە: یادی مەردان نامەی ژمارە (١٥٩)ی فارسی، لاپەڕە ٢٨٩.

٧٢–هەمان سەرچاوە، نامەی ژمارە (٣١)ی عەرەبی، لاپەڕە (٣٧٥).

٧٣–بۆ زیاتر ئاگاداریی، بنواڕە: گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان، لاپەڕە (٣٢٢).

٧٤–بۆ زیاتر ئاگاداریی، بنواڕە: یادی مەردان، نامەی ژمارە (٦٨)ی فارسی، لاپەڕە (٢٠٩–٢١٢).

٧٥–هەمان سەرچاوە، نامەی ژمارە (٥٢)ی عەرەبی، لاپەڕە ٣٩٦–٣٩٧.

٧٦–هەر حاجی قادری کۆیی لەو قەسیدە درێژەدا، کە بۆ باسی شاعیرانو زانایانی کوردستانی تەرخانکردووە، پلەو پایەی مەولانا خالیدی بەمجۆرە ستایش کردووە:

مەعدەنی عیلمو عالیمی عامیل — قوتبی دەوراندو مورشیدی کامیل

هەر لەئەوەڵ جەنابی مەولانا — نەقشبەندی ڕەواقی ئیللا لاّلا

٧٧–مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، لاپەڕە ٨١

٧٨–د. ئەنوەر قادر محەمەد/ لێرێکای شاعیری گەورەی کورد: مەولەوی (١٨٠٦–١٨٨٢) دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٠، لاپەڕە ١٤٤.

٧٩–نەوشیروان مستەفا ئەمین، میرایەتی بابان لەنێوان بەرداشی ڕۆمو عەجەم دا، چاپی دووەم، سلێمانی، حوزەیرانی ١٩٩٨، چاپەمەنی خاک، ل١٩٢.

٨٠–یادی مەردان، نامەی ژمارە (٤٠)و (٤٤)ی فارسی، لاپەڕە (١٨٥)و (١٨٧)و...

٨١–هەمان سەرچاوە، نامەی ژمارە (٦٠)ی فارسی، لاپەڕە (٢٠٣).

نووسەرو کێشەی ناسنامەی دەق

فوئاد رەشید

پێشەکی:-

لەبەرایدا بەپێویستی دەزانین ئەوە رابگەیەنین کە مەبەست لەچەمکی (ناسنامەی دەق) لەم لێکۆڵینەوەیەدا دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی دەقی ئەدەبی نییە، بەڵکو ئەم چەمکە لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی پێوەندە بەناسنامەی ژانرێتی دەقەوە، بەو مانایەی کە ئاخۆ دەق لەنێو ژانرە ئەدەبییەکاندا خاوەنی چ قەوارەیەکەو هەڵگری ناسنامەی چ ژانرێکی ئەدەبییە؟ هەڵبەت ئەم بابەتەش راستەوخۆ پێوەندە بە تێوری ژانرە ئەدەبییەکانەوە، ئەمیش بەشێکی گرنگی تیۆری ئەدەب (Theory of Literature) پێك دەهێنێت.

کێشە جیاجیاکانی ژانرە ئەدەبییەکان لەسووڕی ژیانو پەرەسەندنو مانو نەمانیاندا–جا لە کێشەی زاراوەو ناولێنانیانەوە پێدا وەرە تا سەرهەڵدانی ژانری نوێ –بابەتێکی چڕو فرە لایەنە، دەکرێ لەڕوو لایەنو ئاستی جیا جیاوە لێیان بکۆڵدرێتەوە.

بۆ نموونە:

*سەرهەڵدانی ژانرە ئەدەبییەکان (چۆنێتی و چەندایەتی پێکهاتەو گۆڕانیان)

*پێوەندی ژانرە ئەدەبییەکان (لەنێو بازنەی ئەدەبو لەدەرەوەی ئەم بازنەیەشدا).

*پۆلکرنی ژانرەکان (دیاریکردنی سیماو سنووری ئەو پێوەرو بنەما بابەتیو ئیستاتیکییانەی کە بکرێنە بنچینەو شەنگست بۆ جیاکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان).

ئەمانەو چەندین لایەنو بابەتی دیکەش کە جێگای پرسو شایانی لێکۆڵینەوەن، بەتایبەتی هەندێك لەلایەنەکانی ئەم بابەتانە–وەك کێشەی ناسنامەی دەق–جۆرە ئیشکالییەتێکیان لەگوتاری ئەدەبیو رەخنەی نوێی کوردیدا خوڵقاندووە، مخابن بەپێی پێویستو بابەتییانە تاووتوێ نەکراون.

ئەم لێکۆڵینەوەیە–نزیك لەکێشەی ناوبراو– هەوڵدانێکە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕوویەکی کێشەی دەستنیشانکردنی ناسنامەی ژانرێتی دەق (دەلالەتو ئیشکالییەت) لەئەدەبی نوێی کوردیدا.

لێکۆڵینەوەکە لەناوەوەیدا دوو ناونیشانی سەرەکی لەخۆگرتووە:

+ژانری ئەدەبیو تیۆری نوێی ئەدەب.

+ناسنامەی ژانرێتی دەق.

لەژێر ناونیشانی یەکەمدا چەمکی ژانری ئەدەبی ڕوونکراوەتەوەو بەکورتی باس لەو زەمینە ئەدەبییە کراوە، کەپێشەی کێشەی ناسنامەی دەقی لەسەر ڕوواوە.

لەژێر ناونیشانی دووەمیشدا بەشێوەیەکی گشتی باسی نووسەرو کێشەی ناسنامەی ژانرێتی دەق کراوەو بەشێوەیەکی تایبەتیو بەرفراوانتر گرنگی دراوەتە رەنگدانەوەی کێشەی ناوبراو لەرەخنەو ئەدەبی نوێی کوردیدا، لەکۆتاییشدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لەچەند خاڵێکدا کورتکراوەتەوە.

بەو هیوایەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشداریيەك بێت لەشیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی کێشەیەك لەکێشە جیاوازەکانی گوتاری رەخنەی نوێی کوردی.

ژانری ئەدەبی و تیۆری نوێی ئەدەب

١–ژانری ئەدەبی.. چەمك و پێناسە:

چەمکی ژانری ئەدەبی وەکو زۆربەی چەمك و زاراوەکانی دیکەی بواری ئەدەبیاتناسی بەمەبەستو دەربڕینی جیاواز پێناسەو شرۆڤەکراون. لەتیۆری نوێی ئەدەبدا چەمکی ژانری ئەدەبی زیاتر گرێ دەدرێتە قەوارە ئیستاتیکییەکەیەوە.

تەنانەت بەلای رەخنەگرو تیۆریستکاری ئەدەبی (ژیرار ژینیت)ەوە (ژانرە ئەدەبییەکان تەنها چەند جۆرێکی ئیستاتیکی ڕووتن)[1]. (ئوستن وارین)و (رێنیێ ویلّك)یش ئاماژە بەوە دەکەن کە (ژانری ئەدەبی لەڕێگای رەگەزو بنەما ئیستاتیکییەکەیەوە قەوارەی بوونی خۆی بەرجەستەدەکات).[2] نووسەرو رەخنەگری عەرەب (سعید علوش) لە روانگەیەکی (زمانەوانی–سۆسیۆلۆژی)یەوە لەژێرناونیشانی (جۆری ئەدەبی= النوع الأدبي)دا دەڵێت: " جۆر ئاماژەیە بۆ چینێکی گوتار کە لەڕێگای چەند پێوەرێکی سۆسیۆ–زمانەوانییەوە دەناسرێت"[3]

تێبینی ئەوە دەکرێت کە کرۆکی پێناسەو بیرو بۆچوونەکان جەخت لەفۆرمی ژانردەکەنەوە، بەو مانایەی کە ژانری ئەدەبی ئەو چوارچێوە هونەرییەیە کە نووسەر دەقە ئەدەبییەکەی تیا دادەڕێژێت. هەڵبەتە ئەم جەختکردنە مانای سڕینەوەی کاریگەری رەهەندە سیاسیو جڤاکییەکانی ئەو ژینگەیە نییە کە ژانری ئەدەبی تیا سەرهەڵدەدات، ئەوەندە هەیە لێرەدا قسە لەسەر قەوارەی هونەریی ژانری ئەدەبییە.

لەتیۆری ژانرە ئەدەبییەکاندا هاوکات لەگەڵ باسکردنی ژانردا (Gener) باسی ئەو چەشنو قەوارە نوێیانەیش دەکرێ کە لەژانرەوە لەدایك دەبن، جا یا لەئەنجامی جیاوازیو فرە لایەنی بابەتەوەن یاخود زادەی گۆڕانکاریو بەیەکداچوونی ڕەگەزە ئیستاتیکییەکانی چەند ژانرێکی سەربەخۆن. بەم قەوارەو چەشنە نوێیانەیش دەگوترێ (جۆرێکی لاوەکی یا ناسەرەکی= Sub-Kind) واتا چەشنێکە یا جۆرێکە لەنێو بازنەی ژانرێکی سەربەخۆ ایە، بۆ نموونە: ڕۆمان ژانرێکی ئەدەبیی سەربەخۆیە، بەڵام (ڕۆمانی مێژوویی)، (ڕۆمانی پۆلیسی) ئەمانە چەشنو جۆرن نەك ژانرێکی سەربەخۆ[4].

٢–ژانری ئەدەبی.. گۆڕانی سیماو سنوور:

هەروەك چۆن ناوەڕۆکی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئەدەب یەکڕەنگو یەکدەنگ نییەو لەهەمان کاتیشدا چەسپاویش نییەو لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی دەگۆڕێت، ئاوەهایش چوارچێوەی هونەریو ئیستاتیکی دەقی ئەدەبی شتێکی چەسپاوو نەگۆڕنییە. بەدەربڕینێکی دی (هەر قۆناغێك لەقۆناغەکانی گۆڕانی جڤاك، پێوەندی ئیستاتیکی خۆی بە جیهانەوە لەڕێگای چەند ژانرو چەشنێکی ئەدەبی دیاریکراوەوە دەردەبڕێت)[5].

بێگومان سەرهەڵدانو گۆڕانو ژیانو مەرگی ژانرو فۆرمی ئەدەبی پێوەندە بەکۆمەڵێك یاساو بنەمای مێژوویی و کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییەوە، هەریەك لەم بنەمایانە بەشێوەیەك لەشێوەکان دەبێتە هاندەرو زەمینەسازکەری هەر گۆڕانکارییەك.

لەچارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ژانرە ئەدەبییەکان دیارترین گۆڕانکارییان بەخۆوە بینی، ئەویش بریتی بوو لەلێکترازانی قەوارەی (سەربەخۆیی ژانرە ئەدەبییەکان) کە رەخنەگرە کلاسیکییەکان جەختیان لێدەکردو بنەمایەکیش بوو لەبنەما سەرەکییەکانی تیۆری کۆنی ئەدەب[٦].

لەماوەی ناوبراودا سەربارى کاریگەری فاکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دەمە، چەند هۆکارێکی ئەدەبی و زانستی و رۆشنبیری وەک گەشەکردنی لێکۆڵینەوە نوێیەکانی زمانناسی و تێکەڵبوویان بەزانستی نوێی شێوازو رەخنەی ئەدەبی و کاریگەری رێبازە ئەدەبییەکانی وەک (دادائیزم)، (سوریالیزم) بەشێوەی جیاجیا رۆڵێکی چالاکو گرنگیان بینی لەزەمینەسازی بۆ چەسپاندنو بەرجەستەکردنی دیاردەی بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان، کە سەرەنجام دەقێکی نوێی واهاتە ئاراوە کە زادەی کردەی ئاوێتەکردنێکی هونەریانەی -نەک میکانیکییانە- رەگەزە ئیستاتیکییەکانی دوو ژانری یادوو هونەری سەربەخۆبێت[٧].

پاشتریش لەژێر کاریگەریی گەشەکردنی زیاتری باڵە جیاوازەکانی رەخنەی نوێ کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە روانگەی چەمکەکانی زمانناسی و سیمۆلۆژیاوە دەقیان دەخوێندەوە، نووسەران لەدەقەکانیاندا بەئاسانی رەگەزی ئیستاتیکی چەند ژانرێکیان ئاوێتەی یەکدی دەکردو- بێ گوێدانە سیماو سنووری ژانرێکی دیاریکراو- پێکهاتەیەکی ئیستاتیکی نوێیان دادەڕشت. لەم لایەنەوە (ابرامز) دەڵێت:

(جیاکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان لەیەکدی هەرچەندە بەشێوەیەکی لاوەکی دانی پیادا نراوە، بەڵام ئەم مەسەلەیە بەلای رەخنەی نوێوە شتێکی گرنگو سەرەکی نییە..)[٨] دیارە لەبارێکی ئاوەهایشدا کێشەی دەستنیشانکردنی ناسنامەی کێشەی دەستنیشانکردنی ناسنامەی ژانرێتی دەق چ بۆ رەخنەگرو چ بۆ خوێنەر-بگرە بۆ خودی نووسەریش-ئاڵۆزتر دەبێت، نەک هەر لەڕووی پۆلێنکردنی دەق لەنێو ژانرە ئەدەبییەکاندا، بەڵکو تەنانەت لەڕووی زاراوەی ناولێنانیشەوە. دیارە ئەم دیاردە کێشەدارە یەکێکە لەکێشەکانی گوتاری رەخنەی نوێو لەنێوان رەخنەی نوێی کوردیشدا ئامادەبوونی خۆی هەیە.

ناسنامەی ژانرێتی دەق

١-نووسەرو دەستنیشانکردنی ناسنامەی ژانرێتی دەق:

هەرچەندە دیاریکردنی جۆری ناسنامەی ژانرێتی دەق ئاستێکە لەئاستەکانی کاری رەخنەیی و دەکەوێتە ئەستۆی رەخنەگرەوە، بەو مانایەی رەخنەگر شوێنی دەق لەسەر نەخشەی ژانرە ئەدەبییەکان دەستنیشان دەکات، بەڵام هەندێ جار نووسەر خۆی پێش خوێنەرو رەخنەگر دەکەوێتو بەشێوەیەک لەشێوەکان ئاماژە بەناسنامەی ژانرێتی دەقەکەی خۆی دەکات. ئەم ئاماژە کردنە مەرج نییە بۆ ژانرێکی یا فۆرمێکی ئاشکراو ناسراوبێت، بەڵکو هەندێ جار زاراوەیەک بەکاردەهێنێت بۆ ئاماژەکردن بەقەوارەی فۆرمی چەشنێکی ناسەرەکی (Sub-Kind).

بەهەرحاڵ هەر ناولێنانێکی دەق لەلایەن نووسەرەکەیەوە کارێکە پەیوەستە بە هۆشمەندیی نووسەرو بەڕادەی پێزانینی سروشتی ئەو ئیشە ئیستاتیکییەی کە لەنێو دەقەکەیدا ئەنجامی داوە. ئەم ناولێنانەی دەق لەلایەن نووسەرەوە کارێکی جیاوازە لەکاری رەخنەگرو دانانی هەر وشەو زاراوەیەک لەسەر دەقەکە بەمەبەستی دیاریکردنی جۆری ژانرە ئەدەبییەکەی دەبێتە (دالێک)و چەند

دەلالەتێك دەبەخشێتو خوێندنەوەی جیاجیای بۆ دەکرێت، ئالێرەوە ئیشکالیەتی پرسی ناسنامەی دەق بۆ پەیامگر (خوێنەر–رەخنەگر) دەخولقێت.

(سوزان لۆهافەر) ئاماژە بۆ رووبەکی ئەم کێشەیە دەکات کاتێ لەڕێگای باسکردنی بیروڕای رەخنەگرێکەوە ئەو مەسەلەیە دەخاتەڕوو کەنووسەران لەئەڵمانیای رۆژئاوا لەبەرامبەر قایل نەبوونیان بەو ژانرو فۆرمە باوانەی کە هەیە بەرهەمەکانی خۆیان کە شیعرو پەخشانیشی پێکەوە لەخۆگرتووە، هەر بەناوی (دەق= Text)ەوە بڵاو دەکەنەوە[9].

٢–نووسەری کوردو کێشەی ناسنامەی ژانرێتی دەق:

ئەگەر بەنیازی دیاریکردنی شێوەکانی دەستنیشانکردنی ناسنامەی ژانرێتی دەق لەلایەن نووسەری کوردەوە لە هەندێ دەقی ئەدەبی نوێی کوردی وردبینەوە، تێبینی دەکەین نووسەری کورد راستەوخۆ بە وشەو زاراوەی جیاوازو ناڕاستەوخۆ بەنەنووسینی هیچ زاراوەیەك هەوڵی ناسنامەیەکی ئەدەبی دیاریکراو بەدەقەکەی ببەخشێت. بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم تێبینیە با لەم نموونانە وردبینەوە:

١–(شێرکۆ بێکەس) لەسەر بەرهەمی (کازیوە) نووسیوێتی (شیعری پۆستەر)[10].

٢–(د.فەرهاد پیربااڵ) لەسەر بەرگی (سپاییەکانی ناوڕەش–رەشاییەکانی ناو سپی) نووسیوێتی (شیعر)[11].

٣–(عەزیزی مەلای رەش) لەسەر بەرگی (کرمانج) نووسیوێتی (وتارە چیرۆك)[12].

٤–(سەباح رەنجدەر) لەسەر بەرگی (رووەکەکانی خواوەند) بە مەبەستو ئەنقەست هیچ وشەو زاراوەیەکی لەمەڕ ناسنامەی دەقەکەوە دانەناوە[13].

٥–(عەبدوڵڵا سەراج) لەسەر بەرگی (کیاکسار) نووسیوێتی (تێکست)[14].

٦–(جەمال شارباژێڕی) لەسەر بەرگی (ژوانگەی هەژانو ژان) نووسیوێتی (ڕۆمان–شیعرچنی جەمال شارباژێڕی)[15].

ئێستا دەتوانین شێوە جیاجیاکانی ناولێنانی ژانرییانەی دەق لەلایەن نووسەری کوردەوە بەڕوونی لەم نەخشەیەدا بخەینەڕوو:

هەڵبەتە ئەم دەستێوەردانەی نووسەر لەدەستنیشانکردنی ناسنامەی ژانرێتی دەقەکەیدا پتر لەماناو رامانێکی هەیەو پرسیاری هەمەچەشنە لای (خوێنەر–رەخنەگر) دروست دەکات:

*نووسەر لەسەر چی بنەمایەك زاراوەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێت بۆ ناسنامەی دەقەکەی؟

*هەبوونو نەبوونی ئەم ناولێنانە ناسنامەییە چی کێشەیەك بۆ (خوێنەر–رەخنەگر) دروست دەکات؟

*دانانی وشەو زاراوەیەك لەمەڕ ناسنامەی دەقەوە دەلالەتی جیاجیا دەبەخشنو بێدەنگیش (نەنووسینی هیچ زاراوەیەك) لەم مەسەلەیەدا بواری دەلالەتەکان فراوانتر دەکات.. دەبێ لەهەردوو حاڵەتەکەدا نووسەر بیەوێت چی شتێك بەپەیامگر رابگەیەنێت؟

*ئایا نووسەر دەتوانێ بەئاسانیو تەنها بەدانانی وشەو زاراوەیەك پەیامگر قایل بکات بەشەرعییەتی ئەو ناسنامەیەی کە بەدەقەکەی بەخشیوە، بەو مانایەی کە ئاخۆ تا چ رادەیەك ئەو ئاماژە ناسنامەییە گوزارشتی لەکەسایەتی ئەدەبیانەی دەقەکە کردووە؟

هەڵبەتە کردەی دەستنیشانکردنی ناسنامەی ژانرێتی دەق پتر پێوەندە بەتایبەتمەندیی چوارچێوەی هونەریی دەقەوەو کەمتر نزیکە لە

ناوەڕۆکی فیکریو سایکۆلۆژیی دەق، بەو مانایەی کە بابەتێکی وەك (نامۆ بوون) یا (شۆڕشگێڕی) یا (روانینێکی فەلسەفی) تاپۆکراوی سەر بە ژانرێکی دیاریکراو نییەو دەشێ ئەم بابەتانە لە چەندین فۆرمو ژانردا بەرجەستە بکرێن. ئەوەی لێرەدا قەوارەکان لەیەکدی جودا دەکاتەوە بریتییە لە تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی هونەریی فۆرمی دەقەکە، ئەمەش لەو روانگەیەوە کە "رەگەزو رواڵەتەکانی فۆرم (روخسار) جۆرو ژانرە ئەدەبییەکان لەیەکدی جیادەکەنەوە"[16].

واتە جیاوازی ناولێنانی ناسنامەی دەق بەپێی جیاوازی پێکهاتەی فۆرمەکەیەتیو نووسەریش هەر لەم روانگەیەوە بێر لە ناسنامەی دەقەکەی دەکاتەوە. بۆ نموونە کاتێ (شێرکۆ بێکەس) لەسەر بەرگی (ئاسك) دەنووسێت (شانۆگەرییەکی شیعرییە)و لەسەر بەرگی (کازیوە) دەنووسێ (شیعری پۆستەر) دیارە ئەمە لەسەر ئەو بنەمایە کراوە هەریەك لەو دەقانە پێکهاتەی خۆیان هەیە؛ بۆیە هەریەکەیش زاراوەی تایبەتی خۆی هەیەو ئەم کارەیش هیچ کێشەو ئاڵۆزکارییەك بۆ خوێنەر دروست ناکات؛ چونکە خوێنەر کاتێ دەقێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە لەبەر رۆشنایی ئەو بیرو زەینە ئەدەبییەی کە دەقەکانی پێشووتر دروستیان کردووە ئەم دەقەیش دەخاتە ژێر پرسیارو سەرنجەوە[17].

هۆکارو کاریگەری دەقە کەڵەکەبووەکانی پێشوو لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر سەردەمێك ژانرو چوارچێوەی ئەدەبی خۆی هەیەو "لەهەر سەردەمێکیشدا چەند چوارچێوەیەکی ئەدەبی دیاریکراو لای خوێنەر ناسراو و زانرو دەبن بەڕادەیەك ئەم چوارچێوانە وەکو کلیلێك (بەمانای مۆسیقییەکەی وشەکە) بەکاردەهێنێت بۆ لێکدانەوەی بەرهەمەکان[18]"

بەم شێوەیە ئەو ژانرو چەشنە ئەدەبییەی کە خوێنەر زۆرجاك ئاشنایەتی، لە پرۆسەی خوێندنەوەیدا دەبێتە پێوەری چۆنێتی پێوەندیو مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقەکاندا، یان هەروەك (تۆدۆرۆف) دەڵێت: (ژانری ئەدەبی بۆ خوێنەر دەبێتە ئاسۆی چاوەڕوانی)[19] بەو مانایەی کە لەم ئاسۆیەوە تەماشای دەق دەکاتو هەرلێرەوە پێشبینیو چاوەڕوانی چۆنێتی پێکهاتەکەی دەکات. جا بۆیە گوتمان (ئاسك)و (کازیوە) لەڕوی ناسنامەوە کێشەی بۆ پەیامگر دروست نەکردووە؛ چونکە خوێنەر پشت بە بیرو زەینی ئەدەبییانەی خۆی جۆرە تەبایيەك لەنێوان پێکهاتەی دەقەکانو ناو لێنانەکەیان دەبینێت.

کەواتە ئیشکالییەتی نێوان نووسەرو خوێنەر لەمەڕ ناسنامەی ژانرێتی دەق کاتێ سەرهەڵدەدات کەنووسەر لەدەرەوەی (ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر)ەوە کاریکاتو زاراوەیەکی لەباری پێ بەپێستی هونەری بەرهەمەکەی بەکار نەهێنێت، لەم کاتو ساتەدا خوێنەر گومان لەناسنامەی بەرهەمەکەی دەکاتو دوورنییە رەتی بکاتەوەو هەر بە ئەدەبیشی دانەنێت.

بۆ زیاتر ئاشکرابوونی رواڵەتەکانی ئەم کێشەیە باڵەم بەرهەمانە وردبینەوە:

١-(سپیاییەکانی ناو رەش- رەشاییەکانی ناو سپی) ئەم بەرهەمەی (فەرهاد پیربااڵ) نموونەیەکی زەقی کێشەی ناسنامەی ژانرێتی دەقە لەئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا.

(د. فەرهاد پیربااڵ) بۆ خۆی لەسەر بەرگی ئەم بەرهەمە نووسیوێتی (شیعر)، بەاڵم خوێنەر تەنها بەشیعری دانەناوە:

بۆ نموونە، دەقی (ئەو هەشت حەرفەی لەهەموو حەرفێکم خۆشتر دەوێت) کە فەرهاد خۆی بە

(شیعر)ی داناوه، دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (کاروان) ئەم دەقەیان بە (چیرۆك) لەقەڵەمداوە[20].

(د.محەمەد بەکر) لەتێزی دکتۆراکەیدا دەقەکانی (پەرگاڵ)و (بانگەوازێك)ی بە (پەخشانە شیعر) داناوە[21]، ئەمە لەکاتێکدا (فەرهاد) خۆی ئەم دوو دەقەی بە (شیعر) لەقەڵەمداوە.

(ئەحمەد شەوکەت) باسی چەند دەقێکی دووتوێی (سپپاییەکانی ناو رەش–رەشاییەکانی ناو سپی) دەکات سەرسوڕمانی خۆی نیشان دەدات لەبەرامبەر ئەوانەی کە ئەم جۆرە دەقانە بە (شیعر) لەقەڵەم دەدەن. (ئەحمەد شەوکەت) پێی وایە ئەم جۆرە دەقانە بۆ نموونە (پەرگاڵ)، (شیراتوون لەبەریاراندا) ئەمانە پێکهاتەی ژانرێکی ئەدەبی نوێنو ناچنە ناو سنوری مەملەکەتی شیعرەوە، هەر بۆیەشە بۆ ناو لێنانی ناسنامەییانەی ئەم دەقانە پێشنیاری زاراوەیەکی نوێ دەکاتو پێیان دەڵێت: (الأیادب–الأیدب) کە بە بۆچوونی خۆی لەهەردوو وشەی (أیات أدبیه)وە وەریگرتووە[22].

(عەبدال نوری عەبدال)یش لەوتارێکی رەخنەییانەدا سەبارەت بەم بەرهەمەی (فەرهاد پیربالّ) دەرکی بەوە کردووە کە لەبەردەم بەرهەمێکدایە هەرچەندە لەسەر سینگی نووسراوە (شیعر)، بەڵام دووەم لەشیعرەوە؛ هەر بۆیە سەرنجی شاعیر بۆ ئەوە رادەکێشێت کە دەبوو ناوێکی دیکەی بۆ بەرهەمەکەی هەڵبژاردایەو ناوی لێنەنایە (شیعر)[23].

ئاڵۆزی کێشەی ناسنامەییانەی ئەم دەقانەی (فەرهاد پیربالّ) لای خوێنەری کورد گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە خودی بەرهەمەکە بەلای شاعیرو نووسەرێکی وەك (حەمە سەعید حەسەن)ەوە بەجۆرێك لە شۆخیو گاڵتەکردن لەقەڵەم بداتو وای ببینێت کە شیعر لەو بەرهەمەدا هیچ ئامادەبوونێکی نییە[24].

بنچینەی کێشەکە لەجۆرو چۆنێتی دەستێوەردانی نووسەرەوە دەست پێدەکات، بەو مانایەی نووسەر چی زاراوەیەك بەکاردەهێنێت بۆ ناسنامەی ئەدەبی بەرهەمەکەی. هەڵبەت دانانی هەر زاراوەیەك چەند مانایەکی لێدەکەوێتەوەو خودی زاراوەکەیش خاڵێکی گرنگە بۆ پێوەندی نێوان دەقو پەیامگر.

ئەگەر بپرسین دەبێ نووسینی وشەی (شیعر) لەسەر بەرگی (سپپاییەکانی ناو رەش–رەشاییەکانی ناو سپی) چی رامانو مانایەکی لەپشتەوە بێت؟ لەوەڵامدا دەڵێین:

رەخنەگری کەنەدی (نۆرسرۆب فرای) دەڵێت: (دەکرێ لەهەر شیعرێك بکۆڵدرێتەوە بەو پێیەی لاسایکردنەوەی چەند شیعرێکی تر، نەك لاسایکردنەوەی سروشت)[25]. کەوابێت کاتێ نووسەرێك لەسەر بەرهەمێکی خۆی دەنووسێت (ڕۆمان) یا (شیعر) ئەوا بەم کارەی ناڕاستەوخۆ داوا لەپەیامگر دەکات ئەم بەرهەمەی لەگەڵ بەرهەمەکانی دیکەی هەمان بواردا بەراوردبکرێت، لەپێناو دەرکەوتنی تایبەتمەندییەکان.

ئێستا دەتوانین بڵێین رەنگە (فەرهاد پیربالّ) بەدانانی وشەی (شیعر) لەسەر بەرهەمی ناوبراوی، بیەوێت بە پەیامگر بڵێت: ئەم دەقانەی بەردەستت شیعرن، بەڵام شیعری ئەمڕۆن نەك دوێنێ، واتا هەروەك چۆن زۆربەی هەرە زۆری شتەکانی ئەمڕۆ گۆڕاونو وەکو دوێنێ نەماون، شیعریش ئەمڕۆ گۆڕاوەو ئاوای بەسەرهاتووە. دیارە هەر لێرەشەوە شاعیر ناڕاستەوخۆ ئامازە بۆ نوێخوازێتی دەقەکانی دەکات. راستە دانانی وشەی (شیعر) لەسەر (سپپاییەکانی ناو رەش–رەشاییەکانی ناو سپی) دەشێ ئەم مانایەی لەخۆگرتبێت، بەڵام لەسەرێکی دیکەوە کێشەی بۆ پەیامگر خوڵقاندووەو خستوویەتییە دوودڵیو گومانەوە..

سەرەداوی کێشەی ناولێنانی ناسنامەیی لێرەوە دەستپێکردووە، خوێنەر کە وشەی (شیعر) لەسەر بەرگی بەرهەمەکە دەبینێت، چاوەڕێ بە فەرهەنگی بیرو زەینی ئەدەبیی خۆی دەخشێنێتەوە، هیچ نزیکیو هاوسەنگییەک لەنێوان وشەی (شیعر)و پێکهاتەی دەقەکاندا بەدی ناکات. لەبەر ئەمە دەبینی خوێنەر هەڵوێستی جیاجیای لەبەرامبەر بەرهەمەکەدا نواندووە:

*خوێنەر رازی نەبووە بەو ناسنامەیەی کە نووسەر بەدەقەکەی خۆی بەخشیوە.

*خوێنەر کەوتۆتە گومانو پرسیارکردنەوە لەسروشتو جۆری پێکهاتەی دەقەکان.

*خوێنەر هەوڵیداوە ناوێکی نوێی بۆ دابنێت تا پڕ بە پێستی هونەرییانەی دەقەکان بێت؛ چونکە دەرکی بەوە کردووە کە دەقەکان لەدەرەوەی بازنەی شیعرن.

*خوێنەر سەرتاپای بەرهەمەکەی وەکو (شیعر) لاپەسەند نەبووەو بەجۆرێك لەگاڵتەو گەپی لەقەڵەمداوە.

دانانی وشەی (شیعر) لەسەر بەرگی (سپیاییەکانی ناو ڕەش–ڕەشاییەکانی ناو سپی) تەنها مەسەلەی زاراوەو ناو نییە، بەڵکو بەم کارە نووسەر ناسنامەی ژانرێکی ناسراو و دیاریکراو بە بەرهەمێك دەبەخشێت کە پێکهاتەی دەقەکانی ڕەگەزو بنەمای ئیستاتیکی سەر بە ژانرو هونەری جیا جیایان لەخۆگرتووە. کەواتە هەنگاوی یەکەمی چارەسەرکردنی یا کەمکردنەوەی ئاڵۆزی کێشەکە دەبێت هەرلای نووسەرەوەبێت. ئەگەر (فەرهاد پیرباڵ) هەروەك چۆن دەقەکانی خاوەنی پێکهاتەو سیمای تایبەتی خۆیانن، ئاوەهایش ناوێکی تایبەتییانی بۆ بەکار بهێنایە کێشەکە بەم شێوەیەی لێنەدەهات، کە تەنها دەقێك نووسەر خۆی بە (شیعر)ی دابنێتو یەکێك بە (پەخشانە شیعر)و یەکێکی دی بە (چیرۆك)و یەکێکی دی بەجۆرێك لەگاڵتەکردنی لەقەڵەم بدات، بەو مانایەی کە ئەم دەقانە هەرچییەك بن تەنها شیعر نین.

۲–(کرمانج) عەزیزی مەلای ڕەش.

چیرۆکنووسو ڕۆمانتووسی ناسراو (عەزیزی مەلای ڕەش) لە ساڵی ۱۹۹۸ بەرهەمێکی بەناوی (کرمانج)ەوە بڵاوکردەوە، لەسەر بەرگەکەی نووسیوێتی (وتارە چیرۆك) بەڵام پەیامگر (خوێنەر–ڕەخنەگر) بەشێوەیەکی دی لەقەڵەمیداوە.

(ڕزگار لوتفی) لەژمارە (٢٤)ی گۆڤاری (ڕامان)دا کەمێك لەم بەرهەمە دواوە، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی بۆ ئامادەبوونی زاراوەی (وتارە چیرۆك)ی سەر بەرگی بەرهەمەکە نەکردووەو لەلایەن خۆیەوە وەکو (چیرۆك) مامەڵەی لەگەڵدا کردووە[٢٦]، بەڵام (سابیر ڕەشید) لەگوتارێکی بیبلۆگرافیا ئامێزدا (کرمانج)ی وەکو (کورتە ڕۆمان)ێك پۆلبەند کردووە[٢٧].

ئەگەر (کرمانج) چیرۆکێکی یا کورتە ڕۆمانێکی ئاسایی بێت، ئەی بۆچی نووسەر لەسەری نووسیوە (وتارە چیرۆك)؟؟

*ئایا ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بەوەی کە نووسەر لەڕێگای پێکهەگرێدانی چەند ڕەگەزێکی ئیستاتیکی دوو هونەری ئەدەبی چوار چێوەی فۆرمێکی نوێی داڕشتووە؟

*یان نووسەر لەڕووی تەکنیکی زمانی گێڕانەوەی بەرهەمەکەوە هەستی بەتایبەتمەندییەك (سادەییو ڕاستەوخۆیی) کردووە، بۆیە ئەم زاراوەیەی بۆ بەکارهێناوە، پرسیارو بۆچوونەکان هەرچۆنێك بن لێرەدا دەردەکەوێت پەیامگر ناسنامەی (کرمانج)ی وەك (وتارە چیرۆك) لەنووسەر قبوڵ نەکردووە، یەکێك بەچیرۆکی داناوە یەکێکی دی بەکورتە ڕۆمان، بەلەبەرچاوگرتنی ئەم بۆچوونانەو بەراوردکردنی

زاراوەی (وتارە چیرۆك) لەگەڵ خودی بەرهەمی (کرمانج)دا پتر ئەو بۆچوونە دێتە ئاراوە کە نووسەر لەبەکارهێنانی زاراوەی (وتارە چیرۆك)دا ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی بەچۆنیەتی زمان و تەکنیکی گێڕانەوەی دەقەکە داوەو هەر ئەمەش دەبێتە بەرگرییەکی ئەدەبیانەی پێش وەخت لە (کرمانج)و کەمتر زاراوەکە ئاماژە بە داڕشتنی ژانرێکی یا چەشنێکی ئەدەبی نوێ دەکات.

٣-(رووەکەکانی خواوەند) سەباح رەنجدەر:

ئەگەر دانانی زاراوەیەکی ناسنامەیی لەلایەن نووسەرەوە دەلالەتی خۆی هەبێت، ئەوا نە نووسینی زاراوەیەکی لەم بابەتە مەودای دەلالەتەکان فراوانترو والاتر دەکەن[٢٨]. (سەباح رەنجدەر)بەدەستی ئەنقەست هیچی لەسەر بەرگی (رووەکەکانی خواوەند) نەنووسیووە، دیارە ئەم کارەیش ماناو رامانی خۆی هەیە:

*بەر لەهەموو شتێك نووسەر بەم بێدەنگییەی کاری دەستنیشانکردنی ناسنامەی ژانرێتی دەقەکان بۆ (خوێنەر-رەخنەگر) بەجێدەهێڵێت. لێرەدا کەسایەتی دەق دەبێتە مەتەڵێك و ئەرکی پەی پێبردن و هەڵهێنانیشی دەکەوێتە ئەستۆی رەخنەگرەوە.

*رەنگە نووسەر-بەم بێدەنگییەی- ناڕاستەوخۆ بەخوێنەر بڵێت-وەك نووسەرێکی نوێخواز-زاراوەو ناوم بەلاوە گرنگ نییە، گرنگ ئاستو رادەی داهێنانە، گرنگ شیعریەتی دەقەکانە، جا هەر چۆنێکیان ناو دەنێیت ئەمەیان لەشیعرییەتی بەرهەمەکە کەمو زیاد ناکات.

*رەنگە نووسەر بەسنووربەندینەکردنی بەرهەمەکەی لەسنووری ژانرێکی ناسراوو دیاریکراودا، ناڕاستەوخۆ بەخوێنەر بڵێت، ئەم دەقانە گەمەیەکی ئیستاتیکی وای تێداکراوە، زەحمەتە لەسنوری فۆرمێکی کلاسیکیدا پۆلبەند بکرێت.

*رەنگە بێدەنگی نووسەر لەم بوارەدا ئامرازێکی دیکەی سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بێت بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکەو پرسیارکردن لەناسنامەکەی. ئاخۆ ئەوە دەبێ چ جۆرە دەقێك بێت کە رازی نەبێت ناسنامەی هیچ ژانرێکی ئەدەبی بەسینگی خۆیەوە بنێت[٢٩].

بەهەرحاڵ لێرەدا یەکێ لەخاڵە هەرە پۆزەتیڤیەکانی (بێدەنگی نووسەر) ئەوەیە کە دەرگای پرسیارو گەڕانو توێژینەوە لەبەردەم دەقەکەی بکاتەوەو لەم رێگایەشەوە قسە بچێتەسەر کێشەیەك لەکێشەکانی گوتاری رەخنەی کوردی.

٤-(ژوانگەی هەژانو ژان)- جەمال شارباژێڕی.

لەڕووی کێشەی ناسنامەی دەقەوە دەقی (ژوانگەی هەژانو ژان) جێگای سەرنجە؛ چونکە نووسەر لەسەر بەرگەکەی ئاماژەی بەدوو ژانری ئەدەبی کردووەو نووسیوێتی (ڕۆمان-شیعرچنی...)،لەگەڵ هەبوونی ناوی دوو ژانری جودا بەڵام هیچ ئاڵۆزیو کێشەیەکی بۆ خوێنەر دروست نەکردووە؛ چونکە هەروەك چۆن پێکهاتەی هونەری دەقەکە ئەدگارو رەگەزی ئیستاتیکی دوو ژانری لەخۆگرتووە، ناولێنانەکەیش گوزارشتی لەسروشتی ئەم پێکهاتەیە کردووە. هەر بۆیەشە کاتێ (کەمال غەمبار) لەبەرهەمەکە دەدوێت ئەمیش هەر بە (ڕۆمانێکی شیعر ئامێزی) لەقەڵەم دەدات[٣٠].

واتا لەدەستنیشانکردنی ناسنامەی دەقەکەدا جۆرە نزیکیو یەکدەنگییەك لەنێوان نووسەرو پەیامگردا بەدی دەکرێت. ئەگەر هاتباو (جەمال شارباژێڕی) تەنها زاراوەی (ڕۆمان) یا (شیعر)ی بۆ بەرهەمەکەی بەکاربهێنایە ئەو دەمە پەیامگر (خوێنەر-رەخنەگر) بەئاسانی رەوایەتی ناسنامەی دەقەکەی لەنووسەر قبوڵ نەدەکرد؛ بۆیە دەرك

کردنو هۆشمەندیی نووسەر بەو بوارەی ئیشی تێدا دەکاتو بەجۆری ئەو زاراوەیەی کە بە بەرهەمەکەی خۆی دەبەخشێت خاڵێکی گرنگە بۆ چۆنیەتی کاردانەوەی خوێنەر لەبەرامبەر دەقەکەیدا.

٥-(کیاکسار)-عەبدوڵڵا سەراج.

لەنێو بەرهەمەکانی عەبدوڵڵا سەراجدا ئەوەی بەلای ئێمەوە لێرەدا جێگای سەرنج بێت، بەرهەمی (کیاکسار)ە کە نووسەر لەسەر بەرگەکەی نووسیوێتی (تێکست).

هەڵبەتە بەکارهێنانی وشەی (تێکست) هەروەک نەنووسینی هیچ زاراوەیەک، شێوەیەکە لەشێوەکانی دوورەپەرێزی نووسەر لەدەستنیشانکردنی جۆری ناسنامەی ژانرێتی دەق.

ئێمە لێرەدا نامانەوێت بچینە بنج و بناوانی چەمک و دەلالەتەکانی زاراوەی تێکست؛ چونکە ئەمە کێشەیەکی فرە جەمسەری گوتاری رەخنەی هاوچەرخەو توێژینەوەی سەربەخۆو تێرو تەسەلی دەوێت.

چەمکی وشەی (دەق= تێکست) نەک هەر لەدیدو گۆشەنیگای جوداوە پێناسەو شرۆڤە کراوە؛ بەڵکو بەپای (رۆڵان بارت ١٩١٥-١٩٨٠) زەحمەتە چەمکی دەق بەوردی دەستنیشان بکرێت [٣١].

لێرەدا راستەوخۆ دەچینە سەر کێشەی ناولێنانی ناسنامەی دەق- کە ئەمە تەوەری سەرەکی لێکۆڵینەوەکەمانە-دەپرسین: ئاخۆ نووسەر بەدانانی وشەی (تێکست) لەسەر سینگی (کیاکسار) دەیەوێت چی بەخوێنەر رابگەیەنێت؟؟ بەر لەوەڵامە جیاجیاکانی ئەم پرسیارە دەبێ ئاماژە بەوەبکەین کە ئامادەبونی وشەی (تێکست) خوێنەری هێناوەتە قسەو یەکسەر زاراوەکەی وەرنەگرتووە. لەم رووەوە (سابیر رەشید) لەخوێندنەوەیەکی (کیاکسار)دا کە لەگۆڤاری (کاروان) باڵوێکردووەتەوە دەڵێت:

"ئەگەرچی مامۆستا عەبدوڵڵا سەراج لەبەرگی پێشەوەی کیاکسار نووسیویە تێکست، بەڵام من وەک *کورتە ڕۆمان* مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم..." [٣٢].

لەپاڵ قسەکانی (سابیر رەشید)دا کە بەڵگەو بەهانەی بابەتییانەی خۆی هەیە، خوێنەر قسەی تریشی دەمێنێت لەم بوارەدا بیکات، وەک ئەوەی خوێنەر تێبینی دەکات کە عەبدوڵڵا سەراج لەسەر بەرگی (هەڵگشان بەرەو لوتکە) نووسیویەتی (ڕۆمان)و کەچی لەسەر (کیاکسار) دەنووسێت (تێکست) ئایا جیاوازی ئەم کردەیە دەبێ لەچی روانگەیەکەوە بێت؟

نامانەوێت ئەو قسەو پرسیارانەی بەرامبەر (رووەکەکانی خواوەند) کردمان لێرەدا دووبارەی بکەینەوە-دیارە هەردووکیان لەدیارنەبوونی ناوێکی ناسنامەیی هاوبەشن-بەڵام ئەوەندە دەڵێین بەکارهێنانی وشەی (تێکست) بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان، ڕوانێتێکی کاریگەریی باڵە جیاوازەکانی ڕەخنەی نوێیە بەسەر گوتاری ئەدەبیو ڕەخنەی کوردییەوە. دیارە ڕەخنەی هاوچەرخ پتر لەپوانگەی زمانناسییەوە دەق وەک قەوارەیەکی زمانەوانی دەخوێنێتەوەو هێندەی لەشیعرییەتی زمانو گووتنو گێڕانەوە دەگەڕێت زۆر کەمتر لەقەوارەی ژانرەکەی دەپرسێتەوە.

کەواتە هەر ئەم ڕاستییەش هەندێک لەنهێنییەکانی کردەی لکاندنی وشەی (تێکست) بەسینگی (کیاکسار)ەوە دەدرکێنێت.

ئەنجام

دوای لێکۆڵینەوەی ڕوانەتە جیاوازەکانی کێشەی ناسنامەی ژانرێتی دەق دەتوانین چەند خاڵێک وەکو ئەنجامی باسەکە دەستنیشان بکەین:

١–كێشەی ناسنامەی ژانرێتی دەق پتر بەرهەم و زادەی قۆناغی تیۆری نوێی ئەدەبە کە سەرەداوەکانی بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە و لەم سەدەیەدا وەکو دیاردەیەکی ئەدەبی رەگەزی ئیستاتیکی ژانرو هونەری جیاجیا ئاوێتەی یەکدی دەکران. پاشانیش لەژێر کاریگەری تەوژمەکانی رەخنەی نوێدا کێشەکە زیاتر بەرجەستە کراوە.

٢–ناولێنانی ناسنامەییانەی دەق پتر پێوەندە بە تایبەتمەندییەکانی فۆرمی دەقەوە.

٣–نووسەر جەمسەری یەکەمی کێشەی ناسنامەی دەقە، بەتایبەتی لەو کاتەی کە ناوێك هەڵبژێرێت دەربڕو نوێنەری پێکهاتەی هونەری دەقەکەی نەبێت. واتە چۆنێتی بەشداریکردنی نووسەر لەدەستنیشانکردنی ناسنامەی دەقەکەیدا رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەسروشتو جۆری کێشەی ناسنامەکەو رادەی کاردانەوەی خوێنەریش –لەم بوارەدا–لەبەرامبەر دەقەکەدا.

٤–کێشەی ناوبراو لەئەدەبو رەخنەی کوردیشدا ئامادەبوونی خۆی هەیەو نووسەران راستەوخۆو ناڕاستەوخۆیش ئاماژەیان بۆ ناسنامەی دەقەکانیان کردووە.

٥–نووسەر تەنها بەناولێنانی دەقەکەی ناتوانێت ئەو ناسنامەیەی خۆی ویستوویەتی بە دەقەکەی ببەخشێت، لێرەدا پەیامگر (خوێنەر–رەخنەگر) خوێندنەوەی خۆی دەبێتو سەرەنجامیش نەنووسەرو نەخوێنەر، بەڵکو ئەدگاری هونەریی دەقەکە ناسنامەی خۆی دیاری دەکات.

تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە لەشەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتی یەکەمی پێ بەخشراوە.

---

[١]–جیرار جینیت، مدخل الى جامع النص، ت/ عبدالرحمن أيوب، بغداد، (د.ت)، ص٧٤.

[٢]–رينية ويلك، أوستن وارين، نظرية الأدب، ت/ محي الدين صبحي، دمشق، ١٩٧٢، ص٢٩٥.

[٣]–سعيد علوش، معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، بيروت، ١٩٨٥، ص٢٢٣.

٤–عبدالملك مرتاض، نظرية الرواية، الكويت، ١٩٩٨، ص٢٣.

[٥]–عبد المنعم تليمة، مقدمة في نظرية الأدب، الطبعة الثانية، بيروت، ١٩٧٩، ص ١٢٣.

[٦]–بەشێوەیەکی گشتی بیروبۆچوونەکانی تیۆری کۆنی ئەدەب لەسەر بنەمای جیاکردنەوەو سنوور بەندیکردنی ژانرە ئەدەبییەکان دامەزراوە. لەم بارەیەوە بڕوانە: رينيه ويلك، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٦؛ محمد غنيمي هلال، الأدب المقارن، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٨١، ص١٣٩.

[٧]–(د. علی جعفر العلاق) لە باسکردنی سەرهەڵدانی (پەخشانە شیعر) رووەکی ئەم گۆڕانکارییە دیاریدەکات کە چۆن لەسەدەی بیستەمدا لەمیانی فۆرمێکی نوێی شیعردا سنووری دێرینەکەی نێوان پەخشانو شیعر بەزێنراو بەگشتیش هێڵی نێوان ژانرەکان تا رادەیەکی زۆر کاڵ بووەوە. بڕوانە: (علی جعفر العلاق، في حداثة النص الشعری، الطبعة الأولى، بغداد، ١٩٩٠،ص١٣٥–١٣٦.

[٨]–م.ه ابرامز، المدارس النقدية الحديثة في معجم المصطلحات الأدبية، ت/ د. عبدالله الدباغ، مجلة (الثقافة الأجنبية) العدد (٣) ١٩٨٧،ص٤٩.

[٩]–سوزان لوهافر، الاعتراف بالقصة القصيرة، ت/ محمد نجيب لفتة، الطبعة الأولى، بغداد ١٩٩٠، ص٢٦.

[١٠]–شێرکۆ بێکەس، کازیوە، شیعری پۆستەر، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٨.

[١١]– فەرهاد پیرباڵ، مانیفێستی دووەمی وێران، سپیاییەکانی ناو رەش–رەشاییەکانی ناو سپی، لەبڵاوکراوەکانی نووسینگەی وێران، هەولێر، ١٩٩٩.

١٢ –عەزیزی مەلای رەش، کرمانج، لەبلاوکراوەکانی رۆژنامەی میدیا، هەولێر، ١٩٩٨ .

١٣ – سەباح رەنجدەر، رووەکەکانی خواوەند، هەولێر، ١٩٩٩.

١٤ –عەبدوللا سەراج، کیاکسار، لەبلاوکراوەکانی ئالای ئازادی، هەولێر، ١٩٩٥.

١٥ –جەمال شارباژێری، ژوانگەی هەژارو ژان، سلێمانی، ١٩٩٨.

١٦ –توفيق الزيدي، أثر اللسانيات في النقد العربي الحديث، تونس، ١٩٨٤، ص١٠٠.

١٧ –حاتم الصكر، اسم النص وصفته، جريدة (الجمهورية) ١٧٦٥–١٩٨٨/٣/٢٤، ص٥.

١٨ –تزفيتان تودورف، الشعرية، ت / شكري المخبوت ورجاء بن سلامة، دارتو بقال، المغرب، ١٩٨٧، ص٧٨.

١٩ – هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

٢٠ –بڕوانە گۆڤاری (کاروان) ژ(٤)ی خولی ڕابەڕین ١٩٩٣، ل١١،١

٢١ – محەمەد بەکر، پەخشانە شیعری کوردی، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٧.

٢٢ –أحمد شوكت، تشكيل الأيادب والحوار في مغادراتيات د. فرهاد پيربال، جريدة (الاتحاد) العدد (٣٣٤) ١٩٩٩/٩/٣.

٢٣ – عەبدال نوری عەبدال، پیربالّ نویخازەو پێگیرە دئێک دەم دە، پەیف، ژ(١١)، ١٩٩٩، ل٢٦.

٢٤ –حەمە سەعید حەسەن، شیعرو شۆخی، رامان، ژ (٤٠) ١٩٩٩، ل٨٢–٨٣.

٢٥ – خلدون الشمعة، الشعرية العربية المعاصرة، بحوث مهرجان المربد السابع، القسم الثالث، بغداد، ١٩٨٦، ص٣.

٢٦ – رزگار لوتفی، کرمانجو چەپکە سەرنجێک، رامان، ژ (٢٤) ١٩٩٨، ل٢٢٣.

٢٧ – صابر رشيد، الرواية القصيرة في الأدب الكردي، خەبات ، العدد (١٠٥٠) ٢٠٠١/١١/٢،ص٨.

٢٨ – پێویستە ئاگاداربین نەبوونی زاراوەیەکی دیاریکراو لەسەر بەرگی هەر بەرهەمێکی ئەدەبییدا مەرج نییە لەهەموو حاڵەتێکدا بەمەبەستو ئەنقەست بێت، ڕەنگە هەندێ جار پێوەندبێت بەو کەسەی کە نەخشەونیگاری بەرگی بەرهەمەکەی کێشاوە، یاخود ڕەنگە لە (لەبیرچوونەوە) بێت. بۆ نموونە: کتێبی (گوڵەکانی دۆزەخ) محەمەد حەمەباقی، چاپی یەکەم، سەقز، ١٩٩٠. هیچ لەسەر بەرگەکەی نەنووسراوە، بەڵام لەودیوی دووەمی پەڕەی یەکەمدا نووسراوە شیعری: محەمەد حەمەباقی.

٢٩ –ئەم لێکۆڵینەوە تەنها بۆ کێشەی نووسەرو ناسنامەی دەق (دەلالەتو ئیشکالیەت) تەرخانکراوە؛ بۆیە باسی ئەو بنەماو پێوەرە بابەتیو ئیستاتیکییانەمان نەکردووە کە دەکرێ ببنە سنورێك بۆ جیاکردنەوەو پۆلکردنی ژانرە ئەدەبییەکان. کە ئەم بابەتەش لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی دەوێت.

٣٠ –کەمال غەمبار، چەند سەرنجێك دەربارەی ژوانگەی هەژانو ژان، رامان، ژ(٢٥) ١٩٩٨، ل٢٢٩.

٣١ – حاتم الصكر، يونس البحر، النص نوعاً ثالثا، جريدة (الجمهورية)، العدد ٦٧٥٨، ١٩٨٨/٣/١٧.

٣٢ –سابیر ڕەشید، خوێندنەوەیەکی نوێباوی کورتە ڕۆمانی کیاکسار، کاروان، ژ (١٠٨) شوباتی ١٩٩٧، ل١٠٣. هەرچەندە لێرەش دەکرێ ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی کاك (سابیر ڕەشید) بکرێتەوە کە ئایا کورتە ڕۆمانێك بۆخۆی تێکستێکی ئەدەبی نییە؟؟

(سەرەتا)

دەمەوێ راستەوخۆ بچمە سەر کرۆکی مەبەستەکەم، کە جگە لەئاماژە گەلێکی خێرا بۆ سەر بەهاو رۆڵو شوێنی جیاوازی لەنێو گوتاری شیعریدا، هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی چەند ئاستێکو چەند دەرکەوتنێکی جیاجیای ئەو جیاوازییە، لەبەرگی دووی دیوانی لەتیف هەڵمەتدا.

سەرەتا دەبێ ئەوەش روون بکەمەوە کە جیاوازی، وەک چەمکێکی شیعریی بەکاردەهێنم، واتە جیاوازیی بەمانای جیاوازییە، نەک دابڕان، چونکە دابڕان خەونێکە لەدنیای شیعردا بەدی نایە. بێگومان مەرج نییە هەموو جیاوازییەک دامێنان بێ، بەڵام مەرجە هەموو دامێنانێک جیاوازبێ.

مەبەستم ئەوەیە دەشێ هەندێ جار جیاوازی نەگەیشتبێتە ئاستێک لەشیعرییەت کە نەتوانێ جیاوازی بەرهەمبهێنێ. بەم مانایە گەڕان بەدوای جیاوازیدا، گەڕانە بەدوای سەرەکیترین مەرجی داهێناندا.

* * *

ئەگەر رێگرێکی گەورەی بەردەم داهێنان، گەڕانەوەی بەردەوامی هەندێک شاعیربێت، بۆ سەر ئەسڵێکو خەونی گەورە لێکچوونی زۆری دەقی ئێستاو ئەو ئەسڵە بێ، ئەوە رێخۆشکەری گەورە بۆ داهێنان، هەوڵی بەردەوامی هەندێک شاعیری دیکەیە، بۆ تێپەڕاندنو بەرەو کەماڵ بردنی ئەو ئەسڵە، لەڕێگای دەقی جیاوازەوە.

شاعیری داهێنەر ئەو کەسە گومانکارەیە، کە لەنزیکبوونەوەی هیچ ئەسڵێک دڵنیانییەو هەمیشە بەگومانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، چونکە دەزانێت لێکچوون ئەو رێگایەیە کە جگە لەونبوونو مردن،

گەڕان بەدوای جیاوازیدا

هەوڵێک بۆ خوێندنەوەی

بەرگی دووی دیوانی لەتیف هەڵمەت

محەمەد کوردۆ

بەهیچ شوێنێکی دیکەی ناگەیەنێت.

لێرەوە چونکە ستراتیژو ئاڕاستەی ئەو (مەبەستم شاعیری داهێنەرە)، هەڵهاتنە لەمردن، نەك هەڵهاتن بێ بەرەو مردن، هەمیشە خەمی جیاوازی، خەمی هەرە گەورەیەتی.

دەبێ دووبارەی بکەینەوە کە جیاوازی بەمانای جیاوازییە، نەك دابڕان، چونکە وەکو بۆرخیس دەڵێ:

"لەوێدا نووسەر نییە، بەڵکو یەك کتێبە، لەوەتەی هەین دەینووسینەوە"[1]

بەڵام کاتێ کازانتزاکی ڕێك لەکاتی گریاندا زۆربا دەخاتە سەماو کافکا پاڵەوانەکەی دەکاتە حەشەرەیەك، ئەو کاتە جیاوازی لەدایك دەبێتو دەقێك دێتە بەرهەم، توانای خستنەسەرو دەوڵەمەندکردنی ئەو کتێبەی هەیە، کە بۆرخیس ئاماژەی بۆ دەکات.

وەکو (ئەدۆنیس)یش دەڵێ (ئێمە هیچمان شتێك لەنەبوو داناهێنین، بەڵکو جیاوازیو داهێنان، لەپێداگرتن لەسەر لایەنێك، بێ لایەنێکی دیکەو لەسیاق دایە.

کەسێك وەك بابەت شتێکی تازەی نەنووسیوە، بەڵام وەك چۆن سیاقەکەی لەبیردەکرێ، ئەوەش لەبیردەکرێ کەنووسەر لەقۆناییدا دەیڵێ، ئێمە لەسیاقو لەجیاوازی ناکۆڵینەوە..

(بۆنموونە) لەتەوراتدا دەقگەلێك دەدۆزیتەوە، سەرتاپا لەئەفسانە کۆنەکانەوە وەرگیراون، بەڵام گرنگ سیاقەکانیانە، نەك خودی بابەتەکانیان)[2]

ڕاستە هەموو دەقێك مەحکومە بەجۆرێك لەپەیوەندی لەگەڵ دەقگەلی دیکەدا، بەڵام خاڵی جەوهەری لێرەدا، لەجۆرو ئاستی پەیوەندییەکەدایە، نەك لەخودی پەیوەندییەکە، دەق هەیە خۆی لەنێو



دەقگەلی دیکەدا دەتوێنێتەوەو دەقیش هەیە دەقگەلی دیکە لەنێو خۆیدا دەتوێنێتەوە.

دەشێ دەقی زیندوو بەو گیایە بچوێنین، کە "ئەگەرچی ئاو مەرجی گەشەکردنێتی، بەڵام لەئەنجامدا، ئەو شتێکی جیاوازە لەئاوو ئاو نییە"[٣]

(جیهانبینی)

ڕاستە جیهانبینی هەڵمەت، جیهانبینییەکە سۆفیگەری تاڕادەیەکی زۆر بەسەریدا زاڵەو ئەمەش لای هەندێك لەخوێنەرو نووسەرو ڕەخنەگرانی ئێمە بەخاڵێکی نێگەتیف لەقەڵەم دراوە، بەڵام من پێموایە لەبڕیاردانی ئاوهادا پێویست دەکات، ئەم خاڵانەمان لەبیرنەچێ:

یەکەم: کلتووری شیعریی ئێمە کلتورێکی (تاڕادەیەکی زۆر) سۆفیگەرانەیەو یەکەمین شاعیریشمان، کە بابە تایەری هەمەدانییە، شاعیرێکی سۆفییە.

دووەم: "وڵات هەیە سەرەتاپا، هەر بۆنموونە (چین) تازەگەری خۆی لەسەر فیکرێك دامەزراندووە کە تەواو لەگەڵ کلتووری ئەودا پێچەوانەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا، مانای دوورکەوتنەوە لە (ڕەسەنایەتی کلتور)و (تایبەتمەندییەکانی ئەو کلتورە)، مانای دوورکەوتنەوە لەتایبەتمەندیو ڕەسەنایەتی داهێنان، ناگەیەنێت"[٤].

خاڵی جەوهەری لەبەکارهێنانو بەکارنەهێنانی هەر شتێکدا ئەوەندەی لەچۆنیەتی بەکارهێنانو توانای بەکارهێنەرەکەیدایە، ئەوەندە لەخودی شتەکەدا نییە.

سێیەم: زۆرێك لەداهێنەران، بەتایبەت شاعیرە سۆفییەکان، "ئینتمایان زیاتر بۆ یەکێتی ئەنتۆلۆژی هەیە، نەك مەزهەبو کیشوەرو نەتەوە جیاجیاکان"[٥]

چوارەم: دەشێ لەناو ئەو جیهانبینییەشدا جیاوازی بخوڵقێنرێ.

پێویستە بەر لەهەرشت، بەمەبەستی بیرهێنانەوەی ئەو توانایانەی کە دەکرێ لەنێو سۆفیگەریدا بتەقێنرێنەوە، سەرنجێکی خێرا، یان ڕاستتر خوێندنەوەی خۆمان، لەسەر سۆفیگەری بخەینەڕوو، کە بێگومان نە یەکەمین خوێندنەوە دەبێتو نەدوا خوێندنەوەش.

سۆفیگەری (زیاتر مەبەستم سۆفیگەری ئیسلامییە) لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕوانینێکی ئاینییەو ناتوانێبڕ یەکجاری خۆی لەئاین دەربازبکات، بەڵام لەجۆری پیادەکردنی ئایندا، توانای گۆڕانی گرنگی هەیە، دەتوانێ ئاین بەو جۆرە لەخۆیدا بەجەستە بکات کە سۆفی دەیەوێ، نەك بەو جۆرەی کە لەسۆفییان دەوێ.

دەشێ ئەمەش لەبناغەدا هەوڵێك بوویێ بۆ وەرگرتنەوەی خواپەرستی لەخەڵکانێکی دیاریکراو، بۆ نموونە (سێبەرەکانی خوا لەسەر زەوی)و بەخشینەوەی بەمرۆڤەکان.

بەواتایەکی دی: سۆفیگەری کە نەیتوانیوە لەدەرەوەی ئاین، فرەیی دروست بکات، هەوڵی داوە لەنێو خودی ئایندا زەمینەی بۆ بڕەخسێنێ. بڕوای بەیەکتایی خوا پتەوبووە، بەڵام چاویشی لەسەر فرەیی ناوەکانیو فرەیی تەجەلاکانی بووە.

نەیتوانییوە، بۆ یەکجاری لەئاین بێتە دەرەوە، بەڵام لەناو ئاینەکەوە خەونی بەگەردوونیبوونەوە بینیووە.

ئەم گۆڕانکارییانە لەبونیادی پەیوەندی سۆفی لەگەڵ خوادا، ڕێگایان بۆ گۆڕانکاری لەبونیادی زمانو دەربڕین لای شاعیرە سۆفییەکان، خۆشکردووە. بڕواهێنانی سۆفی بەوەی کە دنیا ناتەواوەو فۆرمی کۆتایی وەرنەگرتووەو (لەگەڵ

هەناسەداندا دەگۆڕێ)[6] و (تەنانەت پێغەمبەرایەتیش تەواو نەبووەو هەر بەردەوامەو هەر بەردەوامیش دەبێ)[7] هاوکات بڕواهێنانە بەوەی کە زمانو دەربڕینیش ناتوانن لەدۆخێکدا بمێننەوە.

"چونکە کاتێک دەڵێین شاعیرێک ڕێبازی بیرکردنەوە، یاخود ڕوانینی بۆ شتەکان گۆڕیوە مەبەستمانە، ناڕاستەوخۆ، بڵێین، ڕێبازی دەربڕینی گۆڕیوە.

پرسیارمان لەوەی کە شاعیر چی بینی؟ بە پرسیارێکی دیکەوە پەیوەستە: چۆنی بینی؟"[8] شاعیری سۆفی کەلەلایەک خەونی بەتەجەلاکانی یەزدانەوە بینیووەو لەلایەکی دیکەشەوە، ویستویەتی تەرجەمەی حاڵەکانی خۆی بکاتو ئەم دووانەش هەمیشەو بەردەوام لەگۆڕاندا بوونە، ناچاربووە ئەویش بەردەوام زمانو دەربڕینەکانی خۆی بگۆڕێ.

***

ئێستا هەوڵدەدەین ئەو جیاوازییانەی هەڵمەت لەجیهانبینی سۆفیگەرانەی خۆیدا بەرجەستەی کردوون، لەسێ خاڵدا کۆبکەینەوە.

یەکەم: خۆشەویستی و گوناە

لەشیعری سۆفیگەریدا، بەتایبەت لەدوای خانمە شاعیری سۆفی گەری (رابیعەی عەدەوی)ەوە، خۆشەویستی میحوەری ناسینو دۆزینەوەی خوا بووە.

تەنانەت (ئیبن عەرەبی) سۆفیگەری بە ((ئاینی خۆشەویستی))[9] ناودەبات.

شیعری سۆفیگەری کوردیش تاڕادەیەکی زۆر، بەهەمان ئاڕاستەدا ڕۆیشتووە:

*خودایا؛ ئیرادەی موناجاتمە
نیازی دووسێ حەرفی حاجاتمە
نەمێنێ لەدڵما بە (لا)ی نافیە
بە جوز تۆ کەبۆمن بەسەو کافیە

لەدەرگاهی تۆ دانەنێم گەرسەرم
شەوان ئاهو ناڵەم لەبۆکێ بەرم؟
دیوانی مەحوی ل٤١٣-٤١٨

بەڵام هەڵمەت ڕەهەندێکی دی بەناسینو دۆزینەوەی خوا دەبەخشی:

(ئەی خوایە گیان دانی پیادەنێم کە لەئەنجامدا/تۆم لەئاوێنەی گوناحەکانی فەروغی فەروغزاددا دۆزییەوە/نەک لەسەر بەرماڵەکەی ڕابیعەی عەدەوییە) ل١٧٥

(تەمەن چەن کورتە/بەشی ئەوەناکات/گوناهێکی پێبکەیتو/خوات بیربکەوێتەوە)ل٣٣٨

(ئەوەی بەشەپۆلی گوناە دەستنوێژی نوێژی هەینی عەشق/نەشوا/ خوا لەئاوێنەی دڵی خۆیدا/ نادۆزێتەوە/ ئەی گوناە/ ئەی ڕێگا پاکیزەکە/تۆ نە بای/ دڵداران‌و دەروێشان‌و شاعیران/ چۆن خوایان بدۆزیبایەتەوە)ل٣٣٥

(ئەی سۆفییانی بەڕۆژوو/بۆچی دەمرن.. خۆ هێشتا زۆر ماچ ماوە ڕۆژووی پێ بشکێنن../ خۆهێشتا زۆر گوناح ماوە لەخەڵوەتگاکاندا دەستەمۆی کەن‌و دەستنوێژی پێ بشۆن) ل١٩١

هەڵمەت گەورەیی‌و ناسین‌و خۆشەویستی خوا لەوەدا دەبینێ کە توانای گوناە کردنی بەمرۆڤەکان بەخشیووەو بەجۆرێکی خەڵق کردوون، ئازایەتی ئەوەیان تیابێ، تەنانەت سەرکێشی لەفەرمانەکانی خۆیشی (مەبەستم خوایە) بکەن.

مرۆ کە سەرجەم نەوەی ئادەمیش ڕۆحی خوای تێکراوەو خواش خۆی هەموو شتێکەو لەبڕیارداندا ناچێتەوە سەر هیچ مەرجەعیەتێک، مرۆکانیش کە ڕۆحی ئەویان لەخۆیاندا هەڵگرتووە، هەندێ جار ئارەزوویان لەبڕیاردانی سەربەخۆ هەیە.

ئەم ئارەزووە لەناو پێغەمبەرانیشدا (کەنوێنەرو خۆشەویستی خوان لەسەر زەوی)، جاروبار دەرکەوتووەو (لەقورئانیشدا ئاماژە بەگوناهکردنو یاخی بوونی پێغەمبەران: ئادەمو موساو داود کراوە)[10].

تەنانەت ئارەزووی بڕیاردانی سەربەخۆ، یان توانای گوناهکردن، لای ئادەم گەیشتۆتە ئاستێك، بۆ ئەوەی لەخۆیدا نەیکوژێ، دەستی لەبەهەشت هەڵگرتووە.

ئیشکردن لەسەر کەشفکردنەوەی ئەم توانا چەپێنراوە (توانای گوناهکردن، یان راستتر، توانای لەقکردنی شتە وەستاوو جێگیرەکان)، ئیشکردنە لەسەر دۆزینەوەی فەزایەك، کە تیایدا تواناکانی شاعیر بواریان بۆ دەڕەخسێ جوانتر تەعبیر لەخۆیان بکەن.

دووەم: (ئافرەتو جنس)

روانینی سۆفیگەریانە بۆ ئافرەت، روانینێکی یەك ئاڕاستە بووە، کە بەردەوام رووی لەرۆحو پشتی لەجەستە کردووەو تاڕادەیەکی زۆر، جنسی لەقەڵەمڕەوی خۆی هاویشتۆتە دەرەوە.

چاوگێڕانێك بەکلتوری سۆفیگەریانەی ئێمەدا، ئەم حاڵەتە بەباشی روون دەکاتەوە.

بۆ نموونە ((جەستە لەشیعری مەحویدا لەواقیع هەڵدێتو زیاتر لەتخوبەکانی خەیاڵدا جێگیردەبێ، مەبەستمان ئەوەیە مەحوی کاتێ باس لەجەستەی مەعشوقەکەی دەکات باس لەتوخمێکی واقیعی ناکا. ئەم وێنەیە رەگەزێکی مێینەیە تەنها باس لەبەشی سەرووی کراوە))[11]

*(ئەزیەتم کەمتر دەدا، دا رۆژی حەشر
زۆری رانەگرن لەگەڵ من بۆ حیساب) دیوانی مەحوی ل٤٥

مەحوی هەموو داوایەکی لەمەعشوقەکەی ئەوەیە، زۆرتر ئازاری بدات، بۆ ئەوەی لەڕۆژی حیسابدا زیاتر لەگەڵیدا رابیگرن.

وەلێ هەڵمەت، کە (سەری بەوەهمگەلێکی جنسی ئاوسە ل٣٨١)و (ترسی گەورەی لەوەیە ئاژەلێکی درندە ئامێرە جنسیەکەی لووش بکات ل٣٨٦)و (هەموو کاتێکیش، بۆ هەڵبژاردنی ئەو کچانەی بەکەڵکی راکشان دێن، بەلەبار دەزانێ ل٧٣)، نەك هەر جنس دێنێتەوە ناو شیعرو تەماشاکردنی مرۆ وەك کەمتیار، کەنیوەی حەرامو نیوەی حەلاڵ دەکرێ، بە بێڕێزییەکی گەورە دەبینێ.. رەهەندێکی دیکەش بەجنس دەبەخشێ: (چی دەڵێن بڵێن/ ئەوەی بەرگری لەمەکی کچێك نەکات/ ناتوانێ بەرگری لەگوێژە بکات) ل٦٣.

ئەمەش کە بەجۆرێك لەجۆرەکان گرێدانی شۆڕشی نیشتمانییە بەشۆڕشی جەستەییەوە، دەشێ وەك ئاماژەیەك (بۆ ناتەواوی شۆڕشە نیشتمانییەکانمان) بخوێنرێتەوە کە نەیانتوانیووە ئاوڕ لەجەستەی مرۆڤەکانی نیشتمان بدەنەوە.

ئایا مرۆیەك توانای ئازادکردنی خۆی نەبێت لەکۆیلایەتی، دەتوانێ نیشتمانەکەی ئازاد بکات؟

ئاخۆ کەسێك نەتوانێ پارچەکانی خۆی پێکەوە گرێ بداتەوە، دەتوانێ پارچەکانی نیشتمانەکەی پێکەوە گرێ بداتەوە؟

(رصافی) لەدەربڕینێکی نزیك لەم چەمکەدا وتویەتی:

"بناغەی دواکەوتنو کۆیلایەتیمان لەدواکەوتوویی ئافرەتەکانماندایە، رازیبوونی عەرەب بەئیهانەکردنی ژنەکانیان، وایکردووە خۆشیان ئیهانەی خەڵکی دیکە قبووڵ بکەن"[12].

سێیەم: (ژیان و مردن)

شیعری سۆفیگەری ئێمە لێوانلێوە لە دەربڕینانەی کە دنیا تیایاندا شتێکی بێمانایە و پێویست دەکات تەلاق بدرێ، پڕاوپڕە لەو ئامازانەی مردن (بەمەبەستی گەیشتن بەدنیایەکی بالاتر) پیرۆزدەکەن.

ئەگەر چاوێك بەدیوانی مەحویدا بگێڕین، کەدیارترین شاعیری سۆفی ئێمەیە، دەبینین "شیعری ئەو هەمیشە لەدەرگای شەهیدبوون دەدات"[١٣] تەنانەت "ئەگەر بڵێین مەرگ دەبێتە تاقە فەرهەنگی شاعیر نابێتە زیادڕەوی"[١٤].

*(تا لەماڵی دەرنەکردووی ئەم شەوی سەد شوکەرە

(مەحوی) ئازانە بدەتۆسێ بەسێ دنیا تەلاق) ل١٨٠

*(بەپیری مەرگەوە فرسەخ بەفرسەخ رۆیون مەردان

ئەوی باکی لەمردن بێ دیارە بڵێ و نامەردە) دیوانی مەحوی ل٢٧٠

وەلێ هەڵمەت، بەپێچەوانەوە، بەهەزاران رایەڵی بینراو و نەبینراو بەژیانەوە گرێدراوە.

ئەو نەك هەر خەون بەمردنەوە نابینێ، بەڵکو خەمی گەورەی ئەوەیە:

کە (لەنێوان ماڵو گڵکۆکەیدا شەقامێك هەیە، وەکو قەڵەم رەساس هەرکورت دەبێتە) ل٢٤١

(ئەرجاریش کە تابووتێك لەڕووبارەکەوە دێتەدەرێ/ئەم رادەکات/ نەوەکو بۆ ئەم بگەڕێ)ل٢٠٤

بیرش لەوە دەکاتەوە (ماوەیەك بچێتە دەریاوەو کیسەڵێك مارەبکات/ بۆ ئەوەی نهێنی تەمەن درێژیی لێبدزێ) ل٣١٠

هەڵمەت نەك هەر مردن پیرۆزناکات، بەڵکو ئەگەر بۆی بکرێ "لەشەقامێکدا دادەنیشێو دەستی سوالّ بۆ هاتووچۆکەران درێژدەکاتو دەڵێ:

وەك زەکات، هەریەکی چارەکە سەعاتێك لەتەمەنی خۆتانم پێ ببەخشن، بۆ ئەوەی هەندێك کات کۆبکەمەوەو ئیشەکانمی تێدا تەواو بکەم"[١٥]

(شیعرو خوێنەر)

زۆرجار شاعیر تووشی کێشەیەك دەبێ کە دەشێ دووچاری موعاناتێکی رۆحیی گەورەی بکات.

کە ئەویش پێی دەڵێن کێشەی پەیوەندی نێوان شیعرو خوێنەر.

کاتێ هەست دەکرێ شاعیر هەیە دەقەکانی کەمترین شیعرییەتیان تێدایەو زۆرترین خوێنەریان لەدەورەو شاعیریش هەیە دەقەکانی زۆرترین شیعریەتیان تێدایەو کەمترین خوێنەریان لەدەورە، قورسایی ئەو کێشەو موعاناتە روون دەبێتەوە.

ئەم پارادۆکسە (مفارقە) هەندێ جار لای یەك شاعیریش دەبینرێ، بۆ نموونە لای هەڵمەت خۆی.

من لەو بڕوایەدام ئەو خوێنەرانەی قەسیدەی (سالّنامەی سەدەی بیستەم) لەدەوری خۆی کۆی کردنەوە، چواریەکی ئەو خوێنەرانە نەدەبوون کە قەسیدەی (چیمان گۆڕی) لەدەوری خۆی کۆیکردنەوە. ئەمە لەکاتێکدا کە (سالّنامەی سەدەی بیستەم)، بەهەموو ماناکانی شیعر: شیعرەو، (چیمان گۆڕی) جگە لەهەندێك شیعارات شتێکی ئەوتۆ نییە.

لەم ئاستەدا شیعرو خوێنەر وەك ئەمسەرو ئەوسەری هێڵێکیان لێدێت، کە نزیکبوونەوە لەهەر کامێکیان دوورکەوتنەوە دەبێ لەوی دیکەیان.

هەڵمەت لەم دیوانەیدا هەوڵیداوە ئەو هێڵە بکاتە بازنەیەکو بەمەش دۆخێ بخوڵقێنێ، کە رۆیشتن

بەرەو شیعر، لەهەمان کاتدا، رۆیشتن بێت بەرەو خوێنەر، بەپێچەوانەشەوە هەروا.

هەرچەندە ئەم حاڵەتانە تاڕادەیەکی زۆر ڕێژەیین و پەیوەندییەکی زۆریان بەشتگەلێکەوە هەیە کە لەدەرەوەی شیعرن و ناشکرێ شیعر بەژمارەی خوێنەر هەڵسەنگێنرێ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم کارە کاتێ بەئەنجام دەگات کە شاعیر خاوەنی تواناگەلێکی فرەئاست بێت و وزەی ئەوەی تیابێ سادەیی و قوڵی پێکەوە کۆبکاتەوە.

"شەو/ وەکو کچێکی پێست ڕەش/ هاتە ژوورەکەمەوە/ مانگ و ئەستێرەم/ کرد بەشایەت و/ بەسیخە لەخۆمم مارەکرد/ پاش نۆ کاتژمێرو/ نۆ خولەک و/ نۆ چرکە/ کچێکی بوو/ ناوم لێنا/ هەتاو"ل١٦١

* * *

(ئەفسانە)

(چەمکە ئەفسانەییەکان، کە لەپارچەیەک دەلالاتی بێسنوور پێکدێن و هیچ چەقبەستوویی (ثبات)یکیان تێدا نییە)[١٦]،

لەو سەرچاوانەن کە وزەیەکی شیعریی زۆر بەدەق دەبەخشن و توانای کرانەوە بەڕووی دنیاو بڕستی فرە ڕەهەندی بۆ دەق فەراهەم دەکەن.

ئاستەکانی گەڕانەوەی شاعیرانی ئێمە بۆ ئەفسانەو چەمکە ئەفسانەییەکان و بەرجەستەکردنەوەیان لەنێو دەقدا، جیاجیان.

لەزۆر ئاستدا گەڕانەوەی شاعیرانی ئێمە بۆ ئەو سەرچاوانە، گەڕانەوەیەکی تیژتێپەڕو ڕووکەشبینەو توانای قوڵبوونەوەی نێو ئەو جیهانە سەیرەی نییە.

ئەفسانە ((کە لەکاتێکدا گەشە دەکات، عەقڵ بەر پرسیارە گەردوونیە قورسەکان دەکەوێ و هەوڵدەدا بەڕێگەیەکی ناعەقڵانی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە وەڵامەکانیشی تێکەڵەیەک دەبن لەشیعرو میژوو و حەپەسان))[١٧] لای شاعیرانی ئێمە زۆرجار فەرامۆش دەکرێ.

زۆرجاریش لەبەکارهێنانێکی تەقلیدیانەی ناوی پاڵەوانێك، یان ناوی ئەفسانەیەك، یاخود لەدوورتردا، لەبەکارهێنانەوەی خودی ئەفسانەیەك (دیسان بەشێوەیەکی تەقلیدی) تێپەڕناکات و بەدەگمەن بۆ دروستکردنی ئەفسانەو فەزای ئەفسانەیی دەپەڕێتەوە.

بەڵام هەڵمەت، تا ڕادەیەکی باش، توانیویەتی فەزایەکی ئەفسانەیی و پاڵەوانگەلێکی سەیرو غەریب و نامۆ دروست بکات

"قابیل جادوو بازە، کچێکی قەرەج لەئاوێنەیەکی بچووکدا دەشارێتەوە، شەوان بەهەڵکڕوزاندنی مووی سمێڵی خۆی، لەئاوێنەکەی دەردەهێنێ و لەگەڵیدا دەنوێ.

هابیل گومانی لێدەکات و شەوێك سمێڵی دەتاشێ و کوڵك و مووەکانی دەخاتە ڕووبارێکەوە ئیتر قابیل ئاوێنەکەی بۆ ناکرێتەوە و کچە قەرەجەکەی تێدا دەمرێ.

قابیل لەسەر ئەوە هابیل دەخاتە ڕووبارێکەوە لەناوی دەبات.

بەڵام هەندێ کەس دەڵێن کچە قەرەجەکە نامرێ، حەوت مانگ گۆشتی ئەو منداڵە دەخوات لەقابیل بوویەتی، پاشان ڕۆژێك لەبرساندا دەست دەکات بەگیرفانیداو تیایدا تاڵێك مووی سمێڵی قابیل دەدۆزێتەوە/هەڵیدەکڕوزێنێ و لەئاوێنەکە دەرباز دەبێ/ دوای حەوت مانگ سەرگەردانی فەرهاد عاشقی دەبێ و بێستوونی بۆ دەکاتە جوانترین کۆشك، بەڵام ئەو رازی نابێ و دەچێ بۆ حەج و دوایی دەگەڕێتەوەو لەمەیخانەی سۆفیەکاندا دەبێتە مەیگێڕ.

دەڵێن دوای حەوت ساڵ دەربەدەری شوو بەمەلەك تاوس دەكات.

جیتە دەڵێ (سەبارەت بەهەموو ئەو نەغمەو ئاوازانەی كە لە قەسیدەكانمەوە بەرز دەبنەوە، قەرزاری یەك ئافرەتم، یەك ئافرەتو بەس)، دەبێ ئەو تاقە ئافرەتە كچە قەرەجەكە نەبێ؟ من واتێدەگەم كچە قەرەجەكە دەزگیرانی هەموو شاعیرانە/ مایكۆفسكی لەعیشقی ئەو خۆی دەخاتە دەریای سووری ناوەڕاستەوە/ ئۆتێلۆ بەفیتی ئەو دیزدەموونە بەژەهری ماچ دەرمان خوارد دەكا/ نازم حكمەت لەلایەن ئەوەوە فریو دەدرێو منەوەر دەسووتێنێ/ ئیلزا ناوی كچە قەرەجەكە لەخۆی دەنێ بۆیە ئاراگۆن عاشقی دەبێ/ تەنانەت بەقسەی هەندێ پیرێژن مەلای گەورەی كۆیە وتویەتی حاجی قادریش بەتەمای ئەو كچە بووە بۆیە ژنی نەهێنانەوەو بەدوای ئەویشدا چووە بۆ ئەستەمبوڵو وەكو بیستوومە منیش عاشقی ئەو كچە قەرەجەم"
ل١١٠-١٢٣

* * *

(سڕینەوەی سنوورەكان)

خۆسیە ساراماگۆ دەڵێ:

"پێموایە مرۆ دەتوانێ لە (٢٥) ساڵیدا شاعیرێكی باش بێت، بەڵام ناتوانێ رۆماننوسێكی باش بێت"[١٨]

بێگومان (ساراماگۆ) دەیەوێ بڵێ، دەشێ بەئەزموون و رۆشنبیریەكی كەم، یان مامناوەندییەوە، شیعری باش بنووسرێت، بەڵام ناشێ بەو حاڵەوە رۆمانی باش بنووسرێت.

ئەم گوتەیە (لەگەڵ ئەوەشدا كە ڕێژەیەكی زۆر لەراستی تێدایە)، بەڵام لەبەردەمی ئەم دیوانەی هەڵمەتدا، دووچاری پاشەكشە دەبێت.

ئەم دەقانە دەقگەلێكی تێڕن و بەئاشكرا هەست دەكرێ كە چڕكراوەی ئەزموونێكی دەوڵەمەندی نووسین و خوێندنەوەیەكی تاقەت پڕوكێنن.

دەتوانم بڵێم تێكەڵەیەكن لەزۆربەی هەرە زۆری قوتابخانەو ڕێبازو تەوژم و ژانرە ئەدەبیە جیاجیاو تەنانەت دژەكانیش، ئاسمانێكن: رۆمانتیزم و ریالیزم و داداییزم سوریالیزم و سیمبولیزم و تراژیدیاو كۆمیدیاو چیرۆكە شیعرو پۆستەرو میناتۆرە شیعرو پەندو ئەفسانەو حیكایەتو زۆرشتی دیكەشیان تیا دەدرەوشێتەوە. بەم جۆرە توانیویانە دەقگەلێكی تێڕو ئاوێتەو جیاوازبن و فۆرمە پێش وەخت ئامادەكان تووڕ هەڵدەن، چونكە بەڕاستی ((هەموو فۆرمێكی پێشوەخت ئامادەكراو خیانەتە لەشیعرو مەبدەئی نووسینی شیعریی))[١٩]

كە بێگومان خوڵقاندنی دەقگەلێكی ئاوهاش هەم ئەزموونێكی دەوڵەمەندی نووسین و هەم خوێندنەوەو رۆشنبیرییەكی فرە ئاستی دەوێ.

(دۆناودۆن لەگەڵ كتێبدا)

ئەگەر لەكاتی مانەوەت لەنێو دەقە شیعرییەكانی شێركۆ بێكەسدا هەست بكەی دەبیتە بەشێك لەگوندی سووتاوو گۆڕی بەكۆمەڵو جلوبەرگی خوێناوی شەهیدو بنچكی قژ خۆڵاوی و دەبیتە بەشێك لەكەوتن و هەستانەوەكانی نێو مێژووی گەلی كورد،

یان ئەگەر لەكاتی مانەوەت لەنێو دەقە شیعرییەكانی قوبادی جەلی زادەدا، هەست بكەی دەكەویتە نێو دنیایەكی شەڵاڵ لەكچی نازەنین و لەژنی خوێن شیرین و لەبێوەژنی غەمگین و لەعەشق و شەهوەت و جوانی و سێو دزین،

یاخود ئەگەر لەكاتی مانەوەت لەنێو دەقە شیعرییەكانی محەمەد عومەر عوسماندا، هەست بكەیت رێت كەوتۆتە مەملەكەتی پایزو ژەنەڕاڵی پایز

دەستی گرتووی و مەرگی گەلاو دارو درەختە بێگەسەکانت پێشان دەدات..

ئەوا لەکاتی مانەوەت لەنێو ئەم دەقانەی هەڵمەتدا، هەست دەکەیت لەنێو کتێبخانەیەکی قەشەنگ و پڕ بەهاو هەمە چەشندایت.

هەستدەکەی زۆرێك لەکتێبەکانی دنیا لەدەورت کۆبوونەتەوەو ئەو بەشانەی بریتن و خەونی خاوەنەکانیانت پێشان دەدەن، کە پێشتر نەتتوانیووە بیانبینی.

ئەو حیکایەتانەت بۆ تەواودەکەن کە رۆژگار نەیهێشتووە تەواویکرێن.

بەواتایەکی دی، ئەگەر شێرکۆ لەگەڵ نیشتمان و قوباد لەگەڵ ژن و محەمەد عومەر لەگەڵ پایزدا دۆناودۆنیان کردبێ، هەڵمەت، لەم دیوانەیدا، لەگەڵ کتێبا دۆناودۆنی کردووە.

لەبەرئەوە، وادەزانێ:

"پانتێل-ی پاڵەوانی رۆمانی دایك-ی مەکسیم گۆرکی، برادەری بووەو لەسەر پێڵاوی کاڵی کچێکی مردوو بووە بەشەڕیان" ل١٥٠

واهەست دەکات:

"گۆرانییەکی تەکەیبی بۆ کچێك نووسیووە کە لەوانەیە لەیەکێك لەرۆمانەکانی خوان رولفواو جنگیز ئیتماتۆفدا یەکتریان ناسیبێ"ل١٤٦

وادەزانێ:

"لەبەرئەوەی رۆمانی تاعوون-ی کامۆ پڕە لەپشیلە ئیدی دەبێ لەکتێبخانەکەیدا، مەرگەمووشی پشیلە کۆڕ دابنێیت" ل١٧٠

بێگومان رۆمانەکە خۆی پڕە لەمشك، بەڵام هەڵمەت کردوونی بەپشیلە.

هەست دەکات:

"کاتەکانی لەوانەیەکی هونەردا مۆمیاکردووەو لەدووتوێی کتێبێکدا ونی کردووە" ل١٨٦

(ئەنجام)

دوای هەوڵدانمان بۆ خوێندنەوەی ئاستە جیاجیاکانی جیاوازی لەبەرگی دووی دیوانی لەتیف هەڵمەتدا، ئێستا دەتوانین ئەنجامی هەوڵەکەمان لەم خاڵانەدا چڕبکەینەوە:

یەکەم: جیهانبینی هەڵمەت لەگەڵ ئەوەشدا کە جیهانبینیەکە سۆفیگەری تاپادەیەکی زۆر بەسەریدا زاڵە، بەڵام لەسێ ئاستدا توانیویەتی جیاوازی لەخۆیدا بەرجەستە بکات:

أ-ئەگەر پێشتر لەشیعری سۆفیگەریدا خۆشەویستی ئەو هێزە بووبێ کە توانای ناسین و دۆزینەوەی خوای لەمرۆڤدا تەقاندبێتەوە، لای هەڵمەت ئەو توانایەی خوا بۆ گوناهکردن بەمرۆڤی بەخشیووە، بووە بەسەرچاوەی ناسین و دۆزینەوەی خوا.

ب-ئەگەر پێشتر لەشیعری سۆفیگەریدا جەستە شەهیدکرابێ، لای هەڵمەت نەك ئەو پرۆسەیە دووبارە نەبۆتەوە، بەڵکو رزگارکردنی جەستە لەپارچە پارچەییو کۆیلایەتی، بەڕزگارکردنی نیشتمانەوە پەیوەست کراوە.

ج-ئەگەر پێشتر شاعیری سۆفی مردنی بەسەرەتایەك زانیبێ بۆ گەشتەکەی و بەردەوام بەدوایدا گەڕابێ، هەڵمەت مردنی بەکۆتایی گەشتەکەی زانیووەو هەمیشە لەدەستی هەڵهاتووە.

دووەم: زۆرجار شیعرو خوێنەرەوەك ئەمسەرو ئەوسەری هێڵێکیان لێدێت کە نزیکبوونەوە لەهەر کامێکیان دوورکەوتنەوە دەبێت لەوی دیکەیان.

بەڵام هەڵمەت لەم دەقانەدا هەوڵیداوە ئەو هێڵە بکاتە بازنەیەك، بۆ ئەوەی دۆخێك بخولقێنێ رۆیشتن بەرەو شیعر، رۆیشتنیش بێت بەرەو خوێنەرو بەپێچەوانەشەوە هەروا.

سـێیەم: زۆرینـەی شـاعیرانی کـورد لـەکاتی گەڕانەوەیاندا بۆ ئەفسـانە، هـەوڵیانداوە تـەوزیفی بکەن، بەڵام هەڵمەت هەوڵیداوە دروستی بکات.

چـوارەم: ئـەم دەقانـە تێکەڵەیـەکن لەزۆرینـەی قوتابخانـەو ڕێبـازو تـەوژمو ژانـرە ئەدەبییـەکانو لەئـەنجامدا دەقگـەلێکی تـێرو جیاوازیـان لێ خوڵقێنراوە.

پێنجـەم: ئەگـەر (بۆنموونـە) دەرکردنـی نیشـتمان لەشـیعری شـێرکۆدا گـەورەترین چۆڵـەوانیمان بیربخاتەوە، ئەوا دەرکردنی کتێب لەم دەقانـەدا ئـەو چۆڵەوانیەمان بیردەخاتەوە.

ئێسـتا دەتـوانم بڵێـم: هەڵمـەت لـەم دیوانـەیدا تاڕادەیەکی باش تەجاوزی ئەزموونی شیعریی خـۆی کـردووەو توانیویـەتی دەقگـەلێکی پـڕ لـەجوانیو جیاوازی بخوڵقێنێ.

بێگومـان ئـەزموونی هەڵمـەت (کـە هـەر لەسـاڵی حـەفتاوە، وەك شـاعیرێکی نوێخـوازو داهێنـەر دەرکـەوتووە)، ئەزموونێکـە بـەهاو ڕۆڵو ئاسـتەکانی ئاشکرانو دەتوانـین بڵێـین: لەئەزموونـە دەوڵەمـەندو زیندووەکـانی شـیعری کوردییـەو تەجاوزکردنیشـی بەڵگەیـەکی باشـی زیندووێتـی ئـەدەبی کوردییـەو بـەدەنگێکی زۆڵاڵ پێمـان دەڵـێ: ئـەم ئەدەبـەش دەتوانـێ، ئـەو کتێبـەی (بۆرخیس) باسـی دەکـات، بەشێوازی جیاواز بنووسێتەوە!

تێبینـی: ئـەم لێکۆڵینەوەیـە لەشەشـەمین فێسـتیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتی دووەمی پێ بەخشراوە.

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

[1]–عبدالعزيز بومسهولي. الشـعر والتـأويل: قـراءة في شـعر ادونيس. (افريقيا الشرق، ١٩٩٨)، ص١٣٠.

[2]–هەمان سەرچاوە، ص١٣٠–١٣١

[3]–أدونيس. الثـابت والمتحـول: بحث في الأتبـاع والأبـداع عند العرب، صدمة الحداثة. (بيروت: دار العودة، ١٩٧٩)، ص٢٤٧

[4]–هەمان سەرچاوە، ص٢٧٠

[5]–شاهۆ سەعید. پرسیاری شاعیر پرسیاری سۆفی.. گۆڤـاری (گەلاوێژی نوێ) ژمارە: ١٧و١٨ساڵی ٢٠٠٠، ل٢٤.

[6]–أدونيـس. الصوفيـة والسـوريالية. (بـيروت: دار السـاقي ١٩٩٢)ص٦٩.

[7]–هەمان سەرچاوە. ص٦٨

[8]–أدونيس. صدمة الحداثة، ص ١٩٥ (ئەم دەسـتەواژەیەم بـە ئەنقەست پاشو پێش کردووە)

[9]–أدونيس. الصوفية والسوريالية، ص١٦٦

[10]–أدونيس. الثـابت والمتحـول: بحث في الاتبـاع والابـداع عند العرب، الاصول، الطبعة الثالثة. (بيروت: دار العودة، ١٩٨٠)ص ٢٠٢.

[11]–ئەحمەدی مەلا، مەحویی: لەنێوان زاهیرییەتو باتینیـەتو سەرچاوەکانی عشـقو وێنـەی مەعشـوقدا. (هـەولێر، دەزگـای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠٠١) ل١٩، ٢٠

[12]–أدونيس. صدمة الحداثة. ص٦٢

[13]–ئەحمەدی مەلا. مەحوی. ل٢٤

[14]–هەمان سەرچاوە. ل٣٦

[15]–مذكرات كازانزاكي (١). الطريق الى غريكو، ترجمة: ممدوح عدوان. الطبعة الاولى (بيروت: دار ابن رشد، ١٩٨٠)ص٩٠

[16]–رولان بارت. الاسطورة اليوم. ترجمة: حسن الغرفي. الطبعة الاولى (بغداد: دارالشئون الثقافية العامة، ١٩٩٠) ص٣٢–٣٤

[17]–گفتوگـۆ لەگـەڵ ئـەدۆنیس: منداڵـی، شـیعر، تاراوگـە. وەرگێڕانی: نـەوزاد ئەحمـەد ئەسوەد، (سـلێمانی: دەزگـای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠١)ل١٤٦

[18]–علي ناصر كنانة. نوبل والادب والاعتبارات "مجلـة المدى" العدد ٢٣–(١) سنة ١٩٩٩، ص٥٦

[19]–د. خالدة سعيد. حركيـة الابداع: دراسـات في الادب العربـي الحديث، (بيروت: دار العودة ١٩٧٩) ص٩٦.

تێبینی:

*شـیعرەکانی مـەحوی سـەرجەم لـەدیوانی مەحوییـەوە وەرگیراون: لێکدانـەوەو لێکۆڵینـەوەی مـەلا عەبدولکـەریمی مودەڕیسو محەمـەدی مـەلا کـەریم، چـاپی دووەم (بـەغدا ١٩٨٤)

*هـەموو کۆپلـە شـیعرەکانی هەڵمـەتیش کـە ژمـارەی لاپەڕەکانیان لەتەنیشتیانەوە نووسراوە لەبەرگی دووی دیوانی (لـەتیف هەڵمـەت)ەوە وەرگـیراون کـە دیوانێکـی (٤٠٢) لاپەڕەییەو لەسـاڵی ٢٠٠٠دا بـەتیراژی (٢٥٠) دانـە لەسـلێمانی بڵاوکراوەتەوە.

پێشەکییەکی پێویست

جارێکیان لەسەرۆك وەزیرانی پێشتری چین (شوان لای)یان پرسی: چۆن "شۆڕشی گەورەی فەرەنسی" هەڵدەسەنگێنی؟

لەوەڵامدا وتی: بەباوەڕی من هێشتا کاتی نەهاتووە، ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە هەرچەندە تەمی ڕەوانبێژی، ڕەنگە سیاسی بەسەرەوەبێ، لەم وەڵامەدا، بێگومان لایەنێکی گرنگ لەڕاستی تێدایە، لەبەرهیچ هۆیەك نا، ئەوە نەبێ کە کێشەو گۆڕانکارییەکان لەمێژووداً، مایەی خوێندنەوەیەکی بەردەوامن، جا ئەوانەبن کە لەسەر چەند زەمەنێکی نوێ والآن، یا ئەوانەی ملکەچی پێگەو گۆشەی هەمەجۆرن، زۆرجاریش ئەم خوێندنەوانە لەسنوری چەند پرسیارێك بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن دەوەستن[1].

لەم ڕوانگەیەوە هەڵسەنگاندنی ماوەیەکی گرنگ لەمێژووداً، بەتایبەتی سەرەتای سەردەمی دەسەڵاتی عەببباسی، کە ماوەیەکی تابڵێی دوورو درێژە مێژوونووسان، سەردەمی هارون ئەلڕەشیدیان، بە چەرخی زێڕین لەقەڵەم داوەو، بەشانوو شکۆی خەلیفەکانیان هەڵداوە، ئەرکێکی ئەوەندە سانا نییە کە نووسەرێك بێت بەجۆرێکی تر هەڵیسەنگێنێ، کە ئەم کارە خۆی لەخۆیدا بوێریو عەقڵێکی مەعریفیو کراوەی گەرەکە.

خوێندنەوەو نووسینەوەیێکی نوێی دەقێکی کۆن

وەك تێبینی دەکەین ئەمڕۆ لەبواری ڕۆشنبیریدا، جۆرە قەیرانێك لەئاراداًیە، کە دەتوانین ناوی بنێین قەیرانی خوێندنەوە، کە قەیرانی خوێندنەوەش کاریگەری خۆی لەسەر خودی تاك هەبێ، هەڵبەت

شانۆنامەی هارون ئەلڕەشید

خوێندنەوەیەکی نوێی ڕەهەندی دەسەڵاتی ڕەهای ئیوکراتی

کەمال غەمبار

قەیرانی رۆشنبیری بەدواوەدێ کە لەنووسینەوەی دەقدا خۆی دەنوێنێ، بۆ شکاندنی ئەم سنوورە، نووسەری کورد پێویستی بەخوێندنەوەیەکی نوێ هەیە، کە رەهەندی ناوەوەی شتەکان بخوێنێتەوە وەك نووسەری شانۆنامەی (هارون ئەلڕەشید) موکری دەڵێ: (دەکرێ بەعەقڵێکی دییەوە ئەو مێژووە بخوێنرێتەوەو بەچاوێکی دیی بێ رتوش کردن سەرنجی بدرێ)٢، لێرەدا نووسەر لەگەڵ (ئەدۆنیس)دا لەم خاڵەدا یەکدەگرنەوە کە پێیوایە (قەیرانی ئەمڕۆی رۆشنبیریی عەرەبی لەهەموو لایەنەکانیدا بریتییە لەقەیرانی خوێندنەوە پتر لەوەی بریتی بێ لەقەیرانی نووسین، ئەم قەیرانەش تەنیا پابەند نییە بەخوێندنەوەی دەقی نوێ، بەڵکو پابەندە بەخوێندنەوەی دەقی کۆنیش، خوێندنەوەی باوی ئەمڕۆش، بەتایبەتی خوێندنەوەی دەقی کۆن وێرانەیەکە بۆخۆی، وێرانەیەکی مەعریفییە، ئەم وێرانەیە یەکەمین شتێکە دژایەتی جوانیی هەموو شتێکی کۆنو مەزنی هەموو شتێکی کۆن دەکا، تیشکەومەکینو پەنهانەکانی ناو دەقە کۆنەکان دەشێوێنێو کەبتی دەکا.)٣ کەواتە نووسەر کۆن بەشێوە رووکەشەکەی، ئەوەی مێژوونووسەکانی دەربارەی سوڵتان رەنگو رووخساریان داڕشتووە ناخوێنێتەوە، بەڵکو لەڕێگەی چەندین سەرچاوەو ژێدەرو خەزێنی رۆشنبیریو خەیاڵی خۆی شانۆنامەکەی نووسیوەو، لەواقیعی بەرچاو رادەکاو پەنادەباتە بەر واقیعی مێژوویی، (شانۆی باش لەسەرقسەی هارۆڵد کلیرمان دەرفەتی راکردن دەڕەخسێنێ، بەڵام راکردنێکە بەرەو واقیع)٤، ئەو واقیعە مێژووییەی کە بەدەگمەن رەهەندی ناوەوەی خوێنراوەتەوەو جارێکی تر جەوهەری حەقیقەتەکەی نووسراوەتەوە، هەڵبەت قاڵبی درامیش تەعبیرکردن لەڕێژەیەکی بێشوماری مەزنترین بیرۆڕای هەڵقوڵاوی عەقڵی مرۆڤ بەخۆ دەگرێ، ئەوەی لەوڕێگەیەوە کە نووسەر دەتوانێ دەریبڕێ، رەنگە نەتوانێ لەقاڵبێکی



تـردا دابـڕێژێ (ئەگـەر بـیرو باوەڕەکـانی نووسـەر لەشانۆنامەکەدا وەربگرین، هەروەها ئـەو فەلسـەفەی لـەناویدا دەگـەڕێ، دەبینـین بەشـێوەیەکی ڕوون کەوتۆتـە ژێـر کـارتێکردنی چـەندین فەلسـەفەو بیروباوەڕ، هۆیەکەی ئـەوەش زۆر ئاشـکرایە، چونکـە ناکرێ نووسـەر لەهـەموو پەیوەندییـەکانی بـەکلتوری هونـەری‌و زانیـاری پێشـوو، شـارەزایی شەخسـی کـە لـەماوەی ژیـانیدا دەسـتیکەوتوون دابـڕێ)[5]. بـەم پێیە (موکـری) کەرەسـتەی شـانۆنامەکەی بـۆ چـەند سـەرچاوەیەك دەگەڕێتـەوە، لەدیکۆمینتـە باوەڕپێکراوەکان کە لەپێشەوە ئامـاژەی بۆکـردوون، لەژیانی راستەوخۆی گەل‌و خودی نووسەر، لەخەیاڵو خوڵقاندنی کەسانی ئیزافەکراوو رووداوی خوڵقێنراوی هەڵێنجاون.

وەکـو مێژوونووسێك لـەرووداوو کەسـانی بزوێنـی رووداوەکـان نـەدواوە، بـەڵکو مێـژووی وەکـو چوارچێوەیەکی دیاریکراو وەرنەگرتووە، سـنورەکەی بـەزاندووە. هـەروەك هیلـین هـیز نووسـیوییەتی کـە دەڵێ: (من هەر چەند جارێ ئەو ژمارە زۆرەی گەورە پیاوانی هزرم لەجیهاندا دێتەوەبیر وەك سۆفۆکلیس‌و ئەرستۆفان‌و شکسپیرو گۆتەو مۆلێرو ئەپسن‌و شۆم دێتەوەیاد، ئەوانەی وێنـەی دراماییـان بـۆ نیشاندانی بیروباوەڕەکانیان هەڵبژاردو، هەرچەند جارێ هاتـەوە یـادم کەشـانۆ سـنووری هـەموو نەتـەوەو ئـایین‌و ڕەگـەزەکانی بڕیـوەو، هەرچـەندجارێ ئـەو خۆشـی‌و دەوڵەمـەندی‌و وروژانـەم هاتـەوەبیر کـە شـانۆ بـۆ ملیۆنـان کـەس بـەدرێژایی چەرخـەکان هێنـاونی‌ـە شانازیم لەسەرشانازی بە پیشەکەم پتر بووە).[6]

بۆچی هارون ئەلڕەشید؟

نووسـەر بـێ ئامانج شانۆنامەکەی ناونـەناوە هـارون ئەلڕەشید، زیرەکانـە کارەکـەی ئـەنجامداوە، ئەگـەر بپرسین بۆچی ئەوکەسـە، لـەناو هـەموو کەسـایەتییە مێژووییـەکاندا، بۆکەسـێکی ئیجـابی کـورد نـا، یاکەسـایەتییکی گـەورەی، مێژوویـی ئینسـانی هەڵنەبژاردووە، هەرچەندە خۆی وەڵامی پرسیارەکان دەداتـەوە، بـەڵام ئـەم دەستنیشـانە چ لـەرووی هزرییـەوە، چ لـەرووی هونەرییـەوە پێویسـت بـە هەڵوەستەیەکی قوواڵ و درێژ و ورد دەکات.

(کەسانی شانۆنامەی مێژوویی، دەکرێ لـەبواری ژیـاندا مـەودایان فراوانـتر بـێ، بـێ ئـەوەی بـۆ هەستکردنەکانمان بەواقیع خراپ بێ، چونکە دەتوانن بەشێوەیەکی دەوڵەمـەندتر تـەعبیر لـەخودی خۆیان بکـەن، لـەوەی کەسـانی وێنەکێشـراوی فۆتۆگرافـی بتوانن تـەعبیر بکـەن بـەو وردییـەی کـە دەکـرێ لـەو ژیانەی دەورەی ئێمەیداوە)[7]. ئەمەلەلایـەك لەلایـەکی تـرەوە درامای مێژوویی دڵکێشییەکی بە تەوژمی هەیە بـەو ئیعتبـارەی ئـەو هزرانـە چارەسـەردەکات کەلـە چەرخـەکانی پێشـوودا هـەڵبژاردەن، هـەروەها خـۆ دەربازکردنە لە کـۆت و پێوەندەکـانی واقیـع، ڕەنگـە ئەو بوێری و ڕاشکاوییەی لـە شانۆنامەی مێژووییـدا خۆ دەنوێنن، نەکرێ لـە شانۆیێکی نوێدا بـەو جـۆرە بیروڕایەکان تـەعبیریان لێبکـرێ. لـەم شانۆنامەیەدا، هەرچـەندە بـەناوی هـارون ئەلڕەشـیدە، بـەڵام کەلـەدواییدا بـەدرێژی لەسـەری دەوەسـتین، لەشانۆنامەی لەوبابەتـەو ئـەو جـۆرەدا ململانێیەکـە شتێکی تەوەرییە (کەسایەتی دەبێتە هـەموو شـتێك، چونکـە ململانێیەکـە هەرهـەموو لـە پێنـاو مەڵبـەندی زیندەگی کەسـایەتییەکە لەئارادایـە، تـەنیا لـە پێنـاو خـودی خـۆی، نـەك لـە پێنـاو شـتێکی دەرەوەی مەڵبەندەکە، چونکە ئەو هێزەی تـەنیا لـە مەڵبـەندی زیندەگییەوە دەرچووە هـەر خـۆی بڕیاری پرۆسـەی دیالێکتی دەدات، واتە سروشـتی دراما)[8]،کەنووسـەر پەنای بردۆتە بەر مێژوو زۆر چاك دەزانێ کـە ئـەوەی لە واقیعدا گەرەکییەتی کە دەیەوی تەعبیری لێبکـات لەوئاسـتەدانییە و بەوکەرەسـتەیە نییـە کـە وەك دەتوانـێ ڕووبـەڕووی بیرۆکـەی مێژوویـی ببێتـەوە. هەربۆیـەش لـە هۆکارەکـانی واقیعییـەوە کـە ڕوون و

ئاشکران لە بیناکردنی شانۆیەکەدا بۆ هۆیەکانی خەیاڵی دەگوێزێتەوە، هەرچەند بیناکردنی شانۆنامەکەی لەرووی نمایشکردنەوە شێوازی کۆن بەخۆدەگرێ، کەشانۆیەکە بەسەرچەند بەش ودیمەندا دابەش دەبێ. کەسەکانی ناو شانۆنامەکە (تەنیا کەسانی داهێنراو نین کەلە بیروباوەڕی خۆیان بدوێن، بەڵکو کەسایەتیی خۆیان هەیە لەو ئازایەتی و دڕندایەتییەی هەیانە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان، هەروەها ساویلکەییکی زۆریان پێوەدیارە). (موکری) هەروەکو نووسەری ئینگلیزی (بوتوملی) دەڵێ: (چارەسەری بابەتەکەی لەسەر دووئاستدا دەکات ١- ئاستی مامەڵەکردنی رۆژانە و زمانی باو ٢- والەمرۆڤایەتی دەکات بێتە گۆ، کەبێ دەنگە، شانۆنامەکە دەکاتە شوێنی قسەکردن بەچاکترین شێوە(بەچاوپۆشی لەرەوشەکانی دەرەوە، کەوا نیعمەتی رۆح دەبیسترێ، هەروەها نیعمەتی بزاف وقسەکردن)[٩].

نووسەر لەو ئازادییەی بۆی رەخساوە، تەعبیر لەکەسایەتیی ئەدەبی و عەقڵی کراوەی خۆی دەکات، بەحوکمی ئەوەی بەوردی چۆتە ناو ناخی مێژوو کە بەدرێژایی ئەو مێژووە ستەمکارودیکتاتۆر حوکمیان کردووە بە هەموو جیاوازیی شێوازو سروشتی دەسەڵاتەکانیانەوە ، هۆی سەرەکی دواکەوتنی فیکری و رۆشنبیریی نووسەرو مێژوونووسان و گەندەڵی رەوشتکاریان خۆلەدەستدانە و(ئەگەر هاوولاتی تەکییەتیی خۆی واتە هۆشیاریی خودی خۆی یاکەسایەتییەکەی لەدەستدا، لەگەڵ غەیری خۆی لەبارستەیەکدا تێکەڵبوو کەلێکجیانین ، وەک حاڵەتی مێگەلی مەڕلە هەمان ساتدا ئادەمییەتەکەی لەدەستدەچێ و، ئەفراندن و خولقاندنی لەناودا دەکوژرێ، ئەگەر(داهێنەریش)هەبێ، دەبێتە لادەرو، (خولقێنەر) کەسێکی ناوازەو دەرەوەی کۆمەڵەکە)[١٠]. لەم روانگەیەوە کە (موکری) تەوزیفی مێژوو بۆکاری ئەدەبی دەکات، بوێرانەو عاقڵمەندانە دەگەڕێتەوە سەر مێژوو(گەڕانەوەش بۆ مێژوو ناکرێ ئەگەر بەپێی سەرنجێکی رەخنەگەری نەبێ، واتە بەشانۆنامەکردنی رووداوەکانی و سەیرکردنیانو، بەپێی یاسادرامییە باوەکان، سلبییاتەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە دەردەخات، ئێستاشمان فۆرمەلەی ئەو رابردووەیە کە ناتوانین لێیدابڕێین، لەکاتێکا رابردووی دوور و نزیك چەند ماوەیەکی داپچڕان لە بونیاتەکەی بینیوەو دەبینێ، واتە بەهەمان فۆرمەلە هەردەم بەردەوام نابێ)[١١].

هارون ئەلڕەشید و درێژبوونەوە مێژوویەکەی:

نووسەر دەسەڵاتی ستەمکاری لە هارون ئەلڕەشیددا بەرجەستە دەکات و دووکەسایەتی بۆ دەخولقێنێ و، هەرلەسەرەتاوە بەلەقتەیەك یا دیمەنێکی کورتی سینەمایی، حەقیقەتی رەگی خوێنڕێژی لەپێناو دەسەڵاتدا نمایش دەکات، هارونی یەك نەمردووە، درێژبوونەوەی مێژوویی هەیە، هارونی دوو، هەروەك ئەوە، (کەس وەکو من و تۆ نەبووە.... باوەڕناکەم بشبێت، من وتۆ هەردووکمان لەسکی دایکێکدا جمك بووین، هەرلە نێو منداڵدانی ئەو دایکەدا تۆ منت خوارد)[١٢].

هارونی یەکەم پانتایی هەموو شانۆنامەکە بەخۆوە دەگرێ، هارونەکان زاووزێ دەکەن، تاکۆتایی شانۆنامەکە دیمەنەکان دیوی دەرەوەیان گەش و بۆیەکراون، دیوی ناوەیان لەگەڵ دەرەوەیدا یەك ناگرنەوە.

هارون دەبێتە رەمزی ستەمکاری، ناوەکان دەگۆڕێن، شێوازی دەسەڵات هەرهەمان خاسییەت و سروشتی نەگۆری بەخۆدەگرێ و کۆتاییەکەی شانۆنامەکە، کۆتاییەکی والایە و بەدرێژایی مێژوو دەچنە ناوی و لێیدەردەچن(هەرهەموویان هارونن. هارون نەمردووە.

نامرێ ... تائینسانێ بمێنێ.... هارون زیندووە هارون نامرێ)[١٣].

هارون ئەلڕەشید میژووێیکی دەستکرد:

(موکری) لەبەرکی دووەمی شانۆنامەکەیدا لە وەلامی ئەو پرسیارەی خوێنەران، دەیانجار پرسیار لەخۆکردنی(بۆهارون ئەلڕەشید) دا؟ دەڵێ: {تەنها سووکە وەلامەکەم بۆ ئەو هەڵبژاردنە ئەوەیە مێژوەێیکی تاڕادەیەك _ ئێمەی غەیرە عەرەبی بەمواطنی دەرەجە دوو، کۆیلە، غولام، لەقەڵەم داوە، کەچی هەرخودی ئەو مێژووە، گەورە پیاوانی خۆی بەخوێنڕێژ، بەدڕەوشت، بێ سەروبەر خستۆتە روو).

ئەم دەستنیشانکردنە وردەی نووسەر رامان دەکێشێ، کەبگەڕێینەوە سەرچەند سەرچاوەیەك کە مرۆڤی بیرمەند و بوێری عەرەب و غەیری عەرەبیش مێژووی خەلافەتیان بەشێوەیەکی عەقڵانی خوێندۆتەوە، چ لەسەردەمی خۆی، چ دوابەدوای سەردەمی خەلافەت و چ لەم سەردەمەشدا، بیروڕای خۆیان بەراشکاوی دەربڕیوە، لەو قودسییەت و چەواشەکردنەی خەڵکیان ترازاندووە بۆ نموونە هزرمەندێکی وەکو(عەلی عەبدولڕەزاق)، کەیەکێ بوو لەزاناکانی ئەزهەر و قازیی شەرعی دادگەی شەرعیی سەرەتایی مەنسوورە بەهۆی دانانی کتێبی (الاسلام واصول الحکم) لەهەردوو وەزیفەکەی ترازاندراو دوژمنایەتی لەگەڵداکراو دادگایی کرا. کتێبەکە سالّی ١٩٢٥دەرچووە. لەوەلامی پرسیارێکدا لەبارەی خەلافەتەوە کە لێیکراوە دەڵێ: (خەلافەت سیستەمێکی ئایینی نییە وەك لە کتێبەکەم (الاسلام واصول الحکم)دا وتوومە، فەرمانی پێنەداوە و ئاماژەی بۆ نەکردووە ئایینی ئیسلام ، لەسیستەمی خەلافەت بەرییە، بەتاییەت لەو دەردونەخۆشیانەی هەژاندی و کارێکی زۆری کردە سەر ئیسلام و دواکەوتنیان لەرەوتیان بەرەو پێشکەوتن، جالەروی باری فیکرییەوە بێ، یازانستی، یا کۆمەڵایەتی، یا تەشریعی، خەڵافەت هەموو پێشکەوتنێکی لە شێوەی حکوومەت لای موسڵمانان بەرەو سیستەمە ئازادەکان شەپرێوکرد، بەتاییەت بەهۆی ئەو ستەمکارییەی هەندێ خەلیفە دایانبەزاندە سەر زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەوان لە چاکترین قاڵبدا دایانڕشت کە لەگەڵ بەرژەوەندیی خۆیاندا بگونجێ.

پێیدەڵێن کەواتە ئیسلام بۆ موسڵمانان لێدەگەڕێ کە خۆیان ئازادبن لەدامەزراندنی ئەو حکومەتەی رایان لێیە، کەلەرووی زانستییەوە، لەچاکترین شێوەی حکوومەت بگەڕێن کەپێویستیان دابین بکات.

لەوەلامدا دەڵێ: بەڵێ، بێگومان، من تەحەدای هەرزانایەك دەکەم کە پێچەوانەی ئەوە بڵێ و پشتگیریی رایەکەی خۆی بەدەقێکی قورئان یابەیەك فەرموودە بکات)[١٤]

(محەمەد عمارە)، مەسەلەکە زیاتر روونەکاتەوە، کەدوای مەرگی پێغەمبەری موسڵمانان کە پێشەوایەکی ئاییننی بوو، بەمەرگەکەی پەیامەکەی کۆتایی هات و هەروەها پێشەوایەتییەکەشی و، کەس بۆی نەبوو لەپەیامەکەیدا شوێنی بگرێتەوە... ئەگەر تۆ بتدیبا کە چۆن موبایەعەی(ئەبوو بەکر) کراو کارەکە سەرگرێت، بۆت ڕوونەبۆوە کە بەیعەیەکی سیاسی پاشایەتی بوو، هەموو مۆرەکێکی دەوڵەتی داهێنراوی هەبوو، وەك چۆن حکومەتەکان دادەمەزرێن، لەسەر بنەڕەتی هێزو شمشێر دامەزرا.... محەمەد عمارە، لەمەش زیاتر حەقیقەت ڕوونەکاتەوە کە تائێستا خەلافەت بەدرێژایی مێژوو، سەرەتاکەیو کۆتاییەکەی دەسەلاتی پاراستنی بەرژەوەندیی حوکمدارەکانو داگیرکردنو خوێنمژینو تالانکردنی خێرو بێری وڵاتی بندەست بووە.. لەهەمان خەلافەتی راشدین دەدوێو دەڵێ:

ئەوە دەوڵەتێکی نوێیە، عەرەب دایانمەزراند، دەوڵەتێکی عەرەبی و حوکمێکی عەرەبییە، بەڵام ئیسلام وەک زانیوتە ئایینی هەموو مرۆڤایەتییە، نەعەرەبییەو نەعەجەمی. دەوڵەتێکی عەرەبییە لەسەر بناغەی بانگەشەیەکی ئایینی دامەزرا، بەڵام لەوە دەرناچێ کە دەوڵەتێکی عەرەبی بێت، پشتگیری دەسەڵاتی عەرەبی کردبێتو، بەرەوی بە بەرژەوەندییەکانی عەرەب دابێ و، لەوڵاتانی سەرزەویدا دەسەڵاتی پێدابن، کە ئیمپریالیستانە مۆنۆپۆلیان کردن، خێروبێریان وەسوود هێنان، وەک ئەو نەتەوە هێزدارانەی کە دەتوانن وڵاتان فەتح و مۆنۆپۆل بکەن)[15]

کەواتە ئەو حوکمەی بەناو خەلافەتی ئیسلامی کە (موکری) بینای شانۆنامەکەی لەسەر هەڵچنیوە، رووکەشەکەی بەردەوامبوونی پەیامەکەی ئیسلامەو، جەوهەرەکەی دەوڵەتێکی سیاسییە، کە بەدرێژایی مێژوو دەسەڵاتی بەعەرەبداوە وەک سەروەرو سەردەست، بەزەبری هێزی شمشێر حوکمڕانی بندەست وەک کۆیلەو غولام بکەن. هەرلەبەر ئەو هۆیەش ئەو حوکمەم ناونا دەسەڵاتی رەهای ئیوکراتی، کە بەناوی دینەوە حوکم دەکات، بەڵام لە جەوهەری ئایینیش دەردەچێ، لۆژە ر، کە ئێمە لەمێژووی چەواشەکراودا بەنوێکەرەوە چاکسازی کۆمەڵایەتی لەقەڵەم دەدەین، بانگەشە بۆ ئەو جۆرە دەسەڵاتە دەکات، کە بەدەسەڵاتی خواوەندی دادەنێو دەڵێ: (ئەو دەستەی کە شمشێری هەڵگرتووەو سەر دەبڕێ، دەستی مرۆڤ نییە، بەڵکو دەستی خودایە، خوایە کەمل بەپەتەوە دەکات، ئەشکەنجەدەدات، سەردەپەڕێنێ، هەموو ئەو کردەوانە کارو فەرمانەکانی ئەون)[16]

هەرچەندە سەردەمی حوکمی دوو خەلیفەی راشدین ئەبووبەکرو عومەر دیموکراتیەت هەبوو، وێڕای کەموکوڕییەکەی، چونکە هەرنەبێ (بەیعەتی کاربەدەست بەندبوو بەڕەزامەندی خەڵکو، بڕیاردانی گەل بنچینەی مانەوەو بەردەوامبوونی حوکمەکەی بوو، چاودێرکردنی کاربەدەستو لێپێچانەوەو ئاڕاستەکردنی لەلایەن گەلەوە ئەگەر هەڵەی کرد گرنگیی خۆی هەبوو، کاربەدەست نەدەکرا بەخوا، بەڵکو مرۆڤێك بوو هەڵەی دەکردو راستیشی دەکرد، مووچەیەکی دیاریکراوی هەبوو، واتە دابڕانێك لەنێوان موڵکو مااڵی گشتیو تایبەت هەبوو، هەروەها ئازادیی فیکرو تەعبیر لەراکردنو، ئازادیی رەخنەگرتنو بەرهەڵستکاریو، سنگفراوانیش لەبەرامبەریاندا، تەنانەت عومەر بەوانەی کەرەخنەیان لێگرتووە وتوویەتی :" قوڕ بەسەرتان ئەگەر نەیڵێنو قوڕبەسەرمان ئەگەر گوێی لێنەگرین"[17]

هەرچەندە لەسەردەمی ئەو دوو خەلیفەشدا کاری ناڕەوا ئەنجامدراوە. لەژێر پەردەی شەڕەکانی هەڵگەڕانەوە، کاری نا مرۆڤانەکراوە، بەڵام سەردەمی خەلیفەی سێیەم کارکردن بۆ بەرژەوەندی خودو کەسو کارو خزمانی زیاتر روون دەبێتەوە بۆ نموونە ئەو رۆژەی پێیکوژرا:

(سەدو پەنجا هەزار دینارو سەد درهەمی هەبوو، نرخی موڵکەکانی لەوادی القریو حنینو هی تر سەد هەزار دینار بووەو، وڵاخو حوشتری زۆری لەدوا بەجێماوە)[18]، ئەم کردەوەش نموونەیەکی زەقە لەو جۆرە حاکمە نموونەییەی کە دەبوایە لەخەلیفەی موسڵماندا نەبێ.

خەلافەتی ئەمەوی رووێکی تری پاشایەتییەکە، کە (معاویە) خۆی بەمیراتگری (عوسمان) لەقەڵەمداو، گوایە خەلافەتەکەی مافێکی رەوایەو، عوسمان بێ گوناە کوژراوەو، کاتی خۆی لەڕێگەی رای شووراو بۆتە خەلیفەو، حوکمەکە بەمیراتگری بۆ ئەمەوییەکان دەگوێزرێتەوە.

معاویە یەکەمین کەس بوو کە لەخێزانو بنەماڵەکەی خۆیدا، خەلافەتی کردە ویراثی بێ ئەوەی گوێ بەڕای خەڵکی تر بدات، گوایە دەسەڵاتی حوکم لەخواوە وەردەگرێ نەک لەخەڵک بەپێی

سیستەمی شووراو، بووە کاریەدەستێکی تاکڕەوی ستەمکار کە بنەماکانی حوکمەکەی بەزەبری هێزو شمشێر دامەزراند. هەر خۆشی بەدەمی خۆی وتوویەتی: (من یەکەم پاشام).

ئەم تیۆرەی معاویە، بوو بەڕێسایەکی بنەڕەتی حوکمی ئەمەوییەکانو بۆ ئەوەی ئەم تیۆرە بسەلمێنن (مەزەبی ناچاری (الجبر)یان بڵاوکردەوە، دەسەڵات لەخواوە دیاری دەکرێ، خەڵک نەڕایان هەیەو نەپرس پێکردن، خەلیفە، "خەلیفەی خوایە" لە عەبدولمەلیك مەڕوانەوە، دەبێ خەڵک خۆبەدەستەوە بدەنو گوێڕایەڵ بن)[19]

بازۆر نەچینە ناو درێژەدادڕینی حوکمی ئیوکراتی ئەمەوی‌و، کۆتایی حوکمەکەیان، بەڵام دەبێ حەقیقەتێك بخەینەڕوو، تەنانەت حوکمی دەوڵەتی عەبباسیش هەمان رەنگو روخسارو روالەتی هەیەو، لەجەوهەردا یەکن، هەرچەندە مێژوونووسە چلێسو کاسەلێسەکانی دەرباری عەبباسی رووە درێژەکەیان زۆر جوان ئارایش کردووە، بەڵام لای هەندێ مێژوونووسی بەویژدان حەقیقەتەکە نەشاردراوەتەوە، هەر لەم روانگەیەوە، شمشێرە خوێناوییەکەی (ئیبن رەییان)، کە زۆر خزمەتی عەبدولمەلیكو وەلیدی کوڕی کرد، (ئەو عەبدولمەلیکەی کە بەرلەوەی ببێتە خەلیفە نموونەی خواپەرستی‌و دینداری‌و دوور لەماڵی دونیا بوو، کە لەشاری مەدینەدا بەکۆتری مزگەوت ناسرابوو، ئەوەندەی قورئان دەخوێنێت)[20] کەبووە خەلیفە، سیاسەتی خۆی بەرووبیەکی تەواو خستەڕوو، لەخوتبەیەکدا کە لەکۆتاییەکەیدا دەڵێ:

(بەخودای هەرکەسێ دوای ئەم پلەو پایەم فەرمانم پێبدا کە لە خوای بترسم، سەری دەپەڕێنم)[21]

هەروەك ئاماژەم بۆ شمشێرەکەی (ئیبن رەییان)ی جەللادی ئەمەوی کرد، هەمان شمشێر دەکەوێتە دەست، ستەمکاری ناودار بەخوێنڕێژ (ئەبوو عەبباسی سەففاح)، گیانی ئیبن رەییانیش دووناو دوون دەچێتە ناوگیانی (مەسروور)ی جەللاد.

خوێنڕێژەکان، دەسەڵاتدارانی کار بەڕێوەبردنی حوکمی موسڵمانان، بەزنجیرە، وەك میرات، ستەم‌و زوڵم‌و بەدکاری بۆ یەکتر جێدێڵن، زیندووەکان مردووەکان دەنێژن، مردووەکان نامرن، بەجەستە نەبێ، رۆحی ستەمکارییان، دەچێتە جەستەی ئەوەی دوای خۆیان. بەڕوالەت لەژێر پەردەی ئایینداً، خەلیفەی موسڵمانانن، (ئەمیرلمؤمنین)ن، دەرگای خێرو خێرات دەکەنەوە، وڵات ئاوەدان دەکەنەوە، بایەخ بەزانست‌و رۆشنبیری دەدەن، وەك خۆیان گەرەکیانەو لەبەرژەوەندییان دایە، بۆ نموونە، لەکاتێکا یەکەمین خەلیفەی عەبباسی نانی لەسەر لاشەی کوژراوەکان دەخوارد، کە ئەوان بەدەم بریندەکانیانەوە دەتلانەوە، خوێنڕشتنەکەی لەئاسا بەدەربوو وەك ئیبن ئەلئەثیر دەڵێ: لەبارەی خاسییەتەکانی دەگێڕنەوە (کە پیاوێکی چاوتێری لەسەرخۆی بەسەنگ بوو، عاقڵێکی تەواو بوو، زۆر بەحەیابوو، رەوشتی باش بوو)[22]

ئا ئەمەیە ژەهری مێژوونووسەکانی کۆن، کە ئەو جۆرە ستەمکارە خوێنڕێژانەیان وەك پێویست نەخوێندۆتەوە، تەنیا ئەوی دیویانەو لەچڵکاو خۆرانیان بیستووە تۆماریان کردووە، کە تائێستاش ئێمەو وەچەکانی دوای ئێمە پێوەی گرفتارین‌و گرفتاردەبن..

دوای ئەو گەڕانە خێراییەی بەناو دووسەردەمدا کردمان، جارێکی دی دەگەڕێینەوە، ناو کۆشك‌و تەلاری رۆڵەکانی عەبباسییەکان، کە رەنگدانەوەی زەمەنی دەسەڵات بەرجەستەدەکات. هەر کەسایەتییەکی ناو چوارچێوەی شانۆنامەکە. ئەگەر پیاوبێ یا ژن، ئارەزوویێکی نهێنی لەدڵ‌و دەروونیدا چەکەرەی کردووە، هەموویان پەست‌و بێزارن، لەو رەوشەی تێیدا ناڕازین، ناوەوەو دەرەوەیان وەکو یەك نییە تارمایی ترس راویان دەنێ، کۆشك‌و تەلاری خەلیفەو تەنانەت دەرەوەشیان، کوشتن‌و برین‌و غەدرو ناپاکی‌و داوێنپیسی‌و، دانانی نەخشەو پیلانی

چەپەڵو، گەندەڵی ڕەوشتکاری‌و، کڕینی ویژدان‌و پارە هەڵڕشتن‌و فریودانی مرۆڤە بەزەبری پارە‌و پوول‌و سێکس‌و، بەکارهێنانی نزمترین‌و چەپەڵترین ئامراز، بۆ دەستەڵات گرتنەدەست و مانەوەی لەسەرحوکم.

ئەم ڕەوشەی سەردەمی عەبباسی درێژبوونەوەی سەردەمەکانی پێشووە، بەڵام بازنەکەی فراوانترەو، شێوازو میکانیزمەکانی وردترو، زیرەکانە ترو، نامرۆڤانەترە. بۆ نموونە (ابو العباس السفاح)ی پیاو چاکی، ئیماندار کە دیمەشق داگیردەکات، ماوەی سێ سەعات دەستدەکات بەکوشتن‌و برین، مزگەوتەکەی بۆ ماوەی حەفتا ڕۆژ دەکاتە پشێری ولاخ‌و حوشترەکانی، گۆڕەکانی مردووەکان هەڵدەداتەوە، کە هەندێکیان وەک معاویە تەنیا داوێکی ڕەشی پێوەمابوو، عەبدولمەلیک مەروان کەللەسەرەکەی مابوو، بەڵام هیشام هەرچەندە مردبوو، لاشەکەی تێکنەچووبوو، بەقەمچی کەوتبووەسەری‌و چەند ڕۆژێک لەداریدا، پاشان سووتاندی‌و، خۆڵەمێشەکەی کوتی‌و خستییە بەردەم باو، پرش‌و بڵاویکردەوە، تەنانەت ئافرەتیش لەدەستی دەربازنەبوون. کە (ئەبوو جەعفەری مەنسوور)ی بۆ دێتە سەرکار، بەرلەوەی پێناسەی حوکمەکەی خۆی دەرخات، پیاوێک بوو حەزی لەرابواردن نەبوو، پارەی کۆدەکردەوە، زۆرچاک بەشداری لەزانست‌و ئەدەب دەکرد، عەقڵێکی تەواوی هەبوو، دەروون پاک بوو. سەیر لەوەدایە سااڵی لەدایکبوونی ڕێککەوتی مەرگی ستەمکارو خوێنڕێژی ناسراو (حەججاجی کوڕی سەقەفی)یە کە سااڵی ٧٥ی کۆچییە.

بابزانین ئەو خوێنڕێژە کە وەک موفارەقەیەکی مێژوویی زۆرداڕێک دەمرێ لەجێگەی ئەودا یەکێکی زۆردارترو ئیرهابی تر لەدایک دەبێ، تا زنجیرەی زۆرداران‌و خوێنڕێژان لەمێژوومان کە مێژووی ئێمەش نییەو بەدەستی ئەنقەست کراوە بەمێژوومان‌و، کوردی موسڵمانیش شانازی پێوەدەکات–بابزانین تا چ ڕادەیەک حەزو ئارەزووی بۆ خوێنڕشتن‌و غەدرو ناپاکی کردن ڕۆچووە:

((غەدری لەو کەسانەکرد کە لێی دڵنیابوون، غەدری لە سێ کەس کرد: ئیبن هوبەیرەو عەبدوڵڵای مامی، هەروەها ئەبوو موسلمی خوراسانی ئەوە لەکاتێکا هەتاکو بەرەبەری بەیانی لەمیحرابی خۆی دەمایەوە، پاشان دەردەچوو نوێژی بەخەڵک دەکردو، دوایی لەدیوانی خۆی دادەنیشت‌و ئاسایی هەموو ڕۆژ دەستی بەکاردەکرد. ئەمەش ڕێگرنەبوو لەبەردەمی کە ئەبوو حەنیفە بگرێ‌و جەڵدەی لێبدات‌و لەئەنجامدا ژەهری دەرخوارد بدات، چونکە نەیویست کاروباری قەزییەتی وەربگرێ)).[٢٣]

(موکری) کە کوشتنی ئەبوو موسلم بەرجەستە دەکات، ئەو هۆکارە چەپەڵەی مەنسوور دەخاتەڕوو، کە ئەو سوپایەی لەگەڵ ئەبوو موسلم بوون پێدەمکوت دەکات، کە ئەمڕۆ پارەیەو، پێشتریش هەروابووە، لەهەمان کاتدا ڕووناکی دەخاتە سەر باری نزمی دەروونی سوپایەکە کە مەنسور پارەی بۆڕژاندن، لەجیاتی ئەوەی داوای تۆڵەکردنەوەبکەن، یا بەگژ ئەو کارە خیانییەدابچن، بێدەنگ دەبن.

نووسەر لەشانۆنامەکەیدا دەرگای خوێندنەوەی نوێمان زیاتر بۆ والادەکات، کە بەفیکر بخوێنینەوەو، بگەڕێینەوە سەر سەرچاوەکان، کە مرۆڤی هزرمەند زۆر زیرەکانە دەستنیشانی ستەمکاریی ڕۆژهەڵاتییان کردووە، لەوانە ئەرستۆ کە دەڵێ: (ستەمکاریی ڕۆژهەڵات، نموونەیەکی ڕاستەقینەی ستەمکارییە) کە ئەم وەسفە لەسەردەمی ئەرستۆوە تا ڕۆژگاری ئێستامان دووپات دەبنەوە، تەنانەت کە ئەوروپییەکان جنێو بە پاشایەک یاخود کاربەدەستێک بەهۆی تاکڕەوییەکەیەوە دەدەن وای وەسفدەکەن کە نزیکترە لەستەمکاری ڕۆژهەڵاتی! ستەمکاری ڕۆژهەڵاتی (ناودار) لەگەڵ هاوواڵاتییاندا مامەڵەی سەردەست‌و کۆیلە دەکات، لێرەدا بنەچەی بیرۆکەی (هیگڵ) بەدیدەکەین کە دەڵێ: (ڕۆژهەڵاتییەکان

هەموویان کۆیلەی ئەو کاربەدەستە بوون کە خۆی بەتەنیا (پیاوی ئازاد) بوو لەدەولەتدا!)[٢٤]

کە "موکری" پڕۆجیکتەر دەخاتە سەر کەسایەتی هارون ئەلڕەشید، وەک تیشکی لێزەر هەتا سەرئێسقانی ڕووتی دەکاتەوە. بەقەدەر ئەوەی کە خەڵکی بندەست لەشمشێرەکەی مەنسوور دەترسن و لەحاڵەتی نیگەرانی و شپرزەییدان، باری دەروونی شەڕاوی هارون لەهی خەڵکەکە کەمتر نییە، ترس لەدڵو دەروونیدا ئەوەندە کاری کردووە کەوەک تارماییەک بەردەوام ڕاوی دەنێو تەنگی پێهەڵچنیوە، واچاوەڕوان دەکات لەهەرساتێکدا بکوژرێ، لەوپەڕی ترس و دڵەڕاوکێدایە، لەکەس دڵنیانییە، تەنانەت لەبەرمەکیەکان کە دەسەڵاتیان بۆ ڕەخساند، خۆی زۆرجاک دەزانێ لەڕێگەی نەخشەوپیلان و کاری دزێوی ناڕەوشتانە دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، بۆیە بەئاستەمتر تارمایی ترس لەدەستدانی دەسەڵات ڕایدەچڵەکێنێ و کەمترین گومان دەیوروژێنێ و بەشمشێرەکەی مەنسوور ئەو ترسە دادەمرکێنێ و خەفەی دەکات، بەڵام هەردەم لەئێش و ئازاردایە، هەرچەندە بەڕواڵەت لەناو ئەوپەڕی نازو نیعمەتدا دەژی، کەچی لەناخی خۆیدا کاوڵترین کەسە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی لەکیس نەچێ ئامادەیە بچێتە ناو پیسترین زەڵکاوی پیلان و غەدرو ناپاکی. مرۆڤیش وەک موکری دەستنیشانی باری دەروونی کردووە، کە بەتەنیایە هەست بەو بۆشاییە دەکات کە تێیدا دەژی و جەوهەرەکەی دەردەخات. هارون ئەلڕەشید شەو لەهەواوکەش و سروتێکی تاییەتیدا بەسەردەبات، لەناو سەدان کەنیزەی هەمەڕەگەزی ئەوپەڕی جوانی، لەناو سەماو گۆرانی و مەیخۆشین و دامرکاندنی لەزەتی خود لەڕێگەی سێکس و رابواردنی بێ سنوور. بەڵام کە بەتەنیایە ترسە دەروونیەکەی سەردەکات، ئەویش هەر وەک کۆیلەیەک دەردەکەوێ، ئازەزووە جانەوەرییەکانی، هۆکارەکانی دەسەڵات سەپاندن، دەیکەنە بەندەو کۆیلەی بەکارهێنانی ئەوسیاسەتەی کە بە میکافیلییەک زانراوەو، سنوور بۆ ڕەوشت و پیاوەتی و سەرپاکی و بەویژدانی و دادوەری و.. هتد لەمێشکو دەروونی ئەودانییە، بۆیە هەرچەندە هەروەک هیگڵ بەمرۆڤێکی ئازاد ئەو ستەمکارە لەقەڵەم دەدات بەڵام بەلای منەوە ئەویش بەندەیەکی ترە، بەڵام لەقاڵبێکی جیاوازدا.

دەسەڵاتی عەباسی، هەرچەندە ڕووکەشەکەی، دەسەڵاتی حوکمی ئیسلامی بوو بەناوی خەلافەت، بەڵام لەجەوهەردا زۆر سیماو جەوهەرەکانی لە ڕژێمی حوکمی فارسی وەرگرتبوو، کە پوختەکەیان لەچەند خاڵدا خۆی دەنوێنێ :

(مەبەستی کۆتایی ستەمکار بۆ ئەوەی تەختو تاراجی لەدەستنەچێ، وێرانکردنی گیانی هاوولاتییان و ڕواندنی گومانو بێمتمانەی نێوانیانە، کە وایان لێبکات نەتوانن هیچ شتێك یا کارێك، یا هەڵشتێك بکەن، هەروەها لێڕاهێنانی خەڵکە لەسەر گەندەڵی و ئاست نزمی و ژیانی نامەردانە، بەجۆرێ بەلایانەوە سانابێ کە لە ملکەچی و سووکایەتی لێرابێن، هەروەها لەناوبردنی ئەوانەی پیاوی دیارو، خاوەنی عەقڵی تێگەیشتوو و پێگەیشتوون و، لەڕەگدەرکێشانی هەرکەسێ کە بالآبێ یاتەقەلابدات سەری ڕاستبکاتەوە)[٢٥] ئەمە جگە لەبلاوکردنەوەی دەستی سیخوڕی و تەرخانکردنی ژن بۆ هەواڵگەری بۆ جێبەجێکردنی نەخشەو پیلانی دۆزەخییانە، هەرکاتێ خەلیفە گەرەکی بوو دوژمنو نەیارانی خۆی پاکتاوبکات، هەروەها کڕینی تەنانەت کەسانی زاناو کارامە بەپارەو پێدانی پلەو پایە پێیان هەتا ئەو کارەی پێیان دەسپێرنو ئەنجامی دەدەنو دوایی بەندکردنو پاکتاوکردنیان، لەناو شانۆنامەکەدا چەند نموونەیەکمان بەرچاو دەکەوێ. جگە لەوانە کردنەوەی یانەو، یاریگەو گۆڕەپانی سوارچاکی و ڕەخساندنی بواری تر بۆ هاوولاتییان بۆ ئەوەی خەریکی رابواردنو کات بەسەربردن بن، نەك بیر لەوبارو ڕەوشە ناڕەبارەبکەنەوە کە لەژێردەسەلاتی

(ئەمیرالمؤمنین)دا پێوەی دەنالێن، هەروەها چاندنی تۆوی دووبەرەکی‌و تایفەگەری‌و بێباوەڕی لەناو خەڵکدا. ئەوخاسیەتانە، هەرهەموویان رەهەندی دووەم (ناوەوە)ی دەسەلاتی رەهای ئیوکراتی هارونین‌و ئێستاش ئەو جۆرە سیاسەتە میکافیلییە لەئارادایەو مێژوو جارێکی تر خۆی نەوژەن‌و دووپات دەکاتەوە.

ئەو حەقیقەتانەی کە لەناو شانۆنامەکەدا بەدی دەکەین، بەشێوازێك دەربڕاون، کە شێوازی تایبەتی (موکری)یە کە (کەسایەتیی نووسەری درامی پێوست ناکات لەدایەلۆگدا (زمانی کەسەکان) دەرکەوێت، بەڵکو لەرۆحی گێڕانەوەکەداو، لەبیناسازییەکەی‌و ئەو هۆکارانەی بۆ پێشخستنیان بەکاریان دەهێنێ)[٢٦] وێڕای ئەوەی کە نووسەر هەرتەنیا بیرو باوەڕ دەرنابڕێ، بەڵکو بینای پەیوەندی‌و وابەستەبوون لەنێوان کەسەکان دروست دەکات، لەهەمان کاتدا زیرەکانە باری دەروونیان شی دەکاتەوە وەك (ئارتۆ) دەڵێ: (پێشنیار دەکەم کە بیرۆکەی سەرەتایی ئەفسوونی بۆ شانۆ بگەڕێنینەوە کە "شیکردنەوەی دەروونی" باسی لێوە دەکات)[٢٧].

لێرەدا هەرچەندە نووسەر سەردەمێکی مێژوویی هەروەك پێشوو ئاماژەم بۆکرد، لەشانۆنامەکەیدا تەوزیف دەکات، ئەو رووداوانەی کە لەپێگەی کەسانی ناوشانۆنامەکەدا بەرجەستەیان دەکات، جەوهەری بیروباوەڕو هەڵس‌و کەوت‌و کارورەفتاریان دەخاتەڕوو، هەرچەندە بەش ودیمەنەکان کۆنن، بەڵام هەرگیز لەواقیعی ئەمڕۆ جیاناکرێنەوە، وەك بڵێی ئەو بەدکارییە کۆمەڵایەتییە وەك فایرۆسێك، لەگیانی هەموو سەردەمەکان تەشەنەی کردووە، بۆیە (بەدکاریی کۆمەڵایەتی پێویستە بخرێتە ئەستۆی رژێمی کۆنی (پێچەوانەی عەقڵ)و، ئەم بەدکارییە تێکوپێکبدرێ‌و، هەر بەکردەوەش لە بەرامبەر رووناکی (عەقڵ‌و حەقیقەت)دا تێدەشکێ)[٢٨]، چونکە بەڕاستی ئەو بەدکارییەی کە لەبنجینەدا رەنگدانەوەی ئەو عەقڵیەتە کۆنەیە، کە رەنگدانەوەی ئەو عەقڵیەتە کۆنەیە، کە مرۆڤ ئەو ویست‌و ئیرادەیەی نییە کە بتوانێ روبەڕووی قەدەری خۆی بێتەوە، وەك بڵێی ئەمڕۆی ئێستامان لەدایکبووی بەهەزاران ساڵ لەمەوبەر، کە دەبێ واقیعەکە هەر چۆنێ بووە، هەروا بمێنێتەوە، هەر بەوجۆرەش بەسەر مرۆڤدا سەپێنراوەو، ئەم حاڵەتەش لەپەنا ئایینەوە بانگەشەی بۆ کراوەو بۆ دەکرێ‌و بۆ چەسپاندنی واقیعێکی دەستکرد، کە پشت بە بنەمای زۆر لاوازی سیاسی دەبەستێت، (ئەوا پاش هەزاران ساڵ، شەریعەتی کەودەن، شەریعەتی چڕنوك‌و ددان، وەك خۆیەتی، بەهێز خاوەنی ئەو مافەیە کە بەربەرەکانی ناکرێ‌و، لاواز خاوەنی ئەو ناحەقییەیە کە بەزگماکی‌و رێککەوت لەگەڵیا لەدایك دەبێ‌و، ئەم ناحەقییە نابێتە حەق‌و ئەم بێهێزە نابێتە هێزدار ئەگەر خۆی نەکاتە سەگ‌و شێر). ئەوەی گەرەکییەتی بەخواستی قەدەر وەربیگرێ، چونکە حەق هێزە وەك نموونەیەکی ئەڵمانی زانراوە، لەم جیهانە بەدبەختەدا ناوی دەنێ)[٢٩].

کە نووسەر بۆناخی سروشتی رژێمی خەلافەتی عەبباسیدا شۆڕەبێتەوەو بەخەیاڵ‌و خولیای خۆی رووداوی تر دروست دەکات، خەیاڵەکەش هەرچەند دوورببڕوانێ، هەرگیز لەسنووری واقیع دەرناچێ، ئەو هەنگاوەی نووسەریش دەرخستنی دیوە درزێوە دەمامککراوەکەی مێژوونییە، بەقەد ئەوەی کە رووداوەکانی مێژوو بەگۆشت‌و ئێسقانیانەوە، لەبازنەی سەردەمی ئەمڕۆماندا دەخوێنێتەوە، کە لەدواییدا چەند نموونەیەکی دەهێنینەوە، ئەم هەڵوێستەش لەمێژوو، یەکێکە لەبەرپرسییەکانی نووسەری شانۆ، لەم رووەوە، ئەلبی وتوویەتی: (هەردەم بیرم دەکردەوە کە یەکێ لەبەرپرسییەکانی شانۆنامەنووسمان ئەوەیە کە خەڵکی لەباری خۆیان باری سەردەمەکەیان ئاگاداریکەن، بەو هیوایەی بەرەو گۆڕینی حاڵەتەکەیان بەرن)[٣٠] و، جەوهەری

مەودای مێژوویی قەرەبووکردنەوەی ئەوەی ئەمڕۆ رووەدات دەگەیەنێ بەوەی زەمانێکی دوور رووبداوە، بەڵام ئەوەی کە هەردەم رووەدات، ئەوەیە کە رووداوێک شوێنی رووداوێکی تر دەگرێتەوە، بێئەوەی رەمزێك جێگەی واقیعێکی تر بگرێتەوە.[٣١] شانۆنامەی هارون ئەلڕەشید درامایەکی مێژوویە، لەهەمان کاتدا بەحوکمی هەندێ دیمەنی خەیاڵئامێز. کە هەرچەندە نەیتوانیوە لەرووداوەکان بەتەواوەتی خۆی دابڕێ، درامایێکی فەنتازییە، مرۆڤیش ئازادە لەخەیاڵو، لەبەکارهێنانی فەنتازیا، (موکری)یش هەروایکردووەو خۆی لێیان بەرپرسەو، تەحەمولی هەموو بەرپرسییەکان دەکات. ئەوەی توانیویەتی بەشانۆنامە دەربڕێ ناکرێ لەچیرۆك، شیعردا دەربڕێ. (چونکە شانۆ بەهێزترین هۆکارە بۆ چەسپاندنی پایەی عەقڵی مرۆیی‌و، رۆشنکردنی سەرجەمی نەتەوە)[٣٢]، بەخۆڕایی‌و بێهوودەیی نییە کە درامـا (شانۆ) لەهەموو چەرخەکاندا ببێتە گۆڕەپانی زۆرترین شێوە تونەدکانی ململانێی فیکری.[٣٣]

هەرچەندە نوسەر لەشانۆنامەکەیدا دەرگا بۆ ململانێی فیکری والا دەکات، بەڵام ئەو کۆمەڵگەیەی کە بەرجەستەی کردووە، کۆمەڵگەیەکی میکانیکییە، هاوولاتی هەست بە قەوارەی مرۆیی خۆی ناکات، لەمێگەلێکی ئاژەڵ دەکات، کە گیانی بەکۆمەڵی تێدا نەماوە، ئەو رۆحی یاخیبوونەش بەدی ناکرێ، کە بەکۆمەڵ لەناو کۆمەڵگەکەدا رووبەڕووبوونەوەی دەسەلاتی ستەمکاری لەئارادابێ، جاروبار وەك تروسکە رووناکییەك رابەری فیکری‌و پیاوی چاکسازی‌و رۆشنبیری لەوێنەی حەللاج‌و عەبدوڵڵای کوڕی موقەفەع‌و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل‌و هی تر هەڵوێستیان نواندووەو بوونەتە قۆچی قوربانی بیرو باوەڕی ئازادیخوازانەیان. بەڵام بەگشتی هێزێکی کۆمەڵایەتی لەناوخودی کۆمەڵگەکەدا نەبۆتە کاریگەر کە کار لەرەوشەکە بکات، هێزی بەرگری زیاتر لەدەرەوەی مەڵبەندی خەلافەتدا بوونی خۆی سەلماندبوو، دەسەڵات تۆڕی سیخوڕی‌و هەواڵگەری بەهەموو لایەکدا باڵاوکردبۆوەو، کۆمەڵگەیەکی گوێڕایەڵی هەست مردوو، پرش‌و باڵاوی بەڕێوەدەبرد. بەجۆرێ تاك سیمای مرۆیی خۆی لەدەستدابوو، چەند نموونەیەکیش لەدەرەوەی مێگەلەکەدا، سیماو مۆرکی یاخیبوون نابەخشن، کەنووسەرێکی کارامەی وەك موکری، دێ بەکامی ئازادی، دیوی ناوەوەی ئەو رژێمە دەسەلاتدارەی ئیوکراتی‌و مۆرکی کۆمەڵگەکە شیدەکاتەوە هەست بەبوونی خۆی دەکات (مرۆڤیش ناتوانێ لەکۆمەڵگەکەی خۆی‌و لەوجیهانەی تێیدا دەژی سەیر بکات بەوەی کە پێویستە تیایاندا بیکات، بۆ ئەوەی بوونەکەی رەوابێ، ئەگەر هۆشیارییەکەی ئازادییەکی رەهای نەبێ‌و، هۆشیارییەکەشی ئازاد نابێ، ئازادییەکی رەها ئەگەر خۆی لە رابردووی هەموو مێگەلی مرۆیی دانەبڕی)[٣٤] هەرچەندە (موکری) ئەو ئازادییە رەهایەی نییە کە هەرچی هەستی پێدەکات‌و، لەمێشك‌و دڵو دەروونیدا پەنگی خواردۆتەوە، دەربڕێ، بەڵام لەسایەی ئەو ئازادییەی کە زەمینەی دەربڕینی بۆ رەخساندووە، توانیویەتی ئەو بەرهەمە باڵایە پێشکەشی خوێنەران بکات، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە (ژیانی نوێ مرۆڤ لەچەندین فشاری کۆن دەربازدەکات‌و، وایلێدەکات هەست بکات کە هەر وابەستەیەك لەنێوان خەڵکدا کۆتن (چونکە ئەم وابەستانە ئۆرگانی نین) بەڵام مرۆڤ بەدەوری خۆی بۆتە دیلی زنجیرەیەکی تەواوی کۆتی رووتی هێجگار ئاڵۆز، ئەو بەهۆشیاری‌و ناهۆشیاری هەست دەکات، کە هەر وابەستەیەك هەرچەندە زیانبەخش بێ، هەموو وابەستەیەکی نێوان خەڵك دەبێ بەرگری بەرامبەری هەبێ، چونکە لەسەر شەرەفمەندی مرۆیی سەپێنراوە)[٣٥]

لایەنی هونەرگاریی شانۆنامەکە

هەرچەندە لەڕەوتی لێدوانی شانۆنامەی هارون ئەلڕەشیددا، تاڕادەیەك ئاماژەم بۆ لایەنی تەکنیکی کردووە، بەڵام بەپێویستی دەزانم کە ئاماژە بۆ بیناسازییەکەی بکەم، کەنووسەر بەکارهێنانی تەکنیکی نوێی فەرامۆش نەکردووە، بینای داڕشتنی شانۆنامەکە لەسەر بنچینەیێکی ستوونی داڕێژراوە، خوێنەر هەست بە زنجیرە بەندی رووداوەکان دەکات، کە یەکێتی بابەتییەکەی پارێزراوە، هەرچەندە لەڕووی دابەشو دیمەنەکان، کە خوێندنەوەی دەقێکی کۆنەو داڕشتنەوەیەتی بە فیکرێکی نوێ، ئەم لایەنەش نووسەر بەمەبەست بایەخی پێداوە. بۆ ئەوەی جۆرە هاوسەنگییەك لەنێوان کۆنو نوێدا بڕەخسێنێ، لەڕووی هونەری نواندنەوە، (جوانیی بینراو شان بەشانی بالییە کەشتێکی ئەبستراکتە رەو دەکات، کەچی بزاڤی پانتۆماییم دەبێتە دەستپێکەری دراما، پاشان پەیڤەکان لەو دایەلۆگەدا دێنە پێشەوە کە ژیان بەهۆی ئەوەوە هەوڵ دەدات کە نهێنییەکەی دەربڕێ)[٣٦]

ئەم شانۆنامەیە، دەچێتە خانەی تۆمارکاری، بەڵگەداری وەك شانۆنامەی (ماراساد)ی پیتەر ڤایس،. یا شانۆنامەی لۆڤەر، لەڕووی بیناکردنی لەبیناکردنی رۆمان دەکات کەبڕە لەڕووداوو شەخسیات، بەڵام نووسەر حاڵەتێکی تری خولقاندووە کە هەندێ شەخسیاتی لەڕووداوەکان دابڕیوەو هی تری خولقاندووەو، بایەخی بەهەرچی کە درامی تەقلیدییە نەداوە، لەهەمان کاتدا نەهاتووە رووداوو کەسایەتی مێژوو وەکو خۆیان، بەڕەنگو روخساری پێشوویان جارێکی تر بیانهێنێتە سەرشانۆ، ئەمە کاری مێژوونووسە، نەك ئەرکی شانۆنووس، (ئەم جۆرە شانۆنامانەش بۆ ئەم سەردەمەمان باشن)[٣٧].

لەڕووی زمانەوە، (موکری) ناسراوە کە خاوەنی زمانێکی پاراوو سفت سۆڵە، بەڵام بەزمانێك شانۆنامەکەی داڕشتووە، کە زمانی جەماوەرە، کە زۆربە تێدەگات، زمانی شیکردنەوەی دەروونی مرۆڤەو (واقیعییەت لەئەدەبدا مەبەستەکەی واقیعییەتی زمان نییە، بەڵکو واقیعییەتی دەروونی مرۆییەو، واقیعییەتی ژیانو کۆمەڵگەیە، ئەوەی کە باوە نووسەر ناتوانێ زمان حاڵی کەسایەتییە رۆمانئامێز یا شانۆییەکانی وەدەنگ بێنی، بەڵکو دەتوانێ زمانحاڵی خۆی بەدەنگ بێنێ، دوای ئەوە نووسەر بۆی هەیە، بە هەرزمانێك بیەوێ لەوەی تێدەگات تەعبیر بکات)[٣٨].

لێرەدا دەپرسین، ئەو زمانەی کە نووسەر بەکاری هێناوە، تەنیا لەپەیڤەکاندا بوونیان هەیە، یاخود لەناو کارە هونەرییەکەدا، کە ئەوەی بەرجەستەی کردووە، بەزمانی دەربڕین، ئەو حەقیقەتانە دەسەلمێنێ، کە رەنگە ئێمە تا ئێستا پێمان نەزانیبێ، یاخود ئەگەر گوێشمان لەبوونیان هەبێ تاڕادەیەکی زۆر باوەڕمان پێنەکردبێ، کەواتە کارە هونەرییەکە مانای پەیڤەکان روون دەکاتەوە، نەك تەنیا خودی پەیڤەکان (واتاش لەناوەوەی خودی کاری هونەریدا خۆی دەنوێنێ، کە ئەوە ناوەڕۆکەکەیو واتاکەی دەسەلمێنێ ئەگەر بەکردەوە توانای ئەوەی هەبێ بگاتە جەوهەری راستی لەناو هەڵوێستی درامیی دیاریکراودا، کە پێچەوانەی بکاتەوە، بەجۆرێ بیگەیەنێتە ئێمە بەسیفەتە راستەقینەکەی کە ئێمە نەمانتوانی لەژیانی رۆژانەماندا پەی پێبەرینو، شانۆ ناتوانێ ئەوە بکات تەنیا لەڕێگەی دەربڕینی درامییەوە نەبێ لەهەڵوێستێکی دیاریکراوی پڕ لەملمانێ کە خاسییەتێکی هونەریی جیدی هەبێ)[٣٩]

بەڵای منەوە گرنگترین خاڵ لەڕووی هونەریو فیکرییەوە، خولقاندنی ئەو دووکەسایەتییەیە کە لەخودی هاڕونێکدا بەرجەستەی کردوون، لەسەرەتای شانۆنامەکەوە، تاکۆتایی، بوونو ئامادەباشییان هەیەو، دەبنە چەند ئەڵقەیەکی نەپچڕاوی زنجیرەی

مێژووی هەموو دەسەڵاتە رەهاکان، بەجیاوازی ناوو چەکی دەستیان، لەدایك دەبن و دەمرن و زیندوودەبنەوە، مۆرکی حوکم و دەسەڵات لەژێر هەر پەردەو ناوێك بێ هەریەکەو، هەر دەسەڵاتێکی پاشاییەو، درێژبوونەوەی مێژووییان هەیەو، سروشتی حوکمی ئەمڕۆی رۆژهەڵات لەژوربەی هەرە زۆری وڵاتەکان، حاکمی نوێی میراتگری کاریەدەستی پێشووەو، ئەگەر بەناو دامو دەزگای دەستوورییش هەبێ، شتێکی شەکڵی ڕووتەو هیچ لەدەسەڵاتی رەهای کەم ناکاتەوە، چونکە (پاشاکان بەجیاوازیی پلەکانیان کە لەباریکی ئاست نزمدان بەشێوەیەکی مرۆیی بیر دەکەنەوە لەهیچ شتێ وەك یەك نین لەژیرداری نەبێ، نەمروود لەسەر هەق بوو کە دەیگوت (من ئێستا لەسەر عەردم، بەڵام دەگەڕێمەوە سەر تەختەکەم، ئێستا پاشایەکی تر لەسەر تەختە، بەڵام ڕۆژێ لەڕۆژان لەسەر تەخت دێتە خوارێ، ئەمە لەوەتی بەهەزاران ساڵە وابووەو، ئەوەی ئێستا لەئارادایەو لەئایندەشدا هەروادەبێ، پاشا ناتوانێ شتێك لەشمشێر بەنرختر پێشکەش بکات)[٤٠]

ئەنجام

لەئەنجامی خوێندنەوەی شانۆنامەی (هارون ئەلڕەشید)، جگە لەو خاڵانەی خستمانەڕوو، لەدەرباری خەلافەتی عەببасی، تەنیا هەڕپیاو بااڵ دەست نییە، بەڵکو ژنیش ڕۆڵێکی بەرچاوو کاریگەر لەتەختی خەلافەت دەبینێ و بەشداری لەپیلان داڕشتن و پڕۆسەی ژەهر دەخواردن دەکات، سەیرنییە کە ژن مێردەکەی خۆی بکوژێ بۆ ئەوەی کوڕەکەی بێتە سەرکار، وەك (زوبەیدە)ی دەسەڵاتدار، یاداپك ڕۆڵی خۆی ببینێ وەك خەیزەرانی دایکی ئەمین و مەئموون، هەروەها جۆرە عەقڵیەتێکی ڕەگەز پەرستی لەناو خەلیفەکاندا، دژی ڕەگەزەکانی تر بەدی دەکرێ، کە ئەوکاتەی پێویستیان بەغەیری عەرەب هەبێ، بۆچەسپانی دەسەڵات نزیکیان کردوونەتەوەو کراونەتە ئامێری جێبەجێکردنی پیلانی کوشتن، تەنانەت ئەو بیرمەندو ئازادیخوازانەی کە لەگەڵ دەسەڵات نەبوون، بەتۆمەتی کفرو زەندەقە لەناوبراون، کۆتایی شانۆنامەکە حەقیقەتێك دەسەلمێنێ کە هەرچەندە بەدیمەنی چوارەمی بەشی هەشتەم، پەردە دادەڕێتەوە، بەڵام کۆتاییەکە دەرگا والاەکات، کەدەسەڵاتی ستەمکاری ئەڵقەکانی زنجیرەکەی بەردەوام دەبن، لەم ڕوانگەیەوە (نووسەر هەموو ڕژێمە کۆمەڵایەتییەکان ڕەتدەکاتەوە کە ئێستا لەئارادان، هەروەها هەموویاری سەرنجەکان کە لەرابردووەوە ماونەتەوە ڕەتدەکاتەوەو، رابردوو هەر هەمووی زیاتر شیاوی بەزەیی و قێزلێبوونەوەیە)[٤١]

خاڵێکی گرنگ لە هەڵسەنگاندنی ئەم شانۆنامەیە ئەو بۆچوونو ڕاستکۆییەو ڕاشکاوییەی نووسەرە، کە دەتوانم بڵێم یەکەمین نووسەرێ کوردە کە شان باتە بەر بابەتێکی لەم جۆرە، کە بۆیەکەمین جار بەعەقڵێکی مەعریفی مێژووی کۆن بخوێنێتەوەو بەشێوەیەکی زیرەکانە ڕووداوەکانی سەردەمیش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هونەرمەندانە تێکەڵ بەکۆنەکان بکاتو، دەرگایێکی تازە بۆ خوێندنەوەی مێژوو بکاتەوە، کە دیوەشاراوەکەی بخاتە بەر ڕووناکی، حاڵەتە نادیارو نهێنییەکانو پەردە پۆشکراوەکان لەتاریکستانی مێژوو دەریکات، جۆرە بۆچوونێك لەنێوان نووسەراندا بخوڵقێنێ، کە مێشکی خۆیان بخوێننەوە، گومان لە هەموو شتێ بکەن تادەگەنە یەقین، هەرچی نووسراوە، بەحەقیقەتێکی ڕەهای نەزانن. ڕۆشتی کۆنی دژێو بەدەستی ئەنقەستی، یا لەترسان شاردراوەتەوە، ئەو زەمینە نەبووە کە بێترس جارپبدرێن، ئەو ئازادییە نەبووە کە عەقڵ کاریگەری خۆی هەبووبێ، بۆیە هزرمەندی

واهەبووە کە دەرکی بەشتە شـێوێنراوەکان کـردووە، بەڵام نەیوێراوە کـە بیاندرکێنـێ، بـۆ نموونـە (یـەکێك لەگـەورەترین توێـژەر، کـە لەبابـەت ئەومەسـەلانەی نووسیوە کە پەیوەندییان بەڕژێمی حوکمـەوە هەیـە، (ئەبولحەسەن لماوەردی)یە کـە سـاڵی ٤٠ەی کۆچـی مـردووە، کـە کتێبـە بەناوبانگەکـەی (الاحکـام السلطانیة)ی دانا، رایسپارد کە بڵاونەکرێتـەوە، دوای وەفاتی نـەبێ، لەبەرترسـی داپلۆسینی خەلیفـەکانی عەبباسـیو سـتەمکارییان)[٤٢]. ئەمـە ئەگـەر بـەر لەسەدان ساڵ بەڕەنگدانەوەی کەشو هەوای ئیرهابی فیکری سەیریبکەین، کە کتێبێك خاوەنەکەی نەتوانێ لەترسـی ژیـانی خـۆی بـڵاوی بکاتـەوە، هزرمـەندێکی وەك (جیۆرجی ڤالەنتینۆڤچ بلیخانۆف) کە یەکێ بـوو لەکەسـایەتییە دیارەکـان لـەبزاڤی سۆشیالیسـتی جیـهانیو، لـەبزاڤی هزریـی سۆشیالیسـتی لەرووسـیا لەسـەدەی نـۆزدەمو سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم، سـەرەتای سـاڵی ١٩١٨ واتـە لەسـەرەتای شـۆڕشو سەرەتای ئەو تەشکیلە نوێیەی کە جیهان بـەدرێژایی نزیکـەی سـەدەیەکی تـەواو، لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵایەتیو جیۆپۆلیتیکی لەسـەری رۆیشت، لـەو سـاڵەدا بیلخـانۆف کۆمـەڵێ بیروبـاوەڕو بۆچوونـی زیرەکانـە دەخاتـەڕوو، لەبەڵگەنامەیەکی تایبـەت بـە شۆڕشـی بەلشـەوی لەروسـیا، کـە گرنگییەکـەیو قوولییەکـەی لـەبیروباوەڕە بـەرچاوخراوەکاندانین، بەڵکو لە کەسایەتیی بیلخانۆف دایە کـە دوای سـاڵێك لەشۆڕشەکە ئەو جۆرە رایانـە دەخاتـەڕوو و نۆدبـەی پێشبینییەکانی دوای نزیکەی (٧٠) سالّ هاتنـەدیو، هەر لەترسـی ئـەوەی باجی بیرو باوەڕەکانی نـەدا، وەك راسـپێرییەکی سیاسـی داوایکـردووە بڵاونەکرێتـەوە، بـەڵکو بدرێتـە دەسـەڵاتی داهـاتووی دیموکراتـی، ئـەم راسـپێرییە سـاڵی ١٩٩٩ دراونەتـە حکومەتی ڕووسیاو بەشی دوایـی تائێستا نەدراوەتـە حکوومەت.[٤٣]

ئـەمڕۆ توێـژەرو هزرمـەندانی عـەرەب، بەخوێندنەوەیـەکی نـوێ، لـەدەرگای پیرۆزمـەندو قەدەغـەکراوەکان دەدەن، بەئەمانەتـەوە مەسـەلە شاردراوەکان دەخەنە بەرتیشکی عەقڵێکی مەعریفی، بـۆ نموونـە سـەرکردەیەکی ناوداری عـەرەبی وەکـو (عەبدولناسر) کە بەگـەورەترین پێشـەوای نەتـەوەیی عـەرەب لەقەڵـەم دەدرێ دوای شـیکردنەوەی کەسایەتیو شێوزای دەسـەڵاتەکەی بـە (براگماتی) لەقەڵـەم دەدرێ (براگماتییـەتیش پێکهاتەیـەکی ئاڵۆزەو بەندە لەسەر: (هەلپەرستی (سوود وەرگرتـن بەر لـەبڕوا)، واقیعییـەت (واقیـع لـەژوور هەقەوەیـە)، میکاڤیلییـەت (مەبەسـت، پاسـاوی ئـامرازە)، خۆپەرستی (دوای مـن باتۆفـان بـێ، براگمانییـەت لەچەند وشەیەکدا ئەوەیە: من هەرخۆم، با بـیرو بـڕوا وەل بـێو، باهـەق وەل بـێ، بـا خـەڵکی تـر بچنـە دۆزەخ!!)[٤٤] لـەکۆتاییدا دەڵێم ئـەم کـارە گـەورەی (محەمەد موکری) کـە دەبـێ ئافـەرینو دەستخۆشی لێبکـرێ، کـە بەیەکـەمین دەستپێشخەری نوێخـواز، لـەبواری خوێندنـەوەو داڕشـتنەوەی مێـژوودا، بـە عـەقڵێکی نوێـی مـەعریفی لەقەڵـەم دەدرێو لـەو بڕوایەدام کـە زەمینـە خـۆش دەکـات بـۆ نووسـەرانی تـری کـورد، لـەو قەیرانـە رۆشـنبیرییەی تێیئـالاون دەربازبن، ئەو رچەشکێنەی موکری رێنیشاندەربێ، بـۆ والاکردنـی دەرگـا داخراوەکـان، بـەناوی پیرۆزمەندیو موحەرەمات. بۆ ئەوەی ئێمەش بڵێین، لەکاروانی مـەعریفیدا دانـەبڕاوین‌و، نووسـەر خـاوەنی خۆی بێو چیتر نەبێتە پاشکۆو کۆیلەی دەسەڵات.

تێبینـی: ئـەم لێکۆڵینەوەیـە لەشەشـەمین فێسـتیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتی دووەمی پێ بەخشراوە.

ئەو سەرچاوانەی سوودم لێ وەرگرتوون:

[1]-گۆڤاری (النهج) العدد ٢٨ خريف ٢٠٠١
الناصرية: منطلقات وأبعاد-مالك الحسن. ل٧٠
[2]-بۆ هارون ئەلڕەشید؟ -بەرگی دوایی شانۆنامەکە.
٣-گفتوگۆ لەگەڵ ئەدۆنیس، منداڵی، شیعر، تاراوگە/ وەرگێڕانی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد-زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم-سلێمانی ٢٠٠١ ل٨١
[4]-المدخل الى الفنون المسرحية. تأليف: فرانك.م. هوا ينتج ترجمة كامل يوسف وأخرين-مطابع الأهرام التجارية ١٩٧٠ ل١٨٦
[5]-دراسات المسرحية الحديثة. موسى السوداني - دار الحرية للطباعة-بغداد ١٩٧٥ ل٣٢
[6]-المدخل الي الفنون المسرحية ل٩٥.
[7]-المسرحية في الأدب الأنجليزي. تأليف الأرديس نيكول ترجمة عبدالمسيح ثروت-دار الرشيد للنشر-بغداد ١٩٨٠ ل٤١٣.
[8]-نظرية المسرح الحديث. تقديم وتحرير: اريك بيد نتلى. ترجمة عبدالمسيح ثروت-دار الشؤون الثقافية-العامة-بغداد طبعة ثانية ل٤٢٩
[9]-المسرحية في الأدب الأنجليزي ل٤٢٩
[10]-الطاغية. تأليف أ.د. امام عبدالفتاح امام-مكتبة مدبولي القاهرة-الطبعة الثالثة ١٩٩٧ ل٤٢.
[11]-مقالات في المسرح العراقي. ياسين النصير-دارالشؤون الثقافية بغداد ١٩٨٨ ل٢٨.
[12]-شانۆنامەی هارون ئەلڕەشید - نووسینی موکری- چاپخانەی داناز-سلێمانی ٢٠٠١ ل١٣
[13] -هەمان سەرچاوە ل٣٧٥
[14]- الاسلام واصول الحكم/ لعلي عبدالرزاق، دراسة ووثائق بقلم محمد عمارة - المؤسسة العربية للدراسات والنشر - بيروت ١٩٧٢ ل٩٢-٩٣.
١٥-هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٧٥
[16]-الطاغية ل ٢٠٧
١٧-أزمة الفكر السياسي الاسلامي .د. عبدالحميد متولي- النهضة المصرية العامة للكتاب-١٩٨٥ ل ٤٤-٤٥.
١٨-عبقرية علي-عباس محمود العقاد-مكتبة النهضة-مصر ل٥٧.
١٩-الديمقراطية في فلسفة الحكم العربي. د. عبدالعزيز الدوري. نقلاً عن / الديمقراطية وحقوق الأنسان في الوطن العربي. مركز دراسات الوحدة العربية - بيروت ١٩٨٦ ل١٩٥.
٢٠- الطاغية ل ٢٤١
٢١- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٤٢
٢٢-الكامل في التأريخ لابن الاثير ج٣-دار أحياء التراث-بيروت ل ٥٠١-٥٠٢
٢٣-الطاغية ل ٢٥٠-٢٥١-٢٥٢-٢٥٣-٢٥٤.
٢٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٨٥
[25]- سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٨-١٧٩
[26]- المسرحية في الدب الانجليزي ل ٤٥٢-٤٥٣
٢٧-هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٧٢
٢٨- نظرية المسرح ل ٧١٥
٢٩- مسرح اللامعقول-يوسف عبدالمسيح ثرت-منشورات مكتبة النهضة-بيروت-بغداد ١٩٨٢ ل١٤٠
٣٠- الموسوعة الأدبية-تحرير جورج شبلي ل ٨٢
٣١- نظرية المسرح ل ٤٣٦
٣٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤٥٢
٣٣- نظرية الأدب. تأليف عدد من الباحثين المختصين- ترجمة: الدكتور جميل نصيف التكريتي-المركز العربي للطباعة والنشر بيروت ١٩٨٠-ل٥٧٧
٣٤- اشهر المذاهب المسرحية. تأليف: دريني خشبة المطبعة النموذجية-وزارة الثقافة والارشاد القومي - الأمانة العامة للثقافة ل ٣٩٨
٣٥- نظرية الأدب ل ٤٢٢
٣٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو
٣٧- تجارب جديدة في الفن المسرحي - سحير سرحان-دار الشؤون الثقافية الصاقه-بغداد ل٤٩
٣٨- في النقد المسرحي-الدكتور محمد غنيمي هلال دار العودة-بيروت١٩٧٥ ل٨٥
٣٩- تجارب جديدة في الفن المسرحي ل ٤٩
٤٠- مسرح اللامعقول ل ٢٩
٤١- نظرية الأدب ل ٦٦٧
٤٢-الطاغية ل٢٥٩
٤٣-النهج العدد ٢٨ خريف ٢٠٠١ ل ٢٨٠
٤٤-هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٩٥

ناونیشانی تۆژینەوەکە :

لەبەرئەوەی دیوانەکەی قوبادی جەلی زادە بەشێوەیەکی فراوان وشە ڕەنگییەکانی بەکارهێناوە،پێم باشبوو ناونیشانی تۆژینەوەکەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەدیوانەکەوە هەبێ و لەهەمانکاتیشدا مەبەستی تۆژینەوەکەش کە وشە ڕەنگییەکانە ببێتە بەشێکی کەی ناونیشانەکە لەبەر ئەوەش ناوی شاعیر خۆی لە خۆیدا هۆکارێکی دەستنیشانکردن و ڕوونکردنەوەی ناونیشانەکەیە، ئەوەش بووە تەواوکەری ناونیشانەکە، هەرلەبەرئەوەیێ هۆیەشە ناونیشانی ((وشە ڕەنگییەکان لە دیوانی هەمیشە ڕوو لە خودا هەمیشە مەستی قوبادی جەلی زادە)) پڕ بەپێستی خواستەکە بێت.

گرنگی تۆژینەوەکە :

گرنگیی تۆژینەوەکە لەوەدایە کە وشە ڕەنگییەکان لایەنێکی لیکسیکی و وشەسازیو سیمانتێکی لە خۆیاندا کۆدەکەنەوە کەواتە وشە ڕەنگییەکان گەرچی لە ژێر وشەی (ڕەنگدا)کۆدەبنەوە و خۆی لە خۆیدا کێلگەیەکی واتاییە و لەڕوانگەی گرووپ و نەتەوەکانەوە واتای جیاواز بەو وشە و ڕەنگانە بەخشراون، لەم دیوانە شیعرەشدا وشە ڕەنگییەکان بە واتای جیاواز جیاواز خراونەتە ڕوو، هیچ کەسێکی کەش ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەی لەسەر دیوانە شیعرییە کوردییەکان ئەنجام نەداوە، لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم واتای وشە ڕەنگییەکان گەرچی لەناو چوار چێوەی میتافۆردا تەماشا دەکرێ بەڵام ڕێگای کەش لەخۆی دەگرێ.

وشە ڕەنگییەکان
لەدیوانی هەمیشە ڕوو لەخودا هەمیشە مەستی
قوبادی جەلی زادە دا

د.مستەفا زەنگەنە

سنووری تۆژینەوەکە :

سنووری باسەکە لەناونیشانی تۆژینەوەکە هەڵدەهێنجین کەواتە وشە ڕەنگییەکان چۆن لەو دیوانە دەستنیشان کراوەدا بەکارهاتوون و بەکاربراون ئێمەش بەو شێوەیە واتای وشەکان لێك ئەدەینەوە، کەواتە وشە ڕەنگییەکان چەند واتایان وەرگرتبێ دەیانخەینەڕوو، هەروەها ناوە بەناوەش ئامازە بۆ گۆڕانی کێڵگە واتاییەکان دەکەین، بەبێ ئەوەی پەل بۆ دەرەوەی ئەو دوانە بهاوێین.

ڕێبازی تۆژینەوەکە :

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە ڕێبازێکی وەسفی شیکارییە کەواتە وەسفی بۆچوونو خستنە ڕووی وشە ڕەنگییەکان و ئەو واتایانە دەکات کە پێیان بەخشراوە لەگەڵ ئەوەشدا ئاماری بەکارهێنانی وشە ڕەنگییەکان دەکات و ڕێژەی بەکارهێنانە سەرەکییەکان دەردەخات،گەرچی لەهەندێ شوێندا کەبەشێوەی سەرەکی نەهاتوونو وەکو تەواوکەری واتای وشە ڕەنگییە سەرەکییەکە هاتوون ئەوا ئێمە لەو بارانەدا زۆر ئاوڕمان لێ نەداوەتەوە، چونکە باسەکە زۆر دوور و درێژ دەبوو، تەنانەت ئەو جۆرە بۆچوون و بەکارهێنانەش نەخراونەتە ناو ئامارەکەو سەرژمێرکردنی وشەکانەوە.

ڕەنگ:_

وشەی ڕەنگ ناونیشانی کێڵگەی واتایی خودی ڕەنگە، کەواتە ئەم وشەیە دەتوانێ هەموو وشە ڕەنگییەکان لەژێر چەتری خۆیدا کۆکاتەوە، گەرچی ئەم وشەیە خۆیشی بەواتای جۆراوجۆر دەکرێ بەکاربهێنرێ و لەڕێگای خواستنەوە واتای کەی پێ ببەخشرێ لەدیوانەکەدا توانراوە وشەی ڕەنگ بەم واتایانە بەکاربهێنرێ:_



گەلاوێژی ژمارە (٣٠)

١- ڕەنگ بەواتای (اللون) وەکو لەم نموونانەدا هاتووە:

●ماکیاجێك لەڕەنگی گوارەکەی

لەڕەنگی بلوزەکەی

لەڕەنگی گۆرییەکەی

لەڕەنگی جانتاکەی

لەڕەنگی کەوشەکەی... لا٢٧٧

●خۆر

تەنیاش ڕەنگ دەدزێ

ڕەنگی ئەو ئەتەك ولیباسە ئەدزێ.....لا٢٥٢

٢-ڕەنگ بەواتای (ملون)

●مێرگە ڕەنگییەکانی وەتەن

(ڕەنگ + ین) =ڕەنگین....لا ٤٢

١ ٢

٣-ئەو ئاوەڵناوانەی دراونەتە پاڵ وشەی (ڕەنگ)

أ-بەهار

دەستەیەك ڕەنگی تۆخ ــــــــ تۆخ

دەکاتە بەر بەژنی شاخ لا ٣٧٩

ب_ هاوین

ڕەنگەکان کاڵ دەکاتەوە ــــــــ کاڵ

٤- ڕەنگپەڕیوو، بەواتای (ڕەنگ تێکچوون لەترسان).

ئەوەندە بسك و کەزیی لە گەردنی ئالاندم

بەوە رانەگەیم

لەبەردەم پەتی سێدارەیەکدا

تف _ ف_ف لە بیچمی

جەللادە، ڕەنگپەڕیوەکەم بکەم.....لا٤٤

٥- ڕەنگ بەواتای (حزب)

أ- من لەهەموو ڕێگاکان و ڕۆژنامەکان وڕەنگەکان و سەنگەرەکانت بێزارم لا ٨٢

ب- من و تۆ دەیان جار ئیستیقالە تەقدیم دەکەین

کەچی کەشەڕ لەنێوان ڕەنگەکاندا هەڵدەگیرسێ

من وتۆ لەخەتی پێشەوەی شەڕگەدا

عەودالّی خوێنی یەکترین...لا١٥٣

٦- ڕەنگاو ڕەنگ (چەند واتایەکی وەرگرتووە) لەوانە:_

أ- لەژووری نوستنی شەهیدێکدا

پۆستەرێکی ڕەش و سپی و

ژنێکی ڕەنگاو ڕەنگ.....لا٥٣

ڕەنگاو ڕەنگ

١ زۆر جوان

٢ملون (چەند ڕەنگێك)

٧- بێ ڕەنگ (نەخۆش _کاڵ)

شەقامەکان وەرەمداریکی بێ ڕەنگن.... لا ٥٧

٨- ڕەنگە گەرمەکان :_

بەواتای چەندین ڕەنگ دێ لەوانە، (سور، زەرد، پرتەقاڵی، ڕەش،هتد).

گەرم واتای ئەو ڕەنگانە دادەپۆشێ..

●ئەوەندە بەکفنی سەوزو سووریەوە سەمای بۆ کردم

تامێرگە ڕەنگینەکانی وەتەن و

ڕەنگە گەرمەکانی بەیداغی

لەبیربردمەوە....لا٤٤

(گەرم)بەرانبەرەکەی(سارد)ە

لەم بارەدا(گەرم +سارد = بەهەموو ڕەنگەکان)

ئەمەش کارێکی شێوەکارییە و ژمارەیی وشە ڕەنگییەکان کەمدەکاتەوە، لەم بارەشدا ڕووبەری

گەرم فراوانتره و گەڵ لەوە مەودایانە پتر دادەپۆشێ
کە وشەی (سوور یان زەرد، یان پرتەقاڵی.....)
بەکاربهێنێ، جگە لەوەش ڕەنگە گەرمەکان ریتمێکی
ئەوتۆ لەخۆ دەگرێ کە هەستکردن بەگەرمی
دەبەخشێ:

سوور:

لەدیوانەکەدا کاك قوباد(٤٧)چل و حەوت جار
وشەی سووری بەشێوەی واتا سەرەکییەکان
بەکارهێناوە، گەرچی لەشوێنی تریشدا
(سور)بەکارهاتووە بەڵام بۆ تەواوکردنی واتا
سەرەکییەکەی پێش خۆیەتی، گەرچی سور بەزۆری
واتای ترس و ئاگادارکردنەوەو خەتەرناکی لەخۆی
دەگرێ، بەڵام سەرجەم واتا بارکراوەکانی سور لە
دیوانەکەدا دەکرێ بەم جۆرە دەستنیشان بکرێت:_

١–سور بەواتای خەتەرناك
*لەنێوان
ژمارە سوورەکانی ئینعاش و
سەوزەکانی (پەیڤین)دا.
ئاسمانێك خەون....١٤١ل
(ژمارە سوورەکان = ژمارە خەتەرناکەکان)
٢–سوور بەواتای خوێن:–
*لەچاوە شینەکانی یەمامەدا
سەدو هەشتا و دوو هەزار فرمێسکی قەتیسماوی
سووری .....٢٤٠ل (سور= خوێن)

٣–سوور بەواتای خوێنڕێژ (گوناهبار)
ڕۆحم تەڕ تەڕ لە عەورەتی ژن
دەستم بەدەنکە هەناوەکانی گوناە سوور....٤٨ل
(سوور =خوێنڕێژ _ گوناهبار)

٤–سوور بەواتای داغبوو،
●ماچ
نیوەمی کرد بەئاگردانێکی سوور و خۆم لەبەری
گەرم کردەوە ١٨٠ل

٥– ئەو ئیدیەمانەی کە سوور بەشداریی لە
پێکهێنانیاندا کردووە و شاعیربەکاری هێناون و
ناکرێ وەکو رستەیەکی ئاسایی لێك بدرێنەوە،
ئەمەش لەبەر ئەوەیە کەلە واتای وشە پێکهاتەکان
دوور کەوتۆتەوە، ئەو ئیدیەمانەش ئەمانەن:_

أ–ئاسۆی سوور:
بێزارم لە ئازادی ئەی زیندان ل٣٧
من ئاسۆ سوورەکانی شیعرت دەدەمێ
تۆش قفڵە ژەنگاوییەکانی تاریکی
ئاسۆیی سوور = ئاسۆی گەشی خوێناوی

ب_ ڕوو سوور:_
* سڵاوی خواتان لێ بێت
١٣٧ل
ئەی ئەو ژنە ڕوو سوورانەی
لەسەردەمی زیندە بەچاڵ کردنی مێینەدا
بیرتان لە تەڵاقدانی مێردە خائینەکانتان کردەوە
((ڕووسوور = بەشەرەف))

* لەو بڵندباییەوە، بۆ سەربردە ڕوو سوورەکانی
خۆم و ٨٣ل
برادەرە فێ گرتووەکانم دەگریم
((ڕووسوور = بەشەرەف))

ج_ کەوا سووری _ خائین
بەرلەشکر
مانگ ، بۆ داگیرکردنی ئاسمان

کەوا سووری بەرلەشکری مرۆڤە
مانگ ئەبو ریغالێکی تڕە ٢٦٣٧
٦–پراگماتیك، ژینگەی قسەکردن دەگرێتەوە، کەبۆی هەیە واتای نوێ ببەخشێ بەوشەو رستەکان، بۆ نموونە بەکارهێنانی ڕەنگی سوور کەلە شوێنی خۆیدا نەبوو یان ژینگەکەی گوازرایەوە بۆی هەیە مردنی مێردی ژنێك، ژنەکە ڕەنگی سوور لەبەر دەکا و دەیەوێ بە چاوێکی کەتەماشای ژیان بکات، کەواتە ژنەکە دەیەوێ بەردەوام بێ و کۆتایی بە بوونی خۆی نەهێنێ، کەواتە ژنەکە دەیەوێ بەردەوام بێ و باوەش بۆ ژیان بکاتەوە، کەچی لە کۆمەڵی کوردەواریدا ئەم کارە بەناشیرین و بێ وەفایی لەقەڵەم ئەدرێ، بۆیە ڕەنگی سوور کە ڕەنگی سێکسە دەبێتە ڕەمزی بێ وەفایی وەکو لەم نموونەیەوە هەڵدەهێنجرێ:_

*حەفت حەفتەی نەبرد
دەست وپێو پەرچەمی لەخەنەگرتەوە
جلکە ڕەشەکانی سووتاند
سووراو لێوە گوشتنەکانی ماچ کردەوە
سووری لەبەر کرد
کراسی سوور
ئەتەکی سوور
دەرپێی سوور ٢٩١٧

٧– ئەم وشانەی بەواتای جیا جیا بەکارهێناوە
أ– گوڵی سوور: شەهید بڕوانە لا ٨٠
ب– گوڵی سوور: کچی جوان بڕوانە لا٨٠
ج–سوورەچنارە: ڕەمزی ژیان بڕوانە لا ٧٣
د– گوڵاڵە سوورە: منداڵی جوان
بڕوانە لا ١٨٠

کەمن و تۆ بەماچ
مینی سەر ڕێگای گوڵاڵە سوورەکانمان
هەڵدەگرتەوە

سپی:

سپی بەزۆری واتای پۆزەتیفی دەگەیەنێ، بەڵام کەلە کێڵگەیەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کێڵگەیەکی کەی واتا، بۆی هەیە واتاکەی بگۆڕێ و نێگەتیف بێ ، لەسەرجەم دیوانەکەی کاك قوباد دا ئەکرێ، ئەم واتایانە دەستنیشان بکرێن کە وشەی (سپی) گەیاندوویەتی و دەچێتە ناو میتافۆرەوە، لەسەرجەم دیوانەکەشدا (٦١)جار وشەی سپی بەکارهاتووە:–

١–سپی = واتای پاك
*هەموو بەرداغە سەماکەرەکانی ئەم مێزە
وەك باڵی ئاشتی سپین
وەك چاوی بەفر سپین
سپین وەك مەندیلی مەلای مەزبوور.....٢٦٤

٢–سپی = بەواتای ڕووناکی
*خۆر
کەمەغریبان دەگاتەوە جێ
کراسە سپیەکەی دادەکەنێ و
بەپووتی... ٣٦٠

٣–سپی= بەواتای پیری
*چۆلەکەکانی هەڵەبجە
بەسەری سپی
بەچاوی شووشە
بەباڵی پلاستیکی
بەسیپەلاکی کون کونەوەلە هێلکە دەبن.....
٣٦١

٤- سپی = نەنووسراو
ژن کاغەزێکی سپی پێ پڕکردمەوە.....لا٤٥

٥-سوپای سپی= بەواتای بەفر
سوپای سپی چ زوو
دوند و شاخەکانی گرت و.... لا٢١٥

٦- شاعیر چەندین دەربڕینی لەباتی وشە(سپی) بەکارهێناوە کە دەکرێ هەندێکیان دەستنیشان بکەین:_
أ-بەفری یەك شەوە= بەواتای زۆر سپی
*ئەو کچە لادێ نشینانەی داوێنیان بەفری یەك شەوەبوو
کەچی لەخێوەتی برسێتی ئوردوگا بریقەی موغازە
رەنگینەکانی شار
دۆخێنی کردن بە بێژنگ
ب- شیر= بەواتای سپی
* قۆڵ دوو رووباری شیعر لا٣٤٠

٧-ئەم چەند ئیدیەمەی بەکارهێناوە کەوشەی سپی بەشداری تێدا کردوون:_
أ- سپی بوونەوە بڕوانە لا ١٢
ب- رۆین سپی بڕوانە لا ٨٦
ج- بسك سپی بڕوانە لا ٩٨

رەش:
لە ڕووی زانستیەوە ڕەش ڕەنگ نییە، مەبەست لەوەیەکە رەش لە ئەنجامی هەڵنەگەڕانەوەی تیشکی خۆرەوە دەردەکەوێ ، لەکاتێکدا ئەو تەنە دەبێ هەموو شەپۆلەکانی ناوتیشك هەڵمژێت، رەش، لەناو کوردەواریدا بەرۆژی واتای نێگەتیفانەی گرتۆتە خۆی، گەرچی کێڵگەی واتایی بۆی هەیە ئەم واتا پۆزەتیفانەی بسڕێتەوە، وەکو لە بواری تەمەندا(قژی رەش)بە واتای گەنجی دێ لەدیوانی (هەمیشە ڕوو لەخودا هەمیشە مەست)دا وشەی رەش (٧٦)جار بە شێوەی سەرەکی دەربڕینی شاعیر بەکاربردراوە، جگە لەوەی لە چەندین شوێنی کەشدا وەکو تەواوکەری واتای بیرۆکە سەرەکییەکان بەدی دەکرێ، وشە(رەش) لەهەموو وشە ڕەنگیەکانی تر لەلای شاعیر بەکارهاتوون، ئەمەش ڕەنگدانەوەی سەردەمی شاعیر لەسەر هزری شاعیر دەستنیشان دەکات، دەکرێ ئەوە دەستنیشان بکەین کە رەش بەتەنها و بەشێوەی ئیدیەم و وشەی لێکدراو بەم واتایانە بەکارهاتوون:_

١-رەش کردنەوە بەواتای سڕینەوە :_ ئیدیەمە..

*من ژن بوومایە، بەنەرمە سەمایەك...
نەخشەی پیاوە شەڕخوازەکانم رەش دەکردەوە.....لا ٧١

٢-رەش، دەستنیشانی جۆردەکات...
*کەس پڕ نەکات لەڕشکی بارووت ولە ڕەشەئەسپێی فیشەك لا ٣٩

٣-رەش بەواتای خراپ، ناشیرین....
*لەچرکە دۆزەخییەکانی ئۆرگازمیشدا
بەنینۆك لەسەرشان وپشتی کوڕە سەرخۆشەکانی نیوەشەودا
تابلۆیەکی تەڵخی کەلاوەکانی بابان و
وێنەیەکی رەشی عومەری خاوەر دەکێشێ
ئەفسووی
ئەفسووی.....لا١١٨

٤- رەش بەواتای ترسناك و کوشندە

*سەیری خۆت کرد
تارمایی خەتێکی رەش بووی..... لا٢٨٨

٥- رەش بەواتای پۆزەتیفەکەی کە دەکرێ ببێتە باشترین نموونەی بۆچوونی کۆمەلایەتی سەبارەت بەم رەنگە:_
*پێڵاوی هەموو سەرخۆشەکانی ئەم زیکرە
رەشن وەکو جینۆساید
رەشن وەکو رشانەوە
وەك علي حسن المجيد
رەشن وەك
ترسنۆکی باخەڵ و جەبرووتی
فاتوورە.....لا٢٦٤

٦- دڵڕەشی:_ بەواتای دڵپڕ لەکین، ئیدیەمە:_
*گەر ئێوەش وەك من لە گەڕەکە چڵکنەکان و
لەدراوسێ دڵ ڕەشەکان و
لەدوکانی حزبە نەزۆکەکان وەڕس.... لا٣١٢

٧- رەشکردن، بەواتای ناشیرین کردن و لەبەرچاو خستن و شێواندنی جوانیەکان، لێرەدا ئیدیەمە:_
*کێ نیشتمانەکەمی لەبەر چاوی نەتەوەکەم
رەشکرد
کێ نەتەوەکەمی لەبەرچاوی نیشتمانەکەم
رەشکرد..... لا٧٩

٨-رەشتاڵە، لەناو کوردەواریدا بەسیفەتێکی جوانی پێستی مرۆڤ دانراوە، کەچی لەلای شاعیر بەشێوەیەك ریسوا کراوە کە هەموو سیفەتە شیرینیەکانی لێ وەردەگرێتەوە ئەویش
دیمەنێکی ڕەشی خستنە پاڵی سیفەتەکانە بۆ پێچەوانە کردنی، واتاکان:_
*لەپشتەوەی هەر سوارێکی ڕەشتاڵە
خەجێکی یەخسیری قەرەداغ.... لا٢٤٥

٩-رەشەبا، جۆرێکە لەبا، کە هەڵدەکات تووڕەیە و مرۆڤ بێزار دەکات، لەبەر ئەوەشە سیفەتی رەشی بۆتە بەشێك لەوشەکە و وشەیەکی ناسادەیی هێناوە، کەچی ئەم بایە لای شاعیر هەند جوانە کە وەکو مرۆڤێك هەڵسوکەوت دەکات و، جوانی دەناسێ و، دووی کچان دەکەوێ، تەنوورە هەڵئەداتەوە کەواتە گۆڕینی ژینگەی بەکارهێنانەکە گەرچی تۆمەت باری دەکات، بەڵام جوانی پێ بەخشیوە کە دەڵێ:_
*ڕەشەبا
هەموو پۆلیسەکانی ئەم شارە
بەدوای ڕەشەبایێ کەوتوون
گوایە دەڵێن
لەتووی مەلیك
تەنوورەی ژنێکی هەڵداوەتەوە.....لا٢٥٩

سەوز:_
سەوز بەواتای ژیان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، وشەی سەوز بەم شێوەیە مانای پێبەخشراوە:_
١-سەوز بەواتای ڕەنگ
*فستانێکی سەوز لا ٢٣٢

٢- سەوز بەواتای پیرۆز، سەرچاوەی ئەمەش لەشاڵی سەوزی سەیدەکانەوە هاتووە، وەکو شاعیر دەڵێ:_
*کە پیرە ژۆریاکان دڵی بێوەژنێك ماچ دەکەن لا٣٧
بۆ ردێنیان سەوز دەبێت

*لەژووری ئینفیرادی زیندانییەکدا لا٥٣

قەنارەیەکی سوورو نیشتمانێکی سەوز

٣–سەوز بەواتای ژیان

*عــەرد ئــەوەندە دەوران دەوری هــــەتاوی کــــرد

٢٣٢لا

*خۆر کە دەکاتە هەر کێڵگەیەك تا سەوزداگەڕاقڕی

ڕەنگی سەوز هەڵدەڕێژێت

لا ٣٥٩

٤–سەوز بەواتای شین بوو:

• خۆر نم نم.

قەرسـیلە سـەوزەکانی شـارەزوور تـەڕ دەکـــات

٢٦٠لا

بەشانەیەکی دار قژە زێڕینەکەی دادەهێنێ

زەرد:

یەکێکە لە ڕەنگەگەرمەکان ئاماژە بەخۆرو ڕووناکی دەکات، واتای نێگەتیفانەش لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ و لەدیوانەکەدا بەم واتایانە بەکارهاتووە:_

١)زەرد، بەواتای کز کە دەڵێ:_

• گڵۆپێکی زەرد

گاڵتە دەکات بەپەیف و

گاڵتە دەکات بەعیشق و

گاڵتە دەکات بەجوانی

٢)زەرد بەواتای دووکەڵاوی و بەخەم.

• من لەهەر وێستگەیەك پرسیارێ جێ دێڵم

دووپەنجەی زەردو

نیوە جگەرەیەك..... ٢٧٧لا

٣)شاعیر وشەی زەردەخەنەی بـەکارهێناوە بـەدوو واتای جیاواز کە دژیـەکن وەکـو لـەم دوو نموونەیـەدا هەن:_

أ–باسـکی زەردەخەنـەی کردینـە مـل و بـەڕێی خستین

٨٩لا

ب–ئەو ئێوارەیە عەریفەکەمان

بەزەردەخەنەیەکەوە پێی گوتین

٢٧٨لا

لـە نموونـەی یەکـەمدا بـۆ جوانیـەو لـەدووەمدا بـۆ گاڵتەجاڕی و ناشیرین کردنە.

شین:

شـین ڕەنگێکـی سـاردەو زۆر جـار لەگـەڵ سـەوزدا شـوێنگۆڕکێ دەکـــەن، واتاکـــانی شـــین بـــەزۆری نیگەتیڤانەیە. کـەچی شاعیر تەنـها بـۆ ئـەم واتایانـە بەکاری هێناوە:_

١)شین، بەواتای سەوز بوون.

• لەمەکی بەفریا ژیلەمۆشین دەبێ.....لا ١٠٦

٢) شینایی ئاسمان بـەواتای قوڵایـی ئاسمـانی بـێ گەرد دێ:

• چۆلەکەی خاکێکی غەریبی. لەترسـی باشـووکەی دەنووك سوور

چ دەمان زات ناکەی، بۆ جەرگەی شینایی ئاسمـان هەڵفڕین..... لا ١٠٦

لەدیوانەکـەدا ئـەم ڕەنگانـە بـەکارهاتوون بـەڵام بەشێوەیەکی لاوەکی هاتوون وشـاعیر نەیکردوونەتـە خەمی دەربڕین یاخەستبوونەوەی واتاکان لەوانە:_

١–زێڕین، وەکو:_

*کـەچی پەنجـەم لـــەنێوان دوومـــەمکدا بوویـــە ملوانکەیەکی زێڕین و بەجێما لا ٦٥

٢–ماش و برنج، وەکو:_

*پێشمەرگەیەکی تەمەن ماش وبرنج..... لا ٩٥

٣–پەمەیی وەکو:_

*پێت شەرم بووە هاوڕێکەم، ڕێگە پەمەییەکانی گەمە
نیشانی ئەو منداڵە ڕەنگ زەردانە بدەی..... لا ١٣٥

٤-خۆڵەمێشی وەکو:-
*بەساقۆی خۆڵەمێشی و پووزەوانەی ئاڵەوە خەو دەیبانەوە.....لا ٢١٦

٩) زێڕین ـــــــ ٣ جار
١٠) شین ـــــــ ٣جار
١١) ماش وبرنج ـــــ ٢جار
١٢) مۆر ـــــــ١ جار
١٣) دێزە ـــــ ١جار
١٤) ڕەشتاڵە ـــــ١جار
١٥) حەلوایی ـــــــ ١جار

ئاماری وشە ڕەنگیەکان:-

لەئەنجامی سەرژمێری کردنی وشە ڕەنگیەکان لەدیوانەکەدا، ئەوە دەردەکەوێ کە شاعیر (٣١٤)سێ سەد و چواردە وشەی بەکارهێناوە، زۆربەی زۆریان یەک لیکسیمن بەڵام لە ڕێگای میتافۆرەوە واتایان پێ بەخشراوە کە دەکرێ ئەوەش بڵێین، لە هەندێ شوێنیدا هاو واتاکانی بەکاربردووەو لەڕێگای ئەو بەکارهێنانانەشەوە دەسەڵاتی فەرهەنگی شاعیر بەباشی بەرجەستە دەبێت لەپێناوی راستییەکاندا دەتوانین بەم شێوەیە وشە ڕەنگیەکان و سنووری ژمارەی دووبارە بوونەوەکانیان دەستنیشان بکەین:

١)ڕەنگ ـــــــ ٧٧ جار
٢) ڕەش ـــــــ ٧٦ جار
٣)سپی ـــــــ ٦١ جار
٤)سوور ـــــــ ٤٧ جار
٥) سەوز ـــــــ١٧جار
٦) زەرد ـــــــ ١٢ جار
٧) پەمەیی ـــــ ٧جار
٨) خۆڵەمێشی ـــــ ٥ جار

ئەگەر ئەو وێنە شیعریانەی کە وشەکانی تێدابەدی دەکرێت و لەیەک ڕووبەڕدا بخرێنە ڕوو هەست بەبینیی ٣١٤ سێ سەد وچواردە تابلۆی ڕەنگاو ڕەنگ دەکەی، لەبەرئەمەش شاعیر وەکو هونەرمەندێکی شێوەکار دەبینرێ بۆ ئەنجامدانی سیماجیاکەرەوەکان بەگرکەوتوون، قوواڵبوونەوە، تەندیارکردن، نزیککردنەوەی واتاکان لە هەستی خوێنەرەوە دەگەیەنن، کەواتە ڕەنگەکان خاوەنی واتان، ئەمەش لە ئەنجامدا پەیوەندی و پاڵدان و ڕیزبوونی کەرەستەکانەوە هاتوون و هەندێ جاریش دیاردەی سڕینەوە، دەبینرێ ئاماری وشە ڕەنگیەکان و بەکارهێنانی وشەی (ڕەنگ) بۆ ناونیشانی کیلگە واتاییەکە و داپۆشینی هەموو ڕەنگەکان دەستنیشانکردنێکی ئاشکرای زاڵبوونی مەبەستی سیمانتیکیین لای شاعیر، کەخۆیشی سیمایەکی تری سیماکانی جیاکردنەوەیە لە ئاڵۆزی و فۆرمیالیستی ئەوەی مایەی سەرنجە، ئەوەیە کەقوبادی جەلی زادە ڕەنگی (ڕەش)ی بەپلەی یەکەم بەکارهێناوە و کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری لە ئاماژە پێکردن و

جیاکردنـــەوەدا هـــەبووە، ئەمـــەش گـــوزارش لـــە سیمانتیکیەتی کۆمەڵایـــەتی وشـــەی دەکـــات، کـــە دەکرێ ببێتە بەڵگە بـۆ ئـەوەی واتـای رەنگەکان لـە خۆوەن و تێگەیشتن بەرانبەر بەو واتایانەش پابـەندە بە گرووپ و رادەی رۆشنبیریـیەوە، بایەخدان بە رەش دەرنەچوونی شاعیرە لەبازنەی کۆمەڵێکی خـەمناک و ستەمدیدەو هەمیشـە بریـندار و سـووتماکی رێگـا سەختەکانی بەدەستهێنانی مافـەکان لـە کێڵگـە جیـا جیاکانی واتادا.

ڕەنگـــی ســـپی بەپلـــەی دووەم دێ، ئەمـــەش شـــەفافیەتی شـــاعیر و پـــاکیی جیهانەکـــەی خـــۆی دەسەلمێنێ کەجیهانی ئافرەتـــە، ئـەو جیهانـەی کـە بەیـەکگرتنی ئـەو وئـەم گـوڵ پێـك دەهێنـن گوڵیـش وشەیەکی گشـتییەو هـەموو جۆرەکـان و رەنگەکانی گوڵ لەژێر چەتری خۆیدا کۆدەکاتـەوە سپی ڕەنگی پیری و، ڕەنگی بەفرو، ڕەنگی شـیری منـاڵ، رەنگی باسـکی خۆشەویستە، ڕەنگی ویقـارو پێگەیشـتنە، ئەمـەش رەنگدانـەوەی بێگـەردیی نـاخی شـاعیر وقەڵەمی ردێن سپیی شاعیرە، وەکـو نوێنـەر لـە پارێزگـاری کردنـــی مافـــەکان، مـــافی ژن ومـــافی پیادەکردنی خواستەپاکەکان.

ڕەنگی سوور بەپلەی سێیەم دێ، کەبۆتە نوێنـەری جوانیی لێو و کەرەسـتەکانی ژن و، شـەوانێك کـە ژن تیایدا خۆی لە تریفەکانی جوانی هەڵدەکێشـێ سوور ئـەو ڕەنگەیـە کـە ئاسـۆ شـەوی پـێ شـەق دەکـا و لـەبرینی تاریکیـەوە خوێنـی ڕۆژ دەڕژێتـە سـەرگۆی زەوی وپـەتی قـەنارەی تێکۆشـەرێك بـە جیـهان دەناسێنێ، ڕەنگی سوور ڕەنگی جومبوش و زرمـەی پێی بەهێزەکانی خۆشەویستییە، خۆشەویستی ژن و خـاك و نەتـەوەۆ بیرۆکـە وردەکـانی هەسـت بزوێـن، شاعیر لە پلەی سووردا خۆی بەسـەنتەری ڕەنگەکان دەزانێو بایەخی گوزارشتکردن لـە گـەونجێتی ڕۆحی لـە دەسـت نـەداوە. ڕەنگی سـەوز، کـەڕەنگی ژیانـە وەکـو شـاعیرێکی مولتـەزیم ئـەم ڕەنگـە پانتاییـەکی زۆری لە هزری شاعیرداگرتبێتەوە، بەڵام ئـەم ڕەنگـە وای نـــەکردووە کـــە شـــیعرەکانی بچنـــە نـــاو ئایدیۆلۆجییەتی ڕەنگەوە، مەبەستم لەوەیـە کـەبیری ڕەنگەکە جڵەوی جوانێکانی ڕەنگەکەی سەرجلەکێش نەکردووە بەڵکو سیفاتی خۆی هۆکاری جوانکاری و لایـەنی هونـەری سیمانتیکیەکەیە، ئەمـەش بەڵگـەی شاعیریەتی ئەخاتە ڕوو.

ڕەنگی زەرد، کـە دەکـرێ لەیـەك کاتدا دژ واتـایی بەواتایی ڕووناکی و تیشکی خۆرو ژیان بەخشین بێ دەشکرێ مایەی گوزارشت لەبێ توانایی بکات، لەلای شاعیر بەهەردوو شێوەدا بەکارهاتووە، گـەرچی زەرد دەکـرێ بەرانبـەر بەسـپی بوەسـتێ بـۆ واتـا پۆزەتیفەکان.

ئەنجامەکان:

١-قوبـادی جـەلی زادە دەکـرێ بـە شـاعیری ڕەنگەکان بناسرێ.

٢-وشـە ڕەنگییـەکان مایـەی ئـەوەن کـە شـاعیر گـەرچی پێـش کۆمـەڵ دەکـەوێ بـەڵام یەکێکـە لـە کۆمەڵەکەی.

٢–قوبادی جەلی زادە، ٢١٤ وشەی ڕەنگیەکان و ئیدیەم و وشەی ناسادەی ڕەنگی بەکارهێناوە کە گوزارشت لەشێوەکاری وشە دەربڕین دەکات.

٤–ڕەنگ بۆ سیمای جیاکردنەوە و قووتکردنەوەو نزیککردنەوەی واتاکان بەکارهێناوە.

٥–سیفەتی ڕەنگی لەلای قوباد پابەند نییە بەکیلگەیەکی دیاریکراو، بەڵکو بەکارهێنانەکانیان دەگۆڕێ وجۆرە سوریالییەتێك لەپێکاتەی ریز بوونەکاندا دەبینرێ کە دووڕە لە لۆجیکیەتی واتاوە، ئەمەش سڕینەوە دەگرێتەوە.

تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە لەشەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتی سێهەمی وەرگرتووە.

سەرچاوەکان:

١–مانویل دوران، ١٩٨٠، شاعیر مجنون بااللون/لورکا/ ترجمە/ د. عناد غزوان اسماعیل و جعفر صادق الخلیل،بغداد.

٢–فەتاح مامە،١٩٩٨/ئیدیەم لەزمانی کوردیدا/ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین/ نامەی دکتۆرا.

٣–هۆگر مەحمود/١٩٩٣/ بواڕە واتاییەکان/ ئاداب/ زانکۆی سەلاحەدین/ نامەی ماجستیر.

٤–فایربیرون(١٣٧٣) خلاقیت در رنگ/ ترجمە جلال شباهنگی/ تهران.

٥–یوهانس ایتن(١٣٧٣) عناصر رنگ ایتن/ ترجمە حسن ملجائی/ تهران.

٦–قاسم حسین صالح(١٩٨١)سایکۆلۆجیە ادراك اللون والشکل/بغداد.

٧– احمد مختار عمر (١٩٨٢) الفەو اللون / دار البحوث العلمیة/الکویت.

گەلاوێژی نوێ

٢٥ی تەموزی ٢٠٠٢ فەیلەسوفی عەرەب (عبدالرحمن البدوي) لەتەمەنی ٨٥ساڵیدا کۆچیدوای کرد بەدەوی تەمەنی خۆی بەزگورتی بردەسەر، بۆ نمونە بیست ساڵی کۆتایی ژیانی خۆی لەئوتێلێکی پاریسا بردەسەر وکەسێکی گۆشەگیر بوو لە ئوتیلەکە دەرئەچوو لەدوکانێکی نزیکدا سەندەویچێکی دەخواردوو سەری لەباخچەیەکی نزیك دەداو دەگەڕایەوە بەدەوی بۆ میسری زێدی خۆیشی نەگەڕایەوە بەڵام کە کار گەیشتە ئەوەی لەهۆش خۆی چوو گەڕایەوە بۆ میسرو سێ مانگ لە نەخۆشخانەیەکی میسردا ژیاو پاشان کۆچی دوایی کرد. یەکێك لەو خەڵاتانەیشی کە پێشکەشی کراوە خەڵاتی موبارەکە بۆ زانستی کۆمەڵایەتی.

بەدەوی ساڵی ١٩١٧ لەدایکبووە ٨٥ ساڵ تەمەنی کردووەو زیاتر لە ١٥٠ کتێبی پێشکەش بەکتێبخانەی جیهانو عەرەب کردووە. لەسەرەتای سییەکاندا ئەها وسەین بە یەکەم فەیلەسوف میسری ناوئەبرد. ئەمیش هەر زوو ناوی لکا بە فەلسەفەی وجودیو هایدگەرەوە لەچاوپێکەوتنێکیشدا درکانی کە لەبواری وجودیەتدا ئەم پێش سارتەر کەوتووە بەدەوی لەپاڵ فەلسەفەدا بایەخێکی زۆری بە ڕۆشنبیرو فەلسەفەی کۆنو نوێی جیهان دەدا چەندین کتێبیشی لەسەر تەسەوفی ساغکردۆتەوە. وەك مامۆستایش، ماوەیەك لەزانکۆکانی میسرو لیبیاو کوێتو تاران وانەی وتۆتەوە بەڵام هیچ کات نەئەچووە کۆبوونەوەی مامۆستایانەوەو پێش وابووە کە زۆر لەو مامۆستایانە هی ئەوە نەبون دەرس بڵێنەوە. لەبارەی سیاسەتەوە بەدەوی بۆ ئەوە دەچوو کە فەیلەسوفو ڕۆشنبیر ناتوانن لە ناو کۆمەڵی سیاسیا هەڵکەن ئەگەرچی خۆی ماوەیەك لەبزووتنەوەی "مصر الفتاة" بووە. بەدەوی زۆر کەم خۆی لەکۆڕو ئامادەبون لەفێستیڤاڵەکاندا ئەداو لەو ڕۆشنبیرانەش نەبوو کە تێکەڵاوی روداوی سیاسیو کۆمەڵایەتی بێت. عبدالرحمن بەدەوی هەرچۆنێ ژیابێتو چ کەلەبەرێ کەوتبێتە ڕەوتێوە بەڵام دەبێت ئێمەی کوردیش باوەڕبەوە بکەین کە زۆربەمان لەڕێگای نووسینەکانی بەدەوییەوە لەفەلسەفە نزیکبوینەتەوە.

چەمکی نامۆبوون لەئەدەبیاتی ئەورووپی و لەشیعری نوێی کوردیدا

د.کەمال مەعروف

پێشەکی

لەم دواییەدا بابەتی نامۆبوون لەلایەن نووسەران و رۆناکبیرانەوە بایەخێکی یەکجار زۆری پێدراوە، خۆی لەهەموو سووچێکی چالاکی رۆشنبیری سەپاندووە، شوێنێکی بەرچاوی لەکتێبی رەخنەو شیکردنەوەی کۆمەلایەتی نوێدا داگیرکردووە، وەکو ئاستەنگێکی دیار لەکارە ئەدەبی و هونەرییەکاندا رەنگی داوەتەوە، فرە لێکۆڵینەوەی بەزمانی بیانی لەسەر نووسراوە، کە تێکڕا هەوڵی چارەسەرکردنی دیاردەی نامۆبوون و توێژینەوەی چەمکی نامۆبوون و پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئەم دیاردەیە دەخەنەڕوو. بەڵام بەزمانی کوردی شتێکی ئەوتۆ نەنووسراوە کە شایەنی باسکردن بێت، بۆیە ئێمە بە پێویستمان زانی کە تاوتۆی چەمکی نامۆبوون لەئەدەبی ئەورووپی و لەشیعری نوێی کوردیدا لەئەستۆ بگرین و تیشك بخەینە سەر ئەدەبی ئەورووپی، کە بەهەوێن و سەرمەشق دادەنرێت لەم بوارەدا، پاشان جەختکردنە سەر شیعری نوێی کوردی ئاماژەکردن بە نموونەی شیعری لەناوەوەی کوردستان و لەئاوارەیی و مەنفادا زۆر لەنووسەران و شاعیرانی شۆڕشگێڕ بەناچاری بەرەو تاراوگەو هەندەران سەری خۆیان هەلگرت.

پێناسەی چەمکی نامۆبوون

١-وشەی نامۆبوون لەزمانی ئینگلیزیدا (Alienation) ئەلیناشین و لەزمانی فەرەنسیدا (Alienation) ئەلیناسیۆنی پێ دەڵێن. بنەچەیەکی لاتینییان هەیە کە لە وشەی (Alienation) ئەلیناتۆ وەرگیراوە[١].

أ-چەمکی نامۆبوون لەبواری یاساییدا لەزمانی ئینگلیزی و فەرەنسیدا بەمانای گواستنەوەی مولکداری لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگەیەنێ.

ب–لەبواری پزیشکیدا بەمانای تێکچوونی عەقڵی دێت.

ج–لەبواری پەیوەندی نێوان کەسەکاندا، لەزمانی ئینگلیزیو فەرەنسیدا بەتێکچوونی پەیوەندیو دۆستایەتی نێوان دووکەس دەوترێت.

٢–لەزمانی ئەڵمانیدا واژەی (Entfremduag) بەمانای نامۆبوون دێت کە بەرامبەرواژەی (Alienation)ی ئینگلیزیو فەرەنسی دەوەستێ، کەمانای گواستنەوەی مولکایەتی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر نەك بەڕێگای یاساییەوە بەڵکو لەڕێگای دەست بەسەرداگرتنو دزی کردنداو، بەڵام گواستنەوەی مولکایەتی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر وشەی (Veroussenuag)ی پێدەڵێن[٢].

نامۆبوون لەزمانی ئەڵمانیشدا بەمانای تێکچوونی عەقڵی دێت، مانای تریشی بەئەڵمانی بە نابەدڵبوونی پەیوەندی نێوان کەسەکان دەڵێن.

لەفەرهەنگی نوێدا بەمانای نەمانی پەیوەندی مرۆڤایەتی پەیوەندی ماددی شوێنی دەگرێتەوە، مرۆڤ وەکو دەسەلاتێکی نامۆ هەوەسی کەڵو پەڵی بەسەر زاڵ دەبێ.

نامۆبوون لەدیدو بۆچوونی جوداوازەوە

١–نامۆبوون لای مارکسییەکان:–

ئەوی کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەم دیاردەی کۆڵیوەتەوە مارکس بوو، دەستووسەکانی ساڵی (١٨٤٤) لەسەر ئابووری سیاسیو فەلسەفی، ساڵی ١٩٣٢ باڵوی کردوونەتەوە، هەنگاوێکە بۆ ناساندنی چەمکی نامۆبوون، ژمارەیەك لە فەیلەسوفەکان پێش مارکس چەمکی نامۆبوونیان بەکارهێناوە، هەریەکە ناوەرۆکێکی تایبەتی پێبەخشیوە، مارکس بیری مرۆڤایەتی لێ گواستوونەتەوە، ناوەرۆکێکی نوێی پێ بەخشیوە، وەکو فەیلەسوفێکی مرۆڤایەتی ناڕەزایی



خۆی بەرامبەر بە نامۆیی مرۆڤ‌و لەدەستدانی خود دەردەبڕی، هەموو ئەو نووسینە نوێیانەی تر لەژێر کاریگەری کتێبەکانی مارکس لەدایك بوون، ئەو زاراوانەی کە پێش مارکس بەکارهاتوون، زاراوەی نامۆبوونە لەکتێبی گرێبەندی دەروونی (جان جاك رۆسۆ) بەو پێیە تاك نامۆبوونی خۆی بەکۆمەڵ دەبەخشێ. یەك لەبەندەکانی گرێ بەندی کۆمەڵایەتی نامۆبوونی تەواوە، لەلایەن هەر ئەندامێك کە بەشداری لەکۆمەڵ و وازهێنانە لەسەربەستی سروشتی، بەپێی ئەو تیۆرە مافەکانی سروشتی تاك تووشی نامۆبوون دەبێ و بۆ دەوڵەت دەگوێزرێتەوە، مرۆڤ کە پێشتر ئازادو سەربەخۆبووە، دەبێتە پاشکۆ و کۆیلەی دەوڵەت، مارکسیەت خەوش لەم تیۆریە دەگرێ و دەڵێ (شیکردنەوەیەکی میسالیانەیە بۆ پەیدابوونی دەوڵەت، بەو پێیە بنچینەی ئابووری کۆمەڵایەتی و شێوازی چینایەتی سەرخانی سیاسی فەرامۆش دەکات)[3].

بەڵام هیگڵ گفتوگۆی لەسەر زاراوەی نامۆبوون لەکتێبەکەیدا (دیاردەکانی عەقڵی تەواو) کردووەو دەڵێ (سروشتی مرۆڤ جووتە، تاك‌و کۆ خۆی دەنوێنێ، مەبەست لەسەرانسەر بنیاتی کۆمەڵایەتییە بەشتێکی عەقڵی دادەنێ، وەکو بابەتی عەقڵی مرۆڤ سەیری دەکات)[4] پاشان دەڵێ پەیوەندی مرۆڤ بە بنیاتی کۆمەڵایەتی، پەیوەندییەکی یەکەی تەواوی خێراو خۆکارە. لەهەمان کاتدا لەوانەیە ناکۆکی دروست بێ لەو کاتەدا مرۆڤ بۆ خودی خۆی دەگەڕێتەوە، بەو جۆرە تاکی جوداواز چێ دەبێ تاك سەیری بنیات وەکو شتێکی تر دەکات‌و لێی نامۆ دەبێ، ئەو دابڕانە لەبنیاتی کۆمەڵایەتی، یەك لەماناکانی نامۆبوونە لای هیگل. ئەم جۆرە نامۆبوونە، نامۆبوونی تر دروست دەکات، ئەویش نامۆبوونە لەخود، چونکە مرۆڤ بە بیروباوەڕی هیگڵ "بنەڕەتی عەقڵە، سەرانسەری فەرمانێکی بنەڕەتییە، چونکە شتی عەقڵی لەبنەڕەتەوەیە"[5].

مارکس ڕەخنە لە بۆچوونەکانی هیگڵ دەگرێت‌و دەڵێ:- "مرۆڤ دیارە لەخودە، بەڵام خود بەتەنیا مرۆڤ نییە"[6] پاشان دەڵێ:- "بیری نامۆبوون لای هیگڵ نامۆبوونێکی ناڕاستەقینەیەو ئەو ڕێگایەی کە بۆ نامۆبوون پێی گەییوە بیرێکی هەڵەیە"[7]. (لۆدفیج فویرباخ) کە قوتابی (هیگڵ)ە لەدەسنووسەکانی مارکسدا، شوێنێکی بااڵی هەیە، مارکس ڕێزی بیری فویرباخ دەگرێت‌و دەڵێ:- پرۆسەی گەڕانەوە بۆ ئایین شتێکی ڕاست نییە، چونکە چەمکی نامۆبوون جیاکەرەوەی بوونی مرۆڤ نییە بەڵکو پەیوەندی بە بوونی مرۆڤەوە هەیە"[8]

مارکس لەدەسنووسەکانیدا جەخت لەسەر سروشتی مرۆڤ‌و سروشتی کاردەکات و دەڵێ :- (کاری مرۆڤ، ژیانی مرۆڤە، وزەی لەش‌و گیانی تایبەتی کرێکارە، کە لەچالاکی کاری بەرجەستە دەبێ‌و لەخودی خۆی شتێکی نامۆدەبێ‌و بۆ کەسێکی تر دەچێت)[9] نامۆبوون لەکەسانی تر جۆرێکی گرنگی نامۆبوونە لای مارکس‌و باوەڕی وایە کە ئەم جۆرە ئەنجامێکی مسۆگەرە بۆ نامۆبوونی بەرهەم‌و نامۆبوونی کار لەم ڕووەوە دەڵێ:- (ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی واقیعی ئابوورییە کە مرۆڤ لەبەرهەمی کارەکەی‌و لە فرمانەکانی نامۆ دەبێ)[10] چونکە لەکۆمەڵگای شارستانێتی سەرمایەداریدا پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەجۆرێکە کە مرۆڤ لەگەڵ کەسانی تر نامۆدەبێ. مارکس دەڵێ نامۆبوون شتێکی سەروەری نییە، بەهاتنە کایەی ڕژێمێکی ئابووری کۆمەڵایەتی باشتر مرۆڤ ئازاد دەبێ، کە مرۆڤیش ئازادبوو، نامۆبوون ڕزگاردەبێ بەکورتی (نەهێشتنی مولکایەتی تایبەتی یانی نەهێشتنی هەموو نامۆبوونێکە)[11].

٢–نامۆبوون لای وجودییەکان:–

لەڕاستیدا بیری نامۆبوون شوێنێکی گرنگی لەبیری وجودیەکان داگیرکردووە، هەموو فەیلەسوفەو نووسەرەکانی وجودی لەوباوەڕەدان کە مرۆڤ لەو گەردوونە فراوانو بەرینەدا هیچ شتێکی نییە کە پێشکەشی بکات بەڵگو زیاتر هەست بەیەکەیو نامۆبوونی دەکات. (چونکە وجودیەکان بایەخ بە ژیانو بوونی واقیعی بەڵگەدار دەدەنو باوەڕیان بەگەوهەروچیەتی پێشوو نییە لەبوونی مرۆڤو، لەڕوانگەی وجودییەکان مرۆڤ کردگاری خودی خۆیەتی، سەرچاوەی هەموو فرمانەکانی لەخودی خۆیەوە هەڵقوڵاوە، خۆی خاوەنی چارەنووسی سەربەخۆیی خۆیەتی)[١٢].

فەلسەفەی وجودی بەسەر دوو چەشن دابەش دەبن، ئیمانداڕەکان وەکو (فەیلەسوفی دانیمارکی سورین کیرکجورد، فەیلەسوفی فەڕەنسی گابرێل مارسیل) بێ ئیمانەکانیش (فەیلەسوفی ئەڵمانی مارتن هیدگر، فەڕەنسییەکانیش سیمۆن دی بۆفوارو جان پۆل سارتر) نامۆبوون لەلایان سێ جۆرە، نامۆبوون لەخود، نامۆبوون لەکەسانی تر، نامۆبوون لەخواوەند.

(کیرکجورد) فەلسەفەکەی بەشێکە لەژیانی تەنیایی‌و دوورە پەرێزی، شۆڕشێکی دژ بە فەلسەفەی باوی چەرخەکەی راگەیاند، گالتەی بەهەموو فەلسەفەکانی زانستی کرد، کە مرۆڤ لەتێگەیشتنی مانای بوون قەدەغەدەکەن (گرنگ ئەوەیە بۆ بیری بوون بگەڕێتەوە کە لەناخەوە بیرێکی خۆیەتی‌و تاکە)[١٣]، بەلای (کیرکجورد) ژیانی کۆمەڵ دابەزینە لەبوونی راستی، کاریگەری لەسەر جێ دەهێڵێ (تاکو تەنیا بەشتێکی پیرۆز دەزانێ چونکە بەهۆیەوە دەگەینە راستی خود، کە دۆخێکی خوداوەندی هەیە)[١٤].

(کارل جاسپرز) دەڵێ:– (بوونی رەسەن تەنیا بەنامۆبوون لەکەسانی تر جێبەجێ دەبێ، لەسەر مرۆڤ پێویستە بەتەنیا بڕوا لەخودابکاتو ژیانێك دوور لەکەسانی تر بژیت، کە پارێزگاری یەکایەتی‌و سەربەخۆیی لەخۆ بگرێ.)[١٥]

(هیدگر) دەڵێ:– (بوونی راستەقینەی رەسەن، ئەو جۆرەیە لەبوون، کە بڕیاری پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی تر نییە، بەڵکو بڕیارەکان، بڕیاری مرۆڤن، هەڵبژاردەکانیش خۆی دیاریدەکات)[١٦].

(هیدگر) دەڵێ:– (بۆمان نالوێ درکێکی راست بەمانای بوون بکەین، ئەگەر بە ئەزموونی ڕاڕایی نەڕۆین، ڕاڕایەك کە راستەوخۆ نەبوونمان یاخود شیانی مردنمان بۆ دەدۆزێتەوە، مردنێك کە لەناخی بوونمانەوەیە، ئەم شیانە جێبەجێ بێ یان نەبێ لەدواڕۆژێکی نزیکدا لەوانەیە لەیەك کاتدا جێبەجێ بێ، ئەوا پێویستە پێی رازی بین، رازی بوونی خود بۆ بوونمان، کە بوونێکی کۆتاییە، مەرجێکی پێویستە لەبوونی رەسەنماندا)[١٧]، (سارتر) لەهەموو کارەکانیدا هەڵوێستێکی جێگیری هەیە، بەرامبەر بەو کەسانەی کە ئازادی‌و بەرپرسیاری تاکیان کپ دەکەن، دەڵێ (مرۆڤ، ناببێ بە مرۆڤێکی تەواو، ئەگەر درك بەتوانای کەسایەتی خۆی نەکات)[١٨]، لەبەرهەمی (بوون‌و نەبوون)دا دەڵێ:– (گەوهەری پەیوەندی باوی نێوان خەڵکان دووبەرەکی‌و ناکۆکییە، هەموو خودێك هەوڵ دەدات لە دەسەڵات‌و بەندایەتی خودی تر دەربازبێ)[١٩]، (وجودیەکان باوەڕێکی بنبڕیان هەیە کە مرۆڤ خەمۆکی قوڵە)[٢٠]، سارتر دەڵێ:– (ئەو کەسانەی کە دەڵێن ئێمە هەست بە ڕاڕایی‌و خەمۆکی ناکەین ئەوانە لەڕاڕایی خۆیان رادەکەن، فێڵ لە خودی خۆیان دەکەن، تێڕوانینی (فرۆید) لەمەڕ نامۆبوونی مرۆڤەکان بۆ چەندین کۆت‌و پێوەندی کۆمەڵایەتی کە هەر لەمنداڵییەوە دەخرێنە

گەردنی مرۆڤەکان ئەم کۆت‌و پێوەندانە وا لە مرۆڤ دەکات کە دووڕە پەڕێزو نامۆبێ)[٢١]، (فرۆم) لەڕوانگەی کەسایەتی خۆیەوە لەنامۆبوون دەڕوانێ، (بەلایەوە نامۆبوون جۆرێکە لەتاقیکردنەوەی کەسەکە کە خۆی بەنامۆ جوداواز لەکەسانی تر دەبینێ)[٢٢].

٣-نامۆبوون لای موسڵمانەکان:-

ئەم جۆرە نامۆبوونە هاوبەشە لەنێوان هەموو مرۆڤێکدا، هەموویان غەریبن لە دنیادا، دنیا تەنیا دەربەندێکە بۆ ئەوەی لەوێ بەرەو دنیای سەرمەدی بچن، (ياقوم انما الحياة الدنيا متاع، وأن الاخرة هي دار القرار)[٢٣].

(نامۆبوون لەئیسلامدا مانای دوورکەوتنەوەو دابڕانە لەجیهانی کۆمەڵایەتی، هەموو خۆشی‌و چێژێکی ژیان فەرامۆش بکات، بەتەنیا پابەندی ئایینی ئیسلام بێ)[٢٤]لە دواڕۆژدا پاداشتێکی گەورەی پێ دەدرێ. محەمەد (د.خ) دەفەرموێ:- بدا الإسلام غريباً وسيعود كما بدا فطوبي للغرباء[٢٥].

٤-نامۆبوون لەئەدەبی ئەوروپیدا:-

رەخنەگرو لێکۆڵەرەوەکان لەسەدەی بیستەمدا بایەخێکی زۆریان بەم جۆرە ئەدەبەداو توێژینەوەو هەڵسەنگاندنی زۆریان لەسەر کردووە، کولی ویلسۆن (Colin Wilson) کتێبە بەناوبانگەکەی (نامۆ) ساڵی ١٩٥٦ بەچاپی گەیاند، ئەم کتێبە هەرایەکی گەورەی نایەوە، هەرایەکەشی بۆ ئەو بابەتانە دەگەڕێتەوە کە کتێبی ناوبراو خستبوونیەڕوو، وەکو نامۆ مانای چییە؟ ئەو هۆیانە چین کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەو چۆنیەتی دەربازبوون لەم دیاردەیە، دیارە نامۆبوون گیرو گرفتێکی کۆنە، بەڵام پاش جەنگی دووەمی جیهانی لای لێکراوەتەوە، ئاشکرایە نامۆبوون رەگێکی گەڵێ کۆنتری هەیە، نەخۆشییەکە پەیوەندی بەخودەوەیە، داتلیشانی لەئەنجامی نەگونجانی لەگەڵ کۆمەڵەوەیە کە تێدا دەژیت، نامۆبوون لەئەدەبی واقیعی کۆنیشدا لای (بلزاك‌و مۆپاسان) دەبینرێن، (بلزاك) لە (کۆمیدیای مرۆڤایەتی)دا نەخۆشییەکانی کۆمەڵایەتی، لەرژدی، بەرچاوتەنگی‌و نزمی‌و دووڕوویی‌و هەروەها وێنەی کەسایەتی دوورە پەڕێزو نامۆی دوور لەکۆمەڵ دەکێشێ[٢٦]، (دوستۆیفسکی) لەبەرهەمەکانیدا لایەنی دەروونی مرۆڤی دوورە پەڕێزو دەروون پەشۆکاو دەخاتەڕوو کە ناڕەزامەندی دەردەبڕێ بەرامبەر بەو کۆمەڵەی کە تێیدا ژیان بەسەر دەبات[٢٧]. ئەدیب‌و شاعیرانی رۆمانسی لەهەموو کەس زیاتر نقوومی نامۆبوونن، کە لەبنچینەدا گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتییە کە هەستی تاك تووشی دابڕان دەبێ، ئەدیبی رۆمانسی، ئەدیبێکی نامۆیە، کە لەجیهانی خەون‌و خەیاڵ دەژیت، لەواقیع رایکردووە، کەناری گۆشەگیری‌و نامۆی گرتۆتەبەر، کولن ویلسۆن لەدیاردەی نامۆبوون دەدوێ‌و سیماکانی دەستنیشان دەکات‌و تابلۆیەك لەپاڵەوانی رۆمانی (دۆزەخ)ی نووسەری فەڕەنسی باربوس (Barbusse) پیاوێك گوند، بەجێ دێڵێ و روودەکاتە شارو لەبانکی پاریس وەزیفەیەك وەردەگرێت، لەژووری هوتێلێك بیر لە قوواڵایی خودی خۆی دەکاتەوە، ئارەزووی درککردنی راستییەکانیەتی لەناکاو راستی جیهانی دەرەوە لەپەنجەرە بچکۆلەکەیەوە روناکی ژوورێکی تەنیشتی دەبینێ، ئەم مرۆڤە نامۆیە کاتێ چاوی بەڕاستی دەکەوێ، وێنەی بوون لە تێڕوانینیدا دەگۆڕێ، دەتلێتە خودی خۆیەوەو جیهان هیچ بەهایەکی نامێنێ)[٢٨].

کەسایەتی (نامۆ) ناونیشانی هەمان چیرۆکی (ئەلبێر کامۆ)یە کە لەساڵی ١٩٤٢ بەچاپی

گەیاندووە، پێش کتێبی (نامۆ)ی (ویلسۆن) بەچواردە ساڵ دەرچووە، ئەوەی لە چیرۆکی (نامۆ)ی ئەلبێر کامۆدا هاتووە، تەنیا جەختکردن‌و دووبارەکردنەوەی چیرۆکی (هێڵنجدان)ی (سارتر)ە کە لەساڵی ١٩٣٢ بەدەرکەوتووە)[٢٩] پاڵەوانی چیرۆکی (هێڵنجدان) لەکەناری دەریا بەردێ دەخاتە دەریا کاتێ سەیری بەردەکان دەکات دەبینێ ترسێکی بەهێز چێ دەکەن، پاش ئەوەی ئەم تاقیکردنەوەیە دووبارە دەکاتەوە، بابەتێکی نامۆی لێ پەیدا دەبێ، لەناکاو رووی وەکو ماسیێکی لێدێت)[٣٠].

(نامۆ)ی ئەلبێر کامۆ دیمەنێکی رۆژی یەک شەممە خەڵکی بەرێگاوە بەرەو سینەما دەچون، رێگاکان لەدوای خۆیانەوە چۆڵ و هۆڵ بوون، باوەڕدەکەم فیلمەکە ئەوکات دەستی پێکردبوو، کەس لەشەقام نەمابوو، تەنیا خاوەن کتێب فرۆشەکان‌و پشیلەیەک لەشۆستەی بەرامبەری جگەرە فرۆشێک لەسەر کورسی دانیشتبوو، کورسیەکەم لەتەنیشت جگەرە فرۆشەکە داناو دوو جگەرەم بەبادا، پاش کەمێک ئاسمان گۆڕا، هەستم بە گەردەلوولێکی هاوینی کرد، نۆری پێ نەچوو ون بوو، بەدوایەوە هەورێکی تاریک بەبروسکە و باران شەقامەکەی داپۆشی)[٣١].

(فرانزکافکا)ی هونەرمەند هەستی بە نامۆبوونی مرۆڤ کرد لە بەرهەمەکانی دادگاو قەڵادا روونی دەکاتەوە کە بیروڕاتی رەگەزێکی بنبڕە کە مرۆڤ لەکۆمەڵ نامۆ دەکات، خودی مرۆڤ دەبێتە پێچراوێکی مردوو بەژمارەی پێچراوەکەی دەناسرێتەوە. (کاتێ مرۆڤ وەکو کەسێک بانگ دەکرێت کەس نییە بەڵگو حاڵەتێکە)[٣٢] (نیچە) بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕوون (نەبوونی) دیاریکردووە کە لەئەنجامی توانەوەی کۆمەڵگا چێ دەبێ، بەڵام دەبوایە ئاگای لەیاساکانی گۆڕان‌و پێشکەوتنی کۆمەڵ بوایەو دەرکی بەوە کردبا کە پەیوەندی سەرمایەدار داڕمییوە، نووسەری (العدمی) نەبوونی دەڵێ جیهانی سەرمایەداری جیهانێکی بەدبەختە، هەر ئەنجامێکی هەبێ کۆتایی دێت، هیچ سنوورێك نییە بۆ درندەیی ئەم جیهانە، ئەوەی پێی وایە کە ئەم دنیایە شایانی ئەوەیە کە لەپێناوی بژی‌و بایەخی پێبدەی کەسێکی گەمژەیە[٣٣] (رافائیل ئەلبرتی) دەڵێ هەموو شیعرەکانم پەیوەندی بە مەنفاوە هەیە، ئەو شیعرانەی لە ئیتالیام نووسی بەتایبەتی (ڕۆماترسناکە بۆگەڕۆکان، نزیکەی سێ کتێبم لە ئەرجەنتین نووسی سروشتی ئەرجەنتین کارێکی قوڵی لێکردم، مەنفا کاریگەرییەکی لەنەبڕاتی شیعرم جێهێشتووە)[٣٤] (غاوگسینغیانغ) لە شۆڕشی ڕۆشنبیری چینی تووشی گرتووخانە بوو، لە ساڵی ١٩٨٧ بەرەو مەنفای پاریس چوو، ڕۆمانەکانی (پیاوێکی تەنیا)و (چیای گیان) باسی ژیانی ئاوارەیی‌و ون بوون دەکات، خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشرا حکومەتی چین بەپیسوایی کردنی ئەدەبی چینی لەقەڵەمدا[٣٥].

نامۆیی و نامۆبوون لەشیعری نوێی کوردیدا

نامۆیی لەشیعری کوردیدا ڕەگێکی گەلێ کۆنی، ڕەهەندێکی جواغرافییە، پەیوەندی بەشوێن‌و کاتەوە هەیە، مرۆڤ کە لە وڵاتەکەی خۆی نامۆبێ کە ئاوارەبوو بۆ شوێنێکی تر زیاتر تووشی نامۆیی دەبێ، سوتانی شاعیر، سۆزو کڵپەی دەروونی وەکو کانییەك دەتەقێتەوە، نامۆبوونیش بارێکی دەروونی دەگرێتەوە، جا شاعیر لەناوەوەی کوردستان بێ یاخود لەدەرەوەی زێدەکەی بێ تا تووشی نامۆبوون دەبێ، باسەکەمان گەلێ پرسیار دەوروژێنێ، وەکو کاریگەری تاراوگە بەسەر شاعیرانی کوردەوە، ئایا ئەدەبی نامۆبوون لە شیعری کوردیدا وەکو پێویست سەری هەڵداوە، گۆڕینی ژینگە چ پەیوەندی بە

داهێنانەوە هەیە، بێشک گۆڕینی ژینگە ئاسۆو خەیاڵو بیری شاعیر فراوان دەکات، بەتایبەتی ڕووکردنە ئەوروپا، کە تا ڕادەیەکی زۆر ئازادییەکانی مرۆڤ دابین کراوە، خۆ ڕۆشنبیرکردنیش زیاتر گومانو پرسیاری لەلا دروست دەکاتو بەدوای زیادکردنی زانستو زانیاری دەکەوێ تاکو داهێنانی باشترو بەپێزتر بەئەنجام بگەیەنێ، تاکو داهێنانیش بالاتربێ، قەبارەی پرسیارەکانی بەرەو زیادبوون دەچێ، بەمەش پاڵە پەستۆی دەروونی زیاتر دەبێ، پێم وایە داهێنانیش پەیوەندی بە چەوساندنەوە نییە، چونکە ئەو بەرهەمەی لەکەشو هەوای تووندوتیژی دەبێ، مانەوەی بەتوندو تیژییەوە پەیوەندی دارە، بەڵام داهێنانی ئازاد پێویستی بەکەشێکی ئازادو زروفێکی ئازادەوە هەیە.

هەروەکو شێرکۆ بێکەس دەڵێت:- بێگومان لەسەربەستیدا دەتوانیت باشتر شت بدۆزێتەوە، باشتر سەرنج بدات، لەوێوە سەرنجدانە ڕۆژهەڵات هۆشیارییەکی تازەتری بۆ دروست دەکات لەڕێگای ئەو هۆشیارییە فیکرییەوە باشتر دەتوانین دەلاقەکان بۆشاییەکان، ئاڵۆگۆڕەکانی نێو ژیانی ڕۆژهەڵات ببینینو بیاندۆزینەوە[٣٦]. بەشێك لەشاعیرانی تاراوگە توانیویانە شیعرەکانیان بەکاریگەری بەرهەمی جیهانی موتوربە بکەنو سوود لە ئەزموونی دوورە وڵاتی وەربگرنو هەنگاوێك ئەدەبەکەیان بەرەو پێشەوە بەرنو وەرچەرخانێکی بەخۆوە ببینیوە، شاعیریشمان هەیە لەئاوارەییو مەنفا دەژیت بەڵام هیچ شوێنەوارێکی شارستانی پێوە دیارنییە، هۆکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەیتوانیوە بچێتە نێو ڕۆشنبیری جیهانییەوە، بۆیە لەدەورەی بازنەکە دەخولێتەوە، خۆی دەجوێتەوەو بەرەو خاوبوونەوە دەچێ، ئەزموونەکانی شیعری نوێی کوردی جوداوازن، بەشێکیان لەناو کوردستاندا خۆیان پێگەیاندوون، بەشێکی تر لەمەنفا پەرەی بە خوێندن داوەو ئاگاداری بەرهەمو بیری فراوانی ئەوروپیو گیانێکی نوێیان بە بەرهەمەکانیان بەخشیون، هەشمانە شێوازو تێڕوانینی لەبارەی ژیانەوە جیایە زیاتر بەرەو سۆفیزم چووە، خاڵی هاوبەش کە کۆیان دەکاتەوە، گەڕانەوەیانە بۆ شتە دێرینەکان، یادەوەری منداڵی، بەدواداچوونی رووداوو کارەساتە تراژیدییەکانی کوردستان، بەزۆری شاعیرانی کورد بەهۆی باری نالەباری سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییەوە ڕوویان کردۆتە دەرەوەو لەوڵاتانی ئەوروپادا گیرساونەتەوە، بەشێکی کەمی نەبێ بۆ مەبەستی خوێندنی باڵاو خۆپێگەیاندن ئەوروپایان هەڵبژاردووە، ئەگینا زۆرلێکردن پاڵی پێوەناون کە بەرەو تاراوگە بچن. دیارە کەشو هەوای نوێ، فەرهەنگی نوێ، ژینگەی نوێ، نامۆبوون بەرجەستەدەکەن، جا کە شاعیر نەیتوانی خۆی لەگەڵ ئەم بارودۆخە کە هاتۆتە ئاراوە بگونجێنێ، تووشی دوڕە پەرێزیو بێزاریو وەپەزبوون دێت، هەست دەکات نامۆیە لەگەڵ کۆمەڵ، دەوروبەر، سروشت، زمان، لەبەرهەمەکانیدا ڕەنگدەدەنەوە. بەقوواڵی ڕۆدەچێتە ناو ئەم ژیانەو مەینەتەکانی دووریی، ئەزموونەکانی غوربەت دەخاتەڕوو، شیعری نوێی کوردی لەدەرەوەی وڵات زۆرتر سۆزی غەمباریو ماتەمیو سوتانی شاعیری پێوە دیارە، شاعیران لەدەرەوەی وڵات تاڵو ناخۆشی زێدەکەیان لەیاد نەکردووە، لەزۆربەی شیعرەکانیاندا، دیاردە دزێوەکانی کوردستان دەخەنەڕوو، ڕەخنەی لێدەگرن، خەون بەکوردستانێکی ئازادو سەربەخۆ دەبینن، هەردەم لەبیری گەڕانەوەن.. چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر بەم جۆرە (سینوهە)ی میسری لەبارەی ئاوارەییەوە دەنووسێ:- شاربەدەری، کۆچ کردن، وڵات بەجێهێشتن، سەرهەڵگرتن، بارکردن،

ئەمانە زۆر لەئاوارەبوونیش کۆنترن، لەگەڵ ئەمەشدا بێگانە زیاتر لەخۆیان کەم دەکەنەوە بۆ ئاوارە. نەک هەوڵبدەن تێیان بگەن، دەمار تووندیو ناوچەگەریتی تەنانەت ڕێگە لەوەش دەگرن کە لێکۆڵینەوەی زانستیانە لەبارەی نامۆبوونەوە بکرێ[37]، (شێرکۆ بێکەس) لەهەموویان زیاتر چڕترو قوڵتر چۆتە ناخی نامۆبوونەوە، ئەمەش هەر لە (دەربەندی پەپوولە)و (خاچو مارو ڕۆژمێری شاعیرێ)ەوە کە هەمووی نامۆییو غوربەتو دوور وڵاتیان پێوەدیارە، تا دەگاتە (بۆننامە) کە پانتاییەکی گەورەی ژیانی پڕ لە نامۆبوونی شاعیر دەگرێتەوە، (لەم کارانەمدا من تەنها بەجەستە لەدەرەوەی نیشتمانم ئەگینا وەکی تر بەروحو ڕوانینو خەمو خولیاو خەیاڵەوە هەر لە ناوەوەی وڵاتم)[38].

لە(دەربەندی پەپوولە)دا، تەنیاییو ئاوارەییو سوتانی شاعیر دەبینرێت، ئەگەرچی شاعیر نامۆیە بەلەش، بەخاك، بەزمان بەهەموو شتێك، بەڵام نامۆیی شاعیر سەرچاوەی داهێنانەو ئیلهامی شیعری جوانە، شاعیر پەنا دەباتە بەر (با)ی (ستۆکهۆڵم) کە جەستەی لوول بداو بەخاکی کوردستانی ئاشنا بکات.

ئەگەر جار جار "با" هەڵبکات
ڕائەکەمو بۆ چەند ساتێ ئەچمە بەری
ئەڵێم بەشکوو ئەمجارەیان
ئا ئەم "با"یە
وەك ڕەشەبای سلەیمانی
بەپڕتاو بێو هەڵمبگرێو
تۆزێ خۆڵ بکاتە چاوم![39]

دیارە کەس بە ئارەزووی خۆی بەرەو تاراوگەو مەنفا ناچێ، چونکە مەنفا ئەوەندە سەختو دژوارە ئەوەی نەیبینێ نازانێ چ دۆزەخێکە، تەبۆری (Tabori) دەڵێ:- ئاوارە نە لەمێشکماو نەدڵما نەنووسرابوو، بەزۆر خۆم لەوزەوییە کردەوە، کە لەسەری بووم[40]، شێرکۆ بێکەسی شاعیر بارودۆخی دژواری کوردستان ناچاری کردووە ڕێگای مەنفا بگرێتە بەر، هەرچەندە سەفەرەکەی دوورو درێژ نەبوو، بەڵام تەنیایی سوید ئەوەندە ناخۆشە مرۆڤی ئاسایی دەهارێ چ جای شاعیرێکی هەست ناسکی وەك شێرکۆ. ناحەقی نییە ئەگەر تووشی نامۆبوونو بێزارییکی بێوێنە بێتەوە بەجۆرێ کە تەنیایی دڵۆپ دڵۆپ لەروخساری بتکێ.

ڕووبەری بەهاری کۆستێکم زۆربەرین
هەروەکو ئەستێرەی لێقەوماو لەشەوی باراندا
هەروەکو پەنجەرەی لێقەوماو لەوەختی شکاندا
بەرانبەر TV یەك دانیشتووم
سیمام قەت ئەوەندە ئاڵوودەی دڵۆپی تەنیاییم نەبووە
دەنگم قەت ئەوەندە هۆگری بارۆنی ئاسکەکەی هەنسکم نەبووە[41]

مرۆڤ کە نوقمی ئازارو مەینەتە گەورەکان بێو جەمسەری ژیانی لێتێك بچێ، مەرگ بەئاوات دەخوازێ، (فرۆید) دەڵێ :_ (کاتێ ڕاڕاییو نامۆبوون بەرزبێتەوە پاڵ بە مرۆڤەکانەوە دەنێت بۆ خۆکوشتن)[42]، شێرکۆ بێکەس لە (بۆننامە)دا وێنەی کۆمەڵە تابلۆیەکی جۆراو جۆری پڕ لەکارەساتی جەرگبڕ جەرگبڕ دەکێشێ، وەکو شەڕی ناوخۆ، گەڕانەوەی دیکتاتۆر، دوور وڵاتیو تەنیاییو بێهیواییو بێئارامی ئەم هەموو ڕووداووتراژیدیانە پەنگ دەخۆنەوە لەبۆننامەدا دەتەقنەوە.

لەشەڕی بەردو بەردەوە
بۆنێکی نوێ بڵاوبۆوە
بۆنی ئاو وەختێ ئەکوژرێ
بۆنی کۆست وەختێ ئەکوترێ
لەماچی دەنگو ڕەنگەوە

بۆنێکی نوێ بلاوبۆوە
بۆنی باران ئەو وەختەی ئاڵ هەڵ ئەگەڕێ
بۆنی شەهیدیش ئەو وەختەی کە باڵ ئەگرێ[٤٣]
شـــاعیر ئـــەوەندە ناڕەحـــەتو نامۆیـــە،
نامۆبوونەکەشی گەیشتۆتە دواپلەی خۆکوشتن..
بەڵام من خۆم هەر خۆم بۆخۆم لەنو دوورگەم
زەریا دەستی چەند درێژکرد
تـۆڕی شـەپۆلی فڕێـداو ئەوســایش نەگەیشـتە
نامۆییوم
بۆ مردنیش
بەراوردم مەکە لەگەڵ شاخو داخی نیشتماندا
بەرد قەت نامری، خۆڵ قەت نامرێ، ئاو ناکوژرێو
ئەوەی کە ئەمرێ هەر منم[٤٤]
(لەتیف هەڵمەت)ی شاعیر ناڕەزایی خۆی بەرامبەر
شەڕ دەردەبڕێ، کە چ ئەنجامێکی پڕ لەمەرگەسـاتو
ماڵوێرانیو تێکدەرانی لێدەکەوێتەوە، جا ئەم شـەڕە
نەگریسـە ئـەم رقو کینـەو گومـانو متمانـە بەیـەکتر
نەکردنـــە، شـــاعیر تووشـــی بـــێزاریو بـــێ ئـــارامیو
نامۆبوون دەکات.
کوا ماچە پڕ لەبروسکە خەندەکانت
ئەی ئاشتی شکۆمەند
کوا بۆ وەکو جاران دەست پڕ لەماچ نییە؟
دەپردی دڵنیایی لەنێوان برا ناکۆکەکاندا
داڕێژە
ئەی ئاشتی دڵ شکاو[٤٥]
لەکۆتاییدا شاعیر ڕوو دەکاتە بەڕپرسیارانو پێیـان
دەڵـێ چیـتر لـەپێناوی دەسـەڵاتو داراییـدا، مامەڵـە
بـەخوێنی یـەکتر مەکـەنو ڕێگـای ئاشـتیو تـەبایی و
هاریکـاری بگـرن کـە تاکـە ڕێگـــای پێشـــکەوتنو
شارستانیەتە.
ئەی پردی یەکێتیو برایەتی
نەمریە نەمریە نەمر

تۆ دەتوانی تفەنگەکان بکەی بەگوڵو
فرمێسکەکان بکەی بەخەندە
تۆ دەتوانی لووڵە تۆپەکان بکەی بەگاسنو
نانو گوڵە نێرگزی پێ دروست کەیت
نان بۆ هەموومانو
گوڵ بۆ عاشقان[٤٦]
(عەبدوڵڵا پەشێو) بروسکە چاندن کـەدوا بەرهـەمی
عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیرە پەیامێکـە بـۆ تێگـەیاندنی
کێشەی کورد بەدنیاو ناڕەزایی دەربڕینە بەرامبەر بـە
براکوژی، بـەبێ دەنگـی جیـهان، بـۆ ئەمـەش شـاعیر
هانای بردۆتە بەر شاعیری شۆڕشگێڕی کـورد حـاجی
قـادری کۆیـی، کـە بەشـیعرە ئاگرینـەکانی جـارێکی
هۆشـیاریان بکاتـەوە لـەناکۆکی دووریـان خاتـەوەو،
تاکو ڕێگای یەکێتیو تەبایی بگرنەبەر.
گوتم گەورە
من عیسانیم
چۆن زیندووت کەمەوە، بێژە؟
گوتی لێرە دەرم بێنە
دووبەرەکی لەشوێنەکەی من بنێژە[٤٧]
پەشێو بەشەوانە زۆر بیردەکاتـەوە، چونکـە بـەڕۆژ
تاقـــەتی نییـــە، بۆیـــە بەشـــێکی زۆری دیوانـــە
شیعرییەکانی ناونیشـانی شـەویان بـەخۆوە گرتـوون،
(شـەونییە خـەوتان پێـوە نـەبینم) (شـەونییە لێتـان
تووڕە نەبم)، (شەونامەی شاعیرێکی تینو)، زۆر جـار
شاعیران پەنایان بردۆتە بـەر ئەستێرە کـە لەشـەوی
تاریکیدا دەربازیان بکەن، کەچی پەشێوی شاعیر بـە
ئەستێرەکانیش نامۆیە، چونکە ئەستێرەکانی تاراوگە
تۆزێ لەئازارو برینەکانی شاعیر کەم ناکەنەوە، بۆیـە
بەجوداوازیان دادەنێ:—
چاوم لەئاسمان بڕیوە
گومانی ئەوسام ئێستا یەقینە
ئەستێرەناسی هەموو جیهانیش بەگژم داچن

ئەستێرەکانی دنیایی هەندەران
قەت لەئەستێرەی کوردستان ناچن[٤٨]

(فەرهاد شاکەلی) کە رێبوارێکی رێگـەی تەسـەوفە، لەهەردوو دیوانی ئەم دواییەدا، (نیگاری تۆ لەدیواری زیندانەکەم هەڵدەکۆڵم)، (هەموو رازی من ئاشـکرایەو هـەموو ئاشـکرای تـۆ رازە)دا رێبـازی سـۆفیزمی گرتۆتەبەر تـاکو خواوەندی تـاکو تـەنیا بەگـەورەیی خۆی دڵو دەروونی رووناک بکاتەوەو لەکێشەکانی کـە تـەنیایی‌و دوورە وڵاتییـە دەربـازی بکـات، پاککردنـەوەی دەروون گـەورەترین کـاری سـەربازی تەسـەوفە، (سـەهرەوەردی) دەڵێـت:- ئێمـە ئەگـەر بێتو خۆمان لە لەزەت وەرگرتنی لەش داماڵین نووری خـودا لـەدەروونمانا هـەڵدێت،[٤٩] بۆیـە سـۆفی تێدەکۆشێت کە ئەوەندە دڵی پاکبکاتەوە کە جێگای هیچی لێنەبێتـەوە تـەنیا ببێتـە جێگـەی هەسـتو ویستی چـاکو پـاک، لەڕوانگـەی مەعنەوییـەوە دڵ ناوەندی هەست‌و سۆزو ویژدانی مرۆڤایەتی‌و باوەڕە. بۆیە پێغەمبەر (د.خ) ئەفەرمووێ "قلب المؤمن عرش الرحمان"[٥٠،١١] واتـە دڵـی مرۆڤـی موسـڵمانی راستەقینە مەیدانی خودایە، کەمەبەستی نـووری خودایـە، جگـە لە رووناکی خودا دڵی هیچی تیا نەمێنێت، تاکو خودا بێتـە میوانـی‌و لـەدڵی جێگیربێت، ئەمـەش بـەڕێگای خواپەرستی‌و دەست لەهەموو خۆشـیەک هەڵگرتنـە، هەستکردن‌و تامکردن‌و چەشتنی ئەو خۆشییە بەدڵو دەروونـە واتـە چاوپێکـەوت بـە چـاوی دڵ دەبـێ کـە ئەوپەڕی نزیکبوونەوەیە لەخواوەند.

بەچاوی دڵ
دەڕوانمە وڵاتی رۆژهەڵات سەرنجی شەوستان دەدەم،
ناوی تۆیە
لەدرزی نێوان تاریکایی‌و روناکیدا
ئاوێنە ئاسا
وێنەی شەوو رۆژ دەنوێنێ[٥١]

زۆربەی شاعیرانی رۆژهەڵاتی ئیسـلامی پەنادەبەنـە بەر (مەی) کـە بـەفریای دەردو مەینەتـەکانیان بێـت، مەی‌و مەیگێڕ لای شاعیرانی سـۆفیزم وەکـو رەمزێـك بەکاردێت کەمەبەستی خواوەند دەگەیـەنێ، هەسـتی نـامۆبوون لـەدیوانی (هـەموو رازی تـۆ ئاشـکرایەو..) رەنگیانداونەتەوە، جا فەرهادی شـاعیر پـەنا دەباتـە بەر (ساقی)و (مەی) کە دڵە گرتوەکەی هێـورو ئـارام بکاتەوە، ئاشکرایە فەرهاد نەك (مـەی) بـەڵکو چـاش ناخواتـەوە ئەگـەر لەبـەر شـەکرەکەی نـەبێ. لەهۆنراوەی (کەلاوەی دڵ)دا دەڵێ:-

نەپشکۆیەك
نەچرایەك
کەلاوەی دڵ گەرم‌و رۆشن ناکاتەوە
بەم تۆف‌و یەم زستانە
هەرچی شیعرم هەیە دەیدەمە چۆڕێ مەی
گڕێ بەردانە دڵو گیان
دەپێم بڵێ
کوانێ رێگەی مەیخانە[٥٢]

(رەفیـق سـابیر) لـە (ژوانـی رووناك)دا لـەبارێکی گومـان‌و گومڕایـی‌و رۆحـی‌و ڕاڕایـی‌و سـەرگەردانی‌و ترس‌و نەهاتی‌و تەنیایی نەهامەتی دایـە، نەسـەرەتاو نـەکۆتایی دیارنییـە، زەمـەنێکی ون بـوو، کۆمـەڵێ پرسـیار لەلایـەن رەفیـق سـابیری شـاعیرەوە وروژێنـدراون، دووبارەکردنـەوەی دەیان جار وشـەی تـاریکی‌و رووناکی کەدوو رەمـزی سـواون سـەراپای دیوانـەکانی گرتۆتـەوە، بـەلای منـەوە بـۆ دوو هـۆ دەگەڕێتـەوە لەلایـەك لەمـەنفاو تاراوگـەدا تووشـی دابڕانی خود بووە، خودێك پێناچێت لەسـوید هەسـت بـەبوونی بکـات، لەلایـەکی تـرەوە رەگ‌و ڕیشـەی لـە وڵات هەڵکـەندراوە، ناشـتوانێ لەئـەوروپا خوێنـەر پـەیدابکات یـاخود کاریگـەری خـۆی بەسـەریاندا

بسەپێنێ، بۆیە فڕێدراوەتە دەرەوەی مێژووی خودی
وەک (عەتا قەرەداغی) واتەنی ناچارە لەهەموو شتێ
بێزاربێ بەهەموو شتێ نامۆبێ، لەم کۆپلەیەدا
بەدەردەکەوێ سەرلەنوێ دەگەڕێمەوە بۆ پەنایەکانی
ڕۆح، کە پڕن لەگومانو حەسرەت، پڕن لەپڕیو
بۆشاییو، مەودای نێوان خۆمو ئایندە بەپرسیار
دەتەنم، من کێم، لەکوێڕا هاتووم کە
سنوورەکانینێوان بوونو نەبوونم داپۆشیوە، من
چیم؟ کە ئەم بۆشاییەم پڕکردۆتەوەو سێبەرەکەم
ڕواڵەتی بوونمە !چۆن ڕێم کەوتۆتە ناو ئەم قوڵاییە؟
هەڵەبوو یان سیستەمی تەبایی دژەکان، ڕێکەوت بوو
یان سزا[٥٣]، دوای ئەوەی کۆمەڵێ پرسیاری
سەرلێشێواو دەوروژێنێ، سەرەنجام هیچ شتێکی بۆ
بەرجەستە نابێ تووشی وون بوونو نامۆبوون دەبێ،
بێهیوا لەنێو بازنەیەکی داخراودا دەمێنێتەوە.
هەردەبوو بەو دەمامکە خۆڵەمێشییەوە
خۆم ببینم کە وەک ئاگرێکی تاریک دەسووتام
هەست بەو بۆشاییە بازنەییە بکەم
کە لە بێئاگاییمدا
گەمارۆی دابووم[٥٤]
(قوبادی جەلی زادە) دیاردەی کۆچکردن ڕۆژبەڕۆژ
ڕوو لەزیاد بوونایە خەریکە دەبێتە کۆچکردنی هەموو
مااڵێك دیارە ئەم کۆچکردنە، خەڵکی تووشی
نیگەرانیو ناڕەحەتی کردووە چ جای شاعیران،
قوبادی شاعیریش هەستی بێزاری خۆی بەرامبەر بەم
کارەساتە ترسناکەو خەتەرناکە دەردەبڕێ کە هۆی
سەرەکیشی بۆ ناتەباییو دووبەرەکی نێوان کوردان
دەگەڕێتەوە، هەروەها بێکاریو بێئارامیو ترسو
دڵەڕاوکێ لەگەڕانەوەی داگیرکەرانو نەبوونی متمانە
بەدواڕۆژ ئەمانەو گەڵێ هۆی تر وای کردووە کە
خەڵکی بەشاڵاو ڕووبکەنە تاراوگە، لەو دوورە
وڵاتیەش تووشی دەیەها گیروگرفتی کۆمەاڵیەتیو
دەروونی دەبنەوە.
هەمووشمان لەنیشتمانی بێ نانو ماچ
بێزارین
ئەم ئێوارەیە بەدوو تەوقە لەگەڵ یەکدی دەکەینو
ماڵئاوا
کەچی لەسەر سنوورە سەرما بردووەکانا
لەپەککەوتوخانەو مووتاشخانەو مەیخانەو مێخانە
سیاحیەکانی
ئەوروپادا
پێکدەگەینەوە[٥٥]
قوباد لەدوا بەرهەمیدا کە بەناوی (هەمیشە ڕوو
لەخودا هەمیشە مەست)ە بچووکترین دیاردە
دزێوەکانی کۆمەڵی کوردەواری تا دەگاتە کارەساتو
ڕووداوە گەورەکانی بەشیعرو بەشێوازی تایبەتی
خۆی خستویەتیەڕوو.
پڕاو پڕ لەپۆپیتەی گەنیوی کیژۆڵە سونەتکراوەکان
حورمەکان
وەک دڕەختەکان بێ هەورو بێ باخەوان
مەمکەکان[٥٦]
(حەمە سەعید حەسەن) لەدوا بەرهەمی (نووسین
بەبێ وشە)دا تووشی بێزاریو نامۆیی بووە، کە
کوخێکی کوردستان بەکۆشكو تەاڵری تاراوگە
ناگۆڕێتەوە، ناحەقی نییە کورد وتویەتی ئەو شوێنە
خۆشە کە دڵی لێ خۆش بێ، چ لەدیمەنی جوان بکەم
کە گیانی تێدا مردووبێ، جا کە شاعیر هەستی
بەناڕەحەتی دڵو گیان کرد ئارامیو ئۆقرەی لێ
هەڵدەگیرێ، هیچ شوێنێك بەخۆیەوە ناگرێ تەنیا
زێدەکەی خۆی نەبێت.
کام کۆشکی رازاوەی
کام شاری دڵگیری تاراوگە
ئەوەندەی کەاڵوەی گوندێکی وڵاتم

ئارامی دەبەخشێ بەجەستەی ماندووم‌و
هێمن بەگیانی بێ ئۆقرەم[57]

(مەهاباد قەرەداغی) لە (هاژەی رۆح)دا کە دوابەرهەمی شاعیرە هەست بەنامۆبوون دەکات، لەو دۆزەخەی کە تێی کەوتووە، دیارە درەختی ئاوارەیی بێ رەگە، چونکە رەگەکەی لە ولاتی غەریبیدا شین نابێ نامۆیە بە خاکەکەی، جا شاعیر پەنا دەباتە بەر ئەستێرە کە دڵۆپ دڵۆپ خوێناوی خۆی بەسەر بپرژێنێ بەلکو گوڵ‌و گەلای داری ئاوارەیی ببوژێنێتەوە.

ئەگەر ئەمجارە هەڵهاتی، ئاوا مەبە
مەچۆرە ژێر پەڵە هەور
هەموو دەمێ سەرنجی ساوام بدوێنە
ئاوێکی رون بەسەر گوڵ‌و گەلای داری ئاوارەییم ببارێنە[58]

(بەختیار عەلی) لە ئەنجامی چۆڵکردنی گوندەکانی کوردستان، خەڵکێکی زۆر بەزۆرەملێ بۆ شارەکان گوێزراونەتەوە، بۆتە هۆی ئەوەی گوندێکی گەورە دروست بێ، نەک شارێکی ئاسایی، سیمایەکی پاشکەوتووی هەبێ، کە لەگەڵ کۆمەڵگای شارستانێتی نوێدا نەگونجێ، بەجۆرێ شار نفرۆی بێکاری‌و پرچەکی بووە، بۆیە شاعیر تووشی نیگەرانی‌و ناڕەحەتی‌و نامۆبوون دەبێ، نەدەتوانێ بۆ رابردوو بگەڕێتەوە‌و نە لەگەڵ ئەم ژیانە دواکەوتووەشدا هەڵبکا، جا تووشی دڵە راوکێ‌و ڕاڕایی‌و بێزاری دەبێ، ئەگەر سەیری کۆمەڵگای رۆژهەڵات بکەین، دەبینین خاوەنی سیمایەکی پاشکەوتووە، چونکە سیاسەت بالادەستە پشت بەرای گشتی نابەسترێ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ نامۆبێ بەرامبەر بەم زروفە نالەبارە کە دەبێتە هۆی کۆچکردنی خەڵک بەرەو هەندەران.

ئاه، ئەی شاری ئاوێنەبەند، بەخوێن‌و خەڵوز خیانەت پڕ چەک
بەفرمێسک‌و عەشق‌و تەنهایی پڕچەک
من ئەو دەربەدەرە بێ ئیشەبووم
لەسێبەری بییە کافرەکانتا وێستم پشوو بدەم
کۆچم کرد تا لە ئەفسوونی شتەکان بگەم
بەڵام لەبەردەم کڵپەکانتا کوێربووم[59]

(نەوزاد رفعەت) لەدوا بەرهەمی (هەژانی بەرد)دا شاعیر وەستانێک لەنێوان یادەوەری مندالی‌و ئێستادا دەکات، جاران چەند بەختەوەر دەبوو کە تەیارۆکەی دەگرت‌و دوای تۆزێ چێژ لێوەرگرتن ئازادی دەکردن، کەچی ئێستا هیچ شتێ زەوقی نەماوە چونکە لەلایەک وێست‌و ئارەزووەکانی نەهاتۆتەدی‌و لەلایەکی ترەوە بیرەوەریەکانیشی پێشێل کراون، بۆیە شاعیر هەست بەناڕەحەتی دەکات‌و تووشی نامۆبوون دەبێ:

ئێستا دیتنی دیمەنی (تەیارۆکە)ی
ئەم وەختانەی پایزان هیچ چێژ نابەخشن
لەدەروندا شەوق نین‌و
لەخەیاڵدا ناکەنەوە پەنجەرەیێکی ئۆخژن
(تەیارۆکە)ی سوورو زەردباوو سەوزو شین
دەتلانەوە‌و بەدەستمانەوە دەلەرزین
پاش تۆزێ لێ وردبوونەوەش پاش تاوێ هەوەس‌و خۆشیش
من بەڕەڵڵام دەکردنەوە‌و ئازارم پێ نەدەبەخشین[60]

پاشان شاعیر ناسنامەی تێکدەران ئاشنا دەکا، کە لەلایەن خاپوورکەرانی بەهەشتییەوە ئەنجام دەدرێن کە پاشخانێکی پڕ لە شەڕانگێزی‌و ئەنفالیان بەدیاری بۆ بەجێهشتووین، لەپێناوی مەدالیای ون بوودا دەجەنگن‌و هەموو جوانییەکی سروشت دەشێوێنن وەک نەیرۆن کە ڕۆمای جوانی سوتاند..

ئەم قۆزاخە ئارامەشیان لێ شکاندم

ئەم خانووچکە ناوازەشیان گەمارۆدام
جا خاپوورکەری بەهەشتی
منداڵی‌و بیرەوەریی کۆن
دۆزەخی ترن یا.. نیرۆن؟[٦١]
(عەباس عەبدوللاّ یوسف)و پشیلە، دیارە پشیلە لەکۆمەڵگای ئەوروپادا شوێنێکی تایبەتی هەیەو خاوەنی ناسنامەی خۆیەتی، مولکایەتی تایبەتی، خەڵکی گیرۆدەی گۆشەگیری‌و دوورە پەرێزی‌و بێزاری‌و تەنیایی‌و دابڕان لەکۆمەڵ دەکات، بەشێکی زۆری هەست بەنامۆبوون‌و نیگەرانی دەکەن، بەناچاری بەدوای هاوڕێ دەگەڕێن کە لەم ژیانە دژوارەو پڕ مەینەتە دەربازیان بکات، بۆیە پشیلەو سەگ دەکەن بەدۆست‌و ژیانی لەگەڵ بەسەردەبەن، زۆر لەشاعیرو ئەدیبان شیعرو رۆمانیان لەسەر ئاژەڵ نووسیوە، کەچی لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی دواکەوتوودا نەك ئاژەڵ، بەڵکو مرۆڤیش بەهاو رێزی لەدەست داوە، بۆیە شاعیر نامۆیە نامۆبوونیشی لەهۆشیارییەوە سەری هەڵداوە، لەکۆمەڵگای دواکەوتوودا هەست دەکات وەکو پێویست هیچ بایەخێکی پێ نادرێت.

ئەو ناندێنەم ناوێ
ئەو خانووەم ناوێ
ئەو گەراجەم ناوێ
ئەو شارەم ناوێ
ئەو ولاّتەم ناوێ
کە پشیلەی تیا نەبێ[٦٢]

لەپشیلەو سەگدا فێری فەلسەفە دەبین، فەلسەفەی وەفاو دڵسۆزی‌و دڵنەوایی، ئەوەی لەگەڵ پشیلە نەژیت، نازانێ چەند زانایە، چۆن بەشداری خۆشی‌و ناخۆشیت دەکات، بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ ئەو پەندە نیم کە دەڵێ، پشیلە سپلّەیە، ئەوەندە هەیە پشیلە سەربۆکەس دانانوێنێ، لەژۆرشت بەقسەی خۆی هەڵس‌و کەوت دەکات، لەمانگی رەشەمەدا جنس وەبیرمان دەهێنێتەوە.

هەرنەبێ پشیلە لەجیاتی من مشکان دەکوژێ
هەرنەبێ پشیلە ناوکە سەموونم دەخوا
هەرنەبێ پشیلە مانگی رەشەمەم وەبیر دێنێ
هەرنەبێ پشیلە مردە هەوەس زیندوو دەکات
هەرنەبێ پشیلە فێرە پرسی فەلسەفیم دەکا[٦٣]

(رۆستەم باجەلان) لەدوا بەرهەمی (غەریب)دا، کە هەمووی قەسیدەیەکی درێژە بەناوی (غەریب) لەنامۆبوون دەدوێ، کۆمەڵە تابلۆیەکی جۆراو جۆرە لەکارەسات‌و تراژیدیانەی کە بەسەر گەلەکەمان هاتووە، وێنەکان دەتەقنەوە، شاعیریش تووشی رامان‌و نامۆبون دەبێ، لەیەکێك لەتابلۆکان بەراوردێك لەنێوان منداڵانی دنیاو منداڵانی کورد دەبینرێن، هەست دەکا کە منداڵان لەدنیای دەرەوە هەموو شتێکیان بۆ دابین کراوە، لەوپەڕی خۆشی‌و شادیدان، کەچی لای ئێمە لەماڵی خۆی ئاوارەیە، لەکوردستانی خۆی ئاوارەو دەربەدەرەو لەسەر شەقام‌و کۆڵانەکاندا خەریکی فرۆشتنی جگەرە کاسبی کردنن، ناحەقی نییە کە شاعیر تووشی نامۆبوون ببی، چونکە نەوەی دوا رۆژ منداڵە بەو شێوەیە پەروەردەبێ:

کەدەست بۆ خامەکەم دەبەم
ملیۆنەها منداڵی ئاوارەی
رەش‌و
سپی
تێم دەوروکێن
لەبەر چاوما دەڕۆن‌و دێن
داوام لێدەکەن وێنەی غەریب ناویان بکێشم
روحێکی کۆپی کراو، لەتەنی چارەنووس
دواڕۆژیان هەڵکێشم[٦٤]

نامۆبوون لەحاڵەتێکی دەروونییە، مرۆڤ تووشی دیاردەی نامۆبوون دەبێ، چ لە کوردستان بێ یاخود لەتاراوگەو مەنفا بێ، نامۆبوونی کوردستانیش پەیوەندی بەو زۆفە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەوە هەیە کە بەسەر کوردستاندا تێدەپەڕێ، دواڕۆژ دیارنییە، جەمسەری شتەکان ئاڵۆزن، جا زۆر شتێکی ئاساییە کە شاعیر هەست بەنامۆبوون بکات.

ئەمڕۆ دونیێ نییە
هەرلێرەشەوە گوێم لە زایەڵەی دەنگێکەوە گرتووە
بەنامۆییەوە ئەم گۆرانییە لەبەر خۆیەوە دەچڕێ
ئەوا هەر غەریبم، غەریب
نەسەرەتام دیارە، نەکۆتایی
نەخاکم هەیە، نەئاوارەیی[٦٥]

(کەریم دەشتی) لەدوا بەرهەمی (پیانۆی ڕۆژهەڵات)دا چەند قەسیدەیەکی وەکو (حەڵاڵتر لەشیری دایك)، (ئەی دژوارترین دۆست)، (شەقامی ئاسمان)، (تائەبەد خاچ)دا، شاعیر تووشی نامۆبوون بووە بەرامبەر بەخاپوورکەرانی بەهەشتی کە ئەم هەموو خراپەیان ئەنجام داوە، جوانی مندااڵیان شێواندووە، لەسایەی ئەوانەوە ژیان بەدۆزەخو زیندان دەزانێ

من هێندە موبتەلات نیم ئەی سەرشار لەجودایی
چونکە هەموو ئەو تەمەنەم لەمەنفای ئەم
جودایییە بەڕێکرد
ئەی خۆشترین زیندان
ئەی زیندانی ترین خۆشی
وەرە شمشێری دەست فرێدە
بابچینەوە تەمستانی بخوری کڵێساو ئاوێنەی بەهەشتی[٦٦]

شاعیر بێزارە لەو هەموو ناخۆشییەی تێی کەوتووە، بۆ ئەمەش پەنای دەباتە بەرمەی کە بەفریادی بێ، تۆزێ ئارامی بکاتەوە:

ئەی دژوارترین دۆستو ئەی دادرەسترین پەنجەرە
نازانم من ئێستا ئەو دڵەم لە عیشق چکی کرد
جەستەشم تەژی بوو لەگەڵای رزیوی بێزاری
فریام کەوە ئەی دادرەسترین جامی خودایی[٦٧]

(چنوور نامیق حەسەن) شاعیر بەدەست ئازارو جەنگو کارەساتەکانەوە نامۆیە، نازانێ سەری خۆی بۆ کوێ هەڵبگرێ، ڕووبکاتە کوێ، شەڕ هەموو شوێنێکی ولاتی تەنیوە، بەناچاری خەڵکی لە مەنفایەکەوە بەرەو مەنفایەکی تر خەریکی سەفەرکردنو لە بازنەیەکدا دەخولێنەوە.

کۆچ بەرەو کوێ ترس کۆچەری ترین هەستە
لەدامێنی ئەم بارانە بازنەیی بانە
ڕێگاکان هەنگاوی برسی ماچ ئەکەن
کێ لە هەڵقوڵینی ڕێ ئەکا
ئەی ئێمە بخزێنە بن کام بەردەوە
تا ناوی لێ بنێین ولات[٦٨]

دیارە لەبەر بێ ئارامیو ناڕەحەتی ولات، باڵندەکانیش ولات بەجێ دەهێڵن بەرەو شوێنێکی تر خۆ دەرباز دەکەن، حاجی لەق لەق منارەی چۆڵی بەجێهێشتو بڕیاری داوە تاکو ئاشتیی سەرانسەری سەقامگیر نەبێ نەگەڕێتەوە:

خۆدەربازکەین
تەنانەت باڵندەکانیش
جارێکی دی بۆ بناری ژانە چیاییەکانی
حەسرەت نایەنەوە[٦٩]

(پشکۆ نەجمەددین) دوا بەرهەمی (لەتێك غوربەت لەتەمەندا) پڕن لە سۆزی غوربەتو نامۆیی، تاراوگەلای شاعیر مەرگەساتە، بێزاریو تەنیاییە، بۆیە جەنتای دەپێچێتەوە بەرەو کوردستان دەگەڕێتەوە،

لەگەڕانەوەیدا تووشی بـێ هیوایـی‌و نـامۆبوون دێـت،
نامۆبوون لەهەموو شت‌و دیاردەکانی کۆمەڵ.
جانتای شانی گەڕانەوەم تەواو خاڵیی
نەڕازێکی دەم بەبزە
نەتاڵێك پرچی دایکم و نەمشتێك خاکی نیشتمان
هیچ
هەر هیچی تێدانەبوو
دواتر زانیم
جیهانی من گۆڕستانێکی گەورەیە[70]
شاعیر لەهـەموو شـتەکان نـامۆ دەبـێ، بەتـەنیا
تیشکی گـۆڕی دایکـی کـە هیـوای جـارێکی تـر پـێ
دەبەخشێتەوە و ئارامی دەکاتەوە
دوو ساڵ پاشتر
لەقوڵایی چاوەکانتا تیشکێك هەڵبوو
گەرم وەك خۆری شارەزوور
هێمن وەکو تریفەی مانگ
لەنێو مێرگی چاوەکانتا
گوڵجاری گوڵ خەرمانەی دا[71]
(کـەمال مـیراودەلی) گەشت یـان هێلانـەکانی سـەر
درەختـی رەشـەبا، گەشـتێکە بـەڕابردوو و ئێسـتای
گەلەکـەماندا، رابـردووی پـڕ تراژیدیـاو مەرگەسـات‌و
ئێستای پـڕ لـەگومان‌و تـرس‌و نەهامـەتی‌و نادیـاری‌و
رەشبینی‌و برسێتی‌و بەڕەڵاڵیی‌و هیلاکی.
تاریکایی دەبارێ
تاریکایی هەڵدەقوڵێ
تاریکایی وەك شەپۆل
وەك شاڵاوی تاعوون رادەکشێ
سەوڵ لێدە، سەوڵ لێدە[72]
لەکۆتایی گەشتەکەیدا شـاعیر دەگاتـە ئـەنجامێکی
راسـت‌و دروسـت کـە دەربـازبوون لـەم هـەموو
مەرگەساتانە، تـەنیاو تـەنیا بەپشت بەخۆبەسـتنە،
بەوازهێنانـە لـەناکۆکی خۆمالیانـە، بەمتمانـە بـەخۆ

کردنە، ئینجا دەتوانـین هێلانەیـەکی بچـووك، سـادە،
هێمن بۆ خۆمان چێ بکەین.
دەبێ لەسەر دووپێی خۆم بوەستم
دەبێ بەتەنیا ئەم گەشتە ئەنجام بدەم
دەبێ قۆڵم بکەمە سەوڵ
چاوم بکەمە دووربین
خوێنم بکەمە خوێ
دەبێ گۆشتی رانی خۆم بخۆم
هاتو نەهاتی خۆم یەکالا بکەمەوە[73]
ئـەنوەر مەسـیفی لەشـیعری (پێـلاو)دا، شـاعیر
سێرکی بەتاڵی دەکا نامۆبوونی خـۆی لـەناو بـەتاڵیدا
پێشان دەداو هەروەها تێکـەڵاوی نـامۆبوونی خۆشـی
دەبـێ، زۆر هونەرمەندانـەش سـێرکێکی پـڕ لـە
نـامۆبوونی دروست کـردووە نـامۆبوونی ژنـە، گـا،
ئاسنبێژ، ئـایین، قـەبر کـە بـەنامۆبوونێکی کـەونی
پێناسـەبکرێ، کـە ئەمـەش خـۆی لـەخۆیدا بەشـێکە
لەنامۆبوونی مانەوە:—
بۆ ئەو پێڵاوەی
کە لەبەتاڵی لەناو ئاوە کافرەکانم نا
ئاسنبێژ لەبەتاڵی
باران دەخۆنەوە
لەبەتاڵی کەونیان
لەسەر قەبری بەتاڵدا
لەبەتاڵی قەمبوورم[74]
لـەکۆتاییدا شـاعیر پێشـبینی هـاتنی (پـەڕەموویج)
دەکا بۆ ئەوەی فەرامۆشییەك بەو نامۆبوونەی بدا.
پەڕەموویج دێ
کەونەکان پڕدەکا
پەڕەموویج دێ
قەبرە بەتاڵەکان پڕدەکا
پەڕەموویج دێ
ئاوە کافرەکان پڕدەکا[75]

(هاشم سەرپاچ) لەدوا بەرهەمی (گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس)دا لەشیعری (مەرگو جوانی)دا شاعیر لەبەرامبەربووندا تووشی نامۆبوون دێ، پێیوایە بوون بەخودە جوانو بەدەکانیدا شتێك نییە، هەرئەوەندەت زانی لەپێش چاو بزرو ون دەبێ.

کێ دەڵێ
سەحەرێك لەهێڕا
ئێوارەیەك لەناکاو
خێرەتی وجوودت تێکنانێ
بێ چییە
مانّاوا ئەی خودە جوانەکان
ئەی خودە
دژوون و بەدەکان[٧٦]
بەڵام خودەژوون و بەدەکان بەرەو مەرگ دەچن و
فڕێدەدرێنە دەرەوەی مێژوو، خودە جوانەکانیش
بەنەمری دەمێننەوەو پەیکەریان بۆ چێ دەکرێ:-
بوەستە بەرامبەر پەیکەرێ
کە هێشتا
روخساری سەردەمی منالّی دەلەرزێ[٧٧]

(سەباح رەنجدەر) لەدوا بەرهەمی (رووەکەکانی خوداوەند)دا، لەقەسیدەی (مەرگو ئاوێنە)دا ناکۆکە لەگەڵ ژیانو بوون پێیوایە کە بوونو لەدایك بوون، زوڵم لەمرۆڤدەکەن، ئەمەش لەوەوە دێت کە شاعیر بەرامبەر بەم ژیانە سەختو دژوارە هەست بە نامۆبوون دەکات، هەست دەکات ژیان ئیرادەی لەدەست داوە، مرۆڤ خاوەنی خودی خۆی نییە، وەکو ئامێرێکی بێ گیانی لێهاتووە، هەموو خودو بەهاکانی دەدۆڕێنێ بەجۆرێ وەکو لاشەیەکی مردووی لێدێ.

تەرمێك لەسەر شوستە پاکەت دەفرۆشێ[٧٨]

(بەڕێز ئاکرەیی) شاعیر لەبەرهەمی (لەودیو شەوی پەیڤەکانەوە) هەمووی لەبابەت نامۆیی شاعیرەوەیە، شاعیر لەترسی تۆقاندن، رووی کردۆتە مەنفا، لەتاراوگەش ئەوەندە بێزارە، ئەم بێزاریەش لەوێنەیەکی زۆر جوان بەرجەستە دەکاتو دەڵێ:

لێرە ژیان
دەفتەرێکی دڕاوی بەر رەشەبایە[٧٩]

ئەنجام:

لەگەڵ دۆزینەوەی زانستی نوێو دواکەوتنی درکی کۆمەڵایەتی، زیاتر هەستی نامۆبوون روو لەزیادبوون دەکات، چونکە مرۆڤی ئاسایی لەجیهانی پێشکەوتوودا هەست بە ئارامی گیانی ناکات، بەتایبەتی جیهانێك کە تەنیا زاناکان تێی بگەنو خەڵکی هەست بەنامۆبوون دەکەن، کاریگەری لەئەدەبو هونەری سەدەی بیستەم لەئەوروپادا بەئاشکرا دیارە لەبەرهەمەکانی (کافکا) لەبەرهەمی سوریالیەکان، لەکۆمیدیای (صموئێل بیکت) لە شیعرەکانی (البیتینیکس)ی ئەمریکی، لەئەدەبی عەرەبیشدا، ئەدەبی مەهجەر بەنموونەی ئەدەبی تاراوگە دادەنرێت، بەڵام لەشیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا، هێشتا ئەدەبی تاراوگەی تێدا دروست نەبووە، چونکە شاعیرانی کورد لەدەرەوە نەیان توانیوە وەکو شاعیرانی عەرەبیو ئەوروپی بچنە ناو جیهانە رۆشنبیریەکەوە، هەندێکیان لەدەرەوەی مێژووەکەن، بەشێکی کەم تۆزێ کاریگەری ئەدەبی ئەوروپی پێوە دیارە، بەڵام هێشتا ماویەتی بگاتە ئاستی پێویستو شاعیرانی کورد لەتاراوگە زیاتر هەستو سۆزی نامۆییو غوربەت لەبەرهەمەکانیان دەبینرێن، شاعیرانی کوردستانیش هەستی نامۆبوون بەسەریاندا زاڵە، ئەمەش زیاتر بۆ باری کوردستان دەگەڕێتەوە.

تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە لەشەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا خەڵاتی سێهەمی وەرگرتووە.

سەرچاوەکان:

[1]-Aalto anneaux, Encuclopedia, Universalis, Volume I, paris, 1970, P.66.

[2]-Meyers Universal-Lexikon, Band I, veb Bibliographisches instiut, Leipzing, 1980, p.634.

٣-سيرغى /بوبوف/ ترجمة نزار عيون السود، الاشتراكية والنزعة الانسانية، دار دمشق بيروت، ص١٥.

٤-مجاهد عبدالمنعم، مجاهد، الانسان والاغتراب، سعدالدين للطباعة والنشر والتوزيع- ط١، دمشق ١٩٨٥، ص١٣٥.

٥-ريتشارد شاحت، ترجمة كامل يوسف حسين، الاغتراب، المؤسسة العربية للدراسات والنشر-ط١، بيروت ١٩٨٠، ص١٠١.

٦كارل ماركس، ترجمة الياس مرقص، مخطوطات ١٨٤٤، الاقتصاد السياسى والفلسفة، منشورات وزارة الثقافة دمشق، ١٩٧٠،ص٢٧٥.

٧-نفس المصدر السابق، ص٩٤.

٨-نفس المصدر، ص٢٠.

٩-نفس المصدر، ص١٨١.

١٠-نفس المصدر، ص١٨١

١١-نفس المصدر، ص٢١٤.

١٢-سيمون دى بوفوار-ترجمة جورج طرابيشي، الوجودية وحكومة الشعوب، دار الاداب، بيروت، ١٩٦٢، ص٣١.

١٣-د. زكريا ابراهيم، الفلسفة الوجودية، دار الوثية، دمشق، ص٣٣.

١٤-د. فوزية ميخائيل، رسورين كير كجورد ابو الوجودية، دار المعارف، ص٨٠.

[15] رمضان لاوند، وجودية و وجوديون، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت، ص١٠٩.

١٦- ريتشارد شاحت، ترجمة كامل يوسف حسين، الاغتراب، المؤسسة العربية للدراسات والنشر بيروت، ١٩٨٠، ص٢٦٣.

١٧- نفس المصدر، ص٢٦٤.

١٨- ر.م. البريس، ترجمة سهيل ادريس، سارتر والوجودية، دار العلم للملاين، بيروت، ١٩٥٤و ص١١٤.

١٩- جان پول سارتر، ترجمة عبدالرحمن بدوي، الوجود والعلوم، منشورات دار الاداب، بيروت، ١٩٦٦، ص٥٨٨.

٢٠- جان پول سارتر، الوجودية مذهب انساني، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت، ١٩٧٨، ص٤٨.

٢١- عدنان عبدالرحيم ، فرويد والطبيعة الانسانية، دار الحقائق، بيروت.

٢٢- محمود رجب، الاغتراب، مطبعة الاطلس، الاسكندرية، ١٩٧٨.

٢٣- صورة غافز، أية ٣٩.

٢٤- الدكتورة سميرة سلامي، الاغتراب في الشعر العباسى، دار الينابيع، دمشق ٢٠٠٠، ص٢٥.

٢٥- رواد مسلم، ج١،ص١٣٠.

٢٦-د. محمد زكي العشماوي، الادب وقيم الحياة المعاصرة، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٠، ص٥٢.

٢٧- نفس المصدر السابق، ص٥٣.

28-Colin Wilson, the outsides, 1956, p.29.

[29]- روبيردى لوبية، ترجمة د. سهيل ادريس، كامو والتمرد، بيروت ص١٢-١٣.

٣٠- جان پول سارتر، الغثيان، ترجمة د، سهيل ادريس، بيروت، ١٩٦٢، ص٢٩.

٣١- روبيردي لوبية، كامو والتمرد، ص٩٦.

٣٢- ارنست فيشر، ترجمة اسعد حليم، ضرورة الفن، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، ١٩٧١، ص١١٠.

٣٣-نفس المصدر السابق، ص١١٣.

٣٤- الحياة اللندنية، العدد ١٣٥٦٦-٢٠٠٠.

٣٥- الحياة اللندنية، العدد ١٣٧٨٦-٢٠٠٠.

٣٦- شێرکۆ بێکەس ، ئەزمون، سلێمانی،٢٠٠١،ل١٥٣.

37- Games whitlark and wendell Ay cock, The Literature of Emigration And Exile, United states of America, 1992, P.1.

٣٨-شێرکۆ بێکەس، ئەزمون، ل٣٩٩.

٣٩-شێرکۆ بێکەس، دەربەندی پەپوولە، ئاپێك، ستۆکهۆڵم، ١٩٩١، ل١٢٣.

40- The Literature of Emigratioon and Exile, p.l.

٤١ شێرکۆ بێکەس، خاچو مارو رۆژژمێری شاعیرێ، چاپەمەنی خاك، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٣٤٦. -

٤٢- عدنان عبدالرحيم، فرويد والطبيعة الانسانية، دار الحقائق، بيروت، ص١٠٢.

٤٣–شێرکۆ بێکەس، بۆننامە، لەبڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی ، ١٩٩٨–ل٦٧–٦٨.
٤٤– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.
٤٥ –پاشکۆی رۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە ١، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٣.
٤٦– هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٤٧– عەبدوڵڵا پەشێو، بروسکە چاندن، چاپخانەی رۆشنبیری، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠١.
٤٨– دیوانی عەبدوڵڵا پەشێو، هەولێر ٢٠٠١، ل٢٧٥.
٤٩– ئەمین شێخ علائەدین نەقشبەندی، تەصەوف چییە، دار الحریة للطباعة–بغداد ص ٢٦٥.
٥٠– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٧.
٥١– فەرهاد شاکەلی، هەموورازی من ئاشکرایەو هەموو ئاشکرای تۆ ران، ئاپێک، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠١، ل٧٣.
٥٢– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.
٥٣– رەفیق سابیر، ژوانی رونـاکی، لەبڵاوکراوەکانی رابوون، سوێد ١٩٩٧، ل٣٣
٥٤– رەفیق سابیر، رووبووونەوە، لە بڵاوکراوەکانی رابوون، سوێد، ١٩٩٧، ل٣٣.
٥٥–قوبادی جەلی زادە، هەمیشە روو لەخودا هەمیشە مەست، چاپکراوی بەستە، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٥٠.
٥٦– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.
٥٧– حەمە سەعید حەسەن، نووسینی بێ وشە، ئاپێک، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٩، ل١٣.
٥٨– مەهاباد قەرەداغی، هاژەی رۆح، چاپخانەو ئۆفسێتی سەفوەت، کوردستان، ١٩٩٩، ل٣٩–٤٠.
٥٩– بەختیار عەلی، لە کۆمەڵەی (گونامو کەرنەڤاڵ) بڵاوکراوەتەوە، بڕوانە بۆ شیعرەکەم، عەتا قەرەداغی، گەڕان بەدوای ناسنامەدا، سلێمانی ٢٠٠١، ل ٢٣٤.
٦٠–نەوزاد رەفعەت، هەژانی بەرد، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٤٦.
٦١–هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.
٦٢– گۆڤاری رامان، ژمارە ٧، هەولێر ساڵی ١٩٩٧.
٦٣–هەمان سەرچاوەی پێشوو،
٦٤– رۆستەم باجەلان، غەریب، لەبڵاوکراوەکانی بزافی رۆشنبیرانی نوێخواز، هەولێر ٢٠٠١، ل٧.
٦٥– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

٦٦– کەریم دەشتی، پیانۆی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٢٦١ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨.
٦٨–چنوور نامیق حەسەن، مەرکانە شکاوەکانی جەنگ، هەولێر، ١٩٩٩، ل٤١.
٦٩– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.
٧٠– پشکۆ نەجمەدین، لەتێك غوربەت لەتەمەندا، کتێبی گوڵان، هەولێر، ٢٠٠٠ ل٢٩.
٧١– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.
٧٢– گەلاوێژی نوێ ژمارە ١٩، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ١٠٥.
٧٣– هەمان سەرچاوە پێشوو،.
٧٤– گۆڤاری رامان ژمارە (٥) ساڵی ١٩٩٦.
٧٥– هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٧٦– هاشم سەراج، گۆڕستانی ئەپیکۆڕۆس، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی ، ٢٠٠٠، ل١٣٣.
٧٧– هەمان سەرچاوەی پێشوو،
٧٨– سەباح رەنجدەر ، رووەکەکانی خواوەند، لە بڵاوکراوەکانی دەنگی میللەت، هەولێر، ١٩٩٩، ل٨٦.
٧٩–بەڕۆژ ئاکرەیی، لەودیو شەوی پەیڤەکانەوە، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٦، ل٤٥.

تەلبومی شەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژ





نازادی ئەقڵ و سەرخستنی دیموکراتی

کۆڕی بەڕێز: مەلا بەختیار

ڕینیسانس و ئازادی ئەقڵ

زۆر سوپاس بۆ ڕێگەپێدانم. من وەکو میوانی کۆڕەکان قسە ئەکەم، قسەکانیشم بابەتێکی ئامادەکراو نیە، تێکەڵەیەکە لە هەندێ مەسەلەی دیموکراسی و ئازادی ئەقڵ؛ ڕەنگە پێویستیش بکات لە دوا سەرەنجامدا بیبەستمەوە بە هەلومەرجی ئێستا و ئەزمونی ئێستا و ئەو ئەگەرانەی کە لەبەردەم ئەزمونەکەماندا هەیە. لەهۆڵەکەدا بڕیارم دا باسێکی ئەزبەر پێشکەش بکەم. لەبەر خۆئامادەنەکردنم لە کەموکوڕیەکانی ببورن. هیوادارم بتوانم سەعاتێك قسەتان بۆ بکەم، پاشان بابەتەکە بە گفتوگۆی ئازادی ئێوە دەوڵەمەندتر بکرێ.

خوشك و برایان! باسەکە گرنگی ئازادی ئەقڵ و سەرخستنی دیموکراتیەیە، کەباسێکە هەم ئەگونجێت لەگەڵ دروشمی سەرەکی فێستیڤاڵەکە و هەم ئەرکێکی ئێجگار گرنگە بۆ ئێستا و هەم سەرابا پێچەوانەی بۆچوونە ئایدیالیستیەکانە، پێچەوانەی هەموو ئەو جۆرە بیروڕا سەلەفی‌و قەلسەفانەی سەدەکانی ناوەڕاستە کە ئەقڵ قفڵ ئەدەن، ئەو بیروڕایانەی نایەڵێن ئەقڵ ئازاد بێت و ئازادانە لە دونیا و لە پێویستیەکانی دونیا و لە گۆڕان و گۆڕانکاریەکانی دونیا تێبگا؛ بەش بە حاڵی خۆم ناتوانم ئەو بابەتە کە هەڵەیە بێدەنگ بم بەرامبەریان. هەموو بێدەنگیەك بەرامبەر ئەرکە ڕاستەقینەکانی ئازادی و ئازادکردنی ئەقڵ، بەخزمەتکردنی دوژمنانی ئازادی ئەزانم.

باوەڕم بە دیالێکتیکە، باوەڕم بە گۆڕانە، هەر شتێك ئەقڵم نەیبڕێت باوەڕم پێی نیە، هەر شتێك ئەقڵم بیبڕێت باوەڕم پێیەتی. ئازادی ئەقڵی خۆم لەوەیا ئەبینم ئەقڵی خۆم بخەمەکار، کەس لەباتی ئەقڵی من بیرنەکاتەوە، هەرکەسێك بێت، هەر

پایەیەکی کۆمەڵایەتی هەبێت، هەر پایەیەکی ئایینی هەبێت، هەرگیزاوهەرگیز قەبوڵی ناکەم لەباتی من بیربکاتەوە، خۆم خۆمم لەپێناوی خۆم و کۆمەڵ؛ قەناعەتی خۆم، ئەقڵی خۆم، ئەندێشەی خۆم، بۆچوونی خۆم لە هەر شتێك لەم دونیایە هەبێ و نەبێ؛ ببینم و نەیبینم، بیزانم و نەیزانم، ئەقڵم نەیبڕێ باوەڕی پێناکەم؛ بە ئەقڵی خۆم بیر لە هەموو شتەکان ئەکەمەوە. پێم وابێ ئەمە گەوهەری دیموکراسییە، گەوهەری ئازادییە، گەوهەری سۆسیالیزمە، گەوهەری عەدالەتی کۆمەڵایەتیە. بەبێ ئەمەش، هەموو ئەو شتانەی ئەوترێ، جگە لە چەواشەکردنی ئەقڵ هیچ شتێکی تر نییە.

جارێ با ئازادی ئەقڵ لێکبدەینەوە؛ ئازادی ئەقڵ یانی چی؟ ئەقڵ باوەڕ و بیرکردنەوە ئەگرێتەوە، ئەقڵ پێکهاتەیەکی فسیۆلۆژی و کۆمەڵا یەتییە. یانی کە تۆ ئەڵێی ئەقڵ ئازاد ئەکەم، مەبەستت ئازادی ئەقڵە لە لێکدانەوە و باوەڕی هەڵە کە لەناو کۆمەڵ و لەناو نەریت دا هەیە. خۆ یاساولێ لە مێشکا نیە بە کڵاشنکۆفێکەوە وەستابێ نەیەڵێ مێشك بیربکاتەوە، خۆ سەربازێك نەخزاوەتە ناو شانەی مێشکەوە و نەیەڵێ بیربکاتەوە، ئەوەی مێشکی داگیرکردوە، ئەو ئاکارانەیە کە مێشك قبوڵی ناکات و بەپێچەوانەی ئەقڵ و ئەقڵانیەت چەواشەیان کردوە، بەپێچەوانەی بیرکردنەوە بیریان خستۆتە مێشکەوە، بەبێئەوەی بەخۆت بزانی فەلسەفەیەك، ڕێگایەك، دنیایەك بیروڕای ڕۆحی و دنیاییان خستۆتە مێشکەوە، بەبێئەوەی ئاگات لێبێت، لەپڕ لەخۆتەوە ئیسلامیت، مەسیحیت، جولەکەیت، نەقشیت، قادریت، شیعەیت، سونیت، حەنەفیت، شافیعیت، هیچ ئاگایەکیشت لەخۆت نیە؛ ساوا بم، شەش ساڵ بم، دە ساڵ بم، پانزە ساڵ بم، بەبێئەوەی بیروڕایان وەرگرتبم، یەکێك لەو ڕێگایانە ئاخنراوەتە ناو



مێشکم. مەبەست لەم قسانە ئەوەیە کە هەموو ئەو شتانە لەمنالیەوە ئاخنراونەتە مێشکەوە قابلیی گفتوگۆ و پیاچونەوەن. بێگومان ئەم قسانەم ئەوەناگەیەنێ ئەو بیروبۆچونانە سەراپا رەتبکەمەوە، نەخێر، باوەڕم بەو راستیەیە کە هەموو ئەو شتانە ئەبێت مناقەشەی بکەینەوە، هەموو ئەو شتانە قابیلی پیاچونەوە و سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەن، کە بێگومان دوای ئەوەی کە بیروڕای تازە دێتەناومان، دوای ئەوەی هۆشمان دێتەوە بیری خۆمان و ئەقڵمان ئازاددەبێ، سەرلەنوێ حوکم لەسەر باوەڕەکان بدەین ئەوەی قبوڵمانە لەسەری ئەڕۆین و ئەوەی قبوڵیشمان نییە وازی لێدێنین.

ئێستا کە خەریکی سیستمی دیموکراتین، خەریکی فەلسەفەی تازەین، خەریکی بیروڕای جیاوازین، خەریکی دنیای مادین، خەریکی مۆدێرنێتەین، خەریکی مەدەنیەتین، خەریکی عەلمانیەتین، خەریکی سەربەستین، خەریکی مەسەلەی ژنین، خەریکین رابردوو لێکئەدەینەوە، هەڵیئەسەنگێنینەوە، دوای ئەمانە هەموو شتەکان قابیلی ئەوەیە پیابچینەوە، لایەنی چاکەی ببینین، لایەنی خراپەی رەت بکەینەوە. دیسان دەیڵێمەوە؛ هەموو ئەو شتانەی کە ئەقڵ نەیبڕێ، ئەقڵ قبوڵی نەکات، ئەقڵ ئازادانە بیری لێنەکاتەوە، یان سەپێنرابێتەسەر بیروهۆش، هەقی سروشتی مرۆڤە پیابچێتەوە و لێکیبداتەوە و بڕیاریان بکا. ئازادی ئەقڵ، یانی: گێڕانەوەی ئەقڵ بۆ خودی مرۆڤ و پێدانەوەی داوەری ئەقڵە بۆ حوکمی زانستی و سروشتی.

پێش ئاینەکان ئەقڵی مرۆڤ داگیرکراوە، دوای ئاینەکانیش هەروایە، ئێستاش ئاسەوارێکی ئێجگار زۆر داگیرکراوی لەسەر ئەقڵی مرۆڤ ماوە؛ خۆتان ئەزانن ئەگەر هەموو ئەو ئاین و مەزهەب و عەقیدانەی کە ئایدیالیستین یا میتافیزیکین یا ئەودیو سروشت لێکئەدەنەوە، لێکبدەیتەوە تەنها سێ ئاینەکەی ئاسمانی نیە قسەی لە مەسەلە بنچینەییەکانی ئاین کردبێ. زۆر شت هەیە پێش ئەو ئاینانەش باسکراوە. لەسەردەمی فیرعەونەکان، لەسەردەمی دوای ئەوان، کۆمەڵێك مەسائیل لەسەر وەحدانیەتی دنیا، لەسەر خوا، هەتا لەسەر کۆمەڵێ لەو مەسائیلانەی کە ئێستا زۆر زۆر پیرۆزن لای هەموو ئەو ئاینانە، دوو سێ هەزار ساڵ پێش ئەم ئاینانە قسەی لەسەرکراوە و هەندێك دەق هەیە ئەسڵەن زۆر نزیکە لە کۆمەڵێك لەو دەقە پیرۆزانەی کە لەم ئاینانەدا هەیە. ئەمە جگە لەوەی ژیان لەگەڵ گۆڕانکاری رۆژگاردا، بەردەوام دەگۆڕدرێ. بەڵام ئاسەواری هەندێ بیروڕای کۆن هەر ماوە و زۆریش دەمێنێ، نەوە دوای نەوەش دەگوێزرێتەوە. ئەمە سەبارەت هەموو رووبەکی ژیان وایە. چ دەسەڵاتەکان و چ فەلسەفە و بیروڕاکان. دەسەڵاتی عەشایەری، چ دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، چ باوکسالاری، چ دایکسالاری، چ مەسائیلی سایکۆلۆجی، چ دوای ئەوە دەسەڵاتی دیموکراتی، هەروا ئایدیۆلۆژیەکان، فەلسەفەکان، هەموو ئەمانە ئەگەر یەکە بە یەکە لێکیان بدەینەوە، لە زەمانی خۆیانا بەشێوەیەك لە شێوەکان هەندێکیان ئاسەواری سلبیان هەیە لەسەر ئەقڵو ئازادی ئەقڵی مرۆڤ، هەندێکیشیان بە چاکە کاریان لەسەر ئەقڵو هۆشی مرۆڤ کردووە.

لەزەمانی میشیۆلۆژیاکانەوە بۆ لاهوتیەت، ئینجا بۆ سەردەمی بالادەستێتی میتافیزیکیەت و پاشان عەقیدە و ئاینەکان، کاریگەری جۆراوجۆر بەدرێژایی مێژوو هەبووە. گەورەترین وەرچەرخان لە مێژووی مرۆڤایەتی بۆ بەئازادکردنی ئەقڵ لەسەردەمی رێنیسانسەوە دەستپێدەکات، لەوێوە ئیتر ئەتوانین قسە لەسەر ئازادی و جەنگی ئازادی ئەقڵ بکەین.

لەوەوبەر، ناتوانین وەکو مەنهەجێکی دوورودرێژی حیزبی، وەکو پرۆژەیەکی تایبەتی ئەم و ئەو فەلسەفانە، لە هیچ خیتابێك بۆ ئازادی ئەقڵ بەتاقی تەنها قسە لەسەر لایەنێك بکەین؛ پێش رینیسانس تەنانەت لەسەردەمی شارستانیەتی یونانیەکانەوە هەوڵ هەیە، قسە هەیە، بیروبۆچونی جیاواز و جیاوازییش هەیە، موعتەزلەکانی سەدەی حەوتەمی کۆچی (ئیسلامی) هەن، خەڵکی تریش هەیە. بەڵام هیچی ئەم بیروڕایانە نەبووە بەپرۆژەیەك وەکو ڕێسایەك لە ڕێسا نەگۆڕەکانی ژیان؛ لەمێژوودا هەوڵی جیاواز و ئازاد هەبووە، بەڵام خەفەکراوە، ناڕەزایی بووە و دامرکێنراوەتەوە، لە دوا ئەنجامدا هەموو ئەو فەلسەفە و بۆچون و ڕێباز و نەریتانە باڵادەست بوون کە بەشێوەیەکی ڕەها ئەقڵی خەڵکیان قفڵداوە، کە دەسەڵاتێکی گەورەی دنیایی و ڕۆحییان لەخۆیانا کۆکردۆتەوە. ئەمیش ئایینی ئیسلام و ئایینی مەسیحییە؛ ئایینی مەسیحی ئاوێتەی دەسەڵاتی ڕۆمی بێزەنتی بوو، ئیسلامیش خۆتان ئەزانن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دورگەی عەرەبی، هەندۆکەیەك لە ئۆروپاشیان داگیرکرد لە ئیسپانیا و هەندێك لە هەنگاریا و دەستیشیان گەیشتە هندستان و هەندێك لە وڵاتانی تر؛ دیموکراتی لەسەردەمی رێنیسانس بەدواوە، وەکو بیر و ئەندێشە سەریهەڵدا و زەمینە ڕەخسانەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەیلەسوف و ڕۆشنگەرەکانی سەردەمی رێنیسانس. هەموو ئەو کۆشش و تەقەلایانەی ڕۆشنگەرەکان، فەیلەسوفەکان، ئەندێشمەندەکان، زانا و داناکانی سەردەمی رێنیسانس هەوڵیان لەسەردا لە کێشەی فەلسەفی، لە کێشەی ئەقڵانی، ئایدیۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، لە کێشەی سایکۆلۆجی و زانستی، هەموو ئەو زانستە مرۆڤایەتی و زانستە سروشتیانەی کە لەبارەی مەسائیلی بنەڕەتی مرۆڤەوە ئاشکرا قسەیان لێکرا، دوو سەد ساڵ پێش سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتی لە ئۆروپای ڕۆژئاوادا، قسە لەسەر ئەو مەسەلانە کراوە و داوەری لەسەر گرنگترین مەسەلەکانی ژیان کە گەڕانەوەیە بۆ ئەقڵ، بۆ چۆنێتی ئازادکردنی ئەقڵ، هێنراوەتەئاراوە. ئازادکردنی ئەقڵ لە باوەڕی ڕەها بە نەبینراو بۆ باوەڕی زانستی بە بینراوی گەردون و ژیان. حوکمدان لەسەر نەبینراو حوکمی ڕامانە، حوکمی جۆراوجۆری ڕوحیە. بەڵام حوکمدان لەسەر شتە بینراوەکان حوکمی زانستین. حوکمی بەڵگە و سەلماندنە زانستیەکانن.

لە سەردەمی دادگاکانی پشکنینی دەسەڵاتی ئایینی مەسیحیەوە، ناکۆکی لە ئاشتی نەهاتووی نێوان ئەقڵ و خورافات، لەنێوان سەلماندنی زانستیانە و نەسەلماندنی ئایدیالیستیانە، بەردەوامە. لەوسەردەمەوە دادگای پەلاماردانی لۆژیك هەیە. دادگاکان دادگای پشکنینی مافڵ نەبوون بۆئەوەی جلوبەرگ بدۆزنەوە، یا خەنجەرێك بدۆزنەوە، بەڵکو دادگای پشکنینی ئەقڵ بوون، هەر ئەقڵێك پێچەوانەی دەسەڵاتە ڕەهاکانی مەسیحی بیریکردبێتەوە، بەتاوانکار زانراوە، زانا بوبێ ڕاونراوە، فەیلەسوف بووە ئەشکەنجەدراوە، یان سوتێنراوە یاخود کوژراوە. هەموو ئەو ڕێگایانەی لەسەر دەسەڵاتی ڕەهای مەسیحیەت کاریگەربوون، دوژمنایەتیەکی زۆر کراون، ئەو ڕێگایانەش ڕێگای ئەقڵ بوون، ڕێگای زانستی بوون، ڕێگای فەلسەفە بوون، ئەم ڕێگایانە دوژمنی خوێنەخۆرەی دەسەڵاتی ئایینی مەسیحی بوون، بۆیە ئابوریزانەکانی ئەوکاتە کە بەشێوەیەکی دنیایی بیریان کردۆتەوە پەلاماردراون.

ئەم هەموو تەقەلایانەی کە باسمانکرد، سەردەمێکی ئێجگار گەورەیان ڕەخسان کە ئیتر

گەشەکردنی بازرگانی بەرەو مانیفاکتەر و ئینجا بەرەو پیشەسازی، پیشەسازیش بەرەو شۆڕشی گەورەی زانست و دۆزینەوەی کۆمەڵێك ئەحکامەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەپێی مەنتقی کۆمەڵایەتی و هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵەوە، ئینجا دۆزینەوەی ڕێگەچارە سیاسیە دنیاییەکانی ئێستا کە ڕێگەی دیموکراتی و کۆمەڵناسی زانستی و زانستە مرۆییی و سروشتیەکانە کە کۆمەڵێك ئەندێشەی تازەبوون. ئەمانە هەمووی زەمینەیان خۆشکرد کە چینێکی تازە بەناوی چینی بۆرژوازی بتوانێ ئەم داهێنانە بقۆزێتەوە و بیکاتە بەرنامە و پڕۆژەی کاری خۆی، بۆئەوەی دەسەڵاتی ئوتوکراتیەت و کاریگەری ڕەهای لاواز بکا و پاشان سیستمی دەرەبەگایەتی لەناوبەرێ و سیستەمێك بێتە سەر تەخت کە سیستمی دیموکراتیی‌یە، دیارە ئەمەش ژانێکی ئێجگار گەورە بووە، خەباتێکی دوورودرێژ بوو، کە بێگومان وەکو وتم جگە لە قوربانیەکانی، مەینەتی و چەرمەسەری ئێجگار گەورە و جەرگ بڕ بەسەر بەشەریەتدا لەوسەردەمەدا هاتووە، هاوشانی ئەو ڕاستیانە ئەتوانم بڵێم تاوانی گەورە و کاری خراپیش لەو سەردەمەدا هەر بەناوی شۆڕشەوە ئەنجامدراوە، لەوانە شەڕی ناوخۆ و غەدری گەورە بەناوی دیموکراتیەوە، بەڵام سەرەنجام تەوژمی پێویستیە مادیەکانی گۆڕانکاری لە ژیان، نەك لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی ئایین لەناو چین و توێژە تازە سەرهەڵداوەکان بەتەنها، بگرە لەناو ئاینەکەش، کە دەسەڵاتی ئاینی مەسیحی بووە، ئەو بۆچونە نوێ و شۆڕش و ئازادیە ڕەنگێکی زۆری داناوە و ڕیفۆرمیستەکانی ناو ئاینی مەسیحی لە ئینگلتەرا، ئیسپانیا، ئیتالیا، ئەڵمانیا و فەرەنسا، دەورێکی گەورەیان بینی لەوەی کە دەسەڵاتی ڕەهای ئایین کەم بکەنەوەو بەرەو نەوەی نوێ و، ئەندێشەی تازەی بهێنن، یانی لە ئەنجامدا دەسەڵاتی ئاینی مەسیحی نەك نەیتوانی خۆی والێبکات کە کاریگەریە تازەکان کاری تێنەکەن، بگرە وردەوردە کارگەریەکانی دەرەوەی خۆی کاریان لەناو بازنەی موقەدەساتی ئاینەکەش کرد. جگەلەوەی ڕوبەرێکی فراوانی ڕۆشنبیران، ڕۆشنگەران، بیرمەندان، زانا، دانا و خەڵکی کۆمەڵایەتی و خەڵکی موسڵیحیان هێنایە ژێردەستی خۆیان، ئەم نوێگەرییە ڕەنگی لەناو دەسەڵاتی موتڵەقی ئاینی مەسیحی دایەوە و هەندێك لە قەشەکان لە بیرمەندانی گەورەگەورەی مەسیحی لەسەردەمی خۆیا هەڵگەڕانەوە لە دەسەڵاتی موتڵەقی مەسیحی و ببوون بە ئاوارە و دیلی گەورەی ڕیفۆرمو ئازادی و دیموکراسی ئەوکاتە، ئینجا وردەوردە چونە ناو خەباتی نەتەوایەتی و نیشتمانی خۆیان و لەناو سنوری نیشتمانی خۆیانا کێشەی نیشتمانیان جیاکردەوە لە دەسەڵاتی تۆتالیتاری مەسیحی، کە ئەوکاتە هیچ میللەتێك، هیچ نەتەوەیەك، هیچ گروپێك لە گروپەکانی سەر ئەرز نەیئەتوانی جگە لە دەسەڵاتی تۆتالیتاری مەسیحی بەشێوەیەکی تر بیربکاتەوە. تەنانەت لەبەرامبەر زمانی زگماکیشدا.

وردەوردە هەموو ئەمانە گۆڕا؛ کیتابە پیرۆزەکان لە زمانی لاتینیەوە بۆ زمانی زگماکی وەرگێڕدران؛ کەنیسەی نیشتمانی دروستکرا و تێکەڵ بە سیستمی تازە کرا، تێکەڵاو بە هەڵبژاردن کرا، تێکەڵاو بە بازرگانی کرا، تێکەڵاو بە زانست کرا، تێکەڵاو بە زانیاری کرا و، ئیتر وردەوردە وایلێهات لەباتی ئەوەی دەسەڵاتی تۆتالیتاری مەسیحی بەتاقی تەنها حوکم بکا، بەپێچەوانەوە شکستێکی گەورەی خوارد و، لە ئەنجامدا وایلێهات کە هەتا هەتایە لە دەسەڵات دوورکەوێتەوە، ئێستا خۆیان و خوای خۆیان، دەسەڵاتی دنیا و مەسەلەی دنیاییەکەشیان بۆ

دیموکراتیەکان و ئازادیخوازەکان و عەلمانیەکان جێهێشت.

دوای ئەم سەرکەوتنانە لەسەردەمی رێنیسانسەوە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتی، ئەو زنجیرە سەرکەوتنانە وایکرد کە روخساری هەموو ژیان گەوهەری سیاسەت و ژیانی کۆمەڵایەتی، بیرکردنەوەی مرۆڤ، هەمووبان بگۆڕێن و سەرکەوتنەکانی شۆڕشەکانی ئۆروپا بەتایبەتی فەرەنسا، ئینگلتەرە، ئیتالیا، ئیسپانیا و ئەڵمانیا، کاریگەریەکی فراوانیان لە هەموو دنیا هەبوو.

ئەگەر مێژوو زانستیانە بخوێنرێتەوە دەزانرێ لە دوو سەدەی رابوردودا کاریگەری گۆڕانکاری بەهەموو دونیادا دیارە، تەنانەت لە کوردستانی خۆمان پێش دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردستان کە سەد ساڵێشی تێپەڕاند، سەردەمی میرنشینەکان، شۆڕشی سەردارانی ئەو سەردەمە، هەتا پاشای کۆڕەی رەواندوز، سەرکردە ئاینیەکان، شاعیران کە هەندێکیان موتەسەوفیش بوون، بەڵام سەیری ئەحمەدی خانی بکە، سەیری حاجی قادری کۆیی بکە، سەیری نالی بکە، تەنانەت سەیری مەحوی و زمانی پاراوی بکە، سەیری مەلای جەزیری بکە، سەیری مەولانا خالیدی نەقشی بکە، ئەو هزرانەی ئەوان تەرحیان ئەکەن ئاماژەی نەتەوەییان زۆرە. تەنها نوسینی شیعر بە زمانی کوردی پەتی لەسەردەمی دەسەڵاتی موتڵەقی ئیسلام دا، خۆی لەخۆیا جۆرێک لە یاخیبوون لەو دەسەڵاتەی کە پێشتر هەزار و دوو سەد ساڵ سەپێنراوە و سەپاندنی ئاینەکەش تەنها زمانی عەرەبی لا مەبەست بوە و بەس. زمانەکانی تر، جگە لە زمانی عەرەبی، هیچ کارێکیان پێنەکراوە، وردەوردە هەوڵدراوە زمانەکانی تر نەمێنێت، زۆریش زمان هەیە لەسەردەمی دەسەڵاتی رەهای ئیسلامیا نەماوە و زۆریشمان هەیە لەسەردەمی دەسەڵاتی موتڵەقی مەسیحی، بە زمانی لاتینی کاریگەریەکی ئێجگار سلبیان لەسەرکرا. لە ئۆروپادا کە ریفۆرمخوازەکان لەسەردەمی رینسانسدا زمانی زگماکیان هەڵبژارد، ئەمە شۆڕشێکی گەورەبوو. لە کوردستانیشدا هەروایە، کاتێک شاعیرانمان زمانی عەرەبی قورئان وازلێدێنن و زمانی زگماکی کوردیی هەڵدەبژێرن، ئەمە بەرپەچدانەوەیەکی ناسیۆنالیستی گەورەیە بۆ زمانی عەرەبی. بەبێئەوەی رینسانسیش لە کوردستاندا رویدابێ. بەڵام کاریگەری گۆڕانکاری دەورویەر و جیهان لەم بارەوە بۆ کورد هەبووە. بەتایبەتی کاریگەری لەسەر ئێران و فارس، لەسەر تورک، ئەمانیش لەسەر کورد هەیانبووە. کەچی دەبینین ئەو میللەتانەی زمانی زگماکیان فەرامۆش کرد، زمانەکانیان بەجارێ کوژایەوە، هانایان بۆ زمانی تر بردووە. ئێستا ئاسەواری هەندێک لە زمانەکان لە دەوڵەتانی ئەسکەندەنافیا هەر نەماوە، ناچار چون زمانی تریان قەرزکردووە.

ئەرکەکانی دوای دیموکراتی

دوای سەرکەوتنی سیستمی دیموکراتی هێنانەدی پێویستیەکانی سەرخستنی سیستمی دیموکراتی لە دەسەڵات و دەستوری دیموکراتی، ژیان بەوە ناوەستێ و پێویستیەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ، خواست و خولیا و پێداویستی تر ئەخوڵقێنێ. گوتمان: چوار سەدە پێش شۆڕشی دیموکراتی بە بیر و فەلسەفە و زانست زەمینەی سەرخستنی شۆڕشی دیموکراتی رەخسێنراوە. دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکەش، فشاری رای گشتی لە چەسپاندنی ئۆرگانەکانی دیموکراسیدا زۆر گرنگە. گریمان دەستورێکیش دانرێ هەتا ئەگەر بەبێ هەڵبژاردن بێت، کە هیچ دەستورێک لە دەستورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئێمەشەوە دەستورێکی پەسەندکراوی گەل نییە، بەپێچەوانەوە

هیچ دەسەلاتێك لە رۆژئاوادا دەستور نییە گەل پەسەندی نەکردبێ، تەنها بریتانیا نەبێ دەستوری هەمیشەیی نییە، لە ئۆروپادا دەسەلات ئەگۆڕێ بەلام دەسەلات بۆی نیە دەستور بگۆڕێت، هیچ دەسەلاتێك، هیچ سەرۆکێك، هیچ وەزارەتێك، بۆیان نیە دەستکاری دەستورەکان بکەن، کە لەلای ئێمە ئەو دەستوارانە نیە، باشترین دەستور، باشترین یاسا، باشترین دەسەلاتی سیاسی لە باشترین وڵاتی رۆژهەلات و دەوڵەتانی وەکو خۆمان، رژێمەکانی کەی بیانەوێ دەستورەکەی ئەگۆڕن، یان پێشێلی ئەکەن. هەموو ئەو شتانەی پەیوەندن بە دەسەلاتێکی سیاسی دیموکراسیەوە دەسەلاتەکان بەتاقی تەنها هەموو پێویستیەکانی دیموکراسی دابین ناکەن بۆ خەڵك، لە رۆژئاوادا کە دەستور پەسەندکراوی گەلە، ئینجا هەموو دەستکەوتە دیموکراسیەکان تەنها دەسەلات نایانهێنێتەدی. چ جای بۆ رۆژهەلات. هەموو ئەزمونە دیموکراتیەکانی دنیا لە پێشکەوتوترین وڵات هەتا دواکەوتوترین وڵاتی دیموکراتی سەرجەم ئەرکەکان تەنها دەسەلات نایانهێنێتەدی. بەڵکو فشاری رای گشتی رۆڵی کاریگەری لەهێنانەدی دیموکراسیدا هەیە. بۆنموونە فەرەنسا کە بەهەڵە تێگەیشتووین گوایە شۆڕشی دیموکراتی لە دنیا لە فەرەنسا یەکەم جار سەرکەوتووە، وانیە، ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە، یەکەمین شۆڕش لە دنیادا لە فەرەنسا سەرنەکەوتووە، بەڵکو چەمکە هەرە ئەساسیەکانی دیموکراسی لە فەرەنساوە سەریهەڵداوە، لانکی سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراسی و لانکی هەڵگەڕانەوە لە هەموو عەقیدە کۆنەکانی سەدەی ناوەڕاست، پێش فەرەنسا، لە بریتانیا بەفراوانی دەستپێدەکات؛ کەنیسەی نیشتمانی یەکەمین جار لە بریتانیا هاتەگۆڕێ و لە (پاپا) دابڕا. هەڵگەڕانەوە لە زمانی لاتینی و گەڕانەوە بۆ زمانی زگماکی نەتەوایەتی دیسان یەکەم جار لە بریتانیا سەریهەڵدا*. شۆڕشی فەرەنسا دروشمەکەی، خیتابەکەی، سەرکەوتنی لە زەمانی شۆڕشی فەرەنسا کاریگەریەکی فراوانی هەبوو، زۆر فراوان بوو، فرەگیر بوو، بەڵکو دروشمی شۆڕشی فەرەنسی (ئازادی، یەکسانی، برایەتی) دروشمێکی جیهانگیریش بوو بۆ هەموو میللەتەکانی دنیا. ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا، مێژووی ئۆروپا بخوێنەوە، بریتانیا پێش شۆڕشی فەرەنسا کەوتووە. هەتا ئیسپانیا و ئیتالیا لە چەکەرەکردنی رێنسانس و سەرکەوتنی چەمکەکانی رێنسانس پێش ئینگلتەرەش ئەکەون، ئیتالیا پێش ئینگلتەرە پێش ئەڵمانیا، پێش فەرەنسا، پێش هەموو ئەوانە ئەکەوێ و ئیسپانیاش دەورێکی گەورەی هەیە کە بەداخەوە لەلای ئێمە نەناسراوە، ئیتالیا لە مەسائیلی هونەری، ئەدەبی، تێکەڵاوکردنی فەلسەفە و شۆڕشی دیموکراتی، دەسەلاتەکانی رێنسانس لە میرنشینەکانی ئیتالیا دەورێکی ئێجگار گەورەیان بینیوە کە هەست ناکەم نە لە نوسینا، نە لە زۆر دیالۆگەکانی دونیای ئێمەدا ئاوڕی پێویست لەو مەسەلانە درابێتەوە.

ئێمەوە سەرئەوەی کە دیموکراسی دوای سەرکەوتنی وەکو دەسەلات، کە میللەت دەستور پەسەند دەکا و دەسەلاتە سیاسیەکەی هەڵدەبژێرێ، ئیتر ئایە ئەمە کۆتایی پرۆسیسی دیموکراسییە؟ نەخێر جارێ زۆر زۆری ماوە، هەتا ئێستاش کە قسە

---

* لەکاتی گفتوگۆی ئەم بابەتە، بەپێز (عەلی تەتەر) میوانێکی دەزگی فێستیڤاڵ، ئاماژەی بەوەدا کە یەکەمین جار لە سویسرا هەوڵی شۆڕشی دیموکراتی دراوە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی تەسکدا ماوەتەوە. ئەمەیان راستە. بەڵام شۆڕشی بریتانیا فراوان و کاریگەر بوو.

لەو مەسەلانە ئەکەین پرۆسیسی دیموکراسی ماویەتی، بۆ بەڵگەش: ئەگەر کاروانی دیموکراتی و بەدیهێنانی ئەرکەکانی هێشتا رێگایەکی دوورودرێژی لەبەردەم نەمابێ و ئەگەر قۆناغی دیموکراتی تەواو بووە، بۆ سۆسیالیزم لەو وڵاتانە دانامەزرێ؟ بەپێی پێشبینی هەموو سۆسیالیستەکانی دنیا، دوای تەواوبونی ئەرکەکانی شۆڕشی بۆرژوازی، دەبوو سۆسیالیزم بێتەدی. کەچی دەبینین، هێشتا پرۆسەی دیموکراتی رێگەی درێژی ماوە بیبڕێ. من نامەوێ بڵێم مارکسیەکان، یا سۆسیال دیموکراتیەکان راست دەکەن، ئەمەیان مشتومڕێکی تیۆری قوڵە ئێرە جێگەی نییە. بەڵام دەڵێم: ئەگەر دیموکراتی رێگایەکی دوورودرێژی نەماوە ئیتر ئەم خەباتە هەمەلایەنەی لە ئۆروپادا نەدەویست بۆ دیموکراسی دەدرێ. بێگومان هێشتا ئەرکەکانی ماون، بۆیە کۆسپەکانی بەردەم بونیتنانی سۆسیالیزمیش لە ئەوروپایا هەرماون. لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیاش هەرماوە، وڵاتەکانی ئەسکەندەناف سوید و دانیمارک و نەرویجە، لەناویاندا سوید لە هەموویان پێشکەوتووترە، کەچی ئێستا لە سوید ژن لە پیاو موچە کەمتر وەرئەگرێت، ژن ٨٠٪ تا ٨٥٪ موچە وەرئەگرێت، پیاو ١٠٠٪ وەرئەگرێت، لەهەر حەوت چرکەساتێك ژنێك لە سویدا ئەچەوسێتەوە، کلتوری پیاو هێشتا زاڵە، ئەمە پێشکەوتووترین، عادلترین وڵاتی سەرمایەداری دیموکراتیە لە دنیایا، ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك تەنگوچەڵەمەی گەورەی منداڵ، گەورە، بچوك، نەریتی مرۆڤ و کۆمەڵ هەیە کە لە ئەوروپا ناچێت بەئەڵیانا، بۆ نموونە شتێك لە سویدا هەیە لەباتی جگەرە ئەیکەنە دەمیان، نازانم چی پێئەڵێن، لەلای خۆمان تووتنێکە ئەیکڕن، ئەیکەنە ناو لێویان، لە خانەقین پێیئەگوترێ (دەبە) شتێکی دواکەوتووی سەدەکانی ناوەڕاستە. یەکێك لەو هۆیانەی کە ساڵەها نەیانهێشت سوید بچێتە ناو بازاڕی ئۆروپای هاوبەش، ئەو نەریتە دواکەوتووە بوو. هەتا سوید بەڵێنی نەدا بنەبڕی بکا، بڕیاری ئەندامەتی ئۆروپای هاوبەشیان بۆنەدا. بەڵێ لەوێ توتن هەڵمژین عادەتێکی کۆنەپەرستیە، جا وەرە لای ئێمە بیژمێرین سەدەها نەریتی کۆنەپەرستی هەن، لێکیبدەنەوە لەوێ گەشتوونەتە چی و ئێمەش لەکوێین؟ چەند ئەقڵمان جیاوازە، چەند پێوەرەکانمان جیاوازە، چەند ئەقڵمان داگیرکراوە؟

دیموکراتی و عەلمانیەت و مەدەنیەت

سیستمی دیموکراتی دوو بنچینەی ئێجگار گرنگی دەوێ؛ یەکێکی عەلمانیەتە، ئەوەی تریش مەدەنیەتە. بەبێ ئەو دوو بنچینەیە مەحاڵە قسە لە دیموکراتی بکەیت. بۆ؟ لەبەرئەوەی دەوڵەتە ناعەلمانیەکان دین و دەوڵەت تێکەڵاو ئەکەن، کە دین و دەوڵەتیش تێکەڵاوبوو، یاساکانیش شەرعین، مەزهەبین، یاساکانی سەردەمی مەسیح، سەردەمی ئیسلام، سەردەمی کۆنفۆشیوس، سەردەمی بوزیەکان، سەردەمی هیندۆسیەکان دەسەپێندرێن. ئەم هەموو سەردەمانە لەمێژوودا هەریەکە و یاسا و رێسای خۆیان هەیە، شەریعەتێکی هەیە، دەستورێکی هەیە، دەسەلاتێکی هەیە، هەر ئایین و مەزهەب و عەقیدەیەك لەوانە نەریتی دەسەلاتی دینی و رۆحی بۆخۆی داناوە، ئەگەر تۆ دین و دەوڵەت لەیەك جیانەکەیتەوە و دەستورێکی دنیایی لەرێگای سیستمێکی عەلمانی لەسایەی سیستمی دیموکراتی، دانەنێی، هەرگیز ناتوانی ئەقڵ ئازاد بکەیت و ئەقڵیش ئازاد نەبێ، مەحاڵە بتوانرێ شارستانیەتی سەردەم بنیات بنرێ.

گەڕانەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست کۆمەڵێك رق لەبەرامبەر پێشکەوتن و مۆدێرنێتەوە دەوروژێنێ کە هەرگیز لەگەڵ گۆڕانکاریەکان ناگونجێت. چۆن دەکرێ بەزۆری زۆرداری، بە تیرۆر و هەڕەشە، بە تۆقاندنی رۆحی، بیروڕای سەدەکانی ناوەڕاست بسەپێنرێتەوەسەر سەردەمی ئەنتەرنێت و جیهانگیری؟ ئەم یاسایە هەزارو چوار سەد ساڵ هەڵگێڕدرێتەوە و لەسەردەمی مۆدێرنێتە و سەتەلایتدا، لەسەردەمێکا کە زیان پێشکەوتنەکەی مایەی سەرسوڕمانە، یاسا و نەریتی هەزار و چوار سەد ساڵ لەمەوبەر بسەپێنرێتەوە. ئەم کێشە چارەسەرنەکراوە، خەمێکی گەورەیە لەمێژووی ئێستا، بێگومان رێگە لەبەردەم گۆڕانکاری ئایندەگرتنیش، خەمێکی ئێجگار گەورەترە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بیست و حەوت) ساڵە دامەزراوە (٢٧) ساڵ بۆ تەمەن چییە؟ کەمتان هەیە (٢٧) تەمەنی نەبێت، سەرەڕاش ئێستا یەکێتی خەمی ئەوەیەتی لە دوهەمین کۆنگرەوە، بەشی زۆری بۆچونەکانی بگۆڕێ کە کەمترین شتی عیلاقەی بە (٢٧) ساڵی رابردوومانەوە هەبێ، دوای (٢٧) ساڵ تێگەیشتووین هەموو ئەوانەی لە شاخ وتومانە کوت و مت قابیلی ئەوە نیە لەم گۆڕانکاریانەدا دەرخواردی خەڵکی بدرێ. ئەگەر سەیری بەرنامەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دووەمین کۆنگرە، سەیری پێکهاتەی سەرکردایەتی یەکێتی و ئۆرگانەکانی، خێتابی سیاسی و فەلسەفی یەکێتی بکەن، پەیوەندیەکی کەمی بەسەر سەرەتای دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەیە. (٢٧) ساڵە دامەزراوە دەبێ بەرنامەکەی و سیاسەتەکەی بگۆڕێ، ئیتر چۆن ئەتوانم بگەڕێمەوە بۆ هەزارو چوار سەد ساڵ لەمەوبەر، کە ئەو زەمانە سەراپا بەسەرچووە. من نالێم هیچی ئەو زەمانە قەبوڵ ناکرێ، چونکە کۆمەڵێك شتی هەیە بۆ ئێستاش دەشێت. چۆن لەئەدەبی کلاسیکیا زۆر شت هەیە بۆ ئێستاش ئەشێت، لە فەلسەفەی کۆندا هەیە بۆ ئێستاش دەشێت، لە ئایینەکانیش زۆر شت هەیە بۆ ئێستا دەشێن. بەڵام کاتێك دەویستێ بەزەبری چەك و چەکداری تیرۆریستی حیزبی سەلەفی، لەژێر پەردەی جۆراوجۆردا کۆمەڵ بگێڕدرێتەوە بۆ سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست (نەك ناوەڕاستی سەدەکانی ناوەڕاستیش) ئائەمەیان کۆنەپەرستی لێئەتکێ. بیری ئاوا لەسەر دیموکراتی و ئازادی و مەدەنیەت خەتەرناکە. ئەمە غەدرێکی گەورەیە قبوڵ ناکرێت؛ بۆیە تادێ عەلمانیەت لەکوردستاندا دەبێتە مەسەلەیەکی چارەنوسساز.

بۆئەوەی سیستمی دیموکراتی خۆی ساخ بکاتەوە لەنێوان دەسەلاتی دنیایی و دەسەلاتی دینی، عەقیدە و نەریتی دینی سەبارەت بە تاکەکەس، مەسەلەیەکە نابێت قەدەغە بکرێ. نە ئێمە نە لە دوای ئێمە نە لە پێش ئێمە بۆمان نیە بڵێین بە مرۆڤ ئەقڵی خۆت بەزۆری زۆرداری بگۆڕە، کاری وا دژی ئازادییە، لەناخەوە ئەیڵێم کە بە زۆری زۆرداری ئەقڵی مرۆڤ بگۆڕێ تاوانە. وەکو چۆن باوەڕم بەوە نیە عەقیدەی ئەم دنیای مرۆڤ بگۆڕێ، باوەڕم بەوەش نیە عەقیدەی ئەو دنیای مرۆڤیش بگۆڕێ، عەقیدە و فەلسەفە و ئاین و قەناعەت هەموو ئەو مەسەلانە مرۆڤ لە هەڵبژاردنیان ئازادە، بەڵام لەهەمان کاتیش دا بۆت هەیە مشتومڕ لەسەر هەموو شتەکان بکەیت. ناکرێ لەژێر هیچ پەردە و پاساوێکدا رێگەی مشتومڕ و تاوتوێکردنی هەموو مەسەلەکان بگیرێ. بەتایبەتی بە ترس و تیرۆر. وەکو چۆن ئەڵێن رێگە نادەم فەلسەفەی یەك حیزب لەناو یەك دەسەلاتدا هەموو شتێك بێت، هەر بەوشێوەیە رێگەش نادەم فەلسەفەی یەك مەزهەب،

فەلسەفەی یەک عەقیدە، یەک تەریقەت لەناو یەک دەسەلات و لەناو یەک ئاین و سیستەمدا بسەپێنرێت. باشترین شت ئەوەیە دەسەلاتی دینی و دەسەلاتی دنیایی بۆ بەڕێوەبردنی ژیان و سیستەمی دیموکراتی لەسەر پرنسیپی عەلمانیەت دابمەزرێ، کە عەلمانیەتیش چەسپی مرۆ ئازاد ئەبێت تەنانەت لە هەڵبژاردنی مەزهەب و تێرخواردن لە کەشی مەزهەب و ئاینیش، زۆرتر ئاسودە دەبێ.

ئێستا لەسایەی سیستەمە عەلمانیەکانی ئۆروپا نەک ئیلحاد نیە، وەکو هەندێك سەلەفی تووندڕەو لە هەوو شتەکان باس لەوە ئەکەن، کە گوایە عەلمانیەت ئیلحادە بۆ ئۆروپا، وانیە، ڕێز لە ئاینی مەسیحی و مەزهەبەکان و لە مەسەلە پیرۆزەکان گیراوە. بەڵکو ڕێز لە ئیسلام و موسڵمانەکانیش زۆر دەگیرێ. تەنانەت ڕێژەی خواپەرستی زیادی‌نەکردبێ کەمی نەکردووە. بەڵام مەسەلەی دین لە ئۆروپا بۆتە مەسەلەی تاکەکەس. دەوڵەتیش سەرقاڵی دونیا و خزمەتەکانی مرۆڤە لەم دونیا. لەبەرئەوە عەلمانیەت و دیموکراتی بەپێی ئەو پڕوپاگەندەیە کە لێرە دژیان هەیە ڕاست نیە، عەقیدەی مرۆڤ لەگەڵ دینی خۆی، مەزهەبی خۆی پارێزراوە، هیچ هێزێك، هیچ دەسەلاتێك بۆی نیە ئەو ئازادییە پێشێل بکا. ئەمە بەدەستور دەستەبەرە. بەڵام هەرشتێك باوەڕی پێی نەبێ ئازادە، لەسەر ئازادی عەقیدە و باوەڕبون و نەبون بە خوا، کەس ناگیرێ و سزانادرێ. ئەقڵ ئازاد بووە، ناکرێت تۆ ئەقڵی جاهل تێکەڵ ئەقڵی مۆدێرنێتە و عەلمانی بکەیت. تازە ژیان لەوێ بەتەواوەتی سەدەکانی ناوەڕاستی جێهێشتووە. ئەقڵ لە ئۆروپادا تازە بە مەزهەب و خورافیات قفڵ ناکرێتەوە. لە هەمووی خۆشتر ئەوەیە هەموو هێزە ئیسلامیە سیاسیەکان کە دەسەلاتی عەلمانی ڕەتئەکەنەوە و دەسەلاتی ئۆروپایان قبوڵ نیە، کەچی سەلەفی وا هەیە ئۆروپا لەوپەڕی پێشکەوتن و مۆدێرنێتەدا بە جەهل و جاهلیەت دەزانێ، لە سەید قوتبەوە بۆ حەسەنی بەناو پەیڕەوەکانیشیان، پێیان وایە سەردەمی دیموکراسی و مۆدێرنێتە سەردەمی جاهلیەتە، سەیری ئەم تراژیدیا و کۆمیدیایە بکەن، چۆن تێکەڵاوکراون، سەید قوتب بە هەموو ئەو ئەقڵیەتە ئیوکراتیەتەی (ئەقڵی دەسەلاتی ئایینی ڕەها) هەیەتی، پێی وایە ئۆروپا لەسەردەمی جاهلیەتە، کەچی هەموو هێزە ئیسلامگەراکان (٩٠٪) کە لێیان ئەقەومێت کەسییان ناچن بۆ وڵاتە ئیسلامیەکان، هەڵدێن بۆ ئۆروپا، لەوێ ئەبن بە پەناهەندە و لەسایەی ژیانی ئەوپەڕی ئازادی و سەربەستی ئەوێوە موسڵمانی عەیارە بیست و چوارمان بۆ دێننەوە. لەوێ ئازادن کتێبەکانی (سەید قوتب) و (حەسەن بەنا) و مورشیدەکانیان چاپ و باڵاو بکەنەوە. من نامەوێ ناوی کەسیان بهێنم، هەندێك لەوانە هەر زۆر کەم بایەختر ناویشیان بێنین، بەڵام ئەوانەی کە لێرە زۆرترین جنێوومان دەدەنێ، جنێو بە فکر و فەلسەفە و مێژوومان ئەدەن، ئەوانە خۆیان لەپەنای مەکە و مەدینەدا ناژین. بەڵکو وڵاتانی ئۆروپایان هەڵبژاردووە بۆ ژیان. کە یەک دو ساڵ جارێکیش دێنەوە و خوتبەی ئاگراوی ئەدەن، شریتەکانیان پڕئەکەن لە جنێو لەباتی مەعریفە و ئەقڵ، مزگەوتەکان پڕئەکەن لە رق و کینە و لەباتی لێبوردن و خۆشەویستی خەڵکانی ئاوا، نە لە (مەکە) ن و نە لە (مەدینە). ئەمانە لە نەرویج و سوید و بریتانیا و ئەمریکا و ئەڵمانیا و فەرەنسا دەژین. پیاوێك کە لێی ئەقەومێ هەڵیئەتەقێنی بۆ ئۆروپا بە پروپاگەندەش ئۆروپا بە کفر و جەهل ئەزانێ. ئەگەر تۆ فعلەن ئەم قسانەت ڕاستە، کەس بە موسڵمان نازانی لەخۆت بەوڵاوە، ئەگەر ئەشبیت بە پەناهەندە جێگای ڕاستەقینەت نە

نەرویجە، نە ئەڵمانیا، نە ئینگلتەرا، نە ئەمریکا، ئەوە کەعبە بچۆ بیست و چوار سەعات عیبادەت بکە؛ بڕۆ بۆئەوێ چی ئەکەی لە نەرویج، من نەرویجم بینیوە، ڕەنگە ئێوە کەم کەستان هەبێت بینیبێتتان، ئۆروپا و ئەمەریکاشم دیوە، ئەو سەلەفیانە کە ئەیانبینی لە وڵاتانی ئۆروپا ئەگەڕێن، هەمیشە لەبەرخۆمەوە کە دەمبینن، دەم گوت: ئاخر ئەم ڕیش درێژییە و ئەم دشداشەیە و ئەم عەگالە و ئەم سلوکی ئیسلامیە چی دەکا لە ئۆروپا کە هەموو دیاردەیەکی پێچەوانەی داب و نەریت و شەرعی ئیسلامە ؟ لە گازینۆ دائەنیشی لەگەڵ نەریتی ئیسلامدا ناگونجێ، چونکە ژن و کچی ئەوێ لە هاوینا تاقەتی جل لەبەرکردنی درێژیان نییە. ئەچیتە دوکان، ئەچیتە سوپەرمارکێت، ئەچیتە هەرشوێنێك خەڵك بۆ ژیانی خۆی ئەژی، بۆ تۆ ناژی، و گوێ لە نەریتی تۆ ناگرێت؛ بەڕاستی ئوسامە بن لادن زۆر چاکی کردوە چوە بۆ ئەفغانستان، زۆر باشی کردوە بەڕاستی لە وڵاتێکی دواکەوتوی ئاوا دەشێ بیری سەلەفیەت بڵاوبکرێتەوە. نەك لە وڵاتێکی پێشکەوتودا، ئەوانە کە ٩٠٪ نەخوێندەوارن، لە سێ ژەمەکە دوو ژەم نانیان دەست ناکەوێت بیخۆن، ئێ ئەوە ئوسامە بن لادن پیاوێکی ئاقڵە لە سعودەوە کۆچ ئەکات بۆ ئەفغانستان، چونکە ئەزانێ سعودیە هەم لەبەری ناسیۆنالیستیەوە، بواری تیا نییە لافی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە سعودیە و وڵاتانی کەنداو لێبدا، چونکە لەوبارەوە تێریان خواردووە؛ هەم لەبەری ژیانی بەرزی مادیەوە کەس گوێی لێناگرێت، دیارە لەبەری ئایینیشەوە خەڵکەکە ڕێبازی ئایینی خۆیان دۆزیوەتەوە. بۆیە ئەو پیاوە چاکی کردوە چووە بۆ ئەفغانستان، ئەچێ بۆ پاکستان، پێشتریش چووبو بۆ سودان، ئەو ناوچانە ئێستا مەیدانی پروپاگەندەی سەلەفیەتن و ڕەنگە تەراتێنی سەلەفیەکان لەو وڵاتانە درێژیش بخایەنێ. ئەمەیان ئاشکرایە بۆچی؟ لەبەر برسێتی و دواکەوتنە. ئەمە جگەلەوەی هەستی ناسیۆنالیزم و پێشکەوتنی مۆدێرنێتە هەر زۆر لاوازە لەو وڵاتانە. هەڵبەتە سەرەڕای ئەو راستیانە سەبارەت بە ڕەواجی پیری سەلەفی لە ناوچە هەرەدواکەوتووەکاندا، گەر سەلەفیەکان پێیان وابێ دنیا بەسەر خیتابەکانی ئەوان هەڵئەسوڕێ. ئەمە شتێکە ناکرێت باوەڕی پێبکرێت، ناکرێت باوەڕ بەوە بکرێت لە وڵاتی دواکەوتووەوە، بە خیتابی سەلەفی کۆنەپەرستانەوە؛ ئۆروپا گوایە نوقمی جەهالەتە و بەئاڕاستەی سەلەفی بگۆڕدرێ. ئەمە خەیاڵ و خورافاتە. ئەم جۆرە سیاسەتە پڕ لە ڕق و کینەیە، سەرەنجام هەر بۆ کوشت و کوشتار و جەنگی ناوخۆ ڕاندەکێشێ. لەناو ئەو هەموو کێشمەکێشەدا، لە دوائەنجامدا، تاقە چارەسەر، سیستەمی دیموکراسی و عەلمانیەتە و بەس. سیستەمی عەلمانی ئێجگار گرنگە، بەبێ سیستەمی عەلمانی مەحاڵە قسە لە سیستەمێکی دیموکراتی بکەیت.

عەلمانیەت و ئازادی ئەقڵ

پێم خۆشە سەرنجتان بۆ خاڵێکی کورت ڕابکێشم ئەویش ئەوەیە، ئەگەر ئەدەبیاتی هەموو هێزە ئیسلامیە سیاسیەکان بخوێنیتەوە کە قسە لە عەلمانیەت ئەکەن، زۆرتر قسە لەسەرئەوە ئەکەن کە: عەلمانیەت دین لە دەسەڵات جیائەکاتەوە و دینیش لەسەردەمی پێغەمبەرەوە کە شمشێرەکەی هەڵگێشاوە تا ئێستا بەهەقی خۆی دەسەڵاتی گرتۆتەدەست، دەسەڵاتی ئیسلامیش حاکمیەتی خوایە لەسەر ئەرز. جگەلەوەی هیچ دەسەڵاتێك حاکمیەتی خوا نییە. ئەم قسانە چەواشەکردنی ڕاستیەکانە و هەڵگێڕانەوەی فەلسەفەی عەلمانیەتە، عەلمانیەت پێش ئەوەی دین و دەسەڵات لێك جوێ

بکاتـــەوە، پێـــش ئـــەوە ئـــازادکردنی ئەقڵـــە لـــە ئاسەوارەکانی رابـردوو، گەوهـەری عەلمانیـەت لـە ئـازادکردنی ئـــەقڵ و چەســـپاندنی ئەقلانیەتدایـــە. بنەڕەتیترین مەسەلە کـە مـاکی عەلمانیەتـە، ئـەویش ئازادکردنی ئەقڵە؛ ئەقڵ ئەگەر بـەداگیرکراوی مایـەوە لەژێر دەســـەلاتەکانی سـەدەکانی ناوەڕاست، ئەگـەر ئـەقڵ لـــەناو ئـــەو هـــەموو تـــەمومژە میتـــافیزیکی و ئایدیالیستی و باوەڕهێنـان بـە جنۆکـە و غـەیبیات مایەوە، ئیتر ناتوانرێ ئـەقڵ بگێڕدرێتـەوە بـۆ ئەرکە ئەقلانیەکان و داوەرە زانستیەکان. شەو و ڕۆژ بیر لە مەسائیلی ڕۆحی بکەمەوە، شەو و ڕۆژ بیر مەســائیلی غـەیبی بکەمـــەوە، شـــەو و ڕۆژ بـــیر لـــە مەئاســـیلی میتـافیزیکی بکەمـەوە، شـەو و ڕۆژ بیر لـە جنۆکـە و سـزای دۆزەخ و قرچەقرچی هـەڵقرچاندن بکەمـــەوە، ئیتر لەکوێ ئەتوانم ئازادانە توانـای خـۆم پێشکەشـی کۆمەڵەکـــەم، نەتەوەکـــەم، پێشـــکەوتن، زانســـت، زانیاری بکەم؟ ئەگەر بیشیکەم بەشێکی کەمی توانام بۆ ئەو ئەمێنێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا لە وڵاتێکا بیەوێ پێشبکەوێ دەبێت بەشـی زۆری تواناکانی خـۆی لـە ڕێگـــای ئـــەقڵی ئـــازادەوە بخاتـــە خزمـــەتکردنی پێشـــکەوتن، زانســـت، زانیـــاری و زەمینـــە مادییـــە پێویســـتیەکانی گـــۆڕان و گۆڕانکـــاری و چۆنێتـــی چەسپاندنی دیموکراسی.

پێش هەموو شتێك لە چەمکی عەلمانیەت پێویستە بیر لـە چۆنیـەتی ئـازادکردنی ئـەقڵی دواکـەوتوو بـۆ ئەقڵی پێشکەوتوو بکرێتەوە. دوای ئەوە لە چۆنیەتی جیاکردنەوەی دیـن لـە دەسـەڵات؛ هـەتا ئـەقڵ ئـازاد نـەبێ، هـەرگیز ئـازادی ڕاستەقینە نایەتـەدی. ئـەقڵ ئـازاد بێـــت لـــە هـــەموو مەســـەلەکان، بـــە مەســـەلە مەزهەبەکانیشـەوە، بـۆ سیسـتەمی دیموکراتـی زۆر گرنگـە. تەنانـــەت بـــەبێ سیســـتەمی عـــەلمانی و چەسپاندنی بنەماکانی ئازادی ئـەقڵ، هیـچ میللـەتێك ناتوانـێ لافـی ئـازادی ڕاستەقینە لێبـدا. عەلمانیـەت بەتـەواوەتی بچەسپێنە، دیـن و دەوڵـەتیش لەیـەك جیابکـەرەوە، هـەموو ئازادیـەکان قبـوڵ بکـە لـە دەستوردا، ئینجا ئەرکی تـری دابینکردنـی مافـەکانی تـاك و خـەڵك دێتەپێشـەوە، کـە ئـەویش مەدنیـەت و مافە مەدنیەکانە. ئەمـە مەسـەلەیەکی زۆر گرنگـە بـۆ ئەزمونـە دیموکراتیـەکان. بـەڵام ئەگـەر ئـەقڵ ئـازاد نـەکرێ و ئازادانـە بیرنەکاتـەوە و ئەقڵانیـــەت لـــە حوکمدان لەســـەر هـــەموو دیـــاردە و دەرکەوتـــەکان بەکارنەیەت، ناکرێ بیر لە ئەرکەکانی تری دیموکراتی بکرێتەوە. چونکە ڕاستەوخۆ یان بە ئازادکردنی ئەقڵ و ئەقڵانیەتـەوە هەیـە. مـرۆڤ کـە ســەربەخۆیی بیرکردنەوەی نەبوو. ئەقڵی هـی خـۆی نـەبوو، خـۆی خـۆی بـەڕێوە نـەبا، دەســـەڵاتت نەدایـە ڕێکخـراوی هەبێت، سەندیکای هەبێ، گروپـی هـەبێ، ڕێکخراوی خۆبەخشی هـەبێت، ڕێکخراوی کۆمەڵایـەتی و مـافی مرۆڤی ئـازادی هـەبێ، دەسـەڵاتت نەدایـە ڕێکخراوی زانسـتی، ڕێکخراوێکـــی مرۆڤایـــەتی، ڕێکخراوێکـــی ئەدەبی، ڕێکخراوێکی هونەری، ڕێکخراوی دیموکراتـی هـەبێ کـە تـاك و کـۆی کۆمـەڵ مەبەسـتیانە، بـەپێی بەرنامەی خۆیان، بەپێی دەستوری خۆیان، بەشداری لە گۆڕان و گۆڕانکاریـەکان، بکـەن. بـەزۆری زۆرداری ئـەوەی دەسـەڵات بیـەوێ بیسـەپێنی، هـەر حزبێـك هاتەسەر حوکم خۆی چۆنی ئـەوێ جیهانبینی خـۆی بەســـەر خـــەڵکا بســـەپێنێ، لـــەکاتێکدا دەرەتـــان و جیاوازیەکی گەورە لەنێوان خەڵك و دەسەڵاتدا هەیە، چونکـە هـەموو خـەڵك حزبـی نیـە، هـەموو خـەڵکیش لەگەڵ دەســـەڵاتا نیـە، دە باشـە زۆرینـەی خـەڵك نـە لەگەڵ حزبن، نە لەگەڵ دەسەڵاتن، چیـان لێئەکـەی؟ ئەیانخەیتە دەریاوە؟ ئەیانکوژی؟ قوماتیان ئەکـەی؟ بـە زۆری زۆرداری ئەیانخەیتـە کەنیسـەکانەوە؟ هـەر ئەبێت لـە مزگەوتـەکانا بـژی؟ هـەر ئەبێلـە تـەکێ و

خانەقاکاندا بژی؟ ئایا ناکرێ ئەم مرۆڤە کە زۆرینەی زۆری خەڵکن بەشێوەیەکی تر بیربکەنەوە؟ ئازاد بیر بکەنەوە، بیری‌لێبکاتەوە، فەلسەفە چییە؟ بیری لێبکاتەوە ژیانی کۆمەڵایەتی چییە؟ بیری لێبکاتەوە سروشت و گەردون چییە؟ بیری لێبکاتەوە زانستی کیمیا و فیزیا و جوگرافیا چییە؟ ئەمە چۆن بیری لێئەکاتەوە تۆ ئەگەر رێگەی نەدەی خاوەن ئەقڵ و ئەقڵانیەتی خۆی بێت، من کە هەر تۆ بم کە دەسەڵاتیت، ئاخر ئیتر چۆن بتوانم بیربکەمەوە؟ چۆن بتوانم دابهێنم؟ مرۆڤێ نەتوانێ ئازادانە بیربکاتەوە ئەی چۆن ئەتوانێ وەکو خۆی بیربکاتەوە؟ چۆن ئەتوانێ وەکو خۆی ڕێبازێکی هاویەش گەڵاڵە بکا؟ گروپێکی هاویەش گەڵاڵە بکات؟ سەندیکایەکی هاویەش گەڵاڵە بکا؟ یەکێتیەکی هاویەش گەڵاڵە بکا؟ هەموو شتێك کە خۆی باوەڕی پێیەتی و ئەوانەی وەك ئەو باوەڕیان بەو شتەیە وەکو یەك بیری لێئەکەنەوە، چوارچێوەیەك بۆ خۆیان دابڕێژن؟ دەبێت بنەمایەك هەبێت ئیشی لەسەر بکات، ئەو بنەمایە مەدەنیە، مەدەنیەتیش وەکو پرنسیپ دەسەڵاتەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی بەرەسمی دەگەیەنێ. لەنێوان خێزان و دەسەڵاتا بۆشاییەکی گەورە هەیە، پێویستە بە دەسەڵاتی مەدەنی پڕ بکرێتەوە، بە چی پڕئەکرێتەوە؟ خۆ نابێت حزبی کارتۆنی دروستکەی، خۆ هەموومان ئەزانین حزبی کارتۆنی دروستکراوە، هەم لە کوردستانی دوو دەسەڵاتی ئێستا دروستکراوە، هەم لە سایەی حکومەتی یەکگرتوشدا دروستکراوە، حزبی کارتۆنی وەکو داهۆڵ جڵەوەکەی لەدەست خۆی نییە. من بە چاوی خۆم لە کۆبونەوەیەکا کەسێکم بەناوی سکرتێری حیزبۆکەیەکەم بینی سەرکەوت بۆ مینبەر، خوتبە بخوێنێتەوە. لە کۆنگرەیەکی حیزبێکدا؛ مەسئولێك لە مەسئولەکان دوای کەوتبوو هەتا پشت مایکرۆفۆنەکە، دیاربوو پێی‌دەڵێ ئەبێت چی بڵێی، بڕواتان هەبێت ئەوکاتانە لەبەرچاوی ئامادەبوان دەموچاوی زەردهەڵگەڕا، نەیئەزانی چی بکات، ناچار چوە پشتی مایکرۆفۆنەکە، بۆئەوەی پارەکەی لەکیس نەچێت، ئەوەی ئەو پێی وت، وەکو توتی گوتیەوە. ئەم جۆرە مرۆڤە مومکین نیە ئەگەر تۆ بەناوی ئازادی و دیموکراتیەوە دروستیان بکەیت، بتوانێ تا سەر خەڵك چەواشە بکا، خەڵك کە ئازاد بوو، ئازادیەکەی لەوەدایە خۆی بیرئەکاتەوە و بەرنامەی تایبەتیشی بۆ ژیان و هەڵسوڕانی خۆی دەبێ. بەشێکی زۆری ئەو جڵەوانە دەپسێنێ کە هەست و نەست و ویستی ئەو جڵەوکێش دەکەن. ئەوە مەحەکە بۆ ئازادی، نەك چۆن بیری بۆئەکرێتەوە. نەك چۆن بەرنامەی بۆ دارێژێ، نەك چۆن ئاڕاستەی ئەکرێ، ئاخر کە من ئاڕاستەم کرد، ئیتر بۆ بخرێتە ژێر مەسئولیەتەوە؟ بۆ نایهێنمە بن حیزبی دەسەڵاتدار؟ ئەوکاتە کەسیش گلەیت لێناکات.

باشترین دەستەبەر بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتن گۆڕانکاریە دیموکراسیەکانە، ئازادی تەواوی دروستکردنی ئۆرگانە مەدەنیەکانە، بەوپێیەی کە خەڵکی ئەیەوێت مەدەنیت هەبێ، هەر ڕێکخراوێك بەئاماری راستەقینە چەندی هەیە با هەیبێ. چەند ڕێکخراوی وێکچوش هەیە با بمێنێ. ئێمە بە هەڵە لەوە گەیشتووین گەر ڕێکخراو زۆرتربێت سەرمان لێتێکدەچێت، لەراستیا حزب زۆر بێت سەرمان لێتێك ئەچێت، لەناو هەموو کۆمەڵێکدا شوێنی چەند حیزبێکی ڕەسەن و راستەقینە دەبێتەوە و بەس. بەڵام لەناو هەمو گەل و کۆمەڵێکدا دەشێ جێگەی هەزاران ڕێکخراوی دیموکراتی و مەدەنی بکرێتەوە. بۆیە ڕێکخراو زۆر بێت سەرمان لێتێك ناچێت، پێویستە ئارەزوەکان، خولیاکان، حەزەکان، خواستە

مادیەکان، خواستە پیشەییەکان، ئەوەی لە ناختایە، ئەوەی لە دەرەوەیە، ئەوەی ئارەزووتە، حەزتە، چێژتە، تواناتە، خواستتە، ئازاددیتە، سەربەستیتە بەشێوەی جۆراوجۆر ئەمانە رێك بخرێ و ئاڕاستە بکرێن. خواست و ئارەزوو زۆر وزەبەندن. هەتا رێکخراوی مەدەنی زۆربێ، زۆر نییە. لە بەریتانیا سێ سەد هەزار رێکخراوی دیموکراسی هەیە، لە ئەمریکادا شەش سەد هەزار رێکخراوی دیموکراتی و مەدەنی هەن. من پار لە یوتۆبوری بوم کە دوەمین شاری گەورەی سویدە، چوار سەد و شەست و دوو رێکخراوی خانەنشینی ئەو شارە هەیە دیارە لەوێ رێکخراو پێنج کەس بێت و پەنجا هەزار کەس، هەمویان چونیەك مافی یاسایی کارکردنیان هەیە. هاوکاریش دەکرێن. رێکخراو هەیە، درەختێك لە گەڕەکەکەیدایە، یا لە شەقامەکەیدایە، تەمەنی دوو سەد ساڵە، شارەوانی شارەکەی ئەیەوێت بیبڕێت، ئەچن چەند کەسێکی دڵسۆز رێکخراوێك دروستدەکەن، ئەڵێن رێکخراوی پاراستنی فلان درەخت، یەکسەر یاسا مۆڵەتی ئەداتێ.

ناسیۆنالیزم و عەقیدە و گوشتن

ئێوە شانۆگەریی هارونە رەشید بخوێنەوە. هارونە رەشید لە رۆژێکا بڕیاریداوە هەزاران کەس قەتڵوعام بکرێ، بێگومان دەیان هەزاری تریشی کوشتووە، کە ئەنفال کرا سەدوهەشتا و دوو هەزار سەرنگون کراوون. بەڵگەنامەکانمان گرتووە بە دەسخەتی خۆیان یاویشمانە بە هەموو رێکخراوەکانی مرۆڤدۆست و یاسایی لە دنیادا، ئەڵێ ئەوە پێنج هەزار کەسمان بۆ ناردن بۆ (مجزرە)ی فلان بۆ چەکی کیمیایی تاقیان بکەنەوە. بزانن لە ئان و کاتدا هەر پێنج هەزار کەسە لە کوردەی کیمیاییدا سوتێنراوون بۆ تاقیکردنەوە. چ فەرقێك هەیە لە نێوان هارون رەشید و هارون صەدام دا؟ ئەمە ئەقڵیەتی ناسیۆنالیستیە کە تێکەڵاو بە عەقیدەی دینی بووە. چونکە کوشتنی بەرامبەر بە حەڵاڵ ئەزانێ و بە مقەدەسیشی ئەزانێ و پێشی وایە ئەو دەسەڵاتەی کە هەیەتی لە خزمەتی عەقیدە، دین، ناسیۆنالیزمی عەرەبی، دینی عەرەبی، محمدی عەرەبی، قورئانی عەرەبی، حەدیسی عەرەبی، خولەفای عەرەبیدایە، لەبەرامبەر میللەتانی تردا قودسیەت ئەدا بە قەومەکەی خۆی و مێژووی ئیسلام بە خەلیفە و سوڵتانە هەرە خوێنڕێژەکانی ئیسلامیشەوە، میللەتانی تر بچوك دەکاتەوە و ناشکرێ قسە بکەیت. چونکە بەناوی ئیسلامەوەیە. چەند مانگێکی تر بەهیوا کتێبێك چاپ بکەین بەناوی (تأریخ العراق الدموي) (باقر یاسین) نووسیویەتی، مێژووی عێراقی لەسەردەمی سۆمەری و بابلیەوە هەتا سەردەمی پاشایەتی هەڵسەنگاندوە، مێژووی هەموو عێراقی بە دەسەڵاتی ئیسلامی و عەباسی و هەرچی ئومەرا و خولەفا هەیە، بڕواتان هەبێت بیخوێنەوە بەوردی، ئەو ئامارانە بخوێنەوە کە بەناوی شارستانیەتەکان، بەناوی ئیسلام، بەناوی خەلیفە، بەناوی عەباسی، بەناوی دین، بەناوی مەزهەب، بەناوی تەریقەت ئەو مێژووە خوێناوییە بخوێنەوە، بۆتان دەردەکەوێ کە مێژووی عێراق ئاوا لەسەر دەریای خوێن بونیادنرابێ. ئێوە تەسەور ئەکەن تأریخی ئەم عێراقە کوژراوەکان لە پێنج و شەش ملیۆن تێپەڕبووە، تەسەوری ئەوە ئەکەن مەسەلەن هەشتا هەزار بە یەك رۆژ کوژراوە، ئەو شێوە ئەشکەنجانەی لەو سەردەمە هەبووە، ئێستاش هیچ حکومەتێك ئەقڵی پێی‌نەشکاوە، تکاتان لێئەکەم بیخوێنەوە و، بڕیاریشمان داوە دوو هەزار دانەی لێ چاپ بکەین، پڕ بە دڵ هیوادارین بیخوێنەوە، بۆئەوەی ئەو هەموو لایەنە بەدرۆ

بخەینەوە کە پێیان وایە مێژووی ئیسلام، مێژووی نەزاهەت و تەسەوف و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و خزمەتی مرۆڤە. مێژوو وەکو خۆی بخوێنەوە، نەک لە روانگەی دەسەڵاتەوە. ئەوەی ئێستا لە روانگەی دەسەڵاتی ئیسلامەوە مێژووی وڵاتانی بەئیسلامکراو نوسراوە. چەواشەکارییەکی زۆر زۆری تیاکراوە. مێژوو ئەوەی گوتراوە نوسراوە، نەک ئەوەی نەگوتراوە، ئێستا بەشی زۆری روداوەکانی مێژووی نوێ (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) نایڵێ (پارتی) نایڵێ، هەزاران روداو رۆژانە لەم وڵاتەدا روئەدات، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێ بینوسێ و تەحقیقێکی لەسەر بکات رۆژانە، جا وەرە هەزاران ساڵ لەمەوبەر چی رویداوە، چ هاوار و چ تاوانگەلێکی بێشومار لە مێژودا هەیە کە بەداخەوە هەمووی ئارایش کراوە.

زۆر سەیرە مێژوونوسی وا هەیە ئەڵێ: ئیسلام کە هاتووە بۆ کوردستان کورد بە گوڵ و گوڵزار چووە بە پیریەوە، بەڕاستی پەشمە کەسێك ئاوا مێژوو هەڵبگێڕێتەوە. لەم سەردەماشا ئاوا خەڵك چەواشە بکات، هەرگیزاوهەرگیز لە هیچ شوێنێکی کوردستان نەبوە، لە پێدەشت و شاخی کوردستاندا، خەڵك بە گوڵ و گوڵزار نەچووە بەدەم پیری فتوحاتی ئیسلامەوە، لە قەتڵوعامی جەولەلاوە، لە شەڕی قادسیەوە هەتا ئەنفالەکانی رژێمی عێراق هەموو دەسەڵاتەکانی بەقەساوەت و بە داگیرکردن سەپێنراوە. هەرگیز کورد بە هەلەکەسەما و چەپکەگوڵەوە پێشوازی لە داگیرکەر نەکردووە. ئەم هەورامانەی کە ئێستا ئێوە ئەیبینین، ئەوکاتە یەك هەورامان بووە، سێ سەد و شەست و چوار ساڵ بەرەنگاری سوپای ئیسلامی کردوە، ئەمەم لە ئینسکلوپیدیای ئیسلامی خۆی وەرگرتووە، کە لە دەوڵەتی جمهوری ئیسلامی ئێران چاپ کراوە و بۆ کوردیش وەرگێڕاوە؛ بچن مێژوو وەکو خۆی بخوێنەوە بزانن قەت شوێن و شارەکان هەبووە بەئاسانی تەسلیم بوبێ؟ چۆن شتی وا ئەکرێ؟ وەرە ئەقڵ و مەنتق بەکاربێنە بگەڕێرەوە بۆ هەوارەکۆنەکان و مێژووی روداوەکان و ئاسەوارەکانی مێژوو بپشکنە، بزانە چۆن دەشێ لە دۆڵی شەهیدان بابایەکی کوردی زەردەشتی لە ئاتشگای خۆما عیبادەت ئەکەم، نە ئاگام لێیەتی خوا بەوشێوەیەی ئیسلام باسی کردوە هەیە، نە ئاگام لێیەتی پێغەمبەرێ هاتۆتە ئەم دنیایە دینی ئیسلام بڵاوبکاتەوە، نە ناوی ئەسحابەم بیستووە، نە ئایەتی قورئانم بیستووە، نە دەشزانم خولەفای راشدین کێن، یەك وشە عەرەبیشم نەزانیووە، گوێم لە بانگی ئاشکرای بیلاڵی حەبەشی نەبووە، هیچم نەبیستووە، باشە لە مانی خۆم دانیشتووم، لە شاری خۆم دانیشتووم، لە دێی خۆم دانیشتووم، سوپایەك دێت بە ئاڵایەکی سەوزەوە ئەڵێ ئەبێت ببی بە موسڵمان، چۆن ئەبێ مقاوەمەت نەکەم؟ بەردیش بیت مقاوەمەت ئەکەیت نەك مرۆڤ، ئەرزم هەبووە، کێڵگەکەم هەبووە، باخم هەبووە، کانیاوم هەبووە، لەو جوانتر بووم، لەو بەتین تر بوو، بەهەموو شێوەیەك وڵاتەکەم لە جەزیرەی عەرەبی جوانتر بوو.

هەموتان ئەزانن لێکۆڵینەوەکان ساغیانکردۆتەوە ئەڵێ هەموو فتوحاتی ئیسلامی لە دەرەوەی جەزیرەی عەرەبی بۆ ئابوری بووە، دوای ئەوەی فتوحاتی ئیسلامی سەرکەوتوە، ئینجا ئابوری جەزیرەی عەرەبی بەهێز بووە، ئینجا خولەفاکان دەوڵەمەندتر بوون.

نکوڵی لەوەناکرێ کوردیش وەکو میللەتانی تر بەزۆری سوپا و شمشێرەوە کراوەتە موسڵمان، ئەمە راستییەکە و لە دواسەرەنجامدا تەسلیمبوین، بەڵام ئەم تەسلیمبونە با نەکرێتە بەشێکی پێکهاتەی کورد و بیرێکی ئامادە بۆ چونە ناو ئیسلام لەسەرەتای

هاتنی سوپای ئیسلامدا، ئەمە پێچەوانەی حوکمی مێژووە. چرکەساتەکانی مێژوو مەشێوێنن، چەند ناشیرینە چرکەساتەکانی مێژوو ئەشێوێنن، چەن ناشیرینە گیانی بەرەنگاری دێرینەی کورد ئەکرێتە قوربانی هەستی ئێستای ئایینی. ئەو گیانە مەشێوێنن. وای مەنوێنن کە کورد بۆئەوە خەڵق کراوە چاوەڕێ بکات داگیرکەر بێت داگیری بکات، کەی وایە؟ لەبەر سەدان کێشەی رابوردوو لەگەڵ کێشەکانی ئێستا، بۆئەوەی کێشەی ئایندەشیانی نەچێتەسەر، وەکو ئەم کێشانە کە مێژوشمان دەشێوێنن، لەبەر ئەو راستیانە دیموکراسی و ئازادی، زۆر گرنگە. گۆڕینی میتۆدی لێکدانەوەکان لە میتۆدی ئاینییەوە بۆ میتۆد و فەلسەفە زانستیەکان، زۆر گرنگە. دەنا سەدان کێشەی رابوردوو وەکو خۆیان دەمێننەوە و هەزارانیشی دەچێتەسەر. ماستەرێك لە زانکۆی سلێمانی پەسەندکراوە، هی بەڕێز (شوان عوسمان) رێك پێچەوانەی ئەو بۆچونانەیە کە کورد بە گوڵ و گوڵزار بەرەوپیری فتوحاتی ئیسلامی چوە، هەرئەو قسانە ئەکات کە من ساڵەهایە وتومە، من جارێ نەمخوێندۆتەوە، بەڵام ئوستازەکان کە قسەیان بۆ کردوم ئەڵێن هەموو ئەو قسانەی کە تۆ لە کۆڕەکانا کردت ئەوەتا لە ماستەرنامەدا ساغکراونەتەوە. ئەم قسانەی ئێستام لەمێژووی کورد و ئیسلام قسەی ئێستام نیە، قسەی پێش راپەڕینمە.

جیهانگیری و خێرایی گۆڕانکاری کوردەواری

ئێستەش دوبارەی دەکەمەوە، دیموکراسی، عەلمانی، مەدەنیەت، بۆ ئازادکردنی ئەقڵ سێ پرنسیپی پێکەوەبەستراوون. هیچ هێزێك و دەسەلاتێکی دیموکراتی راستەقینە، ناتوانێ لێکیان جیابکاتەوە. کاتێك کە دیموکراتی ئەبێت ئەوکاتە بە زەرورەت سیستمی عەلمانیشت ئەبێت، کە سیستمی عەلمانیشت هەبوو بە زەرورەت ئەبێت مەدەنیەتیش هەبێت، دەشبێ فراوانترین ئازادیش بەخۆیەوە ببینێت، هیچ تەداخولیەتێك پێچەوانەی رێسا گشتیەکان و ئاڕاستە مەدەنیەکان نەمێنێ. ئەم قسانەش نە دژی ئاین و نە بۆ سڕینەوەی مەزهەبەکانە. بۆ نوسینەوەی مێژووە بەئاڕاستەی بیناکردنی ئێستا و ئایندە. بۆ دۆزینەوەی نەدۆزراوەکانە لەمێژودا. چونکە بەشی زۆری مێژوی نوسراو، مێژووی نوسراوی سەرکەوتوەکانە. هەموشمان دەبینین کە ئازادیەکی زۆر هەیە کەسیش ناتوانێ بە ئێمە بڵێ ئازادی ئاین و مەزهەبتان زەوت کردووە. بەڵکو کە ئەم قسانە دەکەم رەخنەی ئەوەمان لەسەرە کە بواری زیاد لەپێویستمان داوەتە هێزە ئیسلامیەکان، ئەمە جگەلەوەی ژمارەی مزگەوتەکانی ئێستا زۆر زیاترە لە زەمانی حکومەت، ژمارەی ئازادی مەزهەبی ئێستا زۆر زیاترە لە زەمانی حکومەت و، هەموو حزبە ئیسلامیەکانی ئێستا کە ئازادن لە زمانی حکومەتدا هەندێکیان خۆیان تەجمید کردبوو، هەندێکیشیان سەرەتای سەرهەڵدانیان بوو، ئەویش لە ساڵی ١٩٨٧ – ١٩٨٨ سەرەتای سەرهەڵدانیان بوو، هەندێکیشیان خۆتان ئەزانن لە دوای راپەڕین لە ساڵی ١٩٩٤ وە خۆیان راگەیاند.

بچن سەرژمێری مزگەوتەکان بکەن، بچن کەنیسەکانیش بژمێرن. هەتا جولەکەش، خێزانی جولەکە لە ساڵی ١٩٤٧ لەم عێراقەدا هەتا ١٩٩٢ نەیانوێراوە بڵێن جولەکەین، ئێستا هەموویان لە کوردستان بەئاشکرا ئەڵێن جولەکەین و هەندێکیشیان ئەچن سەفەر ئەکەن لە خارج کەسوکارە جولەکەکانیشیان ئەبینەوە، بۆ یەکەمین جاریش لەمێژوودا هەقە و کاکەیی و یەزیدی سێ

مانگ لەمەوبەر کۆڕیان لە هۆڵـی مەکتـەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان بەست و ئازادانـە بـەرگریان لـەخۆیان ئەکرد، خۆشیان وتیان ئەوە یەکـەم جارە ئەوەتـەی دەسەڵاتی ئیسلامی هەیـە تـا ئێستا ئێمـەی یـەزیدی لەگـەڵ کاکـەبی ئـازاد بـین، قسـە بکـەین، قـەت نـەمانوێراوە قسـە بکـەین، ئینجـا باسـی قـەتڵ و عامـەکانی خۆیـان کـرد کـە لـە مێـژوی دەسـەڵاتی ئیسلامیدا بەرامبەریان کراوە بۆ لەناوبردنیان.

کۆتـایی قسـەکەم ئەبەسـتمەوە بـەوەی کـە ئـەوە سەردەمێکی گەورەی مێژوویی بووە بۆ ئۆروپـا، ئـەو سـەرکەوتنانە بەدەسـت هـاتووە، پرۆسیسـێکی مێژوویـی، دەورانێکـی گـەورەی مێژوویـی، ئـاڵوگۆڕی ئـابووری، سیاسـی، کۆمەڵایـەتی، ئـەو سـەرکەوتنانە هاتونەتەدەست. مێژووی ئێمەش سەرەڕای شکست و قوربانیەکی زۆر، بەڵام مێژوویەك نییـە بـەتاڵ بـێ لـە شـتی جـوان. تەنانـەت مێـژووی نوێشـمان، مێـژووی خەباتی رزگاری دونیاییـە. خەباتمان بـۆ دەسـەڵاتی دینـی نـەبووە. شـێخ مـەحمود لـەپێناوی کـورد پەیوەندیبـە ئینگلـیزەوە هـەبوو، پـەیوەندی بـە بۆلشـەوی کـافری موتڵەقیشـەوە هـەبوو، بـا دوای ئـەوەش باسـی لـە حزبـەکان ئەکـەین، ئەسـڵەن لـە تـأریخی ئێمـە بەتایبـەتی لـە سـەدەی نۆزدەهـەم و سەدەی هەتا ئیماراتەکانی ئێمـەش هیـچ میرنشـینێك لە میرنشینەکانی کوردسـتان کـوت و مـت میرنشـینی ئـایینی و ئیوکراتـی نـەبووە، ئـەردەڵان میرنشـینی دەسـەڵاتی ئـاینی نـەبووە، بۆتـان هـەروا سـۆران میرنشـینی ئـاینی نـەبووە، بابـان میرنشـینی ئـاینی نەبووە، بەڵکو ئەم میرنشینانە سەرەتای دەسـەڵاتی ناسیۆنالیستی کوردیی بون، پێـش ئـەوەی تـەکامولی ناسیۆنالیستی بکـەن لـەناوبران. ئەحمـەدی خـانی لەخۆیـەوە باسـی ئـەوە ناکـات کـورد ئەیـەوێ یـەك بگـرێ، دژی عەجـەم و تـورك ئەحمـەدی خـانی لەخۆیەوە داستان ناهۆنێتەوە. وردەوردە پێکهاتـەی ژیـان، حاڵـەتی بابـەتی ژیـان وای لێئـەکات ئـەو سـەرەتانەی هەسـتی ناسیۆنالیسـتی بپشـکوێنێ. شـیعری حـاجی قـادری کۆیـی شـیعری کوردایـەتی و رزگاریـیە، رونـترین پـەیامی سیاسـی ناسیونالیسـتی کوردیـیە هەتا جاری وایە تۆندڕەوایەتی بەرامبـەر بـە ئەرمەنیـەکانیش کـردوە ، پـێرمێرد دەڵـێ: جگـە لـە جـەژنی نـەورۆز هیـچ جـەژنێکی تـر نەکـەین، هـەتا هـاتووە ئەمانـە هـەمووی کاریگـەریان هـەبوو لەسـەر خەملێنی پرۆسـەی ناسیۆنالیزمی کوردی. بـۆ نموونـە رۆژنامەی کوردستان بخوێندرێتەوە کە وەرمـانگێڕاوە بۆ سۆرانی، کە ئەیخوێنێتەوە سەیرە بەلاتەوە، سەد و چـوار سـاڵ لەمەوبـەر، نموونەیـەك لـە ئـەزمونی هەڵبژاردنی شارەوانی ئـەڵمانیا باس دەکات، باسـی شارستانیەت ئەکات، باسـی عیلـم ئـەکات، باسـی مەعریفەت ئەکات، باسـی ئـازادی ئـەکات، باسـی زۆر شت ئـەکات ئەمـە واتـای ئـەوەتا رەگ و ریشـەی کاریگەریەکانی سەردەمی رینسانس و مۆدێرنێتـە و پێشکەوتن و دیموکراسـی لـە دنیایـا ئەگەڕێتـەوە بـۆ سەردەمی میرنشین و شـاعیرانی کلاسیك. وردەوردە ئێستا بووە بە حاڵەتێکی بابەتی.

جارێکی تـر دەورانـی ژیـان ناگەڕێتـەوە بـۆ دواوە، هەروەکو سەلەفیەکان بچـەقێین یـان خۆمـان بدەینـە دەسـت قـەدەر و ئایندەیـەکی نادیـاری دوور. نـەخێر هـەموو کەرەسـەکان لەبەردەسـتمانن، گۆڕانکاریـەکی زۆر لەبەردەستمانن، کەنالی زۆر لەبەردەستمانن، کـە بتوانین بەخێراییەکی زیاتر لـەوان گۆڕانکاری گـەورە بـەدیبێنن و خۆشـبەختانە گۆڕانکاریەکانیشـمان کەوتونەتـە سـەردەمی جیـهانگیری. تـەواوی ئـەو لایەنانەی کە دەیانـەوێ کۆسـپ لەبـەردەم ئـاڵوگۆڕی گۆڕانکاری دنیا، تەکنەلۆجیای دونیا، پێویسـتیەکانی دونیـای جیـهانگیری دانێـین، کۆسـپە ئـایینی و

مەزهەبیەکان، هیچیان نە راستن و نە سەریش دەکەوون. ئەمانە وای‌باسدەکەن کە جیهانگیری هیچ بۆ مەسەلە نەتەوایەتیەکان و فەرهەنگ و کلتوری نەتەوەکان نامێڵێ. ئەوە چۆن ئەبێ؟ ئەوە مەنتقی ئیسلامی سیاسی و ناسیۆنالیستە گۆشەگیرەکانە. ئەم قسانە پێچەوانەی لۆژیکی دیموکراتی و گەوهەری جیهانگیرییە. چونکە گواستنەوەی سەرمایە و سەرمایەداری بۆ ولاتانی دواکەوتوو، دەوڵەتی دیموکراتی نەتەوەیی دروست ئەکا. نەک شتێك کە نییە لەناوی‌بەرێ. دەشێ کۆمەڵێ کلتوری خۆمان هەیە هەم بپارێزین، هەم خیتابی دیموکراتی و زانستی و دنیایی بکەین بەپێناوی خۆمان، خۆ مەرج نیە کە ئەڵێی جیهانگیری باش و خراپی قبوڵ بکەیت، زۆر شت هەیە ئەتوانین بپارێزین. کەسیش نایەوێ زۆرت لێبکات زمانی کوردی بگۆڕی، ئەدەبی کوردی بگۆڕی، بەپێچەوانەوە کە ئەڵێن دیموکراتی بۆ میللەتانی دنیا باشە، خۆ دیموکراتی نایەت بەرامبەرەکەی بسڕێتەوە، بەپێچەوانەوە، ڕێز لە بەرامبەرەکەی ئەگرێت، هەر عەقیدەیەك بێت لەبەرئەوە ئەم گۆڕانکاریە تازانە شێواز و کەنالی تازە تازەی داوەتە دەست ئێمە، کە گۆڕان و گۆڕانکاریەکانی لای خۆمان خێراترێکەین. دیارە ئەمە پرۆژەی ئەوێ، ستراتیجی ئەوێ، ئۆرگانی ئەوێ، زانکۆی ئازادی ئەوێ، پێویستیەکانی ئەم سەردەمەی ئەوێت، ئەو بەرنامانەی تا ئێستا هەمانە ١٠٪ ی ئەو پێویستیانە نین کە دەبێت ئەو ئامانجانەی پێ بەدەست بهێنن، زۆر شتی ئەوێ و دەتوانین بیکەین و ئەشتوانم بڵێم کاروانمان کەوتۆتە ڕێ، ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە، کاروانمان کەوتۆتە ڕێ و کۆنەپەرستەکان ئەزانن کاروانمان کەوتۆتەڕێ، بۆیە ئەوانیش دوژمنایەتی تووندترئەکەن. من نامەوێ بچمە ناو وردەکاریەکانەوە. پێشم وایە لە ئایندەیەکی نزیکدا گۆڕانکاری گەورە لە ولاتی ئێمە ڕوئەدات و، ئەو گۆڕانکاریە گەورەیەش ئەبێتە مایەی لاچونی کێشەی ئێجگار گەورەی سیاسی؛ ئەمڕۆ ڕۆژێکە و من بە ئێوە ئەڵێم: چاوەڕێی گۆڕانی گەورەی ئەوتۆ بکەن کە هەرگیز لە ژیانتانا نەتانبیستووە، ئەو گۆڕانکاریانە بەڕێوەن، ئەمێنێتەوە سەر ئێمەی کورد، ئەقڵی کورد، توانای کورد، خیتابی کورد، دەسەلاتی کوردی کوردی، ڕوناکبیری کوردی، ئایە دەرسی خۆمان لە رابردوومان وەرئەگرین؟ ئایە دەرس لە کێشەکانمان، لە شەڕی ناوخۆمان و لە چۆنێتی داڕشتنەوەی بەرنامەیەکی شیاوی خۆمان وەرئەگرین بۆ قۆستنەوەی هەلەکان کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕوبەڕومان دەبێتەوە؟

بێگومان کەسێك دڵسۆز بێت بۆ نەتەوەکەی، بۆ نیشتمانەکەی، بۆ شەهیدانی، بۆ ئەنفالەکانی، ئەبێت ئەمە بزانێت جگە لەم ئەرکە، جگە لەم دەربەستیە نابێ بیر لە شتێکی تر بکاتەوە، ناڵێم هەرئەبێ ئایدیۆلۆژیای منی قبوڵ بێت. بەڵام هیچ هێزێك، هیچ گروپێك، هیچ گۆڤارێك لەژێر هەچ پاساوێکدا، گیانی مقاومەت و گیانی گوڕم و تەوژمی کوردی، بۆ قۆستنەوەی ئایندە سارد بکاتەوە، خەتەرە، خەتەری بچوك بەقەد خۆی، خەتەری گەورەش بەقەد خۆی کاریگەری هەیە. ئێستا مەسەلەی دەسەلاتی کوردی، مەسەلەی ناسیونالیزمی کوردی، مەسەلەی دیموکراتی کوردی، مەسەلەی ئاشتی ئێستای کوردی، بۆ ئایندەی نەتەوەی کورد مەسەلەیەکی چارەنووس سازە. لەژێر هیچ پاساوێك دا ئەوە قبوڵ ناکرێت، جگەلەوەی ئەبێ ئەم چارەنوسە بگەیەنیتە ئامانجێکی ئەوتۆ کە بەدڵنیاییەوە لێی دڵنیابین، دوای ئەوە چی ئەکەی بۆ خۆت بیکە. بڕۆ ئەوپەڕی ئازادبە، بەڵام ئێستا بچوکترین هەڵوێستی خراپ، تا هەڵوێستی بۆگەنی وەکو ئەوانەی (جندالاسلام)

زەرەری هەیە. لەژێر پەردەی ئازادی، ئازادیەکەمان نابێ لەدەست بدەین، لەژێر پەردەی دیموکراتی، نابێ هەلی گەورەی دیموکراتی لەدەست بدەین، بەڵام ئەمە بەومانایە نیە، دەرگا و پەنجەرەکانی داهێنان و سەربەستی رەخنە دابخەین. بەپێچەوانەوە، دەبێ بیکەینەوە، ئەو قسانەی نەکراون دەبێت بکرێن. تۆ واز لەوە بێنە ئەچی کتێبێك ئەخوێنیتەوە و دەتەوێ ئەم میللەتە بێئەزمونە، بکەیتە ئەزمونگای ئەو فەلسەفەیە. فەلسەفەی فەیلەسوفێکی شکستخواردوی ئەورووپا ئەفرۆشی بە گەلە بێدەسەلاتە دیموکراتی و بێبەش لەسەربەخۆیی. تۆ وەرە سەر ئەرکی ژیانی خۆت، کە ئەم ئەزمونە چۆن دەبێ بپارێزرێت، چۆن ژیان بژێنیتەوە، چۆن جوانیەکان بژێنیتەوە و چۆن دڵنیابیت کە جارێکی تر ئەنفالت بەسەردا نەیەتەوە. ئەوەی کە دەتوانێ ئەمە بکات، ئەوە نەمرە، ئەوەی کە ناتوانێ ئەمە بکا کەوتۆتە شەواڕە و هیچ بە هیچ ناکا، ئەوەی ئەمێنێتەوە ئەو ڕەگ و درەختە جوانانەن کە ڕۆئەچنە ناخی مێژوو. کە ڕۆئەچنە ناخی مرۆڤ، کە ڕۆئەچنە ناخی خولیاکان. کە هەڵەکانی ڕابردوو دووبارەناکەنەوەو باشتر کارئەکەن و، ئایندەیەکی باشتر و گەشاوە بەدەست دەهێنن. ئەمە پەیامی خەمێکی شارستانیە لەبەرامبەر ئەم پەیامەدا شتی پێچەوانە زیانی زۆرترە. بۆنموونە: ڕۆژنامە و بەخشنامەی جیاوازی ئازاد بەدروشمی جیاجیا دەردەکرێت، گرنگ دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە نییە، گرنگ پەیامی ڕۆژنامەگەری چیە؟

پڕبەدڵ هیوادارم هەموومان بەوشیێوەیەی ئەزانین دیموکراتی چەند گرنگە، خزمەتی دیموکراتی بکەین. بەوشیێوەیەی کە پێویستە ئەڵە داگیرکراوەکان لە هەموو جۆرە داگیرکەرێك ڕزگار بکەین. من نە لایەنگری تۆندڕەوایەتی، نە لایەنگری پەلەپەلم، نە لایەنگری تەرحکردنی هەندێ ئەفکارم کە (٥) ساڵی تر لەوانەیە پێویست بێت، لایەنگری ئەوەم بیروباوەڕ لامان ڕوون بێت.. و هەوڵی بۆ بدەین، لایەنگری ئەوەم خۆشترین خواردنی پرنسیپی بەتام هەبێ، بەڵام ئەبێ پارو پارو بیخوێیت، ناکرێ چوار پار و بەیەکەوە قوت بدەین، دوایی بۆت هەرس ناکرێت.. دڵنیام ئایندەمان سەرکەوتنی زۆری دیموکراسی و ئازادی، بە ئازادی ئەقڵەوە ئەبێت. زەمەنی شکستی هەموو ئەو ئەقڵانە ئەبێت، کە ئێستا توانایان هەیە خەڵك چەواشە بکەن. هیوادارم هەموومان ئازاد بین. لەپێشەوە ئەقڵمان ئازادبێت.

تێبینی: ئەم وتارە لەچوارچێوەی شەشەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا پێشکەش کرا..

گەلاوێژی وەرزی (٢٠)

ئەحمەد مەحمود ئیسماعیل

جلیل گاگە وەیس

سیرزاد حەسەن

حسێن عارف



ئازادی و دیموکراسی لەنێوان رۆشنبیری جیهانی و سیاسەتدا

محەمەد سالار عەلی

پێشەکی ئەمەوێ ئەوە بڵێم کە بەکارهێنانی زاراوەی رۆشنبیری جیهانی (المثقف الكوني) بۆ ئەو مەبەستەیە هەموو گەورە پیاوانی تەسەوف و بیریارو فەیلەسوفەکانی جیهانی بگرێتەوە، واتە ئەو کەسایەتییانەی توانیویانە رەوڕەوەی فکری ئادەمیزاد وەرچەرخێنن و رۆڵی کاریگەریان بووە لەخزمەتکردنی مرۆڤایەتیدا. ئەدۆنیس لەپێشەکی کتێبەکەیدا بەناونیشانی (الصوفية والسوريالية) ئەڵێت: لەوانەیە ئەمە ناونیشانێك بێت ببێتە هۆی هەژاندنی ناڕەزای، یان هەر نەبێت رەخنەو بەرپەرچدانەوە، ئەمە نەك تەنها لەلایەن سوریالییەکانەوە، بەڵکو بەلایەن سوفییەکانیشەوە، بەهەر حاڵ ئەمرەخنەو هەژاندنە لەهەردووگروپەکەدا کاردانەوەی خراپی هەبێت، یان چاك، ئەوە بەدڵنیایی کۆکردنەوەی ئەم دوو رێڕەوە لەوانەیە جێگای سەرسوڕمان بێت. ئەو رەخنەیەش کەسەر هەڵئەدا ئاڕاستەی ئەوە دەکرێ کە رێڕەوی سۆفیگەری ئاین پەروەریەو ئامانجیشی رزگاربوونێکی ئاینییە، بەڵام سوریالییەت بزافێکی بێ باوەڕی لادێنییە، کەوابوو چۆن دینداری و لادینی کۆدەکرێنەوەو ڕێك دەکەون؟ دیارە لەڕوانگەتدا ئەم رەخنەیە لەجێگای خۆیدایە، بەڵام لەناوەڕۆکو قۆناوی واتادا نزیکبوونەوەو لێکچوونیان، یان پێکگەیشتنەوەو یەکگرتنەوەیان، لەچەند خاڵێکدا لەسەر ئەو رێگایەی سۆفی و سوریالی دەیگرنەبەر لەڕووی مەعریفەوە دیاردەیەکی ناوازەو نامۆنیە[1] بۆیە ئێمەش ئەڵێین: دوورنیە ئەم بابەتەش جێگای سەرسوڕمان بێت لەو ڕووەوە کە چەند چەمکێکی وەك فەلسەفەو، سۆفیگەری و، سیاسەتو ڕۆشنگەری و دوای ڕۆشنگەری.. هتد کە زۆربەیان هەر نەبێت لەڕواڵەتدا نامۆو نەیارن بەیەك بەڵام وادەزانم لێکچوون و تەباییان لەناوەڕۆکدا تەمو مژی نامۆییان بەیەکو سەرسام بوونی ئێمەش دەڕەوێنێتەوە.

مەبەستی سەرەکی ئەم نووسراوەیش ئەوەیە گەر بتوانێ تیشکێ بخاتەسەر ڕۆڵی تەسەوفو بیریارانو سیاسەت مەداران لەڕووی هەوڵدانو کوششیانەوە بۆ پراکتیزەکردنی ئازادی و ئاسوودەیی و دیموکراسی لەجیهاندا، هەروەها بەرجەستەکردنی دادپەروەری و یەکسانی لەسەر ئەم هەسارەیە.

ئاشکرایە بەتەنها مرۆڤە کە داهێنەری سومبل و یاساو دەستوورەو، ناویشی بۆ هەموو شتەکان داناوەو، پێناسەی هەڵس و کەوت و دیاردەکانی کردووە. تەسەوف و سیاسەتیش دوو زاراوەن کە مرۆڤ داینـاون و گەڵێ واتـاو مەبەستیان هەیەو هەر لەسەرەتای هاتنی مرۆڤەوە تەسەوف و سیاسەت بەواتا لەژیانی مرۆڤدا رەنگیان داوەتەوە بالە ئاستێکی زۆر سادەیشدا بووبێت، یان زاراوەی تریشیان بۆ دابنرێت. جا لەبەرئەوەی سیاسەت پەیوەندی بەهەموو شتێکەوە هەیە، بەتایبەتی، بیریارو سۆفیگەری، پێویستە پێشەکی تیشکێ بخەینە سەر سیاسەتو ئامازە بۆ ئەویش بکەین کە مەبەستی ئێمە لەسیاسەت زیاتر سیاسەتی سوڵتەیە سیاسەت لەڕووی زمانەوە (اللغه) واتە رێکوپێککردنی کاروباری خەڵکی و رێنمایکردنیان بۆ سەر رێگای راست، سیاسەت بەو واتایەش کە لەناوەندی کۆمەڵدا زاراوە، بەتایبەت ناوەندی رۆشنبیریدا هەر پەیوەندە بەواتا لوغەوییەکەیەوە، بەڵام بەشێویەیەکی هێندە فراوان کە دەست لەهەموو بوارەکانی ژیان وەردەداو بۆ ئەو مەبەستەی هەموو شتێك کۆنترۆڵبکات بیهێنێتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەڵایەن هەندێ پسپۆڕانەوە سیاسەت واتای زانستی بەسەردا نایەتەجێو، ناخرێتە بازنەی زانستییەوە، لەبەر ئەوەی یاساو سیستەمو کاکڵەی بەرهەمەکانی پڕ بەپڕی خۆیان پێناسە ناکرێن، تاکو ببنە سەرچاوەیەکی چەسپاو نەگۆڕ، زیاد لەسەر ئەمەیش سیاسەت ناتوانێ پێشبینی تەواو پێشکەش بکات بۆ رووداوە سیاسیەکان لەداهاتوودا سەرەڕای ئەمانەیش پەوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەردەوام لەگۆڕاندان بەجۆرێ ئەوەی ئێستا بەڕاست و پیرۆز دادەنرێ دوورنیە لەداهاتوودا پێچەوانە بێتەوە، دیارە ئەم تاو توێکردنە لەدیدی سیاسەتدا بەنەنگیش دانانرێ، لەبەرئەوەی خودی سیاسەتە، یان بڵێین: جۆرێکە لەسیاسەت سیاسەتیش ئەوەیە چالاکانە گەشەبکات و، کاتێکیش رووبەڕووی کێشەیەك بووەوە، سەغڵەت نەبێت و بتوانێ چارەسەری سیاسیانەی بۆ بکات.

هەرچەند بەڵایەن سۆسیالیزمەکانەوە سیاسەت زانست و هونەریشە. زانستە لەبەرئەوەی یاساو سیستەمێکی دیاریکراوی هەیەو دەتوانرێ دابمەزرێنرێ و پەیڕەوبکرێ. لەهەمان کاتدا هونەریشە لەبەرئەوەی سەرکەوتن لەسیاسەتدا پەیوەندە بەچۆنێتی بەکارهێنانییەوە بەشێوەیەکی کارامەی لەکات و شوێنی گونجاودا.[٢]

هەندێ لەپسپۆرانی سیاسەت ئەڵێن: سیاسەت بەگەڵێ پێناسەی جۆراو جۆریش بۆ کرابێت بەڵام ئەوەی گومانی تیادانیە ئەوەیە ژیانی رۆژانەمانە با زۆر تایبەت و گۆشەگیریش بێت یەشتا پەیوەندی بەسیاسەتەوە هەیەو مەحاڵە لەسیاسەت جیابکرێتەوە و بڕبکرێ[٣] پێویستە ئامازە بۆ ئەوەیش بکەین: هەرکەس پێی وترا سیاسەتمەدارو کاروباری دەوڵەتی گرتە دەست ئەوە دوو جۆرن یەکەمیان پیاوی دەوڵەتە واتە ئەو کەسەیە فەرمان رەوایی دەکات بەدادپەروەری و دڵسۆزی دووهەمیان کەسێکی وریاو فێڵاوییە کە دەتوانێ هەل بقۆزێتەوە بۆ گەیشتن بەمەبەست و ئامانجەکانی.[٤]

بەڵای (کلاستەرەوە) هەڵەی سەرەکی ئەو (ئەنستڕۆپۆلۆجیانەی) کۆمەڵگای سەرەتایی بەکۆمەڵگای سەرەتایی بەکۆمەڵگای دواکەوتوو دادەنێن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە وادەزانن کۆمەڵگای سەرەتایی کۆمەڵگایەکی بێ سیاسەتەو دەسەڵاتی تیادا نیە، ئەو کۆمەڵگایەش کە سیاسەتو دەسەڵاتی تیانەبوو، کۆمەڵگایەکە کە ڕێکخستنی تیانیە.. کەوابوو کۆمەڵگای سەرەتایی (بەبڕوای ئەو

ئەنسروپۆلۆجیایە) لەدۆخێکی بەردەوامی جەنگو ئاشوبدایە. بەڵام (کلاستەر) ئەمە بە تێڕوانینێکی هەڵە دەزانێ، ئەم هەڵەیەش لەوەوە هاتووە کە رۆژئاوا تەنها لەڕێی دەوڵەتەوە بیر لە سیاسەت دەکاتەوە لەکاتێکدا مەرج نییە سیاسەت تەنها لەڕێی دەوڵەتەوە لەدایك بێت ئەو کۆمەڵگایانەی سیستەمی حوکمی تیانیە مانای ئەوەنیە کەسیاسەتی تیانیە (شپرا) دەڵێت: ڕێکخستنی چالاکییە گشتیەکانو بڕیاردان لەبری کۆی کۆمەڵگا، چالاکی سیاسییە بەم مانایەش لەهەموو کۆمەڵگایەکدا جۆرێك لەچالاکی سیاسی هەیە.

پێویستە تیشکێکیش بخەینەسەر تەسەوفو ئەوەیش بخەینەڕوو کە مەبەستی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا زیاتر لەتەسەوفی کۆمەڵایەتیدا چڕەبێتەوە هەرچەند هەندێجار پەل بۆ تەسەوفەکانی تریش دەهاوێژێ بەتایبەتی تەسەوفی فەلسەفی. بەڵام وەك ئاماژەمان بۆکرد تەوەری سەرەکی ئەم نووسراوە تەسەوفی کۆمەڵایەتییە، چونکە زۆرتر ئەقتابو پێشەنگانی تەسەوفی کۆمەڵایەتییە راو بۆچوونو هەڵوێستیان بەرامبەر مرۆڤو مرۆڤایەتی لەگەڵ راوبۆچوونو تێڕوانینی پێشەنگانی فەلسەفەو بیریارو رووناکبیراندا لەزۆر لایەندا یەکدەگرنەوە ئەوەبوو کاتێك پێناسەی سیاسەتمان کردو بۆمان دەرکەوت کە بەلایەن هەندێ لەبیرمەندانی سیاسییەوە: ژیانی مرۆڤ با زۆرتایبەتو گۆشەگیشریش نە بێت یەشتا لەسیاسەت جیاناکرێتەوە، یان وەك ئەفلاتوون ئەڵێت: مرۆڤ بونەوەرێکی سیاسییە.

جا لەبەرئەوەی گرێدانی تەسەوفو سیاسەت بەیەکەوە، هەروەها دابڕاندنیشیان لەیەك کارێکی ئاسان نیەو ئاڵۆزیو دژواری تێدایە، کەوابوو باشترواید سەرەتا بزانین پەیوەندی نێوان تەسەوفو سیاسەت چۆنە؟ لەم ڕووەوە حسەین مروە ئەڵێت: یەکەمین بزاڤی زوهد لەجەوهەرو بنەڕەتدا کاردانەوەیەکی نەگەتیڤی ڕاستەوخۆبوو بەرامبەر ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیو سیاسییەی ئەو سەردەمو ژینگەیەی کە بزاڤێ زوهد تیادا سەری هەڵداوە، کەوابوو وشەی زوهد بەواتا لوغەوییەکەیشی گوزارشت بووە لەدوورکەوتنەوە لەو شەڕو ناکۆکییەی لەو سەردەمەدا هاتۆتە ئاراوەو، دەست بەردان بووە لەهەموو ئیشو کارێکی ڕۆژانەو، دابڕان بووە لەکۆمەڵ جا ئەم واتە نێگەتیڤەی کە لە چەمکی زوهد وەردەگیرێ لەو ڕووەوە کە پەیوەندبووە بە واقیعی کۆمەڵایەتییەوە هەر لەسەرەتاوە زیاد لەو هەڵوێستە سیاسییە وەری گرێ بەرامبەر بەو ڕووداوە گەورانەی هاتنە مەیدانەوە لەهەمان کاتدا هەڵوێستی تیوریشی هێنایە ڕوو دەربارەی ژیانو مردنو، بەرگێکی تازەی کرد بەبەر ئەو دوو چەمکە ئاینییەدا کە (ژیانی دنیا)و (ژیانی دوایی) کە ژیانی دواییان پێ باشتربێت لەژیانی دنیا بەڵکو دابڕان لەدنیاو وازهێنان لەخۆشیو چەژو فەنتازییان کردە پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی کەماڵی زوهدو حەقیقەتی بەرجەستەکردنی.

جازوهارەکان لەم قۆناغەدا ئەو هەڵسو کەوتو ڕەفتارەی پێوەی هاتنە مەیدانەوە، هەڵوێستێکی سیاسی بووە. بەڵام ئەم هەڵوێستەیان بەتێڕوانینێکی دیاریکراو بۆ ژیانو ئەوەی لەدوای ژیانەوە دێ بەهێزکردو دامەزراندند، دیارە ئەمەش تێڕوانینێکە لەکەشو هەوای هزری تیوریدا لەدایك دەبێت بازۆر سادەو سەرەتایش بێت.

ئەم هەڵوێستەیە تیوریە بووە هۆی ئەوەی زوهادەکان هەندێ ئیجتیهاداتی تایبەتی بخەنەڕوو لەڕاڤەکردنی چەند دەقێکی قورئانی پیرۆزو فەرموودەدا.

ئەم ئیجتهاداتانەیش یەکەم بنەمابوو بۆ ئەو میتۆدی هیرمۆتیقیا (منهج الّویل)یەی کە سۆفییەکانی ئیسلام شتیان پێوە بەست و لەئەنجامدا وتەزای (زاهیرو، باطینی) وەبەرهێنا.[6]

ئەتوانین بەشێوەیەکی تریش باسی ئەم واقیعە بکەین، بڵێین: تەسەوف سەرەتا بەزوهدێکی رەفتاری گۆشەگیری دەستی پێکردو دواتر گەشەی کردو بوو بە هەڵوبستێکی هزری کە دووڕووی بەرهەڵستاکاری بەرهەمهێنا یەکەمیان ئاینی مۆتیقای (التأویل) دووهەمیان سیاسی دژی ستەمکاری و چەوساندنەوە، بەم جۆرە دەبینین کە چۆن لەقۆناغی بالای گەشەکردنیا بووە فۆرمێکی نوێ لەفۆرەمەکانی تێگەیشتنی فەلسەفی عەرەبەکان لەسەردەمەکانی ناوەڕاستدا، کە بەوتەزا تایبەتییەکانی و مەنتیقی بزافی تایبەتی خۆی لەخودی فەلسەفەیش جیادەبوەوە. جا ئەم وەرچەرخاندنەی دوای لەڕووی ناوەڕۆکەوە پەیوەندە بەوەرچەرخاندنی تەسەوفەوە لەو رووەوە کە گوزارشتێك بوو لە هەڵوێستێکی ئایدۆلۆژی.

لەڕاستیدا گەڵێ بەلگە لەئارادان کە جەخت لەسەر ئەو پەیوەندییە ئورگانییەی نێوان زوهدو تەسەوف دەکەن، لەو بەلگانە: سیاقی گەشەکردنی زاراوەی وشەی تەسەوفە، کە وەك دەردەکەوێ وەرچەرخاندنی زوهد بۆ تەسەوف لەڕووی ناوەڕۆك و واتاوە، لەدوای وەرچەرخاندنی و پەیوەندی زاراوەو ناوەوە هاتۆتە ئاراوە. بۆیە ئەو سەرچاوانەی دەربارەی تەسەفوف ئامادەکراون نزیکە هەموو ناکۆکبن لەو رووەوە کە زاراوەی سۆفی راوێژراوە بەسەر زۆربەی زوهادەکاندا، هەروەك زاراوەی تەسەوفیش راوێژراوە بەسەربزاڤی زوهدا، بەر لەوەی زوهد بەچەمك و واتا سادە سەرەتاییەکەی بگۆڕێ بۆ چەمکە تیۆرێ فەلسەفێکەی تەسەوف، کەوابوو پەیوەندی نێوان زوهدو تەسەوف لەڕووی زاراوەو ناوەوە بەشێك بووە لەو هۆیە سەرەتاییانەی کەبوونەتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی واتاوەو ناوەڕۆکیش لەنێوان زوهدو تەسەوفدا.[7]

شێخی قوشەیری (٤٦٥هـ /١٠٧٢م) دەفەرموێ: پێش ٢٠٠ك ناوی تەسەوف راوێژراوە بەسەر خەواصی ئەهلی سونەدا[8] بەڵام سەراجی تواسی لەکتێبی (اللمع)دا بەپێشتر دەستنیشانی کردووەو دەیگێڕێتەوە بۆ سەردەمی شێخ حەسەنی بەسڕی واتە سەدەی یەکەمی کۆچی.

لەڕاستیدا حسەین مروە بەدرێژی باسی ئەم بابەتە ئەکات تا ئەڵێت: (ئادەم متز)یش ئاماژە بۆ ئەم راوبۆچوونانە دەکاتو، ئەڵێ: لە سالّی (٢٠٠ك)دا لەئەسکەندەرییە کۆمەڵێك لەناودابوون بە (سوفییەکان) ناودەبران، فەرمانیان بەچاکە دەکردو دژایەتی سوڵتانیان دەکردو رووبەڕووی ئەوەستان سەرکردەیەکیشیان هەبوو کە ناوی ئەبو عەبدوڕەحمان سۆفی بوو[9] جا ئەم قسەیەی ئادەم متز گەڵێ راستیمان دەخاتە بەرچاو کە هەموو بەڵگەی مێژووی گرنگی خۆی هەیە بۆ ئەم بابەتەی ئێمە یەکەم بوونی سۆفی لەئەسکەندەرییە لەسالّی ٢٠٠ك دا دوو ئەو سۆفییانە کۆمەڵێکیان پێکهێناوە لەئەسکەندەرییەی میسر، سێ دیارە ئەو کۆمەڵە شێوە رێکخستنێکی بالای وایان هەبووە کە پێویستیان بەسەرکردەیەك بووە، چوار ئاشکرایە ئەم کۆمەڵە سوفییە کاریگەرییەکی دیاریان بووە لەکۆمەڵگادا ئەمەیش بووە بەهۆی ئەوەی بواریّکیان بۆ بڕەخسێنێ بتوانن لەو کۆمەڵگایەدا چالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیانی تیادا ئەنجام بدەن. پێنج فەرمانیان بەچاکە کردووەو رووبەڕووی سوڵتان بوونەتەوە، ئەم لایەنە لە هەموو لایەنەکانی تر گرنگترەو چڵەپۆپەی هەر هەموویانە.

ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە تەسەوف گەڵێ پێشتر لە ٢٠٠ك سەری هەڵداوە، لەبەر ئەوەی کە دیارە ماوەیەکی زۆری ویستووە بۆ ئەوەی گەشە بکات و بگاتە ئاستێك کە بتوانێ کۆمەڵێکی وابەهێز دروست بکات.

ئەم رونکردنەوە خێرایی دەربارەی ئەو پەیوەندیە مێژووییەی نێوان دوو زاراوەی (زوهد و تەسەوف) کە خستمانەڕوو کە ماوەکەی نزیکی سەدەیەکی خایاندووە لەنێوان (سەدەی یەکەم و دووهەمی کۆچی)د دیاردەیەك بووە هەر لەو ماوەیەدا زۆربەی زۆری ناوچەو شارەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی عەباسی گرتۆتەوە.

خۆ ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێ کە زوهد لەچەمك و واتا سەرتاییە سادەکەیەوە یەکسەر لەو سەردەمەدا گەیشتۆتە چەمکە تیوریێ فەلسەفییەکەی.

کەوابوو گەر زاراوەی (سۆفی) و (تەسەوف) لەو سەردەمەدا واتا حەقیقی یەکەی لێوەرنەگیرابێت دەبێ واتاو مەبەست لەو دوو زاراوەیە چی بووبێ؟!!

حسەین مروە هەر خۆیشی ئەڵێت: بڕوامان وایە شێخی قوشەیری وەڵامێکی زۆر وردو گونجاوی بۆ ئەم پرسیارە داناوە بەم وتەیەی: (کۆمەڵێك لەخەواصی بوون و بەردەوام دڵ و دەروونی خۆیان دەپاراست لەو شتانەی دەبنە هۆی دوورکەوتنەوەیان لەخواو بێ ئاگای و غەفڵەت ئەم کۆمەڵە جیاکرانەوەو ناونران بەتەسەوف (التصوف) واتە زاراوەی تەسەوف راوێژرا بەسەر ئەم گەورە پیاوانەدا بەر لە (٢٠٠ك)ی جا بەگوێرەی ئەم وتەیەی ئیمامی قوشەیری زاراوەی تەسەوف لەپێش ٢٠٠ك دا تەنها ئەو چەمکە سەرەتاییە سادەیە بووە کە لەزاراوەی زوهد وەرگیراوە بەرلەوەی چەمکی تەسەوف وەك بزاڤێکی تیوری فەلسەفی و ئایدۆلۆژی دابەزێتە مەیدانەوە. حسەین مەروە دووبارە ئەڵێت: ئەم حەقیقەتە لە گەڵ لەو وتەزاو راو بۆچوونانەدا کە خستمانەڕوو رەچاودەکرێ: یەکەم قسەکەی قوشەیری کە ئەڵێ: تەسەوف بەر لە ٢٠٠ك تایبەت بووە بە کۆمەڵێك لەخەواصی ئەهلی سونە، چونکە زاراوەی ئەهلی سونە لەخودی خۆیدا بەڵگەیەکی زۆر روونە لەسەر ئەوەی کە تەسەوف لەو سەردەمەدا تەنها بۆ چەمکە سادە تەقلیدییە سەرەتاییەکەی بەکارهاتووە، لەبەر ئەوەی ئەهلی سونە گوزارشتە لە دژایەتی کردن بەرامبەر چەمکی تەسەوفی فەلسەفی و، هەروەها ڕێبازە عەقڵانی و باتنییەکان، وشەی (خواص)یش زاراوەیەکە کە راوێژراوە بەسەر ئەو زوهادانەی کە لەگشتینی (ئەهلی سونە) جیاکراونەتەوە بەوەی کە هەمیشە خەریکی خواپەرستی بوون.

دووهەم ئەوەیە کە سیراجی طواسی لەکتێبی (اللمع)دا ئەڵێت: تەسەوف لەسەردەمی شێخ حەسەنی بەسڕیەوە سەری هەڵداوە، هەروەك (جولڵد تسیر)یش رای وایە کە وشەی تەسەوف لەسەردەمی عەبدول مەلیکی کوڕی مەروانەوە پەیدابووە لەراستیدا هیچ کام لەم مێژوونووسانەی بزافتی تەسەوف ئاماژەیان بەوەنەکردووە کە تەسەوف وەك چەمکێکی تیوری فەلسەفی لەسەردەمی شێخی بەسڕی یان عەبدول مەلیکدا بووبێت. ئاشکرایە ئەمەش ئەوە روون ئەکاتەوە کە وشەی (سۆفی)و (تەسەوغ) هەرچەند لەو سەردەمانەدا بەکارهێنانی سەری هەڵداوە، بەڵام مەبەست پێی زوهدە سادەکەبووەو چەمکە سەرەتاییەکەی خۆی تێنەپەڕاندووە.

سێ ئەویە ئەو کەسایەتیانەی بە سوفی ناسراون وەك (جابری کوڕی حەیان و، ئەبو هاشمی کوفی، عەبدول واحیدی کوڕی زەید هیچ کانیان شتێکیان لەسەر تەسەوف زیاد نەکردووە کە چەمکە سەرەتاییەکەی پێ ڕەتکردبێت.

کەوابوو بۆ (سۆفی) راوێژرا بەسەر (زوهادەکان)داو (تەسەوف)یش بەسەر (زوهدا)

هەرچەند ئێمە ئەرشیفێکی مێژوویمان نیە دەربارەی سەرهەڵدانی دوو زاراوەی (الزهد، والتصوف) بەڵام بەهۆی وردبوونەوە لەو هەموو راو بۆچوونە جیاوازانەی لەم بوارەدا خراوەتەڕوو، هەروەها بەهۆی تێڕوانینی مێژووی مەوزوعییەوە لەبنەڕەتی مەسەلەکە، ئەتوانین بگەینە ئەوەی بڵێین: سەرچاوەکەی پەیوەندی لەنێوان وشەی زوهدو وشەی تەسەوفدا هەر ئەو پەیوەندییە بووە کە لەڕووی لێکچوونی سروشتی هەردووکیانەوە پەیدابووە، چونکە پۆشاکی خوری (الصوف) بەشێوە سادە دوور لە فەنتازییەکەی لەکۆندا نیشانەی هەژاری و بێ دەرەتانی بوە لەکۆمەڵدا، هەروەک چۆن پۆشاکی ئاوریشم و نەرم و شلیش نیشانەی دەوڵەمەندی و نازو خۆش گوزەرانی بووە لەکۆمەڵدا.

جا ئەو زوهادانەی کە سەرەتای سەرهەڵدانی بەدەست بەرداری لەهەموو چێژو فەنتازییەکانی دنیا دەستی پێکردو ژیانێکی زۆر سادەیان هەڵبژارد هاتن پۆشاکی خوری سادەو زبریان پۆشی و کردیانە دروشمی ڕێبازەکەی خۆیان، ئەمە ڕاقەکردنی مەسەلەکەیە لەڕووی فۆرم و ڕواڵەتەوە، بەڵام ڕاقەکردنی پەیوەندی نێوان زوهدو تەسەوف لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لەوەدا ڕەنگ ئەداتەوە کە گوزارشتێکی ئۆپۆزسیۆنی نێگەتیڤ بووە دژ بە ئۆرۆسکراتی و فەنتای و ستەمکاری دەسەڵاتدارو فەرمان ڕەواکانی بەنی ئومەییە کە لەو سەردەمانەدا پیادەو بەرجەستەیان کردووە.

ئەمەی خستمانەڕوو جەوهەری سەرهەڵدانی دیاردەی زوهد بووە لەسەرتادا، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەیش بکەین کە زۆر جێگای تێبینییەو هەروا ڕێکەوت نەبووە، کە زوهادەکانی کوفە یەکەم کۆمەڵ بوون لەو سەردەمەدا پۆشاکی خوریان پۆشیوەو کردویانە بەسومبلو گوزارشتیان پێداوەتەوە لەناڕەزای خۆیان بەرامبەر سیاسەتی دەسەڵاتداران، چونکە ئاشکرایە شاری کوفە پایتەختی هێزی ئۆپۆزسیۆنی بووە کە ڕووبەڕووی ئەمەوییەکان بوونەتەوە.

مەسعودیش ئەڵێت خەلیفەکانی بەنی ئومییە لە سولیمانی کوڕی عەبدول مەلیکەوە (٩٦ك،٧١٤ز) هەمیشە خەریکی فەنتازیو زیادە ڕەوی بوون لەجلو بەرگدا. کەوابوو وەک ئاماژەمان بۆکرد زوهادەکانی کوفە پۆشاکی خوریان وەک سومبلێک بۆ بەرپەرچدانەوەی زیادەڕەوی ئەمەوییەکان بەکارهێناوە، دیارە ئەمەش ڕوویەک بووە لەڕووەکانی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ئیبن و خەلدونیش ئەڵێت: ناوی (سۆفی) لەسوفەوە هاتووە، دواتر دەربارەی سۆفییەکانیش ئەڵێت: ئەمانە زۆرتر پۆشاکی خوریان لەبەرکردووە، بە پێچەوانەی خەڵکییەوە کە پۆشاکی نەرم و شل و نایابیان پۆشیوە[10] هەروەک ئەبو بەکری کلابازیش ئەڵێت: سوفییەکان بەهۆی ئەو پۆشاکەی کە لەبەریان دەکرد ناونران (سۆفی) چونکی ئەمانە بۆ هەواو ئارەزووی نەفس پۆشاکیان لەبەرنەدەکرد، بەڵکو بۆخۆ داپۆشین بوو بۆیە پۆشاکی نەرم و جوانیان نەدەپۆشی تەن ها پۆشاکیان لەمووی زبرو خوری ئەستوور بووە[11] هەرچەند تەسەوفی ئیسلام لەخودی ئیسلامەوە هەڵقوڵاوەو، سەرچاوەی گرتووە! وەک زۆربەی تایبەتمەندانی ئەم بوارە لەکۆن و نوێدا سەلماندوویانە، بۆ نموونە گەورە بیریاری هاوچەرخ، عەبدورەحمان بەدەوی دوای لێکۆڵینەوەی لەئەنجامی توێژینەوەی تایبەتەمەندانی تەسەوفی ئیسلامی ئەڵێت (لویس ماسینیون) کە بە گەورەترین

لێکۆڵەرەوەی تەسەوفی ئیسلامی دادەنرێ دوای لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕی لەڕاو بۆچوونی ئەو تایبەتمەندانەی رایان وایە تەسەوفی ئیسلامی کاریگەری بێگانەی پێوەیە ئەڵێت:" ئەتوانین بەدڵنیای جەخت لەسەر ئەوەبکەین کە تەسەوفی ئیسلامی، لەبنەڕەتدا دەرئەنجامی بەردەوامی خوێندنەوەی قورئانو بیرکردنەوە لەواتاو مەبەستی ئایەتەکانی بووە[١٣] هەروەها عەبدوڕەحمانی بەدەوی لەهەمان سەرچاوەدا لەژێر ناونیشانی (زهد النبی صلی الله علیه وسلم) دوای ئەوەی ٢٣ فەرموودە پێغەمبەری خوا (ص) دەخاتەروو لەسەر زوهدی پێغەمبەرو (ص) گوێنەدانی بەڕواڵەتو فەنتازی دنیا، ئەڵێت: تەنها ئەو بەڵگانە لێرە خستمانە ڕوو بەسە بۆ ئەوەی جەخت لەسەر ئەوەبکەین کە پێغەمبەری خوا (ص) زۆر بەسادەی ژیاوە لەڕووی خواردنو پۆشاکەوەو واتە ژیانی هەژارانی هەڵبژاردووە بۆخۆی، بەردەوام هەتاکو کۆچی دوایی کردووە هەر بەم جۆرە ژیاوەو، وەنەبێت ئەمە لەبەر ئەوە بووبێت کە نەیتوانیبێت خواردنی چاکو پۆشاکی نایاب بەدەست بێنێ، بەڵکو لەبەرئەوە بووە ئەو ڕەفتارو خووڕەوشتە باڵایەی لەودا بەرجەستە بوو تەنها لەگەڵ ئەو ژیانە سادە پیرۆزەدا گونجاوە[١٢] ئاشکرایە لە هاوەڵانیشدا چەند کەسایەتییەك بوون کە بەزوهدو دوورکەوتنەوە لەچەژو فەنتازی دنیا بەناوبانگ بوون، وەك: ئەبو دیردائو، ئەبو زەری غەفاریو، عەمرانی کوڕی حەصینی خەزاعیو حوزەیفەی کوڕی یەمانیو، سەلمانی فارسی..

لەشوێن کەوتاونیشدا (التابعین) عەلی کوڕی حوسەین ناسراو بە (زین العابدین) محەمەد باقرو، ئیماجەعفەری سادق، ئووەیسی قەرەنیو مالیکی کوڕی دینار.. هتد..[١٤].

بەڵام وەك موحسین مرووە ئەڵێت: پێویستە ئەوەبزانین کە جیاوازی زۆرە لەنێوان ئەو زوهدەدا کە بەسەرەتایی تەسەوفی ئیسلامی دادەنرێو، لەدەوروبەری سەدەی یەکەمی کۆچیدا سەری هەڵدا لەگەڵ زوهدی گەورە پیاوانی هاوەڵاندا کە تابیعێکی ڕەفتاری بووە لەژیانێکی سادەی دوور لە فەنتازیدا خۆی نواندووە، بەڵام زوهدی دوای ئەمان سروشتو ڕەنگو ڕووی جیاواز بووەو هەروەك دیاری ترین دیاردە بووە لەو کۆمەڵگا نوێیەدا، هەرچەند لەڕواڵەتدا بەرگو فۆرمێکی ئایینی وەرگرتبوو، بەڵام لە جەوهەرو ناوەڕۆکدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیو سیاسی بوو، چونکە لەڕاستیدا ئەو دیاردەی زوهدە جۆرەکاردانەوەیەکی تونددو تیژبوو بەرامبەر ئەوروداوە خوێناویانەو، هەروەها ئەو زنجیرە شەڕو ناکۆکیەی دژوارانەی لەدوای شەهید بوونی خەلیفەی سێهەم عوسمانی کوڕی عەفانەوە بەدوای یەکدا هاتن، کەوابو ئاشکرایە ئەو زوهدە هەوڵوێستێکی سیاسی ئۆپۆزسیۆنی بووە؛ بەرامبەر ئەو ڕووداوە دژوارانە.

هەروەها جوڵدتسیر لەبارەی سەرهەڵدانی زوهدی ئیسلامەوە ئەڵێت:" ڕووکردنە زوهد لە ئیسلامدا شۆڕشێك بووە دژی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە بۆیە زۆر لە موسڵمانان پەنایان بردە بەر زوهدو گۆشەگیری بۆ دەربڕینی ناڕەزای خۆیان لەو خراپەو ستەمکارییەی دەسەڵاتداران پیادەیان کردبوو لە کۆمەڵگادا[١٥].

بۆ نموونە شێخ حەسەنی بەسڕی (٢٢-١١٠هـ) کە کەسایەتیەکی بیریارو پایە بڵندی ئەو سەردەمەبوو، دیاری ترین نموونەی ئەم زوهدە بوو لەسەدەی یەکەمی کۆچیدا هەرچەند هەڵوێستی شێخی بەسڕی و کەسانی تریش سەرەتا تەنها لەبێ دەنگیو پەژارەو خەمدا ڕەنگی دابۆوە، بەڵام زۆری نەخایاند

بـــووه هەڵوێســـتێکی تونـــدو تیـــژ، وەك لـــەم سەرگوزشتەیەدا دەردەکەوێ: مەعبەدی جـەهنی‌و عەتای کوڕی یەسار هاتن بۆلای شـێخ حەسـەنی بەسڕی‌و، وتیان: پاشاکانی بەنی ئومەییە خوێنـی موسـڵمانان دەڕژن‌و مـاڵ‌و سامانیشـیان بـەتاڵان ئەبـەن‌و، ئـەڵێن: ئیش‌و کاری ئێمـە هـەر هـەمووی بەگوێرەی قەدەری خوایە. شێخی بەسڕیش لەوەڵامدا ئەڵێ "کذب اعـداٌ الله"واتـە درۆیـان کـرد دوژمنـەکانی خوا، دیارە ئەمە تەحەدایەکی گـەورە بـوو بەرامبـەر ئەمەوییەکان، دەبینین بەوەوە نەوەستاوە کـە تەنـها رای خـۆی دەربـڕێ بەرامبـەر سـتەمکارییەکانیان، بـەڵکو بـەدرۆزن‌و دوژمنـی پـەروەردگار نـاوی بردووە.[16]

ئاشـکرایە شـێخی بەسـڕی جـەماوەرەێکی زۆری هـەبووەو گـەڵێ کەسـایەتی‌و زانـای فیقـهو، زوهـدو تەفسیر لای ئـەو بەهرەمـەندبوون، هەرچـەند هـەندێ قوتابی بووە زیاتر گرنگی پێداون، وەك مالیکی کوڕی دینـارو ئـەیوبی سـەختیانی، سـابتی بـەنانی‌و، محەمـەدی کـوڕی واسـیع‌و فەرقـەدو عـەبدولواحیدی کوڕی زەیـد، زۆرجار لەگـەڵ ئـەم کۆمەڵـەدا بەتەنـها ماونەتـەوە بۆخواپەرستی‌و بیرکردنـەوە[17] ئـەوەبوو دوای بـێ دەنگیـەکی درێژەخایاند، لەسـەر دەسـتی دەرچووانی قوتابخانەکەی شێخ حەسـەنی بەسـرپیدا، وەك ئیـبراهیمی کـوڕی ئەدهـەم‌و فوزەیلـی کـوڕی عـەیاز.. زوهـد گەشـەی کـردو توانیـان سـۆفییەکان لەچۆڵ نشـینی‌و گۆشـەگیری بگێڕنـەوە نـاو کۆمـەڵ‌و دایان بەزێننە کۆڕی خەباتەوە، بۆیان ڕوونکردنـەوە کە تەسەوف تەنها چوونە خەڵوەو، شەو نوێژو ڕۆژوو نییـە، بـەڵکو خـەبات‌و تێکۆشانە، ئیـبراهیمی کـوڕی ئەدهـەم ئـەڵێ : "اطـب مطعمـك ولا حـرج عليـك ان لا تقوم الليل وتصوم النهار" واتە خواردنی حەڵاڵ بخـۆ ئیـتر شـەو نوێژیـش نەکـەیت‌و ڕۆژووی سـونەتیش نەگری قەیدی نیە.

کـەوابوو زوهـدی میانـەڕەوی ئیسـلام بـەهۆی سـتەمکاری‌و لادانـی پاشـاکانی ئومەیـەو، دام‌و دەزگایانـەوە گەشـەی کـرد تـا گەیشـتە زوهدێکـی تونـدڕەوی گۆشـەگیری، هـەندێ جـار لـەبزاوتی چەکداریشدا خـۆی نواندووە، بـۆ نموونـە بەشـداری کردنی خواناسی بەناوبانگ سەعیدی کوڕی جوبـەیری ئەسـەدی‌و شـەهیدبوونی لەشۆڕشـەکەی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەشعەسدا بەدەستی حەجاجی کـوڕی یوسـفی سـەقەفی تـاکو گەیشـتە قـاڵبێکی تەسـەوف، بـەڵام ئـەوەی زۆر ڕوون‌و والایـە زوهـد لەزۆربەی قۆناغـەکانیدا زیـاتر تـابیعێکی کۆمەڵایـەتی هەبووەو کاردانەوە بووە دژی دەوڵەت‌و سەرمایەدار، جـا گـەربێت‌و بـەراوردێك لـەنێوان راوبۆچوونـی ئەقتابانی تەسەوف گەورەبیریارانی ئـەم سەردەمەدا بکـەین دەبینـین لـەزۆر ڕووەوە لەیـەك دەچـن. زۆر بەتایبەت ئەقتابانی تەسەوفی کۆمەڵایەتی، بۆنموونـە شێخ عـەبدوالقادری گـەیلانی (قدس الله سـره) کـە لەگـەورەترین کەسـایەتییەکانی تەسـەوفی کۆمەڵایەتییـە دەسـەڵاتداران‌و فـەرمانڕەوایان هەرچۆنێك بووبن بـەزۆردارو سـتەمکار دەستنیشـانی کردون، ئەگێڕنەوە هەرگیز لەبـەر پاشاو وەزیرەکان هەڵنەساوەو، بە تێڕوانینی شـێخی گـەیلانی دانیشـتن لەسـەر فەرشـی پاشـاو دەسـەڵاتداران گونـاهبووەو، بەیەکێك لەسـزاکانی دنیـا دایناوە (مـن العقوبـات العاجلـه) بـەڵام لەگـەڵ ئـەو تونـدڕەوییەی بەرامبـەر زۆرداران نواندویـەتی، بەدەسـتی خـۆی خزمـەتی هـەژارانی کـردووەو پـاکی کردونەتـەوە، وتمـان سیاسەتی دەوڵەت کاتێك ئەهوەن‌و میانەڕەویش بێت ڕابەرانی تەسەوف بەسـتەمکار دایاننـاون[18] هـەروەها شـێخ جونـەیدی بـەغدادی ئـەڵێ: سـۆفی وەك زەوی

وایە باش‌و خراپ پێی پیا ئەنێ، وەك هەوریش سێبەر بۆ هەموو شتێك ئەكات، وەك بارانیش هەموو شتێك ئاپرژێن دەكات، هەروەها ئەڵێ: تەسەوف ئەوەیە پەروەردگار لەخودی خۆتا بتمرێنێ‌و بەخۆی بترێنێتەوە. ئەبو تورابی نەخشیش ئەڵێت: سۆفی هیچ شتێك لێڵی ناكات‌و نایگۆڕێ بەڵام كاریگەری لەهەموو شتێك دەكات‌و دەیپاڵێوێ سەمنونی موحیببیش ئەڵێ: تەسەوف ئەوەیە مولكت نەبێت‌و، مۆڵكی كەسیش نەبیت [19] لەسەرمەرگدا لە شێخ مەعروفی كەریخی دەپرسن چیت ئەوێت؟ ئەویش ئەڵێ گەر مردم ئەو كراسەی لەبەرمایە بیكەنە خێر، من ئەمەوێ بەڕووتی لەدنیا دەربچم، چونكە بەڕووتی هاتووم [20] بۆیە دەرچوون لە مولكو مااڵ لەهەرمەرجە گەورەكانی تەسەوفە، سۆفی سەر بەست‌و ئازادە، لەبەر ئەوەی مولكی نیەو، خۆیشی مولكی كەس نیە، خۆ ئەمە ئەوەیش ناگەیەنێ كەواز لەسامان‌و داری بێنن بۆ سەرمایەدار، بەڵكو دەستبەرداری بوونی سۆفی لە سەرمایە سەرتایە بۆ دەرهێنانی ماڵ‌و داری لەچنكی دەوڵەمەند، چونكە بەڵای رابەرانەوە خەم‌و پەژارەی مرۆڤ لەهەژاری‌و دابەزینی بەهای گیانی دایە (القیمە الروحیە) ئەو هەژارییەی كە مافی رەوای خۆی لێزەوت دەكاو لەگەڵ ئەوبێ بەهاییەی كە جەوهەری مرۆڤایەتی دەمرێنێ بێگومان هەژارییەكەی لەلایەن دەوڵەتەوە سەپێنراوە بەسەریا، بێ بەهایەكەیشی هۆی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكەیەتی مە ناچاری كردووە، پەنا بۆ سەرمایەدار ببا، كەوابوو ئاشكرایە كێشەی رابەرانی تەسەوفی كۆمەڵایەتی تێركردنی هەژاران‌و نەهێشتنی سەرمایەداربووەو، مەبەست‌و ئامانجی گەورەیان بەدەستهێنانی ئازادی ئاسودەیی‌و یەكسانی بوە لەنێوان تەواوی مرۆڤەكاندا بەبێ جیاوازی، دیارە میتۆدو بەرنامەشیان بۆ ئامانجە پیرۆزەكەیان داڕشتووەو بێگومان قوربانیشیان بۆداوە، بۆ نموونە ئەوەی زۆرگرنگە لەڕوانگەی رابەرانی تەسەوفەوە، ئەوەیە كە پێویستە سەرتا زوهد لەهەڵس‌و كەوت‌و رەفتاری پێشەنگ‌و ئەقتابەكاندا بەرجەستە بكرێ‌و تەواو رەنگ بداتەوە، بۆ ئەوەی رێنماییەكانیان لە دڵ‌و دەروونی خەڵكیدا كاریگەربێت‌و دوات بتوانن جەماوەری ستەمدیدە راچەنێن‌و دادپەروەری‌و یەكسانی پیادەو بەرجەستە بكەن لەكۆمەڵگادا بەبێ جیاوازی لەناوچین‌و توێژەكاندا. بۆیە رابەرانی تەسەوفی ئیسلامی وەك غزالی ئەڵێ پسپۆڕی دڵ‌و دەروون‌و خولیایان ئەوەیە چارەسەری مرۆڤەكان بكەن، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە رابەران پێشتر چارەسەری دەروونی خۆیان دەكەن.

شێخی موحاسیبی لەم رووەوە لەكتێبی (المحبە)دا ئەڵێت:" سۆفییەكان بەهۆی نووری خواوە دەرمانەكان ئەدۆزنەوە، هەروەها پەروەردگاری میهرەبان رێنماییان ئەكات بۆ چۆنێتی بەكارهێنانی، بۆیە ئەوانیش سەرەتا چارەسەری دەروونی خۆیان دەكەن‌و، دواتر دەچنە مەیدانەوە‌و دڵی هەژارو پەژارداران ئەدەنەوە‌و، رێگای رزگاری‌و ئازادییان بۆ دیاری دەكەن (٢١) دەبێت ئەوەمان لەیادبێ كە تەسەوفی كۆمەڵایەتی جیاوازی هەیە لەگەڵ تەسەوفی فەلسەفی‌و مەعریفی‌دا، چونكە گەر وردبینەوە دەبینین ئەو ئەقتابانەی كە رابەری تەسەوفی عیرفانی بوون، زۆر زۆنەچوون لەخەباتی كۆمەڵایەتی‌داو پەیوەندی سۆزیشیان پتەونەبووە لەگەڵ جەماوەردا بۆ نموونە ئیبن‌و عەرەبی یەكەم سۆفی ئیسلام بوو كە فكرەی یەكێتی بوونی (وحدە الوجود) لەقاڵبێكی فەلسەفی تەواو كاملدا دامەزراندو، خولیای گەورەی ئەوەبوو شووراكانی نێوان ئادەمیزاد نەمێنێ بەشوورەی ئاینیشەوە بڕوایشی وایە هەموو مرۆڤێك ئەو ئامادەباشییەی تیادایە كە بگاتە پلەی "مرۆڤی كامل" هەرچەند

لـــەواقعدا تەنـــها پێغەمبـــەران (د.خ)و ئـــەقتابانی تەســەوف ئەتوانن بەو پلەیە بگەن[٢١] بەڵام لەگـەڵ ئەویشدا زۆر نزیك نەبۆتـەوە لەجـەماور، بـەڵکو بـە پێچەوانەوە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵـەتدا بـەهێزتربوو. وەك خۆشی ئامـاژەی بۆکردووە:" قسـەی مـــن لای پاشاکان رەواجی بووە، بۆ نموونە لای مەلیك زاهیری غازی کوڕی مـەلیك ناسـرەدینی سـەلاحەدین یوسـفی کوڕی ئەیوب کە زۆرجار هاتووە بۆلام"[٢٢]

ئەمـەیش ئـەوە دەگەیـەنێ کـە رابـەرانی تەسـەوف لـــەڕووی ئامادەباشـــییانەوە لەمـــەیدانی خـــەباتی کۆمەڵایەتیدا جیاوازییان هەبووە، پێویستە ئـەوەیش لەیادنەکـەین کـە هـۆی سـەرەکی دابڕانـی رابـەرانی تەسەوف لەخەڵکی ئـەوەبووە، کـە کێشـەو پـەژارەی ئـەمان زیـاتر هـزریو فەلسـەفی بـووەو، بـەدوای جەوهەری مەسەلەکاندا گەڕاون بۆ ئـەوەی حەقیقـەت بەدەست بێنـن. هـەروەك شـێوەی گوزەرانیانیشـان زۆهدێکی میانەڕەو بوو هەرچەند سامانیشیان کۆمەڵ نەکردوە بۆ مـیرات گران. بـەر لـەوەی دەستنیشـانی جیـاوازی تەســـەوفی کۆمەڵایـــەتیو تەســـەوفی فەلسەفەی بکەین باشتر وایـە تیشـکێکی بخەینەسـەر بەعـەقڵ بـووندو (التعقلن) بـەگیان بـوون (الـتروحن) سـوفییەکان پابـەندنین بـە عـەقڵێکی رووتـــەوە، لەبەرئەوەی رۆشـنبیری سـۆفییەکان زەوقییـەو، ئـەو رۆشنبیرییەکە تیایدا ئاکامـەکانی دڵو ئەحکامـەکانی ئەقڵ ئامێتەی یەکدەبن، واتە رۆشنبیری سـوفییەکان چـەندە عەقڵانیـە هێنـدەش روحانییـە، ئـەم رۆشنبیرییە، سوفییەکانو تاوییەکان (الطاوية) تیایدا هاوبەشن[٢٣] جا سوفی فەیلەسوف لەیەك کاتدا دەبێتە گیانو، دەبێتـە عـەقڵیش، هەرچـەند بەرهەمـەکانی بەگیان بوونی جیاوازە لەگەڵ بەرهەمـەکانی بەعـەقڵ بووندا. ئەو حەقیقەتانەی فەیلەسوفی سۆفی بـەهۆی میتـۆدی تەسـەوفەوە بەدەسـتی دێنـێ، هـەر ئـەو حەقیقەتانـــەن فەیلەســـوف بـــەهۆی میتـــۆدە لۆجیکیەکەوە (منهجه المنطقی)پێی دەگات.

بەڵام بەگیان بوون (التروحن) حاڵەتێکی رەفتاریـیە هیـچ پەیوەندییـەکی بـەهزرەوە نیـە، ئـەو حاڵەیـە باڵدەکێشـێ بەسـەر سـوفیدا لەئاسـوودەو خۆشـیدا نوقمـی دەکـات. ئـەم بـەگیان بوونـە لایـەنێکی گـەڵێ گرنگی کەیشی هەیە، ئەوەیش ئاماده باشی سـۆفییە بـۆ دابەزینـە نـاو مـەیدانی خـەباتی جـەماوەرەوە[٢٤] ئـەوەبوو لەسـەرەوە ئاماژەمـان بـۆ ئـەوە کـرد، کـە رابەرانی تەسەوفی فەلسەفی زیاتر هزریو فەلسەفییە بۆیـە زۆر پـەیوەندنین بەکۆمەڵـــەوە بـــەڵام رابـــەرانی تەســـەوفی کۆمەڵایـــەتی پەیامەکـــەیان پـــەیامێکی رۆشـنبیری مـەعریفی نـەبووە، بـــەڵکو پـــەیامێکی کۆمەڵایەتی بووەو، چرکەساتی بەژیری بوونیان کـەم بـووە، زیـاتر لایـەنی گیـانی (الجانب الروح) تیـاندا بـــەهێزبووە وەك ئیـــبراهیمی کـــوڕی ئەدهـــەمو، موحاسبیو بیشری حافیو حەلاجو شێخی گەیلانیو، بابا تاهیری هەمەدانی وتە بەرزەکانیان کاریگەری زۆر بـــووە لـــەدڵی خـــەڵکیداو هەمیشـــە لـــەناو جەماوەردابوون، بەکورتی ئەو رابەرانەی کە مەعریفی بوون زیاتر هزرو فەلسەفە لـە پەیامـەکانیاندا رەنگی داوەتـەوەو نەگەیشتوونەتە ئاستی ئـەو رابەرانـەی چرکەساتی بەژیری بوونیان (التعقلن) کەم بـووە، بۆ نموونە ئیبنو عەرەبیو ئیبنو سەبعین نزیکی حەلاجو شێخی گەیلانی نەبوونەتەوە.

هەرچـەند بەسـتامی بەشـــەتەحەکانی سـنووری عەقیدەی بەزانو جیهانی ئاینی هـەژاند، لەولایشـەوە پیـاوانی ئـاینی و فەقیهـــەکان زۆربـــەی رابـــەرانی تەســـەوفیان بـــەلادەرو زەندیـق لەقەڵـــەمداو بگـــرە هەندێکیشـــیان تـــەکفیرکردن بـــەڵام فـــەتواکانیان ئەوکاریگەرییەی نـەبووە لـەدڵی جـەماوەرداو، بـەڵکو بـەردەوام رابـەرانی تەسـەوف جێگـای رێـزو متمانـە

بوون لەکۆمەڵگادا، ئەگەرچی وتەزاکانی رابەران زیاتر ڕەمزی بووەو، خەڵکی ئاسایی تێیان نەگەیشتووە، بەڵام پەیوەندی ئەمان لەگەڵ کۆمەڵدا لەسەر ڕۆحی سۆفیگەریو دژایەتی سەرمایەدارو خۆشەویستی چینی چەوسەوەکان دامەزرابوو. بۆ نموونە شێخی بەستامی[٢٥] کە نوێنەری قۆناغی ئەو وەرچەرخاندنە سامناکەیە کەتەسەوفی ئیسلامی تیایدا گەشەی کرد بۆ ئەو تەسەوفەی کە لەسەر چەمکی یەکێتی بوون (وحدة الوجود) دامەزرا، بەڵام لەبەرئەوەی فکرەکەی لەقاڵبێکی فەلسەفیدا دانەڕشتبوو، تەنها بەشەتەحەکانی ئەیدرکاندن وەک ئەوەی ئەڵێ:"سبحانی سبحانی ما اعظم شانی" بۆیە دەبینین زیاتر لەبازنەی تەسەوفی کۆمەڵایەتی داماوەتەوە[٢٦] هەرچەند گەیشتۆتە ئاستی رابەرانی، ئەوەتا لە هەندێ شەتەحیدا گوزارشت ئەدا لەپەژارەی خۆی بۆ خەڵکی نەک هەر لەدنیادا بەڵکو لە ڕۆژی دوایشداو وەک ئەڵێ: ڕۆژێک چووم بۆ حەجو پیاوێک هاتە ڕێم، وتی بۆ کوێ ئەچی؟ وتم بۆ حەج، وتی چەندت پێیە، وتم دووسەد درهەم، ئەویش وتی حەوت جار بەدەوری منا بگەڕێو پارەکەم بدەرێ، من خێزان دارو هەژارم منیش پارەکەم دایەو بەدەوریا گەڕام[٢٧] ئاشکرایە ئەمە زۆربەڕوونی گوزارشتە لەپەژارەی خۆی بۆ هەژارانو دەربڕینی لەحەج گەورەترو لەپێشتر، لەشەتەحێکی تریشدا ئەڵێ: گەر پەروەردگار لەئەزەلدا بڕیاری داوە کەسێک بە ئاگر بسووتێنێ وە من ئامادەم لاشەم هێندە زلبکات تاکو دۆزەخ تەنها جێگای منی تیادبێتەوە کەسی تر نەگرێ، ئاشکرایە بەستامی لەم شەتەحەدا ڕۆحو هەستی مرۆڤایەتی لە لوتکەدا بەرجەستەبوە تیایدا، بۆیە (ئیبن جەوزی) دوای ئەوەی ئەیداتە بەر ڕێژنەی دەخنە، ئەڵێ: گەر بەستامی بی وتایە تەنها لەباتی موسڵمانان بسوتامایە ئەوە کارێکی باش بوو.

ئا ئەمە یەکێکە لەجیاوازییەکانی نێوان فەقیهو، رابەرانی تەسەوف بۆیە (جونەیدی بەغدادی) ئەڵێ کەس ناگاتە کەماڵ لەتەسەوفدا هەتا هەزار زانای ڕواڵەتی (علماء الظاهر) شایەتی لەسەر زەندیقی نەدەن.

هەروەها بابا تاهیری هەمەدانی (٤١٠ك) دا کۆچی دوایی کردووەو یەکێك بووە لە گەورە ئەفتابانی تەسەوفی کۆمەڵایەتی، ئەوەبوو کاتێك یەکەمین پاشای سلجوقی تەغرول بەگ چووە لای بە بابا تاهیری وت نزی چاکم بۆ بکە، بابایش پێی ئەڵێ ئەی تورکی نیازت چییە لەگەڵ بەندەکانی خودا؟ سوڵتانیش ئەڵێ: هەرچی تۆ بفەرموویت من ئەوە دەکەم بابا تاهیریش ئەڵێ ئەوە بکە کە خوا فەرمانی پێ دەدا بە ئایەتی: "ان الله یامر بالعدل والاحسان"( ) ئەوەتا بابا تاهیری بلیمەتو عاشقی حەق چونکە کوردێکی خواپەرستو ڕاست پەرست بووە، تەنها هیوای ئەوەبوو هەژاران ئاسوودەبن‌و، بۆیە هیچ پێشنیارێکی نەبووە لەسوڵتان، ئەوە نەبێ کە داوای لێکردووە لەگەڵ خەڵکیدا باش بێت، لەبەرئەوەی، وەک ئامانجمان بۆکرد گەورەترین پەژارەی رابەرانی سوڵتەو سەرمایەدا لەدنیاداو، ئاگری دۆزەخ لەڕۆژی دوایدا، ئەوەتا لە چوار خشتەیەکی تریشدا گوزارشت لەو خەمە گەورەیەی خۆی ئەداو بەدەم سۆزی دەرونێشیەوە دەناڵێنێو ئەڵێ:

أگر مستان مستیم ازتو ایمون
گربی پاو دەستیم ازتو ایمون
گر گبردمو ترساو مسلمان
بهر ملت کەهستیم ازتو ایمون.

واتە ئەی پەروەردگار ئێمە هەرچۆنێك بین‌و هەڵس‌و کەوت‌و ڕەفتاریشمان هەر جۆرێك بێت‌و هەرئاین‌و ڕێبازێکیشمان گرتبێتەبەر، هەر خۆت دڕووستت کردووین‌و بەداهێنراوی تۆین.

هەرچەند رابەرانی تەسەوفی فەلسەفیش، وەك هەندێ جار ئاماژەی بۆ دەكەین دەوریان بووە لەداكۆكی كردندا لەچینی هەژارو چەوساوە، بەڵام كەمتر گەیشتۆتە ئەوەی گرژی دروستكات لەنێوان رابەرانو دەوڵەتدا، لەبەرئەوەی رۆچوون لەهزرو فەلسەفەدا بۆشایی لەنێوان رابەرانی تەسەوفی مەعریفیو جەماوەردا دروستكردووە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەمانەوە لەتەسەوفی كۆمەڵایەتیو دەوڵەتدا دروست بووە، ئەو بۆشاییەش بە شورەیەكی پۆڵاین بووەو هەرگیز دیالۆكو وتو وێژی قبوڵ نەكردووە، بۆ نموونە خەلیفە مەئمونی عەباسی (مەئمونی كوڕی هارونە رەشیدە لە سالّی (١٧٠ك)دا لە دایك بووە[٢٨] وپستویەتی لەڕێگای ئەحمەدی كوڕی حەنبلەوە (لەسالّی ١٦٤ك)ی لەدایك بووە لەبەغداد[٢٩] ببێت بۆ لای بشری حافی، بەڵام بشری حافی رازی نەبووەو داواكەی ئیمامی ئەحمەدی رەتكردۆتەوەو ڕێگای نەداوە بەهیچ جۆرێك مەئمون بێتە لای[٣٠] دیارە بەلایەن رابەرانی تەسەوفی كۆمەڵایەتییەوە هێزو وزەی تەسەوف لەدووركەوتنەوە لەجەماوەرو دابڕان لەكۆمەڵەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵكو هێزو وزەی تەسەوف لەعشقی خۆبەخت كردنو قوربانی داندایە بۆ مرۆڤ وەك ئەو عەشقە بەرزەی لەدڵ حەلاجدا هەڵگیرساو لەپێناوی حەقدا دەست لەملانی زامو ئازاری كردو كاتێكیش هەڵیان واسی وتی:" نوروزنا" دیارە مەبەستی ئەوەبووە گەیشتۆتە لوتكەی تەسەوفو سەركەوتنی تەواوی بەدەست هێناوە، لەبەرئەوەی نەوروز دروشمی ئازادیو سەركەوتنە.[٣١]

بەو جۆرە دەبینین رابەرانی تەسەوفی كۆمەڵایەتی هەمیشە لەگەڵ بەرەی هەژاراندابوونو خۆیشیان بەهەژار زانیوەو، دژی دەوڵەتو فەرمان ڕەواو سەرمایەداربوون، بڕیاریان داوە هەرگیز تێكەڵاویان نەبن، نەك هەر ئەمەندە، بەڵكو هەندێكیان، وەك شێخ سڕی سەقەتی قەدەغەی كردووە پەیوەندی لەگەڵ دراوسێی سەرمایەدارانو دەوڵەت بەستڕێ، وەك ئاماژەمان بۆكرد رابەرانی تەسەوف گەورەترین دروشمیان ئەوەبووە پێش هەموو شتێك واز لەمالّو داری بێنن:"التصوف ان لا تملك شیئا ولا تملك شیء" (سمنون المحب المتوفی ٢٩٧هـ)[٣٢] واتە تەسەوف ئەوەیە نەمولكت هەبێتو، نەمولكی كەسیش ببەیت، بەڵام سەرمایەداران هەندێكیان دەست بەسەر هەندێكیاندا دەگرن دەیانكەنە مولكی خۆیان، ئەوەتا دەوڵەت گەورە بازرگانەكانی بازاڕ دەكاتە مولكو بەندەی خۆی، هەروەك بازرگانەكانیش دەست بەسەر بازاڕدا دەگرنو دەیكەنە مولكی خۆیان، لەهەمان كاتدا هەموشیان دەبنە بەندەی حەڵقە لەگوێی بازاڕ، دیارە ئەمە ئەوەیش ناگەیەنێ كە ئەمانە بەختەوەر نین، بەڵكو دەستیان بەسەر كامەرانیو گوزەرانی جەماوەریشا گرتووەو هەموویان كۆنترۆڵ كردووە بۆ خۆیان.[٣٣] بەڵام وەك عەباس مەحمود عەقاد ئەڵێت: خۆشترین ڕۆژ جیاوازی نێوان لەگەڵ جوانترین ڕۆژدا، چونكە ئەو چەژو خۆشییەی مرۆڤ هەستی پێدەكات ئاژەڵیش بەشدارە تیایدا، بەڵام ڕۆژانی جوان تەنها تایبەتە بە مرۆڤەوە.[٣٤]

رابەرانی تەسەوفی كۆمەڵایەتی بەرنامەو میتۆدی خۆیان هەیە بەڵام پێویستە پێش ئەوەی باسی ئەو بەرنامەیە بكەین، ئەوە بخەینەڕوو كە سوڵتە ئەوەی بەخۆی ڕەوا دەبینێ بەخەڵكی ڕەوانابینێو ئاشكرایە دەسەڵاتدارانو فەرمان ڕەوایان ئەتوانن بەویستی خۆیان دەست بخەنە ناو مالّو داراییەوەو تەسەوفی تیادا بكەن، ئەنجامی ەمەیش فەرمان ڕەوایان دەبنە خاوەنی سەرمایەیەكی گەورەو بەهۆی ئەو سامانە زۆرەوە دەست بەسەر هەموو شتێكدا دەگرن. جا ئەم دیاردەیەش ئەوە دەسەلمێنێ كە فەرمانڕەوایان

ده‌زانن سولّته هۆیه‌کی گه‌وره‌یه بۆ ئه‌وه‌ی ببنه خاوه‌ن داری‌و سامانی زۆر بۆیه عاشقی سولّته‌و ده‌سه‌لّات ده‌بن. ئه‌مه‌ش تێڕوانینێکه بۆ سولّته له‌گه‌ڵ سه‌رهه‌ڵدانی سولّته‌دا له‌سه‌ر ئه‌م هه‌ساره‌یه له‌دایك بووه، به‌ڵام له ئیسلامدا ئیمامی عه‌لی (د.خ) که به‌دامه‌زرێنه‌رو پێشه‌نگی ته‌سه‌وفی ئیسلامی داده‌نرێ هاتووه ئه‌م تێڕوانینه‌ی هه‌ڵوه‌شاندۆته‌وه‌و، به‌شێوه‌یه‌کی تر چه‌مکی سولّته راڤه‌ئه‌کات، وه‌ك له‌م ووته‌یه‌یدا رووبی کردۆته‌وه: "ئه‌و کاره‌ی وه‌رتگرتووه پارویه‌کی چه‌ورو شیرین نیه بۆتۆ، به‌ڵکو راسپارده‌یه‌که‌و له‌گه‌ردنتدایه"[۳۵] جا ئه‌مه نیوه‌ی چاره‌سه‌رکردنی لایه‌نه خراپه‌کانی سولّته‌یه، له‌به‌رئه‌وه‌ی ده‌کرێ فه‌رمانڕه‌وایان ناچاربن واز له‌سامان‌و خۆشگوزه‌رانی بێنن، به‌ڵام ناتوانن به ئاسانی واز له پله‌و پایه (المنصب) بهێنن بۆ له‌م رووه‌یشه‌وه عه‌لی کورشی ئه‌بو تالیب ئه‌ڵێ: "من ملك استبد" بۆیه پێویسته سیاسه‌تمه‌داران به‌رۆشنبیری سۆفی‌یه‌کان‌و تاوییه‌کان په‌روه‌رده‌بکرێن، تاکو ئاماده‌باشیان تیادا بێت‌و بتوانن نه‌خۆشی سولّته‌و ژه‌هره کوشنده‌که‌ی له ره‌گ‌و ریشه‌وه ده‌رێنن. ده‌بینین ئه‌قتابه‌کانی ته‌سه‌وف به‌تایبه‌تی ته‌سه‌وفی کۆمه‌ڵایه‌تی هه‌میشه نه‌یاری سولّته‌بوون‌و هه‌رچیش پەیوه‌ندی به‌ئیش‌و کاری سولّته‌وه بووبێت، لێی نزیك نه‌بوونه‌ته‌وه ئه‌وه تا شێخ حه‌سه‌نی به‌سڕی ماوه‌یه‌بووه به‌قازی به‌ڵام مووچه‌ی له‌سه‌ر وه‌رنه‌گرتووه‌و، ئه‌نجام وازیشی لێهێناوه[۳۶] ئاشکرایشه وه‌ك ئاماژه‌مان بۆکرد زۆر به‌توندو تیژی به‌ربه‌ره‌کانی فه‌رمان ره‌واکانی به‌نی ئومه‌یه‌ی کردووه کاتێکیش له‌وپه‌ڕی ده‌سه‌ڵات‌و مل هوریدابوون، ئه‌وه‌بوو کاتێك ئه‌و کۆشکه‌ی بینی که حه‌جاج له‌واست دروستی کردبوو هێرشێکی زۆر توندوتیژی کرده سه‌ری له‌کۆتایی قسه‌کانیا وتی خه‌ڵکی ئاسمانه‌کان رقیان لێبێته‌و خه‌ڵکی زه‌ویش نه‌فره‌تت لێده‌که‌ن..[۳۷] بێ ئه‌وه‌ی گوێ بدات به‌و حه‌جاجه‌ی که ئه‌وپه‌ڕی مل هوڕو سته‌مکاربووه. به‌ڵێ رابه‌رانی ته‌سه‌وفی کۆمه‌ڵایه‌تی هه‌میشه خۆیان له‌سه‌ر برسێتی‌و ئازارو ئه‌شکه‌نجه راهێناوه، بۆیه به‌رده‌وام توانیویانه وه‌ك چیای سه‌رکه‌ش له‌ڕووی سولّته‌و زۆرداراندا بووه‌ستن. ئه‌وه‌بوو ئاماژه‌مان بۆکرد ئیبن عه‌ره‌بی‌و ئیبن‌و سه‌بعین له‌به‌رئه‌وه‌ی چرکه‌ساتی به‌ژیربوونییان به ده‌ولّه‌ته‌وه بووه‌و، زۆر تێکه‌ڵی جه‌ماوه‌ر نه‌بوون، هه‌روه‌ك چۆن فه‌یله‌سوفی گه‌وره‌و به‌ناوبانگ (ئه‌رەستۆ) سه‌ر به‌ده‌ولّه‌ت بووه، به‌ڵام حه‌لاج ئه‌یویست ته‌واوی ده‌ولّه‌ته‌کان نه‌یه‌ڵێ‌و شوراکانی نێوان مرۆڤ له‌ڕه‌گه‌وه ده‌ربێنێ له‌نه‌خشه‌دا بیان سڕێته‌وه، ئاشکرایسه به‌رده‌وام بوونی گرژی نێوان ده‌ولّه‌ت‌و رابه‌رانی ته‌سه‌وف‌و پێ داگرتنیان له‌سه‌ر پچڕاندنی په‌یوه‌ندی، هاندانێکی ناڕاسته‌وخۆ بووه‌و بۆ هه‌ڵنانی جه‌ماوه‌ر تاکو هه‌ڵوێستی دژ به ده‌ولّه‌ت وه‌رگرن، پێویسته ئاگاداری ئه‌وه‌یش بین که‌سۆفییه‌کان دوای شه‌هیدکردنی حه‌لاج چاوترسێن کران‌و نه‌یان ده‌توانی رووبه‌ڕووی ده‌ولّه‌ت ببنه‌وه به‌ڵام هه‌میشه که‌م‌و زۆر هه‌ڵوێستی مه‌ردانه‌یان بووه‌و، هه‌ر نه‌بێت سه‌ریان بۆ ده‌ولّه‌ت دانه‌نه‌واندووه، له‌هه‌مان کاتدا، ده‌ولّه‌تیش سامی لێکردوون به‌تایبه‌تی دوای حه‌لاج شێخ عه‌بدلقادری گه‌یلانی به‌سام ترین که‌سایه‌تی و گه‌وره‌ترین پێشه‌نگ بووه له‌م مه‌یداندا شێخی گه‌یلانی وه‌ك رابه‌رانی تر بگره زیاتریش توندو تیژبووه له‌گه‌ڵ ده‌ولّه‌تداو، له‌هه‌مان کاتدا زۆر به په‌رشیش بووه بۆ ئازادی مرۆڤ‌و به‌رجه‌سته‌کردنی شکۆو به‌های، بۆیه ده‌فه‌رموێ:"کن عبد ربك ولاعبد الخلق" واته به‌نده‌ی په‌روه‌ردگار به، نه‌ك به‌نده‌ی خه‌ڵك.[۳۸]

هەروەها بەلای شێخی گەیلانییەوە، دەوڵەتو فەرمانڕەوایان هەرچۆنێك بووبن بەستەمکارو زۆرداری داناون‌و زۆر بەتوندو تیژی قسەی لەگەڵ کردون‌و دابەزیوەتە سەریان هەتا ئاستێك هەندێ لەخەلیفەکان سکالایان کردووە لەسەر ئەو تونددوتیژییەی شێخی گەیلانی نواندوییەتی بەرامبەریان، بۆ نموونە شێخ ئەبو حەسەن دەگێڕێتەوە (المقتفی لامر الله) کە خەلیفەیەکی عەباسی بووە لە دەست تونددو تیژی شێخی گەیلانی (د.خ) سکالای لای وەزیرەکەی خۆی کردووە کە (ابن هبیرە) بووە[39] بەڵام بەپێچەوانەوە هەمیشە حەزی کردووە لەگەڵ هەژارو بێ نەوایاندا دانیشێ‌و دڵخۆشییان بداتەوە‌و خزمەتیان بکات، چونکە رابەرانی تەسەوف دروشمی هەژاریان هەڵگرتووە‌و، خۆیشیان بەهەژار زانیوە‌و بەهەژاریش ناسراون، کەسیان خۆیان بەخاوەن ماڵ‌و مووڵك نەزانیوە‌و بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە لەخۆیان گرتۆتەوە بۆ یەکتری‌و هانی خەڵکیشیان داوە کە زۆر پێویستە دەستی یارمەتی بۆ یەکتری درێژبکەن‌و خزمەتی هەژاران بکەن. لەم بارەیەوە ئەڵێ: لەهەموو کردەوەیەکی چاك ورد بوومەتەوە، لەوە چاکترم نەدیوە نان بدەی بەهەژاران، خۆزگەم هەموو دنیا لەدەست منابوایەو بم کردایە بەخواردەمەنی‌و بمدایە بە برسییەکان[40] هەر لەبەر خزمەتکردنی هەژارو بێنەوایان هات شوێنێکی بۆ دروستکردن بۆ ئەوەی تیایدا بحەوێنەوە‌و ئاسوودەبن‌و بەهای خۆیان بپارێزن‌و چاو بەرەو خواری کەس نەبن، بۆ ئەم مەبەستەش تەنها پشتی بەست بەو ماڵە خاوێن‌و حەڵاڵەی کە خۆشەویستانی خۆی هێنابوویان، خەلیفەی ئەوسەردەمەیش ئەمەی بەهەل زانی‌و دیاریەکی زۆری نارد بۆ ئەم پرۆژەیە، بەڵام شێخی گەیلانی هەر هەمووی بۆنارەوە‌و، فەرموویشی بەخەلیفە بڵێن: ئێمە ماڵ‌و داراییەکمان ناوێ، کە لەخوێنی خەڵکەوەبێت. لەگەڵ ئەوەیشدا خەلیفە نەیتوانی جووڵەبکات چونکە ئەیزانی خۆی پاشای رواڵەتی خەڵکی بەغدایە، بەڵام گەیلانی پادشای دڵ‌و دەروونی خەڵکەو خۆشەویستی جەماوەرە.[41] ئاشکرایە، دەوڵەت‌و سیاسەت مەداران لەگەڵ سۆفی‌و زۆشنبیردا جیاوازن، لەبەرئەوەی سیاسەت مەدارو دەوڵەت هەمیشە سوورن لەسەر ئەوەی شەعبییەتی خۆیان لەدەست نەدەن، بەڵام سۆفییە زۆشنبیرەکان گوێ بەمە نادەن لەبەرئەوەی مەبەستو ئامانجی گەورەی ئەمان، ئەوەیە حەقیقەت بپارێزن‌و راستی بخەنەڕوو، نەك لەدەست نەدانی شەعبییەت. هەروەك زۆشنبیری جیهانی ئەتوانێ روو بەڕووی راوبۆچوونی گشتی ببێتەوە، بەڵام سیاسی ناتوانێ، لەبەرئەوەی یەکسەر هەڕەس دێنێ.[42] شێخی موحاسیبی ئەڵێت: تاعەتی توسود بەخوا ناگەیەنێت‌و سەرپێچیشت زیانی لێنادا، تەنها لەبەر بەرژەوەندی خۆتە فەرمانی پێکردوی بی پەرستی، خۆشەویست ترین تاعەت لای پەروەردگار ئەو کارەیە سودی غەیری خۆتی تیابێت[43] ئەوەنەبێ رابەرانی تەسەوف بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەژاری‌و، بەرجەستەکردنی یەکسانی‌و دادپەروەری تەنها بەوەندەوە وەستاین بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەو پاراستنی بەهاو جەوهەری مرۆڤایەتی‌و شکۆی خۆیان‌و هەژاران، پێویستیان کردووە لەسەر خۆیان‌و هاوەڵ‌و دەروێش‌و موردەکانیان کە بەڕەنجی شانی خۆیان بژین، شێخی موحاسیبی لە (رسالە المسترشدین)دا ئەڵێ پێویستە لەسەر هەموو کەسێك لەپێناوی گوزەرانی خۆیدا ماندووببێت‌و تێبکۆشێ چونکە هەر کەس ئەرکی خۆی خستە سەرشانی کەسێکی ترو پشتی بەخۆی نەبست دیارە ئەو کەسە ئازادی خۆی لەدەست داوە هەروەها ئەڵێ:

ئیشکردن‌و ره‌نجدانی مرۆڤ بۆ بژێوی ژیان لای پەروەردگار پاداشتی لەسەر وەردەگرێ[44] هەروەها شێخ بشری حافی ئەوەبوو ئاماژەمان بۆ کرد ڕێگای نەداوە (مەئمون) بێت بۆ لای بەڵام شانازی بە ئیشەوە کردووەو، بەئارەقی ناوچەوانی خۆی ژیاوەو زۆرجار شتی چنیوە بۆ دابین کردنی گوزەرانی، وتوێەتی شوێنی کارکردن بەدەستی کرێکارەوە، لەشوێنی سوجدە جوانترە بەناوچەوانەوە، هەروەها ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم (١٩٢-١٩١هـ) یەکێکە لە پێشەنگانی تەسەوفی کۆمەڵایەتی، بۆ دابینکردنی ژیانی خۆی دوورێنەو باخەوانیشی کردووە دەستکەوتەکەشی داوە بە هەژاران‌و هانیشی داون بۆ ئیش کردن، شێخ مەعروفی کەرخیش ئەڵێ:

پەروەردگار لەگەڵ نەتەوەیەکدا میهرەبان بێت، دەرگای ئیش‌و کاریان بۆ دەکاتەوەو، دەرگای مشت‌و مڕیان لێ دەگرێ بەڵام گەر ویستی تووشی نەگبەتی‌و پەژارەیان بکات دەرگای مشت‌و مڕیان لێ دەکاتەوەو، دەرگای کارکردنیان لێ دەگرێت.[45] هەروەها بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەژاران ڕابەرانی تەسەوف گەلێ ڕێگای تریان گرتۆتەبەر بۆ نموونە عەبدوڵڵای کوڕی موبارەک ڕابەرێکی بەناوبانگە لە تەسەوفداو دەوڵەمەندیش بووە هەرچی لەخۆی زیادبووە داوێتی بە هەژاران، بەڵام ڕێگای نەداوە مزگەوتی پێ دروست کەن‌و، وتوێەتی: پارویەک لەسکی برسیدا لەتەرازوی پەروەردگاردا لە دروست کردنی مزگەوتێ قورس تڕە. سوفیان سەوریش ئەو کەسەی بە گوناحبار زانیوە مزگەوتی ڕازاوەو کۆشکی گەورە دروست ئەکات. ئیمامی عەزالیش هەتا هەژار وەستابێ ڕێگای نەداوە مزگەوت دروست بکرێ[46] ێخی گەیلانی کە باسی ئادابەکانی دەرویش دەکات ئەڵێ: گەر هاتوو هەژارێك بوو بەهاوڕێت‌و واڕێکەتو داوای قەرزی لێکردی، قەرزەکەی بدەرێ‌و، لەدڵی خۆتدا گەردنی ئازاد بکەو زووپش ئاگاداری بکەرەوە کە گەردنت ئازادکردووە.[47] دیارە ئەمەیش لەبەرئەوەبووە کە هەستی هەژاران بریندار نەبێت‌و شکۆیان پارێزراوبێت، هەر لەبەر ئەمەیش بووە ڕێگایان نەداوە هەژاران، یارمەتی لەدەوڵەمەندو زۆرداران وەرگرن، بەڵام گەرهات‌و رابەرێکی تەسەوف خاوەنی دەسەڵات‌و توانایەکی وەهابوو بتوانێ بەزۆر بەشی هەژاران لەدەوڵەت‌و فەرمان ڕەوایان بسێنێ‌و بیان داتێ لەدیدی رابەرانی تەسەوفی کۆمەڵایەتیدا ئەمە جوان‌و ڕەوایە، نەك فەرمان ڕەوایان وەك بەخشندەی خۆیان بیدەن بەچینی چەوساوە، ئەمە یان بەلایەن رابەرانەوە دروست نیە، ئەوەتا شێخی گەیلانی ئەڵێ: گەرهاتوو هاوڕێی دەوڵەمەندەکانت کرد خۆت بەکەم‌و لاواز پیشان مەدە لەبەردەمیاندا بۆ ئەوەشتت بدەنێ ئەوەتا پێغەمبەری خوا (د.خ) ئەفەرموێ: "من تضعضع لغنى لأجل مافي يديه ذهب ثلثادينه"[48] ئابەو جۆرە هەمیشە ئەقتابان‌و رابەرانی تەسەوف سوودبوون لەسەر پاراستنی بەهاو شکۆی مۆڤایەتی‌و پشت گرتنی چینی بێ نەوایان‌و برسیان و دوورکەوتنەوە لەدەوڵەت‌و سوڵتەو دام‌و دەزگایان، نزیك بوونەوەو هاوڕێی هەژاران و خۆشەویستییان بەڵام تێڕوانینێکی مەزنیشیان هەبوو بۆ هەموو مرۆڤێك بەگشتی، بۆنموونە شێخی گەیلانی (د.خ) ئەفەرموێ:"پێویستە هەر کەسێك بینی لەخۆت بەچاکتری بزانی، چونکە دەبێ بڵێی: دوورنیە لای پەروەردگار لەمن چاکتر بێت.. گەر کافریشت بینی پێویستە هەر لەخۆت بەچاکتری بزانی، بڵێی من چووزانم بەشکۆ ئەنجامی باشبێ..[49] هەروەها بەستامیش ئەڵێ: مرۆڤ هەتا گومان لە دڵیدا بمێنێ کە لەناو خەڵکیدا لەخۆی خراپتر هەیە ئەوەخاوەن فیزە.[50]

موحاسیبیش لەم رووەوە ئەڵێ: پێویستە عاریف دە رەوشتی پیرۆزی تیادابێت لەوانە هەر کەسێکی بینی لەخۆی بەباشتری بزانێ بانەزان بێ یان کافریش بێت[٥١] سوفیەکان لەگەڵ ئەمەیشدا هەستیان زۆر ناسکەو، نابنە بار بەسەر کەسەوەو خەڵکی بێزارناکەن، لەبەرئەوەی، نە لە خۆیان رازین نەخاوەن فیزن، بەڵکو هەمیشە خۆیان بەکەمتر دەزانن لەخەڵکی، لەگەڵ خۆیانو کەسانی تریشدا راستو بێ پێچو پەنان، بۆی هەمیشە لەگۆڕاندانو لەیەک حاڵدا نامێننەوە، وەک جونەیدی بەغدادی ئەڵێ: "مرۆڤی راستگۆ لە رۆژێکدا چل جار دەگۆڕێ، بەڵام درۆزن ئەتوانێ چل ساڵ لەیەک حاڵدا بمێنێتەوە، جا ئەم گۆڕانەی سوفی هۆی ئەوەیە بڕوای بەوتو وێژو دیالۆگ هەیەو حساب بۆ کەسانی تریش دەکاتو هەرکەس حەقیقەتی پیشان بدات قبوڵێتیو دان بەهەڵەی خۆیدا ئەنێ. بابا تاهیری هەمەدانیش ئەڵێ:

تەسەوف هێندە فراوانە جێگای هەموو شتێکی تیادا ئەبێتەوە..[٥٢]

ئێستاکانی ئەوەهاتووە بۆ ئەم بەراوردە چەند نموونەیەک لەراوێژوونی بیریارانو فەیلەسوفانی ئەم سەردەمەدا بخەینەڕوو، تاکو بزانین تاچ ئاستێک فەیلەسوفە نوێ خوازەکاندا بکەین، تاکو بزانین تا چ تێڕوانینو ئامانجی ئەقتابانی تەسەوفەو بیریاران لەیەکەوە نزیکە گەورە بیریاری ئەڵمانی هربت مارکوز ئەڵێ: لەعەقڵانیەتی کۆمەڵگای پیشەسازیدا تاک بچووک دەبێتەوەو ئازادیش بە پەراوێز دەکرێ[٥٣] کۆنترۆڵ کردن بەگوێرەی گوزارشتە عەقڵانییەکانی بێت، یان لاعەقڵانییەکانی واتە ئەو کۆنترۆڵ کردنو دەسەڵاتداریەی کە کۆمەڵگای نوێ دەسەڵاتی خۆی پێ دابین دەکگات، بەڵایەن هابرماسەوە مەترسیەکی گشت گیری گەورەیەو پێویسە چارەسەر بکرێ بەدانانی بەڕێوەبوەرایەتیەکی سیاسی پابەند بەمەبدەئێکی دیالۆکی گشتی سەربەخۆو ئازاد لەهەموو دەسەڵاتو گوشارێک[٥٤]

ئاشکرایە شارستانیەتی تەکنۆلۆجیا یارمەتی تاک نادات بۆ گەشەکردنو کردنەوەو ئازادی، بەقەدەر ئەوەی کە هەوڵەدات قۆرخو چەقبەستوی بکاتو حەزو ئارەزووەکانی لەرەگەوە دەربێنێو بێ پوکێنێتەوە، بۆیە مرۆڤ لەشارستانییەتی تەکنۆلۆژیادا لەبەردەم دوو هەڵبژاردندایە، یان دەبێت خۆی بداتە دەست ئەو رۆشنبیرییە ئامێز گەرییە باوەوەو دەست بەرداری جەوهەری مرۆڤایەتی خۆی بێت، یان دەبێت هەوڵبدات بۆ بەدەست هێنانی شارستانییەتێکی کراوەو ئارام تاکو بتوانێ ئازادی خۆی تیادا بەرجەستەبکاتو، هەروەها بتوانێ ئابوری ئیرۆتیکی خۆی (اقتصاد الیروتیکی) وەبەرهەم بێنێ. لەراستیدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە مرۆڤ ئازادە لەنێوان هەڵبژاردنی دوو جۆر بەهادا، بەڵکو ئەمە مانای ئەوەیە، مرۆڤ یان دەبێت بەهای مرۆڤایەتی خۆی هەڵدەبژێرێ یان ئەو بەها مەزنە بالاّیە کە جەوهەری مرۆڤایەتی لەدەست ئەدات‌و، وێڵی دەکات واتە لەنێوان هەڵبژاردنی (ئیرۆکسی ئازادی‌و، لوغسی دەسەڵاتدا)یە[٥٥]

جێگای خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە یکەین: ئەو وێرانکاریەی عەقڵییەتی تەکنەلۆژیای تونالیتاری لەتەواوی بوارەکانی ژیانی رۆژئاوادا دروستی کرد بووە هۆی ئەوەی دوو گەورە بیریاری وەک (ئادرۆنۆو، هورکهایمەر) ببنە دوژمنو نەیاری عەقڵ کە سەردەمانێک بوو ئەوپەڕی پشتیوانیان لەعەقڵانییەت دەکرد، بەهۆی ئەو کارەساتانەوە هەڵگەڕانەوەو بوونە دوژمنو نەیاری عەقڵ.

ئەوەبوو هابرماس هات بۆ ئەوەی هزری عەقڵو عەقڵانییەت لەچنگی ئەم هێرشە رەخنە تونددڕەوە قوتاربکات، پێکیان بڵێت: ئارام بنو تەڕو وشك پێکەوە نەسوێتێنن، راستە عەقڵی رۆشنگەری بەلاریدا بڕاو لەمەبەستە گرنگەکانی دابڕاو؛ بۆ مەبەستی بەربەرییەتیو وێرانکاری خرایەگەر، بەڵام نابێت تەنها لەبەر ئەمە قوربانی بەهەموو دەستکەوتەکانی تەزەگەریو عەقڵانییەت بدەین پێویستە ئەوەش لەیاد نەکەین کە هەردوو پێشەوای قوتابخانەی فرانکفۆرت (هۆرکهایمر ئەدۆنۆبەر دەوام لەعەقڵانییەتی نوێێ رۆژئاوادا تەنها عەقڵانییەتێکی ئامێزی چەوسێنەرو بەزەبریان ئەبینی لەروانگەی ئەم عەقڵانییەتە ئامێرێێ بێ گیانەدا هەموو شتێك بووە بە کاڵاو کەلو پەل بەهەموو بەها ئینسانیو رۆحییە بەرزو بالاکانەوە [٥٦]

ئاشمرایە هابرماز لەگەڵ ئەو تونددڕەوییەدا نەبووە، بەرجەستەکرابوو، بەرامبەر بەتازەگەریو عەقڵانییەتو عەقڵ ئامێزی. بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە هابرماز نەیاری ئەو عەقڵ ئامێرییە نەبووە. بەڵکو ئەمیش بەهەمان شێوە دژی ئەو بەبربەرییەتەیەکە کە عەقڵ ئامێزی پیادەی کردووە لەخاڵە جەوهەرییەکاندا هاو هەڵوێستو هاورەنگی پێشەنگانی قوتابخانەی فرانکفۆرتە، تەنها ئەوەندە هەیە هابرماز هاتووە میتۆدێکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی (عەقڵ ئامێزیو عەقڵانییەت) پیشکەکردووە، ئەویش ئەوەیە بەڵای هابرمازەوە تەنها تیۆری کردەی کۆمنیکا شوێنی دەتوانێت ئەو شەپۆلە گشت گیرییەی عەقڵ ئامێزی تەفسیربکات. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەتوانێت نەخۆشییەکە دیاری بکاتو، بۆمان روون بکاتەوە ئەوەی لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا بێ بەهاو خراپو گەندەڵ بووە، ئەو بازنەی سەرەکییەیە کە جێگای کارلێکردنی کومنیکا شوێنیێە لەنێوان تاکەکانی ناو کۆمەڵگایەکی زیندوودا.

لەبەرئەوەی گرنگترین ئاڵۆگۆڕکە لە کۆمەڵگادا رووبداو پیادەبکرێ، ئاڵوگۆڕی وتوێژو گۆڕینەوەی هزرو قسەو دەنگو باسە کە لەراستیدا لەسەرو هەموو ئاڵوگۆڕی ئابووریو بازرگانیو مادییەکانەوەیە، لەبەرئەوەی رۆح خاوەنی گەورەترین بەهایەو بۆیە هەرکات پەیوەندی رۆح پووچەڵ کرایەوەو سەنگی نەما لەکۆمەڵگادا یان خراپە ژێرگوشارەوەو بە توپزی ئەو شتانە ئەنجامدا کە پێی خۆش نیە، ئەوکاتە هەموو شتێك پووچەڵ دەبێتو بەربەرێت پیادە دەکرێت [٥٧]

کەوابوو بیریارانی فرانکفۆرت بەهەڵداچوون، گەر تەنها رەخنەکانیان ئاڕاستەی بەشتبوونی مادە کرد بێ لەڕووی ئاڵوگۆڕەوە لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا، لەبەرئەوەی بەشتبوون کرۆکی رۆحی پێکاو تەواوی ئەو شتە مەزنانەیان گرتەوە کە مرۆڤ خاوەنییەتی: وەك ئاڵوگۆڕی هزرو وتوێژ.. ئەم جیهانە زیندووە گیان بەخشە دڵ فرێنە کە هەمیشە سیخناخە لەوتو، وێژو دیالۆکو ئاڵوگۆڕی هزرو دەنگو باسدا لەنێوان تاکاکانی کۆمەڵگادا لەلایەن عەقڵانییەتی ئامیرگەری ماتماتیکییەوە هێرش کرایە سەریو کۆنترول کراو وێران بوو، ئەو عەقڵانیەتەی کە تەنها بیر لەسوودو زەرەر دەکاتەوەو پێوەری بۆ هەموو شتێك تەنها سودو زەرەرەو هچی تر کەوابوو لەکۆمەڵگای سەرمایەداری نوێدا نرخی مرۆڤ تەنها بەگوێرەی ئەو پارەیە هەڵدەسەنگێ کە لە بەنقدا هەیەتی.

بەکورتی بەشتبوونی مادە تەشەنەی کردو گوازرایەوە بۆ بەشتبوونی مرۆڤ، واتە مرۆڤیش کرایە کەلو پەلو کاڵاو ئامێرو خۆشەویسترین بەهای خۆی لەدەستدا: ئەو بەهاو وسامەی کە لەئاژەڵو تەواوی

شـتەکانی تـــری جیـــادەکردەوەو پێـــی دەناســـرا کەووزبلێیســـە دار بەتەوژمـــە گیـــا نییەکـــەی نـــاخو دەروونی بوو[٥٨]

ئالان تورین ئەڵێت: بیرۆکـەی سـەرۆەری گەلـە کـە دەتوانـێ ژیـانی سیاســی گـــرێ بـــدات بـــەو پەیوەندییانـەوە کە لـەنێوان هێزەکـاری گـەرەکانی کۆمەڵگادا دامەزراوە، بەڵام ئایە چۆن سەرۆەری گەل دەبێتە هـۆی دروستبوونی دیموکراسـی؟ سـەرۆەری گـــەل کـــاتێك دەبێتـــە هـــۆی بەرجەســـتەکردنی دیموکراســـی کـــە ســـەرۆەریەکی لێـــهاتووبێتو بـــەردەوامیش مـــەبدەئێك بێـــت لـــە مەبدەئـــەکانی ئۆپۆزسـۆێنو روو بـەڕووی سـوڵتە بوەستێ جـا ئـەو سوڵتەیە هەرچۆنێك بێت خراپ بێت، یان باش.

هـــەرۆەها ســـەرۆەری گـــەل کـــاتێك زەمینـــە بـــۆ دیموکراسی خۆش ئـەکات کـە بتوانـێ گوشـار بخاتـە ســـەر ســـوڵتەی میللـــی بـــۆ ئـــەوەی شـــەرعییەتیان سنوردارببێت بەڵکو پێویسـتە لـەناو ژیـانی سیاسـیدا مەبدەئێکی مەعنەوی پیادە بکات

تاکو ئەو مەبدەئە پەناگەیەك بێت بۆ ئەو کەسانەی کـە لـەژیانی کۆمەڵایـەتییاندا مومارسـەی سـوڵتە ناکـەن[٥٩] پێویسـتە دەوڵـەتو کۆمـەڵگای مـەدەنی هەمیشـــە لەیـــەکدی جیـــابنو، لەهـــەمان کـــاتدا پـەیوەندیش بـن بەیەکـەوە، بـەڵام ئـەم پەیوەندییـە دەبێـت لـەڕێگای ئـەو نوێنەرایەتییـەوە بێـت کـە دەسەڵاتدارە سیاسییەکان هەڵدەستن پێی[٦٠]

چۆن دەبێـت ئێمـە باسـی دیموکراسـی بکـەین لەکاتێکدا خاوەنی ئـەو تێڕوانینـە بـبن کـە پێویسـتی دەکـات لەسـەر زۆرینـەی خـەڵکی ئـەم هەسـارەیە دەسـت بـەرداری کلتـورو شوناسـنامەی خۆیـان بـن، لەبەرئەوەی هەر هەموو بتوانن بگەن تاکە رەوڕەوەی پێشکەوتن؟ ئایـە لەمەنـەنگی قـر هەیـە بـۆ ئـازادی دیموکراسی کە زۆرینەی ئادەمیزاد گوناهبـار بکـەینو حوکمیان بدەیـن بـەوە کـە شـایانی ئـەوەنین خۆیـان مێژووی خۆیان دروست بکەن. خـۆ گـەر وابێـت ئێمـە تازەگەرییان لەسەر سینییەك پێشکەش کـەین، یـان بیسـەپێنین بەسـەریاندا، جـا گـەر تازەگـەری تەنـها لەڕێگی بازاڕێکی کراوەدا بچێتە دیاریانـەوەو تـەواوی کەلەپورو دکتۆریان لەو بازاڕەدا بهاڕێت، باشـتر وایـە مـرۆڤ راسـت بێـت لەگـەڵ خۆیـداو، بڵێـت: نەتـەوە هـەژارەکان یەشـتا کـامل نـەبوونو نەگەیشـتوونەتە ئاسـتێك دیموکراسـی قبـوڵ بکـەن، وەك ئـەو مێردمنالانـە کـە نەگەیشـتوونەتە حـەفدە سـاڵانو ناتوانن بەشداری ژیـانی سیاسـی بکـەن. لەڕاسـتیدا ڕۆشنبیری دیموکراسی

دژایەتی مەبدەئی خـۆی دەکـات گـەربێتو جـەخت لەسـەر پێك گەیاندنی رابوردو داهاتوو نـەکاتو، سـور نـەبێت لەسـەر ئامـادەکردنی کەلـەپوورێکی کلتـوری دیـاریکراو ەپێناوی بنیادنـانی دواڕۆژدا، لەراسـتیدا دابڕاندنی رابردوو لـەداهاتوو لـەنێوان یاسـای کۆنو، دوای شۆڕشـدا واتـەی هـەڵگرتنی فکـرو کـارێکی سـوڵتەوییە لەهـەناودا بـەڵام گـەرهاتوو دیموکراسـی دامـەزرا لەسـەر رەخســاندنی هـــەل خۆشـــکردنی زەمینەی ژیان بۆ چەند تاکو کۆمەڵێکی جیاواز لەناو نەتەوەیەکدا (نەك هەر جیاواز، بـەڵکو هـەندێکیان دژ بەهـەندێکی تریـان بـن) لەهـەمان کـاتدا بتوانـێ یەکخستن بەرجەسـتەبکات لـەنێوان یـەکێتیو جۆراو جۆری‌دا، زۆر پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە گەر بتوانرێ گەورەترین بەش لـەرابردوو رزگاربکات، نەك هـەر هێنـدە بـەڵکو گـەورەترین بەشـیش لـەدامو نەریتی، بۆ ئەوەی بتوانێ دواڕۆژێـك بـەدی بێنـێ کـە تایبـەتو نـامی بێـت لەیـەك کاتدا، هـەرۆەها چـەند کەسایەتییەکی وانیادبنـێو پـەرۆەردەی بکـات کـە هەڵگری مەبادیئێك بن کە عەقڵانییەتو رێزی ئازادیو یەکسـانی لەتـەواوی مافـەکاندا تیـادا پیـادەو بەرجەستەبووبێت[٦١]

هەروەها (ئالان تورین) ئەڵێ: سیفەتو ئاکاری دیموکراسی بەسەر کۆمەڵگەیەکدا را ئەوێژرێ کە هێزەکاریگەرە بکەرەکانی بتوانن بڕیارەکانیان بسەپێنن بەسەر ئەو نوێنەرە سیاسیانەیاندا کە هەڵدەستن بەچاودێری کردنی دەوڵەت[٦٢] هەروەها لەشوێنێکی ترا ئەڵێ: پێویستی بەمەبدەئێکی بەرهەڵست کارە دژی ستەمکاری دەوڵەت.. تاکو ئەڵێ: سنوردار کردنی دەسەڵاتی سوڵتە تەنها یەک بنەمایە لەو بنەمایانەی دەبنە هۆی پێکهێنانی دیموکراسی، بەڵام بنەمایەکی گرنگەو پێویستە هەمیشە لەئارادابێت.[٦٣]

کاتی ئەوە هاتووە ئاماژە بۆ ئەوەبکەین، کە تەسەوفی ئیسلامی لەهەموو قۆناغەکانیدا پەیوەندی بەسیاسەتەوە بووە گەر وەک هەڵوێستێکی نیگەتیڤیش بێت، ئەوەبوو لەپێشەکی ئەم باباتەدا تیشکمان خستەسەر کەزۆر جار وەک گروپێکی سیاسیش هەڵس و کەوتیان کردووەو ڕێکخراو سەرکردەو بەرنامەیشیان هەبووە خۆئەمە ئاشکرایە ئەقتابانی تەسەوف هەمیشە نەیاری سوڵتەو سەرمایەداربوون و هێزی ئۆپۆزسیۆن بوون دژ بەدەوڵەت. سوڵتەو دەوڵەت هەرچۆنێک بووبن بە ستەمکارو چەوسێنەریان داناوە. ئەوەبوو لەپێشەکی ئەم باسەدا وتمان: بەڵایەن هەندێ لە پسپۆڕانەوە: ژیانی ڕۆژانەمان بارۆز تایبەتو گۆشەگیریشبێت یەشتا پەیوەندی بەسیاسەتەوە هەیەو مەحاڵە لەسیاسەت دابڕێت کەوابوو، وەک وتمان تەسەوفیش لە سیاسەت جیانابێتەوە، بەڵام دیارە تەسەوف سیاسەتێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئاشکرایە مێژووی ئیسلام گەڵێ ناکۆکی و شەڕو پێکدادانی خوێناوی تۆمارکرد

ووە لەنێوان ڕێبازو حیزبە جیاجیاکاندا، وەک موعتەزیلەو خەوارج و عەلەوییەکان و ئەمەوییەکان..هتد.

زۆربەی شەڕو ئاژاوەکانیش سەرەتا بەهۆی جیاوازی ڕاوبۆچوونەوەبووە، بەڵام تەسەوف لەسەرەتای جێگیربوونییەوە لەکۆمەڵگای ئیسلامدا بوو بەجێگای وتو، وێژ مشتو مڕێکی توند تۆندو تیژ لەنێوان ڕابەرانی تەسەوفو نەیارەکانیاندا: هەر چەند ڕووی جیاوازی هزرو بۆچوونەوە دەورێکی باڵاو کاریگەری بووە، بەڵام هەمیشە لەشەڕو پێکدادان دوورکەوتوونەتەوەو، نەیان ویستووە بەشداری خوێن ڕشتن بکەنو زۆر دژی خوێن ڕشتن بوونو، هەوڵیان داوە لەڕێی وتو وێژو دیالۆکەوە چارەسەری ناکۆکییەکان بکەن[٦٤] ئەمەیش تەنها هۆی ئەوەبووە، هەموو مرۆڤێکیان خۆش ویستووەو داکۆکیان لەتەواوی ئادەمیزاد کردووە، بەبێ جیاوازی لەنێوان ڕەگەزو ڕێبازو ئایینو نیشتماندا.

دیارە ئەو کەسایەتییە سۆفییە باڵایانە وەک عەبدورەحمان بەدەوی ئەڵێت زۆر کەمنو تەنها گەورە پیاوانی عیرفانی ئەتوانن بەرجەستەی بکەنو، خۆگەر لەملیۆنێک مرۆڤدا یەک سۆفی هەڵکەوێ زۆرچاکە[٦٥] هەر بۆیە (برجسون)یش ئەڵێت: سروشتی مرۆڤ بە شێوەیەک پێکهاتووە هەمیشە حەز بەوە دەکات وەک ئەو کۆمەڵە بژێوی کە تیایدا پەروەردەبووەو پەیوەندە پێوەی بەڵام عەبقەری تێڕوانینێکی قوڵو ئەفسوناوی هەیەو هەست ئەکات پەیوەندە بە تەواوی ئادەمیزادەوە، بۆیە سنوری ئەو کۆمەڵگایە دەبەزێنێ کە تیایدا گەورەبووەو، لەو دامو نەرێتییەش یاخی دەبێت کە کۆمەڵگاکەی لەسەری دامەزراوە، عەبقەری لەگەڵ تەواوی مرۆڤایەتیدا ئەدوێ بەزمانی خۆشەویستی[٦٦].

دکتور زەکی موبارەکیش ئەڵێ: باسی کەسایەتییەکنم بۆ بکەن لەکەسایەتییە گەورەکان کە ڕێزی دامو نەریتیو یاساو سیستەمی گرتبێ، پیاوی بیریارو عەبقەری نەهەنگەو هەرچۆنێك ئارەزوو بکات ئەڕواو گوێ بە زریانو شەپۆلی دەریا نادات و سنورو یاساکانی زەریا دەشکێنێ[٦٧] کەوابوو ئەقتابانی تەسەوف تێڕوانینێکی زۆر جیاوازیان هەبووە بۆ ئاینو ڕاڤەکردنی دەقەکان خۆ ئەم تێڕوانینە لەهەندێ هەڵوێستو وتەزای عەلی کوڕی ئەبو تالیبدا ڕەنگی داوەتەوە، دیارە، عەلی (د.خ) تا ئێستایش بەگەورەترین پێشەنگو مامۆستای ڕابەرانی تەسەوف دانراوە لەئیسرمدا بۆ نموونە حەسەنی بەسڕی بە قوتابی ئەو ناسراوە، کە دامەزرێنەری قوتابخانەی زوهدە لەئیسلامدا[٦٨] ئەوەتا عەلی (د.خ) ئەڵێ:"چاکە بکە لەگەڵ هەموو کەسێکدا بێ جیاوازی، هەرچۆن خۆت حەزدەکەی خەڵکی چاکەت لەگەڵ بکەن، چاکە لەگەڵ ئەوکەسەیشدا بکە کە خراپەت لەگەڵ ئەکات. هەروەها ئەڵێ: هەژارێك بڕسی نابێت گەر سەرمایەدارێك زیادە ڕەوی بە بەشەکەیەوە نەکات.[٦٩]

لەبارەی عیرفانیشەوە ئەڵێ:"سلونی عن طرق السماواتفانی اعلم بها من طرق الارض" دیارە مەبەستی لەڕێگای ئاسمانەکان: ئاینو ئاین پەروەری ئەوەیە کە ئەقتابانی تەسەوف تێی گەیشتوونو، هەمیشە هەوڵیان داوە ئازادیو یەکسانیو ئاسوودەی لەنێوان تەواوی ئادەمیزاددا پیادەو بەرجەستەبکرێ. خۆ ئەم تێڕوانینە پیرۆزەی ئەقتابانی تەسەوفیش بۆ ئادەمیزاد، وەك ئامازەمان بۆکرد هۆی ئەوەبووە چرکەساتی بەگیان بۆنیان (الـتروحن) زۆر بووەو، تێڕامانیان قۆڵ بۆتەوە لەمەسەلەکانداو، پابەند نەبوون، بە بەرژەوەندی خۆیانەوە، بەڵکو هەموو ئادەمیزادیان خۆش ویستووەو هەمیشە هەوڵیان داوە سنورەکانی نۆیانیان ریشەکێش کەن بەشورەی ئاینیشەوە، لەبەرئەوەی ئاینیەکان لەپێناوی بەرژەوەندی ئادەمیزادا دابەزیون، وەك ڕۆسۆ لەسەرەتای کتێبەکەیدا (ئمیل)دا ئەڵێت:" هەموو شتێك کە لەلایەن خواوە بێت چاکە، بەڵام هەرچی کەوتە دەستی مرۆڤەوە خراپو گەندەڵ دەبێت" ئابەم جۆرە مەسەلەی شەڕ نە لەلایەن خواوەیە، نەپەیوەندە بە هەڵەیەکەوە بەر لەمێژوو ڕووی دابێت، بەڵکو شەڕ پەیوەندە بەو مێژووەوە کە بەردەوام ئالۆگۆڕ لەکۆمەڵگاکاندا دەکات بەبێ دابڕان[٧٠]

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەتوانین زۆر بەڕاشکاوی دەستنیشانی ئەو لایەنە چوون یەکانە بکەین کە لە نێوان ڕاوبۆچوونو تێڕوانینی ئەقتابانی تەسەوفو بیریارو فەیلسوفانی ئەم چەرخو سەردەمەدا هەیە ئەمەیش لەچەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو:

١-چ پێشەنگانی تەسوەفو، چ بیریارانو ڕابەرانی ئازادی مرۆڤایەتی هەموویان سوڵتە هەر چۆنێك بێت بەستەمکارو چەوسێنەر دادەنێنو سوریشن لەسەر ئەوەی کە پێویستە بەردەوام دەسەلاتی سوڵتە سنوردار بێتو گوشاری لەسەربێت.

٢-هەرهەموو توندڕەون لە هەڵویستدا زۆرجارا داو نەریت پیێشێل ئەکەنو گوێ بە یاساو ئاینیش نادەن، لەبەرئەوەی دوور بینںو زۆرجار ئەو شتە شاراوانە بەدی ئەکەن کە نەکەسانی ئاسای هەستی پێ دەکەن نەسیاسەت مەداران ڕێی پێ دەبەن، بۆیە دەچنە ئەو دیو ڕواڵەتەوەو هەندێ جار کەس تێیان ناگاتو تونڕەو دەردەکەون ئەوەتا کەڵە نووسەری جیهانی نەجیب مەحفوز ئەڵێ: سڵاو لەتوندڕەوەکان، لە هەموو مێژوودا تونڕەوەکان مێژوویان بنیادنا، ئەوەی کە مام ناوەندەکان نەیانتوانی بیجوڵێنن[٧١] دیارە وەك خۆیشی ڕوونی کردۆتەوە نەجیب مەحفوز

مەبەستی لەتوندڕەو بیریار پیاوە مەزنەکانی مێژووە، نەك تاوان باران‌و تیرۆریست.

٣-خۆشکردنی زەمینە بۆ بەرجەستەکردنی فەزایەکی وت‌و وێژی ئازاد لەنێوان تەواوی چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگادا‌و، هەروەها ڕێزگرتنی هەموو بیرو باوەڕو ڕێبازو ئاین‌و فکرەیەك.

٤-وێڵکردنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەپێناوی خستنەڕووی حەق‌و دابینکردنی مافی چەوساوەو هەژاران‌و، بەرجەستەکردنی یەکسانی‌و دادپەروەری لەناو تەواوی ئادەمیزاددا.

٥-هەوڵدان بۆ پاراستنی هەموو کەلەپورو کلتورێك بەگوێرەی توانا.

٦-وشیارکردنەوەی خەڵکی بێ دەسەڵات‌و بەش خۆراو بۆ داواکردنی مافی ڕەوای خۆیان‌و بەگژاچوونەوەی زۆرداران‌و سەرمایەداران، هەروەها هاندانیان بۆ خەبات‌و کششکردن لەپێناوی دابینکردنی بژێوی خۆیانداو، دوورکەوتنەوە لەڕوو پەرمای‌و سوکایەتی، پشت بەستن بەخۆوە.

٧-چاودێری کردنی سوڵتەو دەسەڵاتداران‌و ئامۆژگاری کردنیان بەتوندی‌و ڕێنمایکردنیان بۆ دادپەروەری‌و دابینکردنی ئاسوودەی‌و ئاشتی بۆ جەماوەرو دیاریکردنی دەستەیەکی خاوەن دەسەڵاتی ئازادی ڕۆشنبیری سەربەخۆ بۆ ئەوەی پەناگەیەك بن بۆ ئەو کەسانەی مومارەسەی کاروباری سوڵتەناکەن، تاکو بەهاومافیان پارێزراوبێت.

٨-بەڵگە نەویستە ڕۆشنبیرانی جیهانی (المثقف الکونی) واتە رابەرانی تەسەوف‌و فەیلەسوف‌و بیریاران لە هەموو کات‌و سەردەمەێکبدا ژمارەیان کەم بووەو بە پەنجەی دەست ژمێراون، لەبەر ئەوەی بەدەگمەن ئەو کەسایەتییانە هەڵدەکەون کە دەست بەرداری هەموو چەژو خۆشی‌و فەنتازییەکی ژیان بن تەنها لە پێناوی بیرو بۆچوون‌و فکرەی خۆیاندا بژین‌و، خۆیان بسوتێنن بۆ ئەوەی بەرچاوی خەڵکی ڕۆشن بکەنەوەو حەق بەڕەنگی جوانی خۆیەوە لەهەموو بواڕەکانی ژیاندا بخەنەڕوو.

٩-گرنگی دان بە بەهاڕۆحییەکانی مرۆڤ‌و بوژاندنەوەی ڕەوشت‌و ئاکارە باڵاکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌و گوشار خستنەسەر گەشەکردنی تەکنەلۆژیاو، ڕێگرتن لەهەموو ئەو مامەڵەو پەیمان‌و بازرگانیانەی دەبنە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگ‌و، وێرانکاری‌و بەرجەستەکردنی بەربەرییەت.

خۆ ئەوە نەبێت دژایەتی‌و نەیاری عەقڵانییەت‌و سیستەمایەداری‌و سوڵتە دیاردەیەکی تازەبێت‌و لەم سەردەمی باڵادەستی تەکنەلۆژیایەدا لەلایەن بیریارانی سەردەمی نوێ‌و، پێشەنگانی قوتابخانەی فرانکفۆرت‌و نەیارانی عەقڵانییەتی ڕۆژئاواو تازەگەرییەوە خرابێتەڕوو، یان سەرەتا بەتەنها ئەقتابانی تەسەوف دایان هێنیابێت‌و لەخۆیاندا بەرجەستەیان کردبێت. لەڕاستیدا ئەم دیاردەیە نەزعەیەکی جیهانییە‌و لەگەڵ دروستبوونی سوڵتەدا لەدایك بووە، بەدرێژایی مێژوو لەهەموو سەردەم‌و شوێنێکدا ڕابەرانی خۆی هەبووە‌و هەوڵیان داوە شورەکانی نێوان مرۆڤ بڕوخێنن‌و یەکسانی‌و خۆشەویستی‌و ئاشتی لەجیهاندا بەرجەستەکەن.

گەربێت‌و لاپەڕەکانەی مێژوو هەڵدەینەوە، دەبینین زۆربوون ئەو ڕێبازو فەلسەفانەی کە نەیاری هەموو ئەو شارستانییانەبوون دەبنە هۆی بچووك کردنەوەی مرۆڤ‌و، بە پەراوێزکردنی بەها ڕۆحییەکان نموونەی ئەو فەلسەفەو ڕێبازانە زۆرە، بەڵام ئێمە لێرەدا فەلسەفەی تاوی دەخەینەڕوو کە دامەزرێنەری ئەم ڕێبازەیش (لاوتسی)بووە کە لەساڵی (٦٠٠پ.ز) لەدایك بووە تێڕوانینی لاوتسی پێچەوانەی تێڕوانینی (کۆنفۆشیەس ٥٥١پ.ز) بووە ئەتوانین بەکورتی

بڵێین: لاوتسی حەزی بەهێمنی‌و بێ دەنگی بووە، هانی خەڵکی داوە بۆ گەڕانەوە بۆ سروشت‌و سادەی‌و لەدیدی ئەودا شارستانی نوێ بۆتە هۆی ئاڵۆزکردنی ژیان‌و لەناو بردنی ئارامی دەرون‌و زیادکردنی رەشبینی‌و دژواری ژیانی کۆمەڵگا. ئامانجی هەرە گەورەی ئەوە بووە شمشێرو چەکەکانی تریش هەموو بکرێنە گاسن‌و ئالآیەکی بەرزکردەوە دژی دەوڵەت‌و سوڵتە[٧٢] خۆ گەر سەیری ئاینە ئاسمانی‌یەکانیش بکەین دەبینین زۆر بەڕاشکاوی نەزعەی تەسەوف لە هەڵوێستە پێرۆزەکانیاندا رەنگی داوەتەوە لەسەر ئەمەیش تەنها نموونەیەک ئەخەینەڕوو کە هەڵوێستی ئیبراهیم پێغەمبەر (د.خ)، قورئانی پیرۆز بۆمان دەگێڕێتەوەو، ئەڵێ:"یجادلنا في قوم لوط إن ابراهيم حليم اواه منيب" دڵە گەورە سۆزو ئامێزەکەی ئیبراهیم (د.خ) نایەوێ هیچ کەسێك تووشی سزابێت، بائەوکەسە زۆر یاخی‌و تاوانباریش بێت‌و پێویستی بەسزادان بێت.

ئەوەتا کاتێك فریشتەکان دادەبەزن بۆ ئەوەی سزای نەتەوەکەی (لوت پێغەمبەر) بدەن ئیبراهیم دڵە گەورەکەی رادەچەنێ‌و لەتاو ئەو سزایەی تووشیان دەبێت، بۆیە لەگەڵ پەروەردگاردا وتوێژ دەکات، هەتا بتوانێ دەرێکی بەزەوی بۆ ئەو یاخییانە بدۆزێتەوەو تووشی سزانەبن ئەوەی زۆر جێگای سەرنجیشە ئیبراهیم (د.خ) لەسەر ئەم هەڵوێستەی سەرزنشت نەکراوە بەڵکو بە پێچەوانەوە وەك لەئایەتەکەدا دەردەکەوێ لەلایەن خواوە لەسەر ئەو هەڵوێستە بالآیەی ستایشکراوە[٧٣]

ئەنجام زۆر بەدڵنیاییەوە ئەڵێن تەواوی ئادەمیزاد بەشدارن لەم نەزعە رۆحییەدا، رۆژهەڵاتی بێت، یان رۆژئاوای، لەم سەردەمەدابێت یان هەرچەرخ‌و سەردەمێکی تردا، ئەو بۆزییەی کە لەخودی خۆی گوم دەبێت‌و دەگاتە (نیراڤانا) هەر ئەو پەرستەرەیە لەپەیکەری پیرۆزدا بخورد دەسوتێنێ‌و، یان بڵێین: بانگەشە بەرزەکەی (لاوتسی)یەکە لەچیندا خەڵکی هان ئەدا بۆ ئاشتی‌و خۆشەویستی‌و گۆڕینی چەك بۆ گاسن بەڵێ بەهەمان شێوە ئەو دەرویشە قەلندەرە بێ نیازەیە کە بابا تاهیری عوریانەو هەرکە رۆژدەبێتەوە بەگێتی‌دا خوڵدەخوات کە شەویش دادێ بەسەر خشتێ دەنێ سەر بەسۆزی دادێ بەسەر خشتێ دەنێ سەر بەسۆزی دەروونی حیکمەت ئامێزێوە دەناڵێنێ‌و ئەڵێ:

من ئەو رەندەم کە ناومە قەلەندەر
نەخان دیرم نەماڵ دیرم نەلەنگەر
کە رۆژ داهات بەدنیادا دەخۆم خول
کە شەو داهات بەسەر بەردێ ئەنێم سەر
هەستە تواونەتەوەو یەکان گیربوون

ئەمەیش هەر زیانەوەی سۆزە مەزنەکەی (ابن الفارچ)ە کە پێش حەوت سەدە خستوویەتییە ڕوو:

فعینی ناحت واللسیان مشاهد
وینگق منی السمع والید اصنحت
وسمعی عین تجتلی کل مابدا
وعنی اسمع ان شدا القوم تنصت[٧٤]

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە بەراوردکردنی ئێمە لەنێوان تێڕوانین‌و راوبۆچوونی ئەقتابانی تەسەوف‌و بیریارو فەیلەسوفانی ئەم سەردەمەو هەر سەردەمێکی تردا، بۆ ئەوە نییە بڵێین ئەمانە لەیەکتریان وەرگرتووە بەڵکو مەبەستمان لەم بەراوردەدا ئەوەیە کە ئەوە بسەلمێنین نەزعەی رۆحی یان بڵێین بەگیان بوون نەزعەیەکی جیهانییەو تەواوی چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تیادا بەشدارن، ئەوەتا بەدرێژی مێژوو دەبینین ئەم نەزعە رۆحییە لەزۆربەی گروپەکاندا خۆی نواندووە: لە ئازایەتی‌دا، لە پەیمان‌و وەفادا، لە قوربانی‌داندا، لەزانیاری‌و

زانستدا، لەمامەڵەکردن‌و فەرمانڕەوایدا تەنانەت لە سیاسەتیشدا.

بڕۆنتولاتبنی ئەڵێ: سیاسەت خاوێنترین‌و بەرزترینی زانستەکانەو پەیوەندی بەباڵاترین پلەو پایەوە هەیە لەسەر زەوی، چەمکی سیاسەت بەشێوەیەکی گشتی تەواوی ئەو هونەرانە دەگرێتەوە کە بەلایەن مرۆڤەوە گرنگن.[٧٥]

هەرچەند چەواشەکردنی سیاسەت زۆر جێگای مەترسییە ئاشکرایە دەبینین زۆرجار سیاسەت مەداران لەپێناوی بەرژەوەندی حزبەکانیاندا کۆمەڵگا رووبەڕووی کارەسات‌و وێرانکاری چاوەڕوان نەکراو دەکەنەوە، لەوەڵامیشدا ئەڵێن ئەمە سیاسەتە بۆیە زۆرجار سیاسەت روو زەردو شەرمەزار دەبێت خەڵکی دەیبێزن، ئەوەتا لەگەڵ تەقینەوەی هەموو بۆمبوو موشەکێکدا لەگەڵ کاول بوونی هەر شارو گوندێکدا لەگەڵ بەکۆمەڵ کوشتنی هەر گەلێکدا، لەگەڵ لەبرسامردنی هەر منداڵە هەژارێکدا نەفرەت لەسیاسەت دەکرێ.

---

[١]-ادونیس/ الصوفیة والسوریالیة/ الطبعة الاولی دار الساقي. بیروت، لبنان.

[٢]-موسعة الهلال الاشتراکي.

[٣]-لعبة السیاسیة، احمد حمروش.ل٤٩

[٤]-المعجم الفلسفي/ المجلد الاول. ل٦٧٩-٦٨٠.

[٥]-گەلاوێژی نوێ کۆمەڵگا لەبەرهەستەی حیزبیدا، ڕێبین هەردی. ل١٧-١٨.

[٦]-حسین مروة، النزعات المادیة في الفلسفة العربیة والاسلامیة. ص ١٦٠-١٦١، الطبعة الخامسة ١٩٨٥، الجزء الثاني.

[٧]-هـ.س. ل٦٤

[٨]-الرسالة القشریة في علم التصوف، ص١٢. دار التربیة للطباعة والنشر والتوزیع.

[٩]-بڕوانە حسین مروه، النزعات المادیة، الجزء الثاني، ص ١٦٥ز هەروەها: الحضارة الاسلامیة في القرن الرابع الهجري، تألیف ادم منتز الطبعة الرابعة الجزء الثاني ص٢٢-٢٣.

[١٠]-بڕوانە، النزعات المادیة، الجزء الثاني ص ١٦٨-١٦٩. هەروەها بڕوانە: مقدمة ابن خلدون ص٤٦٧-٤٦٨.

[١١]-بڕوانە (التعرف لمذهب اهل التصوف، تألیف تاج الاسلام ابوبکر محمد الکلاباذي (٣٨٠ هـ-٩٩٠م) تحقیق الدکتور عبدالحلیم محمود، طه عبدالباقی القاهرة (١٣٨٠ الهجري-١٩٦٠م) ص٢٢

[١٢]-بڕوانە: تاریخ التصوف الاسلامی البدایة حتی نهایة القرن الثاني، تألیف، الدکتور عبدالرحمن بدوي، الطبعة الثانیة ١٩٨٧ص٧٤.

[١٣]-هەمان سەرچاوە ص١١١-١١٢.

[١٤]-بڕوانە: التعرف لمذهب اهل التصوف، تألیف ابوبکر محمد الکلاباذي ص٢٧، هەروەها بڕوانە: التصوف المقارن، تألیف الدکتور محمد غلاب ص٢٨-٢٩.

بڕوانە: الدکتور حسن عاصی: التصوف الاسلامی مهمومة، تطوره وکانته الدین والحیاة. ط١٩٩٤م-بیروت-لبنان ٤٨٥ هەتا ٥٠.

[١٥]-غولدتسی: العقدة والشریعة في الاسلام، ص١٤٧ حسین مروة النزعات المادیة الجزء الثاني ص١٥٠.

[١٦]-بڕوانە: التفکیر الفلسفي في الاسلام، بقلم الامام الاکبر الدکتور عبدالحلیم محمود شیخ الازهر، دار الکتاب اللبناني بیروت، طالأولی ١٩٧٤. ص٢٠٣-٢٠٤.

[١٧]-بڕوانە: تأریخ التصوف الاسلامي، الدکتور عبدالرحمن بدوي ص١٨٨.

[١٨]-بڕوانە: قلائد الجوهر، للعلاق المرحوم الشیخ نحند بن یحی التادفي الحنبلي، داد احیاء التراث العربي، بغداد-العراق، ص١٩-٢٠.

[١٩]-بڕوانە:التصوف الثورة الروحیة في الاسلام الدکتور أب العلا عفیفي، دار الشعب-بیروت ص٤١-٤٢-٤٦.

[٢٠]-بڕوانە: الرسالة الضیریة ص١٦.

[21]–بڕوانه: استاذ السائرين، الحارث بن اسد المحاسبى للعام عبدالحليم محمود، دار الشعب ١٩٨٦ ص٠١.

[22]–حسين مروه النزعات المادية الجزء الثاني ص٢٨٠.

[23]–بڕوانه: اسين بلاثيوس–ابن عربي حياته ومذهبه ترجمة من الاسبانية عبدالرحمن بدوي. دار القلم بيروت–لبنان ط١٩٧٩.ص٧٨.

[24]–تاوی ڕێبازێکی فەلسەفییە کە دامەزرێنەرەکەی (لاوتسی) لەسەدەی شەشەمی پ.ز. لەدایك بووە لە چین بەکورتی ڕێبازەکەی ئەوەبوو پێویستە مرۆڤ هەر بەسادەیی بژیی‌و چونکە شارستانی نوێ بووە بەهۆی ئالۆزکردنی ژیان‌و نائارامی کۆڕمەڵگا بۆیە بەلای ئەم فەیلەسوفەوە پێویستە مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ سروش. بڕوانە: الاديان دراسة دينية مقارنة، القسم الاول الدينات القديمة، تأليف الدكتور رشدي عليان وسعدون الساموك وزارة التعليم العالي والحث العلمي جامعة بغداد ١٣٩٦الهجري ١٩٨٧م. ص١١٠.
بڕوانە: المدخل الى دراسة الاديان والمذاهب تأليف العميد عبدالرزاق ممد أسود، المجلد الأول بيروت– لبنان. ص٩٧.

[25]–بڕوانه: مدارات صوفية، هادي العلوي. الطبعة الاولى ١٩٩٧. ص٢٦–٢٧.

[26]–شێخی بەستامی ناوی تەیفوری کوڕی عیسای کوڕی ئادەمی کوڕی شروشان بوو، مامۆستاکەی زانایەکی عاریفی کورد بووە. بەستامی پێش ئەوەی بمرێ وەسێت ئەکات کە لە لای قاچی مامۆستاکەیەوە بینێژن. لەسالی ٢٦١ك. کۆچی دوایی کردووەو بە (بسطام) نێژراوە. بڕوانە الدكتور عبدالرحمن بدوى: شطحات الصوفية–ص ٢١٥–٢١٦.

[27]–بڕوانه:سامي خرطبيل، اسطورة العلاج، دار ابن خلدون الطبعة الاولى ١٩٧٩–ص٦٨.

[28]–بڕوانه: شطحات الصوفية ص١٦٤.

[29]–بڕوانه: البداية والنهاية لابن كثير المجلد الخامس الجزء العاشر. ط دار الكتب العملية بيروت–لبنان ١٩٩٧ص٢٣٠.

[30] بڕوانه هەمان سەرچاوه ص٢٧٣.

[31]–بشری حافی یەکێکە لەئەقتابەکانی تەسەوف ناوی بشری کوڕی حارسی کوڕی عەبدولّڕەحمانە لەسالّی (١٥٠ك)دا لەبەغداد لەدایك بوە.
بڕوانه: البداية والنهاية، ابن كثير الجزء العاشر ص٢٤٩.

[32]–بڕوانه: أيام خرطبيل/اسطورة العلاج ص ١٥٠.

[33]–بڕوانه: التصوف الثورة الروحية في الاسلام الدكتور ابو العلا الفيفي ص٤٢.

[34]–بڕوانه:مدارات الصوفية، هادى العلوي ص٣٦–٣٧.

[35] –بڕوانة: عباس محمود العقاد (أنا) ص ١٨٢

[36]–بڕوانه: مدارات الصوفية ص١٨.

[37]–شێخ حەسەنی بەسڕی لەسالّی (١١٠ ھ/٧٢٨ موبارەك) لەدنیا دەرچووە قوتابی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تالیب بووە.
بڕوانه: تأريخ التصوف الاسلامى د. عبدالرحمن بدوي ص١٥٣.

[38] هەمان سەرچاوه ص١٨١

[39] بڕوانه: مدارات الصوفية ص١٣٦–١٣٧.

[40]–بڕوانه: قلائد الجواهر/تأليف العلامة الشيخ محمد بن ريحي التادفي حنبلي ص١٩–٢٠.

[41]–مدارات الصوفية ص١٣٦.

[42]–هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

[43] –بڕوانه: قراءة في الفكر الأوروبي الحديث/هاشم صالح ص ٧٥. هەندێ دەستکاری تەعبیرەکەم ردووە.

[44]–بڕوانه: استاذ السائرين/حارث بن اسد المحاسبي ص١٨٢.

[45]–بڕوانه: هەمان سەرچاوه ص١٨٢.

الحضارة الاسلامية في القرن الرابع الهجري تأليف: ام متز، ترجمة محمد الهادي ابو ريد الثاني المجلد. پەراوێزی. ل٤٦.

[46]–بڕوانه: هادي العلوي، مدارات الصوفية. ل٩١.

[47]–بڕوانه: هەمان سەرچاوه ل١٨٧.

[48]–بڕوانه: الغنية لطالبي طريق الحق/تأليف الشيخ عبدالقادر الجيلانى (٤٧٠الهجري–٥٦١الهجري).
قرأة وفهرسة/عبدالكريم العجم: دار الصاد–دار البشائر بيروت ديمشق ١٤١٦الهجري–١٩٩٦م.

[49]–هەمان سەرچوه ص١٩٥.

هەروەها: مدارات الصوفية. ص ٢٢٢

[٥٠]—بڕوانە: فتوح الغيب تأليف القطب الرباني الشيخ عبدالقادر الجيلانى/المقالة السابعة والسبعون ص ١٢٩ في هامش قلائد الجوهر.

[٥١]—بڕوانە: شطحان الصوفية/د. عبدالرحمن بدوي الجزء الاول/ابو يزيد البسطامي ص١٦٩.

[٥٢]—بڕوانە: استاذ السائرين الحارث بن اسد المحاسبي/للأمام عبدالحليم محمود. ص١٦١

[٥٣]—بڕوانە: مدارات الصوفية هادي العلوي ص١٩١

هەروەها بڕوانە بابا تاهیری هەمەدانی/ شێخ محمدی خاڵ. ل٣٤.

[٥٤]—بڕوانە: محمد نورالدين افاقية/ الحداثة والتواصل في الفلسفة النقدية المعاصرة، نموذج هابرماس الطبعة الثانية ١٩٩٨ص٣٨.

[٥٥]هەمان سەرچاوە ص١٠١

[٥٦]—هەمان سەرچاوە ص٤٢

[٥٧]—بڕوانە:كتاب الرياض (٦) قرأءة في الفكر الاوربي الحديث/هاشم صالح ص٤١-٤٢.

[٥٨]—هەمان سەرچاوە ص ٤٣

[٥٩]—هەمان سەرچاوە ص ٤٣

[٦٠]—بڕوانە: الان توربن/ ماهي الديموقراطية ص٣٣ دار الساقي الطبعة الأولى ١٩٩٥.

[٦١]—هەمان سەرچاوە ص٤٠

[٦٢]—هەمان سەرچاوە ص٢٢٠.

[٦٣]—هەمان سەرچاوە ص٤٧.

[٦٤]—هەمان سەرچاوە ص ٥٩.

[٦٥]—بڕوانە:سلسلة الثقافة الاسلامية العدد ٢٢.

نشأة التصوف/بقلم عبدالكريم الخطيب ص٤-٥.

١٣٨٠هجر ١٩٦٠م.

[٦٦]—بڕوانە:تأريخ التصوفي الاسلامى/الدكتور عبدالرحمن بدوي ص٢.

[٦٧]—الدكتور على الوردي/ حوراق الأشعور ص٧١

[٦٨]—بڕوانە: التصوف الأسلامي في الادب والاخلاق بقلم الدكتور زكي مبارك الجزء الأول ص ١٨٩.

[٦٩]—هەمان سەرچاوە/الجزء الثاني ص١٠.

[٧٠]—بڕوانە:روائع نهج البلاغة/الامام علي/بقلم جورج جرداق ص١٨.

[٧١]—داريو شايخان/النفس المبتورة، هاجس الغرب في مجتمعنا دار الساقي ص٤٨.

[٧٢]—بڕوانە:كۆڤاری خاك ژمارە (٥٥) ل١٩.

هەروەها: قراءة الفكر الاوربي الحديث، هاشم صالح ص١٩

[٧٣]—بڕوانە: الاديان/ دراسة تأريخية مقارنة، تأليف الدكتور رشدي عليان، سعدون الساموك ص١١٠-١١١.

[٧٤]—بڕوانە:مع الانبياء في القران الكريم تأليف عفيف عبدالفتاح طبارة ص ١٣٧-١٣٨.

هەروەها: يلندى گيان‌و خودپەرستى/ محمد سالار شێخ عەلى چاپى ٢٠٠١ زاينى ص ١٩٤.

[٧٥]—بڕوانە: الدكتور حسن عاصي/ التصوف الاسلامي مفهومه تطوره/ بيروت-لبنان، الطبعة الاولى ١٤١٤ الهجري ص ١٣-١٤.

هەروەها بڕوانە لەچاپكراوەكانى كۆڕى زانيارى كورد بابا تاهيرى هەمەدانى مەشهور بەعوريان بە پێنووسى ئەندامى كار ماموستا شێخ محمدى خاڵ سالى ١٩٧٧ز ص٩-١٨.

٧٦- بڕوانە: علم السياسية، حسن صعب ص٢٠. الرسائل السياسية بين الامام على ومعاوية تأليف عبدالرضا الزبيدي، ص١٥.

تێبينى:

ئەم بابەتە لە شەشەمين فێستيڤاڵى گەلاوێژدا خەڵاتى ڕێزلێنانى پێبەخشرا.

ئاوەز و ڕەوایی دەستەڵات

لەبزووتنەوەی ڕۆشنگەریدا



و/ کامیل محەمەد قەرەداخی

سەبارەت بەڕەخنەو ڕۆشنگەری:-

کانت داوا لەمرۆڤ دەکات کە لەگەڵ خۆیدا بیربکاتەوە، واتە لە ناوئاوەزی خۆیدا بەدوای بەردی بناغەی ڕاستیدا بگەڕێت. بیرکردنەوە بەم مانایە کارێکی ڕەخنە گرانەیە، یان تاقی کردنەوەی ئاشکرای هەموو مەسەلەکانی ئاوەز و مرۆڤە لە پێشچاوی خودی مرۆڤەکە خۆی و کۆمەڵگەش. لای کانت ڕەخنە و ئاشکرایی هەردووکیان یەکێك لە گرنگترین بیرۆکەی ڕۆشنگەرین. لە دوا نوسینەکانیدا هەست دەکەین کە خۆی تەواو قایل بووەبەوەی کاتێك کاری ڕەخنەگرانەی ئاوەزی دەشتنیشان کردووە، هێڵێکی جیاکەرەوەی لەمێژوی فەلسەفەدا داناوە. ئارنست بلوخ لە کتێبی (مافی سروشتی و کەرامەتی مرۆیی)دا دەڵێ کانت سەبارەت بەچەمکەکانی تایبەت بە (فەلسەفەی یاسا)ی خۆی ڕەجعی بووە. دەبێ بە ڕاستی لەسەر ئەوە کۆك بین کە کانت لە فەیلەسوفە یاساناسەکان نەبوە، بەڵام لەو بڕوایەشداین کە بانگەشەکردنی ئەو بۆ ڕەخنەی پراکتیکی یەکێکە لە گرنگترینی ئەو فاکتەرانەی کە پاڵیان پێوەناوە چاو بە سیستمە کۆنەکانی فەرمانڕەواییدا بخشێنێتەوە، ئەگەرچی ئەویش وابووبێ کەلە سێدارەدانی لویسی شانزە تاوانێکە لێخۆش بوونی نیە، ئەو دەڵێ پێویستە هەموو شتێك ملکەچی ڕەخنەبێ. ئەو دەڵێ هەڵاتن و خۆشاردنەوە لە تاقیکردنەوەی ئاوەزی و ڕەخنەگرانەی مۆڵەتدانی ڕەوایی بە سیستمی پادشایی، ئەگەربەناوی شکۆداریيەوە، یان هەرناوو بەهانەیەکی تردەوەبێ، بێگومان ئەو خۆشاردنەوەیە دەگات بە دروستکردنی گومانێکی ڕەوا لە یاسادانان و لەهەر (هزر)یك کە ئەو ڕێزەی نەبێ کەئاوەز هەربەوانەی دەبەخشێ کە بەوپەڕی ئازادانەو لەپێشچاوی هەموان خۆیان ملکەچی پشکنین و تاقیکردنەوەکردووە.

لەلایەکی دیکەوە کانت لەوبڕوایەدا نییە کە فراوانبوونی ئەبستمۆلۆژیا، یان بەمانایەکی وردتر (ئەبستمۆلۆژیاکان) مەرج بێ بگات بە ئاسودەکردنی مرۆڤ. ئەگەر ئاوەز چاوەڕوانی ئەوەبکات لە

پەلکێشانی ئەبستمۆلۆژیاکانەوە پێش بکەوێت، ئەوە ئاوەزێکی نێگەتیڤی دەبێ.

ئەم نێگەتیڤیەش لای خۆیەوە دەگات بەوەهمێکی دووفاقی.

وەهمی یەکەم خەملاندنی ئەوەیە کە ئاسودەیی مرۆڤ پەیوەستە بەم پێشکەوتنەوە.

وەهمی دووەم خەملاندنی ئەوەیە کە ئەو ئاسودەییە مەبەستی نمونەییە.

بێگومان پوچکردنەوەی ئەم لایەنەی ڕۆشنگەری وەک وەلامدانەوەیەک بوو بە (فەیلەسوفە میللیەکان) لەسەدەی هەژدە کە ساکارانە داوای فەرامۆش کردنی میتافیزیایان کردبوو. کانت وادەبینێ کە ئەم شێوە هەڵوێستە زیان بە بیرۆکەی ئاوەزو ڕۆشنگەری دەگەیەنێت و گومانی دەخاتە سەر. تاقی کردنەوەی ڕەخنەگرانەی ئاوەز لەلای کانت دەگات بە خستنەبەر باسی کێشەی بەکار خستنی میتافیزیا واتە دەگات بە بینینی ئەو پێویستیەی کەڕێگەیلێ ناگیرێ و بەئاوەزیش تێڕنابێ.

مرۆڤ لەوێدا ئاوەزی خۆی لە (داتەکین) نزیک دەکاتەوە و توشی دەکات کەچاوەڕوانی ئەوەی لێبکات کە سەبارەت بەشتەکانی دەرەوەی هەست پێکردن(ئەبستمۆلۆژیایەکی تیۆریانە)ی پێبدات، چونکە هەرلەوێدا ئاوەز تەنها وەک مەسەلەیەکی بیرو بۆچون نەبێ، ناتوانێت سەیری ئەودەرەوەی هەست، یان پشتە هەستە بکات. بەمشێوەیە گرفتی بیروبۆچون دەبێ بە مەسەلەیەکی تاکەکەسی و، لەوەش گرنگتر، دەبێ بە مەسەلەیەکی ڕێژەیی، لێرەوە دەکرێ بگوترێ ئەو کردەیەی کانت کە ئەو مەسەلەی بیروبۆچونی کردووە بە مەسەلەیەکی ملکەچی پێوەرەکان و بواری بەگەڕخستنی ئاوەز تێیدا، بێ گوێدانە ئەو ئەنجامەی ملکەچکردنەکە پێیدەگات، ئەوە کردەیەکی ستراتیژییانەیە.

ئاوەز، یان ئاشتی چەکدارانەی فەلسەفە :-

بەڕاستی ئەوانە زۆرن کە سوکایەتییان بە کانت و بەمیتافیزیا ئایندەییەکەی کردووە. هەندێك دەڵێن ئەوە زانست نییە، وەهندێکی دیش دەڵێن خوێندنەوەکانی ئەو بۆ ئەقلیدس و نیوتن وایان لێکردووە زانست و میتافیزیا تێکەڵ بکات. ئەوانە کاریگەریی ئالۆگۆڕکراوی نێوان کانت و چاخەکەی خۆی نابینن، هەروەها شوێندەستی کانت لەدەستنیشانکردنی جیاوازیەکانی نێوان شتەکانی سەربە ئاوەز و شتەکانی ناسەبە ئاوەز نابینن، یان نایانەوێ بیانبینن، ئەوەش دیارە کە ئەو جیاوازیکردنە و جیاکردنەوەکەی کاریگەریی ڕاستەوخۆو پراکتیکییان لەسەر چەسپاندنی هزری عیلمانی هەبووە. دڵنیاییەك کە ئەمڕۆ هەمانبێت ئەوەیەکە کانت یەکەم بیریاری مێژووی مرۆڤایەتییە کە بڵێت دەکرێ ئاشتییەك لە نێوان ئاوەزو (وەرگێڕاو)دا بکرێ، ڕاستە ئەوە ئاشتییەکی چەکدارانەیە، چونکە ئەوە هەمیشە پەیوەندیی بەکاری ئاوەزەوە هەیە، و فەلسەفە دەکات بە ڕەخنەیەکی بەردەوام لە پێناوی ئازادبوونی مرۆڤ و ئاوەزی مرۆییش بەردەوام ڕووی لە ئازادییەو، ئازادییش ناوەڕۆکەکەی وایە هەمیشە دەتوانێت سنورە سەپێنراوەکانی سەخۆی ببەزێنێت.

کانت دوو پەتای ڕاستەقینەی مرۆڤایەتیی پێناسەکردووە، ئەوانیش، یەکەمیان سەرکوتی سیاسییە کە مرۆڤ لە ئازادیی بیرکردنەوەبێبەری دەکات، ڕێگەی ئەوەی لێدەگرێت جارپدات و بیری خۆی بە وشەو زانست بگەیەنێت، دووەمیان سەرکوتی ئاینییە کە جۆرە بۆچونێك لەناخی لاوەکاندا دەچێنێ ترسیان لەهەرهەوڵێك هەبێ کەبیانەوێت بۆ تاقیکردنەوەی خودو بینینی گەردون بەدیدگای ئاوەز بیدەن. سەرچاوەی هاوبەشی ئەم

دووسەرکوتە ئەو بێهودەیی یان نائاوەزکارییەیە Irratioalisme کە هەوڵ دەدات لە بری ملدانی ئاوەز بەویاسایانەی کە خۆی دایان دەنێت، بە شێوەیەکی فەوزەوییانە بیخاتە گەڕ. کانت زانیویەتی چ شتێك خودناسینی ئاوەز دەکا بەشتێکی شیاو، ئەوەتا دەڵێ (خاڵی سەرەکی سەبارەت بە ئاوەز ناسینەوە و شوێنکەوتنیەتی). ئەم ((خاڵی سەرەکی))یە قورستریني ئەو پێویستیانەیە کە فەلسەفەی ڕەخنەگرانەی کانت ڕووبەڕووی دەبێتەوە. ئەو ڕوونی کردەوە کە تاکە ڕێگای بەرەو بەئاوەزبوون ئەوەیە بمانەوێ بە ئاوەزبین، تاکە هەڵبژاردنی ئازادیش هەڵبژاردنی ئازادییە. ئەمەش وادەخوازێ ئاوەز لە بێدارییەکی بەردەوامدابێ و وەك ڕووناکییەك بەکاری نەهێنین کە لەڕەهاییەوە هەڵقوڵێت، بەڵکو دەبێ وەك (یاسا)ڕێژی یەکەم) سەیری بکەین و پەیڕەوەی لەیاساکانی بکەین.

ڕۆشنگەری و یاسا

لە ئەوروپاو دەرەوەی ئەوروپاش هزری ڕۆشنگەری تائەمڕۆ بەتەواوی دانی پێدانانرێت، هۆکاری ئەمەش زۆرە، ڕەنگە گرنگترینی ئەو هۆیانە ئەوەبێ مافی بیرکردنەوەی ئازاد دەدات بەتاکەکەس و جگە لە ئاوەز مل بەهیچی ترنادات.

هۆیەکیتریش هەیە، ئەویش ئەوەیە زۆربەی ئەو هزرە نوێیانەی کە بیریارانی ڕۆشنگەری لە بوارەکانی فەلسەفە و سیاسەت و یاسادا پێشکەشیان کردوە لەپێناوی چەند بەرژەوەندییەکدا قۆرخ کراون کەپێچەوانەی ئامانجە ڕەسەنەکانی خۆیان بوون. ڕەنگە ناڕەواترین هەڵە دەرهەق بەبزوتنەوەی ڕۆشنگەری کرابێ ئەوەبێت کە مێژوونووسە فەرەنسیەکان خۆیان کردویانە، ئەمان ڕووەکانی ناکۆکیی نێوان هزری ڕۆشنگەری و شۆڕشی فەرەنسییان ون کردو هەرزوو وتیان قۆڵتێرو دیدرۆو ڕۆسۆو دالامبێرو دۆڵباغ بنەمای هزریی شۆڕشی فەرەنسی پێکدەهێنن. هەندێکی میانڕەوان دەڵێن بیریارانی ڕۆشنگەری بەشداریان لە شۆڕشی فەرەنسیدا کردووە(بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن). ڕاستروایە بڵێین شۆڕشی فەرەنسی چەند بەشێکی هزری ڕۆشنگەریی پاوان کردوەو ملی چەند هزرێکی تری چەماندۆتەوە. سەرباری ئەوەش وەك ئەوەی دەستێکی نەهێنی هەبێ پەرەسەندنی ڕەوشە ئاوەزییەکان بەپێی زەمەن ڕێك بخات، مێژووی بزوتنەوەی ڕۆشنگەری و شۆڕشی فەرەنسی بەناوی (بابەتی بوونی مێژویی)یەوە لەسەرشێوازی تەقلیدیی کرۆنۆلۆژییانە لە ژێر ناوی (بابەتیانەی مێژوییانە)دا بەڕێوە چوون، وەك ئەوەی دەستێکی نەهێنی هەبێ لەڕووی زەمەنییەوە پەرەسەندنی ڕەوشە ئاوەزیەکان بە شێوەیەك ڕێکبخات، کەوا دەریکەوێ شۆڕشی فەرەنسی پێویستی بەم هزرە بووبێت، لەسەر ئەوەش وا پێویست بوو کەئەم هزرە بە چەند سااڵێك پێش شۆڕشەکە پەیدابێ بۆئەوەی بواری بەکارهێنانی و قااڵبونەوە تێیدا بڕەخسێ. ئائەمە بێهودەییە، چونکە کەسێك نییە بیەوێ ددان بەوەدا بنێت کە لۆژیکی مێژوو پەرەسەندنی هزرەکان، لۆژیکی مێژوو پەرەسەندنی دامەزراوە سیاسیەکان نییە، بەدڵنیاییەوە پەیوەندیی و پەیوەست لە نێوان هەردووکیاندا هەیە، بەاڵم پەیوەندیەکەیان پەیوەندیی شوێنکەوتن و وابەستەیی نییە.

هزرەکانی چاخی ڕۆشنگەری بە شۆڕشەکەی خۆیان، خودی شۆڕشی فەرەنسیش دەخەنە پاشکۆوە، بەڵکو هەندێکی ئەو هزرانە بشێوی و ترسیان خستبووە ناو ڕیزەکانی شۆڕشی فەرەنسەشەوە. ئەم شۆڕشە، بەڵێ، (مارکیزدی ساد)فەرەنسیی ئازادکرد بەاڵم هێندەی نەبرد

گەڕاندیەوەناو زیندان و تامردن تیایدا مایەوە. تا ئەمڕۆش، ئێمەش واکارەکانی دەخوێنینەوە کە نوسراوی ئیباحیین.

لەڕاستیدا هزری ڕۆشنگەری ئازادییەک بە مرۆڤی تاک دەدات، کەهیچ سیستمێك پێی پەسەندناکرێ. بۆ هەرسیستمێك، پێشکەوتنخوازبێ، یان لیبرالّ هێندەی لە ڕۆشنگەری وەرگرتووە کەلەگەلّ خۆیدا گونجاوبێ. ئەوەشی کەلێی مابێتەوە مێژوونووسان کردویانەتە چەند خانەیەکی وێژەو هونەر، ئەم خانەیەش پان و بەرین و جێگەی هەموو شتێکیان تێدا دەبێتەوە. هەموو شتێکی تێدا دەتوێتەوەو ئیتر بێرەنگ و بێتام و بێبۆن دەبێ.

لەگەلّ ئەوەشدا گرفتێك دەمێنێتەوە کە چاخی ڕۆشنگەری ڕووڕاندویەتی و چارەسەری کردووە، ئەوگرفتە ناکرێ بەئاسانی بتوێنرێتەوەو لەبۆتە بنرێ، تایبەتە بە ژیانی هەریەکە لە ئێمەوە، ئەویش گرفتی ئازادیی تاکە کەسە لەچێوەی سیستمی دەوڵەتدا. گرفتی ڕەوایی تاکبوون و کۆبوونەوە لەبەرامبەر یەکەم تووندو تیژیی ناو مێژووی کۆمەڵگەکان، کە تووندو تیژیی سەرهەڵدانی دەوڵەتە. مێژوو پێمان ناڵێ لە درێژایی چاخەکاندا (تاکە کەس) چۆن بووە.کەوابێ مێژوویەك نییە هی تاکەکەسەکان بێ. مێژوو هەیە هی وڵاتان بێ، بەڵام کردەگەلێکیوا نین پێمان بڵێن بیرۆکەی دەوڵەت چۆن سەریهەڵداوە ! هەندێك دەڵێن لەشەڕەوە پەیدابووەو هەندێکیتریش دەڵێن بەرێککەوتن و پەیمان بەستن.

ئەوەی جێگیرو بێگومان بێ ئەوەیە لەچاخەجۆراو جۆرەکاندا هەمیشە دەستەڵاتی زاڵ پشتی بەهێزە غەیبییەکان بەستووەو بۆ بەرقەرار کردنی سیستمی خۆی لەسەر زەوی سروشتی لێوەرگرتووەو کردوێتی بەڕێنوێن بۆ ئەوەی بە چاوپۆشین لەکار و کردەوەکانی، بالاّدەستیەکەی مۆرکێکی پەوای هەبێ. هێزە غەیبییەکان و ئەفسانەو پوچگەراکان زۆر کاریگەرترن لە کووڕە سوتێنەرەکان و دادگاکانی پشکنین و لێکۆڵینەوە. بەڵام (کاتێك) دێتە پێشەوە، تێبیدا نوێنەرانی هێزە غەیبییەکان دەبن بەهێزێکی ئابووریی بەرقەرارو کەرتەکانی تری کۆمەڵگە بۆ پێکانی ئامانجەکانی خۆیان بەکاردەهێنن، لەهەمانکاتدا ئەو کەرتانەش هەست بەوە دەکەن کە خۆیان شەڕەکان دەکەن و سەرکەوتن و ئاوەڵاکارییەکان دەکەن، کەوابێ خۆیان شایانی چنینەوەی ئەو بەرهەمانەن ولاوێکی ترین کردە ئەوەیە نوێنەرانی هێزە غەیبییەکان بکەونە ڕاڕەی ئەوەوە.

مێژووی ئەوروپای پاش ڕوخانی ئیمپراتۆریی ڕۆمانیی پیرۆز، مێژووی ململانەی نێوان کڵێساو پاشاکانە، مێژوویەکە نەداراکان هەوڵیاندا لەدەستەڵاتی هەردوولایان هەوڵی ئەو نەدارایانە تاڵ و لەسەرخۆبووە، ئێمەش شتێکی کەم نەبێ هیچیان لەبارەوە نازانین. هەوڵەکانیان لەشێوەی شۆڕشی پڕتووندوتیژی بووە، وەك شۆڕشە جوتیاریەکەی ژێر سەرکردایەتی تۆماس موندیر.

دەکەواتە باخاڵێکی زەمەنی دیاری بکەین ولەوەوە دەست پێبکەین. ئەوخاڵەش بەڕوونی ئەوەیە کە دوو هاوڕێ و هاودەم لەیەکترجیادەکاتەوە. ئەو دوو هاوڕێیەش (تۆماس موندیر و مارتن لۆسەر)ن. هەردووکیان لەسەرەتاوەو شانبەشانی یەك بۆ دەربازبوون لەدەستەڵاتی ڕۆما تێکۆشان. وتیان قسەی خوا مولکی هەموانەو دەکرێ لێی تێبگەین. هەروەها وتیان بوونی مرۆڤ لە سەرزەوی تاوانێك (هەڵەیەك) نییە لێخۆشبوونی نەبێت. گەڕان بەدوای ئاشتیو ئاسودەیی سەر زەویدا بەکارو کردەوە دەبێ، کەواتە لەسەر ڕێپێدان و پەسەندیدەی پاپا ڕاناوەستێ.

لەڕووی بابەتییەوە ئەم تێڕوانینە نوێیە بۆ فەڵەیی لەبەرژەوەندیی جوتیاران و بازرگانان و خانەداناندابوو، بۆیە تۆماس موندیر بەلای جوتیاراندا شکاندیەوەو مارتن لۆسەریش بازرگانان و خانەدانانی هەڵبژارد. موندیر شۆڕشی هەڵبژاردو لۆسەریش ڕیفۆرم بۆیە موندیر لەناوکووڕەدا سوتێنرا و لۆسەریش لەناو جێگەی خۆیدا مرد.

لەگەڵ ئەم قۆناغەی مێژووی ئەوروپادا تەنزە هزرییەکانی چاخی ڕۆشنگەری دەست پێدەکەن. ئەوتەنزانەش بە شێوەیەکی بنچینەیی تایبەتمەندن بەکارپێکردن و حوکم پێکردنی ئاوەز لە ڕەوشی ئیماندا‌ریدا. چونکە مرۆڤ توانای تێگەیشتنی هەیە، و بۆ ئەوەی لەقسەی خوا تێبگات پێویستی بەدەستەڵاتی کڵێسا نییە، کەواتە دەشتوانێت چاو بە ڕەوایی دەستەڵاتی کڵێساو خاوەندارێتیی تایبەتیدا بخشێنێ ئەگەر ئەم مەسەلانە پەیوەندییەکیان بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیەوە هەبێ. ریفۆرمیستەکان قایلبوون لە پێناوی بەرژەوەندیی بازرگان و پاشاکاندا چاو بە دەستەڵاتی کڵێسادا بخشێنرێتەوە چونکە (ئەگەر زاراوەی ((هاوپەیمانە بابەتیەکان)) بۆ ئەوسەردەمە دروست بێ) ئەوا بازرگان و پاشاکان ئەوکاتە هاوپەیمانی بابەتیی ڕیفۆرمیستەکان بوون. بۆیە دەبوو ماوەیەکی زەمەنیی زۆر چاوەڕوان بکەن تابە ڕوخانی دەستەڵاتی کڵێساو مەزنبوونی دەستەڵاتی خاوەنداری و گۆڕانی بازرگانەکان بە چینێکی کارای کاریگەرلەژیانی گشتیدا،ئەو هاوپەیمانییەش پایەکانی لەدەست بدات.بەڵام ئەم وەرچەخانانە بەمشێوەڕێکو ساختەدراوە ڕوویان نەدا. گفتوگۆکردنی ئاستی ڕەوایی کڵێسا گەشت بە گفتوگۆکردنی لەسەر ئاستی ڕەوایی دەستەڵاتی خاوەنداری و، ژیانی موندیریش بە باجی ئەم گفتوگۆیانە چوو.

بەمانایەکی دیکە، یەکێتییەک نییە پەرەسەندنی ڕووداوە جۆراو جۆرەکان بەیەکەوە کۆبکاتەوە واتە پشتبەستن بە وتەزای ململانەی بەرژەوەندیی نێوان توێژەکۆمەڵایەتییە جۆراو جۆرەکان وەک لۆژیکی پەرەسەندنی ڕوداوەکان، لەچوارچێوەیەکی گشتیدا نەبێ ناتوانێ هەموو ڕەوشەکان ڕاڤە بکات، لەناو کایەی چالاکیە جۆراو جۆرەکانیشدا چەند فاکتەرێکی چۆنایەتیی تایبەت هەن ناچنە بۆتەی لۆژیکی ململانەی بەرژەوەندییەکانەوە و ناشبێ فەرامۆشیان بکەیت. بۆ نمونە ناکرێ ئێمە ناتۆرەی کۆنە پارێزی بەسەر بیریارانێکی وەک(نژان بۆدان) یان (هۆگۆ دی گرۆسێوس)ەوە بنێین، لەبەر ئەوەی کە پشتیوانییان لەدەستەڵاتی خاوەندارێتی کردوەو یاسا ڕێژییان بۆ کردووە، باشترواپە لەوە ڕابمێنین کە ئایا هەستکردن بەگرفتی ڕەوایی دەستەڵات چۆن پەرەیسەندووە ! ئەمجا هەست دەکەین کەئەم هەست پێکردنە بەشێوەیەکی میکانیکی و لەدیدگای تەنها ململانەی نێوان بەرژەوەندیی توێژە کۆمەڵایەتیەکانەوە پەرەی نەسەندووە. وەرچەرخانی(شاری خوا) بۆ (شاری مۆرف) یان (شاری دەوڵەتی مەدەنی ، یان دەوڵەتی ئاوەز) بەچەند ڕەزمێکی جیاواز و لەمیانەی چەند ڕوداوێکی ناوەندییەوە ڕویداوە و وەرچەرخانەکەش گرفتی(هزری کامڵ)ی لەخۆنەگرتوە، لە وێدانەبێ کەلە پێناوی پشتیوانیکردنی ئازادیی تاکەکەسدا (مۆنتسیکۆ) باسی لە بیرۆکەی جیاکردنەوەی دەستەڵات کردووەو (ژان ژاك ڕۆسۆ) شۆڕشی باسی لە بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی کردووە. بەمانایەکی دیکە بیرۆکەی پشتیوانیکردن لەتاکەکەس و ئازادیەکانی لە میانەی ململانەی خاوەنداری (مولکیەت) لە دژی کڵێساو لە میانەی ململانەی خانەدانەکان لەدژی دەستەڵاتی ڕەهای پاشاوە سەریهەڵداوەو پەرەیسەندووە ناکرێ تەنها

بیگەڕێنینەوە سەر پەگەزی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بۆرژوازی.

لەسەر ئاستی یاسایی سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئازادیی تاکە کەس، بەو شێوە ئازادیەی ئەمڕۆ پێی ئاشنابین، دەقگەلێکی زۆرو زەوەندمان لەبەردەستدانین، بۆیە شتێکمان لەبەردەستدا نییە پشتی پێ ببەستین، تاووتوێکردنەکانی تایبەت بەبیرۆکەی دەوڵەت نەبێ. تەنانەت بیرۆکەی دەوڵەتەکەی لای(میکیافیلی)ش چەند ڕاڤەکارییەکی نوێیە. دەقەکانی ئەو پێداگرتنن لەسەر ئەو ئامرازانەی کە (میر) دەتوانێت بەکاریان بهێنێت بۆ ئەوەی مەبەستە نهێنییەکانی خۆی بپێکێ. پەرژێنکاران لەوەدا بەپەلەن کە گوزارەی (میر) وەک (دەوڵەت) پەرژین دەکەن.

بەپێی ئەو دەقانەی لەبەردەستدان تا ئەمڕۆ، ڕێککەوتنێك لەسەر ئەوەیە کە یەکەم کەس بە مانای (سیستمێکی سیاسی) باسی لە حکومەت کردبێ (ژان بودان)ە. ئەوەش جێگیرو بێگومانە کە ئەو وتویەتی پێویستە فیقهی یاسایی بگەڕێنینەوە سەر مێژوو ڕەگەزناسی، واتە بۆداڕشتنی یاسا کاربە ئەبستمۆلۆژیاو ئاوەزبکەین.

لەم ڕوانگەیەوە ئەو دەبێتە باپیری یەکەمی تیۆرەکەی مۆنتسیکۆ. کارە سەرەکیەکەش لەبواری پەرەپێدانی بیرۆکەی (حکومەت ـ دەوڵەت)دا لەو تیۆرەیدایە کە تایبەتەبە (سەروەری)یەوە.

لە چاخی ناوینەوە تاسەدەی حەفدەش دەستەڵات سەرچاوەی یاسابووە، نەک ئاوەز Auctaritas non ration facit legen

دەستەڵاتی ئەوکاتە ئەو دەستەڵاتە ئاینیە بوو کە ئەو مافە دەدات بەپاشا سایەی خوابێ لەسەرزەوی.

بەڵام ژان بودان شەقڵی سەروەرییەکی پەهای داڕشت، سەروەریەك کەگوێ بەهیچ تایبەتمەندییەکی کەلتوریی ئاینەکان نادات. دەستەڵاتێکی بێ خاوەند، چونکە بەرژەوەندیی دەوڵەت La raisol d,Etat وادەخوازێ دەوڵەت پەیوەست نەبێ بەهیچ ئاینێکەوە.

ئەم هزرە تەواو نوێیە بەڵام چەند خەسڵەتێکی چاخی ناوین چاخی دەوڵەتی تێدایە، لەوەدا کەبودان شەبەنگێکی شێوەپیرۆز لە پاشاوە دەئاڵێنێ، هەرچی یاساهەیە لە ئاستیدا ڕادەوەستێ. چونکە(ناکرێ یاسا بەسەر سەرچاوەی یاسادا پیادە بکرێ) بەمەش پاشا لە کڵێسا جیادەبێتەوە. لێرەدا بودان لەسەری دەڕواو ڕاستەوخۆ دەڵێ(هیچ یاسایەك نییە نەتوانرێ بەپێی پێویست بگۆڕدرێ) بێگومان ئەم شێوازە مۆرکێکی بۆرژوازیانەی پێوەیە، دەکرا شتەکەش وابوایە، ئەگەر سەرچاوەی دەستەڵات لای ئەو سەرکوتێکی ڕەها نەبایە. ئەگەرچی ئەو پێویستیەش ئەوبایسی دەکات هەڕەمەکەی لەخوارەوە بۆسەرەوە دێ، نەك لەسەرەوە بۆخوارەوە. بوونی ئەم شێوازە لە بۆرژوازییدا و جێگیربونی تێیدا قەرزێکە دەگەڕێتەوە سەردەستی بیریارێك کەلەبەرژەوەندیی دەستەڵاتی ڕەهای پادشاییدا کاری کردووە.

بەڵام لەوەگرنگتر ئەوەیە کە سەرچاوەی یاسا، یان دەستەڵاتی یاسا ڕێژی لەسەردەستی (ژان بودان) لەخواوە گواستراوەتەوە بۆئەو پاشایە، یان میرەی کە پێویستی بەوەنەماوە سێبەری خوابێت لەسەرزەوی.

بەکرچکردنەوەی ئەو ڕوالەتە پیرۆزە نیمچە سۆفیگەریەی دەسەڵات، ئیتر هیچ نەبێ، بەڵای کەمەوە لەڕووی تیۆرییەوە دەکرا بیرلەوەبکرێتەوە دەستەڵات لە پاشا، یان ئەمیرەوە بگوێزرێتەوە بۆگەل.

هەنگاوە یەکەمیەکان، بەرەو پەیمانی کۆمەڵایەتی:-

هۆگۆدی گرۆت (١٥٨٣-١٦٤٥) یەکەم کەسە کەباسی ڕەچەڵەکی سروشتیی یاسای کردووە. دیارە ئەم باسەش ئەو چەمکە نوێیەیە کەلە ڕێگایەوە دەچینە سەر چەمکی نوێی دەوڵەت. هۆگۆدی گرۆت سەربەچاخی ڕێنیسانس نییە، بەپێی ژیانیشی سەربەچاخی ڕۆشنگەری نییە. یەکێك لەوسیما گەورانەیە کەکاریان لە مۆنتسیکۆو ژان ژاك ڕۆسۆی هەردوو سیماگەورەو دیارەکەی بواری سیاسی چاخی ڕۆشنگەری کردووە.

گرۆت (گرۆ سیۆس) لە هۆڵەندە ژیاوە. سەباری ڕەچەڵەکە ئەرستۆکراتیەکەشی سەکردەیەکی ڕەوتێکی نائەرستۆکراتیانەبووە کە دەتوانین بە (ڕەوتی کۆماری) ناوی بەرین. بێگومان ئەم جیاوازییەش ڕۆڵێکی هەبووە لەسەرئەوەی کە هۆگۆ بەرەو چەمکی مافی سروشتی و بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی ئاراستە بکرێ. دیارترینی کارەکانی ئەو کتێبی (یاسای شەڕشو ئاشتی - De Jure belli et pacis)یە. لەم کتێبەدا بۆیەکەمجار ئەگەر شیاوی یاسایەکی گەردونیی سەراپاگیردێتە بەرباس کەلەمیانەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتیەوە دەوڵەتانیش وەك تاکەکان ملکەچی پەیڕەویکردن بکات. ئەم باوەڕە نوێیە دەڵێ بامافی تاکە کەسەکان لە کۆمەڵگە ڕێکخراوەکاندا بخرێتەگەڕ. ئەم شتە پاشتر (ژان ژاك ڕۆسۆ)بە درێژی باسی کردووە. شتێکیتری نوێ لە هزری گروسیۆسدا ئەو قسەیەتی دەڵێ ئەرکی دەوڵەت تێرکردنێکی بەرنامەکراوی پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤە. ئەو پێداویستیانەش پێداویستیی زیانی نین (بەپێچەوانەی دیدەکەی تۆماس هۆبزەوە). دەوڵەت لێرەدا پاسەوانی مافەکانی خەڵکە. یاساش لەنیازی پەیمانبەستوانەوە هەڵدەقوڵێ، واتە نیازی تاکەکان و ئەو کەسانەش کە تاکەکان ڕایاندەسپێرن کۆمەڵگە ڕێکبخەن. لێرەدا گرۆسیۆس لەمانای ئەو (ئیرادەیەی پەیمان بەستوان) ڕادەمێنێ کەدەبێ بە (کۆد)ی ڕێکخەری پەیمانەکە. وەڵامی گرۆسیۆس بەو پرسیارو تێڕامانە وەڵامدانەوەیەکی پێشکەوتنخوازانەیە، سەبارەت بەچاخی خۆی، بەڵام ئەمیش وەك هەموو وەڵامەکانی تری پێش خۆی و پاش خۆی لەوگرفتەی دەوڵەت لادەدات کە دەوڵەت نوێنەری خاوەنانی بەرژەوەندییە گەورەکانە.

لەلایەکی تریشەوە تاکە کەسەکان ئەو مافەیان نییە داوا لەمیری بکەن ڕێز لەمەرجەکانی پەیمانەکە بگرێ، بەڵکو وەك خێڵ ئەومافەیان دەبێ، ئەمەش بۆ ئەوەی شۆڕش و هەڵگەڕانەوە ڕوونەدات. سەرباری ئەم پارێزگارییە فاکتەرێك لە تیۆرەکەی گرۆسیۆسدا هەیە تەواو نوێیە. مەبەستمان لەوەش ئەو بیرۆکەیەیە کە (پەیمان)ەکە لەناوەڕۆکدا ئەو مافەی تێدایە، کەئەگەر بەرامبەر ڕێز لە دەقەکانی نەگرێ، پەیمانەکە هەڵوەشێتەوە. ئەمە بەوردی ئەوبیرۆکەیە کە شۆڕشی فەرەنسە و شۆڕشە ئەوروپاییەکان بە شێوەیەکی گشتی بەڵێنی جێبەجێکردنی دەدەن، ئەوکاتەی هەستدەکەن مافی گۆڕانکارییان هەیە.

ئەگەرچی گرۆسیۆس لەڕووی کاتوشوێنەوە کەچاخی ڕۆشنگەری دوور بووە، یەکێك بەجۆگە سەرەکیەکانیەتی، ئەمەش نەك تەنها لەبەرئەوەی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژان ژاك ڕۆسۆ هەبووە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە پەیمانبەستن لەلای ئەم لەسەر هاوپەیمانێتی نێوان کەسەکان و دەوڵەت، یان خێڵەکان و دەوڵەت بونیاد دەنرێ، نەك ملکەچپێکردنی ئەوان بۆ دەوڵەت. خۆڕەنگە ئەم بۆچونەش لەوەدا ناواقیعی بێت کەمۆرکی خۆپەرستی و شەڕەنگێزیی خەڵك فەرامۆش دەکات

بەڵام لەوەدا ئیجابیو کاریگەرە کە زاراوەی (بەرژەوەندیی گشتیی ـ La Publiquer chose)ی خستۆتەپێش چەمکی دەوڵەتەوە، ئەمەش بەچەندان ساڵی دوورو درێژی پاش خۆی دەرکەوت.

دوو سیمای سەلار لە هزری ڕۆشنگەریدا هەن، و هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا نییە، ئەو دوو سیمایەش مۆنتسیکۆو ژان ژاك ڕۆسۆن. یەکەمیان خانەدانێکە لە دێرینترین خانەدانەکانی فەرەنسەو دووەمیشیان کوڕێکی خەڵکە. یەکەمیان واقعبینە، هەوڵدەدات بەوردبینەکی زانستیانە دیاردەو ڕووداوەکان باس بکات، دووەمیشیان واقعەکەی خۆی ڕەتدەکاتەوەو خەون بەجێگایەکی تردەوە دەبینێ، هێندە بەجیهانەکەی دەورو بەری نامۆو جیاوازە، تێیدا هەست بە چەوسانەوە دەکات.

یەکتر تەواوکردنەکەی نێوانیان هێندەی ئەوەی لەسەر ئاستی هزری ڕۆشنگەریی ئەوەندە لەسەرئاستی کەسێتیی خۆیان نییە، مۆنتسیکۆ پوختەکانی هزری کلاسیکی کۆدەکاتەوەو لەتیۆرێکی سیاسی نوێدا ڕێبازیان بەبەردا دەکات. بەڵام ڕۆسۆ جارێ لەدایکبوونی کۆمەڵگەیەکی نوێ دەدات کەتێیدا بەبەهاو شایان و نەمر وەرگرتنی تاك و فرە ڕەنگی و فرە ژمارەیی تێدابێ. هەردووکیان لەوێوە بەسەرچاخی ئەمڕۆماندا دەڕوانن کە پرەنسیپە سیاسیو دەستوورییەکانی هەردووکیان (هاوسەنگیی دەستەڵاتەکان لای مۆنتسیکۆ)و (ئازادیو یەکسانی لای ژان ژاك ڕۆسۆ) پایەکانی هەردوو هزری سیاسیو دەستوری و ئەوڕۆیەرانە پێکدەهێنن کە مافەکانی مرۆڤیان پێدەپێورێ.

مۆنتسیکۆ لەنێوان هاوسەنگی و جیاکردنەوەدا :-

کەس لاریی لەوەنییە کە ئێستە کتێبی (گیانی یاساکان) کتێبی سەردەمی نوێیە لە سیاسەت و یاسای دەستوریدا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارەلە (پێشەکی)یەکی ئەوروپیانە دەچێ. مەبەستمان لێرەدا باسی ئەوسەلماندن و نەسەلماندنە نییە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە پەیوەندی (گیانی یاساکان)بە هزری ڕۆشنگەرییەوە پیشانبدەین. لەم گۆشەیەشەوە دەبێ ئەم قسەیە بسەلمێنین کە مۆنتسیکۆ خۆی دەڵێ (گیانی یاساکان ئامانجی ئەوەیە واڵە مێژوو بکات لێیتێبگەین.) ئەو لەمەدا لە پێگەیەکی زۆر شیاوەوە دەست پێدەکات. ئەمەش شتێکی نوێیە. پێگەی فرە چەشنیی بێشوماری دابونەریت هزرو یاساو دامەزراوەکان و هەموو ئەوشتە (سەیر)انەی ترکەلە نامەکانیدا باسی کردوون. لەیەکەم تێڕوانینەوە ئەم فرە چەشنەیە وادێتە پێشچاو پەرشوبڵاو و بێ لۆژیك بێت و مۆنتسیکۆ بیەوێ سیستمێکی پوون بەبەری ئەو فرەچەشنەدا ببڕێ.

(پایمۆن ئارون) لە کتێبی (قۆناغەکانی هزری سۆسیۆلۆژی)دا لەو سیستمە ڕادەمێنێ کە مۆنتسیکۆ دەیەوێ بیردۆزێتەوە و لەبریی ئاژاوەی فرەچەشنی دایبنێ. بەمانایەکیتر دەیەوێ بزانێ پۆختەی ئەو بەرەنجامە چییە کە دەیەوێ بە تێبینیکردن و ئاوەز پێیبگات؟ ئارون دەڵێ (گیانی یاساکان) دوو وەڵام بەم پرسیارە دەداتەوە، هەردووکیشیان دوو قۆناغی یەککردەوەن.

وەڵامی یەکەم:- لەو گوزارەیەدایە کە دەڵێ لەپشتی ڕووداوە هەڕەمەکیەکانەوە چەند هۆکارێکی بنەڕەتی هەن. ئەو هۆکارانە ئەوانەن کەپەیوەندییەك (پێکەوە گرێدانێك) لەنێوان ئەو ڕووداوە جۆراو جۆرانەدا دروست دەکەن کەلەڕواڵەتدا وادیارن هیچ پەیوەندییەکیان نەبێ، ئەمەیەوادەکا ڕوداوەکان شایانی ڕوودان بن. بەڵام ئەمەش مانای وانییە

هەچییەك ڕووبەدات بەرەنجامی ئەو هۆکارەبنەڕەتیانەبێ.

وەڵامی دووەم:- لەوگوزارەیەیدایە کە دەڵێ دەکرێ فرەچەشنبیی دابونەریت و هزرەکان لە چەند ژمارەیەکی کەمی (مۆرك)دا کۆبکەینەوە.

سەبارەت بەوەڵامی یەکەم مەبەستەکە ئەوەیە، ڕەنگە ڕووداوە هەڕەمەکیەکان کاریگەرییەکیان لەسەر ڕەوتی مێژوو هەبێ و ڕەنگە نەشیانبێ.

سەبارەت بەوەڵامی دووەم مەبەستەکە ئەوەیە، کەئەگەر بمانەوێ بەزمانی (ماکس فێبەر) قسەبکەین دەڵێین لە نێوانی فرە چەشنیی پەرشوبڵاوی و تاك نمونەی نمونەییدا ناوەندێك هەیە، پوختەی هەردوو وەڵامەکەش مەبەستی ئەوەیە کە ئەو کردە کۆمەڵایەتیەی مۆنتسیکۆ پێیهەڵدەستێ کردەیەکی دووفاقە، یان دوو باڵی هەیە. کەواتە دەتوانین بەدووڕێگە لە فرە چەشنیی دابونەریت و هزرەکان تێبگەین.

أ- بەسەرکەوتن بۆ هۆکارەکانی ئەویاسا تایبەتانەی کەدەکرێ لەهەرباریکدا تێبینی بکرێن.

ب- بەهەڵێنجاندنی ئەو مۆرکانەی کە ئاستێکی ناوەند لەنێوان فرە چەشنیی پەرشوبڵاو و نمونەی نمونەییدا دروستدەکەن. بەمشێوەیە کاتێك هەست بەئەو هۆکارە بنەڕەتییانە دەکەین کە کێڕڤی گشتیی ڕووداوەکانیان دیارکردووە، و فرەچەشنیش بە ڕێکخستنی لەناو ژمارەیەکە کەمی مۆرك و چەمکدا وایلێدێت لێی تێبگەین، ئیتر ڕەوت (یش - بەمانای سەیرورە - Derenir) ڕوون دەبێتەوە.

ئەو گرفتە دەوڵەمەندەی کە کتێبی (گیانی یاساکان) دەیوروژێنێ، ئەوەیە بزانین ئایا گونجانێکی شیاو لەنێوان تیۆری (مۆرکەکان) و تیۆری (هۆکارەکان)دا هەیە! ئەم گونجانە کەلە هەندێ شوێندا (گشتی)یەو، لە هەندێ شوێنیتردا لاوەکییە، لۆژیکی ناوەکیی کتێبەکەیە.

ئەو هەڵەیەی کە زۆری ڕاڤەکانی کتیبی (گیانی یاساکان) تێیدەکەون، لەوەدایە بەهەڵپەن بڵێن (سیستمەکانی فەرمانڕەوایی لەلای مۆنتسیکۆ بە مسۆگەری دەکەونە ژێر کاریگەریی فاکتەرەکانی دەوروبەری(بێئە)وە. وەك ئەوەی کە لێکۆڵەرەوەیەك و بابەتی لێکۆڵینەوەکەشی هەبن و پەیوەندییەك لە نێوانیاندا نەبێ. بەڵام پەیوەندییەکە ڕێبازی ئەو سازدان و ڕێکخستنەیە کەتۆژەر پێیهەڵدەستێ. بالە سەرەتاوە دەست پێبکەین. مۆنتسیکۆ نێوانی سێ سیستمی فەرمانڕەوایی لە یەکتر جیادەکاتەوە.

ئەوسیستمانەش (کۆماریو پادشاییو سەرکوتکار)ن. ئەو هەر یەکە لەم شێوانە بەگەڕاندنەوەیان بۆ دووچەمك پێناسەدەکات (چەمکی سروشتی سیستمەکەو، پەرەنسیپەکەی).

سروشتی سیستمەکە (رژێمەکە) ئەوەیەکە شێوەی پێدەدات، پەرەنسیپەکەش ئەو هەستانەیە کە خەڵك دەبزوێنێ بۆ ئەوەی ئەوسیستمەن بەنەسکێکی سازو گونجاو بەڕێوەبچێ، بۆیە (چاکە) پەرەنسیپی کۆماریە. بەڵام ئەوەمانای ئەوەنییە کە دەبێت هەموو خەڵك چاك بن، بەڵکو گریمانی ئەوە دادەنرێ کە چاکن چونکە کۆماری بەچاکیی هاوواڵتیان بەڕێوە دەچێ.

سروشتی سیستم بەژمارەی ئەو کەسانە دیاریدەکرێ کە خاوەنی سەروەرین .Su.veralnete مۆنتسیکۆ دەڵێ:- سێ گریمان لە ئاراداان:-

یەکەم:- سیستمی کۆماری ئەوسیستمەیە کەتێیدا هەموو گەل، یان بەشێکی دەستەڵاتی سەروەیی هەیە.

دووەم:- سیستمی پادشایی ئەو سیستمەیە کەتێیدا یەك کەس لەفەرمانڕەواییدا تاك

دەکەوێتەوە، بەڵام بەهۆی چەند یاسایەکی جێگیری سەروویەوە.

سێیەم:- سیستمی سەرکوتکاریش ئەو سیستمەیە کەیەک کەس بەبێ بوونی یاساو هیچ بنەمایەک فەرمانڕەوایی دەکات و بەپێی ئیرادەو ئارەزووی خۆی چیی بوێت دەیکات.

جیاوازیکردن لە نێوان دووگوزارەی (هەموو گەل)و (بەشێك لەگەل) مەبەستی بیرخستنەوەی ئەوەیە کە سیستمی کۆماریش دووجۆری هەیە(دیموکراسی و ئەرستۆکرات) وەلێ ئەم پێناسانە هەرنوو ئەوە دەردەخەن کە سروشتی سیستمەکان تەنها ناوەستنە سەر ژمارەی ئەو کەسانەی کە دەستەڵاتسالارن. بەڵکو دەوەستێتە سەرشێوەی پراکتیزەکردنی دەستەڵاتەکەش. ئەوەتا لەهەردوو سیستمی پادشایی و سەرکوتکاردا تەنها کەسێك دەستەڵاتسالارە، لە سیستمی پادشاییدا تاکە کەسەکە بە پشتبەستن بەچەند یاسایەکی جێگیرو نەگۆڕ کاردەکات، بەڵام لە سیستمی سەرکوتکاردا تاکەکەس بەبێ یاساو ڕێسا کاردەکات.

کەواتە دوو گۆڕاو هەن، دەکرێ لە دەستنیشانکردنی سروشتی هەرسیستمێکدا بەکاربهێنرێن.

أ- کێ دەستەڵاتسالارە؟

ب- ئەوڕێگایە چییە کەدەستەڵاتەکەیی پێ بەڕێوە دەبات. یان ئەو ئامرازانەچین لە مومارەسە کردنی دەستەڵاتەکەدا بەکارهاتوون؟

ئەم (أوب)یە گۆڕاوەکانن، جێگیرەکەش ئەو شتەیەکە مۆنتسیکۆ ناویدەنێت پرنسیپی سیستم، یان فەرمانڕەوایی de Principe gouvernement چونکە ئەوەندە بەس نیە سیستمی فەرمانڕەوایی بەو سیما یاساییە پێناسە بکرێ کەبونی دەستەڵاتی پێدەناسرێتەوە. چونکە هەرشێوە فەرمانڕەواییەك پشت بە پرەنسیپێك دەبەستێ و بەبێ ئەو پرەنسیپە ناتوانێ بەردەوام بێ. سێ پرەنسیپی بنچینەییش هەن، هەریەکە لەسیستمەکان دەیکەن بەبەهانەی مانەوەو بەردەوامیی خۆیان. پرنسیپی کۆماری (چاکەکارییە)و پرەنسیپی پادشایی (شەرەف)ە، وپرەنسیپی سەرکوتکار (ترس)ە چاکەکاری لە سیستمی کۆماریدا چاکەکاریی ڕەوشت نییە، بەڵکو چاکەیەك، یان تایبەتمەندییەکی سیاسیە و مانای ڕێزگرتنی یاساکانەو دڵسۆزیی تاکە بۆ کۆمەڵ.

شەرەفیش لە سیستمی پادشاییدا مانای ڕێزگرتنی تاکە لەقەرزاریی بەرامبەر بە پایەکۆمەڵایەتیەکەی. ترسەکەش پێویستی بە پێناسەکردن نییە. هەستێکی بەراییە، لە هەموو هەستێکی سیاسی نەویترە. بەڵام هەستێکە زۆر بیریاری سیاسی گرنگییان پێداوە و کاریان تێداکردووە. چونکە ئەوەش هەستێکی مرۆییە و دەکرێ لەڕێگەی ئەوەوە لە دەوڵەت تێبگەین. بەڵام مۆنتسیکۆ بیریارێکی ڕەشبین نییە، بە پێچەوانەی هۆبزەوەیە کە دەڵێ مرۆڤ بۆ مرۆڤ وەك گورگ وایە، کەوابێ ئەو سیستمەش کە پشت بە ترس ببەستێ سیستمێکە لەناوەڕۆکدا گەندەڵە، ئەو خەڵکەش کە لە ژێرکاری ترسدا نەبێ ملنادەن، بەئەستەم دێنە پلەی مرۆڤایەتیەوە.

پۆلینکردنی سیستمەکان بەمشێوە نوێیەی مۆنتسیکۆ، تەواو نوێیە بەبەراورد لەگەڵ پۆلینکردنەکانی پێش خۆی، بەتایبەتیش ئەوەی (ئەرستۆ) داینا‌وە. چونکە لەوێدا کە ئەرستۆ جیاوازی لەنێوان ئەرەستۆکراتی و دیموکراسیدا دەکات، مۆنتسیکۆ پێیوایە ئەو دووانە هەردووکیان دوو چۆنایەتیی جیاوازی یەك سیستمن کە سیستمی کۆماریە ئەو لەمڕۆەوە سەرسامیی خۆی بە

سیستمی ئینگلیزی دەردەبڕێ کە ئەنجومەنی ئەرەستۆکراتەکان و ئەنجومەنی گەلیشی هەیە. خۆشی پشتیوانی و داکۆکی لە باری چینایەتیی خۆی دەکات گوایە سەربەچینی خانەدانانە. بە بۆچونی مۆنتسیکۆ ئەرستۆ بە سروشتی ڕاستەقینەی سیستمی پادشایی ئاشنانەبووە، چونکە ئەم سیستمە لەگەڵ شانشینیە ئەوروپیەکاندا نەهاتۆتە ئاراوە.

سیستمە سیاسیەکان لەدوو چاخدا :-

کردە ڕەسەنەکەی مۆنتسیکۆ لەو قسەیەدایە کە دەڵێ جیاوازیکردن لەنێوان ئەم سیستمانەدا، جیاوازیکردنە لەنێوان ڕێکخراوە جەماوەریەکان و بونیادەکانیشیاندا. بۆیە ئەگەر ویستمان بەراوردی نێوان ئەرستۆ و مۆنتسیکۆ ساکار بکرینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەرستۆ یەکەم کەسە تیۆری لەسەر سیستمەکان دروستکردووە، بەڵام لەوەدا پشتی بەوشتانە بەستووە کە خۆی زانیویەتی، واتە پشتی بە مۆرکی (شاری یۆنانی) بەستووە، لای ئەو سیستم وەک (سەرخان) سەیردەکرا. بەڵام لەلای مۆنتسیکۆ ئەوسەرخانە هەرهێندە نییە کەپەیوەست بێ بەمۆرکی کۆمەڵایەتیەوە، بەڵکو ئەو مۆرکە دەیهێنێتە کایەو ئەویش تەنها مۆرکێکی ئەم نییە.

لەڕاستیدا فەلسەفەی سیاسیی کلاسیکی زۆر گوێی بە زانینی پەیوەندیەکانی نێوان شێوەکانی بونیادی سەرخانی سیاسی و بنەمای کۆمەڵایەتی نەداوەو بەکەمی دەبینین، تێیدا کەسێك بپرسێ، ئایا تاچ ئاستێك دەکرێ بەچاوپۆشین لە ڕژێمی کۆمەڵگە، سیستمە سیاسیەکان پۆلین بکرێن، گەورەیی داهێنانەکەی مۆنتسیکۆ لەوەدایە، کەدێت جارێکیتر ئەم پرسیارە دەکاتەوەو تێکەڵکردنێك لە نێوان شیکاریی سیستمەکانی فەرمانڕەوایی و شیکاریی ڕژێمە کۆمەڵایەتیەکاندا دەکات و ئیتر ڕوونەدەبێتەوە کە هەرسیستمێکی فەرمانڕەوا لەگەڵ (ڕەهەندێك) یان (قەبارەیەك)ی ئەو کۆمەڵگەیەدا دەگونجێ کە لێیدەکۆڵیتەوە. مۆنتسیکۆ دەڵێ:-

(کۆماری، سروشتی وایە، کەدەبێ ڕوبەرەکەی بچوك بێ، دەنا هەرگیز ناژی و پەرەناسەنێ) هەروەها دەڵێ:- (دەوڵەتی پادشایی هەردەبێ ڕوبەرەکەی ناوەندی بێ، چونکە ئەگەر بچوك بۆوە دەبێتە کۆماری. ئەگەر فراوان بۆوە و بەرین بو ئەوا سەرانی گەورە لەجڵەوی چاودێریی فەرمانڕەوا دەربازدەبن و دوورەبن لە پیادەکردنی ڕاستەوخۆ و یەکسەریی یاساکان و نەریتەکان و ئیتر دەکرێ لە ژێر فەرمانی فەرمانڕەوا دەربچن.)

ئیمپراتۆریەتی گەورە وا دەسەپێنێ فەرمانڕەوا دەستەڵاتێکی ڕەهای هەبێ، (ڕایمۆن ئارون)یش ئەم وتە زایانە شیدەکاتەوەو دەڵێ ئەگەر ئێمە بمانەوێ داڕشتنەوەی نوێیان پێببەخشین، ئەوا پێویست ناکات زاراوە کلاسیکییەکانی بیرۆکەی سەبەبی بەکاربهێنین، واتە پێویست ناکات بڵێین کشانی ڕووله فراوانبوونی ئیمپراتۆریەتێك پێویستە هەربگات بە سەرکوتکاری، بەڵکو پێویستە بڵێین سازان و گونجانێکی سروشتی لە نێوان قەبارەی کۆمەڵگەو شێوەی فەرمانڕەواییدا هەیە. هەروەها پێویستە بوونی ئەو هەستە گشتیەی کەمانەوەی ڕژێمەکان بە پێویست دەزانێ بخەینە ڕیزی مەرجەکانی سازان و گونجانەکەوە، بۆ نمونە ئەو هەستە لە سیستمی کۆماریدا ئەوەیە تاکەکان هەست بە یەکسانی بکەن، چونکە لە ڕاستیدا لەناو ڕەوشی کۆماریدا هەستکردن بە دڵسۆزیی تاکەکان بۆ کۆمەڵ هەیە.

گونجانی نێوان قەبارەی کۆمەڵ و شێوەی فەرمانڕەوایی و هەستکردنی تاکەکان بە یەکسانی و ئاسایش وادەکەن فەرمانڕەوایی لە هەردوو سیستمی پادشایی و کۆماریدا میانڕەوا نەبێ.

بەڵام سیستمی سەرکوتکار خۆی، درێژبوونەوەی جوگرافی لەگەڵ نەمانی یاساو ترسانی تاکەکانی بەراورد دەکات. کەواتە تاکە یاسایەك کە بتوانرێ تیایدا سنورێك بۆدەستەڵاتی سەرکوتکار دابنرێ گەشە سەندنی ئاینە. بەڵام ئەو پاراستنەی کەگەشە

سەندنی ئاین بۆتاکی دابین دەکات پاراستنێکی ناجێگیر و نائارامە. چونکە پشت بە هیچ سەنەدێکی ئاوەزکاری نابەستێ، مۆنتسیکۆ نمونەی ئەم سیستمانە لەوشتانەدا دەبینێتەوە کە ناویان دەنێ ئیمپراتۆرییەکانی ئاسیا، واتە فارس و چین و هیند و ژاپۆن.

ڕایمۆن ئارون دەڵێ مۆنتسیکۆ ڕەچەڵەکی شیکردنەوەیەکی دیاریکراوی مێژووی ئاسیایەو لە درێژەی ئەوشیکرنەوەیەشدایە ئەدەبیاتی ئەوروپایی توانیویەتی چیان و کۆمەڵگای ئەو سیستمانە وێنا بکات، خۆڕەنگە سیفەتە زاڵ و باوەکانی ئەو سیستمە ئیمپراتۆرییانە هەر سیفەتەکانی ژیان و ڕژێمەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بێ.

چیرۆکەکانی فۆڵتێیرو ڕۆمانەکانی دیدرۆ و ئۆپێراکانی مۆزار پڕن لەو سوڵتانە سەرسەختانەی کەژیانی تاکەکان بە پەنجە ڕاوەشاندنێکی ئەوانەوە بەندە لەهەمان کاتیشدا ئەمانە بە پێی ئەم ئەدەبیاتە چەند فەرمانڕەوایەکن ئاشناییەکی (جوانی) یان لەسەر ناخی مرۆڤ و گەردون هەیە. کەواتە دەستەڵات لەم سیستمانەدا پێویستیان بە (میانکاری - وساطة)ی دامەزراوەکان نییەو پشتی پێ نابەستن، کەواتە چەمکی (میانڕەوی) یان لەدەستداوە.

سەرکوتکاریی ئاسیاییانە بەدیدی مۆنتسیکۆ بریتییە لە (بیابانی کۆیلەیی) چونکە پاشا، تاکەکەسی تاقانەی بەتوانای بێسنورە. ڕەنگە بە شێکی دەستەڵاتەکانی بداتە وەزیرێکی گەورە. بەڵام نمونەی پەیوەندییەکانی نێوان سەرکوتکارو دەوروبەری هەرچۆن بێت، جۆرە پەیوەندییەکە پشت بە کۆمەڵە بەهایەکی میتافیزیایی وەک بەزەیی و بەخشندەیی دەبەستێ و لەم سیستمانەدا چینی کۆمەڵایەتیی وانییە، کە ببێتە بنچینەیەک بۆئەوەی لەمیانەی چەند دامەزراوەیەکی سیمادیاریکراوەوە میانڕەوی و هاوسەنگی بکەن بەکردار. بەکورتی لەم سیستمانەدا هاوکێشەی چاکەکاریی وەک سیستمی کۆماری نییە، نەبەمانا یۆنانییە کۆنەکەی و نەبە مانا ئەوروپییە نوێکەی، کەواتەلە ناوکایەی جوگرافیایی فراواندا ترس ملیۆنان خەڵک دەگرێتەوە دەوڵەتیش کەسێکی نەبێ کەتوانای هەموو شتێکی هەبێ، ناتوانێ هیچ پێشکەش بکات و بەردەوام بێ.

ئەو سیستمانە بەشێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ شانشینە ئەوروپاییەکاندا لەیەکدەچن کۆمەڵە سیستمێکی چارەنوسی کۆتاییان لەناوچونە (چۆن ڕووبارەکان لەناودەریاکاندا لەناو دەچن، ئاواش هەموو شانشینیەکان لەناو سەرکوتکاریدا دەتوێنەوە.) مەبەست لەمە ئەوەیە شانشینە ئەوروپاییەکانیش چارەنوسیان لەناوچوونە، ئەگەر ڕێزلە توێژە ناوەندییەکان نەگرێ. مۆنتسیکۆ دەڵێ خانەدانەکان سەربەم توێژەن و بەرامبەر بە پاشا دەوەستن، ئەم توێژەو خانەدانەکان لەوەدا بەشداری دەکەن کە سنورێك بۆدەستەڵاتی ڕەهای فەرمانڕەوایی دابنێن.

ئیجتیهادی مۆنتسیکۆ لە ئایندە بینیدا لەو هەوڵەیدایە دەیەوێ هاوکوفییەك لەنێوان دوو ڕەهەندا دروست بکات. ڕەهەندی یەکەم ئەو وتەیەتی کە دەڵێ کۆماری باڵاترینی سیستمەکانەو لەپاش ئەو سیستمی پاشایی دێ کە بەچەند یاسایەك سنوردارکراوە. دووەمیان ئەوەیە کەهەر سیستمێك گوزارە لە دەزگایەکی کۆمەڵایەتیی خۆی بکات (Corps Social) ئەوا پلەبەندی (الترابت) بەمسۆگەری ڕوودەدات. ڕایمۆن ئارون دەڵێ ئێمە ئەگەر توانیمان ئەم تەمومژەی ڕوحی یاساکان تێپەڕێنین ئەوا تێدەگەین لەوەی کە مۆنتسیکۆ دەڵێ پەیوەندییەك لەنێوان چۆنێتیی فەرمانڕەواییکردن و شێوەی سیستم لەلایەك و شێوازی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵك لەلایەکی تر هەیە. فاکتەری یەکلاکەرەوە لەلای ئەو، ئەوە نییە دەستەڵاتداری لەلایەن کەسێك، یان زۆرینەوە پیادەبکرێ، بەڵکو ئەوەیە کە ئایا ئەم دەستەڵاتە مل بە یاساکان و میانڕەوی دەدات، یان بەحوکم کردنی تووندوتیژی. لەمەوە کەوابێ ژیانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ گۆڕانی چۆنێتی پیادە کردنی فەرمانڕەواییدا دەگۆڕێ.

ئالەم گۆشەنیگایەوە هزری سیاسی و کۆمەلایەتی بەوە قەرزاربارە مۆنتسیکۆیە کە ئەو یەکەم کەس بووە شیکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان پۆلاندنی سیستەمە سیاسیەکان و پۆلاندنی مۆرکە کۆمەلایەتیەکانی داوەتە بەرباس.

رایمۆن ئارون گومان لەوەدەکات مۆنتسیکۆ توانیبێتی وەلامێکی شیاوی بەم کێشەیە دابێتەوە، بەلام دەشپرسێ ئایا کەسێك تا ئەمرۆ توانیویەتی وەلام بەوە بداتەوە.

مەرجی میانڕەوی... جیاکردنەوەی دەستەلاتەکانە

وا لەکۆتاییدا ئەوبیرۆکە بنچینەییەی ناو ڕوحی یاساکان دێت، مەبەستمان لەوبیرۆکەیە جیاکردنەوەی دەستەلاتەکانە، ئەم چەمکە ڕۆشنگەرییە ڕەسەنە پوختەی پراکتیکی وهزیی هەولّی چەندان سەدەی گەڕانە بەدوای هاوسەنگی و میانڕەویی فەرمانڕەوایيدا. لەگەلّ ئەم چەمکەدا ئیرادەی گەل دەبێتە سەرچاوەی دەستەلاتەکان، و بەیەکجاری واز لەوە دەهێنرێ حوکم بە حەقی خوایی بکرێ. هەرکەس مافی پراکتیزە کردنی دەستەلاتی سەرۆکایەتیی هەبوو، لەلای کەلەوە دەبێ بەتەنها (فەرمانبەرێك) ئەگەرچی ئەو فەرمانبەرە (فەرمانبەری یەکەمی دەولّەت)بێ، لویسی شانزە لە ڕۆژە بەراییەکانی شۆڕشی فەرەنسەدا پێیدەوترا (فەرمانبەری یەکەمی دەولّەت) ئەمە گوێزرانەوەیەکی چۆنایەتییە لە چاخە کۆنەکانەوە بۆ چاخی نوێ بەناو هزری ڕۆشنگەریدا.

ئەوەبوو پەرەنسیپی جیاکردنەوەی دەستەلاتەکان هزری مۆنتسیکۆ و بەرژەوەندییە چینایەتیەکانی و، هزرو بە رژەوەندییەکانی بۆرژوازیی فەرەنسیشی تێپەڕاند، کە ئەمەی دواییان سەرچاوەیەکی گەردونیی فراوانبوو، لە هەموو دەستورێکدا لەبەرچاو دەگیرێ.

مۆنتسیکۆ پرنسیپێکی نوێ دەخاتە سەر پەرەنسیپەکانی چاکەکاری و شەرەف و ترس کە پەرەنسیپە بنچینەییەکانی سیستمی فەرمانڕەوایین، ئەو پەرەنسیپە نوێیەش (ئازادیی سیاسی)یە، ئەوئەم پەرەنسیپە لە ژێر ناونیشانی (ئامانج) یان مەسەلەی سیستمدا دادەنێ، خۆلە ڕاستیشدا هەروایە. چونکە ئازادیی سیاسی پەیوەندیی تایبەتی بە میکانیزمەکانی نێوان دەستەلاتە جۆراوجۆرەکانەوە هەیە.

بەلاّم ئەوانیش تێدەپەڕێنێ، بۆیە لەمەوە زۆر ڕوون ناکەین ئەگەر ئەویش لە ڕیزی ئەو پەرەنسیپانەدا دابنێین کە ئیشارەتیان پێدرا.

خەسڵەتی سەرەکیی ئەو سیستمەی کەنیازی بە پاراستنی ئازادیی سیاسی بۆ هەموان هەیە ئەوەیە کەدەبێ دەستەلاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری لەیەکتر جیابکاتەوەو یەك (هێزی ڕێگری)ی بابەتیی بەرقەراری خۆبەخۆ هەبێ، نەك یەکێك لە هێزو دەستەلاتەکان چاودێری بخاتەسەر ئەوانیتر.

شیکاری لەسەر ڕێکخستنی ئەم پەیوەندییانە زۆرن و هەندێجار دژبەیەکیشن، هەندێك دەڵێن مەبەستەکە جیاکردنەوەی دەستەلاتی ڕاپەڕاندن و یاسادانان لەیەکتری دەگەیەنێ، هەندێکیتریش دەڵێن ئەسڵەن لەلای مۆنتسیکۆ بیرۆکەی جیاکردنەوەی دەستەلاتەکان نییە، ڕەنگە دیارترین کەسی ناوئەوانە کویس ئالتوسێر بێت (سەیری ڕانانی کتێبەکەی بکە گۆڤاری ((المنار)) لە ژمارە شەشی سێوێز حوزەیرانی ١٩٨٥ دا کردوویەتی)، لەگەلّ شارلّ ئینرنمان. ئەو وردەکارییانە ئەگەرچی گرنگیشن لێرەدا جێگەنییە باسیان بکەین، بەلاّم دەتوانین بلّێین ڕەنگە خوێندنەوەیەکی وردی ڕووحی یاساکان بمانگەیەنێت بە تێگەشتنی ڕووحی خودی مۆنتسیکۆ، لەو بڕوایەشدانین ئەوەزیادە ڕەوی بێ ئەگەر بلّێین مەبەستی مۆنتسیکۆ لەجیاکردنەوەی دەستەلاتەکان مانا یاساییەکەی نییە، بەلّکو هەولّ دەدات هاوسەنگییەك لەنێوان هێزە کۆمەلایەتیەکاندا بدۆزێتەوە، چونکە ئەو بڕوای وایە کە ئەم هاوسەنگییە مەرجە سەرەکییەکەی ئازادیی سیاسییە، ڕەنگە ئەو قسەیەی ڕێنوێنیی ئەمەمان بکات کە دەلّێ (بۆڕبۆڕپینێك) لەنێوان تۆزە کۆمەلایەتییە جۆراوجۆرەکاندا هەیەو، ئەم

بۆڕبۆڕینەیە دەبێتە بزوێنەری یەکەمی سیستمی میانڕەو.

میانڕەوی لەنیاز پاکییەوە نایەت، بەڵکو بەرەنجامێکی سروشتیی بوونی (هێزی ڕێگری)یە لەناو خودی دەستەڵاتدا. ڕووداوەکانی مێژووی ئەوروپاو شوێنانی تریش سەلماندیان مەرجی میانڕەوی و ئازادیی سیاسی، جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکان، یان دروستکردنی هاوسەنگیی نێوانیانە، بێگومان ئیتر سیستمەکە پێشکەوتنخوازبێت، یان پارێزکار ئەو جیاکردنەوەو هاوسەنگییە (هێزێکی ڕێگری) دێنێتەکایە. ئەمە کرۆکی بڕواکەی مۆنتسیکۆیە، تەواو دروست و پوختەو، دەستهاتێکی گەردونیی سەرپاگیرە، واتە بۆ هەموو سیستمەکان شیاوە ئەگەر جۆراو جۆریش بن. هەر هێندەش بگەڕێینەوە سەر مێژووی نوێی جیهان دەبینین مەرج نییە هەر سیستمێکی دیموکراسی تێیدا دەستەڵاتەکان گەڕانەوە بۆ(هەموان) ئەوە سیستمێکی میانڕەوبێ. حزبە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان لەم دوو دەیەی دواییدا هەستیان بەمە کردووەو لەناو پەیڕەوی خۆیاندا چەمکی (دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا)یان گەڵاڵەکرد.

ئەمڕۆ ڕاست و چەپ هەمووی هەست دەکات جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان (ئازادیی گەل و ئازادیی هاوڵاتی)و (دەستەڵاتی گەل و ئاسایشی هاوڵاتی) هەبێ. ئەمەش شیاویی ئەم وتەزایەی مۆنتسیکۆ دەردەخات (مەرجی ڕێز گرتنی یاساکان و مەرجی ئارامی و ئاسایشی هاوڵاتی ئەوەیە دەستەڵاتێکی ڕەها لە ئارادانەبێو چاودێرییەکی توند بەسەر دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن و بەتایبەتیش چالاکیی دەزگا ئاسایشەکان و بودجەییەکانەوە هەبێ) سەرباری ئەو پێشڕەوی و ئیجتیهادە بەرزو بااڵیەی کە مۆنتسیکۆ پێشکەشمانی دەکات پرسیارێك دەمێنێتەوە ئەو وەاڵمی ناداتەوە (چۆن نێوانی ئازادیی هاوڵاتی و ئیرادەی گەل ڕێك دەخرێ؟)

بەم پرسیارە دێینەسەرکۆتایی ئەم ڕاناەی سەر ئاوەز و ڕەوایی دەستەڵات لە بزوتنەوەی ڕۆشنگەریدا، ئەگەر هەموو لایەکی ئەم ڕاناەشمان پیشان نەدابێ، هیچ نەبێ ئەوەمان پیشانداوە چۆن یاسادانان لە بارەی ئامۆژگاری (Commandements)ەوە گۆڕاوە بۆ باری یاسا(Lois) و بارەی بیرۆکەی (مرۆڤ) چۆن لە (ڕەشۆکی Sujects)ەوە گۆڕاوە بۆباری(هاوواڵتی - Citoyens)

مۆنتسیکۆ بە(ڕووحی یاساکان)یەوە لوتکەی تاووتوێی ئەم وەرچەخانەی کردووە. بەاڵم کۆمەاڵگاکان پێشدەکەون و مرۆڤێکی نوێ دەردەکەوێ و داوای کرانەوەو ئازادی دەکات، ئەو مرۆڤە نوێیە لە چاخی ڕۆشنگەریدا بەاڵم لەگەڵ هەموو بیریارانی ئەم چاخەدا جیاوازە، نە سەربە خانەدانەکانەو نەسەر بە(بۆرژوازیی باڵادەستە) ئەویش ئەم بیریارەیە:-

ژان ژاك ڕۆسۆ:

مێژوی پێشکەوتنی پڕە لە نوچدان. چۆن تیۆرەکەی مۆنتسیکۆ ڕێگای لێ ونبوو، چۆن مۆزار لەناو دڵڕەقی و بێویژدانیی نەزاناندا نێژرا، بەرائەتی ڕۆسۆش فرێدرایە زبڵی زاڵەکانەوە.

باسەرەتای ئەم ڕاناەیان ئەم چەند لاپەڕەیە لەسەر ژان ژاك ڕۆسۆ بخوێنینەوە کە بیریارێکی هاوچەرخ نووسیونی؛ دڵی ئەو بەدەست سەختی چەشتنی دوو جەنگەوە وەك نااڵندنی ئەسپەکەی پیکاسۆی ناوتابلۆی(جێرنیکا) دەنااڵێنێ لەهەردوو ئەڵمانیای ڕۆژئاواو هەاڵتدا ژیاوە، بەاڵم ئارامیی (جیاکردنەوەی دەستەاڵتەکان)ی لە هیچیاندا نەبینیوە. لەدوا ساڵەکانی ژیانیدا بواری دراوە بگەڕێتەوە شوێنی لەدایکبوونی و بیشیکاتەوەبە دواهەوار. ئەو بیریارە(ئێرنست بلوخ*)ە، لە کتێبی(مافی سروشتی و کەرامەتی مرۆیی)دا دەڵێ:-

هیچ شتێك هێندەی ئەوە سەرمەستکەرنییە بانگەشەی ئەوە بکرێ باسەرلەنوێ دەست پێبکرێ. ئەم بانگەشەیە لاوان سەرمەست دەکات و لەدڵیاندا جێگیردەبێ. لە مێژووی ئێمەدا ئەم بانگەشەیە

چینێکی سەرمەستکرد خەریکبوو بە هێزی لاوەکانی سەرکەوێ. هێشتا بەرنەفرەت نەکەوتبوو شیاوی سەرزەنست نەبوو. ئەو ئاوەز بوو، وەك بەیانییەکی پڕوونی بەپرشنگی پاش تاریکی وابوو، ئەو پاکی‌وبێگەردی بوو، دەتوت دەرەوەی مێژووە. چیرۆکی مرۆڤی دەبردەوە سەرەتا.

جێگا سروشت بوو، ئەو سروشتەی کە هێشتا پیس نەبوو بوو. وێنەی ئەم سروشتە لەگەڵ ئەو وێنەیەدا دەگونجێ کە بۆرژوازی حەزەدەکا بڵێن هی‌ئەوە. ئەو دەیەوێ وا دەربکەوێ کە هەستو سۆزی ئەو، هەست و سۆزی ئەو مرۆڤە ساکارو سەر ڕاستەیە کە خێوێك دەتوانێ لەتاریکیدا سەربخاتەسەری. بۆرژوازی هێندەی گۆرابییەکی میللی، خۆی پوخت و بێگەرد دەبینێ. ئەوان ئاوا سەیری ئەو مرۆڤەیان دەکرد کە(پەیمانی کۆمەڵایەتی)ی گرێداوەو، ئاواش سەیری ئەو سروشتە بێگەردەی دەورو بەرییان دەکرد. ئەو مرۆڤە ڕۆسۆو سەردەمەکەش سەردەمەکەیەتی.

ئەو شاعیرێکی مرۆڤی تاك و ناوازەو تەنها فەقێیەکی یاسایی نییە، ئەو مرۆڤە تاکەی کەسەر لەنوێ دەستپێدەکات، و بەئازادی بڕیارەکانی دەدات و هەست بەیەکسانیی نێوان کەسوکارەکەی دەکات. ئەوە مرۆڤەکەی(پەیمانی کۆمەڵایەتی)یە. ئینجیلی یاقووبییەکانە چونکە سروودی ئازادیی چڕیوە. ئەو ئازادیەی کە نە بازرگانیی پێوەدەکرێ و نە سازشکاری. ئازادی خواستنی مافی سروشتییە.

ئەوکارەی ڕۆسۆ شۆڕشگێڕانەبوو، کاتێك هەزری (گرۆسێوس)ی دایە دواوەو مەرجی کۆنترۆڵکردن و زاڵیی لە پەیمانی کۆمەڵایەتی دامالّی و ئیتر(پەیمانبەستن)ەکە تەواو پاکبۆوە لەو نشوستی و ملکەچیەی کە بە وتاریکی هەڵە تێیدا چێنرابوو.

لەوەوە ئیتر نامۆکردنی مرۆڤی و دامالّرانی بوونی نەهێڵرا. ئەمە ئەو ڕەگەزە نوێیەیە کە ڕۆسۆ خستیە سەر مافی سروشتیی کلاسیکی. جاران گرفتی باری نمونەیی یاسا لای ڕۆسۆ لەوەدابوو کە بتوانێت شێوازێك بدۆزێتەوە، تێیدا هەرگیز نەکرێ وازلە ئازادیی تاکەکەس بهێنرێ. شێوازێکی بەشداریکردن بدۆزێتەوە کە تاك بپارێزێ و بەهەموو هێزی(کۆمەڵ)ەوە پشتیوانیی لێبکات. ڕۆسۆ چارەسەری ئەوانەی دۆزییەوە، (تاکەکەس بە ئارەزو و ئازادییەکی تەواوەوە بچێتە ناو پەیمانی کۆمەڵایەتییەوەو پەیوەندییەکەی بەکۆمەڵەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیی و پرد لە نێوانیاندا نەبێ و توشی ڕەشبینی و نامۆبوونی نەکات. مرۆڤ خۆی نەکاتە قوربانیی هیچ جۆرە نواندنێك و هیچ میرو دەزگایەکی ئەرستۆکراتی، بەڵکو هەریەکە لە ئێمە خۆی بەخەڵات بزانێت بۆ کۆمەڵ و توانای خۆی ببەخشێتە ئیرادەی گشتی و هەریەکە ئێمە ببێت بەبەشێك لە یەکە یەکگرتوەکەو لێیجیانەبێتەوە. (پەیمانی کۆمەڵایەتی - بەرگی یەکەم - بەشی شەش)ئەو مرۆڤەش کەخۆی بەکۆمەڵ دەبەخشێ ئازادییەکەی نافرۆشێ لەبەرئەوەی ئەویش وەك بەشێکی یەکسان بە ئیرادەی گشتی دەمێنێتەوە، ژمارەیەکی تریش ئیرادە هەیە لە پەیمانەکەدا پەیوەستن، ژمارەیان یەکسانە بە ژمارەی ئەو تاکانەی کە پەیمانیان بەستووە. بەهۆی ئەم ئاڵوگۆڕکارییەوە ئازادیی تاکە کەسی گیرۆدەی نامۆبوون نابێ و ئیرادەی هەموانیش دەبێ بە ئیرادەی گشتی.

ئەمە ڕێگای پێکەوە هەڵکردنی نێوان ئازادیی تاکەکەسی و ئیرادەی گشتییە. ڕۆسۆ یەکەم کەسە کە سەروەریی میللیی کردبێ بەمافێکی سروشتی، بەڵام ئەم سەروەریەش لە جەختکردنەوەیەکی بەردەوامی سەر ئازادیی تاك لەناو کۆمەڵدا، بەوڵاوە چیدیکە نییە. دیارە ئەو ئازادییەش ئازادیی گورگ نییە، بەڵکو ئازادیی خەڵکانێکی ڕەچەڵەك پاکە کە دابەشکردنی چینایەتی تووشی شەڕی کردوون. (پەیمان)ەکە لەلای ڕۆسۆ هەربۆ پاراستنی ئەم ئازادییە بەستراوە، بۆیە ئەگەر لەپێناوی ئازادیدا پێویست بکات پەیمانەکە هەڵبوەشێتەوە، هەڵدەوەشێتەوە.

ئا لەم ئازادییەوە (مافەکانی مرۆڤ) هەڵدەقوڵێن، ئەو مافانەش لای خۆیانەوە مافی خاوەندارێتیی

تاکەکەسی و مافی یەکسانیی گشتییان تێدایە کە سنورێك بۆ چڵێسیی خاوەندارێتی سەرمایەی گەورە دادەنێ.

هەزری مرۆیی قەرزاریاری پۆسۆو(مافی سروشتی)یەکەیەتی، قەرزاری هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکەو شۆڕش و جارپدانی مافەکانی مرۆڤیەتی، ئەگەرچی ئەو مافانە تا ئێستاش هەر جارپدان بن.

*لەسەر بلوخ سەیری (شخصيات و مذاهب فكرية ـ العدد الثامن من المنار ـ مارس ١٩٨٥)بکە

سەرچاوە/

وتاری ـ العقل و شرعية السلطة في حركة التنوير ـ نوسینی مصطفى ابراهيم مرجان/ سكرتير التحرير لمجلة المنار.

بڵاوکراوەتەوە لە گۆڤاری (المنار) ـ العدد ٣١ ـ يوليو تموز ١٩٨٧ السنة الثالثة ـ ص (١٠٠ ـ ١١٨).

گەلاوێژی نوێ

کۆچی دوایی گادامیر لەم ماوەیەی دواییدا بۆشاییەکی گەورەی لە بواری فەلسەفەو رەخنەو تەئویلکارییا دروستکرد لەسەدەیەکدا کەسانی وەك گادامیر کەمدەکەونەوەو بەئاسانی جێگایان پڕ دەبێتەوە ئەگەرچی پێش ئەم شلایر ماخرو دیلتای وهێرش‌و کەسانی تر رۆڵیان لە هێرمینۆتیك‌و تەئویلکارییا بینیووە بەڵام بەقەد ئەم سنوریان بۆ فراوانتەکردووە.

گادامیر ساڵی ١٩٠١ لەدایکبووە، لە ماربورگ فەلسەفەی خوێندووە. ساڵی ١٩٤٩ لەزانکۆی هایدلبرگ لە جێگاکەی کارل یاسپرس وانەی فەلسەفەی وتۆتەوە. لە کتێبە بەناوبانگەکانی گادامیر ئەخلاقی دیالێکتیکی ئەفلاتونە کە ساڵی ١٩٢٨ بڵاویکردۆتەوە، حەقیقەت‌و مەنهەجەکە ساڵی ١٩٦٠ بڵاویۆتەوە.

ئەگەر لە سەرەتاکانی تەئویلکارییا جەختکرابێتە سەر دانەر (مؤلف) ئەوە گادامیر بایەخی بە وروژاندن‌و بەردەوامبوونی نێوان دەق‌و خوێنەر داوە. لەکتێبی حەقیقەت‌و میتۆددا گادامیر دیاریدەکا کە هێرمینۆتیکای فەلسەفی رەوتێکە لە راڤەکردن لەسەر بنەمای تێگەیشتن‌و گفتوگۆ نەشوێنا دەکات‌و لەهەموو ئەو هەوڵانە دەربارە دەبێت کە پرسیاری چەسپاو و کۆتایهاتوو دەکات‌و سنوور بۆ گفتوگۆ دادەنێت.

ئەحمەدی مەلا:

من بڕوام بەنەوە نییە، بڕوام بەدەنگی تایبەتە

سازدانی: عەبدولا تاهیر بەرزنجی

بوون‌و دەسەلاتی ئەدەبی‌و رۆشنبیری ئەحمەدی مەلا لەدەرەوە زیاتر و ئاشکراتربوو، ئێمە وەک ئەدیبان‌و رۆشنبیرانی کوردستان ئاگامان لە تەقینەوەی دەنگی ئەحمەد نەبووە تا دوای نەوەدەکان دیوانی زەردک‌و پاشان هەولێرکانی ترمان بینی. کاتێکیش کە لێکۆڵینەوەو وتارو وەرگێڕانیمان بینی هەستمان بەوەکرد کە ئەحمەد رۆشنبیرێکی چاکەو ئاگای لەشیعرو ئەدەبی جیهان و تیۆری رەخنەو ئەدەبەو هەر لەخۆیەوە شت نانووسێ بەڵکو وشیارییەکی رەخنەیی لەپاڵ هەنگاوەکانیایەتی.

کە زەردکم خوێندەوە بۆم دەرکەوت کەسانێک هەن دەرئەکەون‌و گوڕێکی تر بەشیعری نوێی کوردی دەدەن. کە دیوان‌و نووسینەکانی تری ئەحمەدم بینی زیاتر ئەوەم لاچەسپی کە هیچ کوێرە هەنگاوێک لەهەوڵیا بەدیناکەیت وەک ئەو کوێرە هەنگاوانەی کە لە رەوتی دەیەها شاعیرا بەدیدەکرێن‌و بەرۆکی شیعریش بەرنادەن.

دیارە ئەحمەدی مەلا کە دەنووسێ پێرۆزی نووسینی لەبەرچاوە نەک شتی لاوەکی، بێدەنگانە دوور لە راگەیاندن‌و کۆمەڵبازیی ئەدەبی کاردەکات هەر بۆیە، وەک خۆی دەڵێ، باوەڕی بە نەوە نییە بەڵکو دەنگی تایبەتی لامەبەستە. بەڕاستی‌و جگە لەمە ئەحمەدی مەلا لەناو ئەو هەموو هەراو هوریایەدا خۆی بەدوور گرتووەو خوێنەران وەک دەنگێکی جیاو تایبەت ناسیویانە.



➢ **سەرەتاکانی ئەحمەدی مەلا، وەک مرۆڤ و شاعیر؟**

❖ ئەگەر رۆمانسیەکان بڕوانمە سەرەتاکان، ئەوە لە گەڕە شێخانەوە دەست پێدەکات. ئەو ساڵەی کە چوومە پۆلی یەکەمی سەرەتای و لەسەر بەردیش شتم دەنووسی. بەڵام لە راستیدا یەکەم هەوڵی نووسینم دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی حەفتاکان. سەفەر کردنم بۆ بەغدا و نیشتەجێ بوونم لەوێ بۆ ماوەی سێ ساڵ، یارمەتیەکی زۆرم دەدات لەوەی کە خەڵکیتر بناسم و بخوێنمەوە دوورکەومەوە لەرەقابە کۆمەڵایەتیەکانی شاری کەرکووک. هەموو تەقینەوەیەک لە دوورکەوتنەوەیەکدا بەرجەستە دەبێت.ئەوکات یەکێکی وەک لەتیف هەڵمەت فێری دەکردم ناسکانە بڕوانمەو وڵات و شیعرم خۆش بوێ.

➢ **سەرچاوەکانی رۆشنبیریی شیعریت لە سەرەتادا؟**

❖ سەرەتائەو کتێبو پەرتووکانەم دەخوێندەوە کە "محمد عصری" لە شاری کەرکووک کتێب کەلێک بەزمانی عەرەبی کە دەگەیشتنە عێراق. لە کتێبخانەی "الزیتونە" لە شاری ژنیف چەند دیوانێک دەست دەکەوتن و دەستم کرد بە خوێندنەوەیان: ئەدۆنیس، عباس بیضون، پۆل شاول، یوسف الخال.. ئەمانەو وردە وردە دەستم بە خوێندنەوەی شیعری فەرەنسی کرد وەکو رامیۆ و بۆدلێر کە پاشان تەرجەمەیان دەکەمەوە کوردی.

دەکرێ سەرچاوەکانی شیعری من لەسێ جۆگەلەوە هاتبێتن، کوردی و عەرەبی و فەرەنسی. هەروەها پاشماوەی ئاینی، زەخمێکی دەدایە ئاوهەوای شیعریم کە وەکو توخمێکی سەرەکی دەکرێ ئاوڕی لێ بدرێتەوە. ئەم بەشیعراندنەی

نالیم لە شاری ژنیف ناسی، حاجی قادرم خوێندەوە، مەحویم هەر لەوێ خوێندەوە.

چاپی دەکرد وشەی کوردی لەلا شیرین دەکرم. پاشان وەکو هەموو لاوێکیتر، گۆڤارە کوردییەکان کە لە مەڵبەندە رۆشنبیرییە کوردیەکان دەردەچوون. پاشان شاعیرانی عەرەب وەکو محمود دەرویش، محمد ماغوط، سعدی یوسف، عبدالوهاب بەیاتی، سیاب. دوای ئەوەی کە سەفەری هەندەرانم کردو لە شاری ژنیف بۆ ماوەی حەوت ساڵ نیشتەجێ بووم: دەستم بە خوێندنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی کرد. نالیم لە شاری ژنیف ناسی، حاجی قادرم خوێندەوە، مەحویم هەر لەوێ خوێندەوە، هەروەها

دونیای ناوەکی کە زەخیرەیەکی بە پیتە هەمیشە وەکو مێزێك لە ناوەمدا دەژی.

➢ ئەگەر باوەڕت بە خانەدانان بۆ نەوە شیعرییە نوێکان هەبێت تۆ سەر بە چ نەوەیەکی؟

❖ من بڕوام بە نەوە نییە، بڕوام بە دەنگی تایبەتە. ئەمەش هەر لە سەرەتای سەرەتاوە خولیای بوو بووم. من هەر زۆر زوو شتێکم دەنووسی، هەرچەندە هێشتا کاڵ و کرج بوو، بەڵام لەڕچەی تایبەتی خۆی دەگەڕا، بەلایەن کەمەوە لە بواری ئیقاع و کێشدا کە بە توخمێکی زۆر گرینگ دەژمێردرێن. ئەگەر دەنگە شیعرییەکان لە ڕێگای دەسااڵ، دەسااڵەوە تەماشا بکەین، دەبینین هەموو جارێك کۆمەڵە دەنگێك سەر هەڵدەدەن و تەنها دەنگێك تایبەتمەندە. ئەم دیاردە بۆ ساڵی ٢٠٠٠ هەر ڕاستە، ئێستا کۆمەڵی دەنگ هەن، دەخوێندرێنەوە، چێژیان لێ وەردەگرن. بەڵام دوای بیست ساڵی تر چ دەمێنێتەوە؟ ئەم پرسیارە گرینگەو گرینگیش نییە؛ چونکە دەسەڵاتی زەمەن گەلێ بێرەحمترە لە دەنگی ناسکی شاعیرێك. هەروەها ئێمە دەبێ داوای چی لە شاعیر بکەین. شاعیرێك دێت و هەندێ شت دەڵێت و دەڕوات. جۆرە تەحقیق کردنێکی زاتی شاعیرانەیەو بەس. خۆ ئێمە نیازمان وانییە دیکتاتۆرییەتی شیعریی دامەزرێنین. چێژەکان تووشی گۆڕانکاری دێن، سەرچاوە مەعریفیەکان دەگۆڕدرێن، ئێمە دەبێ لەگەڵ ئەو گشت گۆڕانکاریانە بین. ڕەنگە هەندێ جار بێدەنگی شاعیر جۆرە شیعرێك بێت، بە تایبەت کاتێك نەتوانی خۆی نوێ بکاتەوە.

➢ باران و زەردك ئەگەر سەرەتابن ئەوە سەرەتایەکی ڕۆشنن‌و خاڵێکی نوێن لە شیعری ئەحمەدی مەلاو سەردەمەکەیدا، ئایا چ خوێندنەوەیەك بۆ ئەدەبی ئەوروپی لە پاڵ زەردکا هەبوو؟

❖ "باران لە دەرگای زەردك" دەدات. "ئازادی و یاخی بوون و دونیای ئیحساس" سێکوچکەی شیعرەکانی "باران"ن، هەروەك چۆن "شوێن — زەمان - زەمەن" سێکوچکەی شیعرەکانی "زەردك"ن. یەکەمیان جۆرە مومارەسەیەکە کە مومکین نەبوو لە کوردستان بکرێت. تەمەنم ئەوکات بیست و سێ، بیست و چوارساڵ دەبوو، هەرزەکاری خۆم مومارەسە دەکرد کە ئەوکات لە کوردستان کەبت دەکراو دادەپلۆسرا. ئەمەش بە نیسبەت گەشەکردنی باری دەروونی و شەنسیتمی خۆمەوە زۆرگرینگ بوو. بەڵام "زەردك" جۆرە دامەزراندنێکی دەنگی تایبەتی خۆمە کە لە ڕەحمی هەرزەکارییەکی مۆجەڵەوە لە دایك دەبوو.

ئەگەر نوێگەریی کوردی تەنها ئەوە بێت کە گۆران دایمەزراند، کەواتە ڕێی دوورمان لە پێشە.

"زەردك" لەسەر چ کۆڵەکەیەك دامەزراوە؟ لەپاڵ وێنەیەکی نامۆ و غەریب، مۆسیقایەکی غەریب یاوەڕێتی. لەپاڵ زەخیرەیەکی کە لە ڕابردووەوە سەرچاوە وەردەگرێت، چ لە کەشی ئایینەوە بۆ ئەفسانە جیاوازەکان، "ئێستا"یەك ئاوی دەدات.

ژیانی خۆم بە تایبەتی لە "زەردك"دا ڕەنگ دەداتەوە، ژیانێکی تێکچڕژاو. چمکە زەمەنیەکان بە شێوەیەکی سەیر تێکدەئاڵێن. لەو دابڕان و دوورکەوتنەوەیەم "زەردك" وەکو گوند وەکو شیعر تیاما سەر هەڵدەدات و دەبێتە فەزای یەکەم و دوا فەزام. مەبەستم ئەوەیە، ئەوەی گرینگە تەنها

دەنگە، ئەوی‌تر دەکرێ ئیشی بۆ بکرێ و پەروەردە بکرێت و بخەملێنرێت.

➢ لە هەندێك دەقدا خوێنەر هەستئەکات سوود لە هەندێك دەقی ئایینی بینراوە بە تایبەتی لە لایەن شێوەو شێوازی رستەوە واتا کاری (تناص) دەقئاوێزان رویداوە، تۆ لەم بارەیەوە سودت لە هیچ دەقێکی غەیرە دینی ئەوروپی وەرنەگرتوە

هەیە، من دەتوانم بە دوو جۆر لەسەری بدوێم یەکەمیان: رۆ چۆتە ناخم لەلا هۆشیاریدا نیشتەجێیە، چونکە من سەر بە بنەماڵەیەکی ئایینیم هێشتا لەسکی دایکما بووم، گوێم لە ئاوازی قورئان خوێندنەوە بووە کە باوکم هەموو سەر لە بەیانیەك پاش نوێژی بەیانی دەیخوێندەوە. دووەمیشیان لەو دەقە ئاینیانە زەخیرەیەکی لەبن نەهاتوو و ئیمابەخش هەن بۆ دونیای خەڵق و داهێنان. گرینگیش نییە ئەو سەرچاوە ئایینیە لە کوێوە سەری هەڵداوە، هەندێ جار بیروباوەڕێکی تایبەتی لە ئەفریقاوە سەری هەڵداوە، بەقەدەر ئایەتێکی قورئان کارم لێ دەکات. لە کۆتاییدا گرینگ سەرچاوەکان نین، گرینگ ئەوەیە چۆن تەوزیف کراون چۆنیش لەناخی شاعیردا نیشتەجێ بوون. پێویستە، شتەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە ناخی شاعیردا نیشتەجێ بن. هەربۆیە من ناتوانم شیعر بۆ بۆنەکان بنووسم، ئەمە مانای ئەوە نییە کە خۆم دوورە پەرێز دەگرم. نەخێر بۆچوونی من بۆ شیعر جیاوازە و بە جۆرێکی تر مامەڵە لەگەڵ شتە دەرەکییەکان دەکەم.

بۆ پێکهێنانی شیعر، بۆ نمونە دڵشاد عبدالله لە شیعرێکدا رۆمانی د.زیفاکۆی باسترناك بوو بە سەرچاوەی پێکهێنەری شیعرێکی.

❖ کرداری تەناص لە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبیدا هەیە و ئەمە خاسیەتێکی تەندروستە. چونکە دەقەکان یەك لە ناوی ئەویترەوە لە دایك دەبێت. ئەوەی پەیوەندی بە چمکە ئایینیەکانەوە

➢ **لە نێوان باران و دواديواندا چ جياوازييەك هەيە بە تايبەت هەموو نوسينێك دەبێت بەشتێك جياواز لە خاڵی پێشو؟**

❖ بێگومان جياوازی هەيە. هەموو شيعرێك يەك لەوەی‌تر ناچێت. دەبێ هەميشە لەو جوداوازييانە بگەڕێين. بەڵام شتێك هەيە كە وەك داوێكی ئاوی بەناو جەستەی گشت دەقەكانمدا ڕەت دەبێ، ئەويش خۆمم.

➢ **نوێگەری لە ڕۆشنبيری كوردیدا دابەشكراوە، لەتلەتكراوە واتا كە باسی نوێگەريمان كردووە هەر لە بواری شيعرا كردومانە بەڵام نوێگەری ڕوئيايەكی تەواوە بۆ هەموولايەنەكانی ژيان.**

❖ بەرای من نوێگەری بەمانا گشتييەكەی لە كوردستاندا هێشتا بە تەواوی بەرقەرار نەبووە. من دەڵێم ئێمە لە قۆناغی Premodernisme ين، ئەم زاراوەيە ئەگەر بكرێتە عەرەبی ئەوە دەبێتە "ماقبل الحداثة" من مەبەستم لە بەكارهێنانی ئەم زاراوەيە ئەوە نييە كە شيعری نوێمان نيە، بەڵام نوێگەری كردەيەكی سەرتاپاگەری و شمووليە. هەموو پەيوەنديیەكان سەر لە نوێ لەسەر بناغەيەكی نوێ دادەمەزرێنێتەوە، ئەمەش نەفی ڕابردوو ناگەيەنێ، بەڵكو دامەزراندنەوەيەكی ترمان مەبەستە. ئەم پەيوەنديیانەش، ئينسان ــ ئايين ، ئينسان ــ دەزگا ڕەسمييەكان، ئينسان ــ حيزب، ئينسان، ئافرەت ...هتد دەگرێتەوە. ناكرێ لە بارودۆخێكی ناهەمواردا بژين و باسی نوێگەری بكەين. بەڵام دەكرێ بڵێين كە ئێمە لە قۆناغی ڕاپەڕيندا دەژين، ئەمەش پێويستی بە بەردەوامی هەيە ، ئێستا هەڵێكمان بۆ ڕەخساوە كە بەردی بناغەی كۆمەڵگايەكی نوێ دابنێين.

➢ **ئايا نوێگەری بە مانا ڕۆژئاواييەكەی لە شيعری كورديدا پيادەكراوە؟ مەبەستم لەم پرسيارە ئەوە نييە كە نوێگەری ئێمەدەبێ وەك نوێگەری ئەوان وابێت.**

❖ نوێگەری چمكێكی زەمەنی نييە، هەروەها پەيوەندی بە شوێنێكی دياری كراوەوە نييە، نوێگەری ئەوەيە كە هەميشە هەڵويست بەرامبەر بە نوێگەری وەربگيرێ. هەڵبەت لێرە مەبەستم شيعرە. هەموو كارێكی مونجەر لە بارەی نوێگەرييەوە دەبێ بخرێتە ژێر پرسيارەوە. ئێمە ئەوكات نوێخواز دەبين كە هەميشە تەجاوزی نوێخوازی بكەين.

➢ **وەزعی ئێستای شيعر لە ڕۆژئاوادا چۆنە؟ خۆێنەر لە ڕۆمانەوە نزيكن و لە شيعرەوە دوور ئەمە وايەيا؟**

❖ هەروەكو جارانە. شيعر جەماوەری نيە و نەبووە. ڕامبۆ ئەم شتەمان پێ دەڵێ. شيعريش وەكو لايەنە هونەرييەكانی دی، شانۆ، مۆسيقا، پەيكەرتاشی زيندووە. بەڵام جەماوەری فوتبۆڵ گەلێ لە شانۆ گرينگترە، هەروەها جەماوەری گۆرانی بێژێك گەلێ لە شيعر زۆرترە. ئەمەش شتێكە پەيوەندی بە ماددەكانەوە هەيە. شيعر كردەيەكی سەختەو هەڵبەت جەماوەری كەم دەبێت. دەكرێ لەناو مێژو ڕۆمان بخوێنيتەوە، بەڵام ڕەنگە شيعر خوێندنەوە ئاسان نەبێت، هەميشە ئينسان حەزی لە گێڕانەوە كردووە، ئاشناترە بە گێڕانەوە وەك لەدەقێكی ئالۆزو سەيرو سەمەرەوە تێكڕژاو.

➢ **ئەحمەدی مەلا يەكێكە لەو شاعيرە كوردانەی شيعری پەخشان دەنووسێ، ئايە چ سودێكی لە هونەری گێڕانەوە (السرد) بينيوە بۆ شيعرەكانی؟.**

❖ من دەمەوێ بە پێناسەی پەخشانە شيعرا بچمەوە، چونكە ئەم زاراوەيە تەنها لە موفارەقەيەك دروست بوو كە نەزۆكە. چونكە شيعر زمانی ناوەكی و وروژانەو وێنە يەكێكە لە كۆڵەگە بنەڕەتييەكان، مۆسيقا و ئيقاع ئيما دەبەخشن، لە كۆتاييدا، زمانی شيعر، زمانێكی نامەنتيقيە بە مانا تەسكەكەی. بەڵام پەخشان، زمانی زانست و ماتماتيك و لێكۆڵينەوەو

ئەدەب و رەخنەو تیۆرە. ناکرێ دەقێك لەنێو ئەم دوو چمکە دروست بکەین، بەڵام دەکرێ بۆچوونمان لەسەر شیعرەوە بگۆڕدرێت. ئێوە باسی گێڕانەوە دەکەن، راستە، کاتی خۆی گێڕانەوە بە هۆنینەوە پیادە دەکرا. مەلحەمە شیعرییەکان، یا رۆمانەکانی سەدەی ناوەند بە شیعر دەهۆنرایەوە، هەروەها "رۆمان" کە ژەنرێکی ئەدەبییە، ئەوکات ئاماژەی بۆ زمانی "رۆمانی" دەکرد کە تازە لە لاتینی جودا بووەو لەوەشەوە فەرەنسی کۆن لەدایك دەبێت.

من سوودم لە کردەی گێڕانەوە وەرگرتووە، نەك لە پەخشان. هەروەها ئەگەر بە چاوێکی دیکەوە لە دەقەکانی من وردبنەوە، ئەوە دەکرێ زۆر چمکی تر ببینن. لە رووی تێکهەڵکێشی کردنی ئیقاعەوە، لە تێکهەڵکێش کردنی شکڵە شیعرییەکانەوە، لە شکاندنی هارمۆنی سواوەوە، لە گردکردنەوەی موفرەدە لەچمکە جوداوازیەکانەوە. ویستوومە کردەی سەرد بشعرێنم.

رای ئەحمەدی مەلا بۆ شیعر لە نێوان غینائیەت و دراميدا؟

❖ غنائیەت کە (لیریك) ی پێ دەوترێت. لیریکیش جۆرە ئامێرێکی مۆسیقایە کاتی خۆی بە گۆرانی وتنەوە ژێی ئەو ئامێرە مۆسیقایە دەلە رێندرایەوە. واتە گۆرانی دەوترا. ئەمەش جۆرە سوکیەکی دەداتە شیعر، رەنگە شتی جوانی لێ دەرچێت. دراماش واتە "فعل "کردە" "صت" لە کۆتاییدا، واتە دەنگ، یا چەند دەنگێك بۆ ئەوەی لەسەر شانۆی کاغەز زیندوو کرێنەوە. ئەم چمکەش لە شانۆوە دەگاتە ئێمە. وەکو دەزانین سەرەتای شانۆش هەر شیعر بووە. ئێمە دەتوانین، ئەم چمکانە زیندوو بکەینەوە. من لە دوا دیوانمدا کە هێشتا چاپ نەبووە کە قەولە دەزگای سەردەم چاپی بکات، ئەو هەوڵەم داوە.

بۆچی ئەحمەدی مەلا شیعری کورت نانووسێ؟

❖ هەروەها لە هەمان دیواندا چەند هەوڵێکم هەیە لەو رووەوە. بۆ نە. حەز دەکەم پەرە بەو شکڵە شیعرییە بدەم و موغامەرەیەك بکەم.

نەوەی نوێی شیعری فەرەنسی بەرەو کوێ هەنگاو دەنێ؟

لە کۆتاییدا گرینگ سەرچاوەکان نین، گرینگ ئەوەیە چۆن تەوزیف کراون چۆنیش لەناخی شاعیردا نیشتەجێ بوون.

❖ بەرەو شیعر نووسین.

➢ رەخنەی کوردی چی بە ئەحمەدی مەلا بەخشیوە؟

❖ حەزم دەکرد رەخنەی کوردی، مەنهەجیتر، زانستانەتر لەمەڕ شیعری کوردییەوە بنوسرێت. ئێستا هەوڵی شیلگیرانە هەن و بڕوا دەکەم زیاتر دەخەملێنرین. شتی زۆرکەم لەسەر من نووسراوە، چونکە زۆر دوورم لە فەزای کوردستان و زۆریش مەبەستم نەبووە، بەڵام حەز دەکەم لە دەقەکانم نزیك ببنەوە. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد دەتوانی شت لەسەر شیعرەکانم بنووسێت. ئەوەی تا ئێستا نوسیوێتی خراپ نییە.

➢ رات دەربارەی ئەدەبی پاش نوێگەری؟

❖ بۆ ئەدەبی نوێگەری هەیە؟

➢ مارشال برمن دەڵێ، مدرن بوون یەعنی بەسەربردنی ژیانێکی پڕ لە مەعنا و تەناقوز (تۆ چی دەڵێی)؟

ئێستا هەڵیگمان بۆ رەخساوە کە بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی نوێ دابنێین.

❖ تەناقوز و گومان بنچینەی هەموو کارێکن. مانا دەبێ دژە مانا دروست بکات. سیبەر دەبێ شاڵاو بۆ هەتاو بەرێت وشکاییش بیر لە تەپایی بکاتەوە.

➢ ئایا موتابەعەی شیعری ئێستای کوردستان دەکەیت دەتوانی چەند دەنگێك دەستنیشان بکەیت؟

❖ زۆرنا، چونکە شتم بەدەست ناگات. پێنج ساڵە نەگەڕاومەتەوە کوردستان، زۆر شتم بینی زۆر شت لەگەڵ خۆم دەبەمەوە بێگومان دەنگی نوێ دروست دەبن.

➢ گرفتی نوێگەریی کوردی (اشکالیات الحداثة الکردیة) لە چیا دەبینی؟

❖ دەبێ ئێمە بەم چمکەدا بچینەوەو سەر لە نوێ پێناسە بکرێتەوە شتێك بێت پەیوەندی بە واقیعی کوردستانەوە هەبێت، ئێمە زۆرجار یا لەناو کەلەپووڕا خنکاوین، یا ئەوەتا شەیدای فیکری رۆژئاوایین. لەم نێوانەدا پێویستە ئیش بکەین. ئەگەر نوێگەریی کوردی تەنها ئەوە بێت کە گۆران دایمەزراند، کەواتە رێی دوورمان لە پێشە.

➢ گرفتەکانی سەردەمی (ریادەت) لە شیعری کوردیدا لە چیا دەبینی؟ ئایا ئەو هێزەی هەبووە توانیوێتی لە ئێستاشدا رەنگبداوەتەوە؟

❖ بێگومان، بەڵام پێویستە بزانین چۆن و لە سەرکێ زیاتر..هتد ئەمە بابەتی تێزێکە ناکرێ هەر وا بە ئاسانی سەرپێی وەلامتان بدەمەوە. ئەو سەردەمو فەترەیە زۆر نادیارە، زۆر لێکۆڵینەوە لەو رووەوە نەکراوەو ئێستاش بوار نییە لەم بارەیەوە شت بڵێم.

➢ چ پاڵی پێوەنای بۆ هەڵبژاردنی مەحوی بۆ تێزی دکتۆراکەت ـ چ جۆرە مەنهەجێکت بەکار هێناوە بۆ ئەو مەبەستە. بە تایبەت لە وڵاتێکی وەك فەرەنسادا کە ناسراوە بە دایکی مەنهەجە ئەدەبی و رەخنەییەکان؟

❖ حەزم دەکرد ئاوڕێك لە فیکری ئیسلامی بدەمەوە، هەوەرها لە شاعیرێك و ئەویش خەڵکی

کوردستان بێت. لە مەحوی دا ئەم سێ خەسڵەتە دەست دەکەوت. مەنهەجی "تێماتیک"م بەکار هێناوە، بەم مەنهەجە زیاتر دەکرا لە شیعری مەحوی نزیک ببمەوە. چونکە ئەم میتۆدە دەق وەکو ئۆنتۆلۆژی دەبینێ، واتە ئاخاوتن لەسەر خود. "مەحوی"یش جۆرە ئاخاوتنێك لەگەڵ خود دا دروست دەکات.

لە تێزەکەم چەندم پەڕەیەکم بۆ ئەم کێشەیە تەرخان کردووە.

کورتەی ژیان:

ـ لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی تۆمار لە دایك بووە.

لە ساڵی ١٩٨١ کوردستانم جێهێشت.

باڵاوکراوەکان:

١)باران: ژنیف. ١٩٨٣: شیعر

٢)زەردك: ژنیف. ١٩٨٨: شیعر

٣)زەردك: پاریس، ئارمەتام. ١٩٩٣: شیعر (بە فەرنسی لە تەرجەمەی سمایل دەرویش)

٤)کتێبی شیعر: پاریس، ١٩٩٦، شیعر

ئەم کتێبانە لە ژێر چاپدان:

١ـ مەحوی لە نێوان زاهیریەت و باتنیەتدا، وینەی خۆشەویست و سەرچاوەکانی عیشق.

٢ـ گوڵی خراپە "شارل بۆدلێر" تەرجەمەی / شیعر.

٣ـ "درەوشانەوە"، "وەرزێك لە رۆژ" ئارتور رامبۆ. تەرجەمە/ شیعر.

٤ ـ "بەردی هەتاو"، ئۆکتاڤیۆپاث، تەرجەمە/ شیعر.

خوێندن

١ـ ماستەر لە سەر چمکی زمانەوانی و سیمۆلۆژی/ دانشگای فرانش کۆنتی/ فەرەنسا.

٢ـ دکتوراە لە ئەدەبیاتی بەراوردو فەرنسی/دانشگای فرانش کۆنتی/ فەرەنسا.

ئێستاش لە ئیسپانیا دەژیم.

گەلاوێژی نوێ

لەدێر زەمانەوە باس لەتایبەتمەندی رۆژهەلاتو رۆژئاوا دەکرێ. ئامازە بۆ جیاکاری نێوان ئەم دوو جیهانە فیکریە دەکرێ. لەقۆناغی جیاوازدا وێنەیەکی تایبەتی مرۆڤی رۆژهەلاتی دروستبووە، وێنەیەك کە میژوویەکی دوورودرێژی هەیەو لەقۆناغەکانیا بەشێوازی تایبەت هاتووە تا گەیشتۆتە ئێستا. لەکەیدا ئەم وێنەیە لەچاو وبیری رۆژئاواییەکاندا کەوتۆتە خۆنواندو بەچ شێوازێك پەرەی سەندووەو لە قۆناغەکانی پەرەسەندنیا چۆن نچۆنی بووە بەتایبەتی لای موسڵمانانو عەرەبەکان؟ ئەمە ناوەڕۆکی ئەم کتێبەی ئیبراهیم حەیدەریە کە لەژێر ناونیشانی (صورة الشرق فی عیون الغرب)دا دەزگای الساقی بۆی چاپکردووە.

نووسەر شەڕی سەلیبی شەڕی (خاچپەرستانی) داناوە بەسەرەتایەکی تۆندوتۆڵ بۆ دروستبوونی وێنەی رۆژهەلاتییەکان لەزەینو چاوی رۆژئاواییەکاندا، واتا ئەوان لەوێوە کەوتونەتە ناسینی رۆژهەلاتییەکان بەتایبەتی موسڵمانان و عەرەب بەڵام ناسینەکە یا دروستبوونی وێنەکە لەسەر بنەمایەکی ئایینی بووە کە بریتی بووە لە بەربەرەکانێ نێوان مەسیحییەکی ئیماندارو دوژمنێکی کافر. لێرەدا نووسەر لەپاڵ ئەمانەدا راو بۆچوونی هەندێك گەریدەو بازرگانو حەجاجیش دێنێتە باسەکەیەوە. لەبەشی دووەمدا ئیبراهیم حەیدەری دروستبوونی وێنەی دووەم بە ڕێخۆشکردنێك دائەنێت بۆ دامەزراندنی چەمکی (رۆژهەلاتناسین). لەبەشی سێیەمدا دێتە سەر باسکردنی وێنەی رۆژهەلاتی لەسەردەمی رۆشنگەریدا کە دوو مەودای هەبووە، مەودایەکی ئیجابی و مەودایەکی ئیمپریالیی. لێرەدا باسی مەودای رۆمانسی رۆژهەلاتناسیش دەکات، دیارە لەسەردەمی ئیمپیریالیدا سەرچاوەی رۆژهەلاتناسیش بووە بە کەرەستەو هێز داگیرکەران سوودیان لێ بینیوە. ئەم کتێبە لەگەڵ کەمی و بچووکیدا زانیاری قوواڵی تیا بەدیدەکرێ.

هاواری سەرەمەرگی زەمەن

"سەلاح جەلال"

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە/ جەمال جامی

فاکسی زیهنی حەوتەم/بۆ فەلسەفەی مەرگی (مارتن هایدجەر)

١- ئەم بانگەشەیە چییە وێنەی پشیلەکان لەهزر و زمان هەڵدەکەنێت

٢- بانگەشەیەك ڕۆحە هەڵفڕیوەکان ئەلەرزێنێ لە فەزایی بوون.

٣- ئێستا زمان دەکەوێتە سەر سەرهەڵدانە بێ وشەکان .

٤- گەردوونیش بەڕەنگی هاواری سەرەمەرگی لەناکاو سیواخ بوونی زەمانە ! !

٥- کێ لە ئێوە بەئاگا دێت لەم چرکەی کەوتنەخوارەوەیەدا؟!

٦- نازەمان زەنگی زیندەگی گرگنەکان لێ دەدا لەسەر بوون.

٧- نازەمان لە کێلانی زەمەن لە دایك دەبێ بەر لەدروست بوون

٨- جەستەکانی دەکەونە خوارەوە لە چرکەی هاواری سەرەمەرگی بێ کۆتایی .

٩- دەرگاکانی بوون داخراون بەگەمەی بانگەوازی هاواری سەرەمەرگی سەرەتایی...

١٠-بوونی ئادەمیزاد داخراوە بە چوار ڕەنگی فیزیایی ! !

١١-ڕوخساری تارماییەکانی نازەمانی دەبینرێن لە دوای گەردوونەوە.....

١٢- دەرگاکان دەکرێنەوە.... بەڕاکێشانی فیزیایش دادەخرێن .

١٣- ئێستا گەمەی لەدایك بوونی ڕوخساری‌نامرۆڤایەتییە لە زەمەنی نازەمان و نافەزاییدا.

١٤-لە چالاّیی فەزایی کۆتاییەکاندا دەتانبینم بۆ بوونی ناچەستەیی.

١٥-لە ژێر تیشکی چرا هەزارەییەکان.

١٦- تێدەپەڕێ هەوری گومانی هەزارەی سەرەتایی...

١٧- دایدەپۆشی بە ڕۆحەکانی سەدەی کۆتایی دادەپۆشرێت.

١٨- لێتان دوور دەکەومەوە بەهەزاران میل.

١٩- تا ڕۆحم دەگاتە ئێوە لە هەورەکانی فەزایی گۆمانڕاو.

٢٠- لە هەزارەی دەیەمی هەنووکەدا دەگەڕێمەوە.

****

٢١- ئەی (دازاین)ی فەلسەفەی گومان، کفنم لەبەرکە و گۆڕم بپێوە (...)

٢٢- ئێستا جەستە ئاهەنگ دەگێڕێ لەگەڵ غەمناکی ڕۆحی هەڵفڕیوم...

٢٣- بۆ چەند چرکەیەك زەمەن دەوەستێ تا هەناسەبدات لەبانگەشە..

٢٤- لەچرکەیەکدایەکتری دەبینینەوە پێش ئەم چرکەیە (٠٠).

****

٢٥- "با" بە ڕۆحەکان دەڵەرزێ لەنازەمانی هەنووکە (...)

٢٦- زەمان دادەخرێ بەجەستەکانی نەوێنەیی لە تەڵەفزیۆنی "با" دا...

٢٧- کێ لە ئێوە دازاینی بۆ جەستەی تەکنەلۆژیای ڕۆحەکانی سەردەم هەیە؟!

٢٨- مێرووڵەی زەمەن لەسەرمانگ دەجوڵێ.

٢٩- گۆڕە شووشەییەکانی باپیرانمان هەڵدەکەنێ...

٣٠- زەمان و مێژوو تێکەڵ دەکا لە جامێ لە جامەکانی نازەمەن.

٣١- کچانی هێگەڵ تێیدا دەخۆنەوە.

٣٢- لە سەر شەپۆلەکانی تنۆکەی کچانی ""نیل"ی نەزانین دەیڕژێنن...

٣٣- نامەیەك لە "فاروق"ەوە هەڵدەگرن لەهەنووکەدا

٣٤- بانگەشەشیان لە هاواری سەرەمەرگی فەزایی نازەمەندا ئاوادەبێ....

٣٥- جیهان دەبێتە هەڵم بەحەوت ئاسمانەوە

٣٦- وێنەی (خودا)ئامادەدەکرێ لەسەر کاغەزی هەڵفڕیودا لە فۆتۆنەکان

٣٧- وێنەیەك دەبێتە شەپۆڵ و بانگەوازێك لە هاواری سەرەمەرگ

٣٨- جیهان سەر لەنوێ لەئاو و وێنەی تەکنەلۆژیای باوکایەتییەوە لەدایك دەبێتەوە...

٣٩- لەدایك بوونی سەردەم لەو باوکانەن وێنەکانیان لەچاوی ژنەکانی "نیتشە"ن.

٤٠-ئێستا... ئێستا .... زەمەن پێش دەکەوێ لە هاواری سەرەمەرگی بووندا.

٤١-لەگەڵ رۆحەهەڵفڕیوەکاندا دەفڕم

٤٢- بە تەلەفۆن پەیوەندی بە هۆلدرلین و ئارتۆو نیتشەوە دەکەم.

٤٣- بەتۆپی هەزارەی شتەکانی (بوون)ی پێش هەزارەی ئامادەگی.

٤٤-ئەبمە مرۆڤێکی دازاینی دوای نازەمەن و فەزایی.

٤٥- بۆ زەمەنی کۆچ جوگرافیایەك لەزەمەنی شتەکانی بوون هەڵدەکەنن

****

٤٦- تەقینەوەی زەمەن گۆڕستانی شووشەیی لەپشت هاواری سەرەمەرگ هەڵکەند (...)

٤٧- وەکو بێشکەیەك گەردوون بەگێژەڵوکەی نازەمەن دەهەژێنن

٤٨- کفنی گومانم لەساتەکانی خوڵقاندن داپۆشی

٤٩- زەنگ لە کاتژمێری بیست و حەوت دا لە هەزارەی سفردا لێدەدا....

٥٠-هەموو کاتێکتان باش لە بانگەشەی هەزارەی چوارەم

٥١-(پایز وزستان) بەدەوری دا دەخوڵێنەوە لەهاواری سەرەمەرگی زەمەنی نازەمەنی ناپشتدا.

٥٢- تۆ لەگێژەڵوکەکانی وشە و جەستەدا دێیتە زمان؟!

٥٣- بانگەواز بۆ مەزاری سەرەتا:

٥٤- چەرخەکەمان بەقوڕاوی مرۆڤی کەفی زەمانەکان بۆیاخکراوە

٥٥- وێنەی جەستەم هەزارەکانی زەمەن لە وێنەی جیاوازدا دەگرێ.

٥٦- لەیەك کاتدا هێگەڵ و ئادەم و نیتشەو داروین و ئەوانیتر لەدایك دەبن.

٥٧- چ کاتێکە ئەی دازاین/ی ناجەستەیی لەنازەمەنی گەردوون؟!

٥٨- ئایا تۆ لەناو سکی چۆلەکەی کۆتاییدا نووستوویت؟

٥٩- دەبینی پارچەکانی زەمەنە وێن بووەکان کۆدەکەمەوە لەناوچەیەکی تەقێنراودا.

٦٠- تاکو زەمەنێك کۆبکەمەوە لەسەرووی زەمەنی تەقینەوە.

٦١- ئێستا زەمەنێکە جگە لەم زەمانە و فەزایەك جگە لەم فەزایە

٦٢- لە هەزارەی لێدانی رێککەوتوویبدا دەتبینم(..)

٦٣- بەبانگەوازی بوون دەهەژێی.

٦٤- تۆڕی گومان شەپۆلاوی دەبێ لەهێڵی داڕمان بۆ هاواری سەرەمەرگی سەرەتایی.

٦٥- جیهان لەدڵۆپێك/ی دەریای هاواری بەرلەمەرگی تەکنەلۆژی فەلسەفەدا مەلە دەکات.

****

٦٦- ئەی ئادەمیزادان" موگناتیسی گوشتم بۆ بێنن بکەن تا (کەف)ی جەستەلە ناجەستەیی پێك بێت.

٦٧- بۆ مەلەوانگەی گەردوونی دوای گەردوون هەڵدەفڕم.

٦٨- لەسەر شەپۆلەکان وێنە ئاگادارییەکی زەمەنی بۆ جیهانی دوای بوون دەکێشێ.

٦٩- هێڵی زەمەن لە فەزایی بوونی بوونەوەردا پچڕا

٧٠- سنووورێك لە فەزایی نەبووندا دەچەسپێنێ.

٧١- ئاخۆ لەم هەسارە فەنتازییەی ڕۆحی هەڵفڕیودا نیشتەجێی؟

٧٢- لەساتی کۆچکردندا دەمهێنن لە وێنەی چاوی ژنەکانی نیتشەدا.

٧٣- لەگەڵ ژنێك هەڵدەفڕم کە هیچ جێو شوێنێکی پیاو لە ڕوخساریدا نەبێ.

٧٤- ئێستا ڕەگەزی مرۆڤایەتیبێ نێرو مێ سفر بوو.

٧٥- جەستەی فیزیایی لە نافەزایی بووندا دەکەوێتە خوارەوە...

٧٦- وێنەیەك زمانی ئەلیکترۆنی بێ وشە لەپشت گەردوونەوە تۆمارەکات..

٧٧- وشە بێ پیتەکان سەرلە نۆێ ناوەکانمان تۆمارەکەنەوە...

٧٨- دەنگێك لە گوێی جەستەی ئەلیکترۆنی سەردەمی ئێستا لە ئایندەدا لێدەدا...

****

٧٩- جەستەت بگۆڕە بەجەستەیەکی ئۆتۆماتیکی بۆ ئامادەکردنی هەزارەی سەدەی ناوەندی (...)

٨٠- زەمەن داخراوەبە بانگەشەی نابینایی دوای زمان لە نەبوون...

٨١- جیهان بەکفنی سوور لەیادچوونی یادەوەری سپیایەتی دادەپۆشێ.

٨٢- ئایا تۆ لەچاوانی پیاوانی هەزارەی ڕابردوودا دەمری؟

٨٣- یان لە هەزارەی هاوسەرێتی نیتشە و فرۆید تاکۆتایی دەژیتەوە؟

٨٤- ئەوەتا من دەتبینم سیبیریای زەمەن لەنازەمەنی تەقینەوە بردیتیەوە.

٨٥- ئاسمان شینە... سپیە... سوورە... چرکەیەکی گۆڕکراوە بە تارمایی گرگرنەکان

٨٦- "هایدجەر" لە فرمێسکی گومانی پارچەکانی فیزیایی لەدایك دەبێ...

٨٧- لە دەزووە فەزاییەکانیش فەزایی وێنەی" خودا" دەخوێنێتەوە

٨٨- ئایا گەمە لەسەر گوریسی فەلسەفەی نازەمەندا دەکەی؟

٨٩- من بۆ کشتوکاڵی زەمەن خۆم گواستەوە، هەتا هەتایە پێدەگەم...

٩٠- وێنەتان دەکەم بەدرەختێك یان "گوڵێك"یان "ئازەڵێك"یان بەردێك لەتەقینەوە.

٩١- ئێستا بانگەوازێکە، وەتۆش دڕکێکیت لەهەزارەی دووەم لەچاوی سوکراتی هەنووکەدا.

٩٢- ژەهری سیبرنیتیکای نەبوونی دازاینی بەر لەدروستبوون بخۆرەوە.

٩٣- لەباخچەی ئازەڵانی لەدایکبوونی هاوچەرخیدا بخەوە...

٩٤- کێ لە ئێوە پێستی دەگوڕێتەوە بەسەگ و دواتر بەمەیموون و چۆلەکەو دەرەخت؟!

٩٥- ئێستاش لەدایکبوونی مرۆڤایەتییەلە گەلای ناجەستەیی هەنووکەیی.

٩٦- زەمەنیش بە هاواری سەرەمەرگی کۆتایی دەوەستێ

٩٧- تاوەرەکانی داهاتوو بەڕۆحی درەختەکان بنیات دەنێ

٩٨- کۆترەکانی زەمەن لەسەری هەڵدەفڕن بۆ رشتنی فرمێسکی زەمەن بەنازەمەن

٩٩- لەیاریگەی هەزارەی فەیلەسووفەکان نیشتەجێ دەبێ

١٠٠- لەلای چەپیشدا تابلۆیەك لەماركس و زەردەشت و ئەفلاتۆن.

١٠١- لەدەنگییەوەش ئاوازێك دەژەنێ ڕۆمانێك لەدەریای گومانو "تۆ" و "نیتشە"

١٠٢- بەدوکەڵی حەشیشەکەم شەپۆلێك لەوشە کەوتووەکان دروست دەکەم.

١٠٣- ئێستا هەڵدەستم بەپێکهێنانی نازەمەن و لە یەك هەڵوەشاندنەوەیدا دەنووم.

١٠٤- زەمەن ئامادە دەکەم لەپشتی دوای بوونەوەر لەژیان.

١٠٥- چراکانی زەمەن بەتوندی دەهەژێن لەناجەستەیی ناگەردووندا.

١٠٦- بوومەلەرزەی تەکنەلۆژیا لەچاخی ڕووناکبیریی نائامادەدا نغرۆم دەکا.

١٠٧- ئای، چرای نانەبوون، بستێك نەما لەخاك

١٠٨- لەکوێ خۆشەویستەکەم (دەنێژی)؟

١٠٩- وەرە ئەی "دازاین"ی کۆتاییەکانی تەقینەوەی بوونەوەرەکان.

١١٠- دەمری و لەدڵمدا دەتنێژن..

* * *

١١١- گێژەڵوکەی فانتازی زەمەن لەفەزای مانگ بگەڕێوە.

١١٢- چرای کەوتنە خوارەوەبەشەپۆلەکانی "بـــــا"دادەگیرسێ و دەکوژێتەوە.

١١٣- کەفی جەستە لەسکی نازەمەندا دەفڕێت.

١١٤- هەزارەی دەیەمی لێ لەدایك دەبێ لە هەنووکەی یەکەم.

١١٥- ئێستا گەردوون دەتەقێتەوەو فەزاش کۆتایی پێ دێت.

١١٦- تەرمەکەت لەدڵمدا هەتاهەتایە هەڵدەگرم

١١٧- ئێستا لەتارمایی ناگەردوو ناحەزا بەدەنگەکان دەسڕنەوە.

١١٨- ئایا گەمە بەگوریسی فەلسەفەی مردن دەکەی؟

١١٩- ڕەگەزم بەچۆلەکەی فانتازیا دەگۆڕمەوە ئەفڕم بەڕەو ناکۆتایی...

١٢٠- دەگەمە گۆڕی حۆرییەکانی عیسا

١٢١- دەکەوینە چاڵە فیزیاییەکانی نیوتنی چاخی بەردین ،

١٢٢- سێوێك لە "هێگەل"ەوە دەکەوێت بۆ سوکرات و((حەوا))و((تۆ)).

١٢٣- بڕۆ، فۆتۆنەکان دەتەقنەوە لەگەڵ مێشکی ئەتیشتاینییەکاندا.

١٢٤- ئایا تۆ لەم ئامادەگییەی زەمەنی نەبووندا ڕاپەڕیویت؟!

* * *

١٢٥- ئەی نەوەی هەزارەی هەشتەم لەسەدەی ڕابردوو لەئێستا.

١٢٦- هەناسە بدەن تا گەردوونی ڕەنگاو ڕەنگ دەرکەوێ بە شەپۆلی پێشوازی فیزیاییەکان

١٢٧- تەلەفزیۆنی "با" وێنەمان دەگرێ بەقفڵەکانی نازەمەن.

١٢٨- بەڕەنگی زەمەن بۆیەکراوەو بەبەردێ لە جەستەو نەبوون.

١٢٩- ئایا تۆ لەسکی بەردی نازەمەنی ڕابردوو لەدایك دەبی؟!

١٣٠- یان دەمری و لەدڵی چۆلەکەیەك لە زەمەنی ئێستا دەتنێژن؟!

١٣١- بەخوازراوەیی مێروولە ڕۆحت بۆ زەمەنەکانی تر دەگوێزنەوە.

١٣٢- تابکەوێتە زەمەنێك لە زەمەنەکانی دوای زەمەن؟!..

* * *

١٣٣- ئەم زەمەنە بەردە بەچاخی بەردینی ڕۆشەن ناوبراو..

١٣٤- لەشەپۆلەکانی هەزارەی سفری فانتازیای بوون دەکشێیەوە؟!

١٣٥- کێ لە ئێوەِ سەعاتێکی هەڵگرتووە تاکو دەم وچاومان سەرلەنوێ وێنەبگرێتەوە؟

١٣٦- شەمەندەفەری "با" بەسەر جەستەکانمان تێدەپەڕێ

١٣٧- دواتر لە هەزارەی گومانەکانی نەفخ دا لەدایك دەبین.

١٣٨- ئێستا چرکەیەك لەسەرو زەمەنی پێش زەمانی نازەماندا.

١٣٩- چاڵگەیەك بۆ گفتوگۆ(..) چاڵگەیەك بۆ ئێستا(..) زمانی زەمانەكانی نازەمانەكان.

* * *

١٤٠- زریانی زمانی بیرچوونەوە هات لەهەوری گومانی مرۆڤی تەكنەلۆژیا.

١٤١- لەچاڵێكی زەمان هەڵدەفڕم

١٤٢- كەوتمە شاخێك و چاوم بە ڕوخساری ماركسی چاخی بەردین كەوت.

١٤٣- لەكوێوە فەزای نەبوون دەست پێ دەكا تاكو تەرمەكەت هەڵبگرێ لە نافەزای عەشق.

١٤٤- ئێستا گەیشتمە جوگرافیایەك كە پێكهاتووە لەجەستەی دواڕۆژ..

١٤٥- هەروەها منیش دەمرم و دەمەوێ لەقیامەتدا بتهێنم.

١٤٦- شوێنێك بگرە، لەزەمانێك یەكتر دەبینینەوە كەلە دوای ئەم زەمانەدایە.

١٤٧- ئێستا كەوتمە سەرتۆڕی كۆمپیوتەرەكانی فەیلەسووفانی پێش دروستبوون.

١٤٨- بانگەوازێك لەسەر مەمكی دایكەكانمان دەمانهەژێنێ

١٤٩- باران سوورهەڵدەگەڕێنێ

١٥٠- جیهان بۆ تنۆكێك لەشیری سیبیریای زەمەنی قفڵ دراو تینو دەبێت..

١٥١- كێ لە ئێوە چاوەڕێی ئاوێنەی هاتنەوەی یەكەم دایكو باوك دەبێ لەدوا ڕۆژ؟!

١٥٢- تاكو ڕۆحیان بەهەوری گومان داپۆشن

١٥٣- سەیری ئاوێنەی چاخی سفرلەژیانی جیاوازی من بكەن...

١٥٤- بەدرێك لەشێوەی مرۆیی

١٥٥- ئێستا.... من تارماییەكم لەڕۆح،وسێبەرێك لەجەستە.

١٥٦- پارچەكانی زەمەنی تەقینراوی كۆدەكەمەوە یەدەگی زەمەنێكی یەدەگی پاشەكەوت دەكەم.

١٥٧- لە دوای گەردوونەوە چاوەڕێتان دەكەم.

١٥٨- شارەشووشەییەكان دروست دەكەین و زەمەنێكی دروست كراوەزمان

١٥٩- لەجیهانێكی نوێی دوای تەقینەوەی زمانی بوون یەكتر دەبینینەوە.

* * *

١٦٠- گوێم لەدەنگی بانگی كەڵەشێرێك و بانگەشەی سەگە سەرمەدییەكان بوو لەهەزارەی سفر...

١٦١- لەگەڵ بانگەشەمان لەجەستەی نادیار ئاوێتە دەبوو...

١٦٢- جەستەیەك بەپێستی مەیموونێك و خوێنی چۆڵەكەیەك و ئاوی شەهوەتێك لە كڵپە داپۆشرابوو...

١٦٣- دەنگێك لە كۆتایی بووندا فەزای دەتەقاند

١٦٤- تۆڕی ئامازەیەك بەداوێ لەڕۆحەکان دەکرایەوە.

١٦٥- ئێستا... دەرگاکانی سەرەتایی کراوەیە لەسەر چەرخی نوچاندن

١٦٦- بەهەزاران پشیلەی ڕۆحە دەستکردەکانی زمانی بوونەوەر دادەبەزێنن.

١٦٧- زمانی گەردوون بەردینە لەبانگەوازی (زانستی ئامازەیی) بێ پیتەکان.

١٦٨- بەزمانی مێرووڵە دەکەومە گۆ دوایی بەڕووەك...

١٦٩- بەجەستەی نەهەنگ سەرم دەبڕن

١٧٠- ئای... ئەمە چ تەقینەوەیەکە، ئەمە چ ئامازەیەکی پێش دروست بوونە؟

١٧١- ئەی نەوەی ئێستا ڕامبچڵەکێنن لەخەونی زەمەن لەکاتی تەکنەلۆژیا.

١٧٢- بەهەزاران میل لەنازەمەنی فەزا دەگەڕێمەوە لاتان.

١٧٣- من لەژوورێکی داخراو بەوێنەی فەیلەسووفەکان نێزراوم

١٧٤- لەگەڵیان بەئاگادێم لەکاتەکانی بانگەشەی هەواری سەرەمەرگی کۆتاییەکان

١٧٥- وێنەی هەزارەی حەوتەم لە ئێستادا کەوتە خوارەوە.

١٧٦- جیهان لەپانتایی قوڕاوی مرۆڤدا وێنە دەداتەوە.

١٧٧- وێنەکەی تۆو ئادەم وهەردووکتان و منیش لەڕایردوو.

١٧٨- ئێستا من لەهەنووکەدا دەنووم و لەهەزارەی سێیەمدا بەئاگام دێنمەوە.

١٧٩- ڕۆحم لەگەڵ کاتەکانی تەقینەوەی هەزارەکان ڕاگرت...

١٨٠- من لەچاوەڕوانی ژوانێکم لەقیامەتی سەدەی بیست ودووەم

١٨١- بۆ کاتی هاوسەریم لەگەڵ دازاینی تەکنەلۆژی

١٨٢- ئێستا جەستەمان وێنە دەگرن لەپشت جەستەی پشت گەردوونی بووندا

١٨٣- گەردوونیش لەگەردوونێکی تری پشتی نەبوونی پێك دێت

١٨٤- چرکەی هاوسەریم لەگەڵ هۆزێ لە هۆزەکانی دواوەیە.

١٨٥- دەستگیرانەکەم (تۆ) ودازاینی سەدەی ملیۆنەهایە.

١٨٦- لەشێوەی نەهەنگ و دواتر مرۆڤ وڕووەك خۆی دەبینێتەوە لەتەکنەلۆژیا.

١٨٧- سەیری چاوەکانی بکە لە هەزاران ڕووەك و ڕوخساری پیاوانی نیتشە دەچن

١٨٨- من وێنەیەکم لە وێنەکانی هەزارەی کۆتایی لەسەرەتایی..

١٨٩- لەئاوێنەیەکی ناچاخی ملیۆنەها دەدرەوشێمەوە.

١٩٠- دەمبینی لەگەڕانەوەم لەگەڵ گەڕانەوەی زەمەنی کەوتنی زمان

١٩١- زەنگۆڵە "با"ی زمانی گرکنە سەرەتاییەکان دەهەژێنێ لەگەڵ کۆتایی ئاوی شەهوەت. (..)

******

١٩٢- ئەی خێڵی جندۆکە... بانگەوازتان لەنافەزا و هاواری سەرەمەرگ(..)

١٩٣- زەوی لەبووندا هەڵدەکێشرێ و لەچاوەڕوانی تارمایی سەگەکاندا تینوودەبێ

١٩٤- ئێستا لەگەڵ کاغەزی پرسیاری زمان لە گومان هەڵدەفڕین

١٩٥- تەکنەلۆژیای زمانی شتەکان وەلامان دەداتەوە.

١٩٦- ئێستا پەیوەندیم بەفۆکۆ و نیتشەو هایدجەرو ئادەم و تۆوەکرد.

١٩٧- دەنگەکانی بوون لەدەماری پشیلەوە دێنەگۆ

١٩٨- چاوەڕێم لەچرکەیەک لەچرکەکانی پشت زەمەنی نازەمەن

١٩٩- جیهانیش لەجەستەی پشیلەکانەوە وێنە دەگیرێن.

٢٠٠- جیهان ئێستا ... ئێستا

٢٠١- (..).

لەدیوانە شیعری (السقوط الکونی) وەرگیراوە،
کە لەسەر ئەرکی شاعیر (احمد الشیخ)
شاعیری نوێخوازی عەرەب چاپ کراوە.

چالاکیەکانی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ



رۆژانی ١٠-٢٠٠٢/٨/١١ بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ، دوو ئێوارە کۆڕی بۆ کۆمەڵێک ئەدیبیی کوردی سوریا سازکرد. رۆژی٢٠٠٢/٨/١٠ کۆڕێک بۆ بەڕێز(شەلال کدو) بەناونیشانی (الهجرة آشارها تجليلاتها) سازکراو کۆمەڵێک لەنووسەران گفتوگۆیان لەسەر بابەتەکە کرد.

ئێوارەی رۆژی ٢٠٠٢/٨/١١ کاتژمێر پێنج و نیو کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە بۆ ئەم شاعیرە بەڕێزانە گیرا حەلیم ئەبو زەید، جازیە عەنتەر، هۆشەنگ دەرویش، ئارشەف اوسکان). هەردوو کۆڕەکە لەهۆڵی دیالۆگ بەڕێوەچوون.

رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٢/٨/١٤ لەهەمان هۆڵ، کۆڕێک بۆ نووسەری کوردستانی ئێران (بەختیار سەجادی) لە لایەن بنکەی ئەدەبیی و رووناکبیریی گەلاوێژەوە سازکرا. بابەتەکەی کاک بەختیار لەژێر ناونیشانی (رەخنەکاری رۆشنبیری کوردی و شیکاری



پێگەی لەخوێندنەوەی گرفتاری شوناسی کوردیدا) بوو، ئەم کۆڕە نزیکەی (٣) سەعاتی خایاندو چەند نووسەرێك گفتوگۆی جیاوازیان لەسەر بابەتەکە کرد.

شایانی باسە بەختیار سەجادی لەزانکۆی سنە وانەدەڵێتەوەو ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (دەق)ە.

لەڕۆژانی ٢١-٢٢/٨/٢٠٠٢داو لەدرێژەی چالاکیەکانیدا، بنکەی ئەدەبیو رووناکبیریی گەلاوێژ دوو ئێوارە کۆڕی سازکرد. بۆ ئەم بەڕێزانە:-

١-بەڕێز (سەلاح موهتەدی) لەژێرناونیشانی (شیعری کوردیو سەرهەڵدانی رۆشنگەری).

٢-بەڕێز (د. محەمەد دلێر میسری) لەژێرناونیشانی (رۆڵی رۆژنامەگەری لەجوڵانەوەی رۆشنگەری کوردیدا).

شایانی باسە هەردوو ئێوارە کۆڕەکە لە هۆڵی (دیالۆگ)ی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان بەڕێوەچوونو ژمارەیەکی زۆر لەئەدیبانو نووسەرانو رۆشنبیران ئامادەی کۆڕەکە بوون.



بڵاوکراوەی نوێ









گەلاوێژی نوێ (٢٠)

وەسمیە لەدەریا دێتە دەرێ



ناونیشانی یەکێکە لەرۆمانەکانی ژنە رۆماننوسی کوێتی (لەیلا ئەلعوسمان)و خاتوو (شیرین. ك) لەعەرەبییەوە کردوویەتی بەکوردی.

ئەم رۆمانە باس لەدڵڕەقیی کۆمەڵگادەکات، ئەوکاتەی مرۆڤەکان لەیەکتری جیادەکاتەوەو دایاندەبڕێ. (وەسمیەو عەبدوڵڵا)ی منداڵ هاوڕێی یەکدی بوونو بەردەوام پێکەوە یارییان دەکرد. بەڵام هەرئەوەندەی تەمەنیان ڕووی لەگەورەبوونکرد، ئیدی کۆمەڵگا ڕێی لەو هاوڕێیەتییە گرتو چیدی ڕێگەی نەدا درێژە بکێشێ. بۆیە (وەسیمەو عەبدوڵڵا) بەناچاری پەنایان بردە بەرژوانی شەوانو چەندجارێك جێ ژوانیان ڕێکخست، بەڵام لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی ژوانەکەدا، (وەسیمە) پاشگەزدەبۆوەو نەیدەوێرا بچێت. تا لەدواجارداو لەشەوێکدا کە باوکو براکەی لەماڵەوەنەبوون، (وەسیمە) بەدزیی دایکیەوە چووە دەرێو ڕووەو دەریاو بەرەو جێ ژوانەکەی ملینا. بێگومان پێشتریش عەبدوڵڵا لەوێ چاوەڕێی دەکرد.

پاش کەمێك پۆلیسێك بەخۆیو لایتەکەی دەستیەوە دەگاتە ئەو شوێنەو، بەرلەوەی (وەسمیە) بینێ، وەسمیە دەچێتە ناو ئاوەکەوەو لەقەراخ دەریا کە خۆی دەشارێتەوە پۆلیسەکە ماوەیەك لەگەڵ عەبدوڵڵادا دەمێنێتەوەو چەند پرسیارێکی لێدەکات، پاشان جێڵا دێڵێ، دوای ڕۆیشتنی پۆلیسەکە، (عەبدوڵڵا) بانگی (وەسمیە) دەکات، بەڵام وەڵام نابیستێ. بۆیە لەدواییدا خۆی فڕێدەداتە ناو ئاوەکەوەو پاش گەڕانێکی زۆر تەرمی وەسمیە بەسەر ئاوەکەوە دەدۆزێتەوە. عەبدوڵڵا پاش ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر بەسەر تەرمەکەدا دەگری، ئینجا تەرمەکە دەخاتەوە ناو دەریاکەو لەناوەڕاستی دەریاکەوە پاڵێکی پێوەدەنێو بەیەکجاری لەوەسمیە جیادەبێتەوە. پاشان بەخۆیو عەباکەی وەسمیە لەیادناکاتو بەردەوام چاوەڕێی دەکات کە جارێکی دی لەدەریاوە بگەڕێتەوە. ڕەنگە هەر ئەمەش ناچاریکردبێت کە پیشەی ڕاوە ماسی هەڵبژێرێ.

زۆر بەکورتی ئەمە بیرۆکەی ئەو ڕۆمانەیە، کە لەسەر زاری عەبدوڵڵاوەو لەدرێژەی ڕۆمانەکەدا باشتر پێی ئاشنا دەبین.

جگە لەم ڕۆمانە (لەلا العوسمان) خاوەنی چەندین بەرهەمی دیکەی چاپکراوە، کە هەندێکیان وەرگێڕاونەتە سەر چەند زمانێکی جیهانی.

ماوەتەوە بڵێی ئەم ڕۆمانە یەکێکی تر لەزنجیرە کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم.

کۆچی دوایی

مامۆستا نازاد شەوقی و حەمە سالح گەلالی





لەدێر زەمانەوە هەر لەگەڵ چەکەرەکردنی چاخە رۆشنبیرییەکاندا هونەر بەگشتی و هەندێ هونەر بەتایبەتی دەورێ بالایان لەبواری پێشکەوتندا بینیوە و بوونەتە پردی نێوان دڵێک و سەدان هەزار دڵ و دەیان و سەدان گەل و نەتەوە.. لەوانە هونەری شێوەکاری و هونەری وەرگێڕان کە شایانی باسە

وەکو جەبرا ئیبراهیم جەبرا لە لاپەڕە ٢١٦ـی کتێبی ـ الحریة والطوفان ـ دا باسی دەکا پێشەنگی هونەری شێوەکاری لە عیراقدا ئەفسەرێکی کوردبووە بەناوی عوسمان بەگو خەڵکی شاری سلێمانی بووەو لەسەرەتای سەدەی رابوردوودا وێنەی ئەو ئافرەتانەی کێشاوە کە دیدەنی گڵکۆی مردۆکانیان

کردووه لـه گۆڕستانێکی سلێمانیدا.. شایانی باسه
هونـه‌ری شێوه‌کاری زمـانێکی جیهانییـه‌و بـه‌ڕه‌نگ
ده‌نووسـرێ‌و هـه‌موو که‌سێك لێی تێده‌گات‌و ئێمـه
له‌ڕێگای تـابلۆی جێرنیکـای بێکاسۆوه له‌کاره‌ساتی
شـارۆچکه‌ی جێرنیکـا تێده‌گـه‌ین‌و بـه‌هۆی تـابلۆی
مۆنالیزای داڤنشییه‌وه چه‌ژی جوانی ده‌که‌ین‌و هتد.
هـه‌روه‌ها له‌ڕێگای هونـه‌ری وه‌رگێڕانـه‌وه سـه‌دان
دیوانـه شـیعرو ڕۆمـان‌و چیرۆك‌و شـانۆنامه‌و کتێبـی
فه‌لسـه‌فی‌و هـزری ده‌خوێنینـه‌وه‌و ده‌یـان شـاعیرو
فه‌یله‌سووف‌و نووسه‌ری گـه‌وره‌ی جیـهان ده‌ناسـین‌و
ئـه‌مڕۆش بزاوتێکـی وه‌رگـێڕانی بـاش‌و له‌بـه‌رچاو
له‌کوردستاندا هه‌یه‌و گه‌لێ خامـه‌ی پـیرو لاوو نێرومـێ
به‌شـداری ده‌کـه‌ن‌و هـه‌ر بـه‌هۆی وه‌رگێڕانیشـه‌وه
ده‌یـان‌و سـه‌دان ده‌قـی وێژه‌یـی کـوردی گه‌یشـتۆته
گـه‌لانی دی‌و ئـه‌ده‌ب دۆسـتانی ولاتـی دوورو نزیـك‌و
ئه‌مانه هه‌مووی مایـه‌ی شـانازی‌و خۆشـییه بۆ کـورد
به‌لام جێی داخه که له‌مانگی رابووردوودا وه‌رگـێڕێکی
بـه‌توانای گه‌له‌کـه‌مان‌و هونه‌رمـه‌ندێکی نـاوداری
نه‌ته‌وه‌که‌مان کۆچی دواییان کرد یه‌که‌میان مامۆسـتا
محمد صـالح گـه‌لاڵی بـوو کـه له‌ماوه‌یـه‌کی کـه‌مدا
به‌رهـه‌مێکی زۆری له‌کوردییـه‌وه کـرد به‌عـه‌ره‌بی‌و
له‌فارسی‌و عه‌ره‌بیشه‌وه گه‌لێ به‌رهـه‌می جۆربـه‌جۆری
کرد به کوردی دووه‌میشیان هونه‌رمه‌ند ئازاد شـه‌وقی
بـوو کـه زیـاد لـه‌نیو سـه‌ده خزمـه‌تی هونـه‌ری
شـێوه‌کاری کـوردی کـردو یـه‌کێك بـوو لـه‌ره‌مزه
گـه‌وره‌کانی هونـه‌ری شـێوه‌کاری کـوردی‌و شـه‌قڵ‌و
شـێوازی تایبـه‌تی خـۆی چه‌سـپاندووه له‌ئه‌تڵه‌سـی
هونه‌ری شێوه‌کاری کوردیداو ئێمه به بۆنـه‌ی مـه‌رگی
ناواده‌ی ئه‌م دوو بـه‌هره‌وه‌ره‌وه پرسـه‌و ناخۆشـحاڵی
خۆمان ده‌خه‌ینه‌ڕوو:-

لەتیف هەڵمەت
د. مارف عومەر گوڵ
تەیب جەبار ئەمین
ڕەئوف عوسمان
محەمەد دلێر ئەمین
عبدالله تاهیر بەرزنجی
سەلاح محەمەد
کاوە حاجی عەزیز
هیدایەت عبدالله حەیران
محی الدین مەحمود
محەمەد کەریم
فەرید زامدار
ئەرخەوان
بەختیار سەعید
عەباس سالح عبدالله
سەمەد ئەحمەد
محەمەد حەمە سالح
قاسم شیروانی
هیشام تاهیر بەرزنجی
زانا عارف
سەلاح حەسەن پالەوان (هۆڵندا)
دانا فایەق
محەمەد مەردان
سەلام مەنمی
سیامەند هادی
محەمەد سالار عەلی

دەزگای چاپ و پەخشی (الجمل) یەکێکە لەو دەزگا عەرەبییانەی کە لە ئەلمانیا شاعیری عێراقی (خالد المعالی) دایمەزراندووە. خالید کورێکی گەنجی عێراقی بوو تەنها یەک دیوانی لەعێراق چاپکردو کۆتایی سالانی حەفتا بۆ ئەوروپا کۆچیکرد. لەوێ تەمەن و پارەی خالد بوو بە وەسیلەیەک بۆ چاپکردنی کتێب و دامەزراندنی دەزگای (الجمل) کە تا ئێستا سەدەها ناونیشانی کتێبی چاپکردووەو دوو گۆڤاری دەرکردووە: (فرادیس) کە پاش چەندین ژمارە وەستاوە، هەروەها (عیون) کە دوای فەرادیس دەرچووە تا ئێستایش هەر بەردەوامە. فەرادیس گۆڤارێک بوو لە هەموو ژمارەیەکدا کۆمەڵێک کێشەو بابەتی دەورووژان و لەژێر سایەی سەربەستییەکی بێسنووردا چەندین قەڵەمی عەرەبی کۆکردبووەوە.

دەزگای (الجمل) بەتاقی تەنها خالید المعالی خۆی دەیبات بەڕێوەو هەموو پارەو پووڵی خۆی بۆ ئەم دەزگایە تەرخانکردووە. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی دەزگای (الجمل) ئەوەیە کە سەربەستییەکی تەواو بۆ نووسەران لەسەرلاپەڕەکانی بڵاوکراوەکانی خۆیدا دەڕەخسێنێ. رەوتی دەمارگیری ئایینی و نەتەوەیی دەخاتەلاوە لەپێناوی سەرخستنی رۆشنبیریدا. بۆنموونە زۆر کتێب لەولاتە عەرەبییەکاندا چاپناکرێن و رێگایان پێنادرێ بەڵام دەزگای الجمل بڵاویکردونەتەوە لەوانە: دیوان ابو حکیمە کە لەهیچ ولاتێکی عەرەبیدا رۆشنایی نەدی، یاکتێبەکەی مەنسور فەهمی کە ساڵی 1913 لە پاریس نووسیویەو نووسەرەکەی تووشی کێشەیەکی گەورەبوو. یەکێک لە خەسڵەتەکانی تری ئەم دەزگایە ئەوەیە کە لەو نووسەرە جوولەکانەوە نزیکە کە لەولاتە عەرەبییەکانەوە کۆچیان بۆ فەڵەستین کردووە، چەندین کتێبی ئەو نووسەرانەی چاپکردووە، لەوانە کتێبێکی شەمعون بلاص بەناوی (الادب العربي والتحديث الفكري)وە، هەروەها کۆمەڵە چیرۆکێکی ئەم نووسەرەی بە وەرگێڕاوی چاپکردووە، یا کتێبێکی نەعیم قەتانی بەناوی (الواقعی والمسرحی)یەوە چاپکردووە کەباسی کێشەی نێوان رۆژهەلاتورۆژئاوا دەکات، نەعیم جولەکەیەو ئێستا لە رۆژئاوا دەژی، لەم بارەیەوە، تا ئێستا هیچ دەزگایەکی تری عەرەبی زاتی نەوەی نەکردووە کە لە رۆشنبیریی جوولەکە نزیکبێتەوەو بایەخی پێبدات. خالید ئەم سنوورەی شکاندووە.

بیرم دێ ئێوارانێک خالد المعالی هات بۆلام و حەفتەیەک بەیەکەوە لەسلێمانی دەگەڕاین. رۆژێک بەبرادەرێکم ناساند برادەرەکەم پرسیارێکی دەربارەی کورد لێکرد: پرسی: تۆتاچەند لەگەڵ سەربەستیدای بۆکورد؟ ئەویش پێکەنی و وتی: کاکە من تا ئەوپەڕی دۆستایەتی دۆستایەتیم لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەری یەهودا هەیە جادەبێ لەگەڵ کوردا چۆن بم.

دەزگای (الجمل) لە ستراتیجی کارەکانیا دژەکانیش کۆدەکاتەوە، بۆ نموونە کتێبەکەی مەنسور فەهمی لەچاپ دەدات لەهەمانکاتدا کتێبێکی وەک(مهمة الشاعر في الحياة)ی سەیدقوتب چاپدەکاتەوە. یاخود لالەو دەستنوس و کتێبانە دەکاتەوە کەلەمێژوودا غەدریان لێکراوە یابواریان نەدراوەرۆشنایی دنیابببینن. ئەم دەزگایەو خاوەنەکەی خالید المعالی شایانی رێزو خۆشەویستین لەهەر کوێی دنیادا بن.

عبدالله تاهیر بەرزنجی